٩هەرێمی کوردستان - عێراق

پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٩٥

سالّی/ ٢٠١٤ — بەرگی نەوەت و پێنج

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠١٤

له بلاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(٢٠١٤)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: ٩٥
چاپی یەكەم: ٢٠١٤
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: شەرمین خضر، نەورۆز شێرزاد، سروە هادی ، دلێر اكرم، شوان محمد، نەهلە اسعد. كۆڤان خسرو، مروان ابراهیم..
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرِیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) خولی سێیەمی هەڵبژاردن — دووشەممە ٢٠١٤/٥/٢٦ ل ٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) خولی سێیەمی هەڵبژاردن — چوارشەممە ٢٠١٤/٥/٢٨ ل ١١١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) خولی سێیەمی هەڵبژاردن — یەك شەممە ٢٠١٤/٦/١٥ ل ١٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) خولی سێیەمی هەڵبژاردن — دوو شەممە ٢٠١٤/٦/١٦ ل ١٥٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) خولی سێیەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٤/٦/١٨ ل ٢١٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) خولی سێیەمی هەڵبژاردن — یەك شەممە ٢٠١٤/٦/٢٩ ل ٢٣٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) خولی سێیەمی هەڵبژاردن — دوو شەممە ٢٠١٤/٦/٣٠ ل ٢٦٥

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)**

**دووشەممە رێكەوتی ٢٠١٤\٥\٢٦**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٥/٢٦

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٥/٢٦ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٦)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٦)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٥/٢٦ دا بەم شێوەیە بێت:

١ گفتوگۆ کردن سەبارەت بە قەیرانی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان و پێنەدانی مووچەی هاووڵاتیان و مووچەخۆر و خانەنشین لەسەر داوای یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی برگەی دووەم لە ماددەی ٥٤ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو

٢- گفتوگۆ کردن سەبارەت بە بڵاوکراوەی قونسولگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی سەبارەت بە زمانی نەتەوەی کورد لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، بەپێی برگەی دووەم لە ماددەی ٥٤ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو

٣- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ٩ پڕۆژە یاسا کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین، خولی گرێدانی دووەم، ساڵی یەکەم، خولی هەڵبژاردنی چوارەم، دانیشتنی ژمارە (٦)، ئەمڕۆ ٢٠١٤/٥/٢٦ ، بەڕێزان بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان بە پێی حوکمەکانی برگە (١) ی ماددەی (٢٠) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢) ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٥/٢٦ بەم شێوەیە بێت:

١ گفتوگۆ کردن سەبارەت بە قەیرانی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان و پێنەدانی مووچەی هاووڵاتیان و مووچەخۆر و خانەنشین لەسەر داوای یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی برگەی دووەم لە ماددەی ٥٤ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو

٢- گفتوگۆ کردن سەبارەت بە بڵاوکراوەی قونسولگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی سەبارەت بە زمانی نەتەوەی کورد لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، بەپێی برگەی دووەم لە ماددەی ٥٤ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو

٣- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ٩ پرۆژە یاسا کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە

پێش ئەوەی کۆبوونەوەکەمان دەست پێ بکەین، ئەمەوێ بەناوی ئێوە و بە ناوی پەرلەمانی کوردستان ئیدانەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە بکەین کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە ناحیەی کەلەکچی سەربەناحیەی شێخان ڕوویداوە، لە راستیدا کوشتنی (دونیا سلیمان حسین) لە شەوی ٢٠١٤/٥/٢٣ ئێمە و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی تووشی شۆك کردووە، بۆیە بە توندی ئیدانەی ئەکەین، و چاودێری دەزگا پەیوەندیدارەکان ئەکەین کە بە وردی بە دوای ئەو پرۆسە بکەون، و تۆمەتبار دەستگیر بکەن، لە هەمان کاتدا دژی داکۆکی کرد لە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان، و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، و لیژنەی ناوخۆ و ئەنجومەنی خۆجێیەکان ڕائەسپێرین کە چاودێری دەزگا پەیوەندیدارەکان بکەن، ڕاپۆرت ئامادە بکەن بۆ پەرلەمان سەبارەت بە دۆخی ژنان لە هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە پەرەسەندی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان، بۆ ئەوەی بتوانین لە یەکێ لە دانیشتنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان ئەم پرسە وتووێژی لەسەر بکەین، چەند داواکاریەکمان بۆ هاتووە، یاداشتێك لە لایەن (ئێڤار ابراهیم) سەرۆکی لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت بە دەستمان گەیشتووە، یاداشتێکی تر لە لایەن ڤیان عباس عمر ئەندامی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەم پرسە، ئێمە وەکو باسمان کرد لیژنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بەم پرسە ڕائەسپێرین، کە بۆ ماوەی داهاتوو ڕاپۆرتی تێرو تەسەلمان سەبارەت بەو پرسە و ئەم توندوتیژیانە کە ڕووئەدەن لەسەر ئافرەتان ئامادە بکەن، و بەتایبەتی ئەم کەیسەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ڕوویداوە، و ئەمەوێ بە ناوی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بەخێرهاتنی بەڕێز (فتاح تیمار ) سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و ئەڵمانی، و بەڕێز (زەید باعدرێ) ئەندامی کۆمەڵەی ناوبراو بکەین کە ئێستا لە هۆڵی پەرلەمان ئامادە ،سوپاسیان ئەکەم کە بەشداری کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستانیان کرد، داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەین کە ناوی ئامادە نەبووانی کۆبوونەوەی پێشوومان پێ ڕابگەیەنێ

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پێش خوێندنەوەی ناوی ئامادە نەبووانی کۆبوونەوەی ژمارە ٥ ی پەرلەمانی کوردستان ٣ تێبینم هەبوو بە پێویستم زانی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستانی لێ ئاگادار بکەمەوە

١ خولێکی ٢ ڕۆژە بە مەبەستی پەرەپێدانی زیاتر بە تواناکانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە لەلایەن سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان و پەیمانگای دیموکراسی نیشتیمانی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، و دەزگای (وێستمێستەر بۆ دیموکراسی) سیمینارێکی ڕێبەری بۆ ئەندامانی نوێی پەرلەمان بۆ ماوەی ٢ ڕۆژ ساز ئەکات، لە بەرواری ١ و ٢ ی حوزەیران، مانگی ٦ ی ٢٠١٤، لە هۆڵی پەناگیری لە پەرلەمانی کوردستان، و دواتر ئەنجیدای هەردوو خولەکە لە بۆکسەکانتان دائەنرێ، هیوادارین بەشداریەکی بەرچاوتان هەبێ ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان

٢- ئاماژەیە بە مۆڵەتی بەرێزتان لە کۆبوونەوەکان، مۆڵەت بە نووسراوی فەرمی ئەبێ بنووسرێ بۆ پەرلەمانی کوردستان، و بە ڕێگەی شەفەهی ناکرێ، تکایە پابەند بن پێوە بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان

٣- جارێکی تریش ئاماژەمان پێدابوو، تکایە با ئیمێلتان لەلای ئێمە هەبێ بۆ ئەوەی بتوانین کاروباری پەرلەمان، یان هەر بابەتێك پەیوەست بێ بە ئێوەی بەرێز لە ڕێگەی کورترین کات بگات بە دەستان، تکایە ئیمێلی خۆتانمان بۆ بنێرن با لەلایەن کاروبارەوە بێت

ناوی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە ٥ ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/٥/٢٠ کە ئامادە نەبوون بەم شێوەیە

١ شێرکۆ حمە ئەمین قادر-ئامادە نەبوو

٢- نوری علی محمد-مۆڵەت

٣- یعقوب گورگیس یاقو-مۆڵەت

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە چەند پرسیارێکمان بەدەست گەیشتووە بۆ ئەوەی ئاراستەی حکومەت بکرێ، بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، پرسیارێك لەلایەن بەرێز دکتۆر عیزت صابر اسماعیل ئاراستەی وەیزری سامانە سروشتیەکان کراوە کە پوختەکەی بریتییە لە کەمی داهاتی ناوخۆ و کێشەی دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران، کە لە ڕوانگەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە کە گرنگە بۆ دابین کردنی داهات بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە لەم بارەیەوە پرسیاری ئاراستە ئەکەین، لەلایەن بەرێز دکتۆر شێرکۆ حمە ئەمین پرسیارێك ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، سەبارەت بە سەردانی وەکو یاوەر بۆ وڵاتی بەریتانیا، لە ئامانجی سەردانەکە، هەر لەلایەن بەرێز دکتۆر شێرکۆ حمە ئەمین ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، پرسیار ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە سەبارت بە قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان، و لەمڕووەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەی وەزیری ناوبراو کردووە، پرسیارێکی تر لەلایەن پەرلەمانتار زوڵفا محمود عبداللە بە دەستمان گەیشتووە، کە ئاراستەی وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستانی کردووە، سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کۆرنا)، بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی ئیفلیجی منالان، و داهاتی سەنتەری دڵ لە

هەولێر، ئێستا داوا لە بەرێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەم کە پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بخوێنێتەوە

**بەرێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە ٥ لە بەرواری ٢٠١٤/٥/٢٠

١ دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان

٢- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبوو، و پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمان

٣- ئاڵوگۆڕ کردنی بەرنامەی کار لە نێوان خاڵی یەکەم و سێیەم، خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار بچێتە شوێنی خاڵی سێیەمی بەنامەی کار

٤- سوێند خواردنی ئەندام پەرلەمانی بەرێز سەرکەوت سەرحەد خەلیفە

٥- دەنگدان لەسەر ناونانی سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٦- دەنگدان لەسەر پرۆژە بڕیاری هەموار کردنی ماددەی ٣٨ و ٣٩ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان و پەسند کردنی

٧- خوێندنەوەی یەکەمی ٧ پرۆژە یاسا لەلایەن لیژنەی یاساییەوە خوێندرایەوە

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

سوپاس، ئێستا دەست بە دانیشتنی ئەمڕۆژی پەرلەمانی کوردستان ئەکەین، فەرموو ئێڤار خان نوقتەی نیزامی؟ نوقتەی نیزامی نەبێ قەتعی ئەکەین ئەندامانی بەرێز، لەم دانیشتنەوە هەر بەرێزێك قسە ئەکات پێویستە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ قسە بکات، نوقتەی نیزامی پێویستە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ بێت

**بەرێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

تکایە بۆمان ڕوون بکەنەوە سەبارەت بە ئامادە نەبوونی بەرێز وەزیری دارایی و وەزیری سامانە سروشتیەکان

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

ئێستا ڕوون کردنەوەتان ئەدەمێ، فەرموو کاك ئاری.

**بەرێز ئاری هەرسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

من داواکارم لە بەرێزتان ئەگەر ئیمکان هەبێ خاڵی یەکەم و دووەمی بەرنامەی ئەمڕۆ جێگۆڕکێی پێ بکرێ، لەبەر ئەوەی پێئەچێ خاڵی یەکەم ماوەیەکی زۆر بخایەنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد شعبان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بەپێی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانی هەموار كراو بەشی چوارەم لە ماددەی یەكەم، ئەركو دەستەلأتەكانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە خاڵی ١٣ دبێژیت (كاتێ پەرلەمانی كوردستانی عێراق، ئەنجومەنی وەزیران، یان وەزیر لە متمانە ئەخات، سەرۆكی هەرێم فەرمانی قبوڵ كردنی دەستلەكاركێشانەوەیان بۆ دەردەچوێنێ، و بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان بەشی حەوتەم پرسیار و پرساندن لە ماددەی ٦٣ لە (ب)، پرسیار و پرساندنەكان بەكۆتایی هاتنی خولی گرێدراوی ئاسایی نامێنەوە و ئەبێ نوێبكرێتەوە، و مەبەستم لەو دێرەیە، لە حاڵەتی دەستلەكاركێشنەوە یان دەستپێلەكاركێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران پرسیار و پرساندن نامێنن، یەعنی گۆڕای ڤان هەردوو یاسایەت هەی، ئەز بێژم ماف نینە هەنوكە، ل لایەنێ قانونی ئەم پرسیارێت حكومەتێ بكەین، و هەروەسا بانگێشتا حكومەتێ بكەین بۆ پەرلەمانی، تنێ بگۆڕەی پەیرەوێت نافخو ژمارە ١ خاڵا ٣ سەرۆكی ئەنجەمەنێ وەزیران یان وەزیر ئەگەر بەپێویستی بزانیت ئەتوانیت بێتە پەرلەمان و ڕوونكردنەوە بدات

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە درێژە ئەدەین بە دەستەڵاتەكانی پەرلەمانی كوردستان بۆ ئەو پرساندنە، لە دانیشتنی پێشووش باسی ئەوەمان كرد كە راستە پرسیار كردن یەكێكە لە ئەركەكانی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، و یەكێكە لە ئەركەكانی چاودێری كردنی پەرلەمان، بەلأم ڕەنگە لە حاڵەتی ئێستا تەنیا بریتیبێ لە داواكردنی ڕوون كردنەوە لە وەزیرە پەیوەندیدارەكان و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، و پێم وابێ تا ڕادەیەكیش حكومەت هاوكار بووە، ئێستا و پێشووتریش، دوێنێ وەزیری تەندورستی هاتە پەرلەمانی كوردستان، لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمانی كوردستان كۆبوویەوە سەبارەت بەو پرسەی هاتبووە كایەوە سەبارەت بە گەشتی عەمرە بۆ وڵاتی سعودیە، ئەمڕۆش دیسان هەندێ تەتەوەڕاتی تازە هەیە لە كاتی باس كردنی تەوەری یەكەمی كۆبوونەوەكە باسی ئەكەین سەبارەت بە هاتنی سەرۆكی حكومەت و وەزیرە پەیوەندیدارەكان بۆ پەرلەمانی كوردستان، سەبارەت بەو پرسانەی كە لە پەرلەمان وتووێژی لەسەر ئەكەین، دوایی ڕوون كردنەوە ئەدەین، فەرمووو دكتۆر شێركۆ

**بەڕێز د.شێركۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاگادار كراینەوە كە دەنگی پەخشی ڕاستەوخۆكە ناگات بە هاووڵاتیان......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

چارەسەر کرا، ئینجا جەلسەکەمان دەست پێ کرد، هۆکاری دواکەوتنی دانیشتنی ئەمڕۆمان پەیوەندی بەو پرسەوە هەبوو، کاك ئاری هەرسین پێشنیارێکی کردووە، ئەڵێ ئاڵوگۆڕ بکەین بە تەوەری یەکەم و دووەم، ئەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە ئاڵوگۆڕ لە تەوەری یەکەم و دووەمی دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان بکرێ؟ ٥٥ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نیە؟ ٢٩ ئەندام لەگەڵ نیە، کەواتە پەسند کرا، ئێستا تەوەری دووەم ئەبێتە تەوەری یەکەم، تەوەری یەکەم بریتیە لە گفتوگۆ کردن سەبارەت بە بڵاوکراوەی قونسولگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی سەبارەت بە زمانی نەتەوەیی کورد لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان ئیمزای یاداشتێکیان کردووە لە ٢٠١٤/٥/٢٠، کە بەڕێز ئاری محمد هەرسین نووسیویەتی، کە ٢٤ ئەندام واژووی لەسەر یاداشتەکە کردووە، لە ماوەی ڕابردوو بابەتێك لە سایتی کونسولگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی بلاّوکرایەوە، کە بووە هۆی ناڕەزای بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامە نووسان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەنی و ئەهلی قەڵەم لە هەرێمی کوردستان، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانیش داوایەکیان کردووە کە ئەم بابەتە بخەینە بەر وتووێژی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا ناوەکان ئەنووسین سەبارەت بەو ئەندامانەی پەرلەمان کە لەسەر ئەو بابەتە قسە ئەکەن

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

کەرت، کەرت ناوەکان ئەنووسم بۆ ئەوەی ماندوو نەبن، لەم کەرتەوە دەست پێ ئەکەم، کەرتی یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، ئێستا کەرتی یەکەم، ببوورن جارانی پێشوو لە کەرتی یەکەم دەستمان پێ ئەکرد، ئەزموونی کەرتی سێشمان کرد، وترا بۆ ئاوا، ئەمجارە لەمەوە دەست پێ ئەکەین، و موداخەلە و گفتوگۆکان درێژەیان هەیە، ئەوجا ئەگەڕێینەوە بۆ ئەم کەرتە، ئەگەر لێبگەڕێن بۆ ئەوەی بتوانین هەندێ لە دادگەری پیادە بکەین، ئەگەر نوقتە نیزامیش هەیە.........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

ئێڤار خان نوقتەی نیزامی؟ فەرموو

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێ عەدالەتی تێدا بکرێ، لە هەر فراکسیۆنێك دوو، دوو بێت

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

کێشە نابێ، سکرتێری پەرلەمان سەرپشك ئەکەین عەدالەتی تێدا ڕەچاو بکات، فەرموو

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

ببوورن، لەم کەرتەوە دەست پێ ئەکەین، کەرتی سێیەم لەملاوە، دووەم لێرەوە، ببوورن ئەم کەرتە با ناوەکیانیان بخوێنمەوە، تێبینیەکمان هەبوو لەسەر ئەو تەوەرەیە لەلایەن کاك محمد علی، داوای کردبوو،

ئەوە ناوی یەکەمە، کاك ئاریش نامەی نووسییەوە، لەلای بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانە، ناوەکان، (د.شوان قەلادزەیی، ابو کاروان، وحیدە قاعقوب، یراونت، باپیر کاملا، ئایدن معروف، مروان گەلآلی، کاك ئومێد، کەژاڵ خان، شوکریە اسماعیل، پەری صالح، حاجی کاروان، عمر کۆچەر، فائق مصطفی، عادل عزیز، بێستون فائق، برزۆ مجید، بەهار خان، حسن صالح) لە کەرتی یەك، دوو، (فەرهاد سەنگاوی، کاك شوان، ئاری هەرسین، زۆزان، ئامینە زکری، انس محمد، شیرین حوسنی، علی هالۆ، فرست صوفی، عباس غزالی، عبدالله جاسم، ڤیان عباس، مدینە خان، ناظم کبیر، زانا عبدالرحمن، بێگەرد تاڵەبانی، قادر ئۆتمان، کاك دلێر، تەلار خان، ئاواز خان، کاك جمال، منی خان، حسین اسماعیل)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو دکتۆر فرست نوقتە نیزامیەکەت

**بەڕێز د.فرست صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەپێی ماددەی ٥٥ و ٥٨ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ڕیزبەندی قسە کردن بەپێی ئەسبەقیەتی داوا کردنی داواکارییە، من دوێنێ داواکاریەکی خۆم بۆ هەردوو تەوەر پێشکەشی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان کرد بۆ ڕیزبەندی قسە کردن

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

ئەوەی لای بەڕێز سکرتێری پەرلەمان تۆمار کراوە، موداخەلەکەی جەنابت بۆ قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان بوو

**بەڕێز فرست صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

گوتم بۆ هەردوو تەوەر، ئەگەر سەیری داواکاریەکە بکەی

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

کێشە نییە، فەرموو کاك سۆران

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

تا ئێستا دەنگی پەخشی راستەوخۆکە خراپە، هیوادارم چاك بکرێ، چونکە ئەم قەزیە هەردووکی گرنگە، دەبێ کۆمەڵانی خەڵك بزانن چی لە ناو پەرلەمان ئەوترێ، ئێستا ئیعلامییەکان ئاگاداریان کردم کە هیچ وازیح نییە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

تکایە بەشی ڕاگەیاندنی پەرلەمان چارەسەری ئەو گرفتە بکەن، ژمارەیەکی زۆرتان ناوتان نووسیوە بۆ قسە کردن، بۆیە داوا ئەکەین زۆر بە کورتی بابەتەکە ڕوون کەنەوە، قسەی هاوڕێکانی پێش خۆتان دووبارە

مەکەنەوە، چونکە بەپێی پەیرەوی ناوخۆ هیچ ئەندامێکی پەرلەمان نابێ نە قسەی هاوڕێکەی خۆی دووبارە بکاتەوە، نە قسە لەسەر قسەی هیچ ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان بکات، بەپێی ئەسبەقیەتی قسە کردن، لە دوێنێەوە یاداشتمان بە دەست گەیشتووە سەبارەت بەم پرسە بۆ قسە کردن لەسەری، یەکەم یاداشت بەڕێز ئاری هەرسین نووسیویەتی، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داواکارییەکەم هەیە ئەگەر بەڕێزت ئیجازەم بدەی من لەوێ نووسینەکەم بخوێنمەوە بۆ من ئاسانترە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو ئەتوانی بێیتە ئێرە، شوێنی ئەندامان

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەناوی خوای گەورە، نووسراوێك لە سایتی کونسولگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی بلاوکراوەتەوە کە ئەمە نەصەکەیەتی، و هەتا ئەدرێسی ئەلیکترۆنیەکەشی لەسەرە، لەژێر ناونیشانی (نگاهی بە مناسبات ئێران و حکومەتی محلی کردستان)، بەبێ ئەوەی ناوی هیچ نووسەرێکی لەسەر بێ، ئێمە خۆمان بەدوا داچوونمان کردووە، لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندی کراوە بە کونسوڵی ئێرانەوە، بەلاّم ئەنجامی ئەو پەیوەندییە تا ئێستا دەرنەکەوتووە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەو نووسراوە تا ئەو لەحزەی من لە حزوور جەنابتان قسە ئەکەم لەسەر ئەو سایتە ماوە، جا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، هەروەك لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە ٦ بەرواری ئەمڕۆ ٢٠١٤/٥/٢٥ دا هاتووە، وتارێك لە سایتی سەر کونسولگەری جمهوریەی ئیسلامی ئێراندا لە سولەیمانیە بڵاو کراوەتەوە، کە بە ئاشکرا سووکایەتی بە فەرهەنگ و زمان و بوونی نەتەوەکەمان ئەکات، بە تێڕوانین لە ڕابردووی دوور و درێژ و پێکەوە ژیانمان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی دۆستایەتی و برایەتیمان لەگەڵ میللەتانی ئێران ئەم وتارە جێگەی نیگەرانییە، خۆ ئەگەر ئەم وتارە لە ڕۆژنامە یان گۆڤارێکی فارس زماندا بلاّو ببوایەتەوە، زۆر گوێمان پێنەدەدا، بەلاّم کە لە سایتی کونسولگەریەك (لابد منها) ئەوە تەعبیر لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو ولاّتە ئەکات، هەربۆیە بەندە عەوارزی خۆم لەم یەك، دوو خاڵەی خوارەوە کورت ئەکەمەوە

١ نووسەرە وەهمەیەکەی ئەو وتارە ئەڵێ ( هەندێ لە ئێمەی کورد مێژوو بۆ ئێمەی خۆمان دادەتاشین، و کۆماری کوردستان بە کۆمارێکی چەند ڕۆژەی کۆمیۆنستی دائەنێ، دەربارەی زمانی شیرینی کوردی ئەڵێ زمانی کوردی لەهجەیەکە لە زمانی ئێرانی، و تێکەڵەیەکە، وەکو شۆربایەك بێ، لە زمانی تورکی و عەرەبی و فارسی.....هەتا دێت، دەربارەی میللەتی کورد ئەڵێ ئەمانە کۆمەڵێك خەون و وەهم لە مێشکیان دروست بووە، وەکو میللەتی کورد، وەکو دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ، وەکو ولاّتی کوردستان، دەربارەی خاکی پیرۆزی

کوردستانیش چیرۆکە کۆنەکەی جەنگی چاڵدێران و باسی ئەو کۆنفلیکتەی کە لە نێوان ئیمپراتۆریەتی هینی عوسمانی و سەفەوی هەبوو، ئەو چیرۆکەمان بۆ زیندوو ئەکاتەوە، و بە زمانێکی زۆر بە ڕوونی پێمان ئەڵێ وەختی خۆی لە نەتیجەی ئەو جەنگە بوو کە خاکی کوردستان لە خاکە دایکەکەی جیا بۆوە، یەعنی خاکی کوردستان خاك نییە، وڵات نییە، دائیم بەشێك بووە لە ئێران، بە کوردی و بە کورتی، ئەم نووسەرە نەناسراوە ئەڵێ ئێمە تەنانەت قەرەجیش نین، چونکە لە دیدگای ئەم تۆپەڵەژیایەوە، هەرچەندە قەرەج بێ نیشتیمانە، بەڵام خاوەنی کەلتوورێکی دەوڵەمەند و سەربەخۆی خۆیەتی، ئێمە نە کەڵتوورمان هەیە لای ئەو نووسەرە، نە فەرهەنگ

٢- کۆماری کوردستان نە چەند ڕۆژێکی خایەندووە، نە کۆمیۆنستیشە، هەردوو سەرکردە بەرێزە دیارەکەشی کە پیچشەوا قازی محمد و مەلا مستەفای بارزان بوون هەردووکیان کەسانی بە ئیمان و موسڵمانی مولتەزیم بوون، و پێشەوا قازی موحەمەدیش بە فەرمانی ئەو شاهەنشایە لە سێدارە درا کە ڕابەرایەتی سیاسی کۆماری ئیسلامی کە پێی ئەڵێن (شاە تاغوت نوکر امریکا) خۆ ئەگەر زمانی کوردی زاراوەیەکە لە زمانی بیانیەکان، و تێکەڵەیەکە لە زمانەکانی تر، ئەوە ئێمە دوو نموونە ئەهێنینەوە لە زمانی فارسی و تورکی، بە زمانی فارسی (استعمال دخانیات اکیدا ممنوع است)، لە کۆی ٥ وشە یەك دانەی فارسییە، لە رستەی دووەم، ئێمە سەیری ئەم ڕستەیە ئەکەین، میللی ئیستیخباراتی تەشکیلاتە، ئەمە کورت کراوەی میتە، دەزگای هەواڵگری کۆماری تورکیا، هەرسێ وشەکە عەرەبییە، بەڵام ئایا هیچ ئینسانێکی عاقڵ و خوێندەوار هەیە جورئەت بەخۆی بدات و بڵێ زمانی فارسی و تورکی زمان نین، و پرسیارێکی تر کە لەئەنجامی خوێندنەوەی ئەم وتارە ئەم پرسیارە بۆ ئینسان دروست ئەبێ، ئەوەیە، ئایا کورد میللەتە؟ ئێمەش ئەپرسین، ئەی ئایا فەرەنسی و فارس و تورك و ئینگلیز میللەتن؟ خۆ ئەگەر ئەوان میللەت نەبن ئەوا کوردیش میللەت نییە، بەڵام ئەگەر ئەوان میللەت بن بە تەئکید کوردیش میللەتە، هەرچی مەسەلەی نیشتیمانی کوردستانیشە حەز ئەکەین بە بیری نووسەری ئەم وتارە بهێنینەوە کە سەردەمی عوسمانی و سەفەوی و خەونی دێرین زۆر دەمێکە بەسەر چووە، نە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر ویلایەتێکن لە کۆماری تورکیا، نە پارێزگای سلێمانیش ئوستانێکە لە ئێران، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە بە ئاواتی ئەوەین میللەتانی خۆرهەڵاتی ناوەراست لە هارمۆنیەیەکی پێکەوە ژیان و ڕێزی بەرامبەر لە کۆنفیدراڵیەکی سەرتاسەریدا خۆمان ببینینەوە، دوور لە دەستی ئیستیعمار و ئیستیراد کردنی کەرلتووری نەشازی دەرەکی بۆ ناوچەکەمان، یەك جۆر دراومان هەبێ، بێ ڤیزە سەردانی وڵاتانی یەکتر بکەین، یەڵام هیچ پێکەوە ژیانێك بەبێ قبوڵ کردنی جیاوازیەکان لە چوارچێوەی نەریتی دیموکراسیدا سەقامگیر نابێ، ئەو جۆرە مێشك بەستەڵەکەی لەم وتارە هاتووە، خزمەت بە ڕووئیای پێکەوە ژیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ناکات، و پێچەوانە لەگەڵ نەریتی دراوسێیەتی دێتەوە، بە تایبەتی لەگەڵ ئێرانیەکان کە خۆمان بە ئامۆزای نەژادی یەکتری ئەزانین، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، هیوادارین بەرێزتان لە کەناڵە ئسووڵی و فەرمییەکانی خۆتانەوە، بەدواداچوون بکەن کە ئایا ئەم وتارە تەعبیر لە بۆچوونی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، و دواجار ڕابەرایەتی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەکات؟ ئایا بۆچی ئەم وتارە هێشتان

لەسەر سایتەکە ماوەتەوە؟ لەکاتێك ئێمە لە یەکەمەوە شەرحمان کرد کە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بانگهێشتی کونسوڵی ئێرانی کردووە، ئەی کوا ئەنجامی ئەو بانگهێشت کردنە؟ ئێمە ئەڵێین کە ئەم جۆرە بۆچوونە توندەڕەو، ئێمە دەڵێین کە ئەم جۆرە بۆچوونە توونـدڕەوە ئیستفزازییانە تەعبیر لەو سیاسەتە ئاشتی خوازانەو پێکەوە ژیانە ناکات کە رابەرایەتی سیاسی ئێران بڕوای پێیەتی، هەر بۆیەش پێویستە قونصولگەری گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان بکات، من وتەکانم لێرە بە شیعرێکی شێخ سعدی شیرازی کە خۆی ئیلهامەکەی لە قورئانی پیرۆز، لە سورەتی حوجورات، لە ئایەتی ژمارە (١١) ئەو ئیلهامەی وەرگرتووە، ئەم شیعرە وەکو خۆی لە بینای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویورك هەڵواسراوە، لەبەر ئەوەی سیمبولی ئینسانیەت و پێکەوە ژیانە، لە شیعرێکدا شێخ سعدی شیرازی دەفەرموێ:

(بنی آدم اعضای یك دیگرند

كه در افرینش زیك گوهرند

چو عضويرا بدرد آور دروزگار

دگر عضوهارا نماند قرار

توكز محنت ديگران بيغمى

نشايد كه نامد نهد آدمی)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ابراهیم.

**بەڕێز ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز حەز دکەم کاك ئاری پەیڤێن ڤەرەج ژ وتنا خۆ بینتە دەرێ، چونکە ئەم قەبیل ناکەین پەیڤا ڤەرەج بهێتە ڤەلەم دان، ڤەرەج جوزئەکە ژمە و، نوکە ژی ڤەبیل ناکەن ئەوان ئەم بچینە دهۆکی رەنگە موزاهەرا سەرمەدا بکەن کو ئەم ناڤێ وان بە تەعن دینە دەرێ کو وەکو ڤەرەج لە ڤەلەم دان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز محمد علی فەرموو.

**بەڕێز محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕیزان ئەندامێن پەرلەمانێ کوردستان، ئەڤ بابەتە کو لەسەر سایتی فەرمیا قونصولگەریا کۆمارا ئیسلامیا ئێرانی لە سلیمانی هاتیە بەلاڤ کرن لە (١١) نیسانێ، هەر وەکو کاك ئاری گوتی هەتا نوکە ژی ئەڤ بابەتە سەر ویب سایتی مایە، هەرچەندە ئەمە پەیوەندیین دبلۆماتیك بە کارئینایینە سەر قونصولگەریا هەولێرێ هات بۆ داخاز کرن ژ لایی ئۆفیسا پەیوەندیین دەرڤێت هەرێما کوردستانێ بۆ هەندێ کو روونکردنی ل سەر

ڤی بابەتی بدەن، هەتا نوکە ژی ئەڤ بابەتە مایە، ئەڤ بابەتە وێنەیەکی ناڕەوا و دووریش لە راستی کوردان رەسەنێ وان نیشان دەدات، ئینکارا راستییە هەبوونا کوردان دکات، لە دیارترین سەرەنجا خۆدا هەر وەك کاك ئاری گوتی چاڤەکێ دوژمنکارانە بەرێ خۆدەتە کۆمارا کوردستان، ئەڤ کۆمارا کو یەکەمین کۆمارا کوردی بوویە و ماوەی سالەکی ڤە کێشای بە کۆمارەکا کۆمەنیستی قەلەم دەدات، یان کو هەر وەك فارسی دبێژیت (دەولەتێ چەند رۆژێ کۆمەنیستیا مهاباد)، کو ئەڤە ژی زیدەتر پێدادچیتن بابەتیدا، دبێژتن ئەڤ کۆمارا بویە ئەگەرێ وێ یەکێ کو بە توونەدڕەویا خۆ چەندین پارت و هێزێن سیاسیین کوردی خۆ بە کەلتوور و زمان و نەتەوەیەکی جودان ژ فارسان دزانن، هەر وەك کاك ئاری گوتی کو ئەڤ داخویانیا دبێژیتن زمانێ کوردی زمانێکی سەربەخۆ نینە، بەلکو دیالێکتەکە سەر بە زمانێ فارسی ڤەیە، هەروەسا پێکهاتەیا خۆدا زمانێ کوردی تێکەلەیەکە ژ (عەرەبی، تورکی، فارسی)، هەروەسا کورد لە رۆژهەلاتا ناڤین هاتینە دیار کرن وەکو (Minority) یان وەکو کەمینە کو ل ولاتێن (عێراق، تورکیا، سوریا، ئێران)دا دەژین، لە ئالیەکی دیڤە ئاشکرای ئەڤ نڤیسینە کوردین باشوور یان کوردین هەرێما کوردستان ئاگاهدار دکات کو یەك رێزیا عێراقێ بپارێزن، ئەگەر نا تەهدیدەکێ دکات، ئەگەر نا دێ تووشی سارەتیا پەیوەندیان بن لەگەلێ کۆمارا ئیسلامیا ئیرانێ، هەروەسا ئالەیەکی گەلەکی گرنگ ویب سایتی ڤێ ڤونصولگەرییێ کو لە سلێمانی ل ناڤ جەرگێ هەرێما کوردستانێیە تنی بە زمانێ فارسی و عەرەبی هەیە، ئەڤە دەمەکێ دایە کو زمانێ کوردی لە عێراق (status)ێکی فەرمی هەیە، مل بە ملێ زمانێ عەرەبی زمانێ فەرمییە، ئەڤ ڤونصولگەریە ویب سایتی بەتنێ فارسی و عەرەبی هەیە، ئەڤە بەخۆ ژی بە رەنگێکی رەسمی ئینکارکرنا زمانێ کوردیە لە ناڤ هەرێما کوردستانێ، ئەڤ جۆرە دەربڕینە چ تیشت نینە ژ کەلتوور و سیاسەتا ئینکار کرنێ، دەما بە ئاشکرایی دبێژن چ نەتەوە ل دەڤەرێ نینە بە ناڤی کورد، بەلکو ئەڤێن هەی پێکهاتێن هەڤ پێچکرینە دگەل فارس و تورك و عەرەبان، هێژەیان بە رەسمی نەناسینا کوردان و ئینکارکرنا وان ئاریشەیەکا مەزنە ڤی سەدەیی و سەدەیین پێشتربوویە، یەکێش ئەگەرێن سەرەکیین سەرهەلدانا شۆرشا کوردی بوویە، بە درێژاییا سالان ماف و زمان و ناسنامەیا کوردان هاتیە ئینکار کرن ل کوردان بە کولێ نەدان بە سەربەرزی ئەڤ سیاسەتە قەبول نەکرینە، مافێن خۆ خواستینە و نوکە ژی ئەم ماڤێ خۆ دخازین، هێژایان ژ ئالیێ زانستیڤە ژی هاتیە سەلماندن کو سیاسەتا ئینکارکرنێ ئەگەرێ پەیدابوونا هەڤ رێکی و مل ملانێیە، یان کو سیاسەتا ئینکارکرنێ کو(The Politic Of Recognition) ژ لایێ زانایێ (بیرنارد چارلستەیلەر) دبێژیتن دبیتە ئەگەرێ هەڤ رێکیین دەم و درێژ و ئاگر خۆشکەرێ پەیدابوونا کەلتوورێ رق لێبوون و ڤین دناڤ بەرا ئالیان، ئەڤجا ئەڤ رفتارا ڤونصولگەریا ئێرانی بەچ رەنگێن دی ژ رێز نەگرتن لە ناسنامە نەتەوەییا کوردان ناهێتە شرۆڤەکرن، هەرچەندە هەمان دەمدا هێڤیدارین کو ئەڤ نڤیسینە ڤونصولگەریا ئێرانی لە سلێمانی دەربڕینێ ژ رەئیا وانا رەسمی نەکەت، ئەم وێ هێڤی داینە، ئەڤجا بەرپرسان ژ هەوە دخازم، هەروەسا سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ دخازم کو پشتەڤان و هەڤ بیر و هەڤ دەنگ بن بۆ یەکێ کو:

١- نابيت رێك بهێتەدان بێ رێزی لە زمان، کەلتوور، ناسنامەیا کوردان بهێتەکرن.

٢- پشتەڤان بن بۆ پێکهێنانا فشار و باندورێ بۆ هەندێ کو بە زیترین دەم ئالیێ ئێرانی بەرسڤێ بدات و، گەرەنتیا دووبارە نەبوونا رفتارێن ڤی میناکی بکات.

٣- نابیت رێگە بدەین بۆ هەندێ کو سیاسەتا ئینکارکرنێ لەگەلٚ مە بهێتە بکار هینان.

٤- ئەم د رژدین کو قونصولگەریا ئێرانی و هەر قونصولگەری و شاندێن دبلۆماتیك ل هەرێما کوردستانێ زمانێ کوردی بە فەرمی بناسن و کار پێ بکەن و مل کەچی ماددەیا (٤) ژ دەستووری عێراق بن.

٥- بە زیترین دەم دخازین ئەڤ بابەتە ژ ویب سایتی بهێتە سڕین و روونکردنەك ژ ئالیێ ئێرانی ڤە بهێتەدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێزان لە جێی خۆتان قسە بکەن رەنگە باشتر بێت بۆ ئەمڕۆ، چونکە ناوەکان زۆر نووسراوە، هەروەها تەوەرێکی تریشمان هەیە کە دیسان ئەوەش قسە زۆر هەلٚ دەگرێت، تکایە قسەکانی خۆتان کورت بکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانین هەموو ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسیوە قسە بکەن، کاك د.فرست تەبعەن پێش ئەوەی قسە بکەی ئێستا بەڕێز سکرتێری پەرلەمان تەئکیدی لە یاداشتەکەی تۆ کردەوە، بەلٚێ، بەڕێزت ناوت نوسیوە بۆ هەردوو تەوەرەکە، فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ جەنابت و، بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئەوەی کە لێرە دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم، ئەوەیە کە هاوڕێکانم ئەوەی پێویستە گوتیان، بەلاٚم بە شێوەیەکی گشتی ئێمە دەمانەوێ و هەروەکو ویستوومانە لە قۆناغەکانی رابردوو پەیوەندیەکی مێژوویی و جوگرافی دۆستانەی باش لەگەلٚ ولاٚتی کۆماری ئیسلامی ئێران هەمان بووە و هەمیشەش لە مێژوودا ئێمە وەکو میللەتی کوردستان ئەو چاکانەی کە گەلٚی ئێران و هەتا حکومەتی ئێرانیش لەسەر ئێمەی هەبووە بە هەندی وەردەگرین، بۆیە تەمەنا دەکەین لەم مینبەرە ئەم پەیوەندییانە ئەم دۆستایەتییە بەردەوام بێت و، تەسەوریش ناکەم بە هیچ شێوەیەك حالٚەتێکی وا تەئسیر بکاتە سەر پەیوەندییەکانمان، هەروەها بە پێی دەستووری عێراقی لە ماددەی (٨) پرەنسیپی رێزگرتنی دراوسێەتی و لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان مەسەلەی رێز گرتنی دراوسێیەتی کە حوسنی جیوارە تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە، هیوادارین کە بە هەمان پرەنسیپ و بەهەمان ئامانج لەگەلٚ کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام بین، بەلاٚم ئەوەی کە دەمەوێ لێرەدا تەئکیدی لەسەر بکەم و وەکو ئیزافەیەك بۆ قسەی هاوڕێکانم ئەوەیە بەراستی ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە رووی دبلۆماسی و، لە رووی قونصلی، لە رووی پەیوەندییەکانمان رەچاوی پرەنسیپی ماعامەلەی هاوشێوە کە پێ دەوترێت ( مبدء المعاملة بالمثل) بکەین، ئێمە ئێستا کە دەچینە کۆماری

ئیسلامی ئێران پێویسته پاسەپۆرتەکانمان فیزەی لێبدرێت، بەڵام کە ئەوان دێن ئەمە ڕەچاو ناکرێت، تەنانەت نەك هەر لەگەڵ کۆماری ئێسلامی ئێران ئێمە چەند ڕۆژێکە لەگەڵ چەند هاوڕێیەك لەو پەرلەمانە لە فڕۆکەخانەی قاهیرە بینیمان کە قوتابیەکانی ئێمە دوو ڕۆژ و دوو شەو لەناو فڕۆکەخانە مانەوە تانها لەبەر ئەوەی موافەقەی ئەمنیان نەبوو، تەواوی ڕێ و شوێنەکانی تری یاساییان هەبوو لە فیزە و لە هەموو ئەوەی کە پێویستە بۆ سەفەرکردن و لەوێ وەکو تەعزیب دوو شەو و دوو ڕۆژ قوتابیەکانمان لەوێ هێڵدرانەوە بەبێ ئەوەی حکومەتی هەرێم و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بە دوای ئەو کارەدابچێت، ئەمانە مرۆڤن، بۆیە من پێموایە تەنانەت لە ئیستیقبالی وفودی دبلۆماسی و مانەوەیان پێویستە ڕەچاوی ئەو پڕەنسیپە بکرێت و، خەرجی ئەو وڵاتە و سفرە ڕازاندنەوە لەوانەیە زۆر جار بە شێوازێکی تر لێمان تێبگەن، بۆیە کاتی ئەوە هات کە بەراستی ماعامەلە کردن لە ڕووی دبلۆماسییەوە، لە ڕووی ئەتەکێتی دبلۆماسییەوە هاوشێوە لەگەڵ ئەو وەفدانە بکرێ، بە هامان شێوەش سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی ئێران، من جارێکی تر تەئکیدی دەکەمەوە کە ئەمە کارێکە بە تایبەتی ئەوەی کە من دەمەوێ ئیزافەی بکەم مەسەلەی مەبدەئی حەق تەقریر مەسیرە کە ئەو نووسینە لە سایتی ڕەسمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی بەڵاوکراوەتەوە دەی پڕەنسیپی حەقی تەقریری مەسیر بۆ کوردستان دەکاتەوە کە مەبدەئی حەق تقریر مەسیر ئێستا مەبدەئێکی ئامرە لە قانونی دەولی و، هیچ هێزو قوەتێك ناتوانێت دژی بوەستێتەوە، پێموایە ڕەت کردنەوەی ئەم مەبدەئە مانای پێشێل کردنی بنەماکانی یاسای نێو دەوڵەتییە، بە تایبەتی ماددەی (١)، فەقەرە دوو لە ماددەی (٥٥) لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.شوان قەڵادزەیی.

**بەڕێز عمر مصطفى (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەبارەی ئەو بابەتەوە ناکرێ باس لە گرنگی دۆستایەتی نێوان حکومەتی هەرێم و وڵاتانی جیهان و دراوسێ و لە نێویشاندا ئێران نەکرێت، بەتایبەتی کە لە کاتی ئۆپۆزسیۆنی کوردی باشوور لە سەردەمی زێڕینی شاخ و ڕاپەڕین و کۆچڕەوەکەدا ڕۆڵی ئەم وڵاتە ئیجابی بووە و پشتیوانی دۆزە ڕەواکەمان بوون، ئەمە ڕاستییەکە نەك سیاسەتی موجامەلە، (فإذا قلتم فاعدلوا)، گەلی کوردستان لەم بارودۆخەی نێو دەوڵەتی تازەدا چاوەڕێی بەرەو پێشبردنی دۆزی ڕەوای کوردە، لەلایان ئەو وڵاتانەی کوردی بەزۆر بەسەردا دابەش کراوە، لە ڕێگای ئاشتی و گفتوگۆوە وەکو لە هەندێکیان سەرەتاکەی دەرکەوتووە، کاری قونصولگەری هەر وڵاتێکیش بەهێز کردنی پەیوەندی دۆستانەیە لە نێوان حکومەتەکان و، هەروەها لە نێوان گەلانی هەردوو وڵاتدا، بەڵام ناکرێ و قەبول نییە بە هیچ شێوەیەك لەسەر خاکی خۆمان قونصولگەری ئێران بێت یان هەر وڵاتێکی تر بێ ڕێزی و سووکایەتی بەرامبەر نەتەوەی کورد و زمان و، مێژوو، کەلتووری بکرێت،

لەبەر ئەوە پێویستە داوای لێبووردن لە خەڵکی سلێمانی و کوردستان بە گشتی بکات و، بە فەرمی رایبگەیەنێ بۆ میداکان و جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە، سەبارەت بە ناوزەدکردنی کۆماری کوردستانیش بە حکومەتێکی کۆمەنیستی، ئەمە درۆیەکی زۆر شاخدارە، چونکە لە ئەرشیفی کۆماری کوردستان کە وێنەکان بە بەرچاومان دەکەوێت زۆربەیان مەلای سوونین، زۆربەیان مەلان، یەك لە مەرجەکانی حیزبی دیموکرات لەو کاتەی کە قازی محمد سەرکردایەتی کردووە ئەوەبووە کە هەر کەسێك موسڵمان نەبایە نەدەبووە ئەندام لە حیزبەکەیدا، ئەوە مەرجیان بووە، کەواتە ئەوە دوورە لەوەی کەوا ناوزەد بکرێت بە کۆمارێکی کۆمەنیستی، سەبارەت بە کوردیش لۆلۆیەکان و کیشیەکان و گوتیەکان کە لە چیاکانی زاگرۆس ژیاون باشترین دەلیلە لەسەر ئەوەی کە ئەوانە پێشینەیەکی زۆر دێرنیان هەیە لە ناوچەکەدا، کوردیش هەموو بنەماکانی نەتەوەیی تێدایە، بە هیوای ئەوەی کە ئەوە دووبارە نەبێتەوە، هەروەها سیاسەتی رەسمی ئەوان نەبێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ابو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من شەرحی ئەو نووسینە ناکەم، بەس موقتەرەحەکانم بەم شێوەیە دەخەمە بەر چاو، یەکەم: ئێمە لە فراکسیۆنی ئازادی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوروبەری بە تایبەت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران لە روانگەی پاراستنی سەربەخۆیی و سەروەری هەردوولا دەبینین.

دووەم: کورد لە هەرێمی کوردستان و سەرجەم پارچەکانی تری کوردستان نەتەوەیەکی رەسەنە و خاوەنی نیشتیمان و ناسنامەو کەلتوور و فەرهەنگی خۆیەتی، بە درێژایی مێژوو رووبەرووی چەندین سیاسەتی دوژمن کارانە بۆوەتەوە، بۆیە بە هەموو شێوەیەك دژی هەر جۆرە سیاسەتێك دەوەستینەوە کە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەو رەسەنایەتی کورد بدات.

سێیەم: پێویستە قونصولگەری کۆماری ئیسلامی ئێران و تەواوی ئەو وڵاتانەی کە لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، هەوڵی تەبایی و پەیوەندی دۆستانەو نزیك بوونەوەی زیاتر لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتەکانیان بدەن، نەك بە پێچەوانەوە، بۆ ئەم مەبەستەش داوا دەکەین بە شێوەی فەرمی لەسەر ئەو نووسینەی کە لە پەیجی فەرمی خۆیان بڵاویان کردبۆوە داوای لێبووردن لە گەلی کورد و کوردستانیان بکەن.

چوارەم: پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاراستنی هەیبەتی هەرێمی کوردستان و ناسنامەی نیشتیمانی فرە نەتەوەییەکەی بکاتە مەرجی یەکەمی هەموو پەیوەندییەکان، بە پێی پێوەرە نێو دەوڵەتییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز وحیدە یاقو فەرمووو.

**بەڕێز وحیدە یاقو هرمز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی ئەڤ رفتارە قونصولێ كۆمارا ئیسلامیا ئێرانی لە سلێمانی بۆ ئێمە موفاجەئە بوو، ئیحتمال هەی ئەڤ رەئیا قونصولی تایبەتە، نەك رەئیا حكومەتا ئێرانێ بیت، ژبەر هەندی چونكە پەیوەندی باش بەهێز و بە قوەت ناڤ بەینا میللەتی كورد و میللەتی ئێرانی هەی، ئەم دبینین ئەڤ تیشتەكی بۆمەیا تازەیە، ژبەر هەندێ ئەز دبێژم ئەڤە خزمەتا میللەتی كورد و میللەتی ئێرانی ناكات ئەڤ رفتارە، ئەم ژی وەكو نەتەوەیەكی كلدانی، سریانی، ئاشووری ئەم ئیدانەیا ئەڤ رفتارا دكەین دگەل میللەتی كورد، ئەم دخازین قونصولێ كۆمارا ئیسلامیا ئێرانی لە سلێمانی ئیعتیزارەك بۆ میللەتی كورد بكات، ئەڤ نقیسینە بێتە سەحب كرن لە هەمیی میدیا، گەلەك سپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز یروانت نیسان فەرمووو.

**بەڕێز یروانت نیسان ماركۆس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز وەكو نوێنەرێ نەتەوەی ئەرمەن لە پەرلەمانی كوردستان، راستی ئیدانەیا ڤێ رفتارێ دكەین، چونكە زمانێ كوردی وەكی زمانێ ئەرمەنی سلالا هەندۆ ئەوروپییە، زمانەكا زندییە، لەورا داخازێ ژ قونصولێ دكەین ئیعتیزارەكی ژ میللەتی كورد و كوردستانێ وەرگری، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر ئەوها كورت بێت زۆر باشە، چونكە كاتێكی زۆرمان پێویستە ئەگەر هەموو ئەندامان چوار پێنج دەقە قسە بكەن، لە دەقەیەك بۆ دوو دەقە هەوڵ بدەن پەیامەكانی خۆتان بگەیەنن، پێموابێت هاوڕێكانی پێشتریشتان زۆربەی مەسەلەكانی ئەو بابەتەیان باس كرد، زۆربەی رەهەندەكانی ئەو بابەتەیان باس كرد، فەرمووو كاك باپیر.

**بەڕێز باپیر كامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە برادەرەكانم پێشتر شیكاری ئەو نووسینەیان كرد و كاریگەری ئەو نووسینەشیان كرد، بەلاّم من پێموایە ئەوەندە كاریگەری نییە، لەبەر ئەوەی لە رابردوودا ئەو ولاّتانەی كە داگیركەری كوردستانن یان كورد لە ژێر دەستیاندایە زۆر هەوڵی گەورەتر داوە، نەیان توانیوە ناسنامەی كورد بسڕنەوە، پەنجا ملیۆن كورد وا ئاسان نییە ئەو قسەیەی كە نووسیویەتی ئەو نووسینەش دەبێتە بلّقی سەر ئاو وەكو هەوڵەكانی رابردوو، كورد هەر دەمێنێت و، هەر دەشبێت، گەلێكی كۆنە لەم ناوچەیە، بەلاّم ئەوەی كە گرنگە كاك

فرست ئاماژەی بە کۆمەڵێك شتدا من پشتیوانی لێ دەکەم وێرای هەموو ئەو قسانەی کە کردیان، من پشتیوانی لەوە دەکەم کە هاوشێوە رفتار بکەین لە رووی دبلۆماسییەوە، من پێموایە هەرێمی کوردستان لەو رووەوە دەست پێشخەری دەکات، وەکو ئەوەی کە ئێمە پێویستیمان زۆر بە ئەوان بێت، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئەوە ببینین ئەو ولاّتانەش پێویستی زۆریان بە ئێمە هەیە، بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، راستە چاکەی لەسەر ئێمە هەیە، رابردوومان پێکەوە هەیە، بەلاّم لە هەمان کاتدا ئێمە تایبەتمەندی و سەربەخۆیی خۆمان پێویستە بپارێزین، ئەوانیش دەبێ رێزی لێبگرن، ئەوان کە بەرژەوەندی هاوبەشیشمان هەیە لە رووی ئابووری، لە رووی بازرگانی، لە رووی سیاسیشەوە شتی هاوبەشمان هەیە، سنوورێکی بەر فراوان هەتا لە رووی ئەمنییەوە، ئەگەر ئەوان پیان وابێت باشی خۆیان لە خراپی یان لە کەم کردنەوەی ئێمەدا ببین لەوەدا بە هەڵەداچوون، دەبێت ئەو هەڵەیان بۆ راست بکەینەوە بەبێ ئێمە لەو ناوچەیە ئارامی نابێت، ئۆقرەیی نابێت، ئەوە لە لایەك، لایەکی تر کە پێویستە ببێت رێزی بەرامبەر، ئەوان بێ رێزیان نیشانداوە لە بەرامبەر ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد، پێویستە ئەوان داوای لێبووردن بکەن، هەروەها بە شێوەیەکی رەسمی وەلاّمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئایدن معروف فەرموو.

**بەڕێز ئایدن معروف سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەم بابەتە کە گفتوگۆ لەسەری دەکرێت کە بابەتێکی گرنگە و پێویستە، ئومێد دەکەین ئەمە رەئی حکومەتی ئێران و خەڵکی ئێران نەبێت، دەبوایە حکومەتی ئێران روونکردنەوەی پێویست بلاّوکردبایەوە، ئێمە وەکو پێکهاتەی تورکمان و لایەنە تورکمانییەکان لە پەرلەمانی کوردستان هەمان هەڵوێست و هەستی نەتەوەی کوردمان هەیە، کە بە درێژایی مێژوو لەم خاکە پێکەوە دەژین، هەروەها نیگەرانین لەم بلاّوکردنەوەیە و تەعبیر لە رەئی شخصی خۆی دەکات، لەبەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران ولاّتێکی دراوسێی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، هەردەم پەیوەندی باشمان هەبووە لەگەڵیاندا، دڵنیاین لەوەی کە قونصوڵیەی ئێرانێ روونکردنەوەی خۆی دەبێت بۆ ئەم مەسەلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من دەمەوێت لەسەر داوای ئەندامانی پەرلەمان روونکردنەوەیەك بدەم، داوایان کردووە کە ناوەکان بخوێنینەوە ئەوانەی ئیمزایان لەسەر ئەم یاداشتە کردووە، لەراستیدا لەبەر کەمی کات ناتوانین هەموو ناوەکان بخوێنینەوە، بەلاّم دەمەوێ ئاماژە بە ئەوە بدەم کە لە ئەندامانی فراکسیۆنی زەرد، فراکسیۆنی سەوز، فراکسیۆنی گۆڕان، فراکسیۆنی یەکگرتوو، فراکسیۆنی کۆمەڵ، بزوتنەوەی ئیسلامی، لەم فراکسیۆنانە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئیمزایان لەسەر ئەم یاداشتە کردووە، رێوازخان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گوێرەی ماددەی (٥٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەڵێ ئەندام لەو جێگەیەی کە لێی دانیشتووە یان لەسەر ئەو سەکۆیەی بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کراوە قسەکانی خۆی ئاراستەی سەرۆك دەکات، بۆی نییە قسەکانی خۆی یان قسەی ئەندامەکانی تر کە پێش ئەو قسەیان کردووە دووبارە بکاتەوە و نابێ لە بابەتەکە دەربچێ و، ناکرێ لە یەك بابەتدا دوو جار قسە بکات، تەنها ئەگەر ئەمەی لە سەرۆك داواکرد وەئیلا ئاخیر، من تێبینیم کردووە بەڕێزت فرسەتی یەکسانت نەدا بە هاوڕێیانمان لە فراکسیۆنە جیاوازەکان، دوو بەڕێز لە فراکسیۆنی زەرد من لەگەڵ ناوەڕۆکی قسەکانیانم، لەسەر مەنەسەکە قسەیان کرد، بەلاَم ئیتر دوای ئەوان قەتعت کرد ئەمە یەك، دوو: دەسەلاَتی خۆت بەکار ناهێنی لەوەی کە کاتێك قسەکان دووبارە دەبنەوە داوا بکەی کە قسەکان دووبارە نەبنەوە، چونکە مەسەلەی قەیرانی دارایی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە دەبێت قسەی لەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێموابێت هەر ئەم موداخەلەیەی جەنابت دووبارەیە، چونکە من باسم کرد، من پێم وتن بە هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانم وت کە پێویست دەکات قسەی یەکتر دووبارە نەکەنەوە، هەروەها قسەش لەسەر قسەی هیچ ئەندامێکی پەرلەمان نەکەن، راستییەکەی بەتەمابووم نەصی ماددەکە بخوێنمەوە، بەلاَم لەبەر کەمی کات نەمان کرد، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان تکایە پابەندبن، پابەندبن بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانەوە، من داوام لێکردن کە لە جێی خۆتانەوە قسە بکەن ئێوە مافتان هەیە بێنە سەر سەکۆکە، سوپاستان دەکەم ئەگەر بە گوێمان بکەن، ئەم جارە لە شوێنی خۆتانەوە پەیامی خۆتان بگەیەنن، فەرموو مامۆستا مەڕوان گەلاَلی.

**بەڕێز حسين اسماعيل (مەڕوان گەلاَلی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە من پابەند دەبم لە شوێنی خۆمەوە بە قسەشت دەکەم انشاءالله، دەربارەی ئەو بابەتەی کە لە ماڵپەڕی قونصولخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی بەلاَوکراوەتەوە، ئەم سەرەنجانە دەخەینە روو، راستە زمانی کوردی لەگەڵ زمانی ئاری کۆن یەك دەگرنەوە و زمانە ئاریەکانیش بەشێکن لە زمانی هندو ئەوروپی، بەلاَم زمانی کوردی، زمانی هندی، ئۆردی، بەلوج، پشتۆ راستە لەگەڵ هندو ئەوروپی کۆن یەك دەگرنەوە، بەلاَم ئەمە مەسەلەیەکە شارەزایان کۆتاییان پێهێناوە، لە مێژە کورد زمانی سەربەخۆی هەیە و ئەدبیات و شیعر و فۆلکلۆری خۆی هەیە، زانا و شارەزای تایبەت بە خۆی هەیە، لە رابردوودا ئەو قسەیە هەبووە کە گوتوویانە زمانی کوردی بەشێکە لە زمانی فارسی، یان لە زمانی تورکی، بەلاَم ئەمە لە چوارچێوەی گوتارێکی دەمارگیریاندابووە و هەر زوو رەتدراوەتەوە، هەموویان ئەوەش دەزانن لە باکووری کوردستان و رۆژئاوا زمانی کوردی قەدەغەبووە، لە کاتێکدا ئێران مامەڵەی فەرمی لەگەڵ حکومەتی

هەرێمی کوردستان کردووە و ئاڵوگۆڕی ئابووری و بازرگانی و فەرهەنگی و هونەریمان لە نێواندا هەیە، چاوەڕوانی ئەوە ناکەین لەلایان هیچ کەس و بەرپرسێکی ئەو وڵاتە بێ ڕێزی بە زمان و خەبات و مێژوومان بکرێت، دەربارەی کۆماری مهابادیش ئەوە حاشا هەڵنەگرە کە قازی محمد پیاوێکی ئاینی بووە و، ئەوە دوورە لە ڕاستییەوە کە کۆمارەکەی کۆمەنیستی بووبێتن، بۆیە ئەو بابەتەی ماڵپەڕی سەر قونصوڵی ئێران لە سلێمانی بە بابەتێکی چاوەڕوان نەکراوی دەزانین، داواکارین لە ئاستی باڵوێزخانەی ئێران لە عێراق یان لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕوونکردنەوەی لەسەر بدرێت، وەکو فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە کۆتاییدا هەموو لێدوان و بابەت و ئیهانەیەك بە زمان و کەلتوور و فەرهەنگ و دینی نەتەوەکەمان ئیدانە دەکەین، داواکارین بۆ ئەو بابەتە داوای لێبووردن لەگەڵی کورد بکەن، فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی (٢٠١٤/٥/٢٦)، لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئومێد حمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێ زۆر بە خێرایی و بە کورتی کۆمەڵێك خاڵ باس بکەم، یەکەم: ئینکارکردن لە نەتەوە و زمانی نەتەوەی کورد، بە شێوەیەك ئینکارکردنی ڕەوش و بوونی سیاسی و کیانی سیاسی باشووری کوردستان تەماشا بکەین ئەمە بەدەرلەوەی کە زیان گەیاندنە بە هەموو پەیوەندیە سیاسییەکانمان، پێچەوانەی سەرەتایی ترین عورفی دبلۆماسییە کە ئەگەر دەوڵەتێك بیەوێ پەیوەندییەکی تەندروست و یەکسان لە نێوان خۆی و هەر کیان و هەر دەوڵەتێکی تردا بونیات بنێ پێویستی بە تەماشاکردنی یان پێویستی بە قەبوڵکردنی ئەوەی ترە، وەك چۆن بوونی سیاسی خۆی قەبول دەکات بە یەکسان تەماشای ئەوانی تریش بکات، بەڵام بە داخەوە ئەم تێڕوانینانەی کە لەو ڕۆژانەی ڕابردوودا خراونەتە ڕوو، دەربارەی مێژوو، بوونی کورد، زمانی کوردی، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە لێرەدا بە نەرم تەماشاکردن هەیە، ئێمە لێرە پێویستمان بە بەخۆداچوونەوە هەیە و تەماشاکردنی بوونی ئینسانی نەتەوەیی خۆمان هەیە کە پێویستە ئیتر ئەو قۆناغە تێپەڕێنین کە ناومان ناوە قۆناغی مانەوە، بەردەوام ئەوە دەڵێینەوە، کورد بەردەوام زمانی خۆی و بوونی خۆی پاراستووە، ڕاستە ئەمە مانەوەیە، بەڵام ئیتر ئەو قۆناغە تێپەڕێنین و ئیش لەسەر بونیات نانی کەسایەتی ئینسانی کورد بکەین کە کەسایەتییەکی سەربەخۆ و، خۆ بەکەم نەزانە، بەدەر لەوەی کە ئاماژە بەوە بکەم کە وجودی بوونی نەتەوەیی و زمانی کوردی حاشا هەڵنەگرن، دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە لە دانیشتنی سێشەممەی ڕۆژی (٧)ی کانونی دووەمی (٢٠١٤) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر پڕۆژە یاسای زمانی ڕەسمی وڵات دەنگیدا کە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی بە دوو زمانی ڕەسمی وڵات دەناسێنێت، بە پێی یاساکە هەردوو زمانی کوردی و زمانی عەرەبی بە دوو زمانی فەرمی دادەنرێن لە وتار و کاروباری فەرمی دەوڵەت و فەرمانگەکان، لێرەوە دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە لەسەر

ئەم بنچینەیە ئەو روانینە خراپەی قونصولگەری ئێران نەك هەر لە رووی سیاسی و دبلۆماسییەوە، بەڵكو لە رووی یاساییەوە تەواو دژ و پێچەوانەیە لەسەر ئەو یاسایەی کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دەنگی لەسەر دراوە، بە فەرمی زمانی کوردی وەکو زمانی رەسمی لەناو دەوڵەتی عێراقی دا ناسێنراوە، وەك ئاماژەیەکی کورت، بە کورتی ئاماژە بەوە بکەم کە بە گرنگی دەزانم لێرەوە ئاماژە بە رای کورتی هەندێك لە زمان ناسان و کورد ناسان بکەم، بەوەی کە باس لە تێکەڵاوی زمانی فارسی و تێکەڵاوی زمانی کوردی دەکەن، یەك لەوانە (سێر سیدنەی سمیپ) کە لەویە (ئەو ئەوها ئێژێ) لەم چەرخەدا بیرۆکەی زمانی کوردی زۆر گۆڕاوە، بە گوێرەی بیروڕای ئەو پسپۆرانەی مێژوو، مرۆڤ دەتوانێ باوەڕیان پێ بکات، زمانی کوردی زاراوەیەکی تێکەڵاوی فارسی نییە، بەڵکو زمانێکە پێشکەوتنی راست و دروستی کۆنی هەیە، لە زمانی فارسی و لە لەوحەکەی داریوشیش کۆنترە، زانایانی مێژوو حەقیانە بڵێن زمانی کوردی کۆنە و زمانێکی سەربەخۆ بووە، هەروەها ئەدمۆنز بە هەمان شێوە جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە، مێجەرسۆنیش هەر قسە لەسەر ئەوە دەکات کە زمانی کوردی زمانێکی رەسەنە و خاوەن خۆیە و سەربەخۆیە، سەرباری هەموو ئەو کۆسپ تەگەرە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵاتییانەی سەر رێی گەشەکردنی نەتەوەیی و نیشتیمانیی و زمانی کوردییان تەنگەتاو و ئاستەنگ کردووە، بەلام هەموو ئەمانە نەبوونەتە هۆی دەست بەردان و پاشە کشەی کورد لە زمانەکەیدا، ئەوەی لێرەدا گرنگە لە رێگەی چەند پرسیارێکەوە ئاراستەی بکەم، دەست بەرنەدانمان و ئاستەنگە بێگانەکانی بەردەم گەشەکردنمان واتای ئەوە نییە کورد خۆی و هێزە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی بەرپرس نین لەو کێشەو گیروگرفتانەی زمانەکەمان هەیەتی، بەو هۆیەوە نەتەوەکەمان پێوەی گیرۆدە بووە، بۆیە لێرەوە پێم خۆشە چەند سەرەنجێك بخەمە روو ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە وەکو کورد، وەکو دەسەلاتدارانی کورد کە چی کراوە بۆ زمانی کوردی؟ یەکەم: ئایا ناکرێت بپرسین زمانێکی یەکگرتووی کوردی ئێمە وەك کێشەی بنەڕەتی تەماشای بکەین؟ ئایا ئەمە گرنگ نییە هەموومان بە یەکێك لە کارە پلە یەکەکانی دامودەزگاکانی کوردستان تەماشای بکەین و بە تایبەتیش لە رێگەی پەرلەمانەوە چی بۆ ئەمە بکرێت؟

دووەم: ئایا ئەمەش تاوانی هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان و هێزە عەرەبیەکانی ترە کە تا وەکو ئێستا ئێمە نەمان توانیوە زمانی ستانداردی کوردی کە ئەمە یەکێك لەو کێشە بنچینەیەیە یان هەموو زمان ناساکان باسی دەکەن؟ دەمەوێ بپرسم ئایا.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد لەسەر یاداشتەکە ئێمە قسە دەکەین، نەك لەسەر زمانی کوردی، یاداشتێك نووسراوە، تۆ دەتوانی قسە لەسەر یاداشتەکە بکەی، ئەوە دەتوانین لە دانیشتنێکی تردا بە تێر و تەسەلی باسی زمانی کوردی و، زمانی ستانداردی کوردی بکەین، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێك لەو روئیایانەی دەربارەی ئێمە دەوترێ پەیوەندی بە مامەڵەكردنی ئینسانی كورد خۆیەوە هەیە لەگەڵ زماندا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە زۆر بە كورتی، كاك انور فەرمووو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ئیهانە و بێ ڕێزیەی كە قونصولێەی كۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی بە كوردی كردووە، دیارە ئەمە یەكەم جار و دووەم جار نییە، مێژوو ئەوەی سەلماندووە كە كورد و نەتەوەكەی سەربەخۆن، زمانی كوردی سەربەخۆیە، نەتەوەیەكی سەربەخۆیە، لە بوونییەوە تا كۆتایی، بۆیە ئەمە قابیلی قەبول نییە، بەڵام من لێرەدا دەمەوێ ئیشارەت بە شتێك بكەم سەرنجتان بۆ شتێك راكێشم كە تا ئێستا كەس لە برادەران باسیان نەكرد، ئەویش ئەوەیە لە رووداوەكانی رابردوودا بینیمان لاوازی و بێ هەڵوێستی دەسەڵاتی كوردی لە زۆر رووداودا كە روویدا لە هەموو ئەو داگیركەرانەی دەوری كوردستانیان داوە، بۆ نموونە زۆر جار هێنانی جەیشی داگیركەران بووە لەم حاڵەتانەدا لە كاتێكدا دەمەوێ ئەوە بڵێم چەندین جار جەیشی داگیركەران هات، هەر بۆ نموونە جەیشی داگیركەران هاتە ناو ئەو پەرلەمانەی، كورد خۆی پەلەكێشی كردبێ دووژمن چۆن قسەی خێر بۆ كورد دەكات....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە پەیوەندی بەم بابەتەوە نییە، باشە، كاك جمال ئەوە قەتعمان كرد تەواو كۆتایی پێ هات، با من هەر بە پێی پەیڕەو ئەوەتان بۆ چۆنیەتی بەرزەفت كردنتان پێ بڵێم، ماددەی (٥٩)، سەرۆكی پەرلەمان لە كاتی بەستنی دانیشتنەكانی پەرلەماندا ئەم رێكارانەی خوارەوە دەگرێتە بەر دەرحەق بەو ئەندامانەی سەرپێچیەك ئەنجام دەدەن، دەبێتە هۆی كارتێكردن لە بەرێوەچوونی دانیشتنەكان یان قسەی نەشیاوی دەرحەق بە پەرلەمان یان دەستەی سەرۆكایەتی یان یەكێك لە ئەندامەكانی دركاند:

١- بیرهێنانەوەی ئەندامەكە كە رێكاری دانیشتنەكە بپارێزرێت.

٢- ئەگەر ئەندامەكە پاش بیرهێنانەوە زیادە رەوی كرد ئەوە سەرۆك بۆی هەیە ئاگاداری بكاتەوە، ئەم ئاگاداریەش سڕینەوەی قسەكانی لە كۆنووسەكە لێدەكەوێتەوە.

٣- ئەگەر ئەندامەكە پاش ئاگاداركردنەوەی بەردەوام بوو لە زیادە رەوی ئەوا سەرۆك بۆی هەیە لە بەشداری كردنی دانیشتنەكە بێ بەشی بكات.

خوا پەنامان بدات نەگەینە ئەمە انشاءالله، بەڵام ئەوە وەستاندمان بەڕێز كاك انور كۆتایی بە موداخەلەكەی هێنا، بەڕێز كەژاڵ خان فەرمووو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوێنی ناوم نووسی بوو کە لەسەر بڕگەی یەکەم قسەم هەیە، پێش دانیشتنی فراکسیۆنەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان بوو، بۆیە من پرسیارەکانی خۆم ئاراستەی سەرۆکی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شکریە خان فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەندە هەندێك لە قسەکانی من وترا، بەڵام من زۆر بە کورتی دەمەوێ بیسەلمێنم کە زانایانی زمانەوانییە جیهانییەکان لە ئاکامی چەندەها لێکۆڵینەوە ئاماژەیان بە سەربەخۆیی و زیندوویی زمانی کوردی کردووە لە جیهاندا، بە بەڵگە سەلماندوویانە کە هەرگیز زمانی کوردی نابێت بە بەشێك لە هیچ زمانێکی تر، بەڵکو تایبەتمەندی و سەربەخۆیی بە درێژایی مێژووی خۆی پاراستووە، پەیوەندی زمانی کوردی بە زمانی فارسی تەنها بریتیە لە هاوبەشی بنچینەیی، زمانەوانییەکان و دەنگ و دابەش بوونی رستە ،هەزارەها وشە، هەر وەکو هەردوو زانای ئەڵمانی (رۆدجێر و بۆت) لە ساڵی (١٨٤٠) پاش لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنێکی قوول لە نێوان زمانی فارسی و زمانی کوردی ئەم راستیەیان سەلماند، پاشان کۆمەڵێك لە رۆژهەلاّت ناسەکانی جیهان پاڵپشتی ئەم بۆچوونەیان کرد، لە دیارترینیان (بێترد و، بارزۆن و، رینیان و، داورن و، وارشۆ و، جابا) کە بە هەردوو زمانی رووسی و ئەڵمانی لە ساڵی (١٨٥٧) بلاّوکراوە، هەروەها (میجەر ئەدمۆنز) شارەزا لە زمانی کوردی لە وتارێکی کە لە رۆژنامەی (جمعية اسيا الوسطى) لە ژمارەی (١١) بلاّوی کردۆتەوە، دەڵێ ئێستا زۆر روونە زمانی کوردی بریتی نییە لە زمانی فارسییەکی گۆڕاو و هەڵگێڕدراو، بەڵکو بریتییە لە زمانێکی ئاری پاك و ناسراو، کە کۆمەڵێك تایبەتمەندی بە خۆی لەگەڵ پێشکەوتنێکی بەردەوامی هەبووە، هەروەها (مینۆرسکی) لێکۆڵەرەوەی تایبەت بە زمانەکانی رۆژهەلاّت جەخت لە سەربەخۆیی و مێژووی زمانی کوردی دەکاتەوە، دەڵێت زمانی فارسی دەچێتە سەر گرووپی کۆمەڵەی باشووری رۆژئاوا، کەچی زمانی کوردی دەچێتە سەر کۆمەڵەی زمانی باکووری رۆژئاوا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێموابێت لایەنە زانستیەکەی ئەم مەسەلەیە زۆر روونکرایەوە، لەو موداخەلانەی کە کرا ئێستا، لایەنە زانستیەکەی تێکەلاّو نەبوونی زمانی کوردی و زمانی فارسی روونکرایەوە، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان دەتوانن پشتگیری رەئی ئەندامانی پێش خۆیان بکەن لەم بوارەدا، بەڕێز د.پەری صالح فەرموو.

**بەڕێز د.پەری صالح حمید:**

پەیامەکەی من لای زۆربەی هاوڕێیان گەیشت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حاجی کاروان.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە شتێك بکەین، دوای ئەم دانیشتنە لەکۆتایی، یەکەم شت ئەوە بکەین کە بۆ ماوەی عەلەل ئەقەل سێ رۆژ یان تا جەلسەی دادێ چاوەڕێی رەتدانەوەی قونسولگەری ئێران بکەین، ئەگەر نەبوو ئەو کاتە ئێمە یاداشتێکی ناڕەزایی وەکو پەرلەمانی کوردستان بدەین بە هەموو قونسولخانەکانی هەرێمی کوردستان، جگە لە بەغداش، ئەگەر وەکو یاداشتێك لێم قبولّ بکەن، بەس بەبێ رەتدانەوی علمی و چۆن دەڵێی ئابووری، جلی کوردی ئێمە، جەمەندانی سەرمان، جلی کوردی ئافرەتانمان، کلاّشی هەورامان و هەرچی کەلتوورمان هەیە، رەتدانەوەی ئەو هەموو قسەیەیە کە هیچ بنەمایەکی علمی و زانستی و جۆگرافی و تاریخی نییە، بەڕاستی من یەعنی ئەو جەلسەیە زۆر بەگەورەترم دەزانی لەوەی کە بۆ شتێکی وا کۆبووینەوە، بەلاّم ئەگەر لە سایتێکی وا بلاّونەکرابایەوە، نەدەکرا ئەو جەلسەیەم بکردبایە، ئەمە پێچەوانەی هەموو پرەنسیپێکی دیبلۆماسی، جیوار، هەرچییەك ناوی دەنێی، بەداخەوە نەدەبووایە، بەس من هیوادارم ئەو یاداشتە ئێستا نا، تا جەلسەی دادێ، چونکە ئەوەی کە من ئاگام لێ بێ، بەداخەوە دەڵێم قونسولگەری ئێران یان کونسولخانەی ئێران، پەیوەندی بە زۆربەی لایەنەکانەوە کردووە، تەنها داوای مەوقیفی لێ کردوون، نەك داوای ئەوەی لێبوردن بکەن، تائێستاکە نەیان کردووە، بۆیە ئێمە چاوەڕێی ئەو لێبوردنە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر صالح (عمر کۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبینم جێیێ داخێیە یەعنی ئەم کورد مللەتێکین گەلە جارا هزرەکا کێم، نزرەك و چاڤەکا کێم خەلکی کوردستانێ مە دبینیتن، پاشەڤە سالاّ هەشتێ و حەفتێ بووایە تەبیعیی بوو، ئەڤ ڤێ ئیسلوبێ دیبلۆماسی و ئەڤ زمانێت دبلۆماسی و نازك، هەر فعلەکێ لازمە رەت فەعلەك هەبی، ئەم چەن دبلۆماسی بین، چەن سیاسی بین و چەن شارەزا بین و ئەم زانین ئەڤێ گافێ ئەم هێزو شانێت مە، قوەت و تاقەتێ مە چەندن، بەس وەختێ هەر فیعلەکا هاتە کرن، ڤی رەنگی لە جیهەتەکا رەسمی، لازمە رەت فیعلەك بەرامبەری وێ هەبێتن کو ئەڤە نە سالاّ هەشتێ و حەفتێنە، ئەڤ مللەتە گەیشتە قۆناغەکادی، هەڤالّ و دۆست و چەوا سیستانی ب رەسمی ئەڤ وەختێ هات مالیکی محاوەلە کر، حەرام کرد خینا کوردان، موقیفەکا جوان بوو،

ئیران لازمه ئینتیزاریٚ هەندیٚ بکاتن کو شەعبیٚ کوردی و میللەتیٚ کورد یا پێویستە و یا موحتاجە وەك سومعەت لیٚ دەڤەریٚ دا، ژبەر هەندیٚ ژ زووترین وەخت بهێتە داخوازی ژ لیٚ بکەین، داخوازیا لێبوردنیٚ بکات، ئەڤی شتی لابدات، ئەوە ئیستیخفافەکا گەلەکا کێمە ڤیٚ میللەتی، حقوقا ڤیٚ میللەتی، سپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فائق:

**بەڕێز فائق مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆربەی بیروڕایەکان لەلایەن هاوکارەکانم گەیشت، لێرەدا زۆر بەکورتی من ئیشارەت بەدوو خاڵ دەدەم، خاڵی یەکەم مەسەلەی ئەرك و مەهامەکانی کونسوڵ و کونسولگەری، ئەوە بۆ خۆی لە یاساو ڕێسایەکی تایبەتدا روونکراوەتەوە، کە پەیوەستە بە پەرەپێدان و توندو تۆڵکردنەوەی پەیوەندییەکان، نەك ئەوەی بەپێچەوانەوە کە هەستی میللەتێك ئاوا بریندار دەکرێ، پەیوەندییەکان بەرەو ئاستێکی خراپ دەڕوات، ئەوە پێموایە کونسولگەری ئێران لەوە ئەرکی خۆی لیٚ تێکچووە، دووەم مەسەلەی ماڤی چارەنووس کە بەخەون و خەیاڵ ناوبراوە، بۆ هەرکەسێك کە ئەمە بڵێت لە هەرپۆست و پلەو پایەك دابێت ئەمە یاری کردنە بە ئیحساسی میللەتێك کە خاوەنی خاك و کلتوور و زمان و مێژوویەکی دوورو درێژو پڕ لەقوربانی دانە لەپێناو مانەوەی خۆیدا، بۆیە مەسەلەی ماڤی چارەنووس ئەوە ئێمە لەعێراقدا دەژین، لەماددە و بڕگەکانی دەستووری عێراقدا ئاماژەی پێدراوە، دەکرێ ئێمە لەگەڵ ئەو دەستوورەدا مامەڵە بکەین، فەتوای کەسێکی گومڕاو هیچ کاریگەرییەکی نییە، ئەوەی کە دەمێنێتەوە لەکۆتاییدا پشتگیری تەواوی پێشنیارەکەی بەڕێز حاجی کاروان دەکەم کە هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە، داوای روونکردنەوەی جدی بکرێ کە حکومەتی ئێرانی بەرەسمی بیروڕای چییە لەسەر ئەم مەوزوعە، دوای وەڵامدانەوەی ئەوان هەڵوێستێکی یەکلایکەرەوە دیاری بکرێ لەپەرلەمان و لە حکومەتی هەرێمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوی قسەکانی کاك فائق دەکەم، پشتگیری ئەو یاداشتەی کاك حاجی کاروان دەکەم، بە بەتەواوەتی لەگەڵ ئەو یاداشتەی کاك ئاری هەرسینم، کە کونسولگەی کۆماری ئیسلامی ئێران ئاوا سووکایەتی بە زمان و بەنەتەوەیەك دەکا کە عەریق ترین نەتەوەیە لەناوچەکەدا، من دەمەوێ سەرنجێك لێرە، ئەوە بڵێم بەڕاستی یەعنی ئێمە ئەم شتانە هەر هەمووی ڕەنگە بەجۆرێك لەجۆرەکان جوگرافیای ئێمە لەنێو ئەم دەوڵەتە داگیرکەرانەدا وای کردووە کە ئێمە لایەنێکی سیاسی پەنا بۆ دەوڵەتێك و لایەنێکی سیاسی دەوڵەتێکی تر ببا، بۆیە بەم شێوەیە ئێمە وامان لێهاتووە، لەبەر ئەوەی ئێمە تا ئێستا نەمان

توانیوە ستراتیجێکی نەتەوەیی خۆمانمان هەبێ، وەك هێزو لایەنە سیاسییەکان کە حکومڕان بوون لەم وڵاتەدا، بۆیە من داواکارم لە هەموو ئەو بەڕێزانەی کە ئێستا هەڵبژێردراوی خەڵکن، نوێنەری هێزو لایەنە سیاسییەکانن، تەمەنا دەکەم، دەرس و پەندو عیبرەتێکی زۆر باش لەو دێڕە شیعرەی شاعیری گەورەی کورد (بێکەس) وەربگرێ، کە دەڵێت (کورد ئەبەد ناگاتە مەخسەد نۆکەری بێگانەیە، دوو دڵن، پیسن لەناویەك، بۆیە وا بێ لانەیە)، هیوادارم ئێمە دوو دڵ نەبین، چیتر لەمەولا، دەست لەناو دەست خزمەتی ئەو میللەتە بریندارە بکەین، کە دەنگیان داوە بە ئێمە، خزمەت بەو نیشتیمانە بکەین کە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە کە بەدرێژایی چەندین هەزار ساڵە کورد دەچەوسێتەوە لەم ناوچەیە، بۆیە من لێرەوە پێتان دەڵێم، پەیمانی شەرەف واژوو بکرێ، بۆ رێگری لەدەست تێوەردانی دەرەکی، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك بێستوون.

**بەڕێز بێستوون فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەسوپاسەوە من بەشێکی زۆر لەقسەکانم کراوە، بەڵام ئەوەی کە دەمەوێ بیڵێم سەرباری ئەو وتارەی کە مایەی نیگەرانی هەموومانە، بابەتی دیکەش هەیە لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێرانی دراوسێ و دۆست و دڵسۆزی رابردوو کە مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنن ئەویش دەست تێوەردانی ئەو وڵاتەیە  لە بەشێك لەکاروباری ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، لەکاروباری سیاسی، لەکاروباری ئینتیخابی، تەنانەت لەکاروباری حیزبایەتیش لەنێوخۆی هەرێمی کوردستاندا، ئەمە قسەیەکەو لەنێو خەڵکدا دەکرێ، سەرباری ئەو وتارە، ئەمەش بۆخۆی مایەی هەڵوێستە کردنە و مایەی نیگەرانییە، سەرباری لەبەرچاوگرتنی پێگەی جوگرافی و سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەبێ قسەیەکیش لەسەر ئەو دەستێوەردانانە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باش، فەموو کاك برزۆ.

**بەڕێز برزۆ مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموابی بۆ قسە کردن لەسەر ئەم حاڵەتە نەخوازراوە، نەویستراوە، جێگای ئێحتیجاجە دەبێ بیکەین بە دەرفەتێکی زۆر باشیش بۆ قسەکردن لەسەر ئەوەی هۆکار یان ئەمە نەتیجەی چییە، چۆن ئەمە چارەسەر دەکرێ و بەشێوەیەکی یەکجاری لێمان دەرباز دەبێ؟ لای هەمووومان ئاشکرایە پەیوەندی هەرێم لەگەڵ بەغدا، دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەت، پەیوەندی ئیقلیمی و ناوچەیی، پەیوەندی گرنگ و زەروورن، بەڵام لەوێدا مانایەکە تەواو دەبێ کە ئەم پەیوەندییانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و بنەمای شکۆمەندی هاوبەشی هەردوولا پارێزراو بێ، لای هەمووومان روون و ئاشکرایە پێکهاتەی جوگرافیای سیاسی یاخود مێژوویی حەرەکەی تەحەرووری کوردی لەسالآنی خەباتی نیشتیمانی نەتەوەییدا بەرامبەر بە رژێمی

عێراق بوو، لەئێستاشدا ئەگەر هەندێك حزبی كوردی ناوچەكانی تری كوردستان كە بارەگایان لەباشووری كوردستانە، لەهەمان كاتدا حزبەكانی هەرێمی كوردستان، حیزبەكانی دەستەڵات و ئەوانەی دەرەوەی دەستەڵات، مەبەستم لەپێشووە، لەیەك كاتدا پەیوەندیان لەگەڵ دەوڵەتە ئیقلیمییەكان و پەیوەندییان لەگەڵ حیزبەكانی كوردی ئەو ناوچانەی تریشە لەهەرێمی كوردستان، هەموو ئەوانە وای كردووە ، بەڵێ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم مێژووەو ئەم ئێستایەدا ئاسان نەبێ، بۆ دروستكردنی ژێرخانێكی تەواو كە شكۆمەندی ئەزموونی دە ساڵ لەهەرێمی كوردستان و شكۆمەندی تاكی كوردی پارێزراو بێ، بەلاَم لەهەمان كاتدا لە (٢٣)ی رابردوودا لە دەستەلاَتی هەرێمی كوردستان ویستێك، ئەجندایەك، بەرنامەیەكی یەكانگیر و موەحەد نەبووە، لەلایەن دەستەلاَتی كوردییەوە، بۆ ئەوەی وردە، وردە، ئەو پەیوەندیانە لەپەیوەندی هەندێك كاتی تەكتیكی، پەیوەندی حیزبی بگوازرێتەوە بۆ پەیوەندی نیشتیمانی و نەتەوەیی، لەكوێدا پەیوەندییەكە تەواو بە نیشتیمانی گەیشت، ئەم نەتیجانەش روونادا، بۆیە وێڕای ئەوەی حاڵەتەكە جێگای ئێحتیجاجە، قبوڵ نەكراوە، ناشیرینە، بەلاَم دەرفەتیشە بیقۆزینەوە، چۆن ئەوەی هەرێمی كوردستان لەباشووری كوردستان ئەجندایەكی نیشتیمانی و نەتەوەیی دەبێ، دامودەزگای حكومی بەڕێوەی دەبەن، نەك حیزب، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. شێركۆ.

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من مایەی خۆشحاڵییەمە لەكاتی خۆشیدا هەر راستەوخۆ بڵێم چەند سەعاتێك لەدوای بلاَوبوونەوەی بابەتەكە رەئی خۆمم داوە لەسەری، قسەی خۆمم لەسەر كردووە، من سەرەتا بە ئەو شیعرەی دڵدار دەست پێ دەكەم، كە دەڵێ (ئەی رەقیب، هەرماوە قەومی كورد زوبان، نایشكێنێ دانەری تۆپی زەمان)، سەرەتا زمانی بەیان نامەكە زمانێكی دبلۆماسی نییە، خزمەتی دۆخی ئێستای هەرێمی كوردستان و پەیوەندییەكانیان لەگەڵ كۆماری ئیسلامی ئێران ناكا، هەروەكو هاوڕێیەكانیشم خوازیارم ئەمە رەئی ئەو شەخسە خۆی بێ، ئەو شەخسە نادیارە، رەئی دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانی نەبێ، تایبەت بەكۆی بەیاننامەكە ئەوانە دەتوانم بڵێم هیچ بنەمایەكی زانستی و ئەكادیمییان نییە، بەپێی هەموو سەرچاوە مێژوویی و زانیستییەكان ساخ كراوەتەوە كە ئەو قسانە قسەی دوورن لە زانستی هەم زمانی، هەم زانستی مێژوویی و هەم زانستی مرۆڤ ناسیشەوە، سەبارەت بە زمانی كوردیش ئەوە هەموو ئەو دیكۆمێنت و هەموو ئەو سەرچاوە زانیستیانە ساغیان كردۆتەوە كە زمانێكی سەربەخۆیە، راستە بەشێكە لە زمانە هیندۆ ئەوروپایەكان و دواتریش جیا دەبێتەوە بەو تەسلیفەی كە ئێستاكە هەیە، زمانە هیندۆ ئەوروپایەكان و ئەوەی ئەم دۆخەی ئێستاكەی وەرگرتووە، بەدرێژایی مێژوو وێڕای نەبوونی دەوڵەتێكی سەربەخۆش توانیویەتی قۆناغی گەشەی خۆی، قۆناغی كامل بوونی خۆی بپارێزێ، زمانێكی

زۆر پاراوە، زمانێکی جوانە، زمانی میدیایە، چاپەمەنییە، حکومڕانییە، یاسادانانە، بەدرێژایی هەموو ئەو دەستەڵاتانەی کە لەچەند سەد ساڵی رابردوو هەبوون لە کوردستاندا، بەڵام بەپێچەوانەوە زمانی فارسی وێڕای ئەو دەستەڵاتە دەوڵەتییە زەبەلاحانەشی کە لەپشتییەوە بوونە، بەڵام زۆرترین ژمارەی وشەی غەیری فارسی تێدایە، واتە بەشێکی زۆر لە وشەکانی تورکییە، عەرەبییە، زمانە بابلێین هیندییەکانە، کەواتە ئەوە نوقتەیەکی هەرە بەهێزی زمانی کوردی لەوە دایە کە وێڕای نەبوونی دەوڵەتێکی موئەسەساتی گەورەی زەبەلاحی وەکو ئەوەی کە لەپشتی جمهوری ئیسلامی ئێرانیشەوە لەتاریخەکەدا وەستاوە، توانیویەتی پاراوی خۆی، مانەوەی خۆی لەبەرامبەر هەموو ئەو هێرشانەی کە نەیارەکانی بۆ نەهێشتنی هەم بوونی فیزیکی نەتەوەی کورد، هەم بۆ سەر زمانەکەشی دایان رشتووە، بەڵام بەهیممەتی هەموو خەڵکی کوردستان توانیویەتی خۆی بپارێزێ، خۆی بمێنێتەوە، داواکارم لە راستیدا لە فەرمانگەی پەیوەندییەکان بەفەرمی ئەمە بەدواداچوونی زیاتری بۆ بکات، بانگی بکا، ئەمە پێویستە داوای لێبوردن لەخەڵکی هەرێمی کوردستان بکات و پێویستیشە ئەمە بکرێتە وێستگەیەك بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش، دوا قسەشم ئەوەیە کە نالی دەفەرمووێ (کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆ کردییە، خۆ کوردییە، هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا دەکات)، زۆر سوپاسیشم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لەکاتی خۆیدا هەڵوێستیان وەرگرت، بەتایبەتی هاوڕێ بەڕێزەکان لەزانکۆی راپەڕین کە لەکاتی بڵاوبوونەوی ئەمە کەمپینێکیان راگەیاند، ئومێد دەکەم فشاری مەدەنی لەکوردستاندا بە ئاقاری سەرپێخستنی کۆمەڵگایەکی تەندروست بەردەوام بێت، سوپاس بۆ هەمووتان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، فەرموو کاك فەرهاد.

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من پێم خۆشە یەکەمجار سلاوێکی گەرم بنێرم بۆ میللەتی فارسی برامان، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، کورد و فارس دوو میللەتی مێژوویی و دێرینن، تێکەلاوییەکی زۆر گەورەیان هەیە لە مێژوو و شارستانیەتی ناوچەکە، لەراستیدا ئاغای کونسوڵ یەکەم ئەوە سووکایەتی و ئیهانەیەکی بە نەتەوەی کورد کردووە، بەڵام لەدیوێکی تریشەوە خزمەتی کوردی کردووە، چونکە ئەگەر ئەو نەبووایە ئێستا ئەم پەرلەمانە، دوای ئەمەش رەنگدانەوەی ئەمە لەناو میللەتی کوردا نەدەبووە هۆی ئەوەی ئێمە بەجۆرێکی ریشەیی یان خەمخۆری بیر لەزمانەکەمان و نەتەوەکەمان بکەینەوە، ئاغای کونسوڵ پێش ئەوەی ئەم قسەیەی بکردبایە زمانناس و مێژووناسی زۆر گەورە هەن لە ئێراندا، پێویست بوو پرسێکی پێ بکردبانایە، بۆ ئەوەی نەکەوێتە ئەو هەڵە گەورەیەوە، کورد رۆڵەی سۆمەریەکانن کە ئەمڕۆ لەناو زمانی کوردیدا وشەکانی (ئاشنا، خاك، هیوا، لو، کان)، چەندین وشەی تر هەن کە سۆمەریەکان لە زمانی خوێندن و نووسینیان داناوە، سۆمەرییەکان سەعاتی سەر دەستیان داناوە، سۆمەریەکان یەکەم تونێڵیان بەژێر دیجلەدا

لێداوە، نەخشەی شاریان کێشاوە، زەینەفۆن باسی کوردی کردووە و ئەکەدییەکانیش باسی کوردی کردووە، تەنانەت ئەردەوانی ئەشکانی بە ئەردەشێری بابەکان دەڵێ هەی کوردی لەهەواری کوردان پەروەردەبوو، کە ئەمە قسەی ساڵی (٢٢٦ ز)یە، زەردەشتی مەزن بەزمانی کوردی هەورامی قسەی کردووە و ئێستاش زیاتر لە (١٠) ملیۆن کورد بەو زمانە لەسەرانسەری کوردستاندا قسە دەکەن، کە لەهەموو پارچەکاندا دابەش بوون و پێی دەوترێ ماچۆ، ئەو زەمانەی کە کوردستان دەگاتە مافەکانی خۆی سەرزەمین بۆی دەردەکەوێ کە کوردستان جەزیرەیەکی هێشتا ئاشکرا نەبووە لە هەموو بابەتەکانیدا، کەمن دڵنیام ئەو رۆژە دێ، ئەو رۆژە کە باسی لیژنەیەکم کرد بۆ شوێنەوار مێژوو، زمان، دین، کاردانەوەی نەبوو، بەداخەوە، ئەوە ئەو ئاوێنەیەیە کە دەتوانین هەموو ئەو شتانەی تێدا بدۆزینەوە، ئەم باسەی کە کونسوڵی ئێرانی کردوویەتی باسێکە کە لەسەردەمی شا جارێکی تر دووبارە بۆوە، ئەو کاتە ئەمین زەکی بەگی نەمر کتێبێکی گەورەی بەناوی کوردستان و کورد نووسی، شای ئێران بەمە زۆر زویر بوو، رەشید یاسەمی راسپارد کە وەڵامی بداتەوە، رەشید یاسەمیش کتێبێکی گەورەی نووسی بەناوی کورد و پەیوەندی نەژادی ئەو، هەردوو کتێبەکەی ئەمین زەکی بەگ و رەشید یاسەمی بوون بە دوو سەرچاوەی زۆر گەورەی گرنگ کە لەدژی کورد نەبوون، بگرە هینەکەی رەشید یاسەمی بوو بە پاڵەوانێکی گەورە بۆ مێژووی کورد، لەراستیدا ئەوەی کە هەڤاڵم گوتی کە کورد دەوڵەتی نەبووە، هەتا هاتنی سەردەمی ئیسلام ساسانییەکان دەوڵەتێکی گەورەی کوردی بوون، وا ئێستا ئەوە بەرەو سەلماندن دەچێت، دەبێتە گەنجینەیەکی گەورە لەسیاسەت و ئیدارەو دەوڵەتی کوردی، من پێموایە ئاغای کونسوڵ زۆر بەهەڵە داچووە و پێویستە داوای لێبوردن بکا، بەڵام پێم خۆشە زۆرجار کەسانی دەوروبەر ئەم قسانە بکا، بۆ ئەوەی هەستی ئێمە بریندار بکا، تا ئێمە لەقۆناغی عەشیرەت و حیزب دەربچین، بچینە قۆناغی نەتەوە و دەوڵەت، سوپاس بۆ هەمووتان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەمەوێ تەنها ئەو روونکردنەوەیە بدەم بەبەڕێزتان، ئەم بابەتە لەلایەن قونسوڵگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵکو راپۆرتێکە یان بابەتێکە بە بێ ناو، لە سایتی قونسوڵگەری بڵاو بۆتەوە، بۆیە تێبینی ئەوە بکەن، فەرموو کاک ئاری.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە، پەخشنەکردنی ئەم دانیشتنە بنەمایەکی دیبلۆماسی و سیاسی و بەینی خۆمان بێ، ژێر بەژێری هەیە؟ یاخود بەراستی شتێکی فەنییە؟ ئەوەمان بۆ روون بکەیتەوە، زۆر سوپاست دەکەین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە تەنانەت پێش ئەوەی دانیشتنەکە دەست پێ بکا، دوامان خست، برادەرانی راگەیاندن باسیان لەوە کرد خەلەلێك هەیە، هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن، بەڵام هاتن وتیان چارەسەرمان کردووە، ئێستاکە لەژوورەوەین دانیشتنەکە بەرێوە دەبەین، پێموابێ ئەم خەلەلە هێشتا چارەسەر نەکراوە، ئەوەی کە هەیە

(نۆیس) لە دەنگەکەدا هەیە، دانیشتنەکە پەخش دەکرێ، بەڵام دەنگێك لە تەلەفزیۆن و لە جیهازەکانەوە پەخش دەکرێ، کە ڕێگر دەبێ لەبەردەم ئەوەی بەباشی، بەکوالێتییەکی بەرز دانیشتنەکە بگوازرێتەوە، بەڵام ئاگادارمان کردوون کە پێویست دەکات هەر ئێستاش هەوڵی چاککردنی بدەن، ئەمە بەداخەوە لەبەر ئەوەی لە ماوەی رابردوودا دانیشتنەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ نەدەگوازرانەوە، رەنگە کاتێکی بوێ تابەتەواوەتی ئەوان دەتوانن کۆنترۆڵی پێوە بکەن، دانیشتنەکان بگوازنەوە، لەسەرەتاوە تەنها لەرێگەی تەلەفزیۆنەوە دەگوازرایەوە، ئێستا جیهازێکیان هێناوە، هێشتا هەر خەلەل و کەم و کورتی تێدایە، فەرموو بەهار خان.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با نوقتە نیزامییەکە وەکو سەرەنجێك چەند جارێك دووبارەمان کردۆتەوە، لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکەوە، بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆ موداخەلەکان بەپێی پێشینەی داواکارییەکانە، بەڵام نەمانزانی بۆچی کە ئاوا هاتی پەڕیتە ئەو بەرەوە، ئەمە هەر خۆی لەخۆیدا پێشێلکاری بوو بۆ پەیڕەوی ناوەخۆ، چەندجارێکی تریش ئەمە دووبارە بۆتەوە،...

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی بەهار خان با من وەڵامت بدەمەوە، هەمووتان بەیەکەوە دەستان بەرز کردۆتەوە، کۆمپیتەرێکیشم بۆ بێنە بزانە کامتان پێش کامتانە، تەبیعییە جار بەجارە ئاڵوگۆڕێکی پێ بکەین، بۆ ئەوەی دەرفەت بدەین بە تێکەڵی فراکسیۆنەکان قسە بکەن، یەعنی برادەرەکانی تۆ قسەیان کرد پێشتر، رێ بەم بەریش بدەین، بە ناوەراستیش بدەین جاربەجارە قسە بکەن، سرەکە تەواو بکەین، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان روونکردنەوەیەکی هەیە لەسەر ئەمە، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، بەنیسبەت ناونووسین بۆ ئەو بابەتانەی کە ژمارەیەکی زۆر لەئەندامە بەڕێزەکان قسەیان دەبێ، لەمەودوا ئەو سیستەمە پەیڕەو دەکەین، بەم شێوازە، کەرتەکان، ئەو چوار کەرتەی کە هەیە، یەك، دوو، سێ، چوار، بۆ جارێکی تر لەبابەتێکی تردا بەپێچەوانەوە، چوار، سێ، دوو، یەك، جارێکی تر لەبابەتێکی تردا، دوو، یەك، چوار سێ، جارێکی تر سێ، چوار، یەك، دوو، پەیڕەوی ئەم سیستەمە دەکەین لەکاتێکدا کە ئەندام پەرلەمانی زۆر ویستی موداخەلە بکا، قسەیان هەبێ لە بابەتێکی دیاری کراودا، بەڵام ئەگەر بابەتەکان کەم بوون دەتوانین بەشێوەی ئاسایی لە یەك و دوو و سێ و چوارەوە دەنگەکان بنووسین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەهار خان.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو قسانەی کە هاوڕێیان قسەیان لەسەر کرد، دووبارەی ناکەمەوە، هێندە دەڵێم ئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ یەکەم ئەرك و کاروباری دبلۆماسی قونسوڵیەت کە خۆش کردن و چاککردن و بەهێزکردنی پەیوەندییە، ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە، هەروەها ئەم نووسینە پێچەوانەی ئەو هەڵوێست و هاوکاری و دۆستایەتییە بووە، کە لەمێژووی خەباتی کوردا پێشکەشی خەڵکی کوردستان کراوە، لە داڵدەدان و لە کاتی ئاوارەییدا، پێشکەشکردنی هەندێك خزمەتگوزاری، هەروەها پێچەوانەی هەموو ئەو بانگەشە و بیروباوەڕ و تێگەیشتنانەیە کە کۆماری ئیسلامی بانگەشەی بۆ دەکات، وەك کۆمارێکی ئیسلامی، دیارە بنەمای تێگەیشتن لە ئیسلامدا (کلکم من ادم وادم من تراب)، بۆیە لەروانگەی ئەوەوە منیش پشتیوانی هاوڕێیانم دەکەم، کە خوازیارین قونسولگەری ئێران داوای لێبوردن بکات، هیواداریشین کە ئەمە گوزارش نەبێت، تەعبیر نەبێ لە بیروباوەڕی کۆماری ئیسلامی ئێران، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ابراهیم، نوقتەی نیزام.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب راستی ئەوە سێ، چار جەلسە برادەر باسی عەدالەتێ دکەن ل موناقەشێ دا، مادام پەرلەمان سینگی فرەیە، دێ ئیستیعابا مە خرا هەمی دەئاخڤن، شەرت نینە ڤێ هەمی دەما ببێژن عەدالەت ڤی گروپی و ڤی گروپی، مە ناڤێت خۆ نڤیسین هەتا سەعات سێ بیت، هەتا سەعات چار بیت مادام رێك هەیە بۆمان ب ئاخڤن، ئاخاڤتناخۆ بگەهینن، سپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستییەکەی قسە و باسی زۆر کرا، من یەکەمجار داوایەکم هەیە، ئومێد دەکەم لەنێو پەرلەمانی کوردستان بەکوردی قسە بکرێ، واز لە فیعل و رەت فیعل و شەعبی کوردی و لازم و ئیزافە و تیکرار و ئیستعمار و ئەمانە بهێنین، بەزمانی کوردی لەنێو پەلەمانی کوردستان قسە بکرێ، ئەوەی کە روویداوە لە رووی دبلۆماتییەوە کارێکی خراپە، ئێمە دژین، دەبێ روونکردنەوە و داوای لێبوردنی لەسەر بکرێ، بەڵام وەکو بەڕێزت روونت کردەوە، ئەمە لەسایتی قەنسولگەری کۆماری ئیسلامی ئێران بلاّو کراوەتەوە، ناوێکی لەسەر نییەو و هەڵوێستی قونسولگەریەکە خودی ئەوە نییە، نەکەوینە هەڵەوە، باسی سلێمانی کرا، من پێموایە ئەوە توورە کردنی خەڵکی سلێمانییە، چەندین جار هەڵدەقۆزنەوە بۆ قسە وتن بە سلێمانی،

پەرلەمانتارێك دەڵێ دەبێت داوای لێبوردن لە سلێمانی بکرێ، من پێموایە ئەوە کارێکی، ئەوە هێرش کردنە سەر سلێمانی، جێگەی قبوڵکردن نییە، دەبێ داوای لێبوردن لەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکرێ، لەمەهابادەوە تاکو ئامەد، هەتاوەکو قامیشلو، تاوەکو کەرکوك، لەبەر ئەوە ئەم بابەتە لەناو سلێمانی کۆنەکرێتەوە، بۆ مەرامی سیاسی، تکاتان لێ دەکەم با واز لە شکاندنی سلێمانی بهێندرێ، قسەکردن لەسەری لێرەوە سلاو بۆ چوارچرا، بۆ تاکە سەرکردەکەی کۆماری مەهاباد کە لەوێندەر داندرا، بۆ ئامەد، بۆ قامیشلو، بۆکەرکوك، زۆر گرینگە لەم بابەتە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، بانگ بکرێ، ئەم فەرمانگەیە کێ شەرعییەتی داوەتێ بۆ ئەوەی پەیوەندی دروست بکات، هەروەها ئەم پەیوەندییانە لەسەر چ بنەمایەك لەگەڵ کونسولگەرییەکان دامەزراون، کونسولگەرییەکان کە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان ئەو مافانە چین هەیانە، چیان نییە؟ بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان پەیوەندی تاکەکەسی نەبن، ناکرێ کەسێك بەتەنها پەیوەندی دروست بکا، بەتنها پەیوەندییەکانی حکومەت و هەرێمی کوردستان تێك بداتەوە، ئەم بابەتە پێموایە بابەتێکی گرینگە، بە کۆ قسە لەسەر پەیوەندی هەرێمی کوردستان بکەین، بەداخەوە کە لیژنەی پەیوەندییەکان دروست نەرکرا، کە گرینگە ئەم پەرلەمانە لیژنەیەکی هەبێ، لێپرسینەوە لە هەموو ئەو پەیوەندییانە بکا، کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەرەوە دروستی دەکا، چونکە ئەم پەرلەمانە بێ ئاگایە، لەپەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی، بۆیە لەئێستادا گرینگە ئەو لیژنەیە بکرێتە لیژنەیەك، چاودێر بێ، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، ئەم پەرلەمانە رای سپێرێ، بابەتێکی تر کە زۆر، زۆر گرینگە ئەم مەسەلەی زمانە نەکرێتە قوربانی ناوچەگەرێتی، هەوڵبدرێ ئەم پەرلەمانە زمانێکی ستانداری کوردی دابمەزرێنێ لە ئاییندە، بۆ ئەوەی منداڵانی کورد بزانن کە باسی زمانی کوردی دەکەین، زمانی ستاندار کامەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەموو کاك حسن.

**بەڕێز حسن صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیچ روونکردنەوەیەك نادەم، لەبەر ئەوەی قسەکانم زۆربەیان کرا، تەنها بەچەند خاڵێك دەمەوێ قسەی خۆم بکەم.

یەکەم/ ئێمە لەکاتێکدا داوا لەکۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین کە لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش زمانی کوردی بەرەسمی بناسرێت، بۆ ئەوەی گەلی کورد لەم وڵاتەدا لایەنی کەم مومارەسەی ئەو مافە ئینسانی و دینییەی خۆی بکات، خوای گەورەش لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ (وجعلناکم شعوبا وقبائلا.....) هەتا دوایی.

دووەم/ داوا دەکەم، پێشنیار دەکەم نووسینەکە لەسەر سایتەکە نەمێنێ.

سێیەم/ پێشنیار دەکەم کونسولگەری ئێران داوای لێبوردن بکات، لەهەموو گەلی کوردستان.

چوارەم/ من پێشنیار دەکەم ئەم کێشەیە بەحکومی ئەوەی کە ئێمە لەعێراقی فیدراڵدا دەژین، زمانی کوردی زمانی رسمی ئەم ولاتەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم بەڕێز وەزیری دەرەوەی عێراقیش لەم بابەتە بێتە قسەو قسەی خۆی هەبێ.

پێنجەم/ من لێرەوە پێشنیارێکی تر دەکەم کە پەرلەمانی کوردستان لەهەوڵی جدی دابێت کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ولاتانی دونیا و بەتایبەت دراوسێ، پەیوەندییەکی نیشتیمانی بێت و لەرێگای حکومەتی هەرێمەوە دەبێت کە پەرلەمان ئیقرار لەسەر ئەو پەیوەندییە بکات، بۆ ئەوەی نە ئەوەی لەسلێمانی روویدا، بابڵێین لەو سایتە روویدا، دووبارە بێتەوە، نەجەیشێکی زۆری تورکیاش هەتا ئەو چرکە ساتە لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا هەبێ، چونکە ئەمە هەتا ئێستا پەیوەندی ئێمە و ولاتانی دەرەوە پەیوەندی حیزبینە نەك پەیوەندی نیشتیمانی، دواجار من لێرەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم کە مێژووی کورد، کلتووری کورد، زمانی کورد، خاکی کوردستان، ئەمانە هەمووی بنەمایەکانی دەوڵەتێکی یاخود دەوڵەتێکی کوردستانن، ئەوە داگیرکەرانن و هێزە بەرژەوەندی خوازەکانی دونیایە کە ئەم مەسەلەیە دوادەخەن، بۆیە کورد زۆر لەوە گەورەترە کە نووسەرێکی ترسنۆك و بێ ناو ئەم بابەتە بورووژێنێ، قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر رووی زەمین، میللەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکان زۆر کران، بەلام من دەمەوێ بە پوختەیەکی کورت، هەندێك قسەی لەسەر بکەم، ئێمەی کورد لەنەتەوەی ئاری داین، ئامۆزای یەکترین لەگەڵ نەتەوەی بابڵێین کەفارسەکان و ئەوانەی کە لەمەنتیقەکەدا ژیاون، نەوەك ئێمە لەوان بین بەتەنها، ئەوانەی کە قسەی چەواشەکارانە دەکەن بەرامبەر بە میللەتەکەمان، بەرامبەر بە زمانەکەمان، ئێمە لەیەك خێزانی زمان و کۆمەڵەی نەتەوەی ئارین، لەولاتاتی ئاریادا ژیاین و لەوێشدا بلاو بووینەتەوە، من دەمەوێ لەسەر ئەوە قسە بکەم، وەکو نەتەوە، وەکو زمانیش، ئەو خەڵکە رەگەزپەرستانەی کەوا دائیمەن نەتەوەی کورد بەچاوێکی سووك سەیر دەکەن، یاخود بچووکی دەکەنەوە، ئێمە لەوە چووینە دەرێ، سوپاس بۆ خوا، بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان ئێمە نەتەوەینە، هەین و دەشمینێین و بەرەو پێشەوەش دەڕۆین، کورد وەکو نەتەوە نەتەوەیەکی دێرینی ئارییە، لەچیاکانی زاگرۆسەوە سەری هەڵداوە و ژیاوە و پەرەی سەندووە، خاوەن کەلتوور و زمان و فەرهەنگی دێرینی خۆیەتی، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵیش پێش زاین، ئێمە وەکو هەر لەدەوڵەتی ماددەوە تەماشا بکەین، (٢٥٠) ساڵ بەر لە دەوڵەتی هاخەنشینی فارسین، زمانی کوردیش زمانێکی کۆن و دێرینی هەزاران ساڵ پێش زاینە، لەرووی رەسەنایەتییەوە خاوەن گەشەو گۆڕانی خۆیەتی، زمانی کوردی،...........

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شوان زۆر باسی ئەو مەوزوعە كرا، لەرووی زانستییەوە زمانی كورد رابردووەكەی، پەیوەندی بەزمانی فارسی، ئەگەر شتێكی تازەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز شوان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، ئێمە كەباسی خێزانەكان دەكرێ، خێزانە ئێرانییەكان، هیندییەكان، ئەوروپییەكان، ئێمە لەو خێزانانەینە كە لەكوردستان بلاّوبووینەتەوە، مەبەست لێرەدا یەك شتە، زاراوەی ئێرانی مەبەست لەوە جوگرافیای نییە، كە دەوڵەتی ئێرانی ئێستایە، كە باسی فارسیش دەكرێ لەساڵی (٣٥)ەوە ئەو ناوە گۆڕدراوە لەسەر داوای رەزا شای ئێرانی پەهلەوی، ئێمە وەكو نەتەوەش بنەمایەكانمان هەیە، وەكو خاك و زەوی و مێژوو و كەلتوور و شارستانییەت، هەرچەندە پەیوەندی ئابووریەكەمان نەبووە، ئێستا وا خەریكە پەیوەندییەكی ئابووری باشیش وا دروست دەكرێت، بۆ كوردستان، لێرە خوشكە شوكریش باسی لەكۆمەڵێك زانا كرد، من پشتگیری دەكەم، بەڵێ گەواهی دەدەم كە كۆمەڵێك زانایان و رۆژهەلاّت ناسان گەواهی ئەوە دەدەن كە زمانی كوردی زمانێكی سەربەخۆیە، هەروەها نەتەوەیەكی سەربەخۆیە، لەمەنتیقە هەیە و دەشمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو بێگەرد خان.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە زیاتر لە دوو هەزار ساڵە نەتەوەی كورد توانیویەتی لەبەرامبەر خواستی نەیارانی پارێزەری كلتوور و زمان و مێژووە پڕشنگدارەكەی بێت، كە زۆرجار ویستراوە كلتوورەكەی، زمان و مێژوویەكەشی تێكەڵ بەنەتەوەكانی تر بكرێ، بەلاّم ئەم نەتەوەیە توانی بەبێ بوونی دەوڵەت و پشتیوانی رەهای بەها نەتەوەییەكانی بگەیەنێتە ئەمڕۆ، لەئێستاشدا كە كورد بوون و زمان و كەلتوورەكەی لەسەر ئاستی دونیا بەو پەڕی رێزەوە مامەڵە دەكرێت، هەنگاو بۆ قۆناغێكی زۆر چارەنووسسازتر دەهاوێ، پێویستە، ئێمە بە پێویستی دەزانین قونسولگەری ئێران كە ئەم نووسراوە لەسەر سایتەكەی بلاّوكراوەتەوە، بەفەرمی داوای لێبوردن بكات و كۆماری ئیسلامی ئێرانیش روونكردنەوەی تایبەت لەسەر ئەم دەربڕینە بداتە خەڵكی كوردستان، چونكە كۆماری ئیسلامی لەرابردوودا چ لەرووی پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەكان و چ پەیوەندی ئابووری و كۆمەلاّیەتی، بگرە لەداڵدەدانی شۆڕشەكانی كورد و لەزۆر كارەساتی جەرگ بڕیشدا بۆ نموونە كارەساتی هەڵەبجە رۆڵێكی گرینیان بۆ نەتەوەی كورد لەباشووری كوردستان گێڕاوە، بۆیە ئومێد دەكەین ئەم نووسینە هۆكاری تێكدانی پەیوەندییەكان نەبێت لەگەڵ كۆماری ئیسلامی ئێران، چونكە نەریتی پەیوەندی لەنێوان ولاّتانی ئیسلامی زۆر لەسەر بنەمای ئەم ئایەتەی خوارەوە دامەزراوە كە خوای

گەورە دەفەرمووێ (یا ایها الناس انا خلقناکم من ذکر و الانثی وجعلناکم شعبا وقبائلا لتعارفو)، لەکۆتاییدا داواکارین پەلە بکرێ لەسەر لابردنی ئەم بابەتە لەسەر سایتی فەرمی قونسولگەری ئێران، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەمرموو کاك محمود.

**بەڕێز محمود عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مەوزعە زۆر قسەی لەسەر کرا، زۆر بەداخەوە خەریکە لەجەلسە دەردەچێ دەبێت بە موحازەرە، ڕێزم بۆ سەرجەم ئەو وتانەی کە باسکران لێرە باس لەمێژوو و تاریخ و جوگرافیا دەکەن، هەموومان ئەوە شارەزاین، ئەم پەرلەمانە لێی دانیشتووینە، نەپەرلەمانی ئەوروپایە، نە ئێرانە، نەتورکیایە، تەوزیحات بۆ فارس دەدرێ، نەك بۆ ئێمە، ئێمە ئەوە دەزانین، بۆیە باشترین شت ئەوەیە من لەگەڵ ئەو ڕەئییەی کاك حاجی کاروانم، ..........

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمود، نە ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، نە ئەندامانی پەرلەمان ناتوانن ڕێگری لە ئەندامانی پەرلەمان بکەن کە ناویان نووسیوە بۆ قسە کردن، کاك حاجی کاروان ڕای خۆی وت، ئەندامانی تری پەرلەمان ڕای خۆیان وت، پێویست دەکا گوێ لەهەموو ئەندامانی پەرلەمان بگرین، فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر باشە، ببورە، تەوەری دووەم موهیمە، پەیوەندی بە قوتی خەڵکەوە هەیە، حەقە بچینە سەر ئەو تەوەرە، ئەوە بەیاداشتێك قونسولگەری ئێران ئاگادار بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ڕای ئێوە تەوەرەکانمان ئاڵوگۆڕ پێکرد، لەسەر دەنگدانی ئێوە، ئێمە بەئارەزووی خۆمان ئەوەمان نەکردووە، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله(ابو بکر هەڵەدی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش هەر هەمان بۆچوونم هەیە، بەراستی، پەرلەمان شوێنی خیتاباتی سیاسی نییە، چوار وشەیە، هەموو ئیدانەی دەکەین، ئێران ڕوونکردنەوە بدا، ئەمە مەوقیفی ئەوانە یان نا؟ لەسایتەکە بسڕێتەوە، ئیتر ڕۆیشتن بۆ مێژوو و زمان و ئەوانە پێموایە زیادە ئەوانە بەراستی، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبوایە خۆتان دەنگتان پێ نەدابایە کە ئەو دوو بڕگەیە ئاڵوگۆڕ بکرابایە، خۆتان دەنگتان پێداوە، ئێمە لەدەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەتایبەتی بەندە ڕێمان بە دوو برادەر لە هەر یەکێك لەو فراکسیۆنانە،

بەتایبەتی فراکسیۆنە گەورەکاندا بۆ ئەوەی بەدرێژی راپۆرتی خۆیان بدەن، ئەگەر ئاگاتان لێی بێ، وامان رەچاو کرد، کە هەر فراکسیۆنێك دوو برادەر بەدرێژی رای خۆیان بدەن، بەلآم تکایە ئەوانی تر ئەندامانی پەرلەمان لەفراکسیۆنە جیا، جیاکان هاورێکانتان، هاوکارەکانتان نەك لە ئەندامانی پەرلەمان، بەڵکو لەفراکسیۆنەکانی خۆشتان زۆربەی بابەتەکانیان باس کرد، کورتی بکەنەوە، قسەکانتان زۆر بەکورتی بکەن، فەرمووو کاك فرحان.

**بەڕێز فرحان جوهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینم هەبوو، هەرچەندە زۆربەی قسەکان کران، بەلآم دوو تێبینیەکە بەکورتی دەڵێم، یەك/ بەپێی ئەتەکێت و عورفی راگەیاندن ئەوەیە هەر وتارێك لەهەر وێپسایتێك و رۆژنامە و گۆڤارێك بلآوبکرێتەوە کە ناوی لەسەر نەبوو، بی مەعنا ئەوە مەوقفی رەسمی ئەو شوێنەیە کە لێی دەرچووە، ئەو بلآوکراوەی سەر کۆنسولگەری ئێران لە سلێمانی ئەوە مانای وایە ئەوە هەڵوێستی رەسمی کۆنسۆلگەریەکەیە، هیوادارین هەڵوێستی جمهوری کۆماری ئیسلامی ئێران نەبێتن، ئەو بابەتە ئەوەندەش دێنێتن، یەعنی حکومەتی کوردستان قسەی لەسەر بکات، پەرلەمانی کوردستانیش قسەی لەسەر بکات، لەبەر ئەوەی لەدەرەوەش لە زۆر شوێندا بۆ نموونە لەسەر فلیمێك لەتورکیا کە دروست دەکرێتن، ئیسرائیل پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا تێکدەدا، لەسەر شوێنێك کە عەلەمی ئیسرائیلی لێیە و لەبەرامبەردا کە منداڵێك دەدزرێتن، یەعنی ئەمانە هەمموو باون لە عورفی پەیوەندی نێودەوڵەتیدا کە قسە دێنێتن، کە دەوڵەتێك تۆ پەیوەندیت لەگەڵی هەیە، دەبێ رێز لەکەلتوور و زمان و پەیوەندییەکان بگیرێتن، بۆیە من پێموایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەکانی خۆی کرد، لەبەر ئەوەی فەرمانگەی پەیوەندییەکان هەستا بە بانگکردنی سەر کۆنسولگەر و موزەکەری ئێحتیجاجیشی دایێ، ئێ حکومەت لەوە زیاتر ئیشی خۆی کرد، بەلآم دەمێنێتەوە سەر ئەوەی، من داواکارم کە پەرلەمانی کوردستان یاداشتێك لەو بارەیەوە بلآوبکاتەوە، کە بۆ ئەوەی ئەوان بەجدی تر بێنە سەرو داوای لێبوردن و ئەو هەڵوێستەی خۆیان پێداچوونەوەیەکی بۆ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرمووو کاك قادر ئۆتمان.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو بابەتە دیارە زمان یەکێکە لە بنەماکانی و رەگەزەکانی پێکهێنەری هەر نەتەوەیەك، و لە هەمان کاتدا بەشێکە لە ناسنامەی نەتەوەیی، بەلآم (بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان) لە راستیدا وەك دەرفەتت بە برادەران دا ئێمەش دەرفەتی قسەکردنمان هەبێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کاک فەرهاد سەنگاوی بە دوورو درێژی باسی کرد، کاک زانا باسی کرد، فەرموو کاک قادر،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەئی خۆمە وەکو پەرلەمانتارێك ماڤی خۆمانە کە قسەی لە سەر بکەین،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک قادر،

باشە، بەڵام نابێت قسە دووبارە بکەیت بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆ، فەرموو کاک قادر،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە ئارياييەکان وەکو زمانگەلی فارسی و تاجیکی و بە بلوجی و دەری ئەمانە لق یەعنی وەك چۆن ئەمانە بەشێك لە زمانە ئارياييەکان پێك دێنێ، و زمانێکی سەربەخۆیە تايبەتمەندی خۆی هەیە، و نەتەوەی کورد خاوەنی هەموو ئەو بنەمايانەیە کە بەپێی بنەماکانی پێکەهێنانی نەتەوە پێك دێنن، بۆ نموونە ئێمە نیشتمانمان هەیە، زمانمان هەیە، مێژوومان هەیە، و بەرژەوەندی هاوبەشمان هەیە، تەنانەت رەگەزەکانی بوون بە دەوڵەتیشمان تێدايە، لەبەر ئەوە خاکمان هەیە گەلمان هەیە، دەسەڵاتی سياسیمان هەیە، تەنها شەرعیيەتی نێو دەوڵەتیمان نییە، کە ئەمیش هەل و مەرجی نێو دەوڵەتی لە بار بێ، لە راستیدا لە ئێستاوە پێویستە کاریش بۆ ئەمە بکرێ، ئەمەی قونسڵخانەی ئێران لە سايتە فەرمیەکەیان بڵاوکرايەوە جا هەر ناوێکی لە سەر بێ یان بێ ناو بێ، لە راستیدا ئەمە سووکایەتی کردنە بە نەتەوەی کورد، سووکایەتی کردنە بە کورد و لە هەمان کاتدا ئەمە بە ئامانج گرتنی ناسنامەی نەتەوەی کوردە، و ئەمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە لە راستیدا بۆ ئەم ناسنامەیە بشێوێندرێ یاخود هەوڵی شێواندنی بدرێت، بۆیە ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا کە پێچەوانەی دەستوری هەمیشەیی عیراقە کە لە ماددەی (٤) دەستوری هەمیشەیی عێراق، بەڵام ئەمە باسکراوە هاتووە کە زمانێکی سەرتاسەريە، زمانێکی فەرمییە، بۆیە پێویست بەوە دەکات ئەمە لە رابوردووشدا ئەگەر ئێمە سەیری دەستورەکانی رابووردووش بکەین لە سەردەمە تاریکەکانیشدا راستە لە دەستوری ساڵی (١٩٢١) کە یاسای ئەساسی عێراق بووە لەو کاتەدا لە دەستورەکە بە ماددەیەك بە بەندێك نەهاتووە کە زمانی کوردی زمانێکی فەرمی سەرتاسەری عێراقە، بەڵام دواتر لە ژێر گوشاری کۆمەڵەی نەتەوەکان  و لە ژێر گوشاری خەباتی رەوای میللەتەکەی ئێمەدا یاسایەك دەرچوو کە یاسای زمانە ناوەخۆییەکان بوو کە دوای ئەمە بە راستی (١٠) ماددەی لە خۆ گرتبوو، من ناگەڕێمەوە سەر یاساکان و دەستورە کۆنەکانی رابووردوو تەنها ئەوە دەڵێم پێویست بەمە دەکات کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران داوای لێبوردن لە میللەتی کورد بکا، لەبەرئەوە ئەمە پێچەوانەی دەستورە بەڕاستی ئەمە هەوڵیکە بە نادیدەگرتنی خەسڵەتە نەتەوەییەکانمان و تايبەتمەندییە

نەتەوایەتیەکانی ئێمە و لێرەوە من داوا دەکەم کە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بە فەرمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئاگادارکاتەوە، هەرچەندە ئەمە بابەتی دانیشتنەکەمان نییە، بەڵام ئێمە خۆشمان سەرنجمان لە سەر فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە هەیە، چونکە ئەمە ئەرکی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەکییە، بەهەر حاڵ ئەوە دەمەوێ روونکردنەوە لە سەر ئەوە بدەم کە بەڕاستی جیاوازی بکەی لە نێوان قونسڵخانە و باڵیۆزخانە، ئەرکی قونسوڵخانە تیجارەت و بازرگانی کردنە و رایە کردنی مامەڵەی ئەو هاووڵاتیانەیە کە هەڵگری رەگەزنامەکەی خۆ نین لەم وڵاتەدا نیشتەجێن، یەعنی ئەرکی قونسوڵخانە دیبلۆماسیەت نییە، و نمایشکردنی دیبلۆماسی نییە، یەعنی جیاوازە ئەمە ئیشی دیبلۆماسییەت ئیشی باڵیۆزخانەیە نەك ئیشی قونسوڵخانە، قونسوڵخانە ئیشی تیجارەت و کۆمەڵێك ئیشی دیکەیە کە ئەمە بابەتی کۆبوونەوەکە نییە لە سەر ئەمە دەمەوێ ئیشارەت بەوە بدەم هەندێك لە برادەرەکانمان ئیشارەتیان بەوەدا کە پێویستمان بە زمانێکی ستانداردە، زمانێکی یەکگرتووە، کاتی ئەوە هاتووە کە شارەزایانی بواری زمانەوانی و خۆمان راسپێرین بۆ ئەوە، و دەسەڵاتیش بین لەو کاتە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ماومە، لێرەوە من داوا دەکەم کە پەرلەمانی کوردستان راستە یاساکان لە پەرلەمانی کوردستان دەقەکان بە کوردی دادەرێژێن، بەڵام پێویستە ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کە هەوڵی وشەی رەسەنی کوردی لە چوارچێوەی دەقە قانونییەکانی بکەین، سەبارەت بەوەی کە کۆماری ئیسلامی عەفوو ئەمە لە بابەتەکەدا هاتووە کە دەگوترێ کۆماری کوردستان رەوتێکی کۆمەنیستی بووە، بزووتنەوەیەکی کۆمەنیستی بووە، ئەمەش باسکرا، لە راستیدا ئەمە جیاوازە

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە راستیدا (ابو کاروان) تێبینیەکی هەبوو و بەراستی ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی تێبینیمان هەبوو لە باسکردنی ئەو بابەتەی باس لەوە دەکات کۆماری کوردستان، کۆمارێکی کۆمەنیستییە وەکو لە بابەتەکەدا هاتووە، ئەمە نابێت لە شەئنی هیچ ئایدۆلۆژیایەك لە ناو پەرلەمانی کوردستان کەمبکرێتەوە ئەو بابەتە لەوێ وا نووسراوە، کە نەفزی ئەمە دەکرێ، کە کۆماری کوردستان، کۆمارێکی کۆمەنیستی نەبووە، بە مانای ئەوە نایێ کە کۆمەنیست خراپ بێ یان ئایدلۆژیای سوسیالیشتی خراپ بێ، بەڵام دەرخستنی ئەو راستییەیە کە ئەو کۆمارە کۆمەنیستی نەبووە، فەرموو خاتوو زۆزان،

**بەڕێز زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د ڤێت گەلەك ئاخافتنی مە حەتا دەورا مە گەهەشتی برادەرا گوتبیتن لێ د ڤێتن ئەم چاڤدێریا وی چەندی بکەین کو ئێران وەکو وڵاتەکە جیران کاریگەریە خۆ ڕاستەوخۆ ل سەر عێراقێ هەی، ب گشتی و حەز کەتن سەر کوردا ژی هەبیتن ل هەمی رێکە د هەوڵ دات تەدەخولێ کاروبارێن کوردا بکات پێ خەما مژی کرنا هەمی تەخێن جڤاکێ کورد کو دوور بکا ل کێشە سەرەکییە میللەتی کورد، سەبارەت زمانی کوردی ئەز بێژم گەلەك پسپۆری تایبەتمەندی زمان و ئەدەبیاتی کوردی ڤێ هۆلێ دا هەی، ئەو شوێنێ پتر

هەمیا برادەرە سەر ئاخافتی ئەو ڕێیە زانستی وی بابەتی دیار بکا، زمانی کوردی زمانێکی هند و ئەورووپییە، ئەو کاریگەریا سەر هاتیە کرنێ ژ لایێ تورك و عەرەب و فارسا قوناغی دیرۆکی دا، ئێکیش فاکتەری سەرەکی بویە کو زمانی کوردی تێکەڵ ببیتن گەل وان هەر سێ زمانان، دیسا هەمان وەخت دا ئەگەر ئەم سەحکەینە وڵاتین عەرەبی، مەغریب، تونس، لیبیا، جەزائیر، ڤان دەوڵەتی هەموویان فەڕەنسی و ئینگلیزی دئاخاڤن، ئەرێ پرسیار لێرە ئەوە مەعنا کو ئەڤ وڵاتە ژی نە عەرەبن، مولاحەزەکی تر دیار بیتن کو زمانی کوردی کەفتیا ژێر کاریگەریا ڤان دەوڵەتا لێت قۆناغی دیرۆکی دا نەك زمانی ب تنێ بەڵکو ئەدەبیاتی کوردیشدا گەلەك جارا بەحسێ فاکتەرێ کاریگەر بوون و بەراوورد کرنا ناڤ بەینا زمانی فارسی و کوردیدا هاتییە کرنێ، لێ بەری (٤ ـ ٥) ساڵا مەلای جەزیری ئەڤ کاریگەرییە دیماهیك ئینایە ئەڤ دەمێت بێژیتن (گەر لوئ لوئێ مەنسور ژ نەزمی تو د خازی وەرە شعرێ م لا ببینە تە ب شیرازی چ حاجێ) یەعنی مە چ منەت ب زمانی فارسی نینە، زمانی خۆ سەر بەخۆیی هەی، ئەم بێژین کارگەریا ل سەر هاتیە، بۆیە فاکتەرێ هەندێ کو پەیڤ و وشەین زمانی فارسی و عەرەبی بهێنە تێدا، دیماهیێە پرسیار ئەوە، ئەرێ ئەگەر زمانی کوردی و کورد نە میللەت بن خودان زمان نەبن، قونسوڵیا ئێرانێ ل ڤێرێ چ د کەتن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دلێر،

**بەڕێز دلێر مصطفی حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو قسانەی قونسولگەری ئێران بە ئاگامان دێنیتەوە، جگە لە بوختانی دروستکراو خزمەتیشە، من لە جیاتی ڕەخنە لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان بگرم ڕەخنە لە کورد خۆی دەگرم، ئەم نەتەوەی ئێمە تا ئێستا بە باشی خۆی نەناسیوە، هەر نەتەوەیەك کە خۆی نەناسێ نەتەوەیەکی ونە، نەتەوەیەکی نوستووە، بە باشی نازانێ مامەڵە لەگەڵ دەوروبەری بکات، وڵاتانی دەوروبەر دیارە زمان و مێژووی ئێمەیان شێواندووە، میدیاو سیاسەتی کوردیش کەمتری نەکردووە، بۆیە سەرەتا دەبێ دەست بکرێ بە لێکۆڵینەوە لە زمان و مێژوومان، دەبێ موئەسەسەی بۆ دروست بکرێ، کوردستان بنەچەی هەموو شارستانییەکان بووە، کە بەشێکی زۆری مێژووی ئێمە هەڵەی تێدایە، کاریگەری سیاسی لە سەر بووە دابەشکردنی کوردستان کاریگەری گەورەی لە سەر زمان و مێژوومان هەبووە، و مێژوونووسانی ئێمە زۆر کاریگەری عەرەب و تورك و فارسیان لە سەر بووە، ئەم نەتەوانەی داگیرکەری کوردستان دەیان ئەفسانەیان بۆ دروست کردوین کە وا نییە، تیکرڕکردنی ئەم ئیهانانە کە داوای لێبوردنی دەوێت،دەبێ هاندەر بێت بۆ پێداچوونەوە و تەتەڵەکردنی زمان و مێژوومان کە خۆمان ساغکردەوە وەك نەتەوەیەکی دێرین جیاواز مامەڵە دەکەین، جیهان جیاواز مامەڵەمان لەگەڵ دەکات، داگیرکەران دەمکوت دەکەین، چاوەڕێ مەکەن داگیرکەران وەسفی جوانی نەتەوە ژێر دەستەکانی خۆیان بکەن بەتایەتی لە ڕۆژهەڵاتدا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو امنە خان،

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاندنەکی سەر ئەڤ نڤیسینە کو ئەو بلاوکریە کو بلاڤکرن بخینیدرێ زۆر خەلەتێ مێژوویی ژ لایی ناڤەرۆکدا، ژ لای مێژوویی گەلەك نەشارەزا بوونا لە نڤیسکاری دێنە دیارکرن کو ب دیتنە من ئەڤە عەقلیەتەکە شوفینزمی و پان ئێران نزمی یا هاتییە نڤیسین کو هەتا ڕێژیا سیاسەتە ڕەزا شا پەهلەوی و حەتا سیاسەتە نووکەیە بەردەوامە کو بۆ مە نڤیسینێ دیتنە من پتر ئەڤە کو میللەتەکی بن دەست، میللەتەکێ بێ زمان، میللەتەکی بێ مێژوو سەر دەستیە وان دیڤەلەنگیە بەردەوام یا گەلی کورد هاندان وی کەتن کو ئینکارکرنا نەتەوە بوونە کورد فەرهەنگ، زمان، مێژوو، و ئینکارکرنا وڵاتەکی ب ناڤێ کوردستانێ، ئەڤە هەمی د ژ زانین سەردەمی بن دەستی کرنا ڕەنگە دووماهی هاتی ئیهانە کرنا شۆڕشێ کوردی، ڕەمزێ کوردی ب خۆ ژ لایەکی دیکە گەڤکرن و داڕشتنا سیاسەتا گشتی بۆ هەرێمی ئەڤە تەداخولە سیاسەت هەرێما کوردستانێ ناڤەرۆکی ڤێ بەلاڤکریا ب مەوزوعیە دیارە، ئەڤە ئیهانە کرنا سەروەرێت هەرێما کوردستانێ، حکومەتە کوردستانێ، پەرلەمانی کوردستانێ و ئیرادەی گەلی کوردستانێیە، من چەند پرسیارێك هەی باشە ئاریا بوونە گەلی کورد چ پەیوەندی ب گەلی ئێرانی بوونی ڤەوە هەیە، کەنگی قەوارەیەکی سیاسی ب ناڤێ ئێرانی هەبوویە کو هەمی نەتەوەی ئاریایی بوخوە بگری، گەلۆ پرسیار ئەڤەیە هەمی ئێرانی ئارایینا؟ گەل و قونسوڵخانە گشتی کۆمارە ئیسلامی ئێران لە سلێمانی هێزە خوشکێ ئەوە بۆ من جهێ پشتی من ئەڤ ناوەرۆکایە هنگی پرسیار بۆ من چێ بوو هێزە خوشکێ ئو چ وەرگریتن کو وێ وێرێ بێتە خو سەر ئاخا کوردستانێ بلاڤکریا هوسا بەلاڤ بکات، خۆ ئەگەر بێن ئەم سەحکەینە عورفی دوەلی دا سابیقە نەبووە قونسوڵخانە ناڤ خۆ وڵاتەکی دیتردا هەم ئینکارا زمان، هەم ئینکارامێژوو، نەتەوە، ئو فەرهەنگە وی وڵاتێ بکات، و هەنگێ هەڤالێ بکات و هەم سیاسەتە گشتی ژی بۆ دابڕێژی، گوڕ یاسایی نیف دەوڵەتی دا بابەتی سەرۆکایەتی کرن نەتەوە کلتور خو تاوانە، ئەڤە یەك: لایەنی دیتر ئەڤ گوزارشتە بەر باژێ میساقی نەتەوە یەکگرتیە کو یا ساڵا (٤٥)ی ڕێککەوتننامە پێکڤە ژیانی و ئاشتییە نا بەینا گەلان و ریککەوتننامەی نیف دەوڵەتی مافێ مرۆڤە و نەتەوە ل گۆڕ ماددەی (٦١) و (٦٣) یا پەیماننامەی نیف دەوڵەتی ڤیەننا و یاسایی نێو دەوڵەتی بۆ پەیوەندی نێو دەوڵەتی قونسولێ و سەفارات مولزەمن بۆ دەستوری ڤی وڵاتی تەعامولێ سەردەریا بکەن، یەعنی قونسولگەریا گشتی ئێرانێ یان هەر قونسولگەرەیەکی تر ل هەرێمێ مولزەمە ب نەسێکی دوەڵی بەلاڤ کریە کو هاتیە بلاڤە کرن دژی هەمی پرەنسیپێ نێو دەوڵەتی ئەتەکێتێ دبلوماسی و یاسای نێو دەوڵەتی، مەبەستا من ئەوە هەر ئاخافتنەکا دبلوماتیك بکات پێتڤیە ڕەفتارەکە یاسایی دوەلی ڤێ ڕەفتارێ من ئەڤە فەرمی ڕەفتار کێ وێ سەردەری گەل بێتە کرن، پێشنیار من هەی داخازێت کەم کو تەوحیدە قونسوڵخانە ئێرانی ل هەرێما کوردستانێ د بهێنە

کرن قونسوڵخانە گشتی سلێمانی و هەولێرێ ئەڤە بابەتەکە کو بێتن د ڤێتن ئێك قونسوڵخانە تەوحیدە وێ بێتە کرن هەرێمێ، و تەعویزا خەڵکی کوردستانی بەرامبەر ڤێ هەڵوێستی بێتە کرن بەتایبەتی فەرمانگەها دەرڤا پێتڤیە پێداچوونێ سەر هەمی ئەو چالاکی و بلاڤکریا کو سایتێت ئەلکترۆنیە قونسوڵخانە دێتە کرن، بە رێژی ب چاڤدێریەکە باش سەر بنێرپتن رابوونێت کو پێتڤیە د ڤێ سایدی دوەلی تەعامول گەل بکەن،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تەلارخان،

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا زۆربەی قسەکان کران، بەڵام حەز دەکەم لە هەندێ شتدا کورتی کەمەوە، یەکەم: پشتگیری کاك فرحان دەکەم بۆ ئەوەی کە پێویستە یاداشتێك پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی کە ئەم شتانەی کە ئەمڕۆ باسکرا هەمووی روونبێتەوە، دووەم: بە رەسمی داوای لێبوردن لە نەتەوەی کورد بکرێ، چونکە بەڕاستی ناکرێ بەپێی پارێزگاکان جیای بکەینەوە، چونکە ئەوە ئیهانە کردنە بە زمان و بە کلتوری کورد، سێیەم: پێویستە هەموو رێکارە یاساییەکان بگرێتە بەر لە رێگای فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بەرامبەر ئەو کارانەی کە دواتر دەردەکەوێ و بەرامبەر زمان و نەتەوەی کورد کراوە لە دوای لێبوردنەکە، و من پێشنیاز دەکەم بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا قسەمان هەبێ لە سەر پاراستنی لە سەر زمان و کلتوری کوردی، و خۆشمان نەبین بە بەشێك لە سڕینەوەی زمان و کلتوری کوردی، پێویستە ئێمە سەرەتا لە ناو عێراق و بەتایبەتی لە ناو هەرێمی کوردستاندا خۆمان پارێزەری زمان و کلتوری خۆمان بین ئەویش پێویستە داوا لە نوێنەرانی کورد بکەین لە پەرلەمانی عێراقدا کە بە زمانی کوردی قسە بکەن لە ناو جەلساتدا راستە پێویستە ئێمە زمانی عەرەبی بە شێوەیەکی باش بزاندرێ، بەڵام پێویستە لە ناو جەلساتدا بەکوردی قسە بکرێ بۆ ئەوەی ئێمە ئەو زمانە بە فەرمی بچەسپێنین لە ناو عێراقدا، و دەستوریش ئەو رێگایەی پێ داوین، ئێمە پێویستە تەرکیز بخەینە سەر ئەو خوێندنگایانەی کە کراونەتەوە لە ناو هەرێمی کوردستاندا بەڕاستی ئەوانیش بۆ جیلی داهاتوو دەبنە بەشێك لە سڕینەوەی زمان و کلتوری کوردی ئەوەندەی ئێستا ئەو جیلەی داهاتوو ئاشنان بە زمان و بە کلتوری وڵاتە بیانییەکان بەتایبەتی تورکیا و بەریتانیا و ئەڵمانیا ئەوەندە ئاشنا نین بە زمان و بە کلتوری کوردی، بۆیە پێویستە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان رۆڵمان هەبێ لە رێگای لیژنە پەیوەندیدارەکانەوە بۆ پاراستنی ئەو لایەنانە، چونکە ئێمە پێویستە حەریس بین لە سەر پاراستنی ئەوان، ئەوەندەی شانازی بە خۆمان بکەین شانازی بە زمانی بیانیەکانەوە نەکەین، راستە پێویستە ئێمە وەکو ئاماژەم پێکرد کە زمانە بیانییەکان هەموو شارەزایی تەواومان هەبێ، باشە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە پێویستە لە گفتوگۆکانماندا قسەی پێ بکەین زمانی کوردی بێت، و هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکانیش بخرێتەوە بەرنامەی کار، بۆ ئەوەی ئێمە لیژنە

پەیوەندیدارەکانیش راپۆرتی خۆیان پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی بتوانین ئەو پرۆژە یاسایە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچێت ئەو یاسایە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لە داهاتوودا زمانێکی فەرمیمان هەبێ لە هەرێمی کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وابێ خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کرد ئەو پرۆژەیە، چاوەڕێی راپۆرتی لیژنەکان دەکەین، فەرموو کاك انس،

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەت ئەو تشتی مە د ڤییە هەڤالێت مە گەلەك ب تێروتەسەلی بەحس ژێ کر، چونکە ئەڤ قونسولێیا یا جمهوریەتەکێیا ناڤی ئیسلام یێت پێڤە، من د ڤێت هەر سەر بنەمایی ئیسلامێ هندەك تشتە روون بکەمەڤە، ئێك ژ وان (رب العالمين عز وجل) ل قورئانە پیروزدا بەحسی زمانا کەت، (ومن اياته خلق السماوات والأرض واختلاف السنتكم وألوانكم ان في ذلك لآيات للعالمين) جیاوازییە ناڤبەرا زمانادا (رب العالمين عز وجل) کریە ئایەتێك دەلیلەك سەر هەبوونا خۆ، هەر کەسەکی دژایەتییە زمانەك بکات، دژایەتییە دەلیلەك بکات یان ئایەتێك بکات ئایەتێ (رب العالمين عز وجل) هەروەسا ئەو ئایەتە هەڤالێ من خاندی و گەلەکا غەڵەت کری، (يا أيها الناس انا خلقناكم من ذكر وأنثى وجعلناكم شعوباً وقبائلا لتعارفوا إن اكرمكم عندالله اتقاكم) ئەڤە (رب العالمين عز وجل) سنەتە وی ل عەردی دا وەکو ئەڤ میللەتە پێ بێنە ناسین نەتەوە هەبن، و ئێك دوو بگرن، و (معيار تفاضل تقوى)یە ڤێرێ، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بێژیتن (من كان يؤمن بالله واليوم الأخر فليكرم جاره) ئێمان هەبیتن ڤێت قەدری جیرانی ژ بگریتن حەقیقەت جیرانی ناڤبەرا مەدا دڤێت پاراستی بێت و بەری ئەڤی جمهوریی ئەڤ کاری هەکریا وەك جیرانی پاراستیە (ان شاءالله) ئەڤە نە مەوقفی وان یی رەسمی بێت، بەلکی یی تاکە کەسی بیتن ئینکارا نەسەبێ شەریعەتە ئیسلامەتێدا ژ کەبائیرایە ژ نە مەزنە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموودەیەکی دا بێژیتن (ليس منا من ادعى الى غير ابيه) موجەرەد ئینکارا نەسەبێ کێ و ئەڤ نەسەبە یا مەعلوم کەبائیرە دێتە حیسابێ مادام جمهوریا ئیسلامی یا ئێرانێ ب ناڤێ ئیسلامی دێتە زانین د ڤێت ڤان بنەمایە بەرچاڤ ب دانێتن ل ڤێرێ ئەم حوکمی بکەین جمهوریا مەهابادی ئیسلامی بوو یا ئێرانێ یان ئیسلامی، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاواز خان،

**بەڕێز ئاواز جەنگی برهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا زۆربەی هەرە زۆری راو بۆچوونەکانی من باسکران، تەنیا دەمەوێ ئەوە بڵێم ئێمە بەپشتیوانی خەڵکی کوردستان و قوربانیدانی خەڵکی کوردستان توانیوومانە بیسەلمێنین کە هەین و لە نەمان رزگارمان

بووه، و هەر نموونەکەش ئەوەیە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی کوردستانمان هەیە، دەمەوێت داوا بکەم لە فەرمانگەی پەیوەندییە رەسمییەکانی هەرێمی کوردستان و لە قونسولخانە و سەفارەتەکان کە بە ئەرکی خۆیان هەڵسن، چونکە ئەگەر ئەوان بە ئەرکی خۆیان هەڵبستابانە ئێمە پێویستمان بەوە نەدەکرد ئەمڕۆ دانیشتنی بۆ بکەین بۆ ئەم بابەتە لەبەر ئەوە هیوادارم ئەوان بە ئەرکی خۆیان هەڵسن بە فەرمی داوا لە جمهوری ئیسلامی ئێران بکەن کە لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو مەسەلەیە بکا و ئەگەر ئەو بەڕێزەی لەو سایتە ئەو زانیاریانەی بڵاوکردۆتەوە ئەو سووکایەتیەی بە ئێمە کردیە، دەبێ بە رەسمی داوای لێبوردن لە خەڵکی کورد بکەن، و هیوادارم ئەمەش زوو بە زوو بخرێتە جێبەجێکردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو شیرین خان،

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە ئەڤ بڕگە ئەڤرۆ هاتییە گەنگەشەکرن لە سەر پێناسە زمان و نەتەوەی کورد، ئەز وەسا بینم ڤە قونسولخانە ئێرانی نە بیرامە ئینایەڤە ئەڤروکە ئەم بەحسێ یان گەنگەشەیێ ل سەر زمان و نەتەوە کوردی بکەین چونکە زمان و نەتەوە کوردی بەر نیازە ل سەر ئاستی جیهانی هەمێێ ژ هەندێ مەزنترە ئەڤرو خۆش سەر ئاخافتنا سەر قونسولخانەیەکی ئێرانی ئەم بەحسێ زمان و نەتەوە خۆش بکەین و شەرح بکەینەڤە بۆ خەڵکێ، خالا لایێ من هاتییە گوتن ژ لایێ هەڤالان ڤە، خالە دوو: ژی پێتڤیە ژ داخاز ژ سەفارەتە ئێرانێ ل بەغدا بهێتە کرن کە ئایا ئەڤە بۆچوونە وڵاتەکی وەکو کۆمارە ئیسلامی ئێرانێیە یان نا؟ ئەگەر بەرسڤ ڤەلێ بیتن دەرئەنجامێ خراپ یت د ڤییە هەین و پێتڤییە هەرێم پێداچوونەوەیەکی هەمی پەیوەندێت خۆ ل گەل ئێرانێ دا بکەت، ئەگەر بەرسڤا خێرا بێتن قونسولخانە ئێرانێ ل سلێمانێی داخازا لێبورینێ بکەت و بزووترین وەخت ئەو قونسولێ بهێتە دەرخستن ژ خاکە کوردستانێ و بهێتە قەدەغەکرن ب سەرەدان ژی نەسڤریتەڤە بۆ ئاخا کوردستانێ، چونکە ئەڤی هیچ باوەری بێ زمان و نەتەوە کوردی و ئاخا کوردستانێ نینە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك صالح،

**بەڕێز صالح فقی محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا وێڕای سوپاس و پێزانینمان بۆ دەوڵەتی ئێران کە لە رابوردوودا لە شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی کوردا هاوکاری کوردستان بووە، و لە ئاوارەیی بەتایبەتیش کۆڕەوەکە هاوکاریەکی باشی میللەتەکەمانی کردووە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە ئەو قونسولگەریە سووکایەتی بە نەتەوەی کورد بکا، بۆیە من زۆر بەکورتی پێم وایە ئەوە پێشنیار بکەن لە سایتە رەسمیەکە بسڕێتەوە، و لە رێگەی ئەو

سایتەوە یان لە ڕێگەی قونسولگەریەکەوە داوای لێبوردن لە نەتەوەی کورد بکرێ، و نەتەوەی کورد بە گشتی لەبەر ئەوەی ئەمە چەند پەیوەندی بە کوردستانی عێراقەوە هەیە، ڕاستەوخۆ زیاتر پەیوەندی بە کوردستانی ئێرانەوە هەیە، لەبەر ئەوەی دوو نەتەوەی هاوبەشن پێکەوە لە وڵاتێدا دەژین بۆیە قورسترە مامەڵەکردن لەگەڵ نەتەوەیەکی وەکو فارس لەگەڵ کوردی ئەوێ، بۆیە پێویستە بەر لەوەی داوای لێبوردنەکە دەبێ هەمووومان بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك علی،

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ من ژی هەندێك هاتە کرن ل ئەو تشتا من د ڤێت ئەز بێژم ئەڤ یاداشتە هات خاندن ئالیەکێ وێ ئەوە کو ئەم کونسوڵە ئێرانی ئاگادار بکەین، کو کارەکی ناڕەوایە ل هەمبەر نەتەوەی کورد هاتییە کرن، لێت ئالێی دیدا پێویستە ئەم خۆ پێگیری هندەك خاڵێ گەلەك گرنگ بکەین، تەلار خان گەلەك جوان بەحس کر کو ئەم پێگیر بین ب کار ئینانا زمانێ کوردی و ڕوحا پێکڤە ژیانی لێبوردەیی و ئاشتەوایی ب هندێ چێ نابێت، کو ئەم بێن زمانێت بیانی و فەرمانگەهێت ڕەسمی و ب تایبەتی هۆڵا پەرلەمانیدا ب کار بینین، وڵاتێ ئەوڕوپا نموونە پێشکەفتن و دیموکراسی و پێکڤە ژیانێیە، بەڵێ چ جاران وڵاتێ فەرەنسا یان ئەڵمانیا و گەلەك وڵاتێن دی ئەوڕوپا ژ بلی زمانی وان یی فەرمی زمانی وی وڵاتی چ زمانی دی ب کار نایەنی، پشتی (٦٠) ساڵا کو ڤرکرنا جویا سەر دەستی ئەڵمانیا هاتیە کرن، بۆ جارا ئێکی ڕێك دان سەرۆکی ئەڵمانیا پەرلەمانێ ئسرائیلێ دا زمانی ئەڵمانی بۆ ئاخفت پڕانیا ئەندام پەڕلەمانێ ئیسڕائیلی هۆڵا پەرلەمانی ب جێهێلان و ڕێ نەدان ب زمانی ئەڵمانی ب ئاخفت، هیڤیدارم ئەڤێ بێتە بن دەست کو ئەگەر پێویست کر یاسا بێ دەرکرن چ فەرمانگەهی کوردستانی ژ بلی زمانێ کوردی چ زمانی دی ب کار نێن، گەلەك موجامەلە ئێرانی هات کرن، سوپاس بۆ هەڵویستی ئێرانی و هەر وڵاتەکی دی کو ڕۆژێك تەنگاڤدا هاریکار بووینە ل گەل مە، بەس ئەم بێژین کو بیر نەکەین پارچەك مەزنێ ژ ئاخا کوردستانی حەتا ئەڤ ڕۆژ ژێر دەستا و ژ ئێرانی داگیر کریە، ئیدی ئەڤە نیشانە هندیا خەڵکی مە لوێرێ ژێ تێت تەپەسەرکرن ڕۆژانە گەنجی کورد دێن،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە، فەرمووو کاك عمر،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی هاوڕیان قسەکانی منیان کرد، بەڵام من لێرە پێم خۆشە بەسەر قونسولگەری ئێران و هاوڕێکانی بڵێم لە بری ئەوەی خۆیان سەرقاڵ کردووە بە زمانی ڕەسەنی ئێمە کە زمانی کوردیە، بچن زمانەکەی

خۆیان پاککەنەوە کە من لە بیرمە لە سەردەمی حەمە رەزا شا پێشنیار کرا بۆ پاککردنەوەی زمانی فارسی لە زمانی عەرەبی و تورکی، فەرهەنگەکە بەم شێوەیە پێکهات ئەخیر جار کە لە سەری ڕێککەوتن ئیستیعمالی کەلیماتی عەرەبی (دەر) لوغەتی فارسی مەمنووع (است) جگە لە وشەی (دەر) هەمووی عەرەبی بوو من بە سەر کونسولگەری دەڵێم بچێ ئەو کارە بکا بۆ خۆی باشترە لەوەی مەشغول بێ بە سووکایەتی کردن بە زمانی ئێمە، و گلەیشم هەیە لە خۆشمان لە بری نوقتە نیزام ئێمە با، دوو پێشنیارم هەیە بۆ بەڕێزت و بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان، یان بڵێین خاڵی پەیڕەو یان بەپێی پەیڕەو. من پێم خۆشە لەمەولا ئەم دەستەواژەیە بەکار بێ، لەبەر ئەوەی ئێمە لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین، خاڵێکی تریشم هەیە پێم باشە گلەیی بکەین لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، پارێزگای سلێمانی، پارێزگای دهۆك، پارێزگارەکەم مەخسەدمە، و ئەو پارێزگارەی کە دێت بۆ هەڵەبجە کە بەداخەوە تا ئێستا نییە، بۆچی هەموو تابلۆکان بە زمانی غەیرە کوردییە، بەڵێ پێمان خۆشە بە زمانەکانی تریش هەبێ، بەڵام گرنگە فۆنتی زمانە کوردییەکە زیاتر بێ، ئێستا وای لێ هاتووە ئەو شوێن و مەحەلەی ئەو دام و دەزگایەی لە کوردستاندا بە زمانی نا کوردی نووسراوە کەواتە ئەمە خاڵی لاوازی خۆمانە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە پەیوەندی بە یاداشتەکەوە نییە، ئەم بابەتە وەکو باسمان کرد دەتوانین دانیشتنێك تەرخان بکەین بە زمانی ستانداردی کوری، فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بمبەخشە، من تەنها پێشیار دەکەم کە گرنگی بە زمانی خۆمان بدەین، ئێمەی میللەتی کورد سەبەبەکەی خۆمانین وای لێ هاتووە لەبەر ئەوەی ئێمەی گەلی کورد ئێستا یەك کەسی زمان فارس بێنە لە ناو (١٠)کورد هەر (١٠)مان هەوڵ دەدەین بە فارسی قسە بکەین یان بە ئینگلیزی قسە بکەین یان بە تورکی قسە بکەین، ئەمە خاڵی لاوازی خۆمانە، سێ نەخۆشیمان هەیە، دوانی دەڵێم ئەویتریان ناڵێم، یەکەم: لە لەبیرچوونەوە، ئێمە شتمان لە بیر دەچێتەوە، نەخۆشی لەبیرچوونەوەمان هەیە، دووەم: زمان وکلتور و ئەدەبیاتی خۆمان و مێژووی خۆمان پێ کەمە، لە ئەخیردا بە سەرقونسولگەریەکە دەڵێم بە کوردی دەژیم، بە کوردی دەمرم، بەکوردی دەدەم وەڵامی قەبرم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر باس هاتە کردن، بەڵام من دەمەوێ بابەتێکی مێژوویی باس بکەم، وەکی باسی جمهوری و کۆمەنیستی چەند رۆژەی مەهاباد دەکات، دەبێ بڵێین کۆماری کوردستان کە دروشمەکەی دروشمێکی نەتەوەیی بوو کە لە وڵاتێکی سەربەخۆدا جێی دەگرێتەوە ئەویش بوونی هێز بوو کە بە پێشمەرگە لە رۆمانی پێشمەرگەی رەحیمی قازی دا باسکراوە، پێشمەرگە وشەیەکە نە لەگەڵ عەسکەرە، نە لەگەڵ سەربازە، شتێکی تایبەتمەندی کوردە، ئەوەی تر هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە، ئەوەی تر سروودی ئەی رەقیبە، هەر سێ مەبانی، مەبانیی نەتەوەینە ڕێز و حورمەتمان بۆ کۆمەنیستی و سوسیالیستی و کە دۆست و هاوکارمان بوونە لە رۆژگارانی تر، بەڵام لە رووی زمانەوە من ئەو پرسیارە لە قونسولگەری دەکەم، ئەرێ ئەگەر زمانی کوردی بەشێك بێ لە فارسی ئەدی بۆ هەر بەم دواییە لە خۆتان ناپرسن، بۆچی گۆڤاری سروە و چەندین رادیۆ و رۆژنامە و تەلەفزیۆن بە زمانی کوردی هەن، و بێجگە لەمانە فەرهەنگی کوردی. فارسی لە دانێشگای کوردستان لە سنە بە کوردی دەرچووە کە زمانێك بێ بۆ ناوی لێ دەنێن فەرهەنگ، بێ شك هیوادارم کە ئەمە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران نەبووبێ، چونکە ئەوە خزمەتێکیش لە بواری فەرهەنگ، ئەگەر هیچ نەبێ لە بواری فەرهەنگی دا لەم بوارەدا کراوە، بەڵام وەکو زۆرترین هاوکارانمان وتمان، ئێمە لە هەرێمی کوردستان زمانی کوردیمان بۆ خۆ لە ئەوەلی دەدەین بەتایبەتی لە شوێنە گەشت و گوزاریەکان رەهن و ماکانمان بە زمانی کوردی بێتن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

، فەرموو مامۆستا،

**بەڕێز مولود مراد محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا هەڵوێستی فڕاکسیۆنی یەگکرتووی ئیسلامی کوردستان دەربارەی ئەو وتارەی لە سایتی کونسولگەری وڵاتی ئیسلامی ئێران بڵاوکراوەتەوە ئەم بابەتە بەڕاستی لە دوولاوە مێژووی زمانەوانیەکەی و بابەتێکی پسپۆڕی لێکۆلەران و نووسەران و ئەکادیمیانە ئەوەی کە ئێمە لێرە پێویستە هەڵوێستی لە بارەیەوە وەربگرین ئەم پرسە بریتیە لە دوبلۆماسی و سیاسی و پەیوەندییەکان، بۆیە ئەگەر دووبارەش بێ بەناچاری پێویستە ئاماژە بەم خاڵانە بکەم، ئەم نووسینە بەڕاستی ناساز و ناکۆکە لەگەڵ ئەرکی دیبلۆماسی و کاری دیبلۆماسی کە خۆشکردنی دەوێ نەك تێکدانی و پێچەوانەیە وەکو خوشك و برایانم ئاماژەیان پێکرد لەگەڵ ماددەی (٥)ی دەستوری عێراقی لەگەڵ ئەم یاسایەی بۆ دەرچووە، ئەم نووسینە کە هیچ نووسەرێکی نییە دیارە وەکو خۆشتان دەزانن لە ئەتەکێتی رۆژنامە نووسیدا، لە عورفی رۆژنامەنووسیندا هەر نووسینێك نووسەرەکەی دیار نەبوو گوزارشت لە دەستەی نووسەران دەکات، ئەم نووسینە پێچەوانەی ئەو بەهاو رێسا و ئایدلۆژیانەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵیگرتوون کە یەکسانی

مرۆڤەکان و برایەتیە، بەڕاستی ئەم نووسینە لە روحێکی شۆڤینیەوە نووسراوە، قابیلی قەبوول نییە، ئەو نووسینە پێچەوانەی روحی پێکەوە ژیان و هاوکاری چەند هەزار ساڵەی ئەم گەلانەیە لێرە، ئێمە یەعنی قەدەرمان نییە وەکو کورد و وەکو تورك وەکو عەرەب بۆ خۆمان هەڵمان نەبژاردووە لێرە بژین، ئەمە قەدەرێکی مێژووییە حەتمێتێکە کە لە سەرمانە کە پێکەوە بژین، ئەم نووسینە بەڕاستی پێچەوانەی ئەو هەموو هاوکاری و دۆستایەتی و برایەتی و فریاکەوتنەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵمان هاتووە لە مێژوویەك لە مێژووەکانی یان لە بڕگەیەك لە بڕگەکانی مێژووی ژیانی ئەم گەلەماندا کە ئەمە بەڕاستی سڕینەوەی ئەوەیە نەك زیادکردنی ئەو کلتورەی برایەتییە، ئەم نووسینە بەڕاستی لەگەڵ بنەما و سەرەتاکانی لێبوردەیی و یەکتر قبوولکردن ناگونجێ کە روحی ژیانی کۆمەڵگای سەردەمە، بۆیە لە کۆی هەموو ئەمانە دەڵێم ئەم سووکایەتیکردن و شێواندنی مێژووی زمانی نەتەوەی گەلی کوردە لە هەر کەس و هەر دەوڵەت و هەر دەزگایەك قابیلی قەبووڵکردن نییە، هیوادارم گوزارشت لە رای فەرمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەکات و قونسولگەریش داوای لێبوردن لەو هەڵەیە بکات کە بەرامبەر گەلی کورد کردوویەتی، چونکە ئەم جۆرە هەڵوێستە خزمەت بە پەیوەندی هەردوولای گەلی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ناکا، کە قەدەرمانە لەم جوگرافیایە پێکەوە بژین وەکو لە رابووردوودا پێکەوە ژیاوین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

، فەرموو کاك عبدالله ،

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژ بوونی مەسەلە زمان و کلتوور و نەتەوە ئەز بینم کو لایەنەکی سیاسی ژ بلاڤکریا هەی و ئەڤ بلاڤکریا ژی بوردی ژ لایێ سیاسەتمەدارێ وەزارەتا کاروبارێ دەرەڤەی کۆماری ئیسلامی ئێرانی هاتیە ئەنجامدان و دانان وەك خۆنیشاندان، وەك ئیستیعرازێك بۆ نفوزی ئێرانێ ل کاروباری هەرێما کوردستانێ، هەروەسا ژی هەوڵەکا ئاشکرایە بۆ سوود وەرگرتن وەك کاروباری ئابووری و سیاسی حکومەتە هەرێما کوردستانێ تێدا بوریتن ژ ئەگەرێن ناکۆکیە ل گەل حکومەتا مالیکی و سست بوونە پەیوەندێت مە تا حەدەکی د گەل حکومەتا واشنتۆن و گێر بوونە پێکهینانە حکومەتا کوردستانێ، چونکە ب ئاشکرایی د بلاڤکریا نڤیسی و ئەگەر ئەو کورد لە نێو دوو قەوسە بنووسیت (اصول ایرانیە) د ڤێن پەیوەندی باش ل گەل حکومەتا ئێرانی هەبێتن بۆ مە دەست نیشان کریا خەتێ سورت هەی و ئەم وەك میللەتی کورد تێدا دەرباز ببین، ئەمە تەهدیدەکە ئاشکرایە، ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینە کۆمارا پەیوەندی میللەتی کورد گەل حکومەتا ئێرانی ئەم د بینین کو وەختی سەخت، نەخۆش هاریکاریا مە کری، مە سوپاسێت وە کەین، بەس لە هەمان کاتدا راوەستیا دژی حەزێن ئازادی و رزگاربوونە میللەتی کورد و چەندین سەرکردەو بەرێ ناسێ میللەتی کورد هاتا کۆشتن سەر دەستێ ئێرانی دەسپێکی (سمکۆ ئاغا شکاك، د عبدالرحمن قاسملو، د. صالح شرف

کەندی)و هەروەسا بەشدار بوو ئەو پیلانە نێڤ دەوڵەتی ئەوە دژی شۆڕشە گوڵانا پیرۆز هاتیە ئەنجامدان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا هەورامان.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا من دەمەوێ زۆر زۆر بە کورتی ئاماژە بەوە بکەم کە بەڵێ لەو کارەی کە بڵابۆتەوە سووکایەتیکردن بە زبان و کلتور و فەرهەنگ و خاك و نیشتیمانی هەر نەتەوەیەك جەریمەیەکی زۆر گەورەیە، بەڵام لە هەمووی گەورەتر ئەوەیە کە هەوڵ بدەی کە ئایدۆلۆجی و ئیعتیقاد و بیرو باوەڕیشی بشێوێنی ئەوەی کە لە هەمووی ناخۆشترە و قوڕەکەی خەستر کردۆتەوە لەو وتارە ئەوەیە کە ئەو نووسەرە وەهمیە هەوڵی داوە ئەو ئیعتیقادە جوانە بشێوێنی کە ئیعتیقادی بیرو باوەڕ و عەقیدەی دامەزرێنەرەکەی کە پێشەوا قازی موحەممەدە بیرو باوەڕێکی ئیسلامی رەسەن بووە لە سەر مەنهەجی ئەهلی سوننە و جەماعە، ئەوەی کە لەبەر دەستمە دەقی وەسیەت نامەکەی پێشەوا قازی موحەممەدە کە دیکۆمێنتێکی زۆر گەورە و تەئریخییە، دیارە چەند لاپەڕەیەك هەمووی ناخوێندرێتەوە، بەڵام زۆر بە راشکاوانە ئەم پیاوە لە وەسیەت نامەکەی خۆیدا بیرو باوەڕی خۆی راگەیاندووە بەوەی کە دەڵێت باوەڕ بکەن من جاران داوام لە خودا کردووە ئەگەر بمرم بەشێوەیەك گیان لە دەست بدەم کە بە روومەتی سوورەوە لەلای خوداو پێغەمبەر و نەتەوەکەمدا ئامادەبم کە ئەمە لێرە ئاماژە بە بیرو باوەڕی ئەم پیاوە بە خوا و بە قیامەت و بە پێغەمبەر دەکا، لەیەکەم بڕگەی وەسیەت نامەکەیدا پێشەوا قازی موحەممەد داوا لە گەلی کوردی موسڵمان دەکات دەڵێ یەکەم: بڕواتان بە خودا و بە (ما جاء من عندالله)و پێغەمبەری ئەکرەم هەبێ و ئەرکە دینییەکانی خۆتان بە باشترین شێوە بەڕێوە ببەن کە ئەمە ئەگەر بەڵگە بێ لە سەر هەر شتێك، بەڵگەیە لە سەر ئیعتیقادی پاکی ئیسلامەتی پێشەوا قازی موحەممەد کە (ما جاء من عندالله) بریتیە لە کیتاب و لە سوننەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)، لە بڕگەی (٨)ی وەسیەت نامەکەدا دەڵێ ئەو شوێنانە لە وەسیەت نامەکەمدا ئاماژەم پێکردوون مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانە هی خۆتانن بە باشترین شێوە کەڵکیان لێ وەرگرن، لە یەکەم شوێندا کە ئاماژەی پێ دەکا بریتیە لە مزگەوت، کەواتە زۆر بەداخەوە وەك هەوڵیان داوە زمانمان بشێوێنن لە نووسراوەکە هەوڵیان داوە ئیعتیقاد و بیرو باوەڕی رەسەنی ئەو پیاوە بەڕێزە، موئەسسی ئەو دەوڵەتە و موئەسسی ئەو حکومەتە، ئەو کۆمارە بەڕێزە بشێوێنن کە بەڕاستی ئەوە لە هەمووی زیاتر قوڕەکەی خەستر کردۆتەوە، والسلام، لەیەکەم شوێندا کە ئاماژەی پێ ئەکات بریتیە لە مزگەوت، کەواتە زۆر بەداخەوە وەك هەوڵیان داوە کە زمانمان بشێوێنن لەنووسراوەکەدا هەوڵیان داوە کە ئیعتیقاد و بیروباوەڕی ئەو پیاوە بەڕێزەو موئەسیسی ئەو دەوڵەتە و

موئەسیسی ئەو حکومەتە، ئەو کۆمارە بەڕێزە بشێوێنن، کەبەڕاستی ئەوە لەهەمووی زیاتر دوایی قوڕەکەی خەست تر کردۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:-**

زۆر سوپاس، بەڕێز ڤیان عباس، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:-**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پتریا خالێت من هاتە ئیشارەت پێدان، ئەز بکورتی دوو خاڵە باس دکەم، ئەز پشتەڤانیا لە ئاخافتنا هاڤکاری خۆ کاك فەرحانی دکەم، ژبەر پتریا سایتا بلاو بتەن رۆژنامەڤانیدا تێتە بلاڤکرن کو گوتار ژحەتا دەربڕینی ڕەئیا ژنووسەری دکەتن، مادام نەهاتیە دیار کرن و نووسەر وەهمی بویە، دیار کەتن کە ئەڤە دەربڕینیە ژ ڕەئیا سایتی بخۆ کەتن، لیرە دڤیت مە خۆ نەمجامەلە ئیرانێ کەین سایت دەربڕینا ڕەئیا کونسوڵخانە دکەتن، کونسوڵخانەژی سیاسەتا وڵاتا خۆ پەیڕەو دکەتن، خاڵا دوو: ئەڤە دبت داخوازێ جەنابێ وی بکەم، بشێوەیەکی ڕەسمی داخوازێ ژ نووسینگەها پەیوەندیا بکەین، روونکردنەکی ژ سەر هەڵوێستا بدەن، دیسان مانا ڤە وتارێ تاهەنوکی ژ مایا تا هەنوکە، دیسان برگا ١ ماددە ٤ ی دەستورێ کۆمارا عێراقێ زمانا کوردی دگەل زمانا عەرەبی دوو زمانا فەرمینە ژ عێراقێ، من داخوازیا نووسینگەها پەیوەندیا دکەم، کو ئاگاداریەکا سەر هەمی کونسوڵخانا بکەن زمانا کوردی دگەل زمانا خۆ بەکار بهێنن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:-**

زۆر سوپاس، بەڕێز خاتوو مدینە ایوب، فەرموو.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:-**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دڤێت مە هەمی یەك دەنگ بین، بەرامبەر هەوڵەکا دڤێ ڕەنگی، یەك هەڵوێستیا مە ڕێگا لهەر بابەتێکا وەسا دەگری، ئەو کەسی بەحسی نەتەوەیی کورد کری، بلا شاشیا خۆ بزڤڕینی کو جی جیهاتی، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:-**

زۆر سوپاس، کاك علی نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیار دکەم گفتوگۆ ڤەیرانا دارایی و ئابووری بێتە پاش خستن بۆ رۆژەکا دی، چونکی دیارە تەواو نابین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:-**

دوایی باسی ئەکەین کاك علی، کە بۆ ماوەی سەعاتێك پشوو وەردەگرین، دوایی دەست دەکەینەوە بە کۆبوونەوەکەمان، بەڕێز کاك جمال مۆرتکە، فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان مۆرتکە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای داکۆکی کردنم لەسەر دەورو تواناو پشتگیری قۆناغە سەختەکانی ڕابردووی گەلی کوردستان لەلاین جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە، کە پێشتر جێگای تەقدیر بوون و لەهەموو حاڵەتەکان پشت و پەنامان بوون، بەڵام ئەو بۆچوونەی کە لەسایتی قونسولیەی ئێران لە سلێمانی کرا، بابەتەکە دەورووژێنێت، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر لەبرادەران باسیان کرد لەڕووی زمانەوانی و هەندێك بابەتی تر، من دەمەوێت دوو بابەت باس بکەم، بابەتێکی مێژوویی، ئەم بۆچوونە، ئەم عەقڵیەتە، بەداخەوە ئەمڕۆ قۆناغی سەدەی بیست و یەکەمە، ئەم قۆناغە، قۆناغی ئازادی گەلانە، قۆناغی سەربەخۆییە، قۆناغی دامەزراندنی کیانی سەربەخۆیی گەلانە، کوردیش ئێمە وەك نەتەوەیەك کە گەورەترین نەتەوەین لە جیهاندا، ئەمڕۆ خاوەنی کیانی سەربەخۆی خۆمانین، مێژووی ئێمە پڕە لەماڵ وێرانی و کارەسات و ئینکاری کردن لە وجودی نەتەوەی کورد، من ئەگەر باسی مێژووی کوردی بکەم لە قۆناغەکانی شەڕی چاڵدێرانی ساڵی ١٥١٤ وە تا کۆتایی پێهاتنی لە زەهاوی یەکەمی ساڵی ١٦٣٩ کە کوردستانی لەسەر دابەشکرا، بەداخەوە عەقڵیەتی کوردی ئەو کاتە من وەك تەعنیش نایڵێم، بەڵام بەداخەوە خۆمان بە پلەی یەك ئیمکان نییە، موبەڕیر ئەوە بێت کە تەئسیراتی مەزهەبی، پەنا گرتنمان، خۆ نەویستنمان وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ، بووین بە دوو لایەن لە ئەنجامی ڕێکەوتنی زەهاوی یەکەم، کە وڵاتی ئێمە دابەشکرا بۆ دوو پارچە، قۆناغەکانی دواتری ئەم دوو ڕێکەوتنە هەموو دەستکەوتەکانی کورد و میرنشین و دەوڵەتۆکەی کە هەبوون هەمووی لەناو بران، نایەمە سەر باسی مێژوویی کە ٤٠٠ تا ٥٠٠ ساڵ ئەکێشێت، قۆناغەکانی سەدەی بیستەم ئەگەر سەیری بکەین، لە قۆناغەکانی سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٤ کە ١٩١٨ کۆتایی پێهات، پەیماننامەی سایکس بیکۆ لەساڵی ١٩١٦ کە کوردستانی کرد بە چوار پارچەوە، بە حوکمی شکستی دەوڵەتی عوسمانی، دواتر پەیماننامەی سیڤەرو لۆزانی ساڵی ١٩٢١ و ١٩٢٣، دواتریش قۆناغەکانی شۆڕشی کورد تا دەگاتە ئەمڕۆ، من ئەمەوێت ئەوە باس بکەم کە ئایا کورد ئەمڕۆ دەبێت چی بکات لەم نەهجە، لەم واقیعەی کە تێیدا دەژین، ئەوە گرنگە، ڕاستە لەڕووی زمانەوانی و مێژوویی و هەموو بابەتەکان باسی بکەین، ئێمە ئەمڕۆ واقیعیەتێك لەناوچەکەدا هەیە، من ئەو جەرەسە دەبینم، لەڕوانگەی تێهەڵچوونمان، لەو قۆناغەی کە ئێستا کوردی تێدایە، پێویستە ئێمە بە ئاگا بێینەوە، بەتەسەوری من ئەم هەڵوێستەو هەڵوێستەکانی تریش کە لەم ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هەبووە، ئێستاش دەبیستین، پێویستە ئێمە درك بەو خەتەرە بکەین، درك بەو هەڵوێستە بکەین، یەکگرتوو بین، دوور بکەوینەوە لەهەموو هەڵوێستێك و جۆرەها تەعن و کۆسپ و ماڵ وێرانییەکانی ڕابردوومان، ئەمڕۆ کورد لە قۆناغێکدا دەژی کە قۆناغەکانی سوریا، ناوخۆی

عێراق، ئێستای ئەم هەڵوێستە، هەمووی دەلالەت لەوە دەکات کە کورد پێویستە ناوماڵی خۆی یەك بخاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بەرسنگی ئەو ئاراستەیە بکەین، دووەم: بەڕای من پێویستە وەك پەرلەمانی کوردستان دیراسەتێك لەسەر ئەو بابەتەی کە کراوە، ماوەیەکی زۆرە هەڤاڵان باسیان کرد، بەیاداشت نامەیەك یان بەهەڵوێست وەرگرتنێك، یان فرسەت دانێك بۆ ئەوەی دیراسە لەسەر ئەو وەزعە بکەین، من لەو کاتەشدا داوا لە هەڤاڵانی پەرلەمان هەم لە سەرکردە ناودارەکانی کورد دەکەم، بەهەموو حزبەکان و بەهەموو پارتەکانیشەوە، ئەوانەی کە ساڵەهای ساڵ خەباتیان کردووەو تەزحیەیان داوەو ژیانی گەنجێتی و ژیانی خۆیان تێدا بردۆتەسەر کە ئەمڕۆ لەژیاندا ماون، یەك بگرین، یەك هەڵوێست بین، بۆ ئەوەی ئایندەی کورد رۆشن بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:-**

سوپاس، بەڕێز کاك ناظم کبیر، فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەوڵ دەدەم بەشێوەیەکی کورت قسەکانم بکەم، قسەکانی هەڤاڵانم دووبارە نەکەمەوە، بەڵام دەربارەی نووسراوە وەهمیەکە لەسایتی قونسولگەری گشتی ئێران لەسلێمانی تەنها دەمەوێت لەیەك بڕگەدا کورتی بکەمەوە، ئەویش سووکایەتی کردن بە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەی کوردە، تەئکید لەخاڵێکی برادەران و هەڤاڵانم ئەکەمەوە، ئەویش هیوادارم کە ئەم بیرۆکەیە تەنها بیرۆکەی نووسەرە وەهمیەکە بێت، نەك بیرۆکەی دەوڵەتی ئێران بێت، چونکە ئێمە مێژوویەکی درێژی دراوسێیەتیمان لەگەڵ ئێران هەیە، بەڕێزان بەپێی بەڵگەنامەکان تەمەنی ئەم گەردوونە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ١٥ تا ١٦ ملیار ساڵ بەر لە ئێستا، بەمرووری زەمەن و پەیدابوونی مرۆڤایەتی و نەتەوەکان لەسەر گۆی زەوی، بەڵام زۆربەی مێژوو نووسەکان و زاناکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە شاشیەکە لە نەتەوەیی بوونی هەر نەتەوەیەك، لە ئەسڵ و نەژادەکەیدا، بەڵام پێوەرێك دانراوە بۆ هەر نەتەوەیەك، کە ئەویش بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێك کە ئەم بنەمایانەی تێدا بێت، بنەماکانیش ئەمانەن، یەکەم: خاك، دووەم: مێژوو، سێیەم: کلتور، چوارەم: زمان، بەخۆشحاڵیەوە دەڵێم ئێمە نەتەوەی کوردیش خاوەنی ئەم بنەمایانەین، ئێمە دەبێت وەڵامی ئەمە بدەینەوە کە بەڵگەنامە هەبێت و بیسەلمێنین........

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:-**

ببورە، ئەگەر یەك قەوسم بدەیتێ لێرە بەڕێزتان باس لە یاداشتەکەو هەڵوێست لەسەر یاداشتەکە ئەکەن یان ئەتانەوێت هەمووتان بەشێوەیەکی ئەکادیمی وەڵامی ناوەڕۆکەکەی بدەنەوە، یەعنی دوو شتمان زۆر لێ تێك چووە لێرەدا، هەموو ئەندامانی پەرلەمان بەشێکی زۆریان ئەیانەوێت بەشێوەیەکی ئەکادیمی وەڵامی یاداشتەکە بدەنەوە لەکاتێکدا ئێمە قسە لەسەر یاداشتەکەو ئەو دەستەواژە خراپانەی کە بەرامبەر بە کورد و نەتەوەی کورد کراوە دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز ناظم كبير محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەكورتی كۆتایی پێ دێنم، بەحەقیقەت دەبێت ئێمە وەكو كورد هەڵوێستی یان ڕۆڵی زۆر لە زاناكان و مێژوو نووسەكانی ناوخۆو بیانی لەبیر نەكەین كەسەلماندوویانە، كورد كۆنترین نەتەوەیە لەسەر ئەم جوگرافیایە، جیایە لە نەتەوەكانی تر، ئەوەش زۆربەی مێژوو نووس و زاناكانی روسی و بیانی و زاناكانی تر وەكو بیردۆزی مار لەساڵی ١٩١١ و زانا مێرخ لەساڵی ١٨٥٠ سەلماندوویانە كە نەتەوەی كورد نەتەوەیەكە جیایە لەنەتەوەكانی تر، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:-**

زۆر سوپاس، دكتۆرە جوان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعيل عزيز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم لە پەیڕەوی ناوخۆ ئەو ماددەیە لابەرین، ماددەی ٥٦ كە دەڵێت دووبارە نەكرێتەوە، چونكە زۆرینەمان پابەند نین بەو فەقەرەیە، ئێمە وتمان با ئەو فەقەرەیە بێنینە پێشەوە، چونكە ئەوە درێژە ناخایەنێت لەسەری، سەعات ١١/٣٠ دەستمان پێكرد ئەوە سەعات ١/٣٠ یەعنی دوو سەعات، بەڕێزان كۆمێنتەكە گەیشت مەوقیفی پەرلەمانی دەرخست، برادەران ١٠ تا ١٥ كەس ئەو قسەی كرد، تكایە با پابەند بین، ئەگەر نا با ئەو فەقەرەیە لە هەمواركردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ لابەرین، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:-**

دەست خۆش، خاتوو منی فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیستی پێشكەوتووی توركمان لەپەرلەمانی كوردستان، ئیدانەی ئەم جۆرە بۆچوونانە دەكەین، سەبارەت بە ڕێز نەگرتن لە زمانی كوردی كە زمانێكی فەرمییە لەئاستی عێراقدا، واناسراوە لەسەر ئاستی دەوڵەتدا، بۆیە هیوادارین ئەم نووسراوەی لە تۆڕی فەیس بووك بڵاو كراوەتەوە، تەعبیر لە ڕەئی كۆماری ئیسلامی ئێران نەكاتەوە، چونكە ئێمە هەرێمی كوردستان بەهەموو پێكهاتەكانەوە باوەڕمان بە پێكەوەژیان هەیە، باوەڕمان بە ڕێزگرتنی خصوصیەتیە، ئەمەش جێگای قبوڵ نییە، بۆیە خوازیارین ئەو جۆرە هەڵسوكەوتانە، ئەوجۆرە سووكایەتیە كە بەرامبەر بەنەتەوەی كورد كراوە، پێشێلكاری لێ بكرێت، لەهەمان كات ڕەش بكرێتەوە لە فەیس بووك، داوای لێبوردن لەخەڵكی كوردستان بكرێت، روونكردنەوەیەك بڵاو بكەنەوە لەهەموو میدیاكانەوە، ئێمە لەكۆتایدا پشتگیری وتەكانی كاك ئاری و حاجی كاروان و دكتۆر فرسەت و شوكریە خان دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:-**

زۆر سوپاس، کاك بەیار فەرموو.

**بەڕێز بەیار طاهر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو عەرەب دەڵێن (السعید من اکتفی بغیرە) هەموو قسەکانی من، هەموو بۆچوونەکانی من کاك فرحان و ئامینە خان گوتیان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:-**

سوپاس، خاتوو حیات، فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ هەموو هاوکارەکانم، کە زۆربەیان بەشێوەیەکی ئەدەبی و سیاسی و مێژوویی باسی ئەو مەوزوعەیان کرد، من دووبارەی ناکەمەوە، بەڵام تکایە با لەیەك شت خۆمان هەڵە نەکەین، ئەو نووسەرە وەهمی نییە، ئەوە سایتێکی فەرمییە، فەیس بووکیش نییە، سایتێکی فەرمی قونسوڵخانەیە، ئەو قونسوڵخانەی کە لەکوردستانە تەعبیر و تەمسیلی پەیوەندی سیاسی و دیبلۆماسی ئەو وڵاتە ئەکات، با بەنووسەری وەهمی ناوی نەبەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:-**

زۆر سوپاس، دکتۆر ابراهیم، فەرموو.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شوکر هاوڕێکانم هیچیان بۆ ئێمە نەهێشت، بەڵام وادیارە دەبێت قسەی خۆمان هەبێت، من باس لە بوونی کورد و مێژووی کورد و زمان ناکەم، چونکە برادەرەکانم حاجی کاروان و کاکە فەرهاد سەنگاوی باش بۆ ئەم بابەتە ڕۆیشتن، قسەکانی خۆم دەخەمە پاڵ قسەکانی کاك ابوبکر کە لەسەرەتای دانیشتنەکە نامەکە زۆر بە ئاشکرایی گەیشت و دەبوایە ئێمە بەو شێوەیە درێژەی پێ نەدەین و لەسەری نەڕۆین، لەوەڵامدانەوە دەڵێم ئەوە ئێمەین لە مینبەرێکی پیرۆز لە پەرلەمانی کوردستان بەزمانی کوردی قسە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:-**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك تحسین، فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باس لەوە ناکەم کە ئێمە پێویستیمان بەوە نیە کەس ناسنامەمان بداتێ، ئێمە کوردین وزمانیشمان کوردیە، ئەوەی جێگای پرسیارە بۆمن ئەو بابەتەی کە بێ ڕێزی کردووە، لەگەڵ نەتەوەی کوردو زمانی کوردی لەسایتێك نووسراوە، کە سایتی ڕەسمی قونسولگەی ئێرانە، ئەو قونسوڵیەی کە لەکوردستان دانراوە نوێنەرایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەکات لێرە، کەواتە ئەم بابەتەی کە نووسراوە دەبێت کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی لێی بەرپرسیار بێت، جا پرسیارەکەی من ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران قونسولگەری لەهەرێمی کوردستان داناوە کەواتە ئیعتراف بەوە ئەکات کە شوێنێك هەیە پێی ئەڵێین هەرێمی کوردستان و خەڵکانیشی لێ دەژین، کوردو نەتەوەکانی تری لەسەرە زمانی ڕەسمیشیان زمانی کوردییە، کەواتە ئیزدیواجیەت هەیە لەبۆچوونەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەگەر ئیعتراف بەنەتەوەی کورد ناکات ئەم قونسوڵیەی بۆ لێرە داناوە؟، ئەگەر ئیعترافیشی پێ ئەکات دەبێت ئەمانەی خوارەوە بکات:

١- ياخود خۆی بێبەری بکات و لێپێچینەوە بکات لەسەر قونسوڵیەی لە کوردستان.

٢- ڕوونکردنەوەیەك بدات کە ئەمە بۆچوونی کۆماری ئیسلامی ئێران نییە.

٣- داوای لێبوردنیش لەخەڵکی کوردستان بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:-**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆرە ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو نووسینە بێ نووسەرەی کە بڵاو کراوەتەوە لەسەر سایتی فەرمی قونسوڵخانەی ئێران، بەڕێزان ئەوە تەجاوزێکە کە قونسوڵخانەکە لە ئیختیصاصی خۆی کردوویەتی، بەپێی قانونی دەولی لەلایەك و بەپێی یاسای وڵاتی ئێرانیش لەلایەکی ترەوە، بەپێی دەستوور و یاسای عێراقیش لەلایەکی تر، چونکە قونسوڵخانە کارەکەی تەنها تەنزیم کردنی پەیوەندیی مەدەنیە، بۆی نییە ڕاو بۆچوون دەربڕێت لەو بابەتانەی کە ئێستا بڵاوی کردۆتەوە، بۆیە جارێك سەرپێچی ئیتیفاقیەی ڤیەنای کردووە، جارێکیش سەرپێچی قەوانینی ئێرانی کردووە کە ئێران خۆی ئەندامە لەناو ئیتیفاقیەکەدا، جارێکیش سەرپێچی دەستوور و قەوانینی عێراقی کردووە، کە وجوودی هەیە لەناو وڵاتی عێراق، بەڵام ئەوەی کە ئێمە داوای دەکەین ئەوەیە، کاتێك لەیاداشتەکەتان ئیدانەی مەوقیفی قونسوڵخانەی ئێرانی دەکرێت لەهەمان کاتدا ئیدانەی مەوقیفی سلبی حکومەتی عێراق بکرێت لەم بارەیەوە، چونکە تەنزیم کردنی پەیوەندی دیبلۆماسی بەپێی ماددەی ١١٠ لە ئیختیصاصی ئەودایە، ئەو نووسراوەی کە بڵاو کراوەتەوە تەنانەت نەك دەرچوونە لە پەیوەندی دیبلۆماسی، بەڵکو دەچێتە قاڵبی سڕینەوەی میللەتێك لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، کاتێك دەچێتە قاڵبی سڕینەوەی بوونی میللەتێك لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا

حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ بەپێی ماددەی ٧ بە بەستنەوە بە ماددەی ١١٠ لە دەستوورەکەیدا بەرپرس دەبێت کە مەوقیفی خۆی هەبێت، لەبەرامبەر ئەم وڵاتە، چونکە ئەویان بەرپرسە هەرکارێکی ڕەگەز پەرستی هەرکارێك بۆ پاکتاوی نەژادی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا ئەنجام بدرێت حکومەتی فیدڕاڵ بەرپرسە، کە مەوقیفی هەبێت بۆیە من داوا دەکەم لەسەرۆکایەتی پەرلەمان، کاتێك کە یاداشتەکە دەنووسێت کە ئیدانەی مەوقیفی قونسوڵخانە دەکات لەهەمان کاتدا ئیدانەی بێدەنگی و مەوقیفی سلبی حکومەتی ئیتیحادیش بکات، کە لەبەرامبەر بەرپرسیارێتی خۆی بێدەنگ کردووەو مەوقیفێکی سلبی نواندووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، حکومەتی فیدڕالی عێراق هەر تەنها مووچەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان نابڕێت، بەڵکو لە ئاست سڕینەوەی وجوودی میللەتێك لەچوارچێوەی دەوڵەتەکەی خۆی بێدەنگە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:-**

سوپاس، دوا موداخەلە دکتۆر سیراج، فەرموو.

**بەڕێز د. سراج احمد حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئەبینین لە دەزگایەکی دیبلۆماسی فەرمی لەلایەن وڵاتێك کە ناوی ئیسلامی بەخۆی هەڵگرتووە، ئەو حەقە بەخۆی بدات یان ئەو جورئەتە بکات کە تەحریف لە فەرهەنگ، لە عەقیدە، لەدین، لە مێژوو، لەکلتوری نەتەوەیەك بکات، یان بیسڕێتەوە، لەلایەکی تریش بوختان هەڵدەبەستێت بە ڕەمزی نەتەوە، چونکە جوبەو مێزەری قازی محمدی شەهید، گەواهی ئەوەن کەوا کەسێکی موسوڵمان بووەو خاوەن عەقیدە بووە، جائەوەی کە گوتراوە گشتی پێچەوانەیە، لەگەڵ دەقەکانی ئیسلام، کەوا وڵاتی ئێران ناوی ئیسلامی بەخۆی هەڵگرتووە، تەبیعی ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموویت(انا جعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا) ئەوەی کە دەیکەن پێچەوانەیە، لەگەڵ ئەو ئایەتەدا، (لایسخر قوم من قوم عسى أن یکونوا خیراً منهم) پێچەوانەی ئەوەشە، وە پێغەمبەری پێشەواش دەفەرمویت، (لیس منا من دعا الی عصبیة) ئەویش جۆرێکە لە تەعەسوب و تەکەبوور، هەروەها پێغەمبەری خوا دەفەرمویت(الناس سواسیة کأسنان المشط ) (لا فرق بین عربي ولا اعجمي ولا اعجمي على عربي ولا ابیض على اسود) پاشان پێغەمبەری خوا دەفەرمویت(سلمان منا اهل البیت) سەلمان کەسێکی فارسی بووە، کەهاتە لای پێغەمبەری ئەکرەم ئەفەرمویت لە ئێمەیە، ئەی باشە بۆ ئەوان ئێمە قبوڵ ناکەن و بەو شێوازە ڕەفتار دەکەن، کەواتە ڕەفتاری ئەوان هەمووی دژی بنەماکانی ئیسلامە، بەڕاستی ئەوەش بۆ خۆی لەوانەیە دەرئەنجامی خراپی هەبێت، دووەم: داوا دەکەم ئەگەر پۆزش نەهێنرێتەوە لەسەر ئەو بابەتە، ڕێگاکانی تری مەدەنی بگرینە بەر بۆ ئەوەی زیاتر زەخت بکرێت لەسەریان بۆ ئەوەی دانی پێدا بنێن، پاشان پاڵپشتی کاك دکتۆر فرسەت و حاجی کاروانیش دەکەم، بۆ پێشنیارەکەیان داواش دەکەم لێرەوە هەر دەقێکی پیرۆزی قورئان بخوێندرێتەوە، ئەگەر بێت و دەقەکان شارەزایی تێدا نەبێت لەبەر ئەوەی پەخشی ڕاستەوخۆیە لەوانەیە خەڵك گلەیی لەئەندامانی پەرلەمان بکات، لەبەر ئەوەی ئێمە نوێنەری

خەڵکین، ئەگەر نەزانرێت وا چاکە نەوترێت، هەروەها دەبوایە کە قونسوڵیەی ئێرانی موداراتی خەڵکی کوردستانی بکردایە، موداراتێکی تەندروستی بکردایە، ڕەزامەندی خەڵکی لاگرنگتر بوایە لەشتی تر، هەروەکو مەقولەیەکی عەرەبیش هەیە، دەڵێت( وداريهم ان كنت في دارهم وارضهم ان كنت في ارضيهم)، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:-**

زۆر سوپاس، بۆ هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی كوردستان، لەڕاستیدا هێشتا لیژنەی پەیوەندییەكان و ڕەوەندی كوردستانی دروست نەبووە، ئێمە دوێنی داوامان لە سەرۆكی فراكسیۆنەكان كرد كە بەزووترین كات كاندیدی خۆیان بۆ ئەو سێ لیژنەیەی كە بڕیارە دروست بكرێت بدەن بە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئەو سێ لیژنەیەش دروست بكەین، بەڵام لەبری ئەوە داوا لە لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ئەكەین، لەگەڵ فەرمانگەی پەیوەندییەكانی دەرەوە لەسەر خەت بن، پەیوەندییان پێوە بكەن و بانگیان بكەنە پەرلەمان بۆ ئەوەی ڕوونكردنەوەی پێویست بدەن سەبارەت بەو دژایەتیانەی هەرێمی كوردستان كە فەرمانگەی پەیوەندییەكانی دەرەوە گرتوویەتیە بەر، لەداهاتووشدا بەپێی ڕای بەشێكی زۆری ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام ئەگەر زانیمان ئەو بابەتە بەچارەسەر نەكراوی مایەوە ئەوكاتە یاداشتێك وەكو سەرۆكایەتی پەرلەمان سەبارەت بەم پرسە بڵاو ئەكەینەوە، تێیدا سوود لەبیروڕای بەشێكی زۆر لە ئێوەی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان وەردەگرین، كە بەتایبەتی ئەوانەی كە گرنگ بوون، لێرە ناوەكانیانمان نووسیوە، بانگ ئەكرێن بۆ ئەوەی یاداشتەكە بنووسرێت، ئێستا پشوویەك وەردەگرین، بۆ ماوەی سەعاتێك دوایی ئەگەڕێینەوە بۆ تەواوكردنی بەرنامەی كار سەعات ٣، لەسەعات ٣ دانیشتنەكەمان دەست پێ ئەكاتەوە ئێستا كۆتاییمان بەدانیشتنەكەمان هێنا، با پەخشی ڕاستەوخۆ بوەستێت چەند شتێكمان هەبوو ویستمان لەگەڵ ئێوە باسی بكەین، پێویست ناكات ئەمە بڕواتە ناو پەخشەوەو لەپرۆتۆكۆل تەسجیل بكرێت، كاك مەروان قسەت هەبوو؟، فەرموو.

**بەڕێز حسين اسماعيل(مەروان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داوا دەكەم كە ئەم دانیشتنە تەئجیل بكرێت بۆ بەیانی، تا خۆمانی بۆ ئامادە بكەین، بەیانی باشترە نەك سەعات ٣، چونكە هەموومان ماندوو بووین بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:-**

ببورە كاك مەروان، لیژنەكانیش كۆبوونەوەیان هەیە، چوارشەمەش دیسان كۆبوونەوەمان هەیە، باسی ئەكەین كە هاتینە سەر ئەو تەوەرە باسی ئەكەین، چوارشەمەش كۆبوونەوەمان ئەبێت لەسەر ئەو بابەتە، ئەندامانی پەرلەمان بەشێكی زۆرتان گلەییتان لە زۆری موداخەلەكان هەیە تكایە خۆشتان ڕەچاوی ئەمە بكەن، هەندێ ئەندامی پەرلەمان لەدانیشتنی پێشوو، موداخەلەی دوورو درێژی كردووە یان نوقتەی

نیزامی لەسەر موداخەلەی هاورێکانی کردووە، ئەم دانیشتنە یەت بەدوورو درێـژی باسـی مێـژووی کـورد و زمانی کـوردی و ئەوانـە ئـەکات، بۆیـە ئێمـە لەدەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان تـا ئـەو پـەڕی ڕادەی توانـا ئەمانەوێت ڕێ لەموداخەلەی ئێوە، لە وتەی ئێوە، لەقسەی ئێوە نەگرین، ئێوە وتەکانی خۆتان باس بکـەن، چونکە ئەمە حەقێکی ئەندامی پەرلەمانە، چەند پێویست ئەکات ڕەچاوی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلـەمانیش بکرێت لەم ڕووەوە کە باسی دووبارە نەکردنەوەی قسەکان و وەڵام نەدانەوەی یەکتری ئەکات، بـەڵام دیـسان وەستاوە لەسەر ئێوە کە تاچـەند ئـەتوانن بـەزوویی پەیامەکـەی خۆتـان بگەیـەنن، ئەمـەش دیـسانەوە پـێم وابێت فەنە، هونەرە کەتۆ بتوانیت بەکورت ترین ماوە ئـەوەی کـە ئەتـەوێت بیگەیـەنیت، ئـەم برادەرانـەی لێرە دانیشتوون گلەییەکیان لێتان هەیە، ئێوە لەکاتی دانیشتنەکەدا ئەچنە دەرەوە تەبعەن پـشووی خۆتـان وەرئەگرن و دینەوە دوایش بەئیسراحەتی خۆتان قـسەی خۆتـان ئەکـەن، بـەڵام کـە ئەچـنە دەرەوە ئاگاتـان لەو دەرگایە بێت ئەو برادەرانەی کە لێرە دانیـشتوون بیـزار بـوون، کەدەرگاکـە پێـوە ئـەدرێت هـەوڵ بـدەن بەهێمنی پێوەی بدەن تا ئـەوانیش بێـزار نـەبن، دانیـشتنەکەمان لەسـەعات ٣ دەسـت پێدەکەینـەوە هەنـدێ شت هەیە لەسەر مەسەلەی مالی بۆتان باس دەکەین، زۆر سوپاس، خواتان لەگەڵ......

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەردەوام دەبین لە مامەڵەكردن لەگەڵ حكومەتی دەست لە كاركێشاوە، ئەوانیش هاوكار دەبن لەگەڵ ئێمە، بۆئەوەی ڕوونكردنەوەی پێویست بدەن لەم ڕووانگەوە، بەڕێزان لای ئێوە ئاشكرایە كە بۆماوەیەكە قەیرانێكی ئابووری ڕووی لە هەرێمی كوردستان كردووە، ئەم قەیرانە لەسەرەتاوە لە نەمانی سیولەی نەقدی لە بانكەكانی هەرێمی كوردستان دەستی پێكرد، دواتر بەهۆی ئەو گرفتانەی لەنێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا هاتە كایەوە، بەغدا بودجەی هەرێمی كوردستانی بڕیوە، تەنها لە مانگی یەكەوە ئەوەی كە بەدواداچوون كراوە، زانیاریمان دەستكەوتووە، هەندێكجار بە شێوەی پچڕ پچڕ چەند مانگێك بەس تەنها مووچەی فەرمانبەران لە بەغداوە نێردراوە بۆ هەرێمی كوردستان، بەشەكانی تری بودجە نەنێردراوە و، ئەمە وای كردووە قەیرانێكی گەورەی  لە هەرێمی كوردستان دروست كردووە، مووچەی فەرمانبەران لەكاتی خۆی دوا بكەوێت، مووچەی خانەنشینان دوابكەوێ، پرۆژەكان بوەستن، ئەم قەیرانە كاریگەری لەسەرجەم هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان تاڕادەیەكی زۆر بەبێ جیاوازی دروست بكات، لە كرێكارێكەوە كە ئێستا كاری دەست ناكەوێت بەهۆی قەیرانەكەوە، لە دوكانداروكاسبكارێكەوە كە بەهۆی نەبوونی پارەو ، نەبوونی مووچە، نەبوونی نەختینە لە بازاڕەكاندا زیانیان بەردەكەوێت، هەروەها بەڵێندەران و خاوەن كارەكانیش كە پرۆژەكانیان وەستاوە هەموویان زیانیان بەركەوتووە، بۆیە پەرلەمانی كوردستان بە ئەركی خۆی دەزانێت كە لەم پرسانە وە دەنگ بێ و قسەی لەسەر بكات، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانیش بە ٢ لیست، كە لیستێكیان پێكهاتووە لە ٢٨ ئەندام پەرلەمان لە فراكسیۆنە جیاجیاكان، لیستێكی تریش لە ٣٥ ئەندام پێكهاتووە، داوای ئەم كۆبوونەوەیان كرد، داوای ئەوەیان كرد كە قەیرانی دارایی لە هەرێمی كوردستان بخرێتە بەر باس و لێكۆڵینەوە، لە ڕاستیدا ئێمە دوێنێ دەستەی سەرۆكایەتی لەگەڵ سەرۆك فراكسیۆنەكان كۆبوونەوەمان كرد، لەوێ تاوتوێی ئەوەمان كرد كە بەشێوەیەكی وا ئەم پرسە لە كۆبوونەوەكەدا بخرێتە ڕوو، وەكو جەنابیشتان ئاگادارن تازە لەوەو پێش ڕوونكردنەوەمان دا، لەبەرئەوەی ئێستا حكومەتێك لەم پەرلەمانەوە متمانەی وەرگرتبێت لە ئارادا نییە ، كە مەوزوعی پرسینەوەو ئیستیجواب و داواكردنی لێكۆڵینەوەو، داواكردنی ڕوونكردنەوە بەشێوەیەكی سیستەماتیك هاتووەتە پێشەوە، بۆیە بە باشمان زانی دوێنێ لەو كۆبوونەوەیە لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، هەروەها لیژنەی وزەو سامانە سروشتییەكان  لە پەرلەمانی كوردستان ڕابسپێرین، ڕاپۆرت ئامادە بكەن سەبارەت بەو قەیرانەی كە لە هەرێمی كوردستان هەیە، ئەمڕۆ پێشكەشی بەڕێزتانی بكەن، سەرۆكی فراكسیۆنەكانمان ڕاسپارد، كە داوا لە ئێوەی بەڕێزی ئەندامانی پەرلەمان بكەن، كە هەر پرسیارێك هەیە ئاراستەی ئەو لیژنانەی بكەن، بۆئەوەی لەناو پرسیارەكانی خۆیاندا دەرجی بكەن، دوایی ڕاپۆرتەكان ئاراستەی حكومەت بكرێت بۆئەوەی لە ڕێگای حكومەتەوە ڕوونكردنەوەی پێویست بدرێت بە پەرلەمانی كوردستان و، لەو ڕێگایەشەوە بە هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان سەبارەت بەو قەیرانەی كە

ئێستا له‌ ئارادایه‌، له‌ چه‌ند ڕۆژی ڕابردووشدا به‌رده‌وام له‌ ته‌ماس بووین له‌گه‌ڵ حكومه‌ت، بۆئه‌وه‌ی ئه‌م ئالیه‌ته‌ رێك بخه‌ین، كه‌ ئه‌وانیش له‌ دانیشتنه‌كانی په‌رله‌ماندا ئاماده‌ بن، لێره‌وه‌ ڕوونكردنه‌وه‌ی پێویست بده‌ن، ئه‌مڕۆ به‌ڕێز سه‌رۆكی حكومه‌تی ڕاسپێردراو له‌سه‌ر داوای خۆی داوای كرد، كه‌ له‌ یه‌كێك له‌ دانیشته‌كانی په‌رله‌مان ئاماده‌ بێت، له‌گه‌ڵ وه‌زیره‌ په‌یوه‌ندیداره‌كان، بۆئه‌وه‌ی سه‌باره‌ت به‌ قه‌یرانی دارایی له‌ هه‌رێمی كوردستان، ئه‌و ته‌فاسیله‌ی كه‌ ئه‌ندامانی په‌رله‌مان داوای ده‌كه‌ن، جێی پرسیاریانه‌ بخاته‌ ڕوو، ئێمه‌ ئه‌و راپۆرتانه‌ كه‌ ئه‌مڕۆ ئاماده‌ ده‌كرێت، به‌ نووسراوی ڕه‌سمی ناردوومانه‌ بۆ حكومه‌ت، حكومه‌ت ڕۆژی ٤ شه‌ممه‌ سه‌عات ١٠ لێره‌ له‌ دانیشتێكدا سه‌رۆكی حكومه‌ت و وه‌زیره‌ په‌یوه‌ندیداره‌كان به‌م قه‌یرانه‌ دێنه‌ ئێره‌، سه‌باره‌ت به‌ پرسیاره‌كانی ئێوه‌ كه‌ نووسیوتانه‌ له‌و راپۆرتانه‌ی هه‌ردوو لیژنه‌كه‌ ڕوونكردنه‌وه‌ی پێویست ده‌ده‌ن، ده‌مه‌وێت لێره‌وه‌ له‌وه‌ ئاگادارتان بكه‌مه‌وه‌، كه‌ ئێستا مادام حكومه‌ت ئیستیقاله‌ی كردووه‌، كه‌واته‌ پرسی پرساندن كۆتایی پێهاتووه‌، ئێمه‌ ناتوانین پرسیار ئاراسته‌ی حكومه‌ت بكه‌ین، داوای ڕوونكردنه‌وه‌ له‌و پرسیارانه‌ ده‌كه‌ین، كه‌ ٢ لیژنه‌ ئاماده‌یان كردووه‌، ئه‌وانیش وه‌كو عه‌رزم كردن ڕۆژی چوارشه‌ممه‌ دێنه‌ ئێره‌، له‌به‌رده‌م په‌رله‌مانی كوردستان ڕوونكردنه‌وه‌ی پێویست له‌سه‌ر سه‌رجه‌م ئه‌و بابه‌تانه‌ی كه‌ له‌ هه‌ردوو راپۆرته‌كه‌دا هاتووه‌ ده‌دات، ئێستا داوا له‌ سه‌رۆكایه‌تی لیژنه‌ی دارایی و كاروباری ئابووری و وه‌به‌رهێنان و، لیژنه‌ی وزه‌و سامانه‌ سروشتییه‌كان ده‌كه‌ین، سه‌رۆكایه‌تییه‌كانیان بێنه‌ شوێنی تایبه‌تی خۆیان، بۆ خوێندنه‌وه‌ی راپۆرته‌كه‌یان، دوای خوێندنه‌وه‌ی راپۆرته‌كان ئه‌وكات پێم وایه‌ زۆربه‌ی پرسیاره‌كان هی ئه‌وه‌یه‌ ئێستا ده‌بێت جێی كرابێته‌وه‌، به‌پێی ئه‌و میكانیزمه‌ی دوێنێ رێكه‌وتووین له‌گه‌ڵ سه‌رۆكی فراكسیۆنه‌كان له‌سه‌ری، ئه‌گه‌ر شتێكی زیاده‌ هه‌بوو، پرسیارێكی زیاده‌ هه‌بوو، كه‌ ئینشاڵڵا باوه‌ڕناكه‌م هه‌بێ ئه‌وكات له‌ ده‌رفه‌تێكی كه‌مدا ده‌توانن ئه‌وانه‌ش ئیزافه‌ بكه‌ین، ٢ لیژنه‌ تایبه‌تمه‌نده‌كه‌ پرسیاره‌كانی ئێوه‌ ئیزافه‌ ده‌كه‌ن ئه‌گه‌ر هه‌بێت،دكتۆر فرست صۆفی فه‌رمووو، نوقته‌ی نیزام؟.

**به‌ڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.**

ئه‌وه‌ی جه‌نابت فه‌رمووت، سه‌باره‌ت به‌وه‌ی كه‌ ئه‌گه‌ر حكومه‌تی ده‌ست له‌كاركێشاوه‌ و كار به‌ڕێكه‌ر نابێ، ئه‌گه‌ر حكومه‌ت ده‌ست له‌ كاركێشاوه‌ش بێ، ئه‌وه‌ هه‌ر حكومه‌تی كار به‌ڕێكه‌ره‌ ئه‌وه‌ یه‌ك، دووه‌میان: كه‌واته‌ له‌مڕۆ به‌دواوه‌ ئێمه‌ ناتوانین بۆ پرسیار كردن، كار به‌ حوكمی مادده‌كانی ٦١، ٦٢، ٦٣ بكه‌ین، واته‌ پێویست ناكات له‌مه‌ودوا ئه‌وه‌ی كه‌ له‌ چه‌ند ڕۆژی ڕابردوو كردمان پرسیار و پوخته‌ی پرسیار لێره‌ بخوێندرێته‌وه‌، سێیه‌م: به‌پێی به‌رنامه‌ی كار، كه‌ له‌به‌رده‌ستی ئێمه‌یه‌ گفتوگۆكردنه‌ له‌سه‌ر قه‌یرانی دارایی و دواكه‌وتنی مووچه‌، مه‌له‌فی پیشه‌سازی و وزه‌و سامانه‌ سروشتییه‌كان، مه‌له‌فێكی زۆر جیاوازه‌ له‌ مه‌سه‌له‌ی دواكه‌وتنی مووچه‌، بۆیه‌ من پێم وایه‌ تێكه‌ڵكردنی ٢ كاری جیاوازه‌، ده‌كرێت له‌ كاتێكی تردا مه‌سه‌له‌ی نه‌وت و هه‌ناردەكردنی و ئه‌وانه‌ی په‌یوه‌ستن به‌ جیا گفتوگۆی له‌سه‌ر بكه‌ن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك دکتۆر فرست من باسی ئەوەم نەکرد، کە حکومەتی دەست لەکارکێشاوە حکومەتی کاربەڕێکەر نیە، ئەسڵەن حکومەتی دەست لەکارکێشاوە بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەبێتە حکومەتی کاربەڕێکەر، بەڵام ئەوەی کە جەنابت باست کرد ڕاستە، ئەو ڕێ و شوێنانەی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ مەسەلەی پرساندن، لە ماددەکانی ٦١، ٦٢، ٦٣ هاتوون، ئێمە هەڵدەپسیرین تا حکومەتی تازە دێتە کایەوە، بەڵام ئەو راپۆرتانەی کە لەلایەن ئەم ٢ لیژنەوە نووسراوە دەنێرین بۆ سەرۆکایەتی حکومەت، بۆئەوەی حکومەت ڕوونکردنەوەی پێویست بدات سەبارت بە قەیرانەکە، پێم وابێت ئەوە ڕێگر نییە لەبەردەم کاری پەرلەمانی ئێمە، سەبارەت بەوەی کە بۆچی پرسی وزەو سامانە سروشتییەکانیش ئەمڕۆ تاوتوێی دەکەین، چونکە وەکو دوێنێ ئێمە باس و خواسمان لەسەری کرد، بە قەناعەتی ئەوەی بەشێك لەم قەیرانانە لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، بەهۆی پێداگری عیراقەوەیە لەسەر هەرێمی کوردستان نابێت نەوت هەناردە بکرێت، ڕێکنەوکەوتنە لەسەر ئەم پرسە، بۆیە شتێکی سروشتییە کە لەم بوارەش دیسانەوە داوای ڕوونکردنەوە بکرێ، ئەم پەیوەندییانە بە کوێ گەیشتوون، هەرێمی کوردستان لە کوێی هەناردەکردن نەوتە ئێستا؟ بۆ داهاتوو دەتوانین چی بکەین، لە داهاتی نەوت؟ چەند دەتوانین مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان دابین بکەین؟، لەبەرئەوە بەپێویستمان زانی هەردوو لیژنەکە کاری خۆان بکەن، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان راپۆرتێکی ئامادە کردووە، سەبارەت بە قەیرانی دارایی  و دواکەوتنی مووچەی مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان، بۆ بەڕێزتانی دەخوێنینەوە، راپۆرتەکە سەبارەت بە قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچەی مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستانە.

١- پێشەکییەك ماوەی ٦ مانگە هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانی دارایی هاتووە، کە خۆی لە دواکەوتنی مووچەی مووچە خۆران و پێنەدانی سلفەی بەڵێندەران و کۆمپانیەکانی کەرتی تایبەت و وەستاندنی پێشینەکان و جێبەجێ نەکردنی ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کران، وەزارەتی دارایی ناتوانێت جێبەجێی بکات، بۆنموونە یاسای خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، زیادکردنی دەرماڵەی مامۆستایانی زانکۆ، هەتا دوایی، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی سیولەی نەقدی لە بانکەکانی هەرێمی کوردستان، پێناسەیەك بۆ دیاردەی قەیرانی دارایی، بریتییە لەو دۆخەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت داهاتی پێویست پەیدابکات، بۆ پڕکردنەوەی خەرجییە گشتییەکانی حکومەت و بەردەوامی جێبەجێ کردنی پرۆژە وەبەرهێنەکانی

حکومەتی هەرێمی کوردستان، هۆکارەکانی دروست بوونی قەیرانی دارایی، لەبەرئەوەی لە ٩٥٪ی داهاتی هەرێمی کوردستان لە بەشە بودجەی لە ١٧٪ی بەغداوە دێت و، حکومەتی بەغدادیش لە ساڵی ٢٠١٤دا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی نەناردووە، بۆیە هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانی دارایی و کەمی پارەی بانکەکان و دواکەوتنی مووچەی مووچە خۆران هاتووە.

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك پێویست گرینگی نەداوە بە کەیسە ئابووریەکانی تری وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری هەتا دوایی، بۆئەوەی ببێتە هۆکارێك بۆ دابین کردنی داهاتی ناوخۆیی و پڕکردنەوەی خەرجیە گشتییەکانی حکومەت،٣-

٣-لەدوای ٢٠٠٣ کە وڵاتی عیراق ئازاد کرا تا ئێستا پەیوەندی نێوان حکومەت و هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا لەڕووی سیاسییەوە تەندروست نەبووە ببێتە هۆی چەسپاندنی بەشە بودجەی حکومەتی هەرێم و مافە داراییەکانی خۆی، بە بەردەوامی و بەبێ کێشە ساڵانە وەربگرێت، باشترین نموونەش مووچەی هێزەکانی پێشمەرگەیە، کە ماوەی ١١ ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی وەبەرهێنان و پاشەکەوتی دارایی خۆی جێبەجێی دەکات،

٤-حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە وەك پێویست ژێرخانی ئابوورییەکەی پتەو بکات بەشێوەیەك، کە ئەگەر بەغداد بودجەی نەنارد خۆی بتوانێت بە بەرهەمی ناوخۆ، داهاتی ناوخۆ ئابوورییەکەی بەڕێوە بەرێ،

٥-حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٩٢ تا ئێستا کە ٢٢ ساڵە نەیتوانیوە پاشەکەوتی دارایی و یەدەگی دراوی خۆی هەبێت، تەنانەت لە ٢٢ ساڵی ڕابردوو نەیتوانیوە لە بڕینی خانەنشینی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم زیاتر لە ٥ ملیار دۆلار دەبێ لە سندووقێك پاشەکەوتی بکات، بۆئەوەی ئەگەر تووشی قەیرانی دارایی هات بتوانێت بە توانای خۆی چارەسەری بکات، خاڵی شەش: لەبەرئەوەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان تا پێش ساڵی ٢٠٠٣ لە بارێکی دارایی و ئابووری خراپدا ژیان و گوزەرانیان دەکرد، توانای پاشەکەوت کردنیان نەبووە، لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستاش ساڵانە ٧٠٪ بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ خەرجی بەکاربردن و مووچەی مووچەخۆران بووە، بۆیە پاشەکەوتی دارایی لای هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دروست نەبووە تاوەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای بانکەکانییەوە سوودی لێوەرگرێت بۆ چارەسەری قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان.

٦-حکومەتی بەغداد ناردنی بەشە بودجەی ساڵی ٢٠١٤ ی هەرێمی کوردستانی پەیوەستکردووە بە ڕێکەوتنی نێوانیان لەسەر پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و تا ئێستاش بە داخەوە هەردوولا نەگەیشتوونەتە ڕێکەوتنێکی کۆتایی، ئەمەش بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی دروستبوونی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان ئەژمار دەکرێت.

٧-به پێی دەستوری عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ قەرزی نێودەوڵەتی وەربگرێت یاخود پارەی تازە دەربکات وەك جێگرەوەیەك بۆ دابینکردنی خەرجیە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم ئەگەر بەغداد لە ساڵی ٢٠١٤ دا بودجەی نەنارد.

٨-داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە باج و ڕەسم و گومرگ و ئەو وەزارەتانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە داهاتیان هەیە، بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیشەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤ ناتوانێت سەرجەم خەرجییە گشتییەکانی حکومەت پڕ بکەنەوە، بۆیە هەناردەکردنی نەوتیش بۆ ئەم ساڵی ٢٠١٤ چارەسەری قەیرانی دارایی پێناکرێت چونکە:

داهاتی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بە بێ نەوت بۆ ساڵێك بە نزیکەیی دەکاتە ٢ ملیار دۆلار.

داهاتی فرۆشتنی نەوت لە ساڵی ٢٠١٤ دەکاتە:

٤٠٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە*١٨٠ ڕۆژ*١٠٠$ بە نزیکەی دەکاتە ٧ ملیار دۆلار.

کەواتە کۆی داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٤ دەکاتە ٩ ملیار دۆلار لە کاتێکدا خەرجی ساڵی ٢٠١٤ ی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ١٤ ملیار دۆلارە.

دەرئەنجامەکانی قەیرانی دارایی:

لە شیکاری ئابووریدا هاتووە گەر وڵاتێك یان هەرێمێك ٢ سێ مانگی بە دوای یەکدا قەیرانی دارایی هەبوو، نزیك دەبێتەوە لە قەیرانی ئابووری قوڵ کە خۆی دەبنیتەوە لە بێبازاڕی، بۆیە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە هەرێمی کوردستان لە لێواری قەیرانێکی ئابووری گەورەدایە پشت بەست بەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

١- لە ساڵی ٢٠١٤ دا هیچ پرۆژەیەکی وەبەرهێنان ئەنجام نەدراوە، ئەمەش بۆتە هۆی زۆربوونی بێکاری لە کەرتی تایبەت و کەمبوونەوەی گەشەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان.

٢- ٦٠٪ ی سەرجەم پرۆژە بەردەوامەکان وەستاون بە هۆی پینەدانی سلفەی حکومەت بە بەڵێندەران و خاوەن کۆمپانیاکان ئەمەش جارێکیتر کێشەی بێکاری قوڵدەکاتەوە.

٣- پێنەدانی سلفەکانی (کشتوکاڵی و گەشتیاری و پیشەسازی و خانووبەرە و پرۆژە بچووکەکان و هتد...) بۆتە هۆی کەم بوونەوەی خواستی هاووڵاتیان و جوتیاران و خاوەنکاران لەسەر شمەك و خزمەتگوزارییەکان و ئەمەش بۆتە هۆی سستبونی چالاکی ئابووری بازاڕ و سەرهەڵدانی دیاردەی بێبازاڕی لە هەرێمی کوردستان.

٤- دواکەوتنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کە بە نزیکەی ٧٠٠ ملیۆن دۆلارە لە مانگێکدا، بۆتە هۆی سستبوونی بازاڕی ئابووری جارێکیتر، لەگەڵ ئەوەشدا چەندەها کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە وەك:

کێشەی نێوان کرێچی و خاوەن ماڵ.

کێشەی نێوان دوکانداران و فەرمانبەران کە شمەك بە قەرز دەکڕن.

کێشەی نێوان خاوەن کۆمپانیاکان و فەرمانبەران کە شمەك بە قەرز دەکڕن.

کێشەی نێوان ژن و مێرد لەسەر بودجە و داهات و خەرجی خێزان.

کێشەی نێوان قەرزدەر و قەرزدار بەتایبەتی ئەو قەرزانەی کە دوابکەوێت غەرامە دەکرێت.

٥- پێنەدانی سلفە بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و بەڵێندەرەکان بۆتە هۆی بێکاری لە نێوان هێزی کاری کەرتی تایبەت و قەیرانی نەبوونی پارە قوڵبۆتەوە لە نێوان:

کرێکار و وەستا.

وەستا و بەڵێندەر.

بەڵێندەر و خاوەن کۆمپانیا.

خاوەن کۆمپانیا و بانکە حکومییەکان.

بانکە حکومییەکان و وەزارەتی دارایی و هتد...

٦- هەموو ئەمانە بوونەتە هۆکاری دروستبوونی دیاردەی بێبازاڕی کە کاریگەری کردۆتە سەر سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ، بە شێوەیەك چێشتخانەکان، ئوتێلەکان، سوپەرمارکێتەکان، دوکاندارەکان، سەیرانگاکان، کارگەکان، تووشی زیانی ئابووری هاتوون.

٧- ئێستا هێزی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایشی هەرێم نەك هەر چاوەڕوانی وەرگرتنی مووچەکانیانن، بەڵکو چاوەڕوانی لەوە زیاتر لە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان دەکەن کە مووچەیان چاك بکەین، خانەنشینیان چاك بکەین و دەوامیان چاك بکەین و ژیانیان خۆش کەین.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان

دەرئەنجامەکانی قەیرانی دارایی لەم خاڵانەی سەرەوە زیاترن کە بۆ بەڕێزتانم باسکرد بۆ نموونە:

٨- بەرنامەی تواناسازی وەستاوە.

٩- ناردنی خوێندکاران بۆ خوێندن لەسەر حسابی خۆیان و خەرجکردنی تەنها مووچەکەیان لە لایەن حکومەتەوە وەستاوە.

١٠- بڕیاری زیادکردنی دەرماڵەی مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکان کە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە، جێبەجێناکرێت لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمەوە بە پاساوی قەیرانی دارایی.

١١- یاسای ماف و ئیمتیازاتی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان کە هەموار کراوەتەوە لە پەرلەمان، جێبەجێنەکراوە.

١٢- یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان کە هەموار کراوەتەوە لە پەرلەمان، جێبەجێناکرێت.

١٣- دەرماڵەی ترسناکی بۆ توێژێکی شایستەی فەرمانبەران خەرج ناکرێت.

١٤- سەفەر و ئیفادی تەنانەت وەفدی زانستی لە زانکۆ و پەیمانگاکان ڕاگیراوە.

١٥- زیادکردنی مووچەی فەرمانبەرانی پلە نزم لە بەغداد پەسند کراوە و لە کوردستان جێبەجێناکرێت.

١٦- زیادکردنی مووچەی خانەنشینان لە بەغداد جێبەجێکراوە و لە کوردستان جێبەجێناکرێت.

١٧- کار گەشتوەتە ئەوەی خوێندگاکان نەتوانن قەڵەم و تەختەی نووسین بۆ پرۆسەی خوێندن دابین بکەن.

بۆیە ئەگەر ئەم قەیرانە داراییە چارەسەری گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە، خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان چەند پرۆژە یاسای گرنگ پەسەند بکات سوود و بەرهەمی ئەوتۆی نابێت لە سایەی بێ پارەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، و تەنانەت چاودێریکردنی حکومەتێکی بێ پارەش لە لایەن پەرلەمانەوە سوودێکی ئەوتۆی نابێت، لێرەدا بەشێکی زۆری ئەو پرسیارانەی کە لای پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دروست بووە، هاوکارم بەڕێز کاك حمە علی صالح بۆ بەڕێزتانی دەخوێنێتەوە، وەك جیگری لیژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس لەلای منەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەم ڕاپۆرتەکە، هەم پرسیارەکان پاشانیش ڕاسپاردەکان ئەمە ڕەئی لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری و وەبەرهێنانە و، ئێمە دوای بەدواداچوون و پرسیارێکی زۆر، پێش ئەوەی بچمە سەر پرسیارەکان بۆچوونمان وایە ئەگەر پلانێکی تۆکمە دانەنرێت، دوور نیە لەو ٦ مانگەی ئەمساڵ هەرێمی کوردستان دووچاری قەیرانێکی زۆر گەورەی ئابووری ببێتەوە، کە دەرچوون لەم قەیرانەدا زۆر ئەستەمە و، ڕەنگە بەشێکی زۆری خەڵکی هەرێمی کوردستانیش بەرگەی ئەم قەیرانە نەگرن، بەوپێیەی کە هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی بوویتە هەرێمێکی بەکاربەر، ئێمە نزیکەی ٢٥ پرسیارمان ئامادە کردووە وەکو خۆمان، ڕەنگە ئێوەش دواتر ئیزافەتان هەبێ بۆی، ئەگەر هەر پرسیارێك شەرحی پێویست بوو هەوڵ دەدەین شەرحی بۆ بکەین، ئەم پرسیارانەی ئێمە ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیشی دەکەین، چونکە بەشێك لەم کێشانەی لە وەزارەتی دارایی گەورەترن، کۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لێی بەرپرسیارە، پرسیاری یەکممان ئەوەیە ئایا هیچ هەنگاوێکی جدی هەیە، بۆئەوەی حکومەتی هەرێم و ناوەند بگەنە ڕێکەوتن، بۆ ناردنی بەشە بودجەی کوردستان؟، دووەم: ٣ ساڵ پێش ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی داناوە بۆ ڕاکێشانی بۆڕی و هەناردەکردنی نەوت، ئایا ئەوکاتەی کە پلانەکەی داناوە، بیری لەوە نەکردووەتەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم ناکۆکییە داراییە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندا دروست ببێت؟ واتە ٣ ساڵ پێش ئێستا بکرێت و پێشتریش حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی داناوە، خەریتەی داناوە ئەم نەوتە هەناردە بکات بۆ بازاڕەکانی جیهان، لەوکاتەی ئەم پلانەی دانا، ئایا بیری لەوەنەکردووەتەوە ڕەنگە ڕۆژێکی ئاوا دروست ببێت، ئەگەر بیری لێکردووەتەوە بۆ بەدیلی بۆ دانەناوە، یاخود بۆ ئیحتیاتی نەکردووە؟، سێ: ماوەی چەند ساڵەو ئێستاش زیاتر دەرکەوتووە بانکەکانی هەرێمی کوردستان هیچ سیولەیەکی نەقدی نییە، هۆکارەکەی چییە، ئایا حکومەتی ناوەندییە، یاخود هۆکاری دیکە هەیە؟ چونکە دەزانین بانکی ناوەندی لە عیراق ئێستا نزیکەی ٩٠ ملیار دۆلار ئیحتیاتی هەیە، بۆ هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە لەمە سوودمەند بێ، ئەگەر ئەوەی لە هەرێم بێ لقێکە لە بانکی ناوەندی عیراق؟، چوارەم: پلانی خێرای حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە بۆ دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان لەکاتی خۆیان؟ واتە ٢ پلانە، پلانی کورت خایەن چییە مەسەلەن بۆ نموونە بۆ مانگی ئاینده پلانی درێژخایەن، کە لەپرسیاری پێنجەم دا هەیە چییە؟ لە ئەگەری ڕێکنەکەوتن لەگەڵ حکومەتی ناوەند و بەردەوام بوونی حکومەتی ناوەندی لەسەر ڕاگرتنی سولفەی مانگانەی هەرێمی کوردستان، کە بەدرێژایی ئەمساڵ ڕاگیراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پارەدار کردنی خەرجیەکانی بەکاربردن و وەبەرهێنان پێویستی بەنزیکەی ١٦ تریلیۆن دینار هەیە، واتە پلانی دارایی تۆ چییە، بۆ دابینکردنی ١٦ تریلیۆن دینار بۆ تێچوونی خەرجییەکانی وەبەرهێنان؟. شەشەم: لەسەرەتای ئەمساڵدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ٣ ملیار دۆلار قەرزار بووە، ئەم قەرزەی لەکێ کردووەو ، بۆچ شتێك کردوویەتی؟، حەوتەم: ئەوە چەند

ساڵێکه بودجەی هەرێمی کوردستان بەنزیکەی ٢ تریلیۆن دینار بە کورتهێنانەوە پەسەند دەکرێ، ئەم کورتهێنانە بەچی پڕکراوەتەوە؟، هەشتەم: بۆ دابینکردنی مووچەی مووچە خۆران، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا پشت بەچی دەبەستێت؟، نۆیەم: داهاتی ناوخۆ جگە لە نەوت چەندە؟ ئەگەر بە خشتەیەك بۆمان ڕوون بکەنەوە، دەیەم: مووچەی ٢ مانگی هەرێمی کوردستان نزیکەی ١ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دۆلارە، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پشت بە داهاتی ناوخۆ دەبەستێت، ئەم داهاتە ساڵی ڕابردوو بۆچی لە بودجەدا ئاماژەی پێنەدراوە، چۆن بەکارهێنراون؟ یازدەم: ئەگەر هەرێمی کوردستان بۆ پێدانی مووچە قەرز دەکات، ئەم قەرزە لەکوێ و کێ دەیکات؟ سێزدەم: تاوەکو ئێستا سندووقی خانەنشینی و سندووقی قەرزی خانووبەرەو هاوسەرگیری دروست نەکراوە، ئەم پارانە چۆن مامەڵەی پێوە کراوە؟، چواردەم: ئایا پارەی نەوت بەکارهێنراوە بۆ پێدانی مووچەی فەرمانبەران؟، پانزدەهەم: داهاتی پرۆسە جیاوازەکانی نەوت هیچی هاتووەتە وەزارەتی دارایی؟، ئەگەر هاتووە کام جۆرە داهاتەو، چەندەو بۆچی بەکارهاتووە؟، شانزدەم: زیاتر لە ٥ مانگە سولفەی پرۆژەکان ڕاگیراوەو سەدان بەڵێندەریش مایە پووچی خۆیان ڕاگەیاندووە، ئایا هیچ کاتێکی دیاریکراو هەیە بۆ پێدانی سولفەی پرۆژەکان؟، حەڤدەهەم: ساڵانە بەشێکی زۆری ئەو پارەیەی کە لە بودجەی گشتی دا بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەرخان دەکرێت لەنێوان ٣٥٪ بۆ ٥٠٪ ی گشتی کۆی تەرخانکراوی پرۆژەکانی وەبەرهێنان خەرج ناکرێت، هۆکارەکەی چییە؟ هەژدەیەم: ئەو پارەیەی کە خەرج ناکرێت وەك نەختینەش ناسووڕێت بۆ ساڵی دواتر، ئەم پارەیە بۆچی بەکاردێت؟ واتە ١٨ و ١٧ ڕەبتن بەیەکەوە، نۆزدەهەم: ئەگەر ساڵ بە ساڵ بە ڕێژە پارەی پرۆژەکان خەرج نەکرێت، کۆمەڵێك پرۆژەی زۆر کەڵەکە دەبن و دەبنە پرۆژەی بەردەوام و پرۆژەی دواکەوتوو، سروشتی پرۆژەی دواکەوتوو بەردەوام ئەوەیە گرفتی زۆرە، پرۆژەی نوێش کەم دەبێتەوە، ئەمەش زیانی گەورە بە خزمەتگوزاریەکان دەگەیەنێت، پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە بۆئەوە؟ بیست: بەهۆی نەدانی سولفە بە پرۆژەکە نزیکەی ٨٠ هەزار کەس بێکار دەبن، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت بەشێك لە سولفەی ئەم پرۆژانە بدات، بۆئەوەی بەلایەنی کەمەوە ئەم کەسانە بێکار نەبن؟ بیست و یەك: ئەگەر حکومەت سولفەی پرۆژەکان نەدات، ئایا دەکرێت بۆ دواکەوتنی پرۆژەکان سزای دارایی بدرێت، مەبەست سزای دارایی بەڵێندەرە؟ بیست و دوو: هیچ پلانێك هەیە بۆ پێدانی قەرزی خانووبەرەو هاوسەری و کشتوکاڵ و پیشەسازی لە ئێستادا؟، بیست و سێ: حکومەتی هەرێم نزیکەی ٤ تریلیۆن دیناری لای هاووڵاتیانە مەبەستی لەو قەرزانەیە کە پێشوو داویەتی بە عەقار و بە هاوسەرگیری و ئەوانە، مانگانە ئەم قەرزە دەدرێتەوە، بۆچی بۆ پێدانەوەی ئەم قەرزانە بە خەڵکی دیکە بەکارناهێندرێ، ئەگەر ئەو پارەیە وەربگیرێتەوەو بدرێت بە خەڵك؟، بیست و چوار: ئێستا حکومەتی هەرێم گومرگی ناوخۆیی لە خەڵك وەردەگرێت، بۆ نموونە کەسێك لە کەرکووکەوە کاڵای هێناوە بۆ هەولێر یان لە دهۆکەوە بۆ هەولێر، گومرگی لی وەرگیراوە بەڵگەکانیش لای ئێمەیە، ئەمە بەپێی کام یاسایە؟، بیست و پێنج: ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان نزیکەی ٥ ملیۆن کەسە، نزیکەی ١ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار مووچە خۆر هەیە،

ئێستا لە کوردستاندا، هۆکاری زیادبوونی ژمارەی مووچەخۆران چییە؟، پرسیاری بیست و شەش: لێرە نەنووسراوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆری لە پەرلەمانتاران کردوویانە، هۆکاری چییە هەمیشە مووچەی هێزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ناوخۆ دوای هەموو وەزارەتەکانی تر دەدرێت؟ زۆر سوپاس، هەوڵ دەدەین راپۆرتەکان یاخود پێشنیارەکان بڕیاردەری لیژنەی دارایی و ئابووری بیخوێنێتەوە، فەرموو.

**د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز هیڤا حجی میرخان:**

**بەناوی خوا گەورە و میهرەبان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکان

بە مەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان، ئەم پێشنیارانە دەخەینە بەردەم بەڕێزتان بەمەبەستی ناردنی بۆ حکومەتی هەرێم و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان:

١- وەفدی حکومەت و نوێنەرانی سەرجەم حیزبە کوردستانیەکان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان سەردانی بەغداد بکەن بە مەبەستی گفتوگۆ و ڕێکەوتن سەبارەت بە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و مووچەی هێزی پێشمەرگە و هتد....

٢- سەرچاوەی دارایی هەرێمی کوردستان جۆراوجۆر بکرێت و تەنها پشت بە بودجەی بەغداد یان تەنها داهاتی نەوتی هەرێم نەبەستێت، لە ڕێگای پێشخستنی کەرتەکانی تری ئابووری هەرێمی کوردستان.

٣- ڕێکخستنەوە و دوبارە دابەشکردنەوەی داهاتی هەرێمی کوردستان بە سەر چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە شێوەیەکی عادلانە.

٤- ئەگەر حکومەتی بەغداد بڕیاری کۆتاییدا بە نەناردنی ١٧٪ ی بودجەی هەرێمی کوردستان، پێویستە حکومەتی هەرێم لە ڕێگای پێشخستنی ئابووری و داهاتی ناوخۆ و کەرتی نەوتەوە هەوڵ بدات کۆی داهاتی ناوخۆی هەرێم کوردستان بگەیەنێتە ئاستێك کە بتوانێت خەرجییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم دابین بکات.

٥- هەرێمی کوردستان لە ئێستاوە پێویستی بە ڕیفۆرمی ئابووری و چاکسازی ئابووری هەیە لەسەرجەم بوارەکانی مووچە و فەرمانبەران و باج و کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و بازرگانی و زۆرکردنی بەرهەمی ناوخۆ و نەهێشتنی گەندەڵی و کەمکردنەوەی بێکاری و هەژاری و هتد...، هەموو ئەم هەوڵانە سەرەتایەك دەبن بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا هەرێمی کوردستان پشت بە داهاتی خۆی و ئابووری خۆی ببەستێت.

بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتە بە هەند وەربگیرێت و بەشێك بێت لە چارەسەری قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان، داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە :

١- ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە و پرسیارەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بکرێت بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان لە سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان.

٢- داواکارین لە بەڕێزتان لە نزیکترین دەرفەتدا بانگهێشتی وەزیرانی دارایی و ئابووری و سامانە سروشتییەکان و پلاندانان بکرێت بۆ تەلاری پەرلەمان و لە گفتوگۆیەکی کراوەدا وەڵامی پرسیای سەرجەم پەرلەمانتارانی سەرجەم فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان بدەنەوە کە دڵنیاین ئەم پرسیارانە پرسیاری سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستانە کە ئێمەی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکان نوێنەرایەتیان دەکەین.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**لیژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان**

**لە پەرلەمانی کوردستان**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆك:**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆك و جێگر و بڕیاردەری لیژنەی دارایی و ئابووری، ئێستا دەست دەکەین بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی پیشەسازی و وزە، بەڵی فەرموو، بەڕێز سەرۆکی لیژنە.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی، بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان وەك سەرەتا، بۆ ساڵانی سەرەتای نەوەتەکان دەگەڕێتەوە. ساڵی ١٩٩٤ بۆ یەکەمجار هەوڵدرا نەوت لە بیرەکانی نەوتی کێڵگەی نەوتی تەقتەق لە ڕۆژئاوای شاری کۆیە دەربهێنرێت، لەو کاتەدا تەنیا ٣ بیری نەوت لەو ناوچەیەدا هەبوون، کە لە ناوەڕاستی پەنجاکان تا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەلایەن حکومەتەکانی پێشووی عێراق هەڵکەندرابوون.

بە شێوەیەکی سەرەتایی لەو ڕێککەوتەدا، دەست بە دەرهێنانی نەوت لەو بیرە نەوتانەدا کرا. پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لەو بیرە نەوتانەدا بە شێوەیەکی سنووردار مایەوە. (کێڵگەی نەوتی تەقتەق، کەوتووەتە دووری (٦٠) کم لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووك لە باکورەوە و (٨٥) کم لە هەولێر و (١٢٠)کم لە سلێمانییەوە دوورە).

ساڵی ٢٠٠٢ بۆ یەکەمجار حکومەتی هەرێمی کوردستان/ئیدارەی سلێمانی بە دیاریکراوی لە ١٧ی جولای ٢٠٠٢ یەکەمین گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیای گینێڵ ئینێرژی تورکی بۆ کارکردن لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق ئیمزا کرد. ئیمزاکردنی ئەو گرێبەستە، بە یەکەمین گرێبەستی حکومەتی هەرێم و کۆمپانیاکانی بیانی دادەنرێت لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستاندا، کە ڕێککەوتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵێك پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق.

له (١٧)ی جوڵای (٢٠٠٢)، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی بەناوی گینێڵ ئینێرگی (Genial Energy)ی، بۆ پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق لە رۆژئاوای کۆیە بە رێککەوتن گەیشت.

ئەوە یەکەمین گرێبەستی نەوتی بوو لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ پەرەپێدانی کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا مۆربکرێت، کەواتە (گینێل ئینێرگی)ی تورکی یەکەمین کۆمپانیای بواری نەوت بوو لەهەرێمی کوردستاندا و بەر لە رووخانی رژێمی بەعس گرێبەستی نەوتی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کردووە.

گرێبەستەکەی نێوان حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای گینێڵ ئینێرگی، لە (٤٩) لاپەڕە و (٣١) بەش پێکهاتووە. هەریەك لە د. بەرهەم ساڵح بەناوی حکومەتی هەرێم لە ئیدارەی سلێمانی و محەمەد سەپیلْ بەناوی کۆمپانیای گینێل ئینێرگی، واژۆیان لەسەر کردووە.

گرێبەستەکە بەناونیشانی ئیدارەی باکوری عێراق ( INTERIM JOINT REGIONAL ADMINISTRAION OF NORTHERN IRAQ ) ئیمزا کراوە.

لە ساڵانی دوای (٢٠٠٣)، حکومەتی هەرێم دەستکراوە بوو لە مۆرکردنی گرێبەستی نەوتی و راکێشانی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ کارکردن لە کەرتی نەوت و گازدا، لە ساڵی (٢٠٠٧-٢٠٠٨)، حکومەتی هەرێم گرێبەستێکی دیکەی لەگەڵ کۆمپانیای ئاداکسی کەنەدی (Addax Petroleum International) مۆرکرد، بەمەبەستی زیاتر گەشەپێدانی کێڵگەی نەوتی تەقتەق.

گرێبەستەکەی ئاداکس، لە (١١٦) لاپەڕە پێکهاتووە و بەدیاریکراوی لە (٢٦) فێبریوەری (٢٠٠٨) مۆرکراوە، هەریەك لە ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە بەرامبەردا داڤید کۆد (david codd) بەناوی کۆمپانیای ئاداکس واژۆیان لەسەر کردووە.

لە لاپەڕەی نۆی گرێبەستەکدا، پشکەکانی کێڵگە نەوتییەکە دابەشکراون، بەرێژەی لە سەدا (٤٤) بۆ کۆمپانیای گینێڵ ئینێرگی و لە سەدا (٣٦)ی بۆ کۆمپانیای ئاداکس، ئەو لە سەدا (٢٠)ەش کە دەمێنێتەوە، خراوەتە سەر  ناوی کۆمپانیای گشتی (public company)- (تێبینی روون نییە کۆمپانیای گشتی چ مانایەك دەگەیەنێت).

دوای رووخانی رژێمی بەعسی عێراقی و بەشداری کوردەکان لە بنیاتنانی عێراقی نوێ، دەروازەیەکی گەورە بەرووی هەرێمی کوردستاندا کرایەوە. لەو رێککەتەوە پرۆسەی کارکردن لە کەرتی نەوتی هەرێم شێوەیەکی خێراتری وەرگرت و کۆمەڵێك گرێبەستی تر، بەر لە داڕشتن و پەسندکردنی دەستووری نوێی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، لەلایەن حکومەتی هەرێم و لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیانی وەك ( DNO, Genial Energy, Petiole لە کێڵگەکانی (تاوکێ، تەقتەق، شاکەل، پولخانە و ئەربیل) ئیمزا کران.

بۆ رێکخستنی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستاندا پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی بە ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ و بە سوودوەرگرتن لە ناوەڕۆکی مادەکانی ١١١ و ١١٢ و ١١٥ و

١٤٠ و چەند مادەیەکی تر لە دەستووری هەمیشەیی عێراق دەرکرد، لەکاتێکدا پێش دەرکردنی ئەو یاسایە، کۆمەڵێك گرێبەستی نەوتی لەلایەن حکومەتی هەرێم و لە چەند کێڵگەیەکی وەك (تاوکێ، تەقتەق، پولخانە، سەرتا، ئەربیل، سەرتا، شاکەل، رۆڤی، کوردەمیر، بەنەباوی و ... هتد) ئیمزا کرابوون. کە بەکۆی گشتی ئەو گرێبەستانەی لەو ماوەیەدا ئیمزا کراون، بە گرێبەستە سەرەکی و پاشکۆکان و هەموارکراوەکانەوە بە نزیکەی ١٧ گرێبەست دادەنرێن.

پێش دەرکردنی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧، لە هەرێمی کوردستاندا، دوو دەزگا و دەستەی پەیوەست بە نەوت و سامانە سروشتییەکان هەبوون، کە یەکەمیان بە بڕیاری ژمارە (١٨٠٣)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ئیدارەی سلێمانی و لە ڕێککەوتی (٢٠٠١/٨/٧) بەناوی "دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پرۆژە تایبەتییەکان لەهەرێمی کوردستان" دامەزراوە و دووەمیان (دەستەی گشتی نەوت و پترۆکیمیاییەکان) بە یاسای ژمارە ٣٨ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمانی کوردستان دامەزرا.

سەبارەت بە داهاتی نەوت لە کوردستاندا و دابین کردنی مووچەی فەرمانبەران، پێشەکی بەرهەم هێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان، وەك سەرەتا بۆ ساڵانی سەرەتای نەوەتەکان دەگەڕێتەوە، ساڵی ١٩٩٤بۆ یەکەمجار هەوڵ درا نەوت لە بیرەکانی کێڵگەی نەوتی تەق تەق لە ڕۆژئاوای شاری کۆیە دەربهێنـدرێت، لێرەدا تەنیا سێ بیری نەوت لەو ناوچەیەدا هەبوون، کە لەناوەڕاستی پەنجایەکان تاوەکو سەرەتای هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو، لەلایەن حکومەتەکانی پێشووی عێراق هەڵکەندرابوون، بەشێوەیەکی سەرەتایی لەو ڕێکەوتەدا دەست بە دەرهێنانی نەوت لەو بیرە نەوتانەدا کرا، پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لەو بیرە نەوتانەدا بەشێوەیەکی سنووردار مایەوە، کێڵگەی نەوتی تەق تەق کەوتۆتە دووری ٦٠کم لە کێڵگە نەوتیەکانی کەرکووك، لە باکورەوەو ٨٥کم لە هەولێر، ١٢٠کم لە سلێمانیەوە دوورە، ساڵی ٢٠٠٢ بۆ یەکەمجار حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی، بە دیاری کراوی لە ١٧ جولای ٢٠٠٢ یەکەمین گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیای (ئین ئێڵ جی) تورکی لە کێڵگەی نەوتی تەق تەق ئیمزا کرد، ئیمزا کردنی ئەو گرێبەستە بە یەکەمین گرێبەستی حکومەتی هەرێم و کۆمپانیاکانی بیانی دادەندرێت، لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستاندا، کە ڕێکەوتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵێك پێش ڕووخانی ڕژمێی بەعس لە عیراق، لە ١٧ ی جولای ٢٠٠٢ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی بەناوی (ئین ئێڵ جی) بۆ پەرەپێدان و بەرهەم هێنانی نەوت لە گێڵگەی نەوتی تەق تەق لە ڕۆژئاوای کۆیە بە ڕێکەوتن گەیشتن، ئەوە یەکەمین گرێبەستی نەوتی بوو لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ پەرەپێدانی کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا بکرێت، کەواتە (ئین ئێڵ جی) تورکی یەکەمین کۆمپانیای بواری نەوت بوو لە هەرێمی کوردستاندا، بەر لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس گرێبەستی نەوتی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژوو بکات، گرێبەستەکەی نێوان حکومەت و کۆمپانیای (ئین ئێڵ جی) لە ٤٩ لاپەڕەو ٣١ بەش پێکهاتووە، هەریەك لە د.بەرهەم صالح لە لایەن حکومەتی هەرێم و ئیدارەی سلێمانی و بەناوی کۆمپانیای (ئین ئێڵ جی) واژوویان لەسەری کردووە، گرێبەستەکە بەناونیشانی باکووری عیراق ئیمزا کراوە، لە ساڵانی

دوای ٢٠٠٣ حکومەتی هەرێم دەست کراوە بوو، لە مۆر کردنی گرێبەستی نەوتی و ڕاکێشانی کۆمپانیا بیانییەکان، بۆ کارکردن لە کەرتی نەوت و گازدا، لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ حکومەتی هەرێم گرێبەستێکی دیکەی لەگەڵ کۆمپانیای ئەداکسی کەنەدی مۆر کرد، بە مەبەستی زیاتر گەشەپێدانی کێڵگەی نەوتی تەق تەق، گرێبەستەکەی ئەداکس لە ١١٦ لاپەڕە پێکهاتووە، بە دیاری کراوی لە ٢٦ فیبروەری لە ٢٠٠٨ مۆر کراوە، هەریەك لە ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان و (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە بەرامبەرادا دەیڤی کۆد، بەناوی کۆمپانیای ئەداکس واژوویان لەسەر کردووە، لە لاپەڕە ٩ ی گرێبەستەکەدا کێڵگە نەوتیەکە دابەش کراو لە ڕێژەی لە ٣٤٪ (جینێڵ ئین ئێڵ جی) لە ٣٦٪ی کۆمپانیای ئەداکس، ئەو لە ٢٠٪ ش کە دەمێنێتەوە خراوەتە سەر ناوی کۆمپانیای گشتی، تێبینیەکەمان ئەوەیە کە ڕوون نییە کۆمپانیای گشتی چ مانایەك دەگەیەنێ، دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عیراقی وەبەشداری کوردەکان لە بنیاد نانی عیراقی نوێ، دەروازەیەکی گەورە بە ڕووی هەرێمی کوردستاندا کرایەوە، لەو ڕێکەوتەوە پرۆسەی کار کردن لە کێڵگەی نەوتی هەرێم، شێوەیەکی خێراتری وەرگرت و کۆمەڵێك گرێبەستی تر، بەر لە دارشتن و پەسەند کردنی دەستووری عیراق، لە ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیانی وەك (جینێڵ ئین ئێڵ جی) (دی ئێن ئۆ) لە کێڵگەکانی تەلکێ، تەق تەق، شاکەل، کولخانە، ئەربیل ئیمزا کران، بۆ ڕێکخستنی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستاندا، پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت و گازی لە هەرێمی کوردستان بە ژمارە ٢٢ و ساڵی ٢٠٠٧ و بە سوود وەرگرتن لە ناوەڕۆکی ماددەکانی (١١١) و (١١٢) (١١٥) (١٤٠) چەند ماددەیەکی تر لە دەستووری هەمیشەیی عیراق دەرکرد، لەکاتێکدا پێش دەرکردنی ئەم یاسایە کۆمەڵێك گرێبەستی نەوتی لە لایەن حکومەتی هەرێم و چەند کێڵگەیەکی نەوتی تەق تەق، کولخانە، ئەربیل، شاکەل، ڕۆڤی، کولەمێر، بەنەباوی ....هتد، ئیمزا کرابوون کە بەکۆی گشتی ئەو گرێبەستانەی لەو ماوەیەدا ئیمزا کرابوون، گرێبەستە پاشکۆ و سەرەکییەکان و هەموار کراوکانەوە بە ١٧ گرێبەست دادەندرێن، پێش دەرکردنی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، ژمارە ٢٢ ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستاندا دوو دەزگاو دەستەی پەیوست بە نەوت و سامانە سروشتیەکان هەبوون، کەیەکەمیان بە بڕیاری ژمارە ١٨٠٣ ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ئیدارەی سلێمانی و لە ڕێکەوتی ٨/٧/ ٢٠٠١ بەناوی دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پڕۆژە تایبەتیەکان لەهەرێمی کوردستاندا دامەزراوە، دوومیان، دەستەی گشتی نەوت و پترۆکیمیاوییەکان بە یاسای ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە، پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە ٢١ ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد، بەپێی برگەکانی یەکەم و دووەم لە ماددەی شەشەمی یاسای وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، هەردوو دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی تایبەتەکان لە ئیداری سلێمانی و یاسای دەستەی گشتی نەوت و پترۆکیمیاویەکان کە پێشتر لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو بوو هەڵوەشێندرانەوە، بەم شێوەیە لەماوەی خولی یەکەمی

پەرلەمانی کوردستان، تا خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، تەنیا توانراوە سێ یاسای پەیوەست بە نەوت و سامانە سروشتیەکان، ، کە پێکهاتوون لە:

١-. دەستەی گشتیی نەوت و پترۆکیمیاییەکان یاسای ژمارە ٣٨ی ساڵی ٢٠٠٤.

٢- یاسای وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٧.

٣- یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بە ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧.

لە کۆتایی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، پەرلەمان (یاسای دیاریکردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق لە داهاتە ئیتحادییەکان بە ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٣) پەسەند کرد، کە ناراستەوخۆ پەیوەستە بە کەرتی نەوت و بەتایبەت ڕەوایەتی دان بە حکومەتی هەرێم لەکاتێکدا ئەگەر حکومەتی عێراق ئامادە نەبێت شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە داهاتە ئیتحادییەکانی عێراقی فیدراڵ ڕەوانە بکات، ئەوە حکومەتی هەرێم دەتوانێت لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوت و بەرهەمەکانی نەوتییەوە ئەو شایستە داراییانەی خەڵکی هەرێمی کوردستان پڕ بکاتەوە.

ئەوەی سەرەوە هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستانە لە مەڕ کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستاندا، هەر لە ماوەی خولی یەکەم تا خولی سێیەم و لە چەند یاسایەی سەرەوە بترازێت، پەرلەمان نەیتوانیوە هیچ یاسایەکی تر بۆ ڕێکخستنی کەرتی نەوت و گاز و سامانە سروشتییەکان لە هەرێمی کوردستان پەسەند بکات.

ئەوە لەکاتێکدا تەنیا لە ماوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، زیاتر لە ١٠ پرۆژە یاسای پەیوەست بە نەوت و سامانە سروشتییەکان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و ڕێژەی یاسایی پەرلەمانتاران پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کران، بەڵام بە هەر هۆکارێک بێت پەرلەمان نەیتوانی لە ماوەی خولی رابردوودا پرۆژە یاساکان پەسەند بکات.

پرۆژە یاساکان پێکهات بوون لە:

١- پرۆژە یاسای باجی کۆمپانیا نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کرابوو. یەکەم خوێندنەوەی لە دانیشتنی ژمارە ٢٠ی پەرلەمان لە ١١/١٩/ ١٢ ٢٠ بۆ کرا.

٢- پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت KEPCO. لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمەوە پێشکەش کرا و یەکەم خوێندنەوەی لە دانیشتنی ژمارە ١١ لە ١٠١٢/١٠/١٠ بۆ کرا.

٣- پرۆژە یاسای کانزا نافلزییەکان لە هەرێمی کوردستان. لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کرا و لە دانیشتنی ژمارە ٢٠ی پەرلەمان لە ٢٠١٢/١١/١٩ یەکەم خوێندنەوەی بۆ کرا.

٤- پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ کانزاکان لە هەرێمی کوردستان. لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کرا و لە دانیشتنی ژمارە ٢٠ی پەرلەمان لە ٢٠١٢/١١/١٩ یەکەم خوێندنەوەی بۆ کرا.

٥- پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم، لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران پێشکەش کرا و یەکەم خوێندنەوەی لە دانیشتنی ژمارە ٣١ لە ٢٠١١/٦/٢٩ بۆ کرا.
٦- پرۆژە یاسای کانزا ناپۆڵییەکان، لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران پێشکەش کرا و یەکەم خوێندنەوەی لە دانیشتنی ژمارە ٣١ لە ٢٠١١/٦/٢٩ بۆ کرا.
٧- پرۆژە یاسای جێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی قاچاغی نەوت و بەرهەمەکانی ژمارە ٤١ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەرێمی کوردستان، لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران پێشکەش کرا و یەکەم خوێندنەوەی لە دانیشتنی ژمارە ٣٠ لە ٢٠١٢/١٢/١٧ بۆ کرا.
٨- پرۆژە یاسای سندووقی داهاتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کرا و لە دانیشتنی ژمارە ١١ی پەرلەمان لە ٢٠١٢/١٠/١٠ یەکەم خوێندنەوەی بۆ کرا.
٩- پڕۆژە یاسای سندووقی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کرا و لە دانیشتنی ژمارە ٢٤ی پەرلەمان لە ٢٠١٢/٦/٧ یەکەم خوێندنەوەی بۆ کرا.
١٠- پرۆژە یاسای سندووقی تەرخانکردنی داهاتەکانی هەرێمی کوردستان، لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران پێشکەش کرا و یەکەم خوێندنەوەی لە دانیشتنی ژمارە ٣١ لە ٢٠١١/٦/٢٩ بۆ کرا.

تێبینی دەکرێت، تەواوی ئەو پرۆژە یاسایانەی لە ماوەی خولی رابردووی پەرلەمانی کوردستاندا پێشکەش کران و نەتوانرا پەسەند بکرێن، ئەو یاسایانەن کە پێویستە بە پێی مادە و بڕگەکانی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ پەسەند بکرێن و دەکرێت وەك یاسا تەواوکارییەکانی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان تەماشا بکرێن. چونکە بەپێی یاسای نەوت و گازی هەرێم، پێویستە چوار کۆمپانیای نیشتمانیی کوردستانی بۆ پرۆسەکانی گەڕان و دۆزینەوەی نەوت، پاڵاوتن و بە بازاڕخستنی نەوتی کوردستان بە یاسا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پێك بێت، بەڵام پەرلەمان نەیتوانیوە تا ئێستە ئەو یاسایانە دەربکات. جگەلەوەی پەرلەمان نەیتوانیوە لە ماوەی رابردوودا بە یاسایەك سندووقی داهاتەکانی نەوتی کوردستان دابمەزرێنێت، کە لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا دووپاتی لەسەر کراوەتەوە.

ئەو یاسایانە و چەندین یاسای تر، پێویستە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەمەبەستی رێکخستنی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پەسەند بکرێن، کە بەداخەوە تا ئێستا پەرلەمان بە هەر هۆکارێك بێت نەیتوانیوە پەسەندیان بکات و ئەوەش بەدڵنیاییەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر کەرتی نەوت و گاز بەگشتی دروست کردووە.

**نەوت لە دەستووری هەمیشەیی عێراق دا**

لە دارشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراق، بە چەند ماددەیەك باس لە دۆسیەی نەوت و گاز لە عێراق کراوە، لەوانە مادەکانی (١١١ و ١١٢) و هەروەك لە چەند مادەی تر ئاماژە بە دەسەڵات و سەڵاحیاتی حکومەتی ئیتحادی و هەرێم و پارێزگەکان کراوە.

له مادەی ١١١ دا بە دیاریکراوی خاوەندارێتی نەوت بۆ سەرجەم گەلانی عێراق گێڕدراوەتەوە. هەروەك له مادەی ١١٢ی دەستووری عێراقدا، دووپات له ئیدارەدانی نەوت و گازی عێراق له نێوان حکومەتی ئیتحادی و هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت بەهەماهەنگی کراوەتەوە. جگەلەوەی هەر لەو مادەیەدا بەتایبەت هەڵوەستە لەسەر (کێڵگەکانی ئێستا) و (کێڵگەکانی داهاتوو) کراوەتەوە، مەبەست لە (کێڵگەکانی ئێستا) ئەو کێڵگانەن کە تا ڕێککەوتی پەسەندکردنی دەستووری عێراق بە قۆناغی بەرهەمهێنان گەیشت بوون، بەڵام (کێڵگەکانی داهاتوو) ئەو کێڵگانە دەگرێتەوە لە دوای پەسەندکردنی دەستووری عێراق کارەکانی بەدواداگەڕان و دۆزینەوە و بەرهەمهێنیان تێدا دەکرێت و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سنووری دەسەڵاتەکانی حکومەت و پارێزگە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و گازەوە، کە دیارە کێڵگەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان دەچنە خانەی کێڵگەکانی داهاتوو، چونکە پێش نووسینەوەی دەستووری عێراق لە قۆناغی (بەرهەمهێنانی بازرگانی) دا نەبوون.

لە دوای پەسەندکردنی دەستووری عێراق، دەبوو بە پێی مادەی ١١٢ی دەستوور بە یاسایەکی تایبەت پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە عێراق ڕێکبخرێت. ساڵی ٢٠٠٧ فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی عێراق، (پرۆژە یاسای نەوت و گازی عێراق)یان داڕشت، بەڵام پەرلەمانی عێراق بەهۆی ناکۆکی لایەنەکانی سیاسی لەو ڕووەوە نەیتوانی پرۆژەکە پەسەند بکات.

لەو ساڵانەدا سەرەتای ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق بە زەقی دەرکەوتن، ململانێ و ناکۆکییەکان بەشێکی زۆری پەیوەست بوون بە دیاری کردنی دەسەڵاتەکانی هەریەك لە حکومەتی ئیتحادی و حکومەتی هەرێم لە ئیدارەدانی کەرتی نەوت و گازدا. ناکۆکییەکان بەردەوام بوون تا لە ساڵی ٢٠١١ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە سەرۆکایەتی (نوری مالیکی) پرۆژەیە یاسایەکی تری نەوت و گازی عێراقی پێشکەش بە پەرلەمانی عێراق کرد، کە لەڕووی دەسەڵاتەکانی حکومەتی ئیتحادی و حکومەتی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و گاز، بەتەواوی دژی ناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیە یاسایە بوو ساڵی ٢٠٠٧ فراکسیۆنە جیاجیاکانی پەرلەمانی عێراق ئامادەیان کرد بوو.

(شارەزایانی یاسا و گرێبەستەکانی نەوت بە گشتی لەو باوەڕەدان، پرۆژە یاسای ساڵی ٢٠٠٧ی نەوت و گازی عێراق بەهەموو کەموکوڕییەکانییەوە زیاتر لەگەڵ ناوەڕۆکی مادەکانی دەستووری عێراق دەگونجێت لە دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی ئیتحادی و حکومەتی هەرێم لە ئیدارەدانی کەرتی نەوت و گاز، هەروەك لە دەسەڵاتەکانی پەرلەمان بەسەر ئەو کەرتەوە، لەکاتێکدا پرۆژە یاساکەی ساڵی ٢٠١١ی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، بەتەواوی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێم لە ئیدارەدانی کەرتی نەوت و گاز سنووردار دەکات و هەروەك دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی عێراقیش لە سەرپەرشتی و چاودێری کەرتەکە سنووردار دەکات و پرۆسەکە بەگشتی لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندا قەتیس دەکات و زیاتر بە پرۆژەیەکی مەرکەزیانە دادەنرێت).

بەو شێوەیە پەرلەمانی عێراق نەیتوانی لە پەسندکردنی پرۆژە یاسایەك بۆ ڕێکخستنی کەرتی نەوت و گازی عێراق سەرکەوتوو بێت، ئەوەش وای کرد کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە مەڕ پرسی نەوت و گازدا ئەوەندەی تر قووڵ ببنەوە.

وەك دەردەکەوێت لایەنە سیاسییەکانی عێراق نەیانتوانی بە گەڕانەوە بۆ "چارەسەری دەستووریی" پرۆسەی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز لە عێراق ڕێکبخەن، بەڵکو ناکۆکییە سیاسییەکان بەسەر لایەنە یاساییەکاندا زاڵ بوو.

حکومەتی هەرێم و بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت

حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك پێشتر روون کرایەوە، لە ساڵی ۲۰۰۲ یەکەمین گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیانی ئیمزا کردووە و لە ساڵی ۲۰۰۷یش بە دەرکردنی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پاڵپشتییەکی یاسایی بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە. بەپێی راگەیەنراوەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا ساڵی ۲۰۱۱ یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان بە ٤٥ ملیار بەرمیل نەوت خەمڵێنراوە و نزیکەی ٦۰ گرێبەستی نەوت لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیانی و ناوخۆیی لە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا ئیمزا کراون.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم بە سوودوەرگرتن لە ناوەڕۆکی یاسای نەوت و گازی هەرێم ژمارە ۲۲ی ساڵی ۲۰۰۷ (گرێبەستی هاوبەش لە بەرهەمهێنان) لەگەڵ کۆمپانیاکانی بوارەکە ئیمزا دەکات.

لە ئێستادا، ژمارەیەك لە کێڵگەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا بە قۆناغی بەرهەمهێنان گەیشتوون، لەوانەش کێڵگەی نەوتی تەقتەق، کێڵگەی نەوتی خورمەلە و کێڵگەی نەوتی تاوکێ و ... هتد

حکومەتی هەرێمی کوردستان تا کۆتایی ساڵی رابردوو، بە ڕێگەی تانکەرەوە نەوتی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستانی هەناردە دەکرد و لە سەرەتای ئەمساڵەوە و لەگەڵ تەواوبوونی بۆڕی گواستنەوەی نەوتی کوردستان بۆ تورکیا، کە لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق بەرەو کێڵگەی نەوتی خوورمەلە و لەوێوە بەرەو خاڵی سنووری فیشخابوور ئاراستە کراوە، نەوت بۆ تورکیا هەناردە دەکات.

بەگوتەی بەرپرسانی تورکیا و هەرێمی کوردستان، نزیکەی ۳ ملیۆن بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بۆڕییەوە هەناردەی تورکیا کراون و پێنج شەممەی رابردوو ۲۲ی ئایاری ۲۰۱٤ یەکەم کاروانی نەوتی هەرێمی کوردستان لە تورکیاوە بۆ چەند وڵاتێکی ئەوروپا رەوانە کرا، کە بەپێی بەیاننامەی حکومەتی هەرێم بڕی نەوتەکە، نزیکەی یەك ملیۆن بەرمیل دەبێت.

راکێشانی بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا، هەر لە سەرەتاوە پەرچەکرداری توندی حکومەتی عێراقی لێ کەوتەوە و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بەو هۆیەوە رەوانە نەکرد و ئەوەش تەنگژەیەکی گەورەی ئابووریی لە هەرێمی کوردستان دروست کرد و حکومەت نەیتوانی مووچەی فەرمانبەرەکانی دابین بکات.

لەگـەڵ ڕاگەیانـدنی فرۆشـتنی یەکـەم کـاروانی نـەوتی کوردسـتانیش لـە تورکیـاوە بـە وڵاتـانی ئـەورووپا، ڕاستەوخۆ حکومەتی عێراق ناڕەزایـەتی تونـدی دەربـڕی و ڕای گەیانـد کـە سکاڵایەکی یاسایان لـە ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی لە پاریس دژ بە تورکیا و ئەو کۆمپانیایـە تۆمـار کـردووە کـە نەوتەکـە دەگوازێتـەوە. هەروەك بەرپرسانی کەرتی نەوتی عێراق، فرۆشتنی نەوتی هەرێمیان بـە کـارێکی نایاسـایی و نادەسـتووری لە قەڵەم دا و بەرپرسانی حکومەتی هەرێمیش ڕەتی لێدوانەکانی بەغدا دەدەنەوە بەوەی پرۆسەکە یاسـایی و دەستوورییە.

لـەم نێوەنـدەدا سـەبارەت بـە ڕۆڵـی داهاتـە نەوتیـەکانی هـەرێم لـە دابـین کردنـی مووچـەی فەرمانبـەران، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڵاو کردنەوەی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانەی خۆی لـە سـاڵی ٢٠١٣ ڕادەگەیـەنێت، کە پێکهاتووە لە ڕێبەرێکی گشتگیر بۆ چالاکیەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ژمارەکـانی داهاتـەکانی بەرهەمی نەوتی خاو، فرۆشتنی ناوخۆی نەوتی خاو، فرۆشتنی بەرهەمـە پاڵێوراوەکـان و موڵکانـەکان، بـڕە پارەکـانی بونیـاد نـانی تواناکـان، ئـەو شـیرینیانەی کـە لـە کۆمپانیـا نێودەوڵەتیـەکان وەرگـیراون بـەپێی گرێبەستەکانی بەرهەم هێنانی هاوبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەخۆ دەگرێت، بە توێـژی خـەرجی و چالاکییەکان و خەرجییە گشتییە ناڕاستەوخۆکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و دابـین کردنـی پـارە بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لەو پڕۆژانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەریەکـە لـە پارێزگاکـانی هەرێمەوە بەڕێوە براون لە خۆ دەگرێت، هەروەها ڕاپۆرتەکە بـاس لـە کڕینـی نـەوت و بـەنزین دەکـات، بـۆ بەکارهێنان لە وێستگەکانی کارەبای هەرێم و لە کەرتی کشتوکاڵ و پیـشەسازیە ناوخۆییـەکان، هـەروەها بـۆ بەکارهێنان لەناو ماڵاندا، لەبەر ئەوەی بۆ یەکەمجارە بڵاودەکرێتەوە، ئەم ڕاپۆرتەی ٢٠١٣ خشتەی گشتگیری دەستەکەوتەکان و شەش ساڵی پێشوو تـریش لـەخۆ دەگرێت، بـەڵام لـە پێنـاو ئـەوەی وێنەیـەکی تـەواوەتی ببەخشێت، پێویستە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەم زوانە ڕاپۆرتێکی دارایی ساڵانەی جیا بۆ هەریـەك لە ساڵەکان لە ٢٠٠٧ وە تا ٢٠١٢ بڵاوبکاتەوە، ئەو داهاتانەی تاوەکو ئێستا دانراون لەنێو سنووری ١٧٪ی مـافی هەرێمدان، بۆ پالاوتنی نـەوتی خـاو، بـەکاربردنی نـەوتی نـاوخۆیی بـەکارهێنراون بـۆ پـارەی دابـین کردنـی کارەبا، نەخۆشخانەی نـوێ، یەکـەکانی دابـین کردنـی ئـاوی پـاك، خانووبـەرە بـۆ قوربانیـانی ئـەنفال و زیـاد کردنی مووچەی خێزانی شەهیدان و کەس و کاری ئەنفال کراوەکـان، دروسـت کردنـی قوتابخانـە و زانکـۆ و ڕێگاوبان بۆ مەبەستی یارمەتیدانی هەمەچەشن کردنـی بناغـەی ئـابووری لـە ڕێگـەی کشتوکاڵ و گەشـت و گوزارەوە، هەروەها ڕاپۆرتەکە تیـشك دەخاتـە سـەر ئـەو ڕاسـتییەی کـە بـەهۆی ئابلۆقـە ئابووریـەکانی سـەر هەرێمی کوردستان لە لایەن بەغداوە، حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان لـە سـاڵی ٢٠٠٧ کـەمتر سـوود لـە مـافی شایستەی ١٧٪ی پالاوتنی نەوتی خاو وبـەکاربردنی نـاوخۆی عـیراق وەرگرتـووە، داتاکـان پیـشانی دەدەن، کـە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٩٨ملیۆن بەرمیلی کـەمتر لـە مـافی شایـستەی خـۆی بەکارهێناوە،سـەبارەت بـەو پرسـیارەی کـە ئایـا دەکرێـت لـە داهـاتی نـەوتی هـەرێمی کوردسـتانەوە مووچـەی مانگانـەی فەرمانبـەرانی هەرێمی کوردستان وسلفەی بەڵێندەرەکانی پڕۆژەکان دابین بکرێت بۆ ئەوەی مووچەومافەکانی کارمەندانی

کەرتی گشتی وتایبەت لە هەرێمی کوردستان دا دابین بکرێت , ئەوا لە ڕاپۆرتی دارایی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا هاتووە کە کۆی سەرجەم قازانجی داهاتە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دوای لێدەرکردنی کۆی سەرجەمی تێچووەکان لە ساڵی ٢٠٠٧ تاوەکو ساڵی ٢٠١٣ دەکاتە ٩٢٠,٢٢١,٦٤١ دۆلار, چوونکە کۆی سەرجەمی تێچوەکان دەکاتە ٨,٧٩٤,١١٠,٢٢٠ دولاروکۆی سەرجەمی داهاتە نەوتیەکان دەکاتە ٩,٧١٤,٣٣١,٨٦١دولار.....ئەگەر ئەم ژمارانە ڕاست بن ئەوا چۆن بەو قازانجە کەمە کە٩٢٠,٢٢١,٦٤١ دولارە دەکرێت پێداویستی مووچەی مانگانەی فەرمانبەرانی هەرێم کە دەکاتە نزیکەی ٥٠٠ پێنسەد ملیۆن دۆلارمانگانە دابین بکرێت ودەبێت سەرچاوەی جێبەجێ کردنی بەڵێنەکان لە کوێوە بن وچۆن بەم داهاتەوە دەتوانین موجازەفە بە گرتنە بەری سیاسەتی بەرەوڕووبوونەوەی بەغدا بکەین , وئەگەر واش نییە کە ئێمە پێشبینی قازانجی زیاتری داهاتی ناوخۆیی ونەوتی دەکەین لە هەرێمی کوردستان دا ئەوا پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاترە بۆ ڕای گشتی وبۆ نوێنەرانی گەل لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دا.

شایانی باسە کە سە رچاوە ی ئە م زانیاریانە تە نها وە زارە تی سامانە سروشتییە کانی حکومە تی هە رێمی کوردستانە و زانیاریمان نیە کە وردبینی پێویستی بۆ کرابیت لە لایەن دیوانی چاودێری داراییەوە.

ئێستاش بەڕێزان، پێمان باشە کە بەڕێز (دڵشاد شعبان) جێگری سەرۆکی لیژنە بفەرموێ بۆ خوێندنەوەی ئەو پرسیارانەی کە دەستمان کەوتووە، ئامادەمان کردووە لە لایەن لیژنەکەمانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەنگە سیاسەتا نەفتی گەلەك پرسیار خەلکی هەبن و بەڕێز ئەندامێت پەرلەمانێ حازر بووینە ڤێرێ، بەس ئەڤ پرسیارێت کو ئەم سەر ڕاوەستای لیژنا پیشەسازی و وزە و سامانێ سروشتی، تنێ پەیوەستن قەیرانا مووچەیڤە، بۆ تەوزیح وان پرسیارێت هەن، نوکە با وەخوینین.

پرسیارەکان:

١ . کۆی داهاتی ئەو دوو ملیۆن و نیو بەرمیل نەوتەی لەم دواییانەدا فرۆشراوە بە وڵاتانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا چەندە ؟

٢. تاچەند دیوانی چاودێری دارایی بە ئاگایە و وردبینی داهاتە نەوتییەکان دەکات؟

٣. پرۆسەی وەرگرتنی داهاتی نەوتی فرۆشراو لە (هالك) بانکی تورکیەوە بۆ هەرێمی کوردستان چەند دەخایەنێت و لە کام بانکی هەرێم دادەنرێت ؟

٤. داهاتی ناوخۆیی بۆ ساڵی ٢٠١٣ چەند بووە بە داهاتی نەوتەوە ؟

٥. تێچوو و صافی ئەو ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوتەی کە بۆ ئیستهلاکی مەحەلی بەکاردێت بۆ (وێستگەی کارەبا و بەنزین و گازوایل) چەندە ؟

٦.له كۆی داهاتی نەوتی هەرێم چەند بۆ پێدانی مووچە و چەند بۆ نەفەقاتی ئیستسماری بەكار هاتووە لەناو بودجەی گشتیدا ؟

٧. داهاتی بەرهەمە نەوتییەكان كە لە ڕێگای تانكەرەوە لە خاڵە سنووریەكانی ئێران و توركیا دەفرۆشرێت ، بڕ و داهاتەكەی چەندە ؟

٨. توانای هەرێم ڕۆژانە چەندە بۆ هەناردە كردنی نەوت؟

زۆر سوپاس.

**بەڕێز زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕێگەچارەسەرییەكان

لە دوای داڕشتن و پەسەندكردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق، بەتایبەت دوای ئیمزا كردنی گرێبەستی نەوتی لەلایەن حكومەتی هەرێم و كۆمپانیاكانی بواری نەوت بۆ كاركردن لە كەرتی نەوتی هەرێمی كوردستان، دۆسیەی نەوت یەكێك لە ناكۆكییە گەورەكانی نێوان هەولێر و بەغدا بووە و ئەو ناكۆكییەش كاریگەری نەرێنی لەسەر تەنانەت بژێوی خەڵكی هەرێمی كوردستان و بارودۆخی ئابوورییان دروست كردووە و لە دوا وێستگەشدا هەرێمی كوردستان ڕووبەڕووی تەنگژەیەكی گەورەی ئابووری بووەتەوە.

ئەو ڕەوشە پێویستی بە لەبەرگرتنی ڕێگەچارەسەری خێرا و جدی دەكات.

لەو نێوەندەدا پێویستە:

١-. هەرچی زووە فراكسیۆنەكانی كوردستانی و لایەنەكانی عێراقی لەسەر پەسەند كردنی پرۆژە یاسای نەوت و گازی عێراق ڕێك بكەون و چیتر بۆشاییەكی یاسایی لە بەڕێوەبردنی كەرتەكەدا نەمێنێتەوە.

٢- پێویست دەكات لە ئاستی ناوخۆی هەرێمی كوردستاندا، لایەنە سیاسییەكانی كوردستان لەسەر بەرنامەیەكی هاوبەش بۆ گفتوگۆكردن لەگەڵ بەغدا و لەبەرامبەر كەرتی نەوت و گازی هەرێمی كوردستان ڕێك بكەون.

٣- پێویستە لیژنەی دانوستانكاری هەرێمی كوردستان لەگەڵ بەغدا، ئەولەویەت بە چارەسەری ئەو ناكۆكییانە بدات كە لە سەر دۆسیەی نەوت لە نێوان هەولێر و بەغدا دەركەوتووە و دەشێت چارەسەری ئەو ناكۆكییە یەكێك لە پێشمەرجەكانی لایەنەكانی كوردستانی بێت لە ڕێككەوتن و هاوپەیمانی بۆ پێكهێنانی حكومەتی داهاتووی عێراق.

٤- پێویستە پەرلەمانی كوردستان ڕۆڵێكی تەواوی هەبێت لە بەرنامەڕێژی و بڕیارسازی لەبارەی دۆسیەكە و هەر ڕێككەوتن و سازانێك لەگەڵ بەغدا لە مەڕ دۆسییەی نەوت.

٥- بەهۆی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی عێراق و پێكهێنانی كابینەی نوێی حكومەتی عێراق، بەدڵنیاییەوە پرسی یەكیلایی كردنەوە و پەسەندكردنی پرۆژە یاسای نەوت و گازی عێراق دوادەكەوێت، لەكاتێكدا

ناکۆکییەکان کاریگەرییەکی یەکجار نەرێنیان لەسەر ژیان و بژێوی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دروست کردووە و ئەوەش پێویستە بە گرتنەبەری چەند هەنگاوێکی خێرا دەکات.

لەو نێوەندەدا، پێویستە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی ئاسایی یان نائاسایی بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو دۆخە و دیاریکردنی ڕێوشوێن و میکانیزمەکانی "چارەسەری کاتی" بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی سیاسی کوردستان دیاری بکات. مەبەست لە "چارەسەری کاتی"یش گرتنەبەری هەندێك ڕێوشوێنی خێرایە بۆ تێپەڕکردنی ئەو دۆخە، تا چارەسەری ڕیشەیی بە دەرکردنی یاسای نەوت و گازی عێراق مسۆگەر دەبێت.

لە بارێکدا، ئەگەر پێویست بە پێکهێنانی ئەنجومەن یان دەستەیەکی هاوبەش لە نێوان هەولێر و بەغدا بکات بۆ سەرپەرشتی کردنی دۆسییەکە تا ئەوکاتەی یاسای نەوت و گازی عێراق دەردەچێت، پێویستە ئەو ئەنجومەنە سەر بە پەرلەمانی عێراق بێت نەك ئەنجومەنی وەزیران، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەنجومەنەکە سەر بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بێت، ئەوەهەم هەنگاوێکی پێچەوانەی دەستووری عێراق لەبەرگیراوە بە (زاڵ کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەسەر دەسەڵاتی یاسادانانددا) هەم گرەنتییەك بۆ پارێزراوی مافەکانی کوردستان لەو ڕووەوە لە جەمسەری دەسەڵاتی جێبەجێکردنددا لاوازتر دەبێت.

پێویست دەکات، ئەگەر لە بارێکدا لیژنەیەکی گفتوگۆ لە نێوان هەولێر و بەغدا بۆ دانوستان و ڕێککەوتن لەسەر دۆسیەی نەوت دیاری بکرێت، ئەو لیژنەیە یان ڕاستەوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان پێکبێت وەك لیژنەیەکی کاتی، یان ئەوەی لیژنەکە لە هەر بڕیارێکدا بۆ پەرلەمانی کوردستان بگەڕێتەوە.

لیژنەی پیشەسازی ووزە وسامانە سرووشتییەکان

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆك و جێگر و بڕیاردەری لیژنەی پیشەسازی و وزە، ئێستا یەك نوقتەی نیزامیمان هەیە، بەڕێز کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە ڕاستیدا جێگەی تەقدیرە بۆ هەردوو لیژنەی مەعنی کە دوو ڕاپۆرتی تەواو تێرو تەسەلیان پێشکەش کردین، من ڕێگە بەخۆم دەدەم وەکو ئەندامێکی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانیش بووم، ڕاپۆرتی تێرو تەسەلی وامان نەبینی، بۆیە جێگەی تەقدیرن لە ڕاستیدا، سەرەتایەکی دڵخۆشکەرە، بەلاّم بەپێی بەرنامەی کارەکە ئێمە قسە لەسەر قەیرانی دارایی و ئابووری بکەین، و پێدانی مووچەی مووچە خۆران دەکەین، کەیسی دارایی و کەیسی سامانە سروشتیەکان، دوو کەیسی زۆر زۆر جیاوازن، هەروەها تێهەڵکێشن، بۆیە لەم دانیشتنەدا من ڕام وایە ئەبێ پەرلەمانی کوردستان قەرار بدات یەکێك لەو دوو مەسەلەیە موناقەشە بکات، هەرچەندە لیژنەی سامانە سروشتییەکان خۆیان لە ڕاپۆرتەکەیان ئاماژەیان کردووە، کە پێویستیان بەدانیشتنێکی نا ئاسایی یان تایبەتە سەبارەت بە کەیسی نەوت و سامانە سروشتییەکان و هەناردە کردنی نەوت، ئەم بابەتە حەسر بکەین لە جێگەی خۆی، چونکە پێموایە ئەگەر تێکەڵ بێ، سەر ئەکێشێ بۆ بابەتی تر و مەسەلەی تر، تەئکید لە بۆچوونەکەی برای بەڕێزم

د.فرست ئەکەمەوە، کە بەپێی پەیڕەو و بەپێی بەرنامەی کار، تەنها ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی و مەسەلەی دارایی ببێتە بابەتی سەرەکی ئەم دانیشتنەمان، سوپاس.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ڕەئی ئێمە وەکو لیژنەی دارایی و ئابووری ئەوەیە لەیەك مەحەتە پێویستیمان بە دۆسییەی نەوت ئەبێ، ئایا ئەم فرۆشتنی نەوتە و ئەم گرێبەستانە لەم قۆناغی پێداویستیە داراییەکانی کوردستان دابین دەکات، یاخود نا؟.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو ئامینە خان.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابێ سەرۆکێ پەرلەمانێ ئاماژە دا ل دەستپێکیا ئاخافتنێت خۆدا کو ئەو پرسیارە بۆ جەنابێ سەرۆکێ ئەنجومەنێ وەزیران کاك (نێچیرڤان بارزانی) بۆ ڕیشتنا رۆژێ دوو شەمبێ خۆ ئامادە بکەن، هەردوو دۆسییە دێ موناقەشە ل سەر دێتە کرن، ئان ژی ڕوون کرن ل سەر هەر دوو بابەت دهێتە کرن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح(سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورن، لە ڕاستی من پەلەمە بچمە دەرەوە، چونکە لە دەرەوە بانگ ئەکرێم، تۆزێك قسە هەبوو ئیتر باقی بۆ ئێوەی جێ بهێڵم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ دەتوانی ئێستا بچی قسە بکەی و دواتر وەرەوە.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر لەوانەیە زۆر بخایەنێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ابراهیم فەرموو، نوقتەی نیزامیە؟.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز تەئیدا خوشکە ئامینایێ دکەم، وەسا تێگەهیشتم سەرۆکێ پەرلەمانی کوردستان، پرسیارێت دارایی و پرسیارێت پیشەسازی و وزە، ئەو پرسیارە دێنە ئاراستە کرن، ڕۆژا چار شەمبێ کو دێ جەنابێ سەرۆك

وەزیران دێ دەست نیشان کری، کابینا نو دەست پێ کرن، دگەل وزیرێت مەعنی مەوزوعی دێتە ڤێری، ویجا نزانم مەسلەحەت د بینم کو ئەو پرسیارا بمینن بۆ وێ رۆژێ، ئەو پرسیارە بۆ وێ رۆژێ دمینن و دەرگە بێتە گرتن، چونکە قسە قسە دەکێشێت وەکی سۆرانی دبێژیت، پێویست ناکەت ئەم هەمی دێ نوقتەکی راوەستن، ئەڤ ١٥ پرسیار دگەل بیست و شتەك پرسیار، ٤٠ پرسیار، کورتن و بێت پوختن، بلا بۆ وێ رۆژێ بێ رۆژا چار شەمبێ، کو یێ مەعنی مەوزوعی جابێ بدەت ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سۆران فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ کاك سالار، کەڕاپۆرتەکەی سامانە سروشتییەکان لە لیژنەی پیشەسازی و وزە، سامانە سروشتییەکان باسێکی تایبەت و سەربەخۆیە، هاوڕام لەگەڵ کاك علی کە لەو فەقەرە ئێمە پێویستیمان بەوەیە ئایا داهاتی نەوت چەنێك ئەتواندرێت لەم قەیرانە ڕۆڵ ببینێ؟، چونکە قەیرانەکە ئەو دروستی کردووە، ئایا داهاتەکەی ئەتوانێ لە ئێستادا ڕۆڵ ببینێ؟، بۆیە پێم باشە پێشنیار ئەکەم ڕاپۆرتەکە بخرێتە بەرنامەی کاری ئایندە، تایبەت ئەو ڕاپۆرتەی سامانە سروشتییەکان قسەی لێ بکرێ، ئەمڕۆ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، تەسەور ئەکەم عەمەلی بێ، بتوانین گفتوگۆی لێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، یەك نوقتەی نیزامی تر ماوە، ئێڤار خان فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە ئەمڕۆ هەموومان چاوەڕێی وەزیری پیشەسازیمان دەکرد، هەروەها چاوەڕێی وەزیری دارایمان دەکرد، دیارە هەردووکیان ئەمڕۆ ئامادەنین، زۆربەی پەرلەمانتارانیش هەموویان چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد پرسیار ئاراستەی ئەوان بکەن، دیارە دوو بەیانی ئەوانە دێن، ئامادە دەبن، وا باشە ئەو رۆژەی کە ئەوان دێن پرسیار و تێبینیەکان ئاراستەی ئەوان بکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە یەك نوقتەی نیزامی تر ماوە، ئەکید ئەم بابەتە پێویستی بەوەیە، یەکلای دەکەینەوە، سێ پێشنیار زیاترە، ئەوانەی کە لەگەڵ ئەوەنە ئەم دوو ڕاپۆرتە جیا بکرێنەوە، دوایی دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەك بڕیاردەری لیژنەی یاسایی، حەزم لێیە تەوزیحێك بدەم، ئێمە لەبەردەم جوملەی حکومەتی کار بەڕێ کەر ئەمەمان بەکارهێناوە، قسەش لەڕووی پێکهێنانی حکومەتی کار بەڕێکەرە، ئەو حکومەتەی کە ڕۆژانە کاری هاووڵاتیان ئاسان دەکات، جگە لەوە ئێستا تەکلیفی سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەت کرایە بە ڕەسمی، کاندیدەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ، واتە جارێك ئەم حکومەتە لە ڕووی مەسئولیەت و دەسەڵات و بڕیاردان، هەم پەرلەمانی کوردسان ناتوانێ ڕۆڵی ڕەقابەی هەبێ، بە بنەمانی ئەوەی کە متمانەمان پێی نەداوە، بە بنەمای ئەوەی کە ئەو حکومەتە ئێستا خۆی دەست لەکارکێشاوەیە، بۆیە هەر خودی دانیشتنەکە تێبینی قانونیمان لەسەر هەبووە، لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتیش باسمان کرد ئێمە، بەڵام لەبەر ئەوەی مەسەلەی ڕوون کردنەوە بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەسەر مەسەلەی مووچە و داهاتی دارایی شتێکی گرنگ بووە، بڕیار درا ئەم دانیشتنە بکرێ بۆ ڕوون کردنەوە، ئەگەر ئەم ڕاپۆرتانە لەیەك جیا دەکەنەوە، بەتەنیا موناقەشەی دەکەن، هیچ ئینتاجێکی پەرلەمانی لێ ناکەوێتەوە، بەو مانایەی کە وا ئێمە بتوانین سەحبی سیقە لە حکومەت بکەین، بەو مانایەی بتوانین بڕیاری نوێیان بۆ بدەین کە چۆن ئەو ڕاستیە چارەسەری ئەم پرسانە بکەن، بۆ یەبەڕاستی پێویستە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان بزانین کە ئەم دانیشتنە زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەیە، ئامادە بوونی سەرۆکی حکومەتیش و هەر لایەنێکی تر، تەنها بۆ مەسەلەی ڕوونکردنەوەیە، ئەگەرنا پەرلەمانی کوردستان ناتوانێ لەگەڵ ئەو کابینەیە تەعامول بکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوباس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی پشتگیریا ئاخافتنێ ئێڤار خانی دکەم، مادام دێ وەزیرێ مەعنی و سەرۆك وەزیران ئامادەن بۆ ڕۆژا بەریانا ژی، بۆ دانیشتنا وێ دێتن، یەعنی وەسا پێشنیارێ دکەم کو ئەو پرسیار و ئەو گەنگەشە بێتە کرن ل سەر وی بابەتی ببێتە دواخستن، ئەو ڕۆژا وەزیرێ مەعنی حازر ببت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوباس، فەرموو زۆزان خان.

**بەڕێز زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل ڕاپۆرتا لیژنا دارایدا پێشنیارا خۆ ل وەفدێ حکومەتێ و نوێنەرێ سەرجەم حیزبێت کوردستانی و فراکسیۆنا پەرلەمانی کو پێك بهێن بۆ دانوستاندن کرنێ ل سەر، ئان گفتوگۆ کرنێ، ل گەڵ حکومەتا عیراقێ ل سەر ڤی بارودۆخێ نوکە، هزرا من وەکی بەری نوکە ژی دگەل هەڤالا من دانوستاندن کری، کو

پێدڤیتن سەرۆکێ هەرێمێ ئەڤ دەسەلآتا هەبیتن، کو ئەوێ لیژنێ ڕاسپاردە بکات بۆ هندێ کو دانوستاندن بهێتە کرنێ، لیژنا .......

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆزان خان زەحمەت نەبێ ئێمە نەچووینە موناقەشە کردن، نوقتەی نیزامی بەس نوقتەی نیزامی، نوقتەی نیزامی سێ نوقتەمان ماوە، هەر زیاد دەبێ، کاك شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر لەو هاوڕێیانە یەعنی دۆخەکەیان وا لێ کرد ئیتر پێموابێ دانیشتنەکەش سوودی نامێنێ، بۆیە من ئەگەر لێم ببوورن پێشنیازی ئەوە ئەکەم بۆمان ڕوون بکەنەوە، یاخود پێمان بڵێن کێ دەسەلآتدارە لەم هەرێمە؟، با ئەو بانگ بکەین، بیخەینە ژێر پرسیار و موحاسەبە کردنەوە، دۆخی کوردستان بۆ بەم دۆخەی ئێستاکە گەیشتووە، ئێمە نەتوانینن ئەم وەزیری داراییە، ئەم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەی کە دیسان ٢٠ی مانگ ڕاتان سپاردووە، ئەمانە بانگ بکەین، ئەی نازانم ئیتر بەراستی بۆ دانیشین و ئەم دانیشتنە درێژە پێ بدەین؟، سوپاستان دەکەم، ئومێد ئەکەم بۆمان ڕوون بکەنەوە، کێ مەسئولی ئەساسیە؟.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێرکۆ سوپاس بۆ ڕەئی جەنابت، یەك نوقتە هەیە پێش ئەوەی برادەران نوقتەی نیزامی خۆیان بڵێن، ئەوەی ئێرە سەفسەتە نییە، ئەوەی لێرە دەکرێ دەربڕینە لە ڕەئی ئەندام پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، حەز دەکەم ئەوە بزانن ئەوەی لێرە باس دەکرێت لە چوارچێوەی یاسایەو پرەنسیپەکانی دەستووریە لە هەرێمی کوردستان، یەعنی حکومەتی بەکاربەر ئەوی خۆی هەیە، پرەنسیپەکانی خۆی هەیە، چون کار بکات؟، ئەوەی باس دەکەن ئەم ماوەیە، ئەگینا کە متمانەت بە حکومەت دا، ئەوکاتە دێنە ئێرە پرسیار دەکەی، پرسیار دەبێتە لێپرسینەوە و بەو شێوازەی کە هەیە، ئەو مەسەلانە، کاك فرست و داتر دێینەوە.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای ئەوەی کە پشتگیری قسەکانی کاك سالار دەکەمەوە، بەیەك خاڵ تەئکید بکەین، ئەویش ئەوەیە ئێمە نین بڕیار دەدەین کە ئایا وەزیر بێت یان نەیەت، ئەوە پەیڕەوی ناوخۆیە، ئەوە بەپێی ئەو یاسایانەی کە هەمانە بەو شێوەیە کە ئەگەر بمانەوێت ئەو نیزامە بگۆڕین، دەبێ قانونەکان تەعریف بکەین، بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە ئەمڕۆ کۆبوونەوەی خۆمان درێژە پێ بدەین، هەر بەڕێزێك ئەندامی پەرلەمان مولاحەزاتی خۆی بڵێ، چونکە بەپێی پەیڕەو سەرۆك وەزیرانیش بێت، وەزیرەکانیش بێن، ئێمە حەقی پرسیار کردن و ڕێ و شوێنەکانی ڕەقابی بەپێی پەیڕەو ڕێنماییەکان لەگەڵیان دەکەین، تەنها دەتوانین گوێیان لێ بگرین، بە ڕوونکردنەوەکانی ئەوان با لەسەر ئەو موناقەشەیە بین کە ئەمڕۆ ئێمە لێرە

دەیکەین، لە چوارچێوەی ئەو پرسیار و راپۆرتانەی ئەو بەڕێزانەی کە موداخەلە دەکەن پێشکەشیان بکرێ، بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەکان بۆ ئێمە و بۆ خەڵکی کوردستان لەسەر ڕۆشنایی ڕوون بوونـەوەی ئـەمڕۆ بێـت، بۆیە پێشنیار دەکەم کۆبوونەوەکە وەکو ئەوەی کە هەیە بەرنامەی کاری خۆی پـەرە پـێ بـدات، ئەنـدامانی پەرلـەمان مولاحـەزاتی خۆیـان بـدەن، ڕۆژی چوارشـەممە تـەنها سـەرۆك وەزیـران و وەزیـرە ئامادەبووەکـان ڕوونکردنەوەمان پێ بدەن، لە سەر ڕوونکردنەوەی ئەو کۆبوونەوەیە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك فرست، من دەمەوێ ئاماژە بە خاڵێك بدەم، سێ هەڤاڵ ماون، سێ بەڕێز ماون یێ نوقتـەی نیزامینە هەرسێك ئەوانە تەواو دەکەین، دوای دێین بڕیار لەسەر ئەو مەسەلەیە دەدەین، ئـەوە راپۆرتەکـە، ڕێواز خان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم کە ئەو پێشنیارەی سێ کەس زیاتر خستیانە بەردەمی بەڕێزتان، کە ئەدرێتە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوەی ئەوەندەی مەسەلەی نەوت پەیوەندی بە ئەم قەیرانەی ئێستاوە هەیـە، لـە هـەردوو پرسـیاری (٩) و(١٥) ی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی وجودیان هەیە، من وەکو ئەندامێکی لیژنـەی دارایـی، لیژنـەی نـەوت و غاز، یـان پیـشەسازی و وزە، لەگـەڵ ئـەوەم کـە ئـەو ڕاپۆرتـە پـڕ مەعلوماتـەی کـە ئێمـە ئامادەمـان کـردووە نەکەوێتـە نێـوان ئـەو قـەدەرەی نەتیجـەی هەیـە و نەتیجـەی نییـە، پرسـیارە یـان پرسـیار نییـە، عەینـەن شەخسیەت مورەشەحە بـۆ کابینـەی داهـاتوو، ئەگـەر هاوڕێکانم لـێم قبـوڵ بکـەن بـەناوی ئەوانیـشەوە داوا دەکەکـەم ڕاپۆرتەکـەی ئێمـە لـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی جیـا بکرێتـەوە، بـۆ کـاتێکی تـر ئێمـە وەزیـری تایبەتمەنـدی سـامانە سروشـتییەکان بـانگ بکـەین، سـەبارەت بـە پرسـیارەکانی خۆمـان لـەو بارەیـەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئومێد خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك گۆران ئازاد دەکەم، فیعلەن وایە ئێمە دوێنێ لـە کۆبوونـەوەی فراکسیۆنەکانیش باسمـان کـرد، تەڵـەبی ئێمـە لـە هـەردوو لیژنـە ئـەوەبووە، ئەگـەر پرسـیارەکانیان وەڵامـدەرەوەی هـەموو داخوازیەکانی یان پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان بێ، کەمترین گفتوگۆی دەربـارەوە بکرێ، هـەمووشمان دان بـەوە دادەنـێین کـە دوو ڕاپـۆرتی زۆر شـامل بـووە، هـەموو مەسـائیلەکانی لـەخۆی گرتـووە، سـەرۆکی پەرلەمانیش ڕایگەیانـد هـەردوو ڕاپۆرت ڕەوانـە کـراوە بـۆ سـەرۆك وەزیرانـی راسـپێردراو کـە لـە کابینـەی ڕابردووشـدا سـەرۆك وەزیـران بـووە، بۆیـە ئێمـە بـەپێی پـەیڕەو کـەناتوانین لـەو ڕۆژەیـدا پرسـیار ئاراسـتە

بکەین، ڕێکارە یاساییەکان و لێپرسینەوەی متمانەو هەر ئیجرائاتێکی دیکە بگیرێ، واتە باشترین ڕێگە ئەوەیە ئێستا ئەگەر ئێمە قسە بکەین لەسەر ئەم دوو ڕاپۆرتە، زیاتر قسە دەرباری ئیزافەی ئەو دوو ڕاپۆرتە بکرێ، ئەگەرنا ڕۆژی چوارشەممە چاوەڕوان دەکەین پرسیارمان کردووە، ڕاپۆرتەکە هەموو مەسائیلەکانی لەخۆی گرتووە، چاوەڕوانی ڕوونکردنەوەی حکومەت دەکەین.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شکریە خان فەرمووو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە ئەو برا بەڕێزانە وتیان، سەبارەت بە جیا کردنەوەی هەردوو ڕاپۆرت، لە ڕاستیدا شتەکە زۆر گونجاو بوو، بەڵام ئەگەر ئێمە بەچاوێکی واقیعی تەماشای شتەکان بکەین، هۆکاری قەیرانی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا پەیوەستە بە سامانە سروشتییەکان، ناردنەوەی نەوت کە ئەو قەیرانە لە حکومەتی ناوەند ڕوویداوە، بۆیە من پێموایە ئەم دوو مەسەلەیە پەیوەستە بە یەکەوە و تێکهەڵکێشراوە، بۆیە ئەمە فرسەتێکی زۆر باشە، ئەگەر هەر سامانە سروشتییەکانیشە، دەتوانێ قەیرانی ئابووری چارەسەر بکات، بۆیە ئەوە دەرفەتێکی چاکە، کە سەرۆکی هەرێم و هەردوو وەزیرەکە پەیوەست بەم بابەتانەوە دێن بۆ ئێرە ئەو پرسیارانەیان ئاراستە بکرێت، هۆکار و چارەسەرەکان تاوتوێ بکرێ، بەڕێز سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی تەواو بوو، کاك د.شێرکۆ فەرموو ڕوونکردنەوەی خۆت بدە.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەوەی کە داوامان لێ کرا، بریتی بوو لەوەی کە بەدەوری دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران بجوڵێینەوە، هەردوو لیژنەکە بتوانن ڕوونکردنەوەی پێویست بدەن لە ڕووی ئەوەی کە ئەم دیاردەیە بۆ ڕوویدا، دەرئەنجامەکانی چین؟، پێشبینیەکان چییە بۆی؟، ئەو ئەفکارانە چین بۆ چارەسەر کردن؟، بۆیە لەسەر ئەساسی ئەو داواکارییەی کە لێمان کرا، ئێمەش ڕاپۆرتی خۆمان ئامادەکرد، دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران لە لایەکەوە پەیوەندی بەوە هەیە کە ئایا ئێمە بەدیلمان هەیە بۆ ئەوەی کە لە بەغداوە دێ، بەدیلی ناخۆیمان هەیە، لە بەدیلی ناوخۆییا ئایا داهاتی نەوت و سامانە سروشتییەکان ئەتوانن ببن بەو بەدیلەی کەلە بەغداوە دێت، پرسیارە جدیەکە لێرەدایە، لێرەدا خاڵی یەکخستنی کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆ لە نێوان دارایی و سامانە سروشتییەکان، بۆیە دوو ڕاپۆرت ئامادەکرا، بۆ ئەوەی کە بەڕێزتان و ڕای گشتی بە ئاگا بێنینەوە لەو تەفاسیلانەی کە لەو مەعلوماتانەی کە هەن، لەبەر دەست، بۆ ئەوەی کە هەمووان ئاگایان لێی بێ، ئەمە یەك، دوو، بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکومەت و لەگەڵ

ئەو وەزیـرە پەیوەندیدارانـەی کـە دێـن لەگـەڵی بتـوانین بەیـەك ئاراسـتە پرسـیاری تایبـەت بـە دواکـەوتنی مووچـە و شـێوازی چارەسـەر کردنەکـەی بکـەین لـە بـەرێزیان، بۆیـە بـە تەئکیـد ئێمـە داوا دەکـەین کـە مەسـەلەی پرسـی سـامانە سروشـتییەکان و وزە بـەجیا لـەکاتێکی جیـا، تەفاسـیلی زۆری هەیـە، ئـەم بابەتـە پەیوەندی بەمووچەوە هەیە، ئێمە ڕوون کردنەوەمان هەیە وەکو سامانە سروشتییەکان، وەکو دابین کردنی داهات، بۆ دابین کردنی مووچە، بەڵام مەسەلەی پرسی سامانە سروشتییەکان و وزە ئێمە بە فەرمی داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردسـتان دەکـەین، کـە لـەکاتێکی دیـاری کـراو و بـەزووترین کـاتیش دوای متمانـە بەخشین بە وەزیری ڕاسپێردرا و بۆ سـامانە سروشـتییەکان ئامـادەبێ، کۆبوونەوەیـەکی تایبـەتی پەرلـەمان ساز بکەین بەو بوارەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وێڕای دەسـت خۆشـیمان بـۆ هـەردوو لیژنـە، لیژنـەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری و وەبـەرهێنان، لیژنـەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان، بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، بەو شێوە زوویـە ڕاپـۆرتی تێـرو تەسەلیان حازر کردووە، دەست خۆشیان لێ دەکەین، بـەناوی سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی کوردسـتانەوە، ئێـستا ئەو پێشنیارەی کە لەلایەن ژمارەیـەك لـە ئەنـدامانی کوردسـتان کـراوە، سـەبارەت بـەوەی ئـەو دوو ڕاپۆرتـە لەیەك جیا بکەینەوە، وتو وێژ کردن سەبارەت بەو دوو ڕاپۆرتە لەیەك جیا بکەینەوە، لە دانیشتنی ئەمڕۆ، تـەنها وتـو وێـژ سـەبارەت بـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری و وەبـەرهێنان بکـەین، بـۆ دانیشتنێکی تر و دانیشتنێکی تایبەت تر، وتـو وێـژ لەسـەر ڕاپـۆرتی لیژنـەی پیـشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان ئەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ جیا کردنەوەیان دایە، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە ٧٥ کەس لـە گەڵیـەتی، کـێ لەگـەڵی نیـە؟ ١٥ ئەنـدام لەگـەڵی نییـە، کەواتـە پەسـەند کـرا، زۆر سـوپاس بـۆ دەسـتەی سەرۆکایەتی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان، فەرموون دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان، فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەسا دیار بوو کە سێ کەس داخاز کر کو ئەڤ ڕوون کردنی تەنێ بگەهنە دەستێ جەنابێ سەرۆکی وەزیرانی کو چار شەممێ بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

نا، نا ئامادە کراوە و هەردووکی ئاراستەی حکومەت کراوە، بە نووسراوی ڕەسمی ئاراستەی حکومەت کراوە، لایان دەبێ، ڕۆژی چوار شەممەش ڕوونکردنەوەی پێویستی لەسەر دەدەن، ئێستا ناوی ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن دەینووسین، کاك عمر نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت فەرمووت کە ڕاپۆرتەکە ئاڕاستە کراوە، ئەگەر ئاراستە کراوە ئێمە ئێستا موناقەشەی چی دەکەین؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

دەتوانین ئیزافاتی دوایی بکەین، بەس ڕاپۆرتەکان حازر کرابوو، سهام خان فەرموو.

**بەڕێز سهام عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێ پتر ژ یا سێ هاتە دان، کو دەنگدان کو وێ بێتە کرن، ئەڤ پرسیار بهێنە ئاراستە کرن، پرسیار نەهێنە ئاراستە کرن نوکە، بۆ لیژنا دارایی نە سامانە سروشتییەکان، ژ من بە نەهاتە بەردەنگدانێ کو ئەو بهێتە کرن، پێتڤی بوو بێتە دەنگدانێ بۆ هەردووکا موجەھ بوو کو ئەڤ پرسیارا بهێتە دان، کو داخستن بۆ ڕۆژا چار شەممبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەزانی سهام خان لە سەرەتای دانیشتنی ئەم بەشی دووەمی دانیشتنەکەمان ڕوونکردنەوەمان دا لەوەی ئێستا حکومەت دەستی لەکارکێشاوەتەوە، بۆیە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ناتوانرێ پرسیاری ئاراستە بکرێ، ئەم ڕاپۆرتانەی ئاراستە دەکرێ بۆ ئەوەی ڕۆژی چوار شەممە، بۆ زانیاری جەنابتان ڕۆژی چوار شەممەش ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان ناتوانین پرسیار ئاڕاستەی سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان بکەین کە بێنە پەرلەمانی کوردستان، ئەم ڕاپۆرتانەیان ئاراستە دەکەین، ئەوانیش ڕوونکردنەوەی خۆیان دەدەن و بیروبۆچوونی خۆشیان لەسەر ئەو قەیرانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە دەخەنە ڕوو پرسیارەکانمان هەڵدەگرین بۆ ئەو کاتەی حکومەت انشاءالله متمانەی پێ دەدەین، ئەوکات دەستی ئەندامانی پەرلەمان کراوە دەبێ لەوەی پرسیار ئاراستەی سەرۆك وەزیران و وەزیرەکانی هەرێمی کوردستان بکەن و داوای وەڵامیش بکەن، کاك ئومێد نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالله خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەست دەکەین ڕەئیەك دروست بووە لەوەی کە هەموومان ئەو قەناعەتەمان لەلا دروست بووە کە پرسیار کردن دەکەین ئەنجامی نەبێتن هیچ نەتیجەیەکی نابێ، ئێمە دوو ڕاپۆرتمان هەبووە بە تایبەتی ڕاپۆرتی دارایی جوابی هەموو ئەو پرسیارانەی تێدا هەیە کە ئەمە پرسیارن و بەلامانەوە وەکو ئەندامانی پەرلەمان، کە ناشتوانین ڕۆژی چوار شەممە ئەو پرسیارانە ئاراستەی سەرۆك وەزیرانی ڕاسپێردراو بکەین، هەموومان لەسەر ئەو پرسە قسەمان هەیە، مەوزوعەکە ڕەبتی بە تاك تاکی خەڵکی ئەم وڵاتەوە هەیە، بە موناقەشەکانیشمان تەنها کات کوشتن نەبێت هەموومان کە قسەمان دەربارەی هەیە، دەشمانەوێ زیاتری

قسه دەربارەی بکەین کە کاتێك قسە دەکەین نەتیجەی هەبێ، کە نەتیجەی نییە، واتە ئێمە تەنها ئەو دروشمانەمان دەبیت و ئەو عاتیفەمان دەبێت کە ڕۆژانە وەکو ئەندامانی پەرلەمان لەلایەن هاووڵاتیانەوە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ڕاستە وایە، چەندین جاریش ئەمەمان باس کردووە، لە کۆبوونەوەی دوێنێش ئەمەمان باس کردووە، بەڵام بۆ خەڵکی کوردستان گرنگە کە پەرلەمانی کوردستان و لیژنە پەیوەندیدارەکان لە پەرلەمانی کوردستان ڕوونکردنەوەیان هەبێ سەبارەت بەو قەیرانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، قسەیان هەبێ لەسەری، داوای ڕوونکردنەوەش لە حکومەت بکەن، ئێستا کە حکومەت خۆی ئامادەیە ڕوونکردنەوە بدا لەبەردەم پەرلەمان ئەمە هەنگاوێکی زۆر باشە، کەواتە ئیشەکەمان مونتیجە، حکومەت دێت و ڕوونکردنەوە بە پەرلەمانی کوردستان و لە ڕێگای پەرلەمانی کوردستانەوە بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی دەدات سەبارەت بەو قەیرانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، باشە کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا جێی تەقدیرە سەرۆکایەتی ئەم مەسەلەی خستە بەرنامەی کارەوە، وەکو دەزانن هەموو پەرلەمانتاران ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بوونەتەوە لە ئاستی جیا جیادا، بەڵام ئێمە دەبێ حەقیقەتێك بزانین، دۆخێکی نائاسایی و بارێکی نائاسایی دروست بووە، ناتوانین سەد لە سەد خۆمان بە ڕێوشوێنەکانی پەیڕەوی ناوخۆ گرێ بدەین، بە تایبەتیش هەندێ باری واقعی لەبەرچاو بگیرێ، کە سەرۆکی حکومەتی ناسێندراو لە پەرلەمانی کوردستان هەمان سیاسەتی چوار ساڵی ڕابردوو و مەسئولیەت دەگرێتە ئەستۆ بۆ چوار ساڵی ئایندە، لەبەرئەوە ئێمە دەتوانین بانگی بکەین و بانگ کردنەکەش تەنها لەسەر مەبدەئی سزا و پاداشت نییە، بەڵکو ڕوونکردنەوەیە هەم بۆ ئێمە و هەم بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، چونکە شەرت نییە هەر دانیشتنێك لەسەر بنەمای سزا و پاداشت بێ ئەوەندەی ئێمەش لەسەر زەوئی بۆ نموونە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و سامانە سروشتییەکان من بەش بە حاڵی خۆم سوودم لێ بینی، بۆیە بۆ ڕەئی عام و بۆ خەڵکی تریش دەبێ بەرچاو ڕوونیمان هەبێ بۆ ئەوەی بۆ پێشهاتەکان ئامادەکاریەکی باش بکرێ و من ڕام وایە ئێستاکە هەرچەندە گوێبیستی ئەوەش بووین ڕاپۆرتەکان نێردراون هیوادارین نەنێردرابن بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان و هۆڵی پەرلەمان قوەتی خۆی بخاتە نا ڕاپۆرتەکە، پێشنیاری پەرلەمانتارانیش ئیزافە بکرێ، ئەگەر نێردرابێت دەتوانرێ کانسڵ بکرێ و دواتر سبەینێ بنێردرێت تا موناقەشەی ڕاپۆرتەکە بکەین، پێموایە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلە و هەندێ ئیزافەی تری دەوێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سێ ئەندامی پەرلەمان داوای ئەوەیان كرد كە لەبەرئەوەی مافی پرسیار كردنمان نییە لەم ڕۆژەدا لەڕووی یاساییەكەوە، ئەوان مافی ئەوەیان هەیە بخرێتە دەنگدانەوە و داوایان كرد لەبەر ئەوەی مافی پرسیار كردنمان نییە با ئەم جەلسەیە هەڵگرین بۆ ڕۆژی چوار شەممە پێویستە مافەكانیان پارێزراو بێ و بخرێتە دەنگدانەوە، چونكە سێ ئەندام پەرلەمان بوون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

پێموابێ خاتوو تەلار مادام ئەوەمان خستە تەسویتەوە، كاك د.عزت فەرمووو.

**بەڕێز د.عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیارێك دەكەم لەبەرئەوەی دوو لیژنەكە بوو بە یەك لیژنە گفتوگۆش بۆ لیژنەی دارایی و ئابوورییە، پێشنیار دەكەم پەرلەمانتارە بەڕێزەكان ئەوەی لە زمنی ئەو ٢٥ پرسیارە یان ئەوەی پەیوەیستە بە پرسیارەكانی لیژنەكەی ترەوە نەكراوە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان چ پێشنیار و پرسیاری تریان هەیە بیكەینە ناو ئەم ڕاپۆرتەوە و دەوڵەمەندی بكەن بە پرسیار و تێبینیەكانیان ئینجا ڕەوانەی سەرۆكایەتی حكومەتی ڕاسپێردراوی بكەن، پێموایە ئەوە بەرهەمێكی باشی دەبێ، بەمەرجێك ئەو پرسیارانە، ئەو پرسیارانە بن كە لە زمنی ئەم ٢٥ پرسیارەی ئێمە دانییە، بۆ ئەوەی دەوڵەمەند تر بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، كاك تحسین فەرمووو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بڕیار بێ ئەم ڕاپۆرتە دەوڵەمەند بكرێ، هەر پەرلەمانتارێك كە بیرۆكەیەكی هەیە یان فكرەیەكی باشتری هەیە بە نووسین با بنێردرێت و دەوڵەمەند بكرێ، نیقاش لێرە تەسەور ناكەم هیچ زیاد بكات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

پێم وابێ لە دوێنێوە فراكسیۆنەكانمان ئاگادار كردووەتەوە كە سەرنج و تێبینیەكانمان بدەن بە لیژنەی دارایی و ئابووری و پێموابێ بەشێكی ئەو پێشنیارانەش، نەگەیشتووە، بۆیە وا باشترە بیدەن، امینە خان فەرمووو.

**بەڕێز امنه زكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤە هەڤ دژیە دگەل مەبدەئی پەیڕەوی كو دبێژیتن لێ پرسینەوە ناهێتە ئەنجامدان، خۆی مەبدەئیكی قانونییە مادام ژی چار شەممبێ ئەم نەشێن پرسیارێ بكەین، بۆچی ڤە هەلگرن بۆ ڕۆژا چار شەمبێ، ئان دڤێتن ئەم لسەر هەندێ ئیتفاقێ بكەین، مادام لیژنا دارایی ڕاپۆرتا خۆ كامل كری، پرسیارەكان ئامادەنە دوو شێوازێت هەی، ئێمە پەرلەمانتار موتەفقین لسەر هەندێ هەر پرسیارەكا هەی ئەم دنڤیسین ئەم ددەینە لیژنا دارایی ڕاپۆرتا خۆ پێ سانكی بكەین، یان ژی بەردەوام بیت ل موناقەشە كرنێ، ئەز ڕۆژا چار شەمبێ ئەم نەشێین چ پرسیارا ئاراستەیێ سەرۆكی حكومەتێ ڕاسپێردرا و بكەین، ژ بەر هەندێ ل پەیرەوێ ناگونجێ بخرێنە دەنگدانێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئەگونجێ ئەو پێشنیارە بخەینە دەنگدانەوە، بۆ دوای ڕۆژی چوار شەممە، ڕۆژی چوار شەممە بەرنامەكە موحەددەدە، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری حازرە، فەرموو.

**بەڕێز امنه زكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر پشتی ڕۆژا چار شەمبێ بیتن دیسان ئەڤ موناقەشە بهێتە كرن، هەدەفا مە پێك ناهێت، هەدەف ئەوە ڕۆژا چار شەمبێ هەر ڕوونكردنەكا، یەعنی ئەو پرسیارا مەبەستی ئەوە كو سەرۆكی ئەنجومەنێ وەزیرانێ ڕاسپێردراو بۆ هەندێ كو ڕوونكردنێت خۆ چارچێڤە مە دابیتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

نوقتەی نیزامی زۆر زیاتر بووە لە قسە كردن، دیسانەوە جارێكی تر گەڕاینەوە سەر هەمان نەریتە كۆنە خراپەكە، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك لە بەرنامەی كار هاتووە گفتوگۆ كردن سەبارەت بە قەیرانی دارایی و ئابووری، لەبەرئەوە تكایە با گفتوگۆكە دەست پێ بكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

باشە، كاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو كریسە و ئەو ئەزمەیەی كە ئەمڕۆ گەلی كوردستانی تێ كەوتووە بەشی سەرەكی خەتای حكومەت و پەرلەمانە، حكومەت و پەرلەمان پێویستە كێشەكان لێرە چارەسەر بكەن، ئەگەر سەرۆكی حكومەت یان

مەسئولینی تر کە هاتنە ئێرە وەکو نوکتەکەی لێ دێت کە گوتی (ئەگەر بخنکێم، وتی کە خنکای تفی خۆ و بکە)، چونکە ئەو دێ گوێ لە قسەیەك دەگرێ و جوابێك دەداتەوە و جوابەکە بە دڵی ئێمە بێ و نەبێ و ئەڕوات و تەواو، لەبەرئەوە پێویستە ئێمە گفتوگۆی خۆمان لێرە بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر باشە گفتوگۆی خۆمان دەکەین، ئەگەر تەنانەت پرۆسەی پرساندنیش قەرار بێ ئەوە سەرۆکی حکومەت یان هەر وەزیرێك کە دێتە پەرلەمان تەنها مولزەمە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە پێشتر ئاراستەی کراوە، لە هۆڵی پەرلەماندا تەنها سەرۆکایەتی پەرلەمان دەتوانێ سێ پرسیاری تر وەربگرێ، جگە لەو پرسیارانەی کە پێش وەخت ئاراستەی سەرۆکی حکومەت و وەزیرە پەیوەندارەکان کراوە، تەنها دەتوانێ سێ پرسیار وەربگرێ، ئێستا پرۆسەی پرساندن وەستاوە، بەهۆی ئەوەی حکومەت دەستی لەکارکێشاوەتەوە، بۆیە باشتر وایە موناقەشەی خۆمان کۆتایی پێ بێنین و ئەو ڕاپۆرتە دەوڵەمەند دەکەین و ڕاپۆرتەکان دەنێرین بۆ حکومەت، حکومەت سەیری بکات و بیخوێنێتەوە، بەڵام تکا دەکەم ئەو پێشنیارە ڕەچاو بکەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە  دەتوانن بە نووسین هەموو ڕاو سەرنجەکانی خۆتان کە هەتانە زیاتر بۆ ئەو ڕاپۆرتەی بەڕێزان ئەندامانی لیژنەکە بە نووسین بیاندەنێ و دەتوانن جێی بکەنەوە و بەیانی ڕاپۆرتەکە ئاراستەی حکومەت دەکەین، کاك د.ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فایدێ کۆمبوونا فراکسیۆنێت چنە؟؟ مادام سەرۆکا فراکسیۆنا ڕونیشتنا خوارێ، مە هەمیت هەر فراکسیۆنەکا دگەل مە رۆیشتنا خوارێ، مە پێشنیارێت خۆیت داینێ، پێشنیارێت مە بووینە پرسیار ل ڤێ ڕاپۆرتێ دا، ما داعی دکەت ئەم جارەکا دی هەڤاڵێت هەمی بکەینە بەر مایکا و مختابەبا شارعی بکەن و شارعیش خۆ بکەنە مشکیلە، یەعنی ڕاستی ئەڤ حاڵەتە هەنە و پەیدا دبێت، ئەز جارەکا دی ژی دبێژم باوەرکا کامێرا پشتە موشکیلەیە، یەعنی ئەڤ کامێرا ل پشتە، خۆ ڕاستە ئەم بلا شەفاف بن و ئەم دگەل خەڵکێ خۆ ڕاستگۆ بین، بەس موشکیلە بۆ مە دروست دکەت، ژ بەر هەندێ مە فراکسیۆنا ئیجتماع کرن، یان لازم نینە فراکسیۆنێ ئیجتماعێت خۆ بکەن، مادام ئیجتماع کرینە ٢٧ پرسیار، باشە ل ٢٧ پرسیارا باوەڕ بکە سێ سەعاتی دیش موناقەشە بکەن، هەکە دوو پرسیاریش با ٢٧ پرسیاریش زیاتر دەرکەتن، دەستێ من ببڕە و ئەندامەتیا منیا پەرلەمانێ ژی مابێژە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

نا، انشاءللە قەت دەستت نابڕین، سەبارەت بە پەخشی ڕاستەوخۆ، کارێکی زۆر زۆر باشە، پەخشی ڕاستەوخۆ هەیە، من دەزانم موشکیلەمان بۆ دروست بووە، تکایە بێ دەنگی، ئەوە مافێکی خۆیانە قسە بکەن، بەس من پێموایە لە داهاتوودا ئەمە دێتە بارە تەبیعیەکەی خۆی کە بە پێی پێویست قسە بکەین، ئەوە ماوەیەکی

زۆرە قسەمان نەکردووە، کاك علی نوقتەی نیزامی هەبوو، بەس بەڕاستی با نوقتەی نیزام بێ کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ هەندێ کو ئەندام پەرلەمانێ بەرێ ئاخافتنێ خۆ دکەن بەرێ، ئەز پێشنیارێ دکەم دانیشتنێت پەرلەمانی بێن زێدە کرن، هەڤیێ یەك یان دوو دانیشتنێت پەرلەمانی تێدا ناکرن، چونکی گەلەك پرۆژە یاسایەت بەردەست، گەلەك یاسا پێویستە بێن هەموارکرن، گەلەك کارو خەبات وئەرکێت قورس هەی، ئەز پێشنیارێت دکەم پرۆژە وهەمی یاسایت بە زمانی کوردی بێت ئامادەکرن، چونکی گەلەك وان پرۆژە یاسا ب زمانێ عەرەبینە وگەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە ئەگەر نوقتەی نیزامی نیە با دەست پێ بکەین، چونکە لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر ئەندام پەرلەمان پێویستیان بە قسە کردن دەبێ، کاك عمر بەس نوقتە نیزامی بێت تکایە، فەرموو.

**بەڕێز د.عمر مصطفى (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من لەگەڵ ڕەئی کاك سالار محمود دام، کە دەڵێ لەو بارودۆخە............ .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەمە ڕەئیە و کاك شوان نوقتە نیزامی نییە، داوای لێ بوردن دەکەم، وەحیدە خان فەرموو.

**بەڕێز وحیدە یاقو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبێژم ٢٤ پرسیارە نە ٢٥ پرسیارە، پرسیار ١٢ لێ نییە ل ڕاپۆرتێ دارایی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێ، باشە ئەوە رەخنەیەکە لەوان دەگیرێ، بەڵێ ئیڤار خان فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕۆژی چوار شەممە جەنابت فەرمووت، هەردوو وەزیری کار بەرێکەر دێن لێرە ئامادە دەبن، لەگەڵ سەرۆکی وەزیران، بەڵام ئێستا یەکلا کراوە تەنها ڕاپۆرتی دارایی دەبێت، یەعنی بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکەی تریش دەوڵەمەند بێت نازانم جەنابتان ڕەئیتان چییە، دوو بەیانی هەردوو وەزیری کار بەرێکەر لێرە دەبێ و تەنها ئێستا ڕاپۆرتی دارایی دەوڵەمەند دەکرێ، هیوادارم ڕوون کردنەوەمان بدەنێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

تازە ئەوە دەنگمان لەسەری دا، ئێستا جیا كرایەوە و ئەوە هەڵ دەگیرێ بۆ دانیشتنێكی تر، كێ قسە دەكات؟ كاك سالار نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی خوێندنەوەی ڕاپۆرتەكانیش ناوەڕۆكەكەی گەلاڵە كراوی سەرنجی هەردوو لیژنەكە و لیژنەی مەعنی و لیژنەی دارایی پێكهاتەی هەموو فراكسیۆنەكانن، هەندێ پەرلەمانتاریش تێڕوانینی خۆیان داوە پێیان، ئەكرێ بە گفتوگۆ حساب بكرێ، لە ئێستاوە بۆ سبەینێ هەر یەكە لە ئێمە، بۆ نموونە خۆم چوار پرسیارم هەیە و دەیدەم بە لیژنەی دارایی گەلاڵەی بكەن، ئەوەی پەیوەندی بە لیژنەی سامانە سروشتییەكانەوە هەیە، بۆ هەفتەی دواتر و بۆ دە ڕۆژی تر لە ئەمڕۆوە هەموو ئەندامانی پەرلەمان لیژنەی سامانە سروشتییەكان دەوڵەمەند بكەن بۆ ئەو ڕاپۆرتە و من دواخاڵم ئەوەیە پرسیار دەبێ بدرێتە بەردەست وەزیرە یان ڕەئیسی وزەرایە بۆ ئەوەی بەرچاوی ڕوون بێ و وەڵامەكانی خۆی ئامادە بكات بێتە پەرلەمانی كوردستان، لەبەرئەوە ئیكتفا بكەین و پرسیارەكان بدەین بە لیژنەی دارایی، سبەینێ لیژنەی دارایی ئەزیەت بكێشن لە پێشوازی پەرلەمانتارەكان دابن بۆ ئەوەی بتوانن تێبینیەكانیان وەرگرن، چونكە ڕاپۆرتەكانی لیژنەی داراییش پێویستی بە سەرنج و تێبینی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی بە دەنگدانی ئێوە ئەم پرسە یەكلابێتەوە، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ........... .

**بەڕێز ابوبكر عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چونكە تۆ ئەوەت خستۆتە بەرنامەوە كە گفتوگۆی لەسەر بكەی، كوا گفتوگۆ، بەس ڕاپۆرت خوێندراوەتەوە، گفتوگۆی پێ ناوترێ ئەمە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیوادارم كۆبوونەوەی سەرۆكی فراكسیۆنەكان لەگەڵ سەرۆكایەتی بۆ ئەوە نەبێ كە ئیتر سەرۆكی فراكسیۆن كە كۆبوونەوە هیچ پەرلەمانتارێ مافی گفتوگۆی نەمێنێ و ئەبێ مولزەم بن پێوەی، مەرج نییە و ڕای جیا هەیە هەموو وەكو یەك بڕیار بدەین مادام سەرۆك فراكسیۆنەكان لەگەڵ ئێوە كۆببنەوە، جا

ئەمە ئەو نەریتەیە کە لە ڕابردوو دا ڕەخنەمان لێ گرتووە و دەبێ پەرلەمان وپەرلەمانتار ئەوەی لە کارنامە هەیە مومارەسەی بکات، گفتوگۆیە، بۆیە هیوادارم ئەوە نەخرێتە دەنگدانەوە و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سۆران ئەوەتا ئێمە پابەندین بەوەی کە پەرلەمانتار مافی قسە کردنیان هەیە، بەڵام داواکاریش هەیە بۆ ئەوەی لەمە زیاتر نەبێ، پێشمان وایە هەموو ئەندامانی پەرلەمان قسە بکەن، وەکو ئەوەی بەیانیش کە هەموو ئەندامان قسەیان کرد، لە چەند خاڵێك تێ ناپەڕێ، ئەو خاڵانە ئێستا حازر کراوە، ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوە دەکەن، کاك ئومێد نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو قسانەی کە کاك سالار کردی، پێشتر پێنج پەرلەمنتاری دیکە هەمان قسەیان کرد، من سێیەم جارە قسە لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە پرسیارەکانمان کۆبکرێتەوەو بەو شکلە بێ پێموایە پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە کە ڕەئیەکەی کاك سالار پشتگیری پێشتری هەبووە، کاك سالار شەشەمین کەس بووە کە قسەی دەربارەی ئەم پرسەوە کردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێزد.شێرکۆ حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەست دەکەم یەك کەس ئەو ئیتجاهەی هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

یەك کەس نییە، زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان کە قسە دەکەن، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە سەرۆکی پەرلەمان، یەعنی ئەمە ناکرێ، من ئێستاش تەمەنا دەکەم بەس وەڵامی ئەو پرسیارەم دەست بکەوێ، کێ مەسئولە لەم قەیرانەی کوردستان، ناکرێ هەموو جارێ بە بیانووی ئەوەی کە ... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە بەسە د.شێرکۆ، جەنابیشت پرسیارت کردووە و پرسیارەکەت ئەمڕۆ خوێنرایەوە، تکایە بێ دەنگی مامۆستا مەروان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەروان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك دەکەم بۆ ئەوەی برایانمان وەکو پەرلەمانتار وا لێی حاڵە نەبن کە دانیشتنی سەرۆك فراکسیۆنەکان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی بەدیلە بۆ قسەکردنی ئەوان، ئەو پێشنیارە دەکەم با قسە بکەن، بەڵام بەشەرتێك پرسیاری موحەدەد بێ و شەرحی مەوزوعەکە نەکەن، هەموومان لێی حاڵی بووین، لیژنەکە تەفاسیلی پێداوین، چ پرسیارێکی زیاد هەیە پەرلەمانتار با دەستی بەرز بکاتەوە و بیخوێنیتەوە و بینووسێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ژمارەیەکە لە ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوە دەکەن کە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان بکرێتە ئەساس، ئەندامانی پەرلەمانیش لەڕێگای نووسینەوە پرسیاریان ئاراستە بکەن، بۆ ئەوەی بیگونجێنن لەناو ڕاپۆرتەکەی خۆیاندا و بینێرن بۆ حکومەت، پێم وابێ ئەسڵەن ئەگەر پرۆسەی پرساندنیش لە ئارادابێ پرسیار پێویستی بە وتوویژ لەسەر کردن نییە، پرسیار پێویستی بە ئاراستە کردن هەیە، هەر پرسیارێکتان هەیە دەتوانن ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیداری بکەن بۆ ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا بیگونجێنن، بۆیە ئێمە ئەمە بە پێچەوانە لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ نابینین، بۆیە دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەندامانی پەرلەمان پرسیارەکانی خۆیان ئاراستەی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان بکەن بۆ ئەوەی لەناو ڕاپۆرتەکەی خۆیاندا جێی بکەنەوەو و ڕۆژی چوار شەممەش سەرۆکی حکومەتی ڕاسپێردراو و وەزیرە پەیوەندیدارەکان وەڵامی بدەنەوە، کێ لەگەڵیەتی؟ ٧٣ ئەندام لەگەڵی بوو، کێ لەگەڵی نییە؟ ٢٥ ئەندام لەگەڵ نیە، بۆیە ئەو پێشنیارە پەسەند کرا، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان، ئەمڕۆ تا بەیانی پرسیارەکانی خۆتان بدەن بە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بۆ ئەوەی لەناو ڕاپۆرتەکەی خۆیاندا جێ بەجێیان بکەن و بیگونجێنن، بۆیە ئێوە فەرموون لە جێگاکانی خۆتان دانیشن، ئێستا دەچینە تەوەری سێیەمی دانیشتنی ئەمڕۆمان، کە بریتییە لە خوێندنەوەی یەکەم بۆ کۆمەڵێك پرۆژە یاسا داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی دەکەین کە بێنە سەر مەنەسەکە بۆ دەست کردن بە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاساییەکان، فەرموون ئەندامانی لیژنەی یاسایی، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم پرۆژە یاسای کە پێشکەش کراوە، پرۆژە یاسای هەموار کردنی سێیەمی یاسای خانەنیشنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق، ژمارە ١٣ ی ساڵی ١٩٩٩ ی هەموار کراوە، ئەو پرۆژە یاسایە لە ٧ ماددە پێك هاتووە، هۆیەکانی دەرچوونیشی لەگەڵ دایە، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە واژوو کراوە، ئەمە ناوەکانیانە (فخرالدین قادر، ئومێد حمە علی، علی حمە صالح، د.شوان قەڵادزەیی، باپیر کامەلا، ئێڤار ابراهیم، کنعان نجم الدین، سۆران عمر، عبدالرحمن علی، بەهار محمود، محمود حاجی، مەروان گەڵاڵی،

د.فرست صۆفی، ئومێد خۆشناو)، داوا له بەڕێزتان دەکەین که حەواڵەی لیژنەی پەیوەندار بکەن، بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و دارایی و کاروباری ئابووری و گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی دەکەین، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم/ پرۆژە یاسای پاراستنی خواردەمەنی، ئەو پرۆژە یاسایە له ٣٨ ماددە پێکهاتووە بە بێ هۆیەکانی دەرچوونی یاسایەکە، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە واژوو کراوە، که ئەمە ناوەکانیانە، (بەیار طاهر، دڵشاد شعبان، زۆزان صادق، سراج خەیلانی، شیرین حسنی، عباس غەزالی، شیلان جعفر، تحسین اسماعیل، شوان شێخ احمد، وحیده یاقو، هێڤا حاجی، مدینه ایوب، حیات مجید) داوا له بەڕێزتان دەکەین که حەواڵەی لیژنەی پەیوەنداری بکەن بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و تەندروستی و ژینگە و لیژنەی مافی بەکاربەر دەکەین.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کشتوکاڵیش بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ باشە، ئاراستەی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێریشی دەکەین، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای سێیەم/ پرۆژە یاسای هەموار کردنی مووچەیە، ئەو پرۆژە یاسایە له ٦ ماددە پێك هاتووە، هۆیەکانی دەرچوونی یاسایەکەشی لەگەڵ دایە، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە واژوو کراوە، که ئەمە ناوەکانیانە، (عمر مصطفی، حسین اسماعیل، جودت جرجیس، محمد سعدالله، پەری صالح، سرود سلیم، غریب مصطفی، ماجد بازرگان، باپیر کامەلا، ئایدن معروف) تکایە بۆ لیژنەی پەیوەندار حەواڵە بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان دەکرێ، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای چوارەم، پرۆژە یاسای ڕێکخستنی چاندن و گواستنەوەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤە لە هەرێمی کوردستان _عیراق، ئەم پرۆژە یاسایە لە ٢٤ ماددە پێك هاتووە، بە بێ هۆیەکانی دەرچوواندنی یاسایەکە، پرۆژە یاسایەك لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە واژوو کراوە کە ئەمە ناوەکانیانە، (د.عبداللە ڕێکانی، زۆزان صادق، شیرین حسنی، حەیات مجید، ابراهیم احمد، مدینە ایوب، شوان شیخ احمد، ناظم کبیر، شیلان شێخ جعفر، وحیدە یاقو، سراج احمد، هیڤا حاجی میرخان، مەردان خدر، تحسین اسماعیل)، تکایە حەواڵەی لیژنەی پەیوەندار بکرێ بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ، سوپاس، ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی تەندروستی و ژینگە دەکەین، مامۆستا حسن نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ لیژنەی مافی مرۆڤیش، فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم هەموو ئەو پرۆژە یاسایانە بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان بنێردرێ، یەعنی نەك هەندێکیان جیا دەکەیەوە، هەموو پرۆژە یاسایەك.... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

لەبەردەمت نیە ئێستا تۆ ئەمە؟؟ ئەبێ هەمووی گەیشت بێتە ناو سەندوقەکانتان، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە پرۆژە یاسای چوارەم، پرۆژە یاسای ڕێکخستنی چاندن و گواستەوەی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لە هەمان کاتدا ئاراستەی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بکرێ بۆ ئەوەی لایەنی شەرعی ئەو مەوزوعە توێژینەوەی لەسەر بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.ڕێواس فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من کاك مەلا هەورامان وتی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئێمە بووین بە ژێر پرۆژەوە و كاغەزەوە كە ئەمە زۆر زۆرە، دوو/ ئەو پرۆژانەی زۆری موشتەرەكن، پێویستە فراكسیۆنەكان كۆببنەوە لەسەر موشتەرەكاتەكان، ناكرێ كۆمەڵێك پرۆژە هەمووی لەیەك بچێ و هەمووشی ئیشی لەسەر بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئەوە بەجێ دەهێڵین بۆ ئێوە خۆتان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان كە لەمەولا بە گیانی تیم ئەو پرۆژە یاسایانەی حازری دەكەن ئیمزای بكەن بۆ یەكتر، ئەگەر پرۆژە یاسایەك دەزانن هاوشێوەیە یەك پرۆژە یاسا پێكشەش بكەن، ئێستا چەند پرۆژە یاسایەكمان هەیە، كە چەند فراكسیۆنێك پێشكەشیان كردووە، بۆیە ئەوە سەرەتای كاری پەرلەمانییە، پێویست دەكات لەمەولا بە گیانی تیم ئێوە پێكەوە پرۆژە یاسایەكان پێشكەشی سەرۆكایەتی پەرلەمانی بكەن، سەبارەت بە زۆری پرۆژە یاسایەكانیش ئێمە لە چەند ڕۆژی داهاتووەوە دەست دەكەین بە موتابەعە كردنی كاروباری لیژنەكان لەگەڵ سەرۆكایەتی لیژنەكان بەردەوام دەبین و لە تەماسدا دەبین بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایانەی كە ئاراستەتان كراوە خوێندنەوەی بۆ بكەن و ڕاپۆرتی خۆتانی لەسەر حازر بكەن، بۆ ئەوەی لە ماوەیەكی زوودا بیانخەینەوە بەرنامەی كاری پەرلەمان و وتوێژیان لەسەر بكەین، بەڵێ كاك د.سیراج فەرمoو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامێكی پەرلەمانی بەڕێز باسی ئەوەی كرد كەوا وەكو تیمێك ئاگا لێك بوون هەبێت بۆ داڕشتنی یان پێشكەش كردنی پرۆژە یاساكان، تەبیعی پرۆژە یاسایەك وەكو جەمعی ئێمە كاتی خۆی تەقدیممان كردیە، بەڵام ئێستا دووبارە عەینەن كۆپی پێست كراوە و دووبارە وەكو خۆی لە فراكسیۆنی ئێمە و لەلایەنێكی دیكە، دەزانم كێشە نییە، بەڵام ئەوە زاخاوی فكری كەسانێكی ترە، تەبیعی ئێمە خۆمان پێی ماندوو كردووە و پێشی ئێستا جەنابت باسی ئەوە دەكەی كەوا ئاگا لێك بوونێك هەبێ، فیعلەن ئاگا لێك بوونەك نیە، بۆیە لێرەدا دوو پرۆژە یاسا لەیەك كات تەقدیم كراوە وەكو یەكیشە و عەینەن مادده و بڕگەنە، كۆپی پێستی كراوە، بەڕاستی ئەوە من بە هەڵەی دەزانم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

ڕاستە، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ژ بەر گرنگیا كارێ لیژنا من پێشنیارەك بۆ جەنابێ تە پێشكەش كر، سەرۆكێت لیژنا و سەرۆكێت فراكسیۆنا ژڤانەك پێكڤە هەبیتن بۆهەماهەنگی و تەنسیق ل ناڤ بەینا مەواعیدا، مەواعید گەلەك تەزاروب

چێ بێتن، گەلەك ئەندامێ لیژنا ئیعتزارێ دكەن ژ بەر هەندێ ئەز حەز دكەم ئەڤ پێشنیارا بێتە پێشكەش كرن بۆ سەرۆكێت فراكسیۆنا و لیژنان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

بەڵێ زۆر باشە، بەڵێ گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی من گوێم لێ بووە و لە كاك سیراجم بیستووە كە باس لەوە دەكات پرۆژە یاسای بەساڵاچووان، دیارە ئێمە لە خولی پێشوو پرۆژەیەكمان هەبوو كە كاك عبدالسلام بەرواری سەرۆكی لیژنەكە بوو، من و شەونم محمد غریب، پرۆژەیەكمان لە سلێمانیەوە لەگەڵ ڕێكخراوەكانی (NGO) حازر كردووە..... . ئاخر لە دەرەوەی هۆڵەكە باسی لەوە كردووە و مەبەستی ئەوەیە، بەڵێ منیش ئەمەوێ بڵێم ئێمە پرۆژەیەكمان هێناوەو داومانەتە دەست كاك عبداللام بەرواری، وە كاتێك كاك عبدالسلام بەرواری ئەو پرۆژەیەی پێشكەش كرد، وتی ئەمە تێكەڵەی هەردوو پرۆژەكەیە، بۆیە ئێمە هاتووین ئەو پرۆژەیەی خۆمان كە پێشتر پێشكەش كراوە، پێشكەشمان كردووەتەوەو لە خولی تازەدا بە پرۆژەی نوێ حساب دەكرێ و پەرلەمان خاوەنیەتی، چونكە واژووی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی لەسەر بووە و ئەمە موڵكەی فكری كەس نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

پێویست ناكات مامۆستا سیراج، با نەبێتەوە وەڵامدانەوەی یەكتر، ئێمە داواكاریەكمان ئاراستەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی كوردستان كردووە كە ئەو پرۆژە یاسایانەی لە خولی پێشوو لەلایەن فراكسیۆنە جیا جیاكانی پێویست ناكات مامۆستا سیراج، با نەبێتە وەڵامدانەوەی یەكتر، بەس ئێمە داواكارییەكمان ئاراستەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی كوردستان كردووە، كە ئەو پرۆژە یاسایانەی لە خولی پێشوو لەلایەن فراكسیۆنە جیاجیاكانی پەرلەمانی كوردستان پێشكەشی لیژنەی یاسایی كراوە سەرجەم ئەو پرۆژانە جارێكی تر بیهێنن ئیعادەی بكەنەوەو بزانن چ پرۆژەیەك گرنگەو بۆ ئەم خولە ئیشی لەسەر بكەین، یان بۆ خولەكانی گرێدانی داهاتوو پێویستە ئیشی لەسەر بكەین، بیخەنە ئەولەویات و ئەجندای كاری خۆیانەوە، ئەوەش بزانن ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی كوردستان، كە حكومەت دروست دەبێت، حكومەتیش كۆمەڵێك پرۆژە یاسای خۆی هەیە كە بە گرنگی دەزانێت و دەینێرێت بۆ پەرلەمانی كوردستان، پرۆژە یاساكانی حكومەتیش ئەولەویەتیان هەیە لە پەرلەماندا، بۆیە داواتان لێ دەكەین بە گەرم و گوڕی بەشداری لە كاروباری لیژنەكانتاندا بكەن و، ئەو پرۆژە یاسایانەی كە تا ئێستا ئاراستەتان كراوە لەلایەن سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە خوێندنەوەی بۆ بكەن و راپۆرتی خۆتان بۆ حازر بكەن، بۆ ئەوەی وردە وردە بیخەینە بەرنامەی كاری دانیشتنی پەرلەمانەوە.

ئێستاش لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ درێژەدان بە خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاساكان.

**بەڕێز د.ڤالاْ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز دکتۆرە بەهار  وەکو جێگری لیژنەی یاسایی درێژە دەدات بە خوێندنەوەی پرۆژە یاساکان، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای پێنجەم کە پێشکەش کراوە بریتیە لە پرۆژە یاسای بەرکار کردنی یاسای فیدراڵیی دەستەبەری واتا (تضمين) ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٦.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کاتێك کە پرۆژە یاسایەك پێشکەش دەکرێت بۆ بەرکار کردنی یاسایەك، کە لە حکومەتی فیدراڵیەوە دەرچووە، پێویستە لە شێوەی پرۆژە پێشکەش بکرێت و داواکاری بەرکار کردنی بکرێت، دواتر دەقی ئەو یاسایەی کە لە پەرلەمانی عێراقەوە دەردەچێت لەگەڵیدا هاوپێچ بکرێت، ئەم پرۆژەیە کە پێشکەش کراوە هەرچەندە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کراوە، بەلاْم تەنها داواکارییەکەیەو هاوپێچی لەگەڵدا نییە، واتا ئەو یاسایەی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەرچووە. ئێستاش ناوی ئەندامە بەڕێزەکان دەخوێنمەوە کە واژوویان کردووەو داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئاراستەی لیژنەی دیاری کراو و پەیوەندیداری بکەن.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنها ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکرێت.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلاْم پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، پێویستە پرۆژە یاسایەك هەبێت کە داوا بکات ئەم پرۆژەیە بەرکار ببێت.

ئەمە ناوی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکانە:

١- د.فرست صۆفي علی.

٢- مەردان خدر.

٣-ناظم كبير.

٤- دڵشاد شعبان.

٥- امنه ذكري سعيد.

٦- محمد صادق.

٧- فرحان جوهر قادر.

٨- د.ڤالاّ فريد ابراهيم.

٩- وحيدة ياقۆ.

١٠- كمال يلدا.

١١- ئومێد عبدالرحمن خۆشناو.

١٢- على هالۆ.

١٣- محمد على ياسين.

داوا له بەڕێزتان دەكەم كه ئەم پرۆژه ياسايه ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بكەن.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژه ياسايه ئاراستەی لیژنەی كاروباری ياسايی دەكرێت، بۆ ئەوەی ئەم كەموركورتيانەی تێدا هەن بيگەڕێننەوه بۆ خاوەنەكانی و پرۆژه ياسای تايبەتمەند بۆ بەركار كردنی ئەو ياسا فيدراڵيه ئامادە بكەن، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژه ياسای شەشەم كه پێشكەش كراوه بريتييه له / پرۆژه ياسای هاوكاری بۆ ئافرەتانی بێ هاوسەر.

ئەم پرۆژه ياسايه له هەشت مادده پێكهاتووه لەگەڵ هۆكارەكانی دەرچوواندنی، لەلايەن ژمارەی ياسايی له ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان واژووی لەسەر كراوه، كه ئەمه ناوەكانيانه:

١- د.شێركۆ جودت مصطفى.

٢- ابو بكر عمر عبدالله.

٣- سەهراب ميكائيل.

٤- سهام عمر.

٥- كەژاڵ هادی.

٦- غريب مصطفى.

٧- حاجی كاروان.

٨- بەهار عبدالرحمن.

٩- عمر صالح.

١٠- مولود مراد.

داوا له بەڕێزتان دەكەم كه ئەم پرۆژه ياسايه ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیداری بكەن.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژه ياسايه ئاراستەی لیژنەی كاروباری ياسايی و لیژنەی دارايی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان و لیژنەی داكۆكی كردن له مافی ئافرەتان و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەكرێت، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای حەوتەم بریتییە لە/ پرۆژە یاسای درێژ کردنەوەی ماوەی کارکردن بە یاسای تیرۆری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦.

کە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کراوە، ئەم پرۆژە یاسایە لە (٣) مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندنی.

ئەمەش ناوی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکانە، کە واژوویان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە کردووە:

١- ناظم كبير.

٢- امنە ذكري سعيد.

٣- محمد صادق.

٤- مەردان خدر.

٥- د.فرست صۆفی علی.

٦- دڵشاد شعبان عبدالغفار.

٧- ئاری محمد هەرسين.

٨- فرحان جوهر قادر.

٩- د.ڤالاٌ فريد ابراهيم.

١٠- وحيدة ياقۆ.

١١- كمال يلدا.

١٢- ئومێد عبدالرحمن خۆشناو.

١٣- علی علی هالۆ.

١٤- محمد علی ياسين.

١٥- هێڤا حاجی میرخان.

١٦- نجاة محمد عبدالله.

داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکەن.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێیەکان، سەرەڕای گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەشتەم کە پێشکەش کراوە، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، بریتیە لە/ پرۆژە یاسای (رعایة المسنین في اقلیم کوردستان) واتا چاودێری بەساڵاچووان لە هەرێمی کوردستان.

ئەم پرۆژە یاسایەی لە (٥٥) مادده پێکهاتووە، لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندنی، لە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان واژووی لەسەر کراوە، کە ئەمە ناوی بەڕێزیانە.

١-د.سراج شێخ احمد.

٢- هێڤا حاجی میرخان.

٣- امنە ذکري سعید.

٤- ئومێد عبدالرحمن خۆشناو.

٥- شیلان شێخ جعفر.

٦- محمد صادق.

٧- د. شرین حسنی.

٨- علی علی هالۆ.

٩- ئاواز حمید.

١٠- مدینە ایوب.

١١- مەردان خدر.

١٢- د.فرست صۆفی علی.

١٣- ناظم کبیر.

١٤- نجاة محمد عبدالله.

داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیداری بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ و لیژنەی تەندروستی ژینگەو لیژنەی کۆمەڵایەتی لە پەرلەمانی کوردستان و، سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای نۆیەم کە پێشکەش کراوە، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت هەمان پرۆژە یاسای هەشتەمە تەنها ئەوەیە لە ناوەڕۆکیشدا هەمان پرۆژەیە، تەنها ئەوەیە کە ناوی ئەندامە بەڕێزەکان جیاوازە

كە واژوویان لەسەر كردووە، بۆیە تەنها ناوی ئەندامە بەڕێزەكان دەخوێنمەوە، كە لەسەر پرۆژە یاسای دووەم هەیە.،

١-تەلار لطیف.

٢- د.ڕێواز فائق.

٣- گۆران ئازاد.

٤- سعید مەسیفی.

٥- ئاواز جەنگی.

٦- دلێر مصطفی.

٧- مریم صمد.

٨- زانا عبدالرحمن عبدالله.

٩- سالار محمود مراد.

١٠- بێگەرد دلشاد.

١١- قادر ئۆتمان.

١٢- دەرباز عبدالله.

١٣- خلف احمد.

داوا لە بەڕێزتان دەكەم ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیداری بكەن، هەرچەندە پێشتر ئاراستە كراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، هەروەكو گوتمان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی بەرگری لە مافەكانی مرۆڤ و لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان و لیژنەی تەندروستی و ژینگە لە پەرلەمانی كوردستان و، سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان دەكرێت، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای دەیەم كە پێشكەش كراوە، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێت، بریتییە لە/ پرۆژە یاسای سندووقی مووچەو خانەنشینی لە هەرێمی كوردستان.

ئەم پرۆژە یاسایە لە (٢٤) مادده پێكهاتووە، بەبێ هۆكارەكانی دەرچوواندنی، لە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانەوە پێشكەش كراوە، كە ئەمە ناوی بەڕێزیانە.

١- دلشاد شعبان عبدالغفار.

٢- ابراهیم احمد سمۆ.

٣- عبدالله جاسم.

٤- زۆزان صادق.

٥- زیاد حسین.

٦- بەیار طاهر سعید.

٧- شوان شێخ احمد.

٨- عباس غزالی.

٩- تحسین اسماعیل.

١٠- شرین حسنی.

١١- فیروز طه.

١٢- نجاة محمد عبدالله.

١٣- حیات مجید قادر.

١٤- هێڤا حاجی میرخان.

١٥- مدینە ایوب.

١٦- بشار مشیر.

١٧- شیلان شێخ جعفر.

١٨- محمد صادق.

١٩- مەردان خدر.

٢٠- امنە ذكري سعید.

٢١- ناظم كبیر.

داوا لە بەڕێزتان دەكەم ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی كوردستان و، سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان دەكرێت، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە كۆی ئەو پرۆژانە بوو، كە ئەمڕۆ لە بەرنامەی كاردا هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆك و جێگری سەرۆكی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی كوردستان، فەرموون ئێستا دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنەكانی خۆتان، بەڕێز سكرتێری پەرلەمان روون كردنەوەیەكی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەم دوو لیژنەیە بەیانی كۆبوونەوەیان هەیە، لیژنەی وەرزش و لاوان كاتژمێر (١٠) لە هۆڵی پەناگیری، لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن كاتژمێر (١٠,٣٠) لە هۆڵی لیژنە، تكایە ئاگادار بن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رۆژی چوار شەممە، بەڵێ كاك تەحسین فەرموو نوقتەی نیزامت هەیە؟

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر رێگام بدەن یەك، دوو تێبینیم هەیە، حەز دەكەم لێم وەربگرن، ئەو هەموو پرۆژە یاسا باران كردنە دەلالەتی ئەوەیە كە كێبڕكێیەكی زۆر ناخۆش هەیە، من پێشنیار دەكەم، هەر برادەرێك كە بیرۆكەیەكی هەیە، یان پرۆژە یاسایەكی هەیە لە رێگای لیژنەیەكەی خۆیەوە پێشكەشی بكات، باشترە لەوە، هەم كاری گروپی زیاتر دەكرێت، هەم بەم شێوەیە بە زۆری و بۆری نابێت، ئێستا چەندایەتی زاڵە بەسەر چۆنایەتی، ئەمە یەك.

دوو/ لەبەر ئەوەی دانیشتنەكانی پەرلەمان راستەوخۆیە، زیاتر قسە كردنی برادەران خیتابییە بۆ دەرەوەی قاعە، لەگەڵ داوای لێبووردن لە هەموو خوشك برایان، موزایەدات زۆر لەسەر یەك دەكرێت، ئەگەر بكرێتن رەچاوی یەكتر بكرێت، ئێمە سێ ساڵ و چەند مانگێكمان لەپێشە بە یەكەوە كار بكەین، لە ئێستاوە ئێمە پەنا بۆ ئەو شتانە ببەین زۆر ناخۆش دەبێت، هیوادارم وەكو گروپێك هەموومان هەر فراكسیۆنێك لە حزبێكە، لە لایەنێكە، ئەمە شتێكی سروشتییە، بیری جیاوازمان هەیە، بۆچوونی جیاوازمان هەیە، بەڵام با ناكۆك نەبین، با بۆچوونی جیاوازمان هەبێت، بەڵام هەمووی لە خزمەتی میللەتدا بێت، نەك موزایەدە لەسەر یەكتر كردن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش، زۆر سوپاس، سوپاس بۆ ئێوە، روون كردنەوەیەكی ترمان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بفەرموون ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، سبەینێ لیژنەی كۆمەڵگای مەدەنی كاتژمێر (١٠,٣٠) كۆبوونەوەی ئاساییان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رۆژی چوارشەممە كاتژمێر (١٠) لێرە ئامادە دەبین، كۆبوونەوەی پەرلەمانی كوردستانمان هەیە، زۆر سوپاس بۆ ئێوە، ئێستا كۆبوونەوەكەمان كۆتایی پێ هات، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینكی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)**

**چوار شەممە رێكەوتی ٢٨\٥\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٥/٢٨

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠١٤/٥/٢٨ پەرلـەمانی کوردسـتان - عێـراق بـە سـەرۆکایەتی یوسـف محمـد صـادق سـەرۆکی پەرلـەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز جعفـر ابـراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان, دانیـشتنی ژمـارە (٧)ی خـولی چوارەمی, سـاڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بـەپێی حوکمـەکانی برگـە (١)ی مـاددە (٢٠) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردسـتان - عێـراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـاری دا دانیـشتنی ژمـارەی (٧)ی ئاسـایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیـوەڕۆی رۆژی چـوار شەممە رێکەوتی ٢٠١٤/٥/٢٨ دا بەم شێوەیە بێت:

١ ئامادە بوونی سەرۆکی حکومـەتی کـار بەڕێکـەری هـەرێمی کوردسـتان بـەرێز (نێـچیرڤان بـارزانی) بـۆ ڕوون کردنەوەیان لەسەر قەیرانی دارایی و ئـابووری لـە هـەرێمی کوردسـتان، بـەپێی برگـە یـەك لـە مـاددەی ٥٣ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی هەموار کراو،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردسـتان، دانیـشتنەکەمان دەست پـێ دەکـەین، خـولی گرێـدانی دووەم، ساڵی یەکـەم، خـولی هەڵبژاردنی چوارەم، دانیشتنی ژمارە (٧)، ئەمڕۆ ٢٠١٤/٥/٢٨ ، بەرێزان بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان بە پێی حوکمەکانی برگە (١) ی ماددەی (٢٠) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ١ ی هــەموار کــراوی ســاڵی ١٩٩٢ ی پەرلــەمانی کوردســتانی عێــراق، دەســتەی ســەرۆکایەتی پەرلــەمان، بڕیــاری دا بەرنامــەی کــاری دانیـشتنی ژمـارە (٧) ی ئاسایی خـولی گرێـدانی دووەمـی سـاڵی یەکـەم لـە خـولی چـوارەمی هەڵبـژاردن لـە کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی٢٠١٤/٥/٢٨ بەم شێوەیە بێت:

١ ئامادە بوونی سەرۆکی حکومەتی کار بەرێکەری هەرێمی کوردسـتان بـەرێز (نێـچیرڤان بـارزانی) بـۆ ڕوون کردنەوەیان لەسەر قەیرانی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردسـتان، بـەپێی برگـە یـەك لـە مـاددەی ٥٣ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی هەموار کراو، ئێستا داوا لە بەرێز سکرتێری پەرلـەمان ئەکـەم کـە ناوی ئامادە نەبوانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ناوی ئەندام پەرلەمان کە لەدانیشتنی ژمارە ٦ ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/٥/٢٦ بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١ عبدالله محمود محمد-مۆڵەت

٢- نوری علی محمد-مۆڵەت

٣- يعقوب گۆرگيس-مۆڵەت

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان**

زۆر سوپاس ، داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ئەكەم پوختەیەك لە كۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی كوردستان بخوێنێتەوە

**بەڕێز فخرالدین قادر-سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

پوختەی دانیشتنی ژمارە ٦ لە بەرواری ٢٠١٤/٥/٢٦ بەم شێوەیە:

١ دەستپێكردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان

٢- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبوو، و خوێندنەوەی پوختەی دنیشتنی پێشوو لەلایەن سكرتێری پەرلەمان

٣- ئاڵوگۆڕ كردنی بڕگەكان لەنێوان خاڵی یەكەم و خاڵی دووەم

٤- گفتوگۆ كردنی ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە بلاۆكراوەی كونسولگەری گشتی كۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی سەبارەت بە زمان و نەتەوەی كورد

٥- خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان و لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەكان گفتوگۆ كردنی ئەندامان سەبارەت بە قەیرانی دارایی و ئابووری لە هەرێمی كوردستان و پێنەدانی مووچەی هاووڵاتیانی مووچەخۆرو خانەنشین

٦- خوێندنەوەی یەكەمی ٩ پرۆژە یاسا لەلایەن لیژنەی یاساییەوە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان**

سوپاس، پێش ئەوەی بەرنامەی كار دەست پێ بكەین، بەناوی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی كاربەڕێكەری هەرێمی كوردستان و سەرۆكی حكومەتی ڕاسپێردراوی هەشتەمی هەرێمی كوردستان ئەكەین و بەگەرمی بەخێرهاتنی ستافی هاوكاری ئەكەین لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەكان و ڕاوێژكارەكان، لە ڕاستیدا وەك لە كۆبوونەوەی پێشووی پەرلەمانی كوردستان باسمان كرد، هەرێمی كوردستان ئێستا بە قەیرانی ئابووری تێپەڕ ئەبێ، ئەویش بەهۆی نەمانی سیولە لە بانكەكان سەرەیهەڵدا، دواتریش بەهۆی نەناردنی بودجەی هەرێمی كوردستان لەلایەن حكومەتی عێراقەوە، ئەم قەیرانە قووڵتر بۆتەوە، وایكردووە سەرجەم هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان گیرۆدەی ئەم قەیرانە بن، هەر لە نەبوونی مووچە لەكاتی خۆیدا، دواكەوتنی مووچە، لەبەر ئەوەی حكومەت نەیتوانیەوە لە كاتی خۆی مووچە دابین بكات، و هەروەها بەهۆی ئەوەی سەرجەم پرۆژەكان واخەریكە بەرەو وەستان ئەچن، بەهۆی نەناردنی بودجە لەلایەن حكومەتی عێراقەوە،

ئەمـــە وای کـــردووە هاوولاّتیـــان لەهـــەرێمی کوردســـتان لـــە کرێکارێکـــەوە بـــۆ کاســـب و خـــاوەن کـــار و سـەرمایەدارەکانیش و بەلێنـدەرکانیش هـەموویان گـیرۆدەی ئـەم قەیرانـە ئابوورییـە بـن، بۆیـە پەرلـەمانی کوردستان ئەو مەلەفەی کردەوە لە دانیشتنی پێشووەوە، و لە ڕێگەی لیژنە پەیوەندیدارەکان لە پەرلەمان، بـە تایبـەتی لیژنـــەی دارایـــی و ئـــابووری و کاروبـــاری وەبـــەرهێنان، و لیژنـــەی پیـــشەسازی و وزە و ســـامانە سروشتییەکان دەستی کرد بە لێکۆلینەوە لەم بارودۆخـە، ئـەنجامی لێکۆلینـەوەکانی ئـەو دوو لیژنەیـە بـریتی بوو لە دوو ڕاپۆرت کە لە دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان خوێندرانـەوە، و ئـەم ڕاپۆرتانـە ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی حکومـەت کـراون بـۆ ئـەوەی ئاراسـتەی وەزارەتـە پەیوەندیـدارەکان بکـرێن، وەلاّمـی ئـەو پرسیارانەمان دەستکەوێ کە لـە ڕاپۆرتـەکان هـەن، ئێمـە ١٥ ڕۆژمـان لەبـەر دەسـتە، حکومـەت ١٥ ڕۆژی لەبـەر دەستە بۆ وەلاّم دانەوەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە پەرلەمانەوە باسیان کـراوە، بـەلاّم لـە هـەمان کـات دا سـەرۆکی حکومەتی کار بەڕێکەری کوردستان خۆی پێی باش بوو لە دانیشتنی پەرلەمان ئامادە بێ، و بـەپێی پـەیرەوی ناوخۆ هەرکاتی حکومەت و وەزیرە بەرێزەکانی حکومەت و سـەرۆکی وەزیـران و جێگرەکـەی ئـەتوانن ئامـادە بن لە پەرلـەمانی کوردسـتان و ڕوون کردنـەوە بـدەن لەسـەر ئـەو بارودۆخـەی کـە لـە هـەرێمی کوردسـتان تـێ ئەپەڕێ، بۆیە بە موبادەرەی بەریزیان، خۆیان داوایان کرد لە دانیشتنێکی پەرلەمان خۆیان ئامادە بن، و ڕوون کردنـەوە لەسـەر بارودۆخەکـە بـدەن، بـە تایبـەتی کـە پەرلـەمان نوێنەرایـەتی خـەلّکی کوردسـتان ئـەکات، و باشترین سەکۆیە بۆ ڕوون کردنەوە بۆ خەلّك، باشترین سەکۆ بۆ وەلاّمی خەلّك بریتییە لە سەکۆی پەرلـەمان، ئێمە دوو ڕاپۆرتمان ئاراستەی حکومەت کردووە، چاوەڕێ ئەکەین لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا وەلّـامی ئـەو ڕاپۆرتانـەی خۆمان وەرگرین، و ئەوکات کۆبوونەوەیەکی تریش ڕێکئەخەین لەگەلّ وەزیرە پەیوەندیـدراەکان، و ئـەو کـات دەرگا کراوە ئەبێ بۆ وتوویژ کردنی وەزیرە بەرێزەکان لەگەلّ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان سـەبارەت بـەو پرسیارانەی هاتوونەتە کایـەوە، ئێـستا داوا لـە بـەرێز سـەرۆکی حکومـەتی کاربەڕێکـەری هـەرێمی کوردسـتان ئەکەین بفەرموێ بۆ ڕوون کردنەوەکانی

**بەرێز نێچیرڤان بارزانی-سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان و هـەموو ئـەو بەڕێزانـەی کـە لێـرەن بـەیانیتان بـاش، دەمـەوێ لـە دەسـت پێکردنـدا پیرۆزبـایی لـە یەکـە بـە یەکـەی ئێـوە بکـەم بـە بۆنـەی هەلّبـژاردنتان بـۆ پەرلـەمانی کوردسـتان، تەمەنای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لە کارەکانتان، هەر وەکو جەنابی سەرۆکی پەرلەمان باسی کرد، تەبعەن بە سوپاسەوە کە رێگەتاندا ئـەمڕۆ لـە بـەردەم پەرلـەمانی کوردسـتان، ئێمـە هەنـدێك روونکردنـەوە بـدەین لەسەر ئەو کێشە داراییەیانەی کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان ئێمـە تووشـی هـاتووین، بـۆ باسـکردنی ئـەم بابەتە من بە پێویستی دەزانم ئیجازەی ئەوە بدەن مومکینە لە هەنـدێك حالّەتـدا پێویـست بـەوە بکـات کـە (کـاك د.ئاشـتی، کـاك د.علـی سـندی) کـە دانیـشتوون، ئێمـە دوو بابـەتمان هەیـە، بابـەتی یەکـەم: مەسـەلەی نەوتە، تەبعەن کە ئێمە دەبێ باسی مەسـەلەی نـەوت بکـەین بـۆ ئـەوەی تێبگـەین ئـەم کێشە داراییـەی کـە

ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوەند، لەگەڵ بەغدا بۆمان هاتووتە پێش هۆی چیە؟ ئەگەر لە نەوتەوە دەست پێبکەین دوای رووخانی رژێم لە ساڵی (٢٠٠٣) کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بڕیاری ئەوەی دا بچێتە بەغدا و گفتوگۆ بکات بۆ نووسینەوەی دەستووری نوێ لە عێراقدا، بە هەموو مەعنایەك لەو کاتە کە چوون بۆ بەغدا بۆ ئەوەبوو کە سەرەتایەکی نوێ لە عێراقێکی نوێدا قۆناغێکی نوێ دەستی پێ کردووە، هەرێمی کوردستان بە رەغبەتی خۆی گەڕایەوە بۆ بەغدا، بۆ داڕێشتنەوەی ئەساسێکی نوێ لە شێوەی عیلاقەی خۆی لەگەڵ بەغدا، یەکێك لەو بابەتانەی کە زۆر قسەی لەسەر کرا، باسی لەسەر کرا لەو کاتەدا مەسەلەی نەوت و غاز بووە لە هەرێمی کوردستان، لە بەڕێزتان شاراوە نییە، نەوتی کوردستان هەمیشە بە کار هاتووە بۆ پڕچەککردنی بەغدا و وێران کردن و کاول کردنی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی، ئینجا بۆ هەموو ئەو پێکهاتانەی کە لە کوردستان ژیاون (موسڵمان، مەسیحی، تورکمان، ئێزیدی)، هەموو ئەوانەی کە لە کوردستان بوون، گوندەکان وێران کراون و هیچ پڕۆژیەکی ژێرخانی ئابووری لەم وڵاتەدا بە هیچ شێوەیەك وجودی بۆ نەبووە، سەرکردایەتی سیاسی ئەو وەختە، هێزە سیاسیەکانی کوردستان (جەنابی مام جەلال، جەنابی کاك مسعود، کاك ناوشێروان)، برادەرانی تر لە هەموو ئەحزابی تر کە ئەو کاتە لە بەغدا بوون هەموو پێکەوە دەست لەناو دەست هەوڵیان دا هەندێ داواکاری هەرێمی کوردستان لەو دەستوورەدا جێگیر بکەن، هەر بۆ مەعلوماتی ئێوە لەسەر مەسەلەی نەوت کێشەی گەورە لەسەر یەك کەلیمە بوو، سێ رۆژ موناقەشەکرا کە بنووسرێ ئایا بە تەنسیق و تەشاور، یان (معا)، وەفدی هەرێمی کوردستان ئیسراری لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێ بنووسرێ (معا)، چونکە بە تەنسیق و تەشاور مومکینە دەیکات، یان نایکات، بەڵام ئەگەر بنووسرێ مەعەن، یەعنی پێکەوە، ئەمە ماوەیەکی زۆری ویست هەتا ئەم کەلیمەیە لە دەستووری عێراقدا جێگیرکرا، دوای ئەوە مافێکی دەستووری بە هەرێمی کوردستان درا لەسەر مەسەلەی نەوت و غاز، لە دوای ساڵی (٢٠٠٥)ەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێزە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان جدی بوون لەوەی کە دەبێت ئێمە ئەم مافە دەستووریەی خۆمان جێبەجێ بکەین، هەوڵی ئەوەماندا مافەکان، تەبعەن بڕگەکانی دەستوور وازحە، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق ماددەکانی (١١٢، ١١٥، ١٢١، ١٤١) ئەمانە هەمووی وازحە لە دەستووری عێراق کە ماف دەدات بە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئەو کارە بکاتن، ئێمە لە هەرێمی کوردستان یەکەم کار کە کردمان هەوڵماندا ئەو مافە دەستووریەی خۆمان جێبەجێ بکەین بە پێی یاسایەك کە لەم پەرلەمانە بەڕێزە دەرچووە، لەیاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ی پەرلەمانی کوردستان، دوای ئەو قۆناغە ئێمە کەچوارچێوەیەکی یاساییمان هەبوو، دەستمان کرد بەوەی کە قسەکردن لەگەڵ شەریکاتی دەرەوە بۆ ئەوەی بێن و لەکوردستان کاری وەبەرهێنان بکەن، ئێمە لەشەریکاتی بچووك ئەو وەختە دەستمان پێکرد، هەتا قۆناغی ئێستا کە گەیشتووینەتە گەورەترین کۆمپانیایەکانی بیانی کە ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستان کاری وەبەرهێنان دەکەن، وەکو شەریکاتی ئیکسۆل مۆبێل، شیڤرۆن، تۆتاڵی فەرەنسی، گازفرۆم، زۆر شەریکاتی تر کە ئەمڕۆ لەکوردستان کاری وەبەرهێنان دەکەن، هەدەفی ئەصڵی ئێمە ئەوە بووە کە ئێمە دەبێ مومارەسەی مافی دەستووری خۆمان بکەین، کو

بەپێی دەستووری نوێی عێراق بەئێمە دراوە، لەهەرێمی کوردستان دەبێ مومارەسەی بکەین، نە ئێستا و نە ئەو وەختە و نە لە ئایندەشدا، هەرێمی کوردستان بەهەموو پێکهاتەکانییەوە ئامادەی ئەوە نییە سازش لەسەر هیچ بڕگەیەکی دەستووری بکات، کە مافی بەهەرێمی کوردستان نەداوە، یەعنی کەواتە ئێمە ئەو گرێبەستەی کە هەبووە لە بەینی هەرێمی کوردستان و لەبەینی عێراق لەسەر ئەساسی ئەو دەستوورە بونیاد نراوە، لەبەر ئەوە ئێمە جدین لەوەی کە مافی دەستووری خۆمان دەبێ جێ بەجێ بکەین، بەغدا بەسێ قۆناغ کارەکانی لەگەڵ ئێمە تێپەڕیوە، یەکەمجار ئیتیهامی ئێمە کرا کە تەنها ئێمە ئیش لەگەڵ شەریکاتی بچووك دەکەین، یان مافی دەستووریمان نییە، بۆ دڵنیابوون لەو مەسەلەیە ئێمە پەنامان بردۆتە بەر گەورە کۆمپانیایەکانی بیانی کە لەبواری یاساییدا کاری جدی دەکەن، ئایا هەرێمی کوردستان مافی دەستووری هەیە یان نییە؟ لەوە تێگەیشتووین کە ئەو کارانەی ئێمە لەهەرێمی کوردستان دەیکەین بەتەئکید مافی دەستووری هەرێمی کوردستانە، هیچ کێشەمان لەگەڵ ئەوە نەبووە، ئەم کۆمپانیایانەی کە ئەمڕۆ لەکوردستانیش کاردەکەن و ئەو کاتیش کە هاتوون، ئەگەر دڵنیا نەبن لەوەی کە ئێمە پاڵپشتێکی بەقوەتی یاساییمان هەیە، مومکین نییە لە کوردستان کاری وەبەرهێنان بکەن، مومکین نییە، لەوێ دەستمان پێکرد، بەغدا ئێمەی خستە لیستی رەش، یەعنی ئەو کۆمپانیایانەی کە کاریان دەکرد خستیانە لیستی رەشەوە، لەهەرێمی کوردستان، ئەمە قۆناغێك بوو، ئیعتراف نەکردن بەو شتانەی کە ئێمە کردوومانە، دووەم ئیستراتیژیەتی ئەوان لەسەر ئەوە بوو کە باشە ئێوە ئەوەتان کردووە لەگەڵ کۆمپانیای بچووك کردووتانە، کە کۆمپانیای گەورەمان هێنا سیاسەتی بەغدا لەسەر ئەوە بونیاد نرا کە ئێمە ناتوانین دەرگای تەسدیر بکەینەوە، هەمانە، بەلاّم ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ بەغدا و مەجبور دەبین، ئێمە دەرگای تەسدیری نەوتیشمان کردۆتەوە، ئەوەی کە کردوومانە لەچوارچێوەی مافی دەستووری خۆمان بووە، هیچ بڕگەیەکی دەستووری نییە کە بڵێ تەنها و تەنها سۆمۆ مافی ئەوەی هەیە کە نەوت بفرۆشێت، بڕگەیەکی دەستووری نییە، ئێمە لەگەڵ بەغداش تەئکیدمان لەیەك نوقتە کردۆتەوە، مافی هەرێمی کوردستان (١٧٪)ە، ئێمە دەمانەوێ ئەو (١٧٪)ەی کە مافی خۆمانە بەپێی ئەو ئیتیفاقەی کە لەگەڵ بەغدا کردوومانە، دەمانەوێ ئەو مافەمان جێ بەجێ بکرێ، لەوە زیاتر وتوومانە ئەوەی تر ئێمە ئامادەین بۆ بەغدای بنێرینەوە، سیاسەتی هەرێمی کوردستان لەرۆژی یەکەمەوە هەتا ئەمڕۆش لەسەر ئەوە بنیاد نراوە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین حەلێك لەگەڵ بەغدا بدۆزینەوە، ئێمە دەمانەوێ حەل بدۆزینەوە، ئێمە دەمانەوێ بگەینە حەلێك لەگەڵ بەغدا، بەلاّم بەڕێزان سیاسەتی بەغدا حەل نییە، حەز دەکەم ئێمە لەم ماوەیەدا چەندین جار هاتوچۆی بەغدامان کردووە، لەدوای ساڵی (٢٠٠٥) هەموو هەوڵێکمان داوە، بۆ ئەوەی ئێمە بگەینە حەلێك لەسەر یاسای دابەشکردنی داهات لەعێراق، نەگەیشتووینەتە رێککەوتن هەتا ئەم لەحزەیەش، بەنیسبەت ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان ئەوەی مەهیمە چییە؟ ئەوە موهیمە ئێمە دەمانەوێ دڵنیابین ئەوەی کە لەبەغدا وەری دەگرین مافی خۆمانە، نەك هەمیشە ئێمە چاوەڕێی ئەوە بین هەڕەشەمان لێ بکرێ لەوەی کە میزانیەتان قەتع دەکەین، ئێمە چەندین جار لەساڵانی رابردوو تووشی

ئەو هەڕەشەیە بووین لە بەغدا کە میزانییەی هەرێمی کوردستان، میزانیەکەتان لێ قەتع دەکەین، بەغدا هەمیشە هەوڵی داوە کارتی بودجە دژی هەرێمی کوردستان وەکو کارتێك بەکاری بێنێت، هەرکاتێك کە پێویستی پێ بێ، ئێمەش لەهەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی (٢٠٠٥)ەوە، سیاسەتی ئێمە لەسەر ئەوە بووە ئێمە چۆن بتوانین میکانیزمێکی وا دابڕێژین کە بەغدا نەتوانێ هەمیشە هەڕەشەمان لێ بکات، هەڵسوکەوتی بەغدا لەگەڵ ئێمە هەڵسوکەوتە لەگەڵ هەر مەحافەزەیەکی عێراقی، هەر پارێزگایەك، چۆن تەعامول لەگەڵ هەر پارێزگایەکی عێراق دەکا، تەسەوڕ دەکا هەرێمی کوردستانیش دەبێ عەینەن بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ، بۆ ئێمە دوای ئەو هەموو ساڵ حکومڕانییە، دوای گەڕانەوە بۆ بەغدا و دەستوورێکی نوێی و تازە، هەرێمی کوردستان، گەلی کورد، کوردستانییەکان بڕیاری خۆیان داوە، جارێکی تر ناگەڕێنەوە بۆ پاشەوە، جارێکی تر ئەوە ئەو زەمانە چوو ئێمە دەبێ هەموو شت لەبەغداوە بڕیاری لەسەر بدرێ.

لە مەسەلەی نەوتدا ئێمە دەرگای تەسدیرمان کردۆتەوە، من دەمەوێ پێتان بڵێیم ئێمە دوو ساڵ دانوستاندنی جدیمان لەگەڵ تورکیا کردووە، دوای دوو ساڵ پرۆتۆکۆلێکمان ئیمزا کردووە لەگەڵ تورکیا کە ماف ئەوە بە هەرێمی کوردستان دەدات کە نەوتی خۆی هەرنادە بکات بۆ دەرەوە، و ئێمە سوپاسی تورکیا دەکەین کە حەقیقەت لەو ئیتیفاقانەی کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردوویانە لەگەڵ هەمووی پابەند بوون، و هەرێمی کوردستان دوای دوو ساڵ ئەو ئیتیفاقەی لەگەڵ تورکیا ئیمزا کردووە بۆ تەسدیری نەوت، لێرە سوئاڵ ئەوەیە ئەرێ ئێمە تەسدیری نەوتمان کردووە لەبەر ئەوە بەغدا مووچەی ئێمەی بڕیوە یان بە چ سەبەبێك؟ ئەو قەیرانە داراییە لەگەڵ بەغدا بەم شێوەیە، هەتا ئەم لەحزەیەش زیاتر لە (٩٦٪)ی بودجەی ئێمە لە بەغداوە بۆمان دێت بەپێی ئەو ئیتیفاقەی کە لە ساڵی ٢٠٠٤ لەگەڵ وەزیری مالیەی ئەو کاتی عێراق کاك (د. عادل عبدالمهدی) کرا، ئێمە کە چووین بۆ بەغدا بە چاودێری جەنابی سەرۆك تاڵەبانی بەڕێز (مام جلال) ئێمە ئەو وەختە ئەو ئیتیفاقەمان لەگەڵیان ئیمزا کردووە، چونکە ئیحسا نەبووە، ئێمە وتوومانە کورد (٢٣٪) ئەوان وتیان نا (١٣٪)یە بەهەرحال لە سەر رەقەمەك ئیتیفاقمان کردووە کە بە حیساب (١٧٪)کە ئەگەر هاتو ئیحسا کرا، هەر چۆنێك بێ ئەو وەختە رێژەی کورد ئەگەر (٢٣٪)یە، بکرێ بە (٢٣٪) ئەگەر کەمترە کەمتر بکرێتەوە لە سەر ئەو ئەساسە ئەو ئیتیفاقەمان کردووە، سوئاڵ ئەوەیە ئەوەی کە ئێمە لەو وەختەوە لە بەغدا وەری دەگرین هەتا ئێستا بەڕاستی (١٧٪)ی حەقیقیە؟ من دەمەوێ بە ئێوەی بەڕێز رابگەیێنم نەخێر، ئەوەی ئێمە لە بەغدا وەری دەگرین بە فعلی وەری دەگرین (١٠٪) ئێمە لە بەغدا وەری دەگرین، چونکە ئەوان لە ساڵی(٢٠٠٤)ەوە تا ئێستا بەردەوام مەساریفی سیادی زیاد دەکەن، بودجەی هەرێمی کوردستان کەم دەبێتەوە، و هەتا ئێستاش دەزگاکانی هەرێمی کوردستان لە زمنی سیادەی عێراق حیساب ناکات، وەکو سەرۆکایەتی مەسەلەن بڵێین پەرلەمان، وەکو سەرۆکایەتی هەرێم، وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەمانە هیچیان لە زمنی سیادەی عێراق حیسابیان بۆ ناکرێتن، و هەتا ئیجازە بەوە نادرێتن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریش بێ لە

مەسەلەی دانانی بودجە، ئەوان بودجەیەك بۆ هەرێمی كوردستان دیاری دەكەن، بودجەكە لەو چوارچێوە ئێوە حەقتان هەیە ئەوەندە موەزەف تەعین بكەن، حەقتان هەیە وا بكەن و وا بكەن، لە سەر ئەو ئەساسە تەعامول لەگەڵ ئێمە دەكرێت، ئەوەی كە دێت بۆ هەرێمی كوردستان ساڵانە بە (٣٦) بەش دێ بۆ كوردستان، تەبعەن ئەوەی كە دێ بۆ هەرێمی كوردستان بەتایبەتی من باسی مووچە دەكەم مووچەی هەرێمی كوردستان (٨٥٠) ملیار دینارە، ئەوەی كە ئێمە لە بەغدا وەرمان دەگرت (٥٦٠) ملیارە تەقریبەن، ئەوەی تر هەمیشە نوقسانیمان هەبووە، بۆ؟ چونكە ئێمە بە شێوەیەكی تر پارەی پێشمەرگە پارەی ئەوەمان دابین كردووە، بەتایبەتی لەو مەسەلەیە، لە سەر مەسەلەی پێشمەرگە ئێمە یەك ساڵ و نیو دانوستاندنمان لەگەڵ بەغدا كرد بۆ ئەوەی بگەینە تەفاهوم، فیعلەن ئەمریكیەكان حازربوون، بەریتانیەكان ئامادەبوون، بەڵام بەغدا پابەندی ئەو رێككەوتنە نەبوو دوای ساڵ و نیوێك لە گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ ئەوان كە بەڵێ پێشمەرگە لە زمنی مەنزومەی دیفاعی عێراق حیساب بكرێتن نەیان كرد، ئەمە (١٧٪)ی حەقیقی نییە كە ئەوەی ئێمە وەری دەگرین، (١٠٪)یە كە ئێمە لە بەغدا وەری دەگرین، ئێمە بەردەوام دەست پێشخەریمان كردووە بۆ ئەوەی كێشەكان لە بەغدا یەك لا بكەینەوە، هەوڵی زۆر جدیشمان داوە، چەندین جاریش ئێمە هاتوچۆی بەغدامان كردووە بۆ ئەوەی ئێمە هەوڵ بدەین ئەم كێشەی داراییە لەگەڵ بەغدا چارەسەر بكەین، لە ماوەیەكی زۆر كورتدا وەفدی هەرێمی كوردستان سێ جار هاتوچۆی بەغدامان كردووە، من با باسی یەك كۆبوونەوە لەو كۆبوونەوانە بكەم كە ئێمە چووین سەرۆك وەزیران مالكیمان بینی، دوای ئەوە ئێمە چووین بۆ كۆبوونەوە لەگەڵ شەهرستانی و ئەو تیمەی كە لەگەڵ شەهرستانی بوو كە پێك هاتبوو لە وەزیری دارایی و یەك، دوو وەزیری تریش، وەزیری نەوت و ئەمانە ئێمە پێش ئەوەی بچین بۆ بەغدا پێمان وابوو بەڕاستی ئەم كێشەیەی كە ئەمڕۆ لە هەرێمی كوردستان هەیە و مووچە نانێرن مەسەلەكە كێشەیەكی داراییە لە هەموو عێراق هەیە، پەیوەندی بە هەرێمی كوردستانەوە نییە، ئێمە وامان تەسەوڕ دەكرد، و هەتا كە ئێمە چووین بە برادەرانیشم وت، وتم ئێمە پێویست بەوە دەكات تۆزێك مەرن بین، چونكە ئەو كێشەیە ئیحتیماله هی هەموو عێراق بێ، ئەوەی ئێمە تووشی موفاجەئە بووین، كە ئێمە لە كۆبوونەوە دانیشبوین لەگەڵ لایەنی بەغدا، باسی دارایی كرا، ئێمەش پێمان وت كە كێشەی داراییتان هەیە بەشێوەیەكی گشتی، وەزیری مالیە وتی ئێمە هیچ كێشەیەكی داراییمان نییە، وتمان باشە ئەگەر كێشەی داراییتان نییە، ئەی بۆ ئێوە مەعاشاتی هەرێمی كوردستان، بەشە بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ نانێرن، وتی ئێمە بودجەی ئێوە نانێرین لەسەر بڕیاری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران (نوری مالكی)، من دووبارە وتم حەزدەكەم جارێكی تر لەوە تێبگەم ئێوە بودجەی هەرێمی كوردستان بە چ مافێك، بە چ حەقێك، یەعنی هەرێمی كوردستان چی كردووە؟، كە ئێوە بودجەی بۆ نانێرن، وتی ئەمە بڕیاری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانە، كە من دیسان تیكرارم كردەوە، وتی ئەمە بڕیاری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانە، فەرماندەی گشتی هێزی چەكدارە (القائد العام بلقوة المسلحة)، ئینجا وتم باشە ئەگەر وایە چ پێویست دەكات ئێمە ئەمڕۆ لێرە دابنیشین و گفتوگۆ لەسەر ئەوە بكەین، كەواتە ئێوە بڕیاری

خۆتان داوە، ئەمەی ئێمە ئەمڕۆ لێرە دانیشتووین قسە لەسەر ئـەوە دەکـەین، کـە ئـەم کێشەیە حـەل بـبێ، ئەمـە هـەمووی پێویـست ناکـات، ئێـوە بڕیـاری خۆتـان داوە، بـۆ ئێمـە ئـەوەی موفاجەئەیـە، بەڕاسـتی ئـەو وەختەی ئێمە کە خەریکی دانوسـتاندن بـووین لەگـەڵ بەغـدا، خـەریك بـووین ڕێگـا چارەیەك بدۆزینـەوە، ئەوان لەوکاتەدا بودجەی هەرێمی کوردستانیان بڕیوە، ئێمە نەوتمان نەفرۆشت بـوو لـەڕێگای تورکیـاوە بـۆ دەرەوە، کە ئەوان بودجەی ئێمەیان بڕی، ئێمە لـە بەغـدا بـووین بـۆ حـەل دەگـەڕاین، بـۆ مـەعلوماتی ئێـوە دوای ئەوەش ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کرد، کـە ئێمـە ڕۆژانـە ١٠٠ هـەزار بـەرمیل لـە ڕێگـای ئالیـەتی سـۆمۆ بنێرین بۆ دەرەوە، بۆئەوەی هەتا لەو ماوەیەش گفتوگۆ بەردەوام بێ لەگەڵ بەغدا، بە دانوسـتاندن بگەینـە نەتیجە، بەڵام ئەو پێـشنیارەی ئێمـەو، ئـەو دەسـت پێـشخەریەی ئێمـە، نیازپـاکی هـەرێمی کوردسـتانیانیش بەهیچیان وەرنەگرت و یەك فلس بودجەی هـەرێمیان نـەنارد، هـیچ شـتێکیان نـەکردووە، مـن دەڵـێم باشـە ئەگەر بودجە نەنێرن، مەعاش نەیەت بۆ ئێرە، ئەی ئێمە چی بکەین؟ یـەعنی دەسـتاوەسـتان دابنیـشین لـە هەرێمی کوردستان یەعنی هیچ نەکەین؟ مافی خۆمانە، ئێمە دەبێ لە چوارچێوەی مافی دەستووری خۆمان هـەوڵ بـدەین ڕێگـا چارەیەك بدۆزینـەوە بـۆ ئـەم مەسـەلەیە، خیلافـی ئێمـە لەگـەڵ بەغـدا ٢، ٣ نوقتـەی موهیمە، حەزدەکەم ئاگادارتان بکەم، یەکەم: ئەوان دەڵێن ئێمـە ئێـستا قسە لەسـەر ئەوەناکـەین ، ئێـوە لـە کوردستان کردووتانە دەستووریە، یاساییە، یان فلانە ئەوە هەمووی وازی لێ دێـنین، باشـە ئیـشەکی باشـتان کردووە، تەسلیمی ئێمەی بکەن، تسلیمی سۆمۆی بکەن، چونکە سۆمۆ تەنها جیهەتێکە، کە دەتوانێـت نـەوت هـەناردەی دەرەوە بکـات، بـەچ حـەقێك؟ ئێمـە سـوئال دەکـەین، دەسـتوور وای وتـووە نـەخێر، لـە وڵاتـانی دەرەوەش شـەریکات ئـەم ئیـشە دەکـات، شـەریکاتی نـەوت، نـەوت دەفرۆشـن و دەنێـرن بـۆ دەرەوەو ئـەوەی حکومـەت وەری دەگرێـت بـەس زەریبەکەیـە، بـەچ مافێـك؟ دەسـتووری نییـە، بـەپێی دەسـتوور نییـە، غـیر قانونیش نییـە ئەگـەر هـەرێمی کوردسـتان ئـەو کـارەش بکـات، ئـەوان دەڵـێن هـەموو شـتێك پەیوەنـدی بـە سـیادەو یـەکێتی خـاکی عـیراق هەیـە، لەبەرئـەوە دەبـێ ئێـوە ئـەو نەوتـە تەسـلیمی ئێمـە بکـەن، ئێمـە دەیفرۆشین، سۆمۆ، ئێمە دەیکەین بە بوددجە لە بەغداوە بۆتان دەنێرینەوە، تـەبیعی ئەگـەر ئـەمڕۆ ئێمـە ٥، ٦ مانگیش ئەم مەسەلەیە مەترەح بێ، ئەمڕۆ تازە مەترەح نییـە، چـونکە ئـەوان زەنگێکـی خەتـەری زۆر گەورەیان بۆ هەرێمی کوردستان لێدا، ئەو زەنگە خەتەرە وایان لێدا، کە هـەر کاتێـك ١ نەفـەر بڕیـاری ئـەوە بـدات لـە بەغـدا، دەتوانێـت بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان ڕابگرێـت، کەواتـە هـیچ گرەنتیـەکمان نییـە کـە جارێکی تر ئەمە تیکرار نەبێتەوە، قسەی ئێمە، پێشنیاری ئێمـە چیـە؟، ئێمـە وتوومانـە یەکـەم شـت ئێمـە پابەند بین بەو مادده دەستوورییەی کە بڵێت نەوت و گاز موڵکی هەموو گەلی عیراقـە، لـەوەدا هـیچ قسەمان نییە، دووەم: ئێمە ئامادەین سۆمۆ، بەغدا لەگـەڵ ئێمـە بەشـداربێ لـە پرۆسـەی هـەناردەکردنی نـەوت، لـە پرۆسەی ئەوەی کە عەدادی کە دادەنێن بزانن چەند نـەوت ڕۆیـشتووە، لـە شـەفافیەت، لـە تەنـدەر کـردن و فرۆشـتنی نـەوت، هـەموو ئـەو پرۆسـەیە داوامـان کـردووە بـە هاوبەشـی لەگـەڵ سـۆمۆ بیکـەین، هـیچ موشکیلەیەکمان نەبووە، بەڵام کۆنترۆڵ ناکرێ، نابێ ئێمە کۆنترۆڵ بدەینە دەست سۆمۆ، ئێمە ئەوە ناکەین،

بەلاّم لەگەڵ ئێمەدابن لە هەموو پرۆسەکە بەسەرچاو، بەسەر سەر کێشەمان نیە، شەفافیەتتان دەوێ، هەرچیەکتان دەوێ ئێمە ئامادەین، ١٧٪ حەقیقی بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ ئەوەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان وەری دەگرین ١٠٪ یە، زۆر فەرقیشی هەیە لەگەڵ ئەو کارانەی کە لە هەرێمی کوردستان دەکرێ لەگەڵ کارەکانی تر، ئەمڕۆ تەوەقەعاتی خەڵك لە هەرێمی کوردستان لە حکومەتەکەی زیاترە، حەقی خۆشیانە، ئەو فەراغەی کە ئێمە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان هەمانە، لە پێداویستی زۆر بەسیت، لە ڕێگاوبان لە پڕۆژەی ئاو، لە مەسەلەی کارەبا، ئەو بۆشاییەی کە ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستان هەیە، خۆی لە ٣٠ ملیار دۆلار دەدات، بەپێی ئەو تەقریرەی کە وەزارەتی پلان دانانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئومەمی موتەحیدە ئامادەیان کردووە، کە چەندین ساڵ دیراسەتی بۆ کراوە، بەو بودجە کەمەی کە لە بەغداوە بۆمان دێت، بەم شێوەیەی کە ئێستا بەغدا تەسەروف لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات، ولاّتێکی وێران کە هیچ ژێرخانێکی ئابووری لەم ولاّتە نەبووە، هیچ ژێرخانێکی پیشەسازی نەوت لەم ولاّتە نەبووە، ئێمە لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ دەستمان پێ کردووە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ کە ئێمە لە بەغدا بووین لەوە تێگەیشتین نەوەك تەنها مەسەلەی بودجە، هەتا دەیانەویست سووتەمەنی و کارەباش بەو شێوەیە ڕەفتار لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکەن، ئێمە بڕیاری خۆماندا کە دەبێ ئێمە ئیستیقلالیەتی خۆمان وەربگرین، لەمەسەلەی سووتەمەنی و لە مەسەلەی کارەبا، چونکە ئەمانەش ژێرخانی وامان لەهەرێمی کوردستان نەبووە، ئەوەی ڕژێم پێش ٢٠٠٣ لە هەرێمی کوردستان دروستی کردووە، تەنها بۆ مەبەستی کاری سەربازی بووە، بێینەوە سەر مەسەلەی نەوت، لەمەدا ئێمە چاوەڕێی ئەوە بووین کە ئێمە بگەینە حەلێك لەگەڵ بەغدا، ئەمریکاش لەم مەسەلەیەدا بوو بەشێوەیەکی تەواو لەم پرۆسەیە دابوو، ئەمریکاش ئاگاداری وردەکاری ئەم مەسەلەی بەینی ئێمە و بەغدا بوو، حەقیقەت بڵێم من پێموایە، سیاسەتی ئەمریکا زیاد ڕەنگدانەوە لەوە دەبوو کە دەیەویست هەوڵ بدەن هەردوو لا تەشجیع بکەن بۆ ئەوەی بگەن بە حەلێك، هەم جێگەی ڕەزامەندی بەغدا بێ، هەم جێگەی ڕەزامەنی هەولێر بێ، ئێمەش هەر ئەوەندە تەوەقوعمان لە ئەمریکا کردووە، یەعنی دەبێ ئەمریکا پشتی هیچ لایەك نەگرێت و هەوڵی ئەوەبدات کە بێ لایەن یان هەوڵ بدات سیاسەتی ئەوەبێ، کەهەردوو لامان... وە هەرواشی کردووە، هەر بەو شێوەیەش رەفتاری کردووە، باس لەوە دەکرێ ئێمە بۆ ئەو نەوتەمان فرۆشتووە، من حەز دەکەم ئەم بەڕێزانە دڵنیا بکەمەوە، ئینجا قسە لەسەر ئەوە هەیە ئێمە مافی ئەوەمان نیە، قسە لەسەر ئەوەیە بڕیارێکی غەڵەتمان داوە؟، بەلاّم من حەز دەکەم پێتان بڵێم ئێمە بڕیاری فرۆشتنی نەوتمان بەپێی ئەم یاسایە داوە، کە لەم پەرلەمانە بەڕێزە دەرچووە، لێرەوە دەرچووە، ئێمە بەپێی ئەمە بڕیارمانداوە کە ئەو نەوتە بفرۆشرێت، حەز دەکەن ئەو برگە یاساییەش دەخوێنمەوە، کە لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوە، یاسای ژمارە (٥) ساڵی ٢٠١٣ ماددەی (٦) دەڵێ پێویستە ئەو ماددەیە کە یاسای ئەم پەرلەمانە بەڕێزەیە، دەڵێ پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم ڕێکاری گونجاو بگرێتەبەر بۆ وەرگرتنی مافە داراییەکانی خۆی لەنێو ئەو ڕێگایانەشدا، بەرهەم هێنان و هەنارده کردن و فرۆشتنی نەوت و غاز، ئەمە یاسای پەرلەمانی کوردستانە، من بەپێی

ئەم یاسایە بڕیارمان داوە، کە لەم پەرلەمانە بەڕێزە دەرچووە، ئێمە لەبەردەم دوو بژاردە بووین، یەکێکیان دەبێ هەڵبژێرین، ئایا دەگەڕێینەوە بۆ بەغداو تەسلیمی مالکی دەبین، یان ڕێگەی خۆمان دەدۆزینەوە، کامەیان؟، ئێمە بەپشتیوانی ئەم یاسایەی کەنوێنەرانی خەڵکی کوردستان دەریان کردووە، بە پاڵپشتی گەلی کوردستان ئێمە بڕیاری دووهەممان داوە، بڕیاری یەکەممان نەداوە، ئێمە ئێستاش دەرگای دانوستاندنمان کراوەیە لەگەڵ بەغدا، ئێمە ئێستاش هەموو هەوڵێك دەدەین لەگەڵ بەغدا بگەینە تەفاهوم، مەسڵەحەتی هەرێمی کوردستان لەوە دایە بگەینە حەلێك، بەلاّم ئەگەر هەموو دەرگاکانمان لێ داخران و ئەگەر بەغدا نەهاتە پێش چ بکەین؟، ناتوانین دانیشین، ناتوانین دەستە وەستان دابنیشین و بڵێین نابێ هیچ بکەین، ئێمە لەم ماوەیەدا کە لە دەستپێکردنی ئەمساڵ هەتا ئێستا بەپێی یاسای بودجە کە دەبوایە یەك لەسەر دوانزە عیراق بۆ ئێمە بنێرێت، ئێمە هەموو موحافەزات و شوێنەکانی تر لە عیراق ناردوویەتی، یەك لەسەر دوانزە، لەمانگی یەکەوە هەتاوەکو ئێستا ئەوەی کە بۆ هەرێمی کوردستانی ناردووە یەك ترلیۆن بووە، ئەوەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان دابینمان کردووە، بە سوپاسەوە کە قەرزمان کردووە، لە هەندێك کۆمپانیای ناوخۆیی، کە یارمەتی ئێمەیان داوەو سوپاسیشیان دەکەین، لە هەندێك لە بانقەکانی دەرەوە کە دیسان سوپاسیان دەکەین، ئەمانە هەموو وای کردووە، ئەوەی کە ئەمڕۆ بەغدا لە مانگی یەکەوە هەتاوەکو ئێستا کە دەبێ ئیستیحقاقی هەرێمی کوردستانە، بەشی هەرێمی کوردستانە ٦ ترلیۆن دینارە کە دەبێ بداتە هەرێمی کوردستان، هەتاوەکو ئێستا نایدات، شەش ترلیۆن دینارە کە دەبێ بیداتە هەرێمی کوردستان، هەتا ئێستا نایدات، پرۆسەکە حەز دەکەم دڵنیاتان بکەمەوە شەفافە، حەز دەکەم پەرلەمانی کوردستان دڵنیا بکەمەوە ئەو پرۆسەی ئێمە دەستمان پێی کردووە شەفافە، ئێمە حازرین بۆ هەموو چاودێریەك لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی شەفاف هەر لە دەست پێ کردن هەتا فرۆشتنی هەمووی بە شێوەیەکی شەفافە، ئێمە بە ئیمکانیاتی خۆمان بە بێ ئەوەی نەوت بفرۆشین، بە بێ ئەوەی نەوت لە ڕێگەی بەندەری جیهانەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان بنێرین، ئێمە ئەم چەند مانگەمان تێپەڕاندووە، توانیومانە مەعاشاتی خەڵك دابین بکەین، بەڵێ زەحمەتە و قورسە، دەزانم موعاناتی زۆرە، دەزانم کێشەمان زۆرە، بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێمە هەتا مانگی ٤ توانیومانە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، بۆ ئەم حاڵەتە بۆ ئێمە پێشهات، سوئال ئەمەیە، بەڵێ ڕاستە، بەلاّم ئێمە کە چووین بۆ بەغدا نەمان دەزانی بودجەی هەرێمی کوردستانیان بڕیوە، کەواتە تۆ هەتا بڕیار بدەی چەند ماوەیەکی دەوێ، لە بەغدا بەس بۆ ئەوەی وا سەیری کورد بکرێ کە ئێوە مواتنی دەرەجە دوون، بە ئێمەیان دەگوت کاکە فرۆشتنی نەوت وەکو فرۆشتنی تەماتە و خیار نییە، ئەوە قسەی بەغدایە، بەشێوەیەك کە ئەنەما ئێوە نازانن چۆن نەوت بفرۆشن، کەئەنەما ئێوە هەتا ئێستاش سەیر دەکرێن وەکو مواتنی دەرەجە دوو لەم وڵاتە، یەعنی بەم شێوەیە ئێوە نازانن ئێمە دەبێ پێتان بڵێین چۆن بیکەن و چۆنی نەکەن، لەوە تێ ناگەن کە ئیرادەی ئەو میللەتە و حکومەتی هەرێمی کورستان ئەو قۆناغەی بەجێ هێشتووە، ئێمە دەتوانین زۆر شت بکەین، ئەمڕۆش لەم مینبەرەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم سیاسەتی حکومەتی

هەرێم ئەوە نییە بۆ دواوە بگەڕێتەوە، ئێمە دەمانەوێ بە حیوار بگەینە تەفاهوم لەگەڵ بەغدا، بەڵام ئەگەر نەگەیشتینە تەفاهوم بژاردەی ترمان هەیە و دەیشی کەین، ئێمە ڕاناوەستین هەر بەم شێوەیە هەتا هەتایە، ئێمە ئێستا بەڵێ دەستمان کرد بە فرۆشتنی نەوت، بۆ؟؟ بۆ ئەوەی بەغدا تێ بگات کە دەتوانین بیکەین، یەعنی مەسیجی ئێمە، چونکە ئەوان پێیان وابوو نەخێر حکومەتی هەرێم موبالەغە دەکات ناتوانێ ئەو کارە بکات، ئێمە ئیسپاتمان کرد کە دەتوانین بیکەین، ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان لە ماوەیەکی زۆر کورت دا دەتوانێ ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕەوانەی دەرەوە بکات، تەبیعی ئەم سەربەخۆیی ئابوورییە زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، دەستکەوتی زۆر گەورەمان لە نەتیجەی ئەم سیاسەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەستهێناوە، بەڵام ئەگەر پاڵپشتی ئێوەی بەڕێز و پاڵپشتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەم پرۆسەیە نەبێ، بێ شك فەشەل دێنێ، تەنها ئەوەی کە دەتوانێ فەشەل بەو سیاسەتە بێنێ ئەوەیە کە ئێمە کۆدەنگ نەبین لەسەر ئەو سیاسەتە، بەغدا ناتوانێ چۆك بە هەرێمی کوردستان دابدا، بەڵام ئەگەر خۆمان یەکگرتوو نەبین ئەم سیاسەتە ئەوا ئێمە تووشی قەیران دەکات، هێزە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان من داوا دەکەم کە بەواقع بینانە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەن، ئەمە دەسکەوتێکی تاکە شەخس نیە، ئەمە دەستکەوتی حزبێکی سیاسی نییە، ئەمە دەستکەوتی هەموومانە، هی هەمووتانە، هەموومان پێکەوە دەتوانین ئەم دەستکەوتە بپارێزین، حەقیقەتیش ئەو ڕەد فیعلەی کە پێشانیش درا لە فرۆشتنی نەوت لە هێزە سیاسیەکان هەر هەموویان جێگەی ڕێز و تەقدیرە، بەشێوەیەکی گشتی، پاڵپشتی حکومەتی خۆیان کرد لەو مەسەلەیەدا، ئێمە دەست پێ دەکەین بە فرۆشتنی نەوت، لەڕێگەی بەندەری جیهانەوە لە تورکیا و بازاڕەکانی نێودەوڵەتی، هەوڵیش دەدەین لەگەڵ بەغدا لە هەمان کاتدا بتوانین بگەینە نەتیجە، دەرگای گفتوگۆمان کراوەیە، ئێمە پرۆسەی فرۆشتنی نەوتمان بە هەمان پرۆسە کردووە ئەوەی کە سۆمۆ بڵێین شەریکەی نەوتی عیراق کردوویەتی لە بەندەر جیهان، یەك شتی کەم یان زیادمان نەکردووە، بە عەینی ئالیەت و بە عەینی پرۆسە کردوومانە، زۆر وریاین لەوەی هیچ غەڵەتێك لە پرۆسەکە دروست نەبێ، زۆر بە دیقەت سەیری شەفافیەت دەکەین، چونکە شەڕێکی گەورە هەیە و شمشێرێکی دوو سەرەیە، ئێمە هەموو هەوڵێك دەدەین بەوپەڕی شەفافیەتەوە بڕوات بۆ ئەوەی سبەینێ ئیتهامی هەرێمی کوردستان نەکرێ، چونکە ئێمە دەزانین ئەم پرۆسەیە ئەگەر زۆر پشتیوانی هەبێ دوژمنیشی هەیە، نامانەوێ ئێمە لەو مەسەلەیەدا تووشی کێشە ببین، بە دڵنیاییەوە پێتان دەڵێم ئێمە کە دەستمان بە فرۆشتنی نەوت کرد هەتا نیهایەتی ساڵ زیاتر لە ٥٠٠ هەزار بەرمیل ڕەوانەی دەرەوە بکەین، کێشەی داراییمان بەڵێ ئێستا هەیە، مومکینە بۆ یەك، دوو مانگی تریش بەردەوام بێ بەشێوەیەك، بەڵام دوو شت موهیمە، یەکەم/ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئەوانەی کە مووچە وەردەگرن دڵنیا بن لەوەی کە بە هیچ شێوەیەك مووچەکانیان ناخورێ، تەقدیرم هەیە و سوپاسیان دەکەم. دەبێت بەردەوام بێت بەشێوەیە، بەڵام دوو شت موهیمە:

یەکەم/ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئەوانەی کە مووچە وەردەگرن دڵنیا بن لەوەی کەوا بەهیچ شێوەیەك مووچەکانیان نافەوتێت، تەقدیرم هەیەو سوپاسیان دەکەم بۆ خۆ راگریان و تەحەمولیان لەگەڵ ئێمە، بەڵام دڵنیا بن لەوەی کە یەك دیناری مووچەی ئەوان بە هیچ شێوەیەك نافەوتێت.
حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ ئەم کێشەیەی هەیەو داوای پشتیوانی و پاڵپشتی لە ئێوە دەکات، بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە ئێمە حەلی دەکەین، حەلێکی باشیش، کە لە خزمەتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بێت، حەلێك کە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی پێی سەربەزر بین، ئەمە سیاسەتی ئێمەیە، ئێمە ئەم سیاسەتەش پیادە دەکەین، من تەوزیحی زیاترم نییە لەسەر ئەم مەسەلەیە، بەڵام ئەوەی کە دەمەوێت تەبعەن لە کۆمسیۆنەکان بڵێین هی ناو پەرلەمان، هەندێك، کۆمەڵێك پرسیار بۆ حکومەتی هەرێمی کار بە رێکەر هەبووە، ئێمە ناردوومانە بۆ وەزارەتی مەعنی، تەبعەن بەپێی یاسا ئێمە (١٥) رۆژمان هەیە، وەکو جەنابی سەرۆکی پەرلەمان گوتی، ئێمە لە ماوەی (١٥) رۆژدا ئەم وەڵامانە دەدەینەوە، دوای ئەوەش، ئینشائڵڵا ئەگەر لە ماوەیەکی نزیکدا ئێمە کابینەی هەشتەممان پێك هێنا، من حەز دەکەم هەموو ئەم بەڕێزانە دڵنیا بکەمەوە، ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندی ئەوەین کە بێینە بەردەم پەرلەمان، ئینجا بە میوانداری کردن بێت، یان بە ئیستیجواب بێت، یان بە لێ پرسینەوە بێت، یان بە لێ پێچینەوە بێت، خۆم و هەڤاڵانم لە هەموو کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەین، ئامادەین بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان، کە دەزگایەکی شەرعی و هەڵبژێردراوی ئەم میللەتەیە، ئامادەین بۆ وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارێك، بۆ روون کردنەوەی هەموو بابەتێك، بۆ لێ پرسینەوەی هەموو بابەتێکیش، بە دڵنیاییەوە زۆر سوپاسیشتان دەکەم، کە ئەمڕۆ ئێمەتان قەبوڵ کرد، من پێم خۆشە بە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان و جێگرو سکرتێری پەرلەمانیش بڵێم، ئێمە حەز دەکەین ئەمە ببێتە نەریتێك، کە ئێمە داوا بکەین بۆ هەندێك بابەتی پێویست مەجالی ئەوەمان بدەن کە بێین بۆ پەرلەمانی کوردستان، چونکە پێمانوایە ئەمە مینبەری ئەسڵی دروست ئەوەیە، کە ئێمە لێرەوە بتوانین پەیامی خۆمان لە رێگای ئێوەی بەڕێزەوە بە هەموو دونیاو هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگەیەنین، دیسانەوە زۆر سوپاستان دەکەم بۆ گوێگرتنتان و هیوادارم لە ئایندەدا بتوانین تەفسیلی زیاتر بخەینە سەر ئەم بابەتەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کار بە رێکەری هەرێمی کوردستان، بەڕێزان، پەرلەمانی کوردستان ئەم دۆسیەیە بە کراوەیی دەیهێڵێتەوە لە ماوەی داهاتوودا ئێمە لە رێگای لیژنەکانی پەرلەمانەوە هەوڵی ئەوە دەدەین، کە رای هەندێك لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان وەربگرین، بە هەمان شێوە حکومەت داوای ئەوەی کرد کە بواریان بدەین بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ لە ماددەی (٦٥) داوای ئەوەیان کرد کە (١٥) رۆژ مۆڵەتیان بدەین، بۆ ئەوەی وەڵامەکانی خۆیان ئامادە بکەن لەو دوو راپۆرتەی کە بۆیان نێردراوە، ئێمەش بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ

چاوەڕێیی ئەوە دەکەین کە لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا ئەوان وەڵامەکانی خۆیان بێننەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و سەر لە نوێ ئەو کاتی گفتوگۆی تەواو لەسەر قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان دەکەین بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستانیش ڕێککەوتوون کە دەرفەتی (١٥) ڕۆژ بە حکومەت بدەن، بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری لیژنەکانی پەرلەمان ئامادە بکەن، بۆیە بەم شێوەیە دانیشتنی ئەمڕۆ کۆتایی پێ دەهێنین، دۆسیەکە بە کراوەیی دەیهێڵینەوە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

فخرالدین قادر
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

جعفر ابراهیم ئێمینکی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

د. یوسف محمد صادق
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)**

**یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤\٦\١٥**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)

## یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/١٥

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/١٥ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (٨)ی خولی چوارەمی, ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٨)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/١٥ دا بەم شێوەیە بێت:

١ تاوتوێکردنی باری ئەمنی ناوچە جێ ناکۆکی لەسەرەکان

٢- خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر، لەگەڵ ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەکانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٥ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

٣- بڕیاردان لەسەر وازهێنان و دانانی ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەی ٣٤ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان

٤- پێکهێنانی ٣ لیژنەی هەمیشەیی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەی ٣٩ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

٥- پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەی ٤٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان

٦- قبوڵ کردنی داواکاری دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتار نوری حەمە علی لە فراکسیۆنی زەرد بەپێی ماددەی ٣٣ و ٣٥ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین، خولی گرێدانی دووەم، ساڵی یەکەم، خولی هەڵبژاردنی چوارەم، دانیشتنی ژمارە (٨)، ئەمڕۆ ٢٠١٤/٦/١٥ ، بەرێزان بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان بە پێی حوکمەکانی برگە (١) ی ماددەی (٢٠) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بڕیاری دا بەرنامەی کاری

دانیشتنی ژماره (٨) ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی٢٠١٤/٦/١٥ بەم شێوەیە بێت:
١ تاوتوێکردنی باری ئەمنی ناوچە جێ ناکۆکی لەسەرەکان
٢- خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر، لەگەڵ ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەکانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٥ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان
٣- بڕیاردان لەسەر وازهێنان و دانانی ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەی ٣٤ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان
٤- پێکهێنانی ٣ لیژنەی هەمیشەیی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەی ٣٩ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان
٥- پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەی ٤٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان
٦- قبوڵ کردنی داواکاری دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتار نوری حەمە علی لە فراکسیۆنی زەرد بەپێی ماددەی ٣٣ و ٣٥ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان
ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەین، ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستانمان بۆ بخوێنێتەوە

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەناوی خوای گەورە، ناوی ئەندام پەرلەمانی لە دانیشتنی ٧ ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/٥/٢٨ کە مۆڵەت بوون بەم شێوەی خوارەوەیە:

١ گەشە دارا

٢- نوری علی محمد

٣- یعقوب گورگیس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

سوپاس، و داوا لە بەڕێزیان ئەکەین کە پوختەیەك لە کۆنووسی پێشووی دانیشتنی پەرلەمان بخوێنێتەوە

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پوختەی دانیشتنی ژمارە ٧ لە بەرواری ٢٠١٤/٥/٢٨

١ دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

٢- خوێندنـەوەی نـاوی ئەنـدامانی پەرلـەمانی ئامـادە نـەبوو، و خوێندنـەوەی پوختـەی دانیـشتنی پێـشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە

٣- ڕوون کردنەوەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کاربەڕێکەر نێچیرڤان بارزانی سەبارەت بە قـەیرانی دارایـی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

سوپاس، ئێـستا دەسـت ئەکـەین بـە تـەوەرەکانی دانیـشتنی ئـەمڕۆی پەرلـەمانی کوردسـتان، بڕگـەی یەکـەم بریتییە لە تاوتوێ کردنی باری ئەمنی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان، بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، لای ئێوە ئاشکرایە لـە مـاوەی ڕابـردوو لـەو پارێزگایانـەی دراوسـێی هـەرێمی کوردسـتانن چـەند ڕووداوێك هاتنە کایەوە کە پەیوەندی بە سەر لەبەری ئیدارەی ئـەو ناوچـانەوە هەیـە، گۆڕانکاری بەسـەردا هاتووە، سەرلەبەری ئـەو هاوکێـشە سیاسییانەی لـەو ناوچانەدا هـاتووە گۆڕانکـاری بەسـەردا هـاتووە، بۆیـە ئەمە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە ئەمنی هـەرێمی کوردسـتان، ڕاسـتەوخۆ پەیوەندیـدارە بـە ئـەمنی ناوچـە کوردستانییە جێ ناکۆکـەکان، بۆیـە لـە پەرلـەمانی کوردسـتان خۆمـان بـە بەرپرسـیار ئـەزانین لەسـەر ئـەو بارودۆخە بێینە دەنگ، لیژنـە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەوانـەی تایبەتمەنـدن بـەو ناوچـانە، ئەوانەی تایەبەتمەنـدن بـە بـارودۆخی ئـەمنی ئـەو ناوچـانە ڕابسپێرین بـۆ ئـەوەی سـەردانی سـەجەم ئـەو شوێنانە بکەن کە کێشەی تێدا ڕوویداوە، هـەر لـە ڕۆژی ٢٠١٤/٦/١٠ هەرسـێ لیژنـەی کاروبـاری پێـشمەرگە و شـەهیدان و قوربانیـانی جینۆسـیاد و زینـدانیانی سیاسـی و لیژنـەی نـاوخۆ و ئەنجومـەنی ئاسـایش و خۆجێیەکان و لیژنەی مافـەکانی مـرۆڤ لـە پەرلـەمانی کوردسـتانمان ڕاسپارد کـە بەدواداچـوونی جـدی بـۆ کێـشەی ئـەو ناوچـانە بکـەن، و سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی کوردسـتانیش بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ سـەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان دوو سەردانی مەیدانیمان کرد بۆ هەردوو پارێزگای کەرکووك و پارێزگای موصڵ، لـە ڕاسـتیدا کێـشەی ئـەو ناوچـانە بـۆ ئێمـە زۆر گرنگـە لـە هـەرێمی کوردسـتان، چـونکە ئـەم کێـشەیە پەیوەندیدارە بە بەشێك لەو ناوچانەی کە بە درێژایی دەیان ساڵە ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان و خـەڵکی هەرێمی کوردستان داوای ئـەوە ئەکـەین ببنـەوە بەشـێك لـە هـەرێمی کوردسـتان، و لـە قـانونی ئیـدارەدانی دەوڵـەتی عێـراق و دەسـتووری هەمیـشەیی عێـراقیش هەنـدێ ڕێوشـوێن دیـاری کـراوە بـۆ گەڕانـەوەی ئـەو ناوچانە بۆ سـەر هـەرێمی کوردسـتان، بـەڵام بەداخـەوە حکومەتـە یـەك لـە دوای یەکـەکانی عێـراق خۆیـان دزیوەتەوە لەو بەرپرسیاریەتییەی کە بە پێی دەستوور لەسەر شانیانە بۆ گێڕانـەوە و یـەکلایی کردنـەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە، بۆیە ئێمە بەلامانەوە گرنگە کە بزانین مەسیری ئەو ناوچانە چی لێدێ؟ و چۆن کاریگـەری لەسـەر ئێـستا و داهـاتووی هـەرێمی کوردسـتانیش بـەجێ دێڵـێ، لـە لایـەکی تـرەوە ئـەو کێـشانە پەیوەندیان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە هەیە کە ئێستا بە چڕی لەو ناوچانەن، لە پێـشتریش لـەو ناوچانە هەبوون، یارمەتی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ئەو ناوچانەیان داوە، و ئێستاش بەهۆی ئەو بۆشاییە هێزەی کە لەو ناوچانە لە ئـەنجامی کشانەوەی هێزەکانی عێراقـەوە هاتۆتـە کایـەوە بەرپرسـیاریەتەکانیان

زیاتر بووە، بۆیە ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان و لەو لیژنە هەمیشەییانەی کە ڕامانسپاردوون بەدوا داچوون بۆ ئەم کێشەیە بکەن، سەردانمان کردوون بۆ ئەوەی پشتگیری پەرلەمانی کوردستان و پشتگیری هاوولاٚتیانی هەرێمی کوردستانیان پێ ڕابگەیەنین، و دەستخۆشیان لێ بکەین، و داوایان لێ بکەین کە سەروماڵی هاوولاٚتیانی ئەو ناوچانە بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانەوە بپارێزن، و داواشیان لێ بکەین خۆیان بە دوور بگرن لە هەر کردەوەیەك کە ڕەنگە ببێتە هۆی لەکەدار کردنی سومعەی ئەوان، یان ببێتە هۆی لەکەدار کردنی سومعەی هەرێمی کوردستان، و ڕێگەش نەدەن کەس سومعەی ئەوان و هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی هەندێ کاری نەشیاوەوە پێشێل بکەن، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لەمڕۆوە ئەم دۆسیە بە کراوەیی ئەهێڵینەوە، و چیمان پێ بکرێ بۆ پشتیوانی کردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە بڕیاردان و بەدواداچوون درێغی ناکەین، ئەمڕۆ ئەگەر بڕیار بوو ئەم پرسە تاوتوێ ئەکەین، و لە چەند ڕۆژی داهاتووش ئەم پرسە لە ناو لیژنەکانی پەرلەمان بە کراوەیی ئەهێڵینەوە، تا ئەوەی ئەتوانین بڕیاری پێویست وەرگرین لەمڕۆوە، مەسەلەیەکی گرنگتر کە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە هەیە لەو ناوچانە بریتیە لە مەسەلەی بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی مامەڵە کردنی ئەم هێزانە، مەسەلەی تەدەخولی حیزبی لە کاروباری هێزەکانی پێشمەرگە کە دیسانەوە لە پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوون بۆ ئەم کێشەیە ئەکەین، و پێمان وایە ئێستا لە هەمووکات زیاتر پێویستیمان بەوەیە کە بڕیاری یەکلایکەرەوە لە بەڕێوەبردن و ئیدارەدان و جولاٚندنی ئەم هێزانە پێویست ئەکات بە نیشتیمانی و تاك مەرجەع بکرێ، و لە هەمان کاتیش هەرچی دەست تێوەردانی حیزبیشە لە ناو ئەم هێزانە کۆتایی پێ بهێنرێ، و هەوڵی ئەوە بدرێ ئەم هێزانە بە نیشتیمانی بکرێن، هەڵبەتە ئەو بارودۆخەی کە لەم ناوچانە ئەگوزەرێ لە هەمان کاتیشدا پەیوەندیدارە بە ئێستا و داهاتووی هەرێمی کوردستانیش، هەرێمی کوردستان ئێستا و داهاتووی پەیوەندیدارە بە یەکلایی کردنەوەی مەسیری جێ ناکۆکی لەسەرەکان، و بۆ بەو ڕووداوانەی کە لە خوارووی عێراق ڕووئەدەن، بۆیە ئەمڕۆ زیاتر لە هەرکاتێك پێویستمان بە کۆدەنگی و یەك دەنگی هەیە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان، پێویستمان بە یەکڕیزی هەیە، پێویستمان بەوە هەیە بە عەقڵێکی کراوە، بە شێوەی پلان بۆ داڕێژراو و بە شێوەی بەرنامە بۆ داڕێژراو مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە بکەین کە ئێستا لە ناوچەکانی خوارووی ئێمە هاتۆتە کایەوە، بۆ ئەوەی بتوانین خەڵکی هەرێمی کوردستان لە هەر مەترسیەك لەو ناوچانە بێتە کایەوە، یان مەترسی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دروست بکات بپارێزین، و لە هەمان کاتیشدا بە باشترین شێوە ئەو دەرفەتانە بقۆزینەوە کە ڕەنگە بێنە پێش، بۆ ئەوەی داهاتووی هەرێمی کوردستان قۆناغێکی تازە بێ لە ناوچەکە و لە پەیوەندی لەگەڵ ولاٚتانی دەرەوە، لە ڕاستیدا ئەو لیژنانەی ڕامانسپاردوون زۆر دەست خۆشیان لێ ئەکەین، لەو ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو بە شێوەیەکی مەیدانی سەردانی زۆربەی ئەو ناوچانەیان کردووە، هەموو ئەندامانی ئەو لیژنانە، زۆربەی ئەندامانی ئەو لیژنانە لەگەڵ بوون، و بەدواداچوونی جدییان کردووە، و ڕاپۆرتی خۆیان حازر کردووە، ئێستا دوو ڕاپۆرتمان لەبەردەمە کە

ڕاپۆرتی لیژنەکانی مافی مرۆڤە، و ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێییەکانە، لیژنەی پێشمەرگە و جینۆساید و زیندانیانی سیاسیش تا دوێنێ شەو بەردەوام بوون لە پشکنین بۆ ئەو ناوچانە، و بەدواداچوون بۆ کێشە و کەمووکورتی پێشمەرگە لەو ناوچانە، بۆیە نەیانتوانیوە ڕاپۆرتەکەیان تەواو بکەن، داوایان لێ کردووین کە ماوەی زیاتریان بدەینێ بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکانیان حازر بکەن، ئێستا ئەو پرسە ئەخەینە بەردەست بەڕێزتان، ڕاپۆرتی ئەو دوو لیژنەش کە حازر بووە ئێستا گەیشتۆتە دەست سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، و داوامان کردووە لە لیژنەی کاروباری پەرلەمان کۆپی بکەن، بیهێننە بەر دەستی ئێوەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان، بڕیار لای ئێوەیە کە دەست بە گفتوگۆکردنی ئەم بابەتە بکەین، لە کاتێکدا پێش (٤٨) سەعات ڕاپۆرتەکان نەگەیشتووە بە ئێوە، ئێوە دیراسەتان نەکردووە، نەتان خوێندۆتەوە، دەست بکەین بە وتو وێژ کردن لەسەری، ڕاپۆرتەکان بخوێندرێتەوە، دواتریش ئەم پرسە بە کراوەیی بهێڵینەوە ڕاپۆرتی وەزارەتی پێشمەرگەش هەر کاتێك حازربو ئەویش وتو وێژ بکەین، یان ئێستا سەرجەم ئەم پرسە دوا بخەین تا ئێوە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتەکان دیراسە دەکەن و پێشنیارەکانی خۆشتان گەڵاڵە دەکەن لەسەر ڕاپۆرتەکان بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنێکدا کە تایبەتی دەکات بە کێشەکانی ئەم ناوچانە ئەم ڕاپۆرتانە دیراسە دەکات و بڕیاری پێویست لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوێنین لەم بارەیەوە، نوقتە نیزام هەیە؟ د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دەرفەتم پێ بدەی لەسەر سێ خاڵی ئەوەی کاك عمر ناوی لێنا، لەمەو دوا پێی دەڵێین خاڵی پەیڕەوی، سێ خاڵی پەیڕەویم هەیە، یەکەمیان پەیوەندی نییە بەو بابەتەی کە پرسیارت کرد جەنابت، بە پێی ماددەی (٤٨) فەقەرەی (أ) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانێ پێشنیاری پێکهێنانی لیژنەی کاتی بکات و پەرلەمان پەسەندی بکات، ماوەیەکە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن پەیوەندیمان پێوە دەکرێت، لەسەر بابەتێك کە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان تەرحی کردووە کە گوایە ئەرشیفی مالیی و ئەرشیفی پەرلەمانی سێ خولی ڕابردوو نەماوە، ئێمە وەکو پەرلەمان ئەگەر نەتوانین پارێزگاری لە ئەرشیفی خۆمان و موستەمسەکاتی پەرلەمان بکەین چۆن دەتوانین چاودێری حکومەت بکەین، پێشنیار دەکەم لە ئێستاوە ئەگەر ئەم مەوزوعە ڕاستە، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر داوای ئێوە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان پێك بهێنرێت بۆ ئەوەی بەدوا داچوونی ئەم بابەتە بکرێت بزانین کێ بەرپرسیارە لە دیار نەمانی ئەو فایلانە ئەمە یەك، دووەمیان: سەبارەت بە ناونیشانی تەوەری یەکەم تاوتوێکردنی باری ئەمنی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان، من پێموایە تاوتوێکردنی باری ئەمنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئێستا ئەمە لە قانونی ناوچە جێ ناکۆکەکانیش گۆڕاوە بۆتە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، سەبارەت بە دواخستنی مەسەلەکە ئێمە لەناو هێزی پێشمەرگە بووین، مەیدانی سەردانمان کردووە بەڵێنمان داوە کە ئەمڕۆ ڕۆژی یەك شەممە تاوتوێی باری ئەمنی مەنتیقەکان

و وەزعی ئینسانی، وەزعی پێشمەرگە دەکەین، ئەوان ئێستا لە شاشەکانی تەلەفزیون چاوەڕوانی ئێمەن، داکۆکییان لێ بکەین خەمەکانیان، موعاناتیان، کێشەکانیان لەناو پەرلەمان باس بکەین، بۆیە بە تێڕوانینی من ئەگەر راپۆرتەکانیش ئامەدە نەبن ڕێگە بە ئەندامانی پەرلەمان بدرێ بە تایبەتی ئەوانەی لەناو دۆخەکەدابوون قسە لە بابەتەکە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پیامەکەت گەیشت، سوپاس، سەبارەت بە دروستکردنی لیژنەی کاتی، پێموابێت لیژنەی کاتی پێویست ناکات بۆ بەدوا داچوونی ئەو پرسە، چونکە ئەمڕۆ یەکێك لەو لیژنانەی لە پەرلەمانی کوردستان دروستی دەکەین بریتییە لە لیژنەی کاروباری پەرلەمان هەر دەتوانین راستەوخۆ ئەو لیژنەیە رابسپێرین بەدوا داچوون بۆ ئەو پرسە بکات، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی خۆشمان بەدوا داچوون بۆ ئەو پرسە دەکەین، سەبارەت بە ناونیشانی تەوەری یەکەمیش لە راستیدا بە مەبەست ئەوەمان داناوە، ئەوە راستە لەگەڵ یاساکەی هەرێمی کوردستاندا نەگونجاوە، بەڵام لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراقدا گونجاوە پەیامی سیاسی تێدایە، کاك ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە دیتنا من ئەگەر بڕیار ئەو بیت کو ئەم گفتوگۆ لەسەر ڤی بابەتی بکەین، ئەگەر بۆ ئیعلامی بیتن ئەم دبێژین مەعنەویاتێت وا بەرزن ئەوە تشەکی ترە، قەناعەتا من یا شەخصی بۆ مەوزوعەکی ڤی رەنگی ئەگەر رێك بێتەدان کو تەوەرێ گفتوگۆکرنێ ل سەر وەزعێ سەردانا مە یا داخستی بیت، چونکە دا ئەم تێرو تەسەلی ڤی بابەتی بەحس کەین قەناعەتا من، چونکە ئەگەر ئەم بێنە ڤەکری وەکو شاشات و خەڵك ببینیت وەزع ناخازیتە هەندێ ئیعلاما ڤی شەڕی دکەت، ئەڤ شەڕە ڤی گاڤێ بۆ وی ژی ئیعلامە، ژبەر هەندێ ئەز دبێژم ئەگەر ڤی مەوزوعی موناقەشە بکەین قەناعەتا من بلا یا داخستی بیت، دا هەڤاڵێت مە تێرو تەسەلی ئەم بگەینە ئەنجامێکی باش، چونکە هەما ڤەکری بیت ئەم هەمی دکەڤنە قەبە قەبا مەدحا و هەندێ تشتێ دیتر، ژبەر هەندێ ئەز حەز دکەم یا داختی بیت ئەگەر موناقەشە هاتە کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك علی حەمە صالح.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان باشە نەیخەیتە دەنگدانەوە، لەبەر چەند خاڵێك، یەکەم: وەك ئاماژەتان پێدا کە تاوتوێ کردنی باری ئەمنییە، دووەم: ئەو دوو راپۆرتەی کە حازرە ئێستا ئەوان ئەگەر لەسەر مەنەسە بیخوێننەوە ئێمە هاوشان لەگەڵ خوێندنەوەی ئەواندا تێگەیشتنێکی گشتیمان لە بارەوە دەبێ، سێیەم: هەم خۆتان وەعدتان بە خەڵکی کوردستان داوە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی هەم ئێمە مانان قسەمان کردووە، خەڵکێکی زۆریش

چاوەڕێی ئەمەیە و ڕەنگە پێویستیش بێت کۆمەڵێك ڕاسپاردە دەربکەوێ، هەموو برادەرانی لیژنەی پێشمەرگەش دەتوانن ئەو (Note)انەی کە تەسجیلیان کردووە و ئێمە مانان کە ڕۆیشتووین لێرە بیگەیەنین، بۆیە هیچ موبەریرێك نییە ئەمە بخرێتە دەنگدانەوە، بۆیە داوات لێ دەکەین کە ئەم پرسە نەخەیتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا دەست خۆشی لەو لیژنە هەمیشەییانە دەکەین کە توانیویانە ئەرکەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بەرنامەی کاری داناوە بۆ تاوتوێ کردن و پابەند بن بە بەرنامەکەوە بۆ ئەوەی ئیشەکان بڕوا، ئەو ڕاپۆرتانەی حازر کراوە گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڵام من پێشنیار دەکەم ئەم بابەتە بابەتێکی هەستیارە ڕەهەندی سیاسی و ئەمنی و نیشتیمانیی و نەتەوەیی هەیە، جەلسەکە بە داخراوی بێت بۆ ئەوەی بتوانین بە جدی خاڵ بخەینە سەر حەرف، هەندێ مەسەلە لێرە موناقەشە بکرێ تیایدا بتوانرێ لەسەر ئەو بارودۆخە بڕیار وەربگیرێت، چونکە دۆخێکی زۆر تازەیە، پێشهاتی خۆی هەیە، پێویستی بەوەیە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی ڕوون و یەکلاکەرەوەی هەبێت، چونکە ناکرێ لە ڕێگەی ڕاگەیەندراوێکەوە ئێمە ئیکتیفا بکەین بەو بارودۆخە، پێشموایە جێگەی پرسیارە کە پەرلەمانی کوردستان لە دوای پێنج ڕۆژدا هێشتاکە نەیتوانیوە قسەیەکی جدی لەم مەسەلەیە بکات، ئەمڕۆ ئەو بەرنامەی کارە وەکو خۆی جێبەجی بکرێت داوای ئێمەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی مافەکانی مرۆڤ ڕاپۆرتمان ئامادەیە و هیچ بوعدێکی پێچەوانەی ئەوەی تێدانییە کە مەترسیدار بێت لە ئاشکراکردنی هەندێك زانیاری لەسەر ئەو دۆخە ئەمنییە، بۆیە ئێمە ڕاپۆرتەکەمان ئامادەیە و ڕای گشتیش پێویستە لە پەرلەمانەوە گوێ بیستی دۆخی مرۆیی ئەو ناوچانە بێت لە ئێستادا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمود حاجی عمر فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بە ئیجازەی هاوڕێیانم لە لیژنەی پێشمەرگە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان راستە ئێمە راپۆرتەكەمان ئامادە نییە وەكو جەنابت ئیشارەت پێ كرد ئەم شەو تا نیوە شەوێكی درەنگ بە مەیدانی لەوێ بووین، بەڵام دەكرێ ئێمە ئەوەی بە چاوی خۆمان دیتمان هەر لە ناوچەی موحافەزەی موصلەوە هەتا دەگاتە خوارووی كەركووك و دووزخورماتو ئاگادارین لە وەزعەكە، بەشێك لەم شتانە پەیوەندی بە حاڵەتی ئەمنییەوە هەیە، ناكرێت بخرێتە بەرچاوی راگەیاندنەوە، بۆیە ئەگەر راپۆرتەكەمان ئەوەی تیایەتی دواتر بیخەینە پێش چاوی جەنابتان، بەڵام دەكرێ ئەم دۆخە دۆخێكی گەرم و هەستیارە وەكو هاوڕێیانم وتیان پێویستە قسەی لەسەر بكەین، چونكە وەزعێك هاتۆتە پێشەوە ناكرێ ئەوە بە نا دیدە بگیرێت، ناكرێت ئەمە دوا بخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس بەرنامەی كاری ئەم دانیشتنە لەسەر سایتی پەرلەمانی كوردستان نەبوو، دوێنێش هەتا سەعات (١٢) سەیرمان كرد نەبوو، وەكو ئێمەی پەرلەمانتارانی دەرەوەی هەولێر زۆر گرنگە لەسەر سایتی پەرلەمان هەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەبووە لەسەر سایت، نەبوو بێت سایتەكە خەریكی چاكردنین ئەمڕۆ دەكەوێتە كار، فەرموو د.عبدالله.

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بانگ هێشت هەبوو، بەس بەرنامەی كار نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرنامەی كار لە (Box)ە، ئەوەی سكرتێری پەرلەمان و جێگری سەرۆكی پەرلەمان باسی دەكەن لە (Box) بووە لە رۆژی پێنج شەممەوە، لەوە دەچێت ئەوەی جەنابت تێیدا نەبوو بێت كاك عبدالله؟

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قەصدم ئێمە لە دەرەوەی هەولێر ئەگەر لەسەر سایتی پەرلەمان بێت زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

چاكسازی لە سایتەكەدا كرا، كاك انور قادر فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەم بارودۆخـە، بـارودۆخێکی گرنگـە هەنووکـەیی و هەسـتیارە، هـیچ موبـەریرێك نییـە بـۆ دواخـستنی، پێویستە گفتوگۆی لەسەر بکرێ راپۆرت ئامادە بێ، یان ئامادە نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منیرە خان فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموومان باش دەزانین کە ئەمە دۆخێکە کـە هـەموومان لەبـەردەم بەرپرسـیایەتیەکی گـەورە دایـن، بۆیـە دواخستنی ئەم پرسە پێموایە ئەمە زۆر خراپ دەبێ بـۆ پەرلـەمانی کوردسـتان وەك هاوڕێکـانم ئیـشارەتیان پێدا کە پێـشتر ئێمـە بـەڵێنمان بـە خـەڵکی کوردسـتان داوە بـەدوا داچـوون بکـەین، بۆیـە داوا لـە بـەڕێزتان دەکەم بە هیچ شێوەیەك رێگە نەدرێ بەوەی کە ئەم پرسە دوا بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر دووبارەیە هیچ پێویست ناکات باسی بکەن، یەعنی هیچ پێویـست ناکـات هـەمووتان بڵێن دوایخـەن و دوایمەخەن، ئەمە چییە؟ پێویست ناکات شتی دووبارە مەڵێن، کاك سەهراب فەرموو.

**بەڕێز سەهراب میکائیل محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو نوقتە نیزام هەبوون، دیت پەیڕەوێ ناڤخۆ ماددەی (١، ٥) پێتڤیە روونیـشتنێت مـە وەختـێ خـۆ یـا دەست نیشان کری برێڤە بچیت، ئەڤە چەندین جارا (٢٠، ٢٥) دەقە بسەر ڤەچیت، یا دووێ من پێم خۆشـە ئەگـەر جـەنابێ هـەوە بـۆ مـە روون کـەتن ئـەوە (د.عبداللـە) کـەرەم کـری گـۆتی، دیـت پـەیڕەوێ نـاڤخۆ سەرۆکایەتیا پەرلەمانی دێ بەرنامێ کاری رێك دێخیتن، رێکا سکرتاریەتێ بـە شـێوەیەکی یەکسەر هـەمی ئەندام پەرلەمان دهێنە ئاگادار کرن، سایتی پەرلەمانی دێتە هەژماردن بە ریگەکا یەکسەر یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێزد. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی لەپەیڕەوی ناوەخۆ باسی سایتی پەرلەمانی تێدانییە، (بۆکس) داندراوە بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، جەنابتان دەتوانن سەردانی بۆکسەکانتان بکەن، بۆ ئەوەی بزانن چی لەبۆکسەکانتاندا هەیە، بەڵام ئێمە سایتی پەرلەمانی کوردستانمان تازە کردۆتەوە، پێموابێ ئەمڕۆ یان سبەی سایتە تازەکەی پەرلەمانی کوردستان دەکەوێتە کار، بەدڵنیاییەوە ئەو کاتە بەرنامەی لەناو سایتەکەشدا بڵاو دەکەینەوە، فەرموو کاك فائق.

**بەڕێز فائق مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش رام وایە ئامادە نەبوونی راپۆرتی لیژنەی پێشمەرگە نەكرێتە هۆكارێك،.......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، دووبارەیە كاك فائق.

**بەڕێز فائق مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەكرێ سەرەتای گفتوگۆیەكە راپۆرتێكی زارەكی لیژنەی پێشمەرگە پێشكەش بكرێ، ئینجا بكرێ،......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمەش دووبارەیە كاك فائق.

**بەڕێز فائق مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووەم یەكێك لەكارنامەكانی كۆبوونەوەی ئەمڕۆمان پێكهێنانی سێ لیژنەیە كە یەكێك لەو لیژنانە پەیوەستە بە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم، پەلە بكرێ لەپێكهێنانی ئەو لیژنەیە، دەست بكات بەكاری خۆی، چونكە حاڵەتەكە زۆر زەروورە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر باشە، تەبعەن ئەمەی جەنابت باست كرد، ئەوەی كاك سۆرانیشی بەبیرهێنامەوە، نوقتەی نیزامی یەكەمی، لەراستیدا بۆیە دواكەوتین، چونكە تا ئەمڕۆ، تا پێنج دەقە پێش ئەوەی بێینە ژوورەوە هەندێك لەفراكسیۆنەكان ناوی لیژنەكانیان بۆ نەهێنابووین، ناوی لیژنە هەمیشەیەكانی پەرلەمان، ئەو سێ لیژنەیەی كە بڕیارە دروست بكرێ ناوەكانیان بۆ نەهێنا بووین، ئێستاش كە هێناویانە بەناتەواوی هێناویانە، ئەوكاتە پێویست دەكات قسەیەكی تری لەسەر بكەین، بۆیە دواكەوتین لەبەرنامەی كاری دانیشتنەكە، فەرموو كاك برزۆ.

**بەڕێز برزۆ مجید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەهەموو هەرێم و وڵاتێك ئەو مەسەلە هەیە كە هەندێك مەعلوماتی ئەمنی و یاخود ئیستیخباراتی عەسكەری دەبێ بپارێزرێ، بۆیە ئەگەر دانیشتنەكە بەكراوە بوو، پێشنیار دەكەم هەموو ئەندام پەرلەمانانیش ئەوە دەزانن ئەوەی پەیوەندی بەناو و ناونیشانی هێزەكانی پێشمەرگە، بەژمارەیان، بە نیزامی تەسلیح، بەجۆری ئەو چەكانەی پێیانە دوایی بەراپۆرتێكی تایبەت بدرێتە سەرۆكی پەرلەمان یاخود بەشەفەوی تایبەت پێتان بگۆترێ، تۆزێك پارێزگاری بكەن لەو مەعلوماتە ئستیخباری و ئەمنییەكان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش، فەرموو بەهار خان.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەكانی بەڕێزان دووبارە ناكەمەوە، بەلاَم سەبارەت بە پێكهێنانی لیژنەكان و سەردانكردنی ئەو شوێنانە لەسەر راسپاردەی بەڕێزت، من تێبینی و سەرنجم هەبوو لەوەی كە بەڕێزتان بەشێوەیەكی گشتگیر لیژنەكانت راسپاردبوو، بۆیە جۆرێك لەتێكەڵی لەكاری لیژنەكاندا هەبوو، دەبوایە تەوزیحاتێك بكرابایە، رۆڵی لیژنەكان دیاری بكرابایە، بۆ نموونە لیژنەی پێشمەرگە سەردانی بارودۆخی پێشمەرگەی بكردبایە، لیژنەی مافی مرۆڤ سەردانی ئاوارەكان و بواری مرۆیی خەڵكی بكردبایە، لیژنەی ناوەخۆ سەردانی دامەزراوەكان و موئەسەسە خۆجێییەكانی بكردبایە، ئەمە نەكرابوو، بۆیە پێموایە كە تێكەڵەیەك لەراپۆرتەكانیشدا دروست دەبێ، ئەگەر بكرێت مادام ئەم مەسەلەیە كراوەیە، بۆ ئەوە راپۆرتەكان دەوڵەمەند بكرێ و تەخەسووسی لیژنەكان بە راپۆرتەكەوە هەبێ، بۆ ئەوەی ئەم تێكەڵەیە دروست نەبێ، ئەمە سەرنجی یەكەم، سەرنجی دووەمم، دیارە وەكو هەندێك ئاماژەیان پێدا، من ئەم كۆبوونەوەیە پێم باشە هەر بەردەوام بەكراوەیی بێ، چونكە پەیوەستە بەخەڵكەكەوە، بەلاَم ئەو بەشەی كە تایبەتە بە پێشمەرگە و هەندێك بوعدی ئەمنی، ئەو بەشەیان بەداخراوەیی بێ، چونكە بوعدی ئەمنی هەیە و تایبەتە بەكاروباری پێشمەرگە و ئامادەسازی خۆمان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش، سەبارەت بە راسپاردنی لیژنەكان، ئێمە وا پێش بینی دەكەین كە هەر لیژنەیەك تایبەتمەندی خۆی دەزانێ، دەزانێ چۆن بەدوای ئەو پرسانەدا بچێ كە لەزمنی تایبەتمەندی ئەو دایە، بۆیە لەم رووەوە هەرسێ لیژنەكەی ناومان هێناون پێمان وابوو ئێوە ئیشی خۆتان بەباشی دەكەن، فەرموو خاتوو شكریە.

**بەڕێز شكریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خەڵكێكی زۆر لەعەرەبەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان هاتوونەتە ناو هەرێمی كوردستان، ئەوانەی پێشتریش و ئەوانەی ئێستاش داوا دەكەن دەڵێن ئێمە بەراستی حەزدەكەین ئەو قسانەی، ئەو شتانەی كە لە پەرلەمانی كوردستان تاوتوێ دەكرێ، ئێمەش لێی تێبگەین، هیوادارم جەنابت فەرمانێك دەربكەی كە لەژێرەوە دەكرێ لەهاموشۆیەكەی شتەكانیان بۆ تەرجومە بكرێ، چونكە ئەوانیش بەپەرۆشن بۆ بیستنی ئەمانە، پەیوەندی بەژیان و داهاتووی ئەوانیشەوە هەیە، بەتایبەتی كە ئێستا پەرلەمانی عێراق پەكی كەوتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕەنگە ئێستا لەرووی تەکنیکییەوە نەتوانین بەم پەلەیە ئەوە بکەین کە ژێرنووسی عەرەبی هەبێ، بەڵام دەتوانین بۆ داهاتوو ئەو پێشنیارەش لەبەرچاو بگرین، فەرموو کاك مەردان.

**بەڕێز مەردان خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لەئاخافتنێ من هاتنە گوتن، بەس تەئکیدێ ل هەندێ دەکەمەوە، راپۆرتا لیژنا ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێیەکان ل بەردەستێ مەیە، هەندەك پێزانینێ ئەمنی و ئێت لەشکرێت تێدان ناکرێت راستەوخۆ کۆمبوون یان ئاشکرابیت و بهێتە پەخش کرن،.......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دووبارەیە کاك مەردان، فەرموو کاك حاجی کاروان.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لەدەرەوە هەر گلەیی دەکەن پەیامنێرەکان دەنگ باش ناڕوا، یان دەنگەکە بەتەواوەتی قەتع بکرێ لەبەر ئەو باردۆخەی کە باس دەکرێ، یان چاك بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باش، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من سەرنجێکم هەیە، دەبوایە ئەوکاتەی کە لیژنەکان راسپێردران بۆ ئەم بابەتە، لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندنیش راسپێردرابانە، چونکە بەراستی میدیا بە بەرپرسیارەتی مامەڵەی لەگەڵ ئەو باردۆخە نەکردووە، لەپێناو تەنها گواستنەوەی وێنەی شەر و جوانترین وێنە، بەرپرسیارەتی نەتەوەیی و هەتا رەوشتی رۆژنامەنووسیش وەکو پێویست نەپارێزراوە، وەکو بینیمان، بۆیە من ئومێد دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرەسمی لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاند رابسپێرێ، بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێك لەسەر مامەڵەکردنی بەتایبەت میدیای حزبی و میدیای ئەهلی لەهەرێمی کوردستان لەگەڵ دروست بوونی بارودۆخێکی لەو جۆرە لەهەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، راستی ئێمە بەشێوەیەکی کتوپڕ مامەڵەمان لەگەڵ ئەو رووداوانە کرد، وەکو تەنگەژەیەك کە هاتۆتە کایەوە لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان کە مەعنین بەو قەزیە، رابسپێرین، ئەو بابەتەی جەنابیشت باست کرد، دەکرێ وتووێژی لەسەر بکرێ، دەکرێ لیژنەکەی ئێوە هەر لەئەمڕۆوە دەست بەکار

بن، بۆ ئەوەی راپۆرتێك لەم بارەیەشەوە ئامادەبکەن، ئەو کاتە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستانیش دەتوانین تاوتۆی بکەین، فەرمووو مامۆستا مەڕوان.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەڕوان کەلالی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا وەکو پێشنیارێك ئەگەر باس دەکرێتن تەقریری ئەو لیژنانە، یان راپۆرتی ئەو لیژنانە دەخوێندرێتەوە، ئەمن پێم باشە خوێندنەوەیەکی ئەوەلی بکرێتن، ئەو بارودۆخەی کە دروست بووە، هۆکارەکانی، سەبەبەکانی، خەلفییەتەکەی بەوەی کە بەرچاوی هەموو لایەکمان روون بێ، تایبەتە بە موسەلەسی سونی یان کوردستانی خۆشمان دەگرێتەوە، چونکە ئەوانە هەمووی خوێندنەوەی تایبەتی بۆ دەکرێن، یەعنی هیوادرام پێش ئەوەی کە بچنە سەر راپۆرتی لیژنەکان دەستەی سەرۆکایەتی بەرچاو روونییەك بدەنە پەرلەمانتاران و خەڵکی کوردستانیش، دەستتان خۆش بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێموابێ بەرچاوروونییەکەمان دا، باسی ئەوەمان کرد کە چۆن ئەو رووداوانە کاریگەرییان هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان، کاریگەرییان هەیە لەسەر ناوچە جێ ناکۆکەکان، کاریگەرییان هەیە لەسەر هێزی پێشمەرگە، ئەم بەرچاو روونییەماندا مامۆستا، پێموابێ لەراپۆرتی لیژنەکانیش تا رادەیەك ئاماژە بەمە دراوە، فەرمووو خاتوو امنە.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانی کوردستانێ بڕیارەك دەرخست کو سێ لیژنە بۆ دیف چوونا دەڤەرێن دەرڤەی هەرێمی کوردستان بچن، سەردانێی بکەن و سەردانەکا مەیدانی بۆ هەندێ کو بزانن کێشەی پێشمەرگە، رەوشا ئەمنی خەڵکا وێرێ ژ لایێ ئینسانی بە چ رەوش دایە، حکمەت لە دروستکرنا سێ لیژنە پەرلەمانی ل چدایە؟ ئەگەر هاتو ئەو لیژنە ئامادەکاریا خۆ، راپۆرتا وان بەرهاڤ نەبی، کو بەرچاو روونکردنەکی بدەنە پەرلەمانتاران، دێ لسەر چ ئەساس موناقەشەی دکا و بڕیارا دەردێخی؟ خۆ هەدەف ژ چوونا ڤان لیژنێ پەرلەمانی بۆ هەندێیە کو بەرچاو روونیەکێ دروست، یا دەقیق بدەنە پەرلەمانتاران کو مەکا بڕیارێت دراسەت کری و ڤەکۆلێت کری دەرکەڤی ژبەر هەندێ لیژنا پێشمەرگە لیژنەکا زۆر مەعنییە، پێدڤییە راپۆرتا وان حازر بی، عورفێ پەرلەمانیێ پێشوو ژ نەبوویە تو لیژنەیەکا راسپێریتن بۆ تەحقیق و ڤەکۆلینا تشتێك و پێهاتیە راسپاردن، راپۆرتا وی ئامادەنەبیت و جڤینە پەرلەمانی لەسەر بهێتە کرن، ژبەر هەندێ ئەز نابینم کو عەمەلی بیتن لیژنەیەکا زۆر حەساسا گرێدایە بە ناڤەرۆکا مەوزوعیدا، راپۆرتا وی ئامادە نەبی، ئەم موناقەشا پەرلەمانی بکەین لەسەر چ ئەساس، دوو، دیتنا من خۆ رۆژەك تاخیر کرن، تە ڤی مەوزوعیدا و یاسا تێکرن لە ڤی مەوزوعیدا دەرئەنجامێن باش نابیتن، تەئکید لسەر رەئییێت هەڤالێت خۆ دکەم، ئەڤ بابەتەیە هی گرێدایە، ئەم نەوعە ئەمنییەتە، سەربازییە یا هەرێمێ مە، ئەز پێشنیارێ دکەم

ئەم روونشینە بەشێوازێکی ڤەکری بیتن، ئەگەر مە دەڤێتن بڕیار و دەرئەنجامێ باش دەرکەویتن، ئەم جهینە یەکگرتی بیتن، داکو زانیارییێن ئێحتیمالە لسەرە پەرلەمانتار هەندەك شت دەبێژیتن زانیاریێ وێت ئەمنی ئەز نزانم دەکویت چ ئەنجامێك، بەس لایەنەکێ سیاسی، لایەنەکێ گروپێت چەکدار مەبەستا وان ئەوە بیتن چ نوقتێت ئاخافتنێ مە دچێتە دەرئێخیت، ژبەر هەندێ گەل هەندێمە جڤین یەکگرتی بیت، سپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەکان دوو راپۆرتیان حازرە، بەڵام من بۆیە ئەم پرسەم لەسەرەتاوە باس کرد، بۆ ئەوەی هەر لەئێستاوە رەخنەمان لێ نەگرن بڵێین پێش (٤٨) سەعات راپۆرتەکانمان بەدەست نەگەیشتووە، ئێستا لەپەرلەمانی کوردستان تاوتوێ دەکرێ، بۆیە لەمە پێشتان کەوتین، بۆ ئەوەی پێتان بڵێین راپۆرتەکان ئەمڕۆ بەدەستتان گەیشتووە، بەڵام پرسێکی گرینگە، ئێمە بەگرینگی دەزانین بۆیە لەبەرنامەی کاری پەرلەمانی کوردستان دامان ناوە، ئێمەش بە گرنگی دەزانین، بۆیە لە بەرنامەی کاری پەرلەمانی کوردستان دامان ناوە، سەبارەت بە پرسی ئەوەی کە دانیشتنەکەش بە شێوەی ئاشکرا بێت یان بە شێوەی نهێنی ئەوە رێکاری خۆی هەیە بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆ ئەیگرینەبەر، ئێستا پێم وابێ زۆرینەی بۆچوونەکان لە سەر ئەوەیە، دوا سێ نوقتەی نیزامی؟ بەڵام تکایە با نوقتەی نیزامی بێ؟ فەرموو ابو کاروان،

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام بەڕاستی لایەنی ئەمنی و لایەنی عەسکەری و سەربازی ئێستا بەم شێوەیە دیراسەت نەکرێ و قسەی لە سەر نەکرێ، کوردستان ئێستا دەتوانین بڵێین لە شەڕ دایە، بەڵکو تەرکیز بکەینە سەر لایەنی سیاسی و مرۆیی ئەم پرسە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا رابوون،

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژە بەوە کرا، گوایە پەرلەمانتارەکانی دەرەوەی هەولێر دەستیان ناگا بەو دۆکۆمێنتانەی کە لە صندوقەکانی دادەنێن، بۆیە پێویست دەکا لە سەر سایت دابنێن، ئەو قسەیە نابێ بکرێ، پەرلەمانی کوردستان بۆیە خانووی بۆ پەرلەمانتارەکان دابین کردووە، بۆ ئەوەی پەرلەمانتارەکان هەموویان بێنە ناو هەولێر،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەڵامی پەرلەمانتار مەدەوە، فەرموو مامۆستا رابوون،

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هەر حاڵ هیوادارم یەعنی ئەم مەوزوعە بە جدی وەربگیرێ،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە خۆمان وەڵامی پەرلەمانتاران دەدەینەوە، شتێکی تر هەبوو، فەرموو مامۆستا رابوون،

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم: ئەو بابەتی کە ئەگەر قەرارە پەرلەمان دەنگی بۆ ئەوەدا کە دانیشتنەکە راستەوخۆ نەگوازرێتەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئێمە متمانەمان بە گەلەکەمان هەیە بە دەزگا راگەیاندنەکانی خۆشمان هەیە، تەنها لەبەر ئەوەیە کە هەندێك بابەتی ئەمنی هەیە نەگا بە ناحەزەکانمان ئەوانەی کە ناحەزن بە بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فەرهاد،

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم رووداوانەی کە لە چەند رۆژێکدا بە پەلە روویانداوە ئەوەندە گەورە و گرنگن کە پەرلەمانی کوردستان پێویستە چەندان دانیشتنی بۆ تایبەت بکا، و من پێم وایە رەنگە پەرلەمان هەبێ لە ئەوروپا زۆر زیاتر لە ئێمە ئاگای لەم رووداوانە هەبێ کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، و مەسەلەی پەخش کردنی پێم وایە کارێکی خراپ بێ لەم وەختە، چونکە هەر کەس قسە دەکات رەنگە زۆر شت بوترێ تەئسیر بکاتە سەر مەعنەویاتی خەڵك و تەئسیر بکاتە سەر پێشمەرگە و ئەوانە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. شوان،

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر (د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بارودۆخەی ئێستا هەیە لە ناوچە دابڕاوە کوردستانییەکان زۆر زۆر گرنگە، وای پێویست دەکرد بەس ئەم خاڵە ئەمڕۆ تاوتوێ کرابایە، لەگەڵ پێکهێنانی لیژنەی ناوچە کوردستانیە دابڕاوەکان، لەبەر ئەوە پێویستە بە بڕیاریشەوە پەرلەمان ئەم کۆبوونەوەیە تەواو بکات، واتە ئێستا هەموو هێزەکان لایەنی مەعنەوی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، سەربازی لەو کۆبوونەوەیە پێویستە چارەسەر بکرێ، بە بڕیارەوە دەربچین خاڵەکانی تر ئەگەر موناقەشە و گفتوگۆی لە سەر نەکرێ بە قوربانی خاڵی یەکەم بکرێ ئێستا هەر لە جێی خۆیدایە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ڕاگەیاندنی پەرلەمانەوە نووسراوێکمان بە دەست گەیشتووە کە باس لەوە دەکا بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان لە ڕۆژی پێنج شەممەوە لە سەر سایتی پەرلەمانی کوردستان هەیە، ئەوە ڕای ئەوانە ئێوە دەبوو لە صندوقەکان وەربیگرن کاك دکتۆر، بەڵام ئەوان باسی ئەوە دەکەن لە ڕۆژی پێنج شەممەوە هەیە، کاروباری پەرلەمان و بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنیش باس لەوە دەکەن کە لە ڕۆژی پێنج شەممەوە بانگهێشت و بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان لە سەر سایتەکە و بۆ هەموو میدیاکانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، ئێستا پێم وابێت ڕای زۆرینە لە سەر ئەوە بوو دەست دەکەین بە موناقەشەکردنی ئەو ڕاپۆرتانەی کە بەدەستمان گەیشتووە لە هەردوو لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و لیژنەی ناوەخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجەییەکان و ئەم پرسە بە کراوەیی دەهێڵینەوە لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکی تریشدا موناقەشەی ڕاپۆرتی لیژنەی پێشمەرگە و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی بکەین، بۆیە داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەین بێنە سەر مەنەصە بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکانیان پێم وابێت ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ هیچ شتێکی تێدا نییە کە نەتوانرێ بۆ ڕاگەیاندن بگوازرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕاپۆرتە ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە ئەگەر هەر پرسێکی تر هەبوو دوایی زانیمان پێویست دەکات دانیشتنەکە بە نهێنی بکرێ ئەو کاتە دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاك باپیر،

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەوەی کە پەیوەندە بەو ڕووداوانەی بەو دواییەی کە ڕوویداوە بۆ حەفتەی داهاتوو دوا بخەین، چونکە بەرچاومان ڕوونتر دەبێ مومکینە هاوکێشەکە زیاتر،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان**

لێبووینەوە زۆرینەی

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با من عەرزتکەم ڕەئی خۆم دەڵێم، با ڕەئی زۆر سابت بێ

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێبووینەوە، ڕای زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانە، فەرموو کاك باپیر،

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر من ڕای خۆم دەڵێم، ڕەئی زۆرینە با سابت بێ، ڕەنگە حەفتەی داهاتوو گۆڕانکاری زیاتر ڕووبدا بەرچاو ڕوونی زیاترمان هەبێ بۆ ئەوە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك باپیر وەکو باسمان کرد ئەم پرسە بە کراوەیی لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان دەهێڵینەوە و لە دانیشتنەکانی داهاتووش باسی دەکەین، باشە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئێستا قسەکردن لە سەر خاڵی یەکی بەرنامەی کاری پەرلەمانی کوردستان دوا بخرێ تا راپۆرتی لیژنەکانی تریش ئامادە دەکرێ با دەستی بەرزکاتەوە؟ (٤٣) ئەندام لەگەڵە، کێ لەگەڵ نیە؟ (٥٠) ئەندام لەگەڵ نیە، کەواتە بەرنامەی کار وەکو خۆی دەمینێتەوە، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، فەرموو راپۆرتەکەی خۆتان بخوێنەوە،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چۆن راپۆرتەکەتان ئامادەکردووە و تەوقیعی لە سەر نییە؟ روونکردنەوەی خۆت بدە،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە پەلە کە بەڕێزتان داواتان کرد سەردانتان بکەین، (٥) خولەك پێش دەست پێکردنی کۆبوونەوەکە بوو، بۆیە مولحەقی ئیمزاکانمان نە ناردووە، ئەگەر نا سەرجەم ئەندامانی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لێرە مەوجودن و راپۆرتەکە راپۆرتی مافەکانی مرۆڤە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ ئاگاتان لە راپۆرتی لیژنەکەی خۆتان هەیە؟ تکایە ئەندامانی لیژنەی مافی مرۆڤ ئەوەی ئاگای لە راپۆرتەکە هەیە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧) ئەندام دەستیان بەرزکردۆتەوە کەواتە نیصابی لیژنەکەش هەیە، فەرموو

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان.**

**بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ راپۆرتێك دەربارەی دۆخی مرۆیی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەروەی ئیدارەی ئێستای هەرێمی کوردستان.**

ئاماژە بە نووسراوی ژمارە ك/١٤٢ کە لە ٢٠١٤/٦/١٠ لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئاڕاستەی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی و لیژنەی ناوەخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجەییەکان و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ کرا، لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە ٢٠١٤/٦/١١ و لە

**٢٠١٤/٦/١٤ هاوڕێ لەگەڵ لیژنەی ناوەخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجەییەکان سەردانی دەڤەرەکانی خازر و بەرتەڵە و گۆگجەلیل و مەخموور و قەراج و گوێڕ و گردەهار و گرکانی حاجی حسینی کرد، لە ئەنجامی ئەو بەسەرکردنەوانەدا ئەم چەند خاڵە دەخەینە روو،**

**١. پاش دەست بەسەرداگرتنی شاری موصل و پاشەکشەی سوپای عێراق لە هەموو ئەو ناوچانە دۆخێکی نا ئاسایی و خراپی مرۆیی دروست بووە کە ترس و دوو دڵی باڵی بەسەر ئەو ناوچانەدا کێشاوە. کە ترس و دوو دڵی باڵی بەسەر ئەو ناوچانەدا کێشاوە، دوو: بە هەزاران هاووڵاتی سڤیل لە ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارە بوون، ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، سێ: وێڕای ئەوەی ڕووداوەکان کت و پڕ ڕوویانداوە، بەڵام بۆ مامەڵە و پێشوازی لە ئاوارە زۆرە زۆر لە ئاستێکی باش دا بووە، چوارەم: ئەو کەمپەی کە لە ئێستادا لە خازر دروستکراوە سەرتاییەو، پێویستی بە دابین کردنی پێداویستی زیاترە لەڕووی خۆراك و تەندروستی و، بە لەبەرچاوگرتنی وەرزی ئێستای گەرما، پێنج: فەرمانبەری هێزێکی زۆر سەر بە سوپاو پۆلیسی عیراقی، کە لەناوچە کوردستانیەکانن و سەر بە ئیدارەی شاری موسڵن، لە دڵە ڕاوکێ دان سەبارەت بە مووچەی مانگی ئایندەیان، کە ئایا چۆن و کێ بۆیان دابین دەکات؟، شەش: ئەوەی تێبینی کرا لە پاش ٤٨ کاتژمێر، لە دەست بەسەر داگرتنی شاری موسڵ، بەشێکی زۆر لە ئاوارەکان، کە لە هەرێمی کوردستانن بەرەو شاری موسڵ دەگەڕێنەوە، حەوت: لە هەندێك لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی ئێستای هەرێمی کوردستان بەتایبەت مەخمور، کێشەی سووتەمەنی و کارەبا بوونی هەیە، هەشت: لە گوێڕ پردێك تەقێندراوەتەوە کە کێشەی گەورەی بۆ هاووڵاتیانی ئەو ناوچەیە دروست کردووە، نۆ: هێزەکانی پێشمەرگە لەسەرجەم دەڤەرەکان باری گوزەرانیان وەك پێویست نییەو مووچەیان کەمە، ئەمەش ڕەهەندی ژیانی و کۆمەڵایەتی پەیوەست بە خانەوادەی پێشمەرگەوە هەیە، دە: لەسنووری مەخمور ڕێژەیەکی کەمی ئاوارە هەیە، ئەوەی ڕووی لەو ناوچانە کردووە لەلایەن خەڵکی مەخمورەوە داڵدە دراون.**

**ڕاسپاردەکان:**

**یەکەم: حکومەتی هەرێم و دەزگا پەیوەندیدارەکان، ئەوەی لە توانایان دا هەیە ڕێکاری پێویست و زیاتر بگرنە بەر بۆ دابینکردنی ژیانی سەرەتایی ئاوارەکان.**

**دوو: چاوەڕوان دەکرێت دۆخێکی خراپتری مرۆیی لە ئاوارە بوونەوەی خەڵکی ئەو ناوچانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی سوپای عیراقیدا نەماون، بەتایبەت لەکاتێکدا کە هەوڵی گرتنەوەی ئەو ناوچانە دەدرێت ڕووبداتەوە.**

**سێ: مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە لە پێش هەموو وەزارەتەکان بدرێت و لەم دۆخەشدا پاداشتی تایبەتیان پێشکەش بکرێت.**

**چوار: داوا لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بکرێت، هاوکاری مرۆیی پێشکەش بەو شاڵاوە ئاوارەیە بکەن، کە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.**

پێنج: له ڕێگای حکومەتی هەرێمەوە هەوڵ بدرێت مووچەی فەرمانبەران و ئەو هێزانەی پۆلیس و سوپا لەلایەن حکومەتی عیراقییەوە دابین بکرێت، کە کەوتوونەتە ناوچە کوردستانییەکان و سەر بە ئیدارەی موسڵ و ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی بوون لەپێش ئەم دۆخە.

شەش: ئەگەر پەرلەمان لە توانای دا هەیە هاوکاری پێشکەش بە ئاوارەکان بکات، بە کردنەوەی کەمپێکی تایبەت بۆیان.

**لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان**

**٢٠١٤/٦/١٥**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان دەکەین، ئەوانیش بێنە سەر مەنەسە بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەیان، ئێوە بمێننەوە بەس یەك تۆز مەجال بدەن، سێ نوقتەی نیزامی هەیە، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکارم بە تەوازوعەوە ئەم تێبینیەم لێ وەربگری، کاتێك کە سەرۆکایەتی لیژنەیەك دەڵێت ڕاپۆرتمان ئامادە کردووە، بۆچوونی سەرۆکایەتی لیژنەکە لەسەر مەنەسەکە تەعبیرە لە گشت، نەك ئیمتحانی ئەندامەکان بکرێ ئەمە سابیقەیەکی خراپە، جاری پێشووش فەرمانبەرتان هێنایە ژوورەوە، کە ئایا ئەوەی لە پەرلەمان بکرێت ڕاستە یان نا؟ بۆ هەیبەت و پێگەی لیژنەی سەرۆکایەتی لیژنەکان حەقە ئەو مەسەلەیە بەو جۆرە ڕایی نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئیعتزازیان لەسەر ئەوەیە، پێویست دەکات ئەوە ڕوون بکرێتەوە، هیچ ئیمتیحان کردن نییە، بەڵکو ئەو ڕوونکردنەوەی خۆی داوە، بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ڕوونکردنەوەکەی، ئەندامانی لیژنەکەی دەستیان بەرز کردووەتەوە، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان، بە بڕوای من با لە میدیا نەخوێندرێتەوە، لەبەرئەوەی ژمارەی تێدایە، ژمارەی سەرباز و کارمەند و ئەوە بە بۆچوونی من شتێکی نەگونجاوە، بۆیە ئومێد دەکەم ئەوە بە ڕاستەوخۆ نەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی ماددەی نۆ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دانیشتنەکانی پەرلەمان بە ئاشکرایی دەبن، دەکرێت لەسەر داواکاری سەرۆك یان یەك لەسەر چواری ژمارەی ئەندامەکانی کەمتر نەبێت و، بە ڕەزامەندی

پەرلەمان، بە زۆرینەی ئامادەبووان بکرێتە نهێنی، بۆیە ئەوە پێویستی بە یەك لەسەر چواری ئەندامانی پەرلەمان هەیە، داواکاری ئەوەبکەن کە دانیشتنەکە بکرێتە نهێنی، ئێستا ئەگەر دانیشتنەکە بکرێتە نهێنی داوای ئەوە بکەن، فەرموو کاك ناظم.

**بەڕێز ناظم کبیر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت راپۆرتەکەمان ئەوەی بزانین، کە پەیوەستە بە ئاسایشی نیشتمانییەوە خۆمان ئامادەین کە ئەو نهێنیانە نەدرکێنین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

لەوە دەچێ لە ئەنجامی وتووێژەوە بێتە کایەوە، هەندێك شتی تر بێتە کایەوە، ئامینە خان فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیر کرنا راپۆرتا لیژنا ناوخۆ و ئاسایشێ، نهێنییەت ئەمنیەت تیدایی، ژ بەر هەندێ پێویستە بچیتە دەنگدانێ، ڕەئیا زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان ژ بەر هەندێ، ئەڤ بەشە گرتی بێتن.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند جارە من دەستی خۆ بلند کر، نوقتا نیزامی هەنە، دیارە جەنابێ وە ئەو دەرەفەتە نەدا، هێڤیدارم جارەکی دی بێتە عەدالەتیەك بەرچاڤ، چونکە هەمیشە بەردەوام باسی عەدالەتێ دکەین، نیسبەت ماددا ٥٤ برگا دووێ ب شکلەکێ باسی سندووقێ دەکەتن، نەك باسی سایتی دکەتن، ب شکلەکێ موتلەقێ باس کری کو دڤێت ئەندامی پەرلەمانی بێتە ئاگادار کرن، کەواتە سندووق نەموبەڕیرە بۆ هەندێك و ئەندامێ پەرلەمانی بێتە  ئاگادار کرنێ، ئەو خالا ئێکێ ، خالا دووێ ئەم دگەل هەندێ دانەبین کو کارێت لیژنا مافێت مرۆڤ ئان ژی ناوخۆ هەرچەندە بەش ب حالێت خۆ دەست خۆشیەکا باش لێ دەکەم، کو زەحەمەتەکا بەرچاڤ کێشایە بۆ هەندێ کار بکەتن خزمەتا ڤی نیشتمانی دابێتن، بەلێ داخوازامە ئەوە

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دوایی دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، قسە لەسەر هەردوو لیژنەکە بکەن، سەبارەت بە سندووق ڕاست دەکەی، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان نە ئاماژە بە سندووق کراوە، نە ئاماژە بە سایت، بەلام داواکراوە، کە ئەندامانی لێ ئاگادار بکرێتەوە ئەوە پێویستی بە ئالیەتە، ئالیەتی پەیڕەو کراو تا ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان بریتیە لە دانانی بەرنامەی کار و ، راپۆرتی لیژنەکان، پرۆژە یاساکان لە سندووقی ئەندامان ، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی چەندجار داوامان لە ئێوە کردووە، کە ئیمەیلەکانی خۆشتان بدەن بە لایەنی

پەیوەندیدار، بەڵام تا ئێستا زۆربەتان ئیمەیلەکەتان نەداوە بە لیژنەی کاروباری پەرلەمان، بۆئەوەی بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان بە ئیمەیلیش بگاتە دەستیان، کەواتە ئەوە کەم و کورتیەکە لە خۆتانە، ئیمەیلەکانیشتان بێنن، بە ئیمەیلیش پێتان دەگات، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەوەی لەبەر دەستی ئێمە دایە، بڕواناکەم هیچ نهێنیەکی تێدابێ، لەبەرئەوە زۆر ئاساییە بخوێندرێتەوە، دۆخی کوردستان پێم وابێ لەوە کراوە ترە، کە نهێنییەکانی لەنێوان ئەو دوو وەرەقەیە دابێت، لەبەرئەوە من داوا دەکەم بە کراوەیی بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر شێرکۆ ئەو داواکاریە بەشێوەیەکی نیزامی مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، ئەگەر یەك لەسەر چواری ئەندامان داوای بکەن دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوکاتە زۆرینە پەسەندی بکا، دانیشتنەکە دەکەینە نهێنی، حیات خان فەرموو، بەس نوقتەی نیزامی تکایە.

**بەڕێز حیات قادر مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دکتۆر ببورە منیش هەر بۆئەوە بوو، بڵێم بە ئیمەیل (SEND) بکرێت بۆ هەموو ئەندامان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئیمەیلەکانتان بێنن، بە ئیمەیل بۆتان دەنێردریت، کاك ئومێد خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ زۆر ئاساییە ئەگەر مەسەلەن راستەوخۆش بێتن، ڕاپۆرتەکە نەخوێندرێتەوە لەبەردەمی تەواوی ئەندامانی پەرلەمان، مەرج نییە بخوێندرێتەوە بۆ ڕاگەیاندن بلاّو بکرێتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەتایبەت ئەو خالاّنەی کە پەیوەندی بەو مەوزوعانەوە هەیە، دکتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وەرگرتنی خاڵی پەیڕەوی کە پێی دەوترێت نوقتەی نیزام، یەعنی بەداخەوە چەندین جارە دووبارەو دووبارە دەبێتەوە، بەداخەوە چەندین جار دووبارە دەبێتەوە، موناقەشە کردن لەسەر ڕاپۆرتی..، بۆ نموونە مافەکانی مرۆڤ کاتی خۆی کە ناومان تۆمار کرا، ئەوکاتە حەفتە موناقەشە بکەی، بۆیە داوا لە

جەنابت دەكەین چیتر ڕێگە نەدەی بەناوی نوقتەی نیزامی هەركەس و ئیتر گفتوگۆ پێ بكات، چونكە ئەوە زۆر دووبارە دەبێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێمان لێی گرت، كاك ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕاپۆرتەكە.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەبارەت بە راپۆرتەكە دوایی موناقەشە دەكەین، كاك جمال مورتكە فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان كارسول(جمال مۆرتكە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نازانم من هەرچەندە نامەوێ ڕەخنە بگرم، لەسەرەتاوە من سێیەم كەس بوم دەستم بڵند كرد، هیچ جواب نەبوو، ئەوە یەك، دوو، بەنیسبەت ئەو بابەتەی كە باس كرا، بەڕای من ئیمكانە تیكراریش بێت، چونكە من قسەی بەلای خۆشم دەكەمەوە، دەبوایە ئەو دانیشتنە تایبەت بێ بەو ڕووداوە، چونكە ئەو ڕووداوە زۆر گرنگە، بەڕاستی ئایندەی كورد پێویستی بە باس كردن هەیە، ئینجا ئەگەر نهێنی بێت و ئاشكراش نەبێ لە ڕاگەیاندنیشەوە، چونكە ڕووداوێكە، پێشهاتێكە ڕاستە پێشبینی كراوە، پێشتر كە ئەو ڕووداوانە ڕوو دەدات، بەڵام قەت بەو شێوەیە ڕەچاو نەكراوە، ئێستا پێویستە بەڕەئی من بەرنامەی كار تایبەت بكرابوایە خاس بەو ڕووداوەی كە ئەو وەزعەی هاتۆتە پێش، ئەوە یەك، دوو، بەنیسبەت ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی ....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاپۆرتەكە دوایی موناقەشە دەكەین كاك جمال.

**بەڕێز جمال عثمان كارسول(جمال مورتكە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ و بابەتەكەی تریش، كە لیژنەی ناوخۆ، بەڕەئی من شتێكی وای تێدانییە، هەمووشمان لە پێشمانە، وەختەكەش نەبەینە سەر ئەوەندە، بێینە ناو ئەسلی مەوزوعەكە، باس بكەین، بەڕەئی منیش دووبابەت باس بكەین، یەكێكیان هۆكاری ڕووخانی ئەو دەزگا ئەمنیانەی كە حكومەتی عیراق دایمەزراندووە، دوو، ئێمە چی بكەین، پەرلەمانی كوردستان پێویستە دیراسەت لەسەر ئەوە بكات كە ئێمە چی بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دێینە سەر ئەوە و دیراسەتیش ئەكەین، پێموابێت تەواو، كاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتی مافەکانی مرۆڤ بابەتێکی وازحە، لەناو ڕاپۆرتەکەدا، لەگەڵ ڕێزێکی زۆرم بۆ ڕاپۆرتەکە، دوو خاڵی تێدایە پەیوەندی بە مافەکانی مرۆڤەوە نییە، ئەگینا باقی ئەوەی کە پەیوەندی بە مافەکانی مرۆڤ هەیە، پێویست ناکات نهێنی بکرێ، یەعنی مافەکانی مرۆڤ بابەتێکی وازحن، پێویستە ئەندامانی پەرلەمان وتو وێژەکانیان لەسەر ئەم ڕاپۆرتە بێ، نەپەڕێنەوە بابەتی عەسکەری و ئەمنی، ئەوە لە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و ئەمنی ئەو بابەتە دێتە وتووێژ لە ناوەوە، بۆیە پێویست ناکات ئەم ڕاپۆرتەیان بە نهێنی وتووێژی لەسەر بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو، کاك گۆران فەرموو، ئەزانی وتو وێژ ئەکرێ دوایی لەسەر ڕاپۆرتی هەردوو لیژنە، وتووێژ ئەکرێ لەسەری، ئەگەر ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان لەسەریدا، ئەوکاتە ئەکرێتە نهێنی، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکان کاری خۆیان کردووە، زەرورە ڕەئی لیژنەکان وەربگیرێ، کە ئایا ئەم ڕاپۆرتانە چەند گرنگە نهێنی بێ یاخود نهێنی نەبێ، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەمینیان، ئیجرائاتەکە بە دەنگدان نەتیجە لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستان یەکلا دەکاتەوە، خاڵی سێیەم، ئێمە موناقەشە دەکەین لەو هۆڵە، دەردەشە دەکەین، راڤەی سیاسی دەکەین، یان بڕیار دەردەکەین بۆ ئەم دۆخە، خۆ ئەگەر هەر دەردەشەیەو موناقەشەیە، ئەمە شتێکە بڕیار دەردەکەین، ئەبێ بزانین چۆنیش قسە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر کۆچەر فەرموو.

**بەڕێز عمر کۆچەر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژبەر حساسیەتا ئەڤی بابەتی، قەناعەتا من هەکە ئەم ئێك دەنگ نەبین، ئەژی گەل هندێمە هەگرتی بیتن، هەکە ئەم ئێك دەنگ بین ئەندام پەرلەمان وێ ئاستی دانە، ئەوە پێزانینا دەنگ کو زەرەرا کوردستانێ ل پێشمەرگەی کەت، ئو بڕیاریا لیژنەی ژی یا گرنگە، کا لیژنە چەوا دبینیت و ئەو چ مەعلوماتن، کو نە جهێخۆ دانە بۆ ئیعلامێ بێنە ڕاگەهاندن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان، ڕاپۆرتەکەی خۆیان ئەخوێننەوە، بە تایبەتی ئەو بابەتانەی کە زۆر نهێنی نین ئەخوێننەوە، ئێوە لەبەردەستاندایە، ڕاپۆرتەکە هەموو

ئەنـدامانی پەرلـەمانی کوردسـتان لەبـەر دەسـتیانە، ئەگـەر ئیمزاکـان کـۆ کرایـەوەو دوایـی دەنگـی هێنـا، لـە گفتوگۆ کردنـا ئـەو کاتـە بابەتەکـە ئەکەینـە نهێنـی، بـەلاّم ئێـستا خۆیـان پێیـان وایـە، بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمانی کوردسـتان، ئەنـدامانی لیژنـەی نـاوخۆ، پێیـان وایـە بەشـێکی زۆری ڕاپۆرتەکـەیان نهێنـی نییـە، ئەکرێ بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش بلاّو بکرێتەوە، با ئەو بەشەی کە نهێنی نییە جارێ بـڕوات، دوای وتـو وێـژ ئەکـەین سـەبارەت بـەو بەشـەی تـری کـە ڕەنگـە پێویـست بکات نهێنـی بـێ، بـا ئیمزاکـانی ئێـوەش کـۆ ببێتەوە، کاک د.محمد فەرموو.

**بەڕێز د.محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هـەڤاڵێن هـەر لیژنـەکی کـو تێنـە سـەر وێ سـەکۆیێ، کـو ڕاپۆرتـا لیـژنا خـۆ بخوینن، چ بڕگـەیێ پـەیڕەوێ پەرلەمانی نابێژن کو خۆ سانسۆر کرنێ بکەن، ئەو دڤێت هەمیێ بخیـنن، یـان ژی دبیـا نـەخینن، یـەعنی ل وێدا بەری کو ئەم بکەوینە بابەتی ئەگەر ڕاپۆرتا وا حاڵەتەك تێدابی یان تێدانەبی ژی، ئەم گفتوگۆ توشـی هندەك ئیشکالێ تەبعیزی، لەوانە ئیشکالێت ئێتنی ببینەوە، ئەوجا ئـەز هێڤـی دارم بـەری بخیـنن خـۆ ژ وی بابەتی یەکلا بکەین، تەوقعێ ژی کۆمبووینە ب دیتنامن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە زۆر گەورە کرا، ڕاپۆرتی ناوخۆ دەیخوێنینەوە، یەك نهێنی تێدانییە، نەوەك بەشـێك لـە نهێنـی، یەك نهێنی تێدانییە، باسی (٣٠٠) سێ سەد پـۆلیس دەکـات لـە مـەخمور لەسـەر کـارن، یـەعنی ئەگـەر ئـەوە نهێنی بێتن، ئەمنی قەومی لە سێ سـەد پۆلیـسی کـە لەسـەر دەوامەکـەی خـۆی بێـت، کەواتـە ڕێگـە بـدە بـا بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرنجی هاوڕێکانم بۆ بەرنامەی کار خاڵی یەك ڕادەکێشم، کە نووسراوە تـاو تـوێ کردنـی بـاری ئـەمنی ناوچـە کوردسـتانییە جـێ ناکۆکـەکان، بـاس لـەوە نـەکراوە ڕاپـۆرت دەخوێندرێتـەوە یـان ناخوێندرێتـەوە، کەواتـە ئێمـە ئەمانـەوێ ئەوانـەی کـە ئەیانـەوێ دانیـشتنەکە نهێنـی بـێ، یـان داخـراو بـێ، کـە بڕگـەی ١ ی بەرنامـەی کـاری ئـەم دانیـشتنە کـە بریتییـە لـە تـاوتوێ کردنـی بـاری ئـەمنی ناوچـە کوردسـتانیە جـێ ناکۆکەکان، ئەمە دانیشتنێکی داخراو بێ، من تێدەگەم ئەزانم لـە هیلاکـی هاوڕێکانیـشم تێدەگـەم، ئەشـزانم

بەشێکی نهێنی نییە، بەلاّم من ئەڵێم کە ئەڵێی مەخموور ٣٠٠ پۆلیسی تیایە، تۆ زانیاریەك ئەدەی بە نەیارەکانت، کە بۆخۆیان بە قەمەر سناعیش بۆی بگەڕێن ناتوانن دەستیان بکەوێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەو تەوقیعانە ئەگەر تەواو بوون بیهێننە لای دەستەی سەرۆکایەتی، خاتوو ئامینە خان فەرمووو.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستیا بڤێ موناقەشێ هەمیا ناکات، دوو رەئییێت هەی، رایا دگەل هەندێ کو یا داخراو بی، بێخنە دەنگدانێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلاّم ئەو ڕەئیە پێویستی بە یەك لەسەر چواری ئەندامانی پەرلەمان هەیە، یەك لەسەر چوار پێویست دەکات.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پتر ژی شەش پەرلەمانتارا داواکاریا دێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا وا خەریکە حازر دەبێ، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك ڕوون کردنەوەی زۆر بەسیت، لە تەفاسیلی بودجە، ژمارەی هێزی پێشمەرگە چەکەکانیان و پارەکانیان بلاّو کراوە و خەڵکیش هەمووی زانی، بە وەزیری پێشمەرگە خۆیان، چەنێ چەکدارمان هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ ڕەئیت وایە کە نهێنی نەبێ.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو شتێ باس کراوە، هیچ شتێك نهێنی نەماوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئێڤار خان فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ڕاپۆرتەی لیژنەی ناوخۆ، ئەگەر هەموو خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان، سەیری خاڵی یەکەم بکەن، دەزانن ئەو خاڵە زۆر زۆر تایبەتە، دەکرێت زۆر بە نهێنی بێت، هیوادارم چیتر موناقەشەی لابەلا نەکرێت، نوقتەی نیزامی نەمێنێت، یەك سەعاتە نوقتەی نیزامیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم کە قسە کردنە، بە تەحدید و بە تایبەت لەسەر باری ئەمنی هیوادارین جەلسەکە تەتەروق نەکات بۆ مەسەلەیەکی تر، بۆیە دەبوو بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان، بە پشت بەستن بە بەرنامەی کار ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆی پێش مافی مرۆڤ بخستایە، ئازادە لیژنەی مافی مرۆڤیش دەداتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، پەرلەمانتاران بۆ ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام .....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە واناکەین کاك سالار، تکایە دەست تێوەردان لە کاروباری دەستەی سەرۆکایەتی مەکە.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە دەست تێوەردان نییە، قسە کردن لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی کار بە تەحدید جەنابتان قسە لەسەر تاوتوێ کردنی باری ئەمنی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمە، ئەنجا عەرزی جەنابت بکەم ڕاپۆرتیش تەجزیئە ناکرێ، جوزئێکی بە کراوەییە و جوزئێکی بە داخراوەییە، ئێمە لە سەرەتاوە داوامان کرد، ئەم بابەتەش نەبەسترێتەوە بە شەفافیەت و ناشەفافیەت، کۆمەڵێك قسەی گرنگمان هەیە بۆ ئەم بارودۆخە هەنووکەییە بیکەین، داوا دەکەین جەلسەکە بڕگەی یەکەم بە داخراوەیی بێ، عیلاقەی بە ڕاپۆرت و بە مەسەلەی بودجە و عەددەدی چەك و ناچەك نییە، بارودۆخێکی تایبەتە قسەی تایبەت و جدی دەوێ سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە ئیمزاکانتان بێنن، پێویست بە نوقتەی نیزامی ناکات، د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئیمزایەکان تەواو بوون، بەس جەنابت دەتوانی ڕێگایەکە کورت بکەیەوە، خۆت داوا بکەی و بە پێی پەیڕەو ئێمە دەنگ بدەین، بۆ خۆت داوای ناکەی؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەندامانی پەرلەمان داوا بکەن باشترە، خاتوو بێگەرد فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم بابەتە زۆر زۆر حەساسە و هەمووشمان لە پەرۆشیمانە و دەمانەوێ قسەی جدی لەسەر ئەم بابەتە بکەین، کردنی قسەی جدی لەوانەیە لێرەدا کە ڕاستەوخۆ و هەموو خەڵك گوێی لە ئێمە بێ زۆرجار بکەوێتە قاڵبێکەوە کە نەتوانین هەدەفە ئەساسەکەمان بپێکین، زۆرجار موناقەشەی ئەندامانی

بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان لە هەموو فراکسیۆنەکان بە بێ جیاوازی دەیڵێم بە فراکسیۆنەکەی خۆشمانەوە سەربکێشێ بۆ ئەوەی زیادەڕۆیی تێدا بکرێتەوە ولەگەڵ ئەمەشدا لەوانەیە زۆرجار زانیاری ورد بخرێتە ناو بابەتەکەوە، جگە لەمەش من پێموایە سەردەکێشێ بۆ ئەوەی کە نەتوانین هەدەفە ڕاستەقینەکەمان بپێکین و پەنجە بخەینە سەر هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەستە پێوەی و پێویستە لێرەدا قسەی لەسەر بکرێ و بڕیار لەسەر ڕێگەچارەکان و ئەو پێشنیازە گونجاوانە بدەین کە پێویستە لەم دانیشتنەدا وەربگیرێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە حاڵەتی ئەوەی کە پەخشەکە ڕاستەوخۆ نەبێ، لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە من لێرەدا باسم کرد، ئومێد دەکەم ئەمە بە هەند وەربگیردرێ و عیلاقەی بەوەوە نییە کە ئێمە نامانەوێ ئەوەی کەلێرە دەوترێ خەڵك بیزانێ، جگەلە زانیاریەکان من پێموایە ڕێگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە نەتوانین هەدەفە ڕاستەقینەکەی خۆمان بپێکین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بڕوای من ڕەنگە کێشەکە لەوێوە دەست پێ بکات، دەبوو لە باتی سێ ڕاپۆرتی جیاواز یەك ڕاپۆرت بووایە و تێکەڵ کرایە، کۆی ئەوەی کە بینیویانە سەرنج و پێشنیازەکانیان و بڕیارەکانیش، بە بڕوای من و پێویستە ئەوەش ڕوون بکەینەوە ئێمە هەر دەردەشە دەکەین یان بڕیار دەردەکەین، چونکە لەڕاستی دا ناکرێ پەرلەمان کۆببوونەوە بکات و بەکۆمەڵێك بڕیار نەچێتە دەرەوە، بۆیە نازانم چۆن چارەسەری دەکەن؟، بەڵام بە بڕوای من دەبێ لە باتی سێ ڕاپۆرت یەك ڕاپۆرت بووایە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

باسمان کرد کاك دکتۆر سێ لیژنەی تایبەتمەند ڕۆیشتوون، هەریەکە و لە بواری تایبەتی خۆی ڕاپۆرتیان حازر کردووە، ڕاپۆرتەکانی دوو لیژنە ڕاپۆرتەکانی خۆیان حازر کردووە، ئەمڕۆ دەیخەینە موناقەشەوە، ئەم پرسە بە کراوەیی دەهێڵینەوە تا بتوانین بە بڕیاری جدییەوە لە پەرلەمانی کوردستان دەربچین، بە دڵنیاییەوە بە بێ بڕیار لە پەرلەمانی کوردستان ئەم بابەتانە تاوتوێ بکەین هیچ سوودێکی نابێ، بۆیە ڕاپۆرتی لیژنەی پێشمەرگەش کە ئامادە دەبوو دواتر کۆمەڵێك بڕیار سیاغە دەکەین بە هاوکاری ئێوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، خاتوو بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە نوقتەی نیزامی واتە شتێکە لە پەیڕەوی ناوخۆ لامان داوە، ئەمە ١٥ تا ٢٠ نوقتەی نیزامی گیرا، یان ئەوەتا بەڕێزتان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان زۆر موخالەفەی پەیڕەوی ناوخۆ دەکەن و جەلسەکان بەو شێوەیە ........... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئەم قسەیەی جەنابیشت هەر موخالەفەی پەیڕەوە، بەهار خان ئەوە نوقتەی نیزامی نییە و ڕامان گرتووە، ئەندامانی پەرلەمان ئازادن لەوەی كە ڕای خۆیان لەسەر ئەوە بڵێن، دانیشتنەكەی پەرلەمان بە كراوەیی بمێنێتەوە یان دابخرێ، چونكە بە پێی پەیڕەو ئەو مافەیان هەیە، پێموابێ ئیتر ئەو باس و خواسە زۆر ناخایەنێ، زۆر پێویست ناكات، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوایان كردووەكە بابەتەكە... ، د.ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەستپێكێ ژی من گۆت موبەڕڕێ من ئەوە ئەگەر نە بۆ هندێ بیت كوخەلكی مە بزانێت كامە چ دبێژن ئەز بێژم ئەڤ لیژنە هەر خۆ بخۆ و بە چەند رۆژێ پەرلەمانێ كوردستانێ سەردانا ڤان لایەنا دەكات و لای پێشمەرگەی دكات، باشترین موبەڕیرەی كو خەلكێ مە بزانێت بەلێ ئەم خەمخۆڕێ خەلكێ خۆنە و پێشمەرگەیێ خۆنە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

تەواو ئیتر هەموو جانبەكانی باسكران، بەشێكتان لەگەڵ ئەوەن بەشێوەی داخراو بێ و بەشێوەی نهێنی ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەكان تاوتوێ بكرێ و بەشێكتان پێی وایە كە پێویست دەكات بە ئاشكرا بێ، بە پێی ماددەی ٩ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ١/٤ ی ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن داوای ئەوە بكەن كە دانیشتنی پەرلەمان بە نهێنی بێ، بۆیە ئێستا ئێمە نزیكەی ٣٦ ئیمزا لەبەردەستمانە و داوای ئەوەیان كردووە دانیشتنەكە بكەین بە نهێنی و دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە دانیشتنی پەرلەمانی كوردستان و گفتوگۆ كردن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەكان بەشێوەی داخراو ئەنجام بدرێ و دەست بەرز بكاتەوە و گفتوگۆ كردن لەسەریشی، ٦٧ ئەندام لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نیە؟؟ ٣١ ئەندام لەگەڵی نیە كەواتە پەرلەمانی كوردستان بڕیاری دا كە گفتوگۆ كردن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندار بە نهێنی بێ، بۆیە داوا دەكەین پەخشی ڕاستەوخۆ ڕابگیرێ.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینكی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)**

**دوو شەممە رێكەوتی ١٦\٦\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/١٦

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/١٦ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٩)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/١٦ دا بەم شێوەیە بێت:

١- بەردەوامبوون لەسەر تاوتوێ کردنی باری ئەمنی ناوچە کوردستانییە جێناکۆکەکان.

٢- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای (درێژ کردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر) لەگەڵ راپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٣- بڕیاردان لەسەر وازهێنان و دانانی ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەی (٤٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

٤- پێکهێنانی (٣) لیژنەی هەمیشەیی نوێی پەرلەمان بەپێی ماددەی (٣٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٥- پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان.

٦- قبوڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتار (نوری حمە علی) لە فراکسیۆنی زەرد بەپێی ماددەی (٣٣، ٣٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواوکەری دانیشتنی پێشوومان دەبێت، دانیشتنی دوێنێ، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە (٩)، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٦/١٦، بەرنامەی کار بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- بەردەوامبوون لەسەر تاوتوێ کردنی باری ئەمنی ناوچە کوردستانییە جێناکۆکەکان.

٢- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای (درێژ کردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر) لەگەڵ راپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٣- بڕیاردان لەسەر وازهێنان و دانانی ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەی (٤٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

٤- پێکهێنانی (٣) لیژنەی هەمیشەیی نوێی پەرلەمان بەپێی ماددەی (٣٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٥- پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان.

٦- قبوڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتار (نوری حمە علی) لە فراکسیۆنی زەرد بەپێی ماددەی (٣٣، ٣٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

دەست دەکەین بە وتوێژ کردنەوە لەسەر راپۆرتی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش وئەنجومەنە خۆجێیەکان کە دوێنێ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان ناویان نووسی بوو، ئەوانەی کە ماون قسە لەسەر راپۆرتەکە بکەن، ئێستا دوای ئەوەی کە لیژنەی ناوبراو دێنە سەر مەنصەکە، بفەرموون سەرۆکایەتی لیژنەی ناوخۆ بۆ سەر مەنصە، قسەکانی خۆیان دەکەن، هەر لەبەر ئەوەی دوێنێ بەپێی ماددەی (٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بڕیارماندا کە قسە کردن لەسەر ئەو راپۆرتە بە نهێنی بێت لە پەرلەمان، دانیشتنەکەمان بە نهێنی دەیهێڵینەوە تا کۆتایی هاتن بە وتووێژ کردن لەسەر راپۆرتی ناوبراو، بەڵام پێش وەخت داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم کە ئامادە نەبووانی کۆبوونەوەی پێشوو ژمارە (٨) رابگەیەنێت، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی لە رۆژی ٢٠١٤/٦/١٥ مۆڵەتیان وەرگرتبوو، یان ئامادە نەبوون بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- بیستون فایق محمد / مۆڵەت.

٢- تەلار لطیف محمد/ مۆڵەت.

٣- خلف احمد معروف/ مۆڵەت.

٤- د.عزت صابر اسماعیل/ مۆڵەت.

٥- نوری علی محمد/ ئامادە نەبوو.

بەڵام نامەی دەست لەکارکێشانەوەی پێشکەش کرد بوو، بۆیە کۆبوونەوەکە خرایە ئەمرۆ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەروەها داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشوو رابگەیەنێت.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (8) لە بەرواری 2014/6/15 بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

٢- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئامادە نەبوو و هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە.

٣- گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە باری ئەمنی ناوچە کوردستانییە جێناکۆکەکان و خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەکانی مافەکانی مرۆڤ و لیژنەی ناوخۆ، بەڵام دانیشتنەکە بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان بووە نەهێنی بۆ راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و، دانیشتنەکە درێژەی پێ دەدرێت بۆ ئەمڕۆ ٢٠١٤/٦/١٦.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا داوا لە فەرمانبەرەکانی ناو هۆڵەکە دەکەین، کە هۆڵەکە بەجێ بهێڵن، لەبەر ئەوەی دانیشتنەکە بە نهێنییە.

دانیشتنەکەمان دەبێتەوە بە دانیشتنێکی ڕاستەوخۆو، دانیشتنێکی کراوە، بەڵێ نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرباسی ئەو سێ لیژنەیە کرا، یەعنی لیژنەی ئێمە ئیزافە کراوە، چاوەڕێ بکەین راپۆرتی لیژنەکەی ئێمەش ئامادەبێ، چونکە بەشێکی ئەم بابەتەی کە ئێمە باسمان کرد میدیایە، بۆیە لە دەنگدانەکە باسی ئەوە کرا راپۆرتی ئەو دوو لیژنەیە ئامادەبێ، یەعنی دەبێ ببێ بە راپۆرتی سێ لیژنە، لیژنەی ئێمەش راپۆرتەکەی ئامادەکرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەسەرچاو، پێشتر باسم کرد ڕاست دەکەی ئێوەش راپۆرتێکتان حازر کردووە، ئێستا با ئەندامانی لیژنەی یاسایی بێنە سەر مەنەسە، بۆ قسە کردن لەسەر بڕگەی دووەمی دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان، فەرموو.

**بەڕێز شیلان جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبووردن دەکەم نوقتە نیزامییەك، دوێنێ دوو ئەندام پەرلەمان باسی گرینگی لیژنەی تەندروستیان کرد، ئەمڕۆش نجیبە خان ئیشارەتی پێدا، بۆیە گرینگە لیژنەی تەندروستیش راپۆرتێك ئامادە بکات، لەسەر ئەو ئاوارانەی کە دێنە هەرێمی کوردستان، چونکە پێشووتر لە موسڵ هەم نەخۆشی سورێژە هەبووە، هەم ئیفلیجی منداڵان، هەرچەندە دوێنێ وەزارەتی تەندروستی بڕیاری دەرکرد،؟ کە لیژنە تەندروستییەکان بچن بۆ کوتانی ئاوارەکان، بۆیە گرینگیشە جەنابت بڕیار بدەی کە لیژنەی تەندروستیش راپۆرتێك ئامادە بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با دوایی دیراسەی بکەین لە دەستەی سەرۆکایەتی، ئەگەر زانیمان پرسەکە ئەوەندە گەورەیە، ئەوکاتە لیژنەی تەندروستیش ڕادەسپێرین بۆ راپۆرت و راسپاردەی خۆیان لەسەر ئەو مەوزوعە حازر بکات، بەڵام دەگونجێت ئەو راسپاردانە لە کوردستان دەردەچێت جێی بکەنەوە، ئێستا با بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی بفەرمون بۆ خوێندنەوەی پرۆژە یاساکەو راپۆرتی لیژنە هاوبەشەکە لەسەری، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز دکتۆرە بەهار وەکو جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پرۆژە یاساکە دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێت پێش ئەوەی پرۆژە یاساکە بخوێنمەوە، ئیشارەت بۆ ئەوە بدەم، کە ئەم پرۆژە یاسایە خۆی لە ئەسڵدا بە عەرەبی پێشکەش کرا بوو، بەڵام ئێمە کردوومانە بە کوردی و، بە کوردی دەیخوێنینەوە، لەکاتی دەنگدان لەسەریدا، بە هەردوو زمانەکە دەیخوێنینەوە، پرۆژە یاسای ( درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦) لە هەرێمی کوردستان.

ماددەی یەکەم:

کارکردن بە حوکمەکانی یاسای بەرنگارەبوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠١٦/٧/١٦.

ماددەی دووەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی سێیەم:

ئەم یاسایە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوون و بلآوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان.

**هۆکارەکانی دەرچوواندن:**

لەبەر چەند هۆکارێك کە بەردەوام بوونی سەپاندنی حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەپێویست ڕادەگرێت، هەروەهاش بۆ پاراستنی سەرو ماڵ و موڵکی هاووڵاتیانی هەرێم و ئاسوودەیی و سەقامگیریان ئەم یاسایە داندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عیراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە هەردوو پرۆژە یاسای (کۆتایی هاتن بە کارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و درێژدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر)**

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجییەکان و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ ڕۆژی دووشەممە ١٩ /ی جۆزەردان / ٢٧١٤ی کوردی بەرامبەر بە ٩ / ٦ / ٢٠١٤ی زایینی کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتویٚ کردنی پڕۆژە یاسای (کۆتایی هاتن بە کارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦) کە لەلایەن( ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان) ەوە پێشکەش کراوە و لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (٥) لە ڕۆژی سیٚ شەممە بەرواری ٢٠/ ٥ /٢٠١٤ و پڕۆژە یاسای ( درێژدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦) کە لەلایەن( ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان) ەوە پێشکەش کراوە و دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (٦) لە ڕۆژی دووشەممە بەرواری ٢٦/ ٥ /٢٠١٤ ڕەوانەی لیژنەکان کراوە.دوای گفتوگۆکردن و تاوتویٚ کردن، لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- یەکەم:

دوای گفتوگۆکردن لەسەر هەردوو پرۆژە یاساکە بڕیاردرا کە تەنها گفتوگۆ لەسەر پڕۆژە یاسای درێژدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بکرێت.

- دووەم:

پڕۆژە یاسای درێژدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١- ماددەی (یەکەم):

هیچ تێبێنیکی لەسەر نییە.

٢- ماددەی (دووەم):

هیچ تێبینیکی لەسەر نییە.

٣- ماددەی (سێیەم):
پێشنیار کرا کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:
(ئـەم یاسـایە لـە ڕۆژی (٢٠١٤/٧/١٧) ەوە جێبـەجێ دەکـرێ و لـە ڕۆژنامـەی فـەرمی (وەقـایعی کوردسـتان) دا بڵاودەکرێتەوە).
٤- هۆکاری دەرچوونی یاساکە:
هیچ تێبینیکی لەسەر نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی ئێوە ئاگادارن کە لە ماوەی ڕابردوو خوێندنەوەی یەکەم بۆ دوو پـرۆژە یاسـا کرا لە پەرلەمانی کوردستان، کە یەکێك لەو پرۆژە یاسایانە بریتی بـوو لـە پـرۆژە یاسـای کۆتـایی هـاتن بـە کارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی‌ساڵی ٢٠٠٦، پرۆژەیەکی تریان بریتی بوو لـە پـرۆژە یاسـای درێـژە دان بـە کـارپێکردنی یاسـای بەرەنگاربوونــەوەی تـیرۆر ژمـارە سـێی سـاڵی ٢٠٠٦، سـەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە درێژە بە یاسای بەرەنگاربوونـەوەی تـیرۆر بدرێت، ئەو پرۆژە یاسایە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، بـەڵام لـە بەرامبـەردا هـەوڵ بـدرێت لـە مـاوەی شـەش مانگـدا بـە ڕێکـەوتنی سـەرجەم فراکسـیۆنەکان ئـەو یاسـایە هـەموار بکرێتـەوە، بەشـێوەیەك کـە لەگـەڵ مافەکانی مرۆڤدا هاوگونجاو بێت، بۆیە ئەمە لە ئەنجامی ڕێکەوتنی سـەرجەم فراکسیۆنەکان بـوو، کـە ئـەو لیژنانـەی پەرلـەمانی کوردسـتان کـە تایبەتمەنـدن بـەو پـرۆژە یاسایە، لـە کۆبوونـەوەی هاوبەشـی خۆیانـدا بڕیاریـان دا کـە یـەکێك لـەو پـرۆژە یاسـایانە تەبـەنی بکـەن، کـە بریتیـە لـە پـرۆژە یاسـای درێـژەدان بـە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونـەوەی تـیرۆر ژمـارە (٣)ی سـاڵی ٢٠٠٦، لەپێـشدا بڕگـەی یەکـەم لـە ڕاپـۆرتی هاوبەشی لیژنەکانی پەرلـەمانی کوردسـتان دەخەینـە بـەر بـاس و گفتوگـۆو دەنگـی لەسـەر دەدەیـن، دوایـی ئەگەر هیچ تێبینیەك لەسەر ئەو خاڵە نەبوو، ئەوا ئەوکاتـە قسە لەسـەر پـرۆژە یاساکە دەکـەین، نوقتـەی نیزامی هەیە؟ دکتۆرە ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی بڕگەی دوو لە ماددەی ٧٢، دەڵێت سەرۆکی پەرلەمان خستنەڕووی پرۆژە یاسا پێـشنیار کراوەکـە لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنـەی تایبەتمەنـد و لیژنـەی کاروبـاری یاسـایی، لـە یەکـەم دانیـشتنی پەرلـەمان تـا تـەواو دەبێ، ئەم ڕاپۆرتە ڕاپۆرتی هاوبەشی زیاد لە لیژنەیەکە، بە تەسـەوری مـن عورفـەن، یـەعنی وا باشـترە کـە بەگوێرەی ئەم نەسە نوێنەری لیژنەکانی تر ئەگەر بکرێت ببورە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاسـتە نوێنـەری لیژنـەکانی تـری پەیوەندیـدار بـا بێنـە سـەر مەنەسـە، سـەرۆکی لیژنـەکان بـا بێنـە سـەر مەنەسە، لیژنەی مافی مرۆڤ، ناوخۆ، لیژنەی یاسایش، بەڵێ گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینی بوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڤالاّ خالّێ یەکەمی راپۆرتەکەتان بخوێنێتەوە، بۆئەوەی گفتوگۆی لەسە بکەین، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

- یەکەم:

دوای گفتوگۆکردن لەسەر هەردوو پرۆژە یاساکە بڕیاردرا کە تەنها گفتوگۆ لەسەر پڕۆژە یاسای درێژدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا گفتوگۆ لەسەر ئەم خالّە دەکەین، کێ ناوی خۆی دەنووسێت بۆ قسەکردن؟ دکتۆر شوان ناوی خۆی نووسیوە، دکتۆر شێرکۆ، کاك فرحان، کاك ئومێد خۆشناو، کاك جمال.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف:**

بۆ گفتوگۆ ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمار کردووە، (د. شوان- کاك فرحان- د. شێرکۆ حمە امین- کاك ئومێد خۆشناو- کاك جمال مۆرتکە- مامۆستا رابوون- کاك سالار- مامۆستا مەڕوان).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەیەکیان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم پرۆژە یاسایە کە ئاراستەی هەر سێ لیژنە کراوە، هەرسێ لیژنە دوو کۆبوونەوەمان لەسەر کردووە، دوو کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکانیشی لەسەر کراوە، دوو پرۆژە یاسا لەبەردەست بوو، پرۆژە یاسایەك بۆ مەسەلەی هەلگرتنی ئەم یاسایە، پرۆژە یاسایەکیش بۆ مەسەلەی درێژکردنەوەی یاساکە، دوای ئەوەی بە تەوافوقی هەموو فراکسیۆنەکان، بە ڕێکەوتنی هەرسێ لیژنە ئێمە هاتینە سەرئەوەی کە تەنها ئەو یاسایە ماددەکانی دابڕێژینەوە، کە باس لە درێژکردنەوەی یاساکە دەکات و، یاساکەی دیکەمان ڕەت کردەوە، بۆیە ئێستا ئێمە بڕگەی یەکەم بەشێك لە برادەرانی پەرلەمانتار ناوی خۆیان نووسیوە، ئێمە ڕێکەوتووین کە ئەو بڕگەیە یەعنی یاسای هەلگرتنی درێژکردنەوەکە ئەمەمان ڕەت کردووەتەوە ئەو پرۆژە یاسایە، واش ڕێکەوتینە ئەمە شتێکی تەوافوقیە سەرنەکێشی بۆ کۆمەلّێك وردەکاری قسەکردن، وا ڕێکەوتینە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز دكتۆر شوان فەرموو، بەس تكایە بە كورتی.

**بەڕێز عمر مصطفى (د. شوان قەلادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابت فەرمووت سەرجەم فراكسیۆنەكان رێكەوتوون، ئێمە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نەبووین درێژكردنەوە بەبێ هەموار كردن، چونكە لەژێر سێبەری ئەو یاسایە دایە، لە سنووری هەر سێ پارێزگایەكە دەیان خەڵك بەناوی ئیسلامییەوە لە ٥ ساڵ تا ١٢ ساڵ گیراون، بەبێ ئەوەی حوكم درابن، بەبێ ئەوەی دادگایش كرابن، ئێستا ئێمە مەلەفی ٦٠٠ تا ٧٠٠ كەسمان لایە، كۆبوونەوەمان لەسەر كردووە، دوو كۆبوونەوەی سەرۆك فراكسیۆنەكانیشی لەسەر كراوە، دوو پرۆژە یاسا لەبەر دەست بوو، پرۆژە یاسایەك بۆ مەسەلەی هەڵگرتنی ئەم یاسایە، پرۆژە یاسایەكیش بۆ مەسەلەی درێژكردنەوەی یاساكە، دوای ئەوەی بە تەوافوقی هەموو فراكسیۆنەكان و، بە ڕێككەوتنی هەر سێ لێژنە ئێمە هاتینە سەر ئەوەی كە تەنها ئەو یاسایە ماددەكانی دابڕێژینەوە كە باس لە درێژ كردنەوەی یاساكە دەكات، یاساكەی ترمان ڕەت كردەوە، بۆیە ئێمە كە ئێستا بڕگەی یەكەم، بەشێك لە برادەرانی پەرلەمانتار ناوی خۆیان نووسیوە، ئێمە ڕێككەوتووین كە ئەم بڕگەیە، یەعنی یاسای هەڵگرتنی درێژكردنەوەكە، ئەوەمان ڕەت كردۆتەوە ئەم پرۆژە یاسایە، بۆیە واش ڕێككەوتووینە كە ئەوە شتێكی تەوافوقی یە، سەر نەكێشی بۆ كۆمەڵێك وردەكاری قسەكردن، وا ڕێككەوتینە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. شوان، فەرموو، بەس تكایە بە كورتی.

**بەڕێز عمر مصطفى (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابت فەرمووت سەرجەم فراكسیۆنەكان ڕێككەوتوون، ئێمە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نەبووین درێژكردنەوە بە بێ هەمواركردن، چونكە لە ژێر سێبەری ئەو یاسایەدا، لە سنووری هەر سێ پارێزگاكە دەیان خەڵك بە ناوی ئیسلامییەوە لە پێنج ساڵ بۆ دوازدە ساڵ گیراون، بە بێ ئەوەی حوكمدرابن و بە بێ ئەوەی دادگاییش كرابن، ئێستا ئێمە مەلەفی شەش سەد تا حەوت سەد كەسمان لایە، ئەوانە هەمووی پێنج تا شەش، حەوت ساڵ گیراون، لە هەر كامێكیان دەپرسی دەڵێ نە دادگایی كراوم، نە بە دادوەریش گیراوم، لە كاتێكدا كە ئازادیان كردوون پێیان وتوون داوای لێبووردن دەكەین و نهێنییەكان مەدركێنن، ئەوە چۆن دەكرێ ئەو یاسایە بەو شێوەیە هەموار بكرێ؟ خۆی ئێمە هەموومان ئاسایشی كوردستانین، هەموومان لە پێناو كوردستان بووینە پێشمەرگە و شەهیدمان داوە، ئیعلانی خەباتمان كردووە، خاڵێكی تر، مەسەلەی ئیعدام، لە ماددەی دووەم هەشت خاڵ، هەر خاڵێكیان ئەنجام دەدەی شموولی ئیعدام دەكەیت، ئایا ئێستا لە كوردستان ئیعدام ماوە؟ .....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە، با بزانین نوقتەی نیزامییەکە چییە؟ دوایی مەجالت دەدەم، د. شوان.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز کاك شوان قسەکانی تۆ سەد لە سەد لە ڕووی مەنتیقی تەواوە، بەڵام قسە لەسەر نوقتەی نیزامی و قانونی دەکەین، دوو پرۆژە یاسا پێشکەشی پەرلەمان کراوە، پرۆژەیەکیان دەڵێ یاسای تیرۆر نەمێنێ، پرۆژەیەکیان دەڵێ یاسای تیرۆر درێژ بکرێتەوە، کەی پرۆژە یاسا هەموار هات ئەوسا قسەی لەسەر دەکەین، ئەم زەروورەتی هەموارە کەی پرۆژەی بۆ پێشکەش کرا، بەسەرچاو، بەڵام با ئێستا ئێمە هیچ پرۆژەیەکی هەموارمان لە دەست نەبووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با قسەکانی تەواو بکات.

**بەڕێز عمر مصطفى (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئینجا لە ماددەیەکی تر باس لەوە دەکات، بە کارهێنانی قوتابخانە، یان بارەگایەکی حیزبی بۆ مەرامی تر، ئێستا بارەگای حیزبی هەیە لە کوردستان داگیر کراوە، دەستی دابەسەر گیراوە، لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی تر نەقل کراوە، ئایا ئەوەش کاری تیرۆری نییە؟ ئینجا زۆر لە خاڵەکانی تریش، بەس ئەو هەموو گیراوانەی کە لە کوردستان هەیە، ئایا ئەوانە حقد و بوغز و کینەیان بۆ دروست نابێت بەرامبەر دەسەڵات؟ کە یەکێك بۆ دوازدە ساڵ دەگیرێت کەس و کاری چاوەڕێن کەی بەردەبێت؟ نە دادگایی کراوە؟ نە حوکم دراوە؟ چەندین خاڵی تریش، لەبەر ئەوە پێویستە بەڕاستی هەموار کرابایەوە، چۆن یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە خیلالی ٢٤ سەعات دا هەموارکرایەوە، پێویست بوو ئەوەش هەموارکرابایەوە، ئینجا خرابایە بەردەم خەڵکی کوردستان، ئێستا هەموو خەڵك دەزانێ ئەو یاسایە بۆ ڕاوەدوونانی خەڵکی ئیسلامی یە، هیچی تر نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك تۆز مەجالمان بدە، پرۆژەی هەموار لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان دا نییە، دوو پرۆژە یاسا هەیە کە جەنابت دەتوانی قسەی لەسەر بکەی، پرۆژە یاسایەکیان ئەوەیە کە درێژە بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بدرێ بۆ ماوەی دوو ساڵ، پرۆژە یاساکەی تریان بریتی یە لە کۆتایی هێنان بە یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر، پرۆژەی هەموار پێویست دەکات لە ماوەی شەش مانگ دا بە پێی ئەو ڕێککەوتنەی کە فراکسیۆنەکان کردوویانە، لە ماوەی شەش مانگ دا ئامادە بکرێ و بخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، هەموارەکە کە دەکرا،..........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ناتوانین باسی هەموار بکەین، د. شوان، چونکە وەکو باسم کرد، عەرزم کردی ئێستا پـرۆژەی هـەموار لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان دا نییە.

**بەڕێز عمر مصطفى (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیتیفاق کراوە، بەڵام ئەوە ئیتیفاقێکی ڕەوا نیە، ئێمە هەموومان لەگەڵ ئەوەین...........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یـەعنی جـەنابت دەتـەوێ ئـەو پـرۆژە یاسـایەش موناقەشـە بکـەین کـە بـاس لـە کۆتاییهێنـان بـە یاسـای بەڕەنگاربوونەوەی تیرۆر دەکات.

**بەڕێز عمر مصطفى (د.شوان قەڵادزەیی):**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من ئەو ڕۆژە مامۆستا مـەروانیش ئامـادەیی دەربـڕی، وتـی ئێمـە هەموارکردنـەوەی ئامـادە کراومـان ئامـادە کردووە،.........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لە بەردەممان دا نییە.

**بەڕێز عمر مصطفى (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەکرێ ئەوە موناقەشە کرابایـە، ئـاخر بـە چ ئیتیفاقییەیـەك دەڵێـی سـەرجەم فراکسیۆنەکان لەسـەر ئـەوە موتەفیقن؟ هەموو خەڵکی کوردستان دەزانێ محتەوای ئەم یاسـایە بـۆ دژی چـەند گروپێکـی تایبـەت زیـاتر پەیڕەو کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باش، دەستخۆش زۆر سوپاس، کاك فرحان، با وتووێژەکەمان بکەین، ناوت نووسراوە کـاك ئـەبو بـەکر، کـاك فرحان، فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو ئارامی و ئاسایشەی کە ماوەی چەند ساڵێکە لە کوردستان بەردەوامە، من لـە سـایە و سـێبەری ئـەو پرۆژە یاسایە دەبینم کە لـە کوردسـتان دا هەیـە، بۆیـە ئەگـەر پـێش ئێـستاش وای کردبێـت ڕۆژێـك بـیر لـە

تەعدیل و ئەوە بکەینەوە، بەڵام ڕەئی من وایە لە دوای ئەو ئەحداسانەی کە کەوتە ناوچەکەمان و هاتۆتە ئێرە، بەڕاستی زەروورەتی مانەوەی زۆر زۆر پێویستە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام لەبەر بەڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ هیچ لەگەڵ ئەوەدا نیمە لە ژێر ناوی هیچ یاسایەك دا خەرقی ماڧی مرۆڤ بکرێت، یان کەسێك زیندانی بکرێت و مەحکەمەکەی دوا بخرێتن لە ژێر ئەو یاسایانەدا، ئەگەر نا مانەوەی بەو شێوەی ئێستا لەبەر ئەوەی ئەمن و ئاسایشی کوردستان نیعمەتێکە بۆ هەموو تاکەکانی کوردستان، نەك بۆ حیزبێك و بۆ کوتلەیەك و بۆ کەسێك، ئەو ئەمن و ئاسایشەی ئێستا وایکردووە کە سومعەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی دەولی بەرز ببێتەوە، بەڵام بە ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سالار، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە ڕاستی دا ناکرێ لە هەرێمی کوردستان لەم بارودۆخەی کە چەند سەعاتێك لە پێشوودا پەرلەمانی کوردستان پێوەی سەرقاڵ بوو، ئێمە بۆشایی یاساییمان هەبێ، چ بۆ هەرێم، چ بۆ عێراق، چ بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، بۆیە بوونی یاسا گرنگە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆر، فەراغی یاسایی گرفتی گەورە و ئیشکالی گەورەمان بۆ دروست دەکات، دەستمان دەبەستێتەوە لە هەر ئیجرائاتێك دا بەرامبەر تیرۆر و تیرۆرستان بکرێ، بۆیە ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆر بەشێکە لە بەدیهێنانی مەفاهیمەکانی حقوقی ئینسانیش، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین ئەو کاتەی کە پرۆژە یاسای هەموار ئامادە دەکرێ، کار بەو یاسایە بکرێ، یان ماوەکە درێژ بکرێتەوە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی لە چوار ساڵی ڕابردوودا من لە لیژنەی ماڧی مرۆڤ بووم، تێدەگەم لە ناو زیندانەکانی کوردستان دا کۆمەڵێ حوکمدراو هەن بە یاسای تیرۆر، دەکرێ پیاچوونەوەیان بۆ بکرێ، نەك تەغیری جەزری بکرێ لە حوکمەکانیان، چونکە هەندێك جار مەحاکمی ئێمە لە هەندێ مەسەلەدا، لە بارودۆخە تایبەتییەکانی ڕابردوودا تەسەروعیان کردووە لە هەندێ حوکم، بۆیە دەشێ ئەوە جێگەی نیگەرانی هەندێك لایەنانی سیاسی بێ لە هەرێمی کوردستان، بەڵام هیچ کاتێك ئەو بۆچوونە دروست نییە کە پێی وابێ یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان دا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی چالاکی هەندێ هێزی سیاسی کوردستانی بێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. شێرکۆ جودة، کاك عادل نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێك و نوقتەی نیزامی یە، پێموابێ قسەکردن لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە زیادەیە، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژە یاسایە درێژ دەکرێتەوە، دوای شەش مانگی تر هەموار دەکرێ، پێموایە لە کاتی هەموار کردن دا قسەکردن لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە..

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل، ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە قسە بکەن لەسەر ئەو بابەتانەی کە لە بەردەم پەرلەمانی کوردستانە، ئەو مافەیان بپارێزە.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، پێشتر جەنابت وتت بە تەوافوقێکی سیاسی هەموو فراکسیۆنەکان کە ئەم پرۆژە یاسایە درێژ دەکرێتەوە بۆ ماوەی دوو ساڵی تر، دوای شەش مانگی تر هەموار دەکرێتەوە، من مەبەستم ئەوەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، سوپاس، کاك ئەبو بەکر ناوت نووسراوە و، زانراوە کە دەتەوێ قسە بکەی، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله (أبوبکر هەڵەدنی) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامییەکەی من ئەوەیە کە یەکەم/ ئێستا ئێمە ناتوانین وشەی هەموارکردنەوە بەکاربێنین، لەبەر ئەوەی پرۆژە یاسایەك لەبەر دەست دا نییە، دووەم/ فەراغێکی یاسایی هەیە کە ئەم یاسایە لە ٧/١٦ دا کۆتایی پێ دێت، یەعنی تا ئەو مودەیەش کە هیچ پرۆژە یاسایەك لەبەر دەست دا نییە ئاسان نییە قسەی لێ بکەین، سێیەم/ فراکسیۆنەکان ئیتیفاقیان کردووە، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەم گفتوگۆیانە زیادن، قسەکانمان هەڵگرین بۆ کاتی هەموارکردنەوەکە، پێشتریش بەڕاستی من ئەوە دەبینم لە ئیدارە کردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان دا ئەم کات درێژ کردنەوەیە بەڕاستی لە قازانجی پەرلەمان دا نییە، من پێموایە ئەم سێ خاڵە بخەینە دەنگدانەوە، یاساکە درێژ دەکرێتەوە، لە ماوەی شەش مانگ دا هەموار دەکرێتەوە، لەو کاتەش دا پرۆژە یاسایەك بێت، ئەو کاتە هەمووومان قسەمان هەیە، قسەی زۆرمان هەیە لەسەر یاساکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، ڕەئی خۆتت وت، دەستت خۆش بێ، بەڵام بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ کاك أبوبکر من هیوادارم ئێوە خۆتان پابەند بن بە ڕێککەوتنی فراکسیۆنەکانتانەوە، قسە نەکەن، ئەگەر خۆتان داوای قسەکردن

نەكەن ئێمە ناوتان نانووسین، بەڵام هەر ئەندامێكی پەرلەمان داوای قسەكردن بكات، ئێمە وەكو دەستەی سەرۆكایەتی مولزەمین كە قسە بكات، بەڕێز د.شێركۆ جودت، فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هیوادارم كە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ وەكو جەنابت فەرمووت كە تەوافوق، هەروەكو دەركەوت كە هەموو فراكسیۆنەكان تەوافوقیان نەكردووە، سەرۆك فراكسیۆن هەیە ناڕازی یە، لەبەر ئەوە هیوادارم كە تەوافوقی لێژنە فەوقییەكان و تەوافوقی فراكسیۆنەكان نەبێتە مایەی ئەوەی كە ڕەبتی پرۆژەیەك بكرێ، لەبەر ئەوە ئێستا ئەوەی كە بینیمان پرۆژەیەك پێشكەش كراوە ڕەت كراوەتەوە، پرۆژەیەكی تریش دوای ئەوە پێشكەش كراوە، قبوڵكراوە بە ئیتیفاق، جا ئایا ئیتیفاق بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ صەلاحییەتی ئەوەی هەیە كە پرۆژە ڕەت بكاتەوە؟ بۆیە ڕەت كردنەوەی پرۆژە بەڕاستی جێی هەڵوێستەیە لێرە، كە.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر گیان، لە ڕاپۆرتی لیژنە هاوبەشەكان دا بۆ وتووێژكردن لەسەر ئەو بابەتە وا كراوە، بڕیار دراوە كە ئەو پرۆژەیە ڕەت بێتەوە، ئێستا دەخرێتە دەنگدانی پەرلەمانی كوردستانەوە، ئەگەر ئێوە ڕەزامەند نەبن لەسەر ئەوە، ئەو كاتە وتو وێژ لەسەر ئەوە و یاسای تریش دەكرێت.

**بەڕێز د.شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارەكەم ئەوەیە وەكو یەكێك لەوانەی كە ئیمزام كردووە لەسەر پرۆژەی یەكەم، لەگەڵ ئەوەی كە سوورین لەسەر ئەوەی كە كوردستان بپارێزرێ لە هەموو جۆرەكانی تیرۆر، بەڵام ستەم لێكراوەكی زۆر هەیە لە هەرێمی كوردستان، دەتوانین بە لیست ئاراستەی بكەین بۆ جەنابتان كە دەبێ ئەم یاسایە باس لە هەمواركردنەوەكەی بكرێ كە پرۆژەی بۆ تەقدیم نەكراوە تا ئێستا، بەڵام پێشنیارەكە ئەوەیە/ وەستاندنی ئەم یاسایە نابێ ڕەت بكرێتەوە، دەبێ بەلای كەمەوە بخرێتەوە دەنگدان، ئەوە یەكەم، دووهەم/ باس كردن لەوەی كە، باشە ئەگەر ئەم یاسایە درێژ بكرێتەوە، ئەو ستەم لێكراوانەی كە بە زوڵم لە بەندیخانەدان ئێستا، ئەوانە مەصیریان چیە؟ كێ تەحەمولی ئەو زوڵمە بكات لەوان؟ بۆیە دەبێ پێداچوونەوە بە حوكمەكانیان، ئەگەر درێژیش كرایەوە پێشنیارێكی ترە، بەڵكو ئەم پەرلەمانە بتوانێ تەبەنی بكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ئومێد خۆشناو، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێك لە ڕوونكردنەوەكانم لە ڕوونكردنەوەی بەڕێز گۆران ئازاد هاتبوو، لەبەر ئەوەی كە ئێمە پێشتر فراكسیۆنەكان ئیتیفاقمان لەسەری كردبوو، بەڵام هەموومان ئەو حەقیقەتە دەزانین كە یاسای تیرۆر ساڵی

٢٠٠٦ یاسای ژمارە ٣ لـە ئەسـنای ئـەو عەمەلیـە ئیرهابیانـەدا دروسـت بـووە و ئـەو کـارە تیرۆریـستیانەی کـە ناوچەکەی گرتبۆوە، لەو کاتیش دا بە بێ کۆدەنگی نیشتمانی نەکراوە، کۆنفرانسی زانستی دەربارەی کـراوە، کۆدەنگی تەواوی لایەنەکانی تێدا کراوە ئینجا لە پەرلەمانی کوردستان بۆتە یاسا، واتا مـاوەی هەشـت سـاڵی ڕابـردوو یـەکێك لـەو شـانازییانەی کـە لـە هـەرێمی کوردسـتان هەیـە، ئـەو یاسـایە بەشـێك بـووە لـە دەستکرانەوەی زیاتری دەزگا ئەمنییەکان تا ڕێ بگرین لەو ئیرهابە مونەزەمەی کە ئێستاکە مونـەزەم تـرە لەو کاتەش دا هەیە، بۆیە ئێمە لە فراکسیۆنەکان کۆك بـووین لەسـەر دوو خـاڵ، کـە یـەکێکیان/ هـەموومان ئەوانـەی بەشـداری کۆبوونەوەکـەمان کـرد، نـازانم ئەوانـەی بەشـدارییان نـەکردبێ ئـەوە دەکرێـت دەسـتەی سەرۆکایەتی قسەی دەربارەی هەبێت، لەبەر چ بەشدارییان نەکردبێ؟ بەڵام بەشی زۆری فراکسیۆنەکان کـە کۆبوونەوەمان دەربارەی کردووە لەسەر دوو خاڵ کۆك بووینە، یەکێکیان/ ئـەو یاسایە پێویـستە لـەم وڵاتـە هەبێ، دوو/ هەموار بکرێتەوە لەگەڵ واقیعـی ئێـستا بگـونجێ، بـەڵام لـەو خەتەریاتانـەی کـە لـە ناوچـەکەدا هەنە، ئەوەی ئێستا بە تایبەتی تیرۆر بە شێوەیەکی مونەزەم لە عیراق دا هەیە، لە ئیقلیم دا هەیـە، نـاکرێ ئەو فەراغە یاسایی یە دروست بکرێت کە یاساکە ڕابگیرێت، بۆیە ئێمە کـۆك بـووین لەسـەر ئـەو دوو خاڵـە، دەشکرێت سوپاسی تەواوی فراکسیۆنەکان بکەین، چونکە ئێمـە لـە فراکسیۆنی زەرد ئـەو پـرۆژە یاسـایەمان پێشکەش کردبوو کە نوێ بکرێتەوە، گەیشتینە ئەو قەناعەتەی، هەموو لایەکمان ئەو کۆدەنگییەمان هەبوو بە مولاحەزاتی ئەوەی کە فیعلەن لەسەر یاساکە هەیە هەموار بکرێتەوە، بەڵام دەتواندرا ئەو یاسایە لەبـەر ئەوەی ڕەهەندێکی نیشتمانی هەیە، بە زۆرینە و کەمینە تێنەپەڕیوە، بە تـەفاهومێکی تـەواو تێپـەڕیوە لـە نێوان هەموو لایەنەکانمان، تێگەیشتنی تێدا هەبووە لەو کارانەی کە لە یاساکەدا بوونەتەوە، دیـسان تەئکیـد لەسەر ئـەوە دەکەینـەوە، زەرووره ئـەو بۆشایی یـە یاسـایی یـە نـەبێتن، بۆیـە ئێمـە ئـەو پـرۆژە یاسـایەمان پێشکەش کردبوو، لەگەڵ ئەوە داین کە ئەمڕۆ ئەو یاسایە هەبێت، لەگـەڵ ئەوەشـداین ئیتیفاقمـان لەسـەری کردووە کە لە ماوەی شەش مانگ دا بە بوونی تەواوی ئەو مولاحەزانەی بە تایبەت ئەوانەی کـە کاریگـەری لەسەر مافی مرۆڤ هەیە، لەگەڵی داین هەموار بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ڕابوون، فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئەم بابـەتی درێژکردنـەوەی کـار کـردن بـە یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی تـیرۆر، خۆتان ئاگادارن، لەگەڵیشیدا پرۆژەیەك پێشکەش کرابـوو بـۆ ڕاگـرتن بـەو یاسـایە، بـە خۆشـحاڵییەوە ئێمـە دوای ئـەوەی فراکـسیۆنە سـەرەکییەکان، ئەگـەر بـرادەران تێبینیـان هەیـە لەسـەر ئـەوەی بڵـێم هـەموو فراکسیۆنەکان، فراکسیۆنە سەرەکییەکان کە لەسەر ئەو بابەتە کۆبووینەوە، ئێمە دوو بابـەت کـە پێمانوایـە بۆتە جۆرێك ڕای گشتی لە پشت ئەو دوو ڕەئییـەوە هەیـە، یـان بۆتـە بەشـێك لـە ڕەئـی عـام لـە کوردسـتان،

بابەتێكیان ئەوەیە كە لە كوردستان یەك دەستی هەیە، یەكگرتوو هەیە لە دژی ئیرهاب، لە دژی تیرۆر و تێكدانی ئارامی لە كوردستان، بە خۆشحاڵییەوە یەك دەستیش هەیە بۆ پاراستنی ئارامی لە هەرێمی كوردستان و پەرەدان بەو ئارامییە، لەبەر ئەوەی ئەو بابەتی ئارامی لە كوردستان و بابەتی ئاسایش هەم ژیانی خەڵكی كوردستان لە ڕووی ڕووحییەوە پێوە بەندە، هەم بابەتی ئارامی بۆ ئیستیقرار و ژیانی هاووڵاتییان، بۆیە ئەوە دواجار بەوەی گەیاندین، بۆ پاراستنی ئارامی لە كوردستان، بۆ پاراستنی ئاسایش لە كوردستان، بۆ پێشخستنی ئەو ئاسایش و ئارامییەی هەیە، لە كوردستان بە دەست هاتووە، یاساكە درێژ بكەینەوە، ئەو ڕەهەندەیان پەیوەندی بە بابەتی ئارامی و ئاسایشەوە هەیە، ئەو قەلەقەی كە پەیوەند بە مافی مرۆڤەوە لەسەر یاساكە هەیە بەوەی گەیاندین كە لە نێوان فراكسیۆنە سەرەكییەكان، سەرۆكایەتی پەرلەمان وەسیقەیەكمان ئیمزا كردووە كە ئەو یاسایە لە كەمتر لە شەش مانگ دا هەمواری دەكەینەوە، بەم جۆرە دوو خاڵ دەپێكین، هەم ئەوە دەپێكین كە ئێمە لە كوردستان لە بەرامبەر ئیرهاب و تێكدانی ئارامی لە هەرێمی كوردستان یەك دەستین، یەك دەستین بۆ پاراستنی ئاساییش و ئارامی لە كوردستان، بابەتی مافی مرۆڤیش بابەتێكی زیندوو و ڕەهەندێكی ستراتیجی یە لە هەرێمی كوردستان و بۆمان موهیمە و بۆمان گرنگە، خراپ بەكار هێنانی یاساش ئەو خاڵەیە كە بە لامەوە گرنگ بوو، خاڵی دووەم/ لەسەر بابەتی یاسای سەرۆكایەتی هەرێم زۆر قسە دەكرێ، هەموار كردنەوەی یاسای سەرۆكایەتی هەرێم، لەبەر ئەوەی لە پەرلەمان دەوترا دەچێتە پرۆتۆكۆڵیشەوە، ئەوە چەند جار..........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باسی سەرۆكایەتی هەرێم پەیوەندی بەو دانیشتنەوە نییە.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، لەبەر ئەوەی دەچێتە پرۆتۆكۆلەوە گوایە ئەو یاسایە بە نا یاسایی هەموار كراوەتەوە، ئەو بابەتە ڕاست نییە، هەموار كردنەوەی یاسای سەرۆكایەتی هەرێم هەموو ڕێكاری یاساكانی خۆی بڕی....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە پەیوەندی بەو دانیشتنەوە نییە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵێك كە لە ئەخیردا دەمەوێ ئاماژەی پێ بكەم ئەوەیە من بە خۆم چەند كەسێك لە زیندانەوە پەیوەندیان بە منەوە كرد، كە گوایە بە یاسای دژە تیرۆر زیندانی كراون، هەندێك نیگەرانی و شەكوایان هەبوو، ئێمە وەك پەرلەمانتاران جوابی شەكواكانمان دایەوە، ئێستا پێم باشە پەرلەمان، سەرۆكایەتی پەرلەمانی هەرێمی كوردستانیش لیژنەیەك ڕابسپێرێ سەردانی ئەو زیندانییانە بكات، بۆ ئەوەی تەحقیق و بەدواداچوون بۆ حوكمەكانیان بكات كە تا چەند ڕاست و دروستی تێدایە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئـەوە لیژنـەكانی مـافی مـرۆڤ دەتـوانێ بەدواداچـوون بكـات، ئـەوە ئـەو كۆنووسـە هاوبەشـەیە كـە سـەرۆكی فراكسیۆنەكان ئیمزایان كردووە، ئەو ڕۆژە د. شوان لێرە نەبوو، وابزانم لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگە سەردانی ناوچەكانت كردبوو.

**بەڕێز عمر مصطفى (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نووسراوێكم داوە بە مامۆستا مەڕوان، ئەویش تەسلیمی جەنابتی كردبوو، ئێستا ئەو قسانەی كردم لە نووسراوەكەدا ڕەنگی داوەتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەوە لە ٦/١١ كۆبوونەوەیان كـردووە سـەرۆكی فراكسیۆنەكان، تیایـدا بڕیاریـان داوە كـە ئـەمڕۆ تـەنها وتووێژ لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە بكرێ، پـرۆژە یاسای درێـژەدان بـە یاسـای تـیرۆر بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ بـە مەرجێك لە ماوەی شەش مانگ دا د. شوان، ئامینە خان، بە مەرجێك لە ماوەی شەش مانگ دا ئەو یاسایە هەموار بكرێتەوە، د. ڕێواز، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك سالار و كاك رابوون قسەكانی منیان كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جمال مۆرتكە، فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان مۆرتكە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گرنگی یاسای تیرۆر:

یەكەم: گرنگی یاسای تیرۆر، گرنگییەكی نەتەوایەتییە، ئەو واقیعەی ئیستا لەكوردستان هەیە، بەڕاسـتی بـۆ پاراسـتنی ئەمنیـەت و گیـانی هاووڵاتیـان، ئەمنیـەتی كوردسـتان زۆر گرنگـە، بـەڵام مـن بەنیـسبەت هەمواركردنەوەو درێژەدان بە یاسای پێشوو هەروەك كاك ڕابوون باسی كـرد، مـن هەنـدێك تێبینـیم هەیـە، وەكو پێشنیارێك بۆ برایانی ئەحزابی ئیسلامی دەبینین هەندێجار تێبینیان هەیە، لەلایەك حەقی خۆیانە، مـن بەڕاسـتی دەڵـێم ئەوانـەی بـەناوی تـیرۆر دەگیرێـن، پێـشنیار دەكـەم لیژنەیـەك دابنـدرێت بـۆ ئـەوەی پێداچـوونەوە بـۆ هەنـدێك بابـەت بكرێت، ئەوانـەی كـە بـەناوی تـیرۆر دەگیرێـن بزانـدرێت كێیـە، لەیـەك جیابكرێتەوە، بەداخەوە زۆر جار هەیە هەست پـێ دەكـەین و باسیـشی لێـوە دەكرێـت ئـەو بابەتـە، چونكە ئەوە زۆر هەسـتیارە، دەبێتـە هـۆی برینـدار كـردن، دووەم: گرنگی ئـەو زانیاریانـەی كـە دەدرێـت بـە دەزگا ئەمنییەكان زیاتر تەئكید بكرێتەوە بـۆ ئـەوەی تووشـی هەڵـەی لابـەلا نـەبن، سـێیەم: ئەوانـەی كـە بـەهۆی

مەعلوماتی خێراوە ئەگیرێن تەئکید بکرێتەوە لەشێوەی گیرانیان و لەدادگاکانیش جیا بکرێنەوە، لایەکی تریش بەڕای من ئەوەیە ئەوانەی کە فیعلەن تیرۆرستن کە دەگیرێن و هیچ کەسیش دیفاعیان لێ ناکات، ئەمانە لە بەندینخانەکانیش جیا بکرێنەوە، بۆ ئەوەی کە تەشەنە نەسەنن و تەئسیریان لەسەر خەڵکی تریش نەبێت، بۆیە من پێم باشە و لەگەڵ هەموارکردنەوەو درێژەدان بەم یاسایەم، بەڵام لەهەمان کاتدا لیژنەیەك دابندرێت بۆ ئەوەی گلەیی و گازندە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەروان، فەرموو.

**بەڕێز حسين اسماعيل(مەروان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من هەر بەکورتی چەند خاڵێکم هەیە پێم خۆشە بیخەمە ڕوو، یەکەم: قسە بۆ ڕای گشتی ناکەم، چونکە ئێمە قسەی خۆمان کردووە لەلای بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و سەرجەم سەرۆکی فراکسیۆنەکان، تێبینیەکانی خۆمان لەوێ خستۆتە ڕوو، کە دەشڵێم قسە ناکەم، لەبەر ئەوەی ئێمە ئیتیفاقمان کردووە، بۆیە دەبێت پابەند بین بە ئیتیفاقیەی خۆمانەوە، بەڕاستی ئێمە وەکو کۆمەڵی ئیسلامی کە ئەو پرۆژە یاسایەمان خستە ڕوو، بۆ کۆتایی هێنان بەکارکردن بەیاسای تیرۆر، وەکو بڵێی درێژ نەکردنەوەی ئێمە لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین کە ئەو پرۆژە یاسایە ڕابگرین، لە موقابیلی ئەوەی کە ئەو پرۆژە یاسایە درێژ بکرێتەوە بۆ دوو ساڵ، بەڵام لە ٦ مانگی سەرەتا ئەو پرۆژە یاسایە دەبێت هەموار بکرێتەوە، هەموو فراکسیۆنەکان و دەستەی سەرۆکایەتیش ئیمزایان کردووە، بڕیاریش وا بووە، ئەو یاسایە بەتایبەتی زۆر لە برادەران و هەڤاڵانم باسیان کرد، ڕەهەندێکی سیاسی هەیە، هەموو یاساکان ڕەهەندێکی نیشتمانیان هەیە، بەس ئەمەیان ڕەهەندێکی سیاسی و نیشتمانی هەیە، دەتواندرا ئەو یاسایە بەزۆرینە لەپەرلەمان تێپەڕێندرێت و ببێتەوە زۆرینەو کەمینە، کە نەکرا ئێمە سوپاسی مەوقیفی هەڤاڵانمان دەکەین لێرە، بەڵام ئەوەیە کە ئێمە بەڕاستی ئەو هەموارکردنەوە لە کات و شوێنی خۆیدا دەکرێت، لەو کاتەدا خوا نەخواستە ئەگەر خەلەلێك دروست بوو، نەکرا، ئەو قسانەی خۆمان لەو کاتەی خۆمان کە بڕیار بوو بیکەین لێرە دەیکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ناظم کبیر، فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ویستم لەسەر یەك خاڵ قسە بکەم، بۆ خۆم بەشێك لەو زیندانیانە چ سەردانمان کردبێتن، چ ئەوان پەیوەندیان کردبێت، لەڕاستیدا پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی باش هەیە، یاساکەش زۆر فراوانە زۆر شتی گرتۆتەوە، لەزۆر شوێندا بەزۆر مەبەست بەکار هاتووە، من ئێستا جۆرێك لە دڵنیام وەرگرت، کە لەم ٦ مانگە هەموار ئەکرێتەوە، بۆیە قسەکانی خۆم هەڵئەگرم بۆ ئەو کاتە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من زۆربەیان کران، یەك قسە کە ئێمە وەکو لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، کاتی خۆی ئێمە لە کۆبوونەوە هاوبەشەکە، گەیشتووینەتە ئەنجام کە ئەویش ئەوەیە وەکو دکتۆرە ڤالآش لەوێ لەبەرامبەر نوێنەرانی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان تەئکیدی لێ کردەوە، ئەوەیە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان، زیاتریش وەکو لیژنەی مافەکانی مرۆڤ چاودێریکی توند تر ئەبین لەسەر لایەنی جێبەجێکاری ئەم یاسایە، کە دەزگا ئەمنیە پەیوەندیدارەکانن، چونکە کەسمان جیاوازیمان لەوەدا نییە کە تیرۆر بوونی هەیە، هەڕەشەیەکی مەترسیداریشە لەناوخۆ و دەرەوەی کوردستان ڕووی تێکردووین، ئێمە دەڵێین یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تۆقاندن، نابێت بەهانە بێت بۆ ئەنجامدانی پێشیلکاری مافەکانی مرۆڤ وەکو ئەوەی کە هیچ یاسایەکی تریش نابێت بەهانە بێت بۆ ئەوەی کە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ بکرێت، بۆیە ئەو ڕێککەوتنەی بۆ ئەم قۆناغە هەیە زامن ئەکات بۆ ئەوەی کە یاساکە باشتر بکرێت، مەترسی لەسەر پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لەناو یاساکە نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەشێك لەڕاکانی ئێمەش وترا، من پشتگیری ئەو ڕایە ئەکەم کە پشتگیری درێژکردنەوەی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر دەکات، چونکە هەموومان ئەزانین ئێمە لە چوارچێوەی وڵاتێکدا دەژین کە بەردەوام چالاکی تیرۆری تێدایە، لەهەمان کاتدا لەناوچەیەکداین لەم ناوچەیەش هەم گەرای تیرۆری تێدایە، هەم گەرای فراژوو بوونی تیرۆری تێدایە، ئایا کام لەو هۆکارانەیە کەوا دەکات هەندێ لەتاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە پەیوەندی ئەکەن بە گروپی تیرۆرستییەوە؟، سیستەمە سیاسییەکەمان فرەیی و ئازادی دابین نەکردووە؟ یان لەڕووی ئابوورییەوەیە یان هۆکاری ترە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دكتۆرە ڤالا نوفتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا لەبەڕێزتان دەكەم كە داوا لە ئەندامە بەڕێزەكان بكەیت تەنها گفتوگۆ لەسەر ئەو خاڵە بكرێت، كە لەناو ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەكان هاتووە، ئەوەی كە لەدەرەوەی ڕاپۆرتەكەیە ئەوە بابەتی موناقەشە كردن نییە، لەم دانیشتنەی ئێستادا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو منیرە عثمان، فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك حاجی كاروان، فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدین(حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ هەردوو لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی یاسایی لەماوەی ئەم ٦ مانگەدا حسابێك بۆ ئەو كەسانە بكرێت، من لەگەڵ قسەكانی دكتۆر شێركۆدام، شتێكیان بۆ بكرێت و بخرێتە ناو یاساكەوە، یەعنی بەڕەسمی داوا بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی ڕوونكردنەوەیان هەیە، فەرموو كاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ویستم هەموو تەواو بێت ئینجا ئەو تەوزیحە بدەین، تەداخول كردن لە قەزا لەلایەن پەرلەمانەوە، یەعنی نازانم مەبدەئی فەصلی سوڵتات هەیە، ئەو خەڵكە مەحاكم حوكمی داون بەپێی یاسا، ئەگەر ئێمە بڕیارە پێداچوونەوە بەحوكمی هەر بەندكراوێك بكەین، یەك ڕێگا لەپێش پەرلەمان هەیە، ئەویش ڕێگای لێبوردنی گشتییە، ئەم پرۆژەیە لە خولی ڕابردووش كارێكی وا كرا، بۆیە ئەوكاتە هەر كەسێك ئەبینێت ئەم حاڵەتانە هەیە پرۆژەیەكی لێبوردن پێشكەش ئەكرێت، ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە كردووە ئەم یاسایە بۆ دوو ساڵ درێژ بكرێتەوە، یاخود هەموار بكرێتەوە، مەبدەئی هەموارەكە بۆ ئەوەی ڕوون بێت، لەپرۆتۆكۆل ئەم قسانە تەسجیل ئەبێت دوو ڕۆژی تر پرۆتۆكۆل نەهێننەوە بۆ بەردەم سەرۆكی

فراكسيۆنەكان  و ليژنـە هاوبەشـەكە، دوو مەبـدەئمان ئيقـرار كـرد، مەبـدەئی يەكـەم: چـەند دەكرێـت ئـەم ياسايە توندو تۆڵتر و ڕادع تر بێت بەرامبەر تيرۆرست چـەنديش دەكرێت لەسـەر چەسـپاندنی بنـەماكانی ماڤی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە بنەماكانی ماڤی مرۆڤ فراوانتر بكرێـت، جـێگير بكرێـت، ئەمـە ئـەو دوو حاڵەتەيـە، حاڵەتی دووەم: پێداچوونەوە بەحوكم بە لێبوردنی گشتی دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با دوا موداخەلە وەربگرين ئينجا ئێوە ڕوونكردنەوە بدەن، فەرموو نەجيبە خان.

**بەڕێز نجيبە لطيف احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی كە هەموومان دژی تيرۆرين، تيرۆريش ماڵ نييە لەسەر هيچ ئايدياو چين و توێـژێك، مـن بـۆ خۆم پرۆژە ياسای يەكـەمم واژوو كـردووە، بـەڵام جێگای دەستخۆشـييە كـە ئـەو تەوافوقـە كـراوە، پێـشنيار دەكەم بـەوەی كـە مـادام نـەوتراوە لـەدوای ٦ مـانگ پـرۆژە ئامـادە بكرێـت بـۆ هـەمواركردن، ئەگـەر بكرێـت نەگاتە ٦ مانگەكە، يەعنی پێشتر ئەو پرۆژەيە ئامادە بكرێت، ئيشی لەسەر بكرێت،............

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە بابەتی ئێستامان نييە نەجيبە خان، ئێوە خۆتان ئەتوانن هـەر فراكسيۆنەكانی پەرلـەمان، ئەنـدامانی پەرلەمان، ئەتوانن لە سبەينێ وە پرۆژە ياسا حازر بكەن بۆ هەمواركردنەوەی.

**بەڕێز نجيبە لطيف احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەستم ئەو قسانەی كە كاك گۆران كردی، ئەبێت بە ڕێكارێكی ياسـايی داوا بكرێـت، كـە ئەوانـەی حـوكم دراون پێداچوونەوە بۆ حوكمەكانيان بكرێت، لەهەموارەكە ئەگەر بتواندرێت شـتێكی ئـاوا بكرێـت، دەسـتان خۆش بێت.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ليژنەی ياسايی ڕوونكردنەوەتان هەيە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤاڵا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە داوا كرا لەناو ڕاپۆرتەكە تەسبيت بكرێت، بابـەتی هەمواركردنەوەيـە، لەبـەر ئـەوەی پـرۆژە ياسـا تەقـديم نـەكراوە لەسـەری بـەهيچ شـێوەيەك ليژنـەی هاوبـەش لـە ڕاپـۆرتی خۆيـدا ناتوانێـت بـاس لـە هەمواركردنەوە بكات، لەلايەكی تريشەوە، ئەو ئيتيفاقـەی كـە كـراوە لـەنێوان فراكسيۆنەكاندا، ئـەوە تـەنها هی نيوان فراكسيۆنەكانە ئێمە ناتوانين لەڕووی ياساييەوە، لەناو ڕاپۆرتی ياسايی خۆمان جێگای بكەينەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوونکردنەوەکانم دکتۆرە ڤالا وتی، تەنها یەك ئیزافەم هەیە، ئەویش گوێم لەوە بوو کە وتیان لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ بتوانن وا بکەن لە ٦ مانگەکەدا ئەو هەموارە بکەن، بە بەڕێزان ڕا ئەگەیەنم کە لیژنەی یاسایی بەرپرس نییە لەوەی کە لەو ٦ مانگە هەموارەکە بکرێت، بەڵکو تەنها پێشکەش کردنی پرۆژە یاسا ڕێکاری خۆی هەیە لەپەرلەمان هەرکات هاتە لای لیژنەی یاسایی ئێمەش کاری خۆمانی لەسەر ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ایوب فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی هاوڕێیان باسیان کرد، کە پەلە بکرێت لەجێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتنەی نێوان فراکسیۆنەکان و پرۆژە یاسا پێشکەش بکرێت، ماوەکەی دیاری کراوە لەماوەی ٦ مانگدا، دەتواندرێت پرۆژە یاساکە بە ڕێکاری یاسایی پێشکەش بکرێت، ئەو کاتەی کە هەمواری یاساکە کرا، کام یاسا لەبەرژەوەندی تۆمەتبار بێت ئەو یاسایە جێبەجێ دەکرێت، لە بەرژەوەندی تۆمەتبار ئەوە جێبەجێ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا فەرموو خاڵی یەکەمی ڕاپۆرتە هاوبەشەکەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم: دوای گفتۆگۆ کردن لەسەر هەردوو پرۆژە یاساکە بڕیاردرا کە تەنها گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بکرێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەینە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، ٧٦ ئەندامی لەگەڵدایە؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، ١ ئەندامی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئێستا دەچینە سەر پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر، یەك لەدوای یەك ماددەکان دەخوێنینەوەو گفتوگۆی لەسەر ئەکەین و دەیخەینە دەنگەوە، دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای کارپێکردنی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لەهەرێمی کوردستان.

ماددەی یەکەم: کارکردن بە حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠١٦/٧/١٦ درێژ دەکرێتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای لیژنەی هاوبەش چییە لەسەر ئەو ماددەیە؟، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەك لەسەر ئەو ماددەیە نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟، دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەزمانی عەرەبیش پڕۆژەکە ئامادەیە ئەگەر بکرێت بیخوێنینەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مشروع قانون تمديد العمل بقانون مكافحه الارهاب رقم (٣) لسنه ٢٠٠٦ في اقليم كوردستان — العراق،

الماده الاولى: يمدد العمل بأحكام قانون مكافحه الارهاب رقم (٣) لسنه ٢٠٠٦ لغايه ٢٠١٦/٧/١٦.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس هەیە قسە لەسەر ئەم ماددەیە بکات،؟ تا بیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی یەکەمی پڕۆژە یاساکەیە؟، تکایە بادەستی بڵند بکات؟،

کەس نیە قسەی لەسەر بکات، بۆیە ئەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ماددەی یەکەمی پڕۆژە یاساکەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، ٦٨ ئەندام لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵدانییە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، ٤ ئەندام لەگەڵدانییە، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی دووەم.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەکە بە عەرەبی د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی هاوبەش هیچ تێبینیەك لەسەر ئەو ماددەیە نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ ئەندامێکی پەرلەمان ئەیەوێ قسەی لەسەر بکات، کەس قسەی لەسەر ناکات ئەیخەینە دەنگەوە، ماددەی دووەم لە پڕۆژە یاسایەکە ئەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، ٧١ ئەندام پەرلەمان لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانییە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، ١ کەس لەگەڵدانیە کەواتە پەسەند کرا، ماددەی سێیەم فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

ئەم یاسایە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی و بلاّو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەعەرەبیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: ينفذ هذا القانون من تاريخ اصدارة ونشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاپۆرتی هاوبەش.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاپۆرتی هاوبەشدا ماددەی سێیەم پێشنیار کرا بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە، ئەم یاسایە لە ڕۆژی ٢٠١٤/٧/١٧ وە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستاندا بلاّودەکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی لەسەر دەكات؟، نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لە ١٥ مانگ كۆتایی دێت، لە ١٧ مانگەوە نەفازی پێ بدرێ، ئێمە ئەكەوینە فەراغی یاساییەوە لە ١٦ مانگ، بۆیە وا باشترە لە ١٦ مانگەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە تا ڕۆژی ٢٠١٤/٧/١٦ بەركارە، واتە لە ڕۆژی ١٦ ی مانگ تەتبیق دەكرێت، ناكەوینە هیچ فەراغێكی یاسایی، لە ڕۆژی ١٦ مانگ كۆتایی دێت و لە ١٧ مانگ یاسایەكە بەرقەرار دەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دیارە قسە دەكەن ئەندامانی پەرلەمان، گفتوگۆ دەكەن لەسەر ئەو ماددەیە، خاتو امنە زكری، د.فرست، د.ڕێواز، بەڵێ فەرموو امنە خان.

**بەڕێز امنە زكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو كو مە تێبینی كری.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە باسی ئیتیفاقیەمان كرد، ئەگەر بێتە باس و خواسی قسەو باس، قسەو باس زۆرە لەسەر ئەو ماددەیە، ئیتیفاقمان كردووە كە قسەو باس نەكەین لێرە، ئێمە پابەندی ئێوەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو شتێكی شكلیە مامۆستا هەورامان.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسە ناكەم لەسەری، بڕیارمانداوە قسە نەكەین لەسەری، ئێمە پابەندین هەتا ئەو ڕۆژەی كە باسی هەموارەكەی ئەكرێ، قسەكان هەڵدەگرین بۆ ئەو ڕۆژە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، امنە خان فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم سەر ناوەرۆکا یاسایی قسێ ناکەین، ئەم ل سەر داڕشتن و ماددێ وێ و چەوانیا ئەحکامێت خیتامی وێت یاسایی موناقەشێ کەین، ئەو کو مە تێبینی کریە تەنها تێبینیەکا من هەی، دەست نیشان کرنا ٧/١٧ بەلاڤ کردنەوەی د ڕۆژنامەی وەقایع کوردستانیدا یا درست نینە، وەقایع کوردستانی ئەڤ یاسایە تۆماتیکیەن دچیت بۆ پەسەندکرنێ، ئەو قانونێ دیاری کریە بۆ ڕۆژنامێ وەقایع کوردستانێ دچیتن ئەو دێ بەلاڤ دکەن، حەوجە ناکاتن ئەو ڕۆژنامێ وەقایعا کوردستانێ ڤێرە دیاری بکەین، ئەم شێین بێژین (ئەم یاسایە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.فرست فەرمووو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی ئامینە خان دەکەم، پێموایە یان بنووسرێ وەقایعی کوردستانی، یان بنووسرێ لە ڕۆژی ٧/١٧، یەعنی کە نووسرا ڕۆژی ٧/١٧ ئیشکال نییە، چونکە پێشتر لەوانەیە لە وەقایعی کوردستان بلاْو بکرێتەوە، بەلاْم ڕۆژی ٧/١٧ ئەکەوێتە بواری جێبەجێ کردن، قسەکەی د.ڤالاْ تەواوە، ڕۆژی ١٦ مانگ قانونەکە تەواو ئەبێ، ئێمە کێشەمان نییە لێرە، بەلاْم کێشەمان هەیە مادام ٧/١٧ دیاری کراوە، ئیتر پێویست ناکات ڕۆژی وەقایعی کوردستانیش دیاری بکرێت، یەکیان بەسە، بۆ ئەوەی هیچ کێشەمان بۆ دروست نەبێ، تەنها ڕۆژی بلاْوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستانی کافیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆژی وەقایع دیاری نەکراوە، د.ڤالا فەرمووو.

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بلاْوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستانیدا دیاری نەکردووە، تەنها دەڵێین لەو ڕۆژە جێبەجێ دەکرێ، لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستانیش بلاْودەکرێتەوە، ئیجرائاتێکی شەکیلەو دەبێ یاسا تێیدابێ ئەو خاڵە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕێواز فەرمووو.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو نەسەم كە لەناو ڕاپۆرتەكەی لیژنە هاوبەشەكەدایە، چونكە چۆن ئیحتیمالی ئەوە هەیە، پێش ٧/١٧ بلاْوبكرێتەوە، ئەبێ ئەگەری ئەوەش دابندرێت بكەوێتە دوای ئەو بەروارەوە، لەبەر ئەوە فەراغێك دروست دەبێ، فەراغێكی تەشریعی، من لەگەڵ ئەوەم یان ئەوەتا بڵێ لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەكرێ، یان ئەوەتا بوترێ ئەوە لە لیژنەی هاوبەش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو دەقەی كە هاتووە ئەڵێ لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی كوردستان بلاْودەكرێتەوە، كاتی جێبەجێ كردنی نەبەستۆتەوە بە ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان، بەڵكو كاتی جێبەجێ كردنی بەستۆتەوە بە ٧/١٧ وە، د.فرست فەرموو، نوقتەی نیزامیە.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەموو یاسایەك دەبێ لە ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان بلاْوبكرێتەوە لە وەقایعی كوردستانی، یەعنی بنووسرێت و نەنووسرێت ئەوە بلاْودەكرێتەوە، كێشەكەی ئێمە لەسەر مودەی تەنفیزەكەیە، لەگەڵ لیژنەی یاسایی موتەفقین ڕۆژی ١٧ مانگ هیچ ئیشكالێكی قانونی تێدانییە، بەلاْم كاتێ كە لە پشتەوەش وەقایعی كوردستانی لەگەڵی دەدات، ئێمە دەڵێین ئەمە پێویست ناكات، نووسینی وەقایعی كوردستانی، چونكە ئەوە قانونەكە تەحدیدی فەترەكەی كراوە، دەكرێ بەیانی كە یاساكە دەرچوو، بەڕێز سەرۆكی هەرێم تەوقیعی كرد، دەكرێ لە وەقایعی كوردستانی بلاْوبكرێتەوە، یەعنی هیچ كێشەمان نییە لەو بارەیەوە ئێمە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەتا لیژنەی یاسایی ڕێك دەكەون، ئێمە ئەو نوقتە نیزامیانە وەردەگرین، كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر موناقەشێ ل سەر ئەسڵێ یاسایێ بدەین، هەر خۆت یاسایا بەرەنگاربینا تیرۆرێدا، ل ماددا ١٨ دا، دبێژیت ئەڤ مادده لە یاسا ڕۆژا بەلاڤ كرنێدا ل ڕۆژناما وەقایعێ كوردستان دهێتە جێبەجێ كرنێ، كەواتە دڤێت ئەو ماددەیا د لیژنێ یاسایی دەست نیشان كری ل ١٧/١٧ دا، ئەو یاسایەی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستاندا بێت بەلاڤ كرنێ، پێچەوانەی ئەسڵێ یاسایێ بیتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح(فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە تەنها سووء تەفاهمێکە، ئەوە دروستی کردووە، ئەوە بەمانای هەروەها دێت، لەبەر ئەوەی هیچ عەیبێکی دیار نییە، هیچ هەڵەیەکی تیا نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەچی گەیشتن لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەو مەراحیلانەی کە یاسا پێیدا تێدەپەڕێ، دوو مەرحەلەی رەئیسی هەیە، یەکیان ئیصدار کردنیەتی، دووەمیشیان نەشر کردنیەتی، لێرانە ئەو ماددەیە ئیشارەتی بەهەردووکی داوە، لە ڕۆژی ٢٠١٤/٧/١٧ وە جێبەجێ دەکرێ، لە ڕۆژنامەی، ئەو (و) دەتوانین بڵێین وە هەروەها لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستانیش بلاّودەکرێتەوە، هیچ ڕێگریەکی یاسایی و هینی تێدانییە، بە موراجەعە کردنی درێژ کردنەوەی پڕۆژە یاساکەش لەو ڕاپۆرتانەی کە هەیەو لەبەردەستی لیژنەی یاسایی بووە، چەند ساڵە وا درێژ کراوەتەوە، هەم ئیشارەت بە ڕۆژی جێبەجێ کردن دراوە، کە ئیصدارە، هەم ئیشارەتیش بە نەشر کردن دراوە، کە مەرحەلەیەکە لەو مەرحەلانەی قانون پێیدا تێدەپەڕێ و زەرورە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو (و) بۆ ناکەن بە هەروەها، ئەم یاسایە لە ڕۆژی ٢٠١٤/٧/١٧ جێبەجێ دەکرێت، باش، بیخوێنەوە ئەمجارە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی ٢٠١٤/٧/١٧ وە جێبەجێ دەکرێ، هەروەها لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستاندا بلاّودەکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیتر کە هەروەهات وت بۆی ناوێ، یەعنی وای لێدێت(ئەم یاسایە لە ڕۆژی ٢٠١٤/٧/١٧ جێبەجێ دەکرێت، هەروەها لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقیعی کوردستاندا بلاّودەکرێتەوە) د.شێرکۆ نوقتەی نیزامیە؟.

**بەڕێز د.شیرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەلاّهی لە ڕاستیا هەر (و) کە گونجاوترە، پەسەند ترە، زمانەوانی تریشە و هیچ پێویستی بە هەروەها نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، باشە، کێی تر؟، د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من د.شیرکۆ کردی، بەڵام دکتۆر (و) کە عەتفە بکرێ مابەینی (و) هەروەها، هەروەها یەعنی (و) عەتفە، یەعنی تەسەور ناکەم لە مەعنایەکە بگۆڕدرێت، ئەگەر بیکەیە (و) هەروەها زیاد بکرێت، لە ڕووی زمانەوانییەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشتر یاسایەکمان هەموار کردەوە، یاسایی سەرۆکایەتی هەرێم، تووشی ئەوەبووین بە (و) حەلمان کرد، ئێستا ئەگەر ئێمە پێمان وابێ (و)کە مەعنا نادات، کێشەکە بەو یاسایەش دروست دەکات، لە ڕووی زمانیشەوە (و) کە هیچ کێشەیەکی تیا نییە، بۆیە پێشنیار دەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا ڕەئیتان بڵێن، امنە خان، زۆزان خان.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل لیژنا یاسایی ئەگەر تێبینی بکەن سەر ماددێ ئێکێ، مە ب چ ڕەنگ دەنگدا، کار کرن بە حوکمەکانی یاسایی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣) ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠١٦/٧/١٦ دەنگ بەوە درا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

امنە خان ئەوە دەنگی لەسەر درا.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

درستە من دەلیەکان دئینم کە بەو شێوازە دروست نییە، ماددێ ئێکێ بەو شێوازە دەنگدان لەسەر کرا، وانییە؟، باشە یەعنی ناجیا داڕشتنا وێ یا قانونی، دەنگدان ل سەر ماددەهەکا دەنگدان و دەرباز بوون، ماددا سێ، ئەم بێژین داڕشتناوێ بلا بڤی ڕەنگی بیتن، ئەم یاسایە کاری پێدەکرێ، لە ڕۆژی دەرچوون و بلاۆکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، چ کێشە تێدا هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با لیژنەی یاسایی ڕەئی خۆیان بڵێن، زۆزان خان نوقتەی نیزامی هەبوو.

**بەڕێز زۆزان صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز جارەکا دیش من پێشنیار کربوو، کو بەری کو یاسا بهێن دارِشتنێ، یان ئـەم موناقەشێ ل سـەر بکـەین، باشترە لیژنەکا زمانەوانی ژ بئێتە پێك ئینانێ بۆ پێداچوونێ ل سەر وی بابەتی، لەوما ئەز زانم یەعنی کو گەلەك پسپۆرو تایبەتمەندێ زمانەوانییێت ناڤ هۆلێدا هەی، زمانێ کوردی چ جارا ل سەر سیستەم و یاسایی زمانێ عەرەبی ب رێڤە ناچیتن، ئەوە زمانێ کوردیدا هەی، نووکە دبێژن هەروەها، هەروەها لە عەرەبیدا دەبیتە (ایضاً) ل ڤێرێدا (ایضاً) ناهێتن، ژ بەر هندێ ئەز پێشنیار دکەم کو کا چـەوا هـەر لیژنەیـەك شۆلێ خۆ دکەتن، ئەو شولێ تێدا، بێ لیژنا زمانەوانی نەکەویتە کاری، دا تووشی ڤان هەڵەیا نەبیتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر فەرمو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من هەڵەیەك هەیە، هەڵەکەش ئەوەیە هیچ یاسایەك ئینکاری پێ ناکرێ، تا بـەڕێز سـەرۆکی هـەرێم پەسـەندی نـەکات، بـەڕەئی مـن ئەگـەر بکرێـت ئـەم یاسـایە لـە ڕۆژی پەسـەندکردنی لـە لایـەن سـەرۆکی هەرێمەوە کاری پێدەکرێت، لەبەر ئەوەی ئیحتیمال هەیە، ببوورن با قسەکەم تەواو بکەم، ئیحتیمـال هەیـە لە ٧/١٧ سەرۆکی هەرێم پەسەندی نەکردبێ، تۆ چۆن مسۆگەری ئەکەی کە ئایا ئەو پەسەندی ئەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با کاك سالاریش قسە بکات پێش ئەوەی کە لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوە بدات.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایـە ئـەو نەسـەی کـە لیژنـەی یاسـایی خوێندیـەوە هـیچ ئەشـکالێکی تیـا نییـە، (و)ەکـە وەکـو خـۆی بمێنێتەوە، ئـەوەی کـاك فـەرهادیش گـوتی ڕوونکردنـەوەی (و)ەکـە بـوو وەکـو (و)ی پەیوەنـدی کـە جێگـەی هەروەها دەگرێتەوە، ئەو تەئریخە بۆیە دانراوە بۆ ئەوەی بۆشاییە زەمەنیەکـە دروسـت نـەبێ، لەڕۆژنامـەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاودەبێتەوە، بۆیە هیچ پێویستی بە لیژنـەی زمانـەوانی و موشـەرعیش نییـە لامان ڕوونە و بۆیە وەکو خۆی بێ ئەو تاریخە و لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایــە ئەمــە دەتــوانین بــەو شــێوەیە موعالەجــەی بکــەین، ئــەم یاســایە کــاری پــێ دەکــرێ لــەڕۆژی دەرچوونیەوەو لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر یاسایەك لە پەرلەمان دەردەچێ ئیشارەتی پــێ دەدرێ کــە لــە وەقــایعی کوردســتان بڵاودەکرێتــەوە، ئــەم دارشتنەی لیژنەی یاسایی داپڕشتووە هیچ گرفتێکی نییە و (و) ەکە لەجێی خۆیەتی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەی خۆتان بدەن، دوایی دەیخەینە دەنگدانەوە، د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی ئەو یاسایە یاسای مودەیە، هەموو یاسایەکی مودە دەبێ تەئریخەکەی دیاری بکرێ لە چ ڕۆژێك دا تەنفیز دەکرێ بۆ ئەوەی فەراغ لە بەینی کۆتایی هاتن بە مودەی یەکەم و دەست پــێ کردنــەوەی مــودەی دووەم نــەبێت، ئــەوە خاڵێکیــان، خــاڵی یەکــەم ئــەوە جێــی ئیــسدار دەگرێتــەوە کــە لــەو ڕۆژەوە جــێ بــەجێ دەکرێ، خاڵی دووەمیشیان وەکو گوتم مەوزوعی نەشر لە هەموو یاسایەك دا ئیشارەتی پێ دەکرێ کە نــەشر دەکــرێ لــە ڕۆژنامــەی وەقــائیعی کوردســتان، بۆیــە ئێمــە پێمــان باشــە تــەنها (وە)ی بــۆ زیــاد بکــرێ و بــەو شێوەیەی خوارەوە بێ( ئەم یاسایە لە ڕۆژی ٢٠١٤/٧/١٧ ەوە جێ بەجێ دەکرێ و وە لــە ڕۆژنامــەی فــەرمی وەقایعی کوردستان دا بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

هەر وەکو خۆیەتی، دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی؟ کــێ لەگــەڵ ئــەو دەقــەی ڕاپۆرتەکەیــە، تــازە خرایــە دەنگدانەوە، تەواو دەست بەرز بکەوە ئەگەر حەز دەکەی لەگەڵی بی، ٧٥ ئەندام لەگەڵیەتی، دەستتان خۆش، کێ لەگەڵی نییە؟ ٢ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، هۆکارەکانی دەرچوون، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆکارەکانی دەرچوواندن**

لەبەر چەند هۆكارێك كە بەردەوامبوونی سەپاندنی حوكمەكانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە پێویست ڕادەگرێ، هەروەها بۆ پاراستنی سەر و ماڵ و موڵكی هاووڵاتیانی هەرێم و ئاسوودەیی و سەقامگیریان ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

عەرەبیەكەی؟ د.بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

لبقاء الاسباب التی تجعل من استمرار تطبیق احكام قانون مكافحة الارهاب موجبا لحمایة حیاة مواطنی الاقلیم وممتلكاتهم واستقرارهم، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی هاوبەش هیچ تێبینیەكی لەسەر هۆكاری دەرچوواندنی یاسایەكە نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كێ دەیەوێ قسەی لەسەر بكات؟ د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شیركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وەڵڵاهی دەزانم ناكرێ كە شتێك دەنگی لەسەر درا، بەس ئومێد دەكەم جارێكی تر دووبارە نەبێتەوە، بەش بەحاڵی خۆم زۆر هاوڕێی خۆشەویستم و مامۆستای زانكۆش لەسەر ئەو زمانی دارشتنە زۆر سەرنج و تێبینیان هەیە، بڕوا بكە دەقی یەكەمتان زۆر جوان بوو، زۆر زمانەوانی بوو، یەعنی من بۆ خۆم لە زمانی كوردیدا نەبیستوومە، یەعنی ئەوە كە ئیختیساسی خۆشمە، لەڕاستی دا لەسەر ئەمەش لەبەرچەند هۆكارێك یەعنی ئەمە زۆر تەم و مژاویە و زۆر ناڕوونە، هەر ئەوەش بوو كە من لەسەرەتاوە وتم، یەعنی ئەم یاسایە زۆر گشتگیرە، بە جۆرێك ڕەنگە ئەسڵەن جێگای یاسای عقوباتیشی گرتبێتەوە، جا ئەو چەند هۆكارە ئەوەیەكە هەرچی مولاحەزە هەیە لەسەر ئەمە دروست دەبێ، نازانم ئەگەر ڕوونكردنەوەیەك بدەن سوپاسیان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

شیرین خان نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز شرین حوسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم لە لیژنەی یاسایی ئەندامێك هەبێت پسپۆری زمانەوانی بێت تا ئەم گرفتە تەواو ببێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.شوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفی (د. شوان قەلآدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ زیاتر زەمانەتی ئەو ئیتفاقیەی کە فراکسیۆنانە ئیمزایان کردووە یان نا؟ لەبڕگەیەك یان لە شوێنێك دا جێی ئەوە بکرێتەوە کە لە ٧/١٦ وە تا ٢٠١٥/٢/١٦ ئەم یاسایە هەموار دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەوە ناتوانرێ، چونکە نە یاسای هەموار حازرە لە ڕاپۆرتی لیژنەکان نەهاتووەو نە لە پرۆژە یاسایەکە هاتووە، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو خاڵەی کە کاك د.شێرکۆ وتی کە ئاماژە بە ئەوە دەکات و دەڵێ لەبەر چەند هۆکارێك بە بێ دیاری کردنی هۆکارەکان ناکرێ تۆ هۆکارەکە بە مەتاتی بنووسی، پێم باشە ئەو هۆکارە لابرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی؟ د.ڤالآ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ئەم ڕەئیەمان هەیە ئەگەر ڕای تریش هەبوو لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە بە نەزەری ئیعتبار وەری دەگرین، لەبەر بەردەوامی هۆکارەکانی مەترسی تیرۆر ..... حوکمەکانی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر بە پێویست ڕادەگیرێ، هەروەها بۆ پاراستنی سەر و ماڵ و موڵکی هاووڵاتیانی هەرێم و ئاسوودەیی وسەقامگیریان ئەم یاسایە دانرا، واتە دەستەواژەی بەردەوامی هۆکارەکانی مەترسی تیرۆری بۆ زیاد دەکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

مامۆستا مولود فەرموو.

**بەڕێز مولود مراد محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێموایـە ئەسـڵی قانونەکـە خـۆی ئەسـبابی موجبـەی لەگەڵـە، ئـەم ئەسـبابی موجبـە کورتـە بـۆ درێژکردنەوەی ئەگەر بەدوای ئینشای ئیملا بڕۆین دەبێ سەر لەبەری بگۆڕی، من پێموایە هەر پێویست بە قسە کردن لەسەری ناکات، شتێکی شەکلییە ئەسبابی موجبە، بەڵام لە ئەسڵی یاسایەکە خۆی ئەسبابی موجبەی خۆی هەیە، ڕەنگە جوان داڕێژرابێ، ڕەنگە ئەو برایانـەش پێیـان بـێ بیخوێننـەوە، کێشەکە درێژ نەکەینەوە لە ئینشا و ئیملاکەی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بنووسرێ بەمەبەستی سەپاندنی حوکمی یاسا و بەرەنگاربوونـەوەی تـیرۆر و پاراسـتنی سـەرو مـاڵی هاووڵاتیانی هەرێم و ئاسوودەیی و سەقامگیریان ئەم یاسایە دەرکرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەوە پێشنیارێکی ترە لیژنەی یاساییِ؟ د.عبداللە  فەرموو.

**بەڕێز عبداللە جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی وەلەو ئیحتماله زمانی من، لبەر بـلاڤ بوونـا کـارێن تیرۆرسـتی ل سەرانـسەرێ جیهـانێ و ئـەو تـەواو بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـێم باشـە وای لێ بکـرێ، لـە پێنـاو سـەپاندنی حوکمـەکانی یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی تـیرۆر و پاراسـتنی سەروماڵ و موڵکی هاووڵاتیانی هەرێم و ئیتر ...... هتد، بڕوات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا بۆ ئەم درێژکردنەوەیە پێویستمان بە هۆکارێکی موجبی تازەیە، ئەوەی کە لەئەسڵی یاسایەکەدا هەیە، بۆ کۆی حوکم و ماددەکانی یاسایەکەیە، ئێستاکە ئێمە دەبێ موبەڕیری قانونیمان هەبێ بۆ درێژکردنی ئەو ماوەیە، من لەگەڵ ئەو داڕشتنەوەم کە لیژنەی یاسایی ئامادەیان کردووە، بەڵام ئەمە حوکمێکی تری تیایە لەبەر دروست نەبوونی بۆشایی یاسایی دەبێ ئیزافە بکرێ، هەروەها نەك یەعنی مەسەلەی مەترسی تیرۆر، بەڵکو ڕووبەڕووبوونەوە یان بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریشی تیا ئیزافە بکرێ، یەکێك لەو دەستەواژانە یان ڕووبەڕووبوونەوە یان بەرەنگاربوونەوە، یەعنی ئێمە بەردەوامی مەترسیەکانی تیرۆر ڕاستە، بەڵام ئەحکامەکانی ئەم قانونە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاریشە، چونکە ئەگەرئەوە نەبێ هەست دەکەم نوقسان دەردەچێ و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی هەڵەی زمانەوانی پێشتر دەکرا کە نەبوو، بەڵام لەوەدا هەیە و ناکرێت، هەروەهایەکەشی بۆ زیاد بووە کە پێویست ناکات، واباشە دەقەکەی بەو شکلە بێت (بۆ پاراستنی سەروماڵ و موڵکی هاووڵاتیانی هەرێم و ئاسوودەیی و سەقامگیریان و مەترسی تیرۆر ئەم یاسایە دانرا) گەڕانەوەش بۆ ڕابردوو فیعلەن سەپاندنی حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری بۆ دابندرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

پێم وابێ لیژنەی یاسایی ڕەئی خۆیان بدەن بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای موشاوەرە کردن بەوشێوەیە هۆیەکانی دەرچوواندنمان داڕشتەوە (بۆ پاراستنی سەرو ماڵ و موڵکی هاووڵاتیانی هەرێم و ئاسوودەیی و سەقامگیریان، بەهۆی بەردەوامی مەترسییەکانی تیرۆر و بەرەنگاربوونەوەی ئەم یاسایە دەرچووێنرا).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

واو ناکەوێتە دوای فاریزە لە کوردی دا، و دەبێ بکەوێتە پێش فاریزەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، با ئەو نوقتە نیزامیانەش وەربگرین، کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ داوای لێ بوردن ئەم جوملەیە زۆر موختەسەر و موفیدە، (لەپێناو سەپاندنی حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاراستنی سەر و ماڵ و موڵکی هاووڵاتیانی هەرێم و ئاسوودەیی و سەقامگیرییان ئەم یاسایە دەرچووێنرا).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

با ئەوەی لیژنەی یاسایی بخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاساییە بۆ هۆکارەکانی دەرچوون؟ ٦٢ کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ نیە؟ ١ کەس لەگەڵ نیە، کەواتە پەسەند کرا، زۆر سوپاس ئەو یاسایە پەسەند کرا، نایخەینە دەنگەوە چونکە بە پێی پەیڕەو پێویست ناکات بخرێتە دەنگدانەوە، یاسای درێژکردنەوەی ماوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پەسەند کرا ئێستا پشوویەك وەردەگرین، کاتژمێر ٥ هەموومان لەهۆڵ دەبین بۆ تەواوکردنی بەرنامەی کار.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

دیارە دانیشتنەكەمان بەردەوامە، و بڕگەی سێیەم، بڕیاردان لەسەر وازهێنان و دانانی ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان بە پێی ماددەی ٤٤ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئێستا داوا لەبەڕێز سكرتێری پەرلەمان ئەكەم ناوەكانیان بخاتە ڕوو

**بەڕێز فخرالدین قادر-سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

لەبەر زیاتر كارا كردنی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان و ڕێكخستنەوەیان و تەشكیل كردنی سێ لیژنە نوێیە هەمیشەییەكەی پەرلەمانی كوردستان ئەم ئەندام پەرلەمانە ببەڕێزانە بەم شێوەیەی كە ناویان هاتووە، و ناوی لیژنەی بەرامبەریان داوای دەست لەكاركێشانەوە ئەكەن، داواكارین لە بەڕێزت ڕەزامەندی بفەرمووی لەسەری

١ مەحمود حاجی عمر- داوای دەست لەكار كێشانەوە لە لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئاینی ئەكات

٢- قارەمان قادر فتاح- لە لیژنەی بازرگانی و مافی بەكاربەر

٣- عبدالرحمن فارس- لیژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان

٤- ڤیان عەباس-لیژنەی مافەكانی مرۆڤ

٥- ئاری هەرسین- لیژنەی كشتوكاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەكان

٦- امنە زكری-لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

٧- شیلان جەعفەر علی-لیژنەی وەرزش و لاوان

٨- زۆزان صادق سعید- لە دوو لیژنە داواكارە دەست بكێشێتەوە،

یەكەم: كشتوكاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەكان

دووەم: كارووباری كۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان

٩- مەردان خدر- لیژنەی كاروباری كۆمەڵگەی مەدەنی

١٠- فرحان جوهر قادر-لیژنەی وەرزش و لاوان

١١- زیاد حسین كریم-لیژنەی ئاوەدان كردنەوە و نیشتەجێ كردن

١٢- عباس غزالی- لیژنەی كارووباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی

١٣- نەجات محمد عبدالله- لیژنەی دەستپاكی

١٤- شیرین حسنی-لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

١٥- كنعان نجم الدین- لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان

١٦- سهام عمر قادر- ليژنەی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و هونەر

١٧- محمد سعدالدين-ليژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی

١٨- ئايدن معروف-ليژنەی دارایی و ئابووری و کاروباری وەبەرهێنان

١٩- کەژاڵ هادی- ليژنەی مافی پاراستنی بەکاربەر

٢٠- محمد علی ياسين- ليژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر

٢١- زانا عبدالرحمن- ليژنەی وەرزش و لاوان

٢٢- صالح فەقێ محمدامين- ليژنەی دەستپاکی

٢٣- سەهراب ميکائيل محمدامين- ليژنەی تەندروستی و ژینگە

٢٤- وحيدە يعقوب- ليژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر

٢٥- مولود مراد- هەردوو ليژنەی مافەکانی مرۆڤ و ليژنەی ئاوەدان کردنەوە و نيشتەجێ کردن

٢٦- گەشە دارا- ليژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تکایە ڕەزامەندیتان لەسەر دەست لەکارکێشانەوەی ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە لەو ليژنانە

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی ئەو دەستەڵاتانەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە پەیرەوی ناوخۆدا پێدراون، ڕەزامەندی دەردەبڕین لەسەر وازهێنانی ئەو ئەندام پەرلەمانانە کە ناویان لەلایەن........ناوت نەهاتووە؟

**بەڕێز فخرادين قادر- سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز شوان شێخ احمد داوای دەست لەکارکێشانەوە ئەکات لە ليژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمنيکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک فەرهاد

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من بە کاک گۆرانم وتبوو کە لە کشتوکاڵ دەست ئەکێشمەوە، بەس لێرە ناوەکەی منتان نەخوێندەوە

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمينکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوەکە دیارە نەهاتووە، دیارە پێشتر ئەو وازهێنانە بە دەستی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان نەگەیشتووە، ئێستاش با بەدەستمان بگات بۆ ئەوەی بە تەواوی لەو مەسەلەیە کۆتاییمان پێ بێ

**بەڕێز فخرالدين قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

و ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە داوای دەست لەکارکێشانەوە ئەکەن...........

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من بە نووسراوی فەرمی ناردوومە، لە ئاوەدان کردنەوە بۆ تەندروستی و ژینگە، جا حەز ئەکەن بۆتان ئەنووسمەوە ئەگەر پەلە نەکەن، بە نووسراویش ناردوومە کاتی خۆی لە ڕێگەی سکرتێری فارکسیۆنەکەمانەوە کاك هەژار

**بەڕێز فخردلدین قارد-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەبارەت بە هەندێ لە دەست لەکارکێشانەوەکان کە لەلای من هەن، نەمانخوێندەوە، لەبەر ئەوەی کە داوای ئەندامیەتیان کردبوو لە ١٩ لیژنە هەمیشییەکەی پێشوو، لەوێ تا ئەندامێك دەست لەکارنەکێشێتەوە، ئەو نیسابەی کە هەیەتی کە ١١ ئەندامە نەمانئەتوانی ناوێك ئیزافە بکەین، هەرکاتێك لەو لیژنەی کە داوا کراوە، هەرکاتێك بۆشایی دروست بوو، ١١ ئەندامەکە ئەندامێکیان دەستی لەکارکێشایەوە بۆ لیژنەیەکی تر، ئەوکات ئەتوانین دایبنێین،

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەس ئەو لیژنەی من داوام کردووە هەم وەکو فراکسیۆنەکەمان یەك کەسمان لەوێ هەیە، هەمیش نیسابیان تەواو نەکردووە، و بەتایبەتی کۆی مەحافەزەی سلێمانیش هیچ ئەندامێك نییە لەو لیژنەیە، ئەتوانن سەیری ئەندامانی لیژنەی تەندروستی و ژینگە بکەن، بزانن چەند کەسن، هەم شێوەی دابەش بوونیشیان چۆنە؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەدواداچوون ئەکرێ و وەڵامت ئەدرێتەوە

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

ئێستا نازانم نووسراوەکە بێنم؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بیهێنە، ئێستا هیچ داواکاریەکی تر نەماوە، ئەوەی ناوی ئیزافی ئەخوێندرێنەوە لە لایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە، و بە تەواوی ئەو بڕگەیە چارەسەر ئەکرێ

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە داوای دەست لەکارکێشانەوە ئەکەن لەو لیژنانەی کە ئاماژەی پێ ئەدەین

شێرکۆ حەمە امین- لیژنەی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن و هاوچەرخ کردن

فەرهاد مصطفى_ لە لیژنەی کشتوکاڵ

بێگەرد دڵشاد- لیژنەی کۆمەڵایەتی

مریم صمد- لیژنەی ئاوەدانکردنەوە

صالح فەقێ محمد- لیژنەی دەست پاکی

ئاواز جەنگی- لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان

ماجد عثمان- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی

منى نبی- لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت

پەروا علی- لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر

تکایە ڕەزامەندیتان لەسەر دەستلەکار کێشانەوەی ئەو ئەندامە بەرێزانە لەو لیژنانەی کە ئاماژەی پێدرا

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێزان بەپێی ئەو دەستەڵاتەی بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا، ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر داوای وازهێنانی ئەو بەرێزانەی ناویان هاتووە کە لەلایەن بەرێز سکرتێری پەرلەمانەوە خوێندرایەوە لەو لیژنانەی بەرامبەر ناوەکانیان هاتووە، ئێستا ئەچینە بڕگەی چوارەم، پێکهێنانی سێ لیژنەی هەمیشەیی نوێ بەپێی ماددەی ٣٩ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا بەرێز سکرتێری پەرلەمان ناوی ئەو بەرێزانە ئەخوێنێتەوە کە داوایان کردووە لەو لیژنە هەمیشییانە ناویان بێتن، فەرموو

**بەڕێز فخرالدین قادر- سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە لە ماوەی ڕابردوو لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان داوامان کردبوو کە ئەو لیژنانەی کە تازە پێکهێنراون، سێ لیژنەن، لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، و لیژنەی کاروباری پەرلەمان، و لیژنەی پەیوەندیەکان و کاروباری ڕەوەندی کوردستانی، دواوامان لە سەرجەم فراکسیۆنەکان کردبوو کە ناومان بدەنێ بۆ ئەو سێ لیژنەیە، هەتا ئێستا ئەو ناوانەی کە بە دەستی ئێمە گەیشتووە بریتین لەو ناوانەی خوارەوە بۆ هەر لیژنەیەك، پاشان ئەگەر نیسابی لیژنەکە لە ١١ ئەندام کەمتر بوو، ئەتوانرێ هەر ئەندام پەرلەمانێك ئەگەر ناوی لای ئێمە نەبوو، بەدەستمان نەگەیشتبوو لە لایەن فراکسیۆنەکەیەوە، ئەتوانرێ دەست بەرز بکرێتەوە و لێرە تەسویتی بۆ بکرێ، ناوی لیژنەکان

لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەو بەرێزانەی خوارەوە ناویان لای ئێمە هەیە بۆ ئەندامیەتی ئەو لیژنەیە، تا ئێستا ٩ ئەندام لای ئێمە هەیە،

١ عبدالرحمن فارس

٢ بێستوون فائق

٣- کنعان نجم الدین

٤- زیاد حسین

٥- ئومێد عبدالرحمن

٦- امنه زکری

٧- فەرهاد سەنگاوی

٨- سعید محمد

٩- گەشه دارا

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا لیژنەی ناوچە کوردستانیەکان لە دەرەوەی هەرێم بۆ ئەو ناوانەی کە ئێستا ناویان خوێندرایەوە ئەخەینە دەنگدان، بەڵێ، سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئێستا لیژنەی ناوچە کوردستانیەکان لە دەرەوەی هەرێم بەو ناوانەی ئێستا ناویان خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدانەوە، ناوی ئیزافی ئەگەر هەبێت پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدان، ئەگەر بکرێت دوو ناوی تر ئیزافە بکرێن دەرفەت هەیە، دیارە نییە، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەکرێ ئەو دوو ناوە بمێنێتەوە دوای ئەوەی موشاوەرە دەکرێ لەگەڵ فراکسیۆنەکانی تر بۆ پڕکردنەوەی مەقاعیدەکان، گرنگ ئەوەیە ئێستا نیسابی پەیاکردووە لیژنەکە دەکرێ بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەچمە لیژنەی ماددەی (١٤٠) ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، بەڵام من لە سێ لیژنەم، لە لیژنەی وەرزش و لاوان دەست لەکار دەکێشمەوە و دەچمە ئەو لیژنەیە، ئەگەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی چۆنە ئەو بڕگەیە تەواو بوو، ئەو داواکارییە دوا دەخرێت بۆ دانیشتنێکی تر، فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر ئێمە حسەی فراکسیۆنی گۆڕان یەك کەسە، کە لە کاتێکدا مەفروزە ئێمە دوو کەسمان لەوێ هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گرفت نییە، ئێستا باسی حسە ناکەین لێرەدا، دوایی بە موشاوەرە لەگەڵ فراکسیۆنەکان ئەو مەسەلەیە یەکلایی دەکرێتەوە، کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عينايەت حەمە سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورە، لێبوردنی ئەندام لـە ئەنـدابوونی لیژنـەكان بـە پێی چ ماددەیەكـە لـە پـەیڕەو، تێیـدا نییـە لـە نـاو دەسەڵاتەكانی سەرۆك، دەسەڵاتەكانی جێگری سەرۆكیش تێیدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی وازهێنان لە لیژنە هەمیشەییەكان؟

**بەڕێز عمر عينايەت حمە سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەبێ ئەو پرسیارە لە ڤالاّ خان بكەین؟ فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عينايەت حەمە سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەبێ بە دەنگدان بێت بە ڕەئی من...

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

وازهێنان بە دەنگدان نییە.

**بەڕێز عمر عينايەت حەمە سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ناو پەیڕەوی ناوخۆش تێیدا نییە بە چ بەندێك لە بەندەكانی پەیڕەو لێبوردن دەكرێ لە ئەندام....

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی جەنابت دەفەرمووی راستە، مەنتیقیە، بـەڵام وا نـەهاتووە عورفەكـە وابـووە، لـە كـاتی وازهێنـان بـە دەنگدان نییە، بەڵام دانانەكە بە دەنگدانە، بە پێی مەنتیق بێت دانانەكە بە دەنگدان بێـت، وازهێنانەكـەش دەبێت بە دەنگدان بێت، بەڵام عورفەكە وا دەخوازێت، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عينايەت حەمە سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بە لۆجیك بە دەنگدان بێت ئەوەش، ببوورە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دوو نوقتـەی نیزامـمـان هەیـە لەسـەر ئەمـە، كـاك سـالار محمـود پێـشتر ئـەزموونی پەرلـەمانی باشـی هەیـە، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا دانان و دەست لەکار کێشانەوە لە هەر لیژنەیەکدا بە پێی دەنگدانە، واتە هەر یەکەیان حەقێکی قانونی خۆیانە، بۆیە پڕۆسەکە وەکو یەك دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ئیعفا بکرێت لە لیژنەکە، یان تەسبیت بکرێت لەو لیژنەی کە هەر ئەندامێك دادەندنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٤) لە پەیڕەوی ناوخۆ باس لەوە دەکات کە چۆن بە رێکارێك دانراوە ئەو ئەندامە ئەوەی کە بەتاڵ بوو شوێنەکەی ئەوەی تر دادەندنرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە ئێمە لەو بڕگەیەدا دەگەڕێینەوە، پاشگەز دەبین، ئەو رەئیانە پەسەندن، مەسەلەیەکی زۆر مەنتیقییەش، کە دانانەکە بە دەنگدانە، وازهێنانەکەش دیسان بە دەنگدان دەبێت، داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین ئەو ناوانەی، فەرموو کاك د.شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کاك عادلیش بە نووسراو بۆتان بێنێت پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، با ئەوەی ئەویشی لەگەڵدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بڕگەیە تەواو بوو، بەڵێ فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەنگدانی بۆ ناکرێتەوە؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەنگدانی بۆ دەکرێتەوە.

**بەڕێز شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەواتە ئەگەر ئیجازە بفەرمووی با کاك عادلیش نووسراوەکەی بێنی ئەوەش بخەنە ناو دەنگدانەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مولود فەرموو.

**بەڕێز مولود مراد محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی دەنگدان بە لیژنەکە، دەنگدانێکی دەستە جەمعی بووە، دەست لەکار کێشانەوە خەیارێکی مونفەریدی تاکە کەسە، ئێستا ئەگەر تۆ تەنها من بیخەیتە دەنگدان بڵێ دەبێ یان نابێ، ئەوە خەیاری منە من لەو لیژنە نابم و تەواو، لەبەر ئەوە ئێمە بە دەستە جەمعی دەنگمان داوە بە لیژنەیەك کە ببێت، دەست لەکار کێشانەوەشمان خەیارێکی مونفەریدی شەخصی خۆمانە لەوێ دەبین یان نابین، لەبەر ئەوە من پێموایە دەنگدانی ناوێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوونە لیژنەکان یەکێك لە خاڵەکانی، ئارەزوو مەندانەیە، کاتێك لە لیژنەیەك دەکشییەوە دەچیە لیژنەیکی تر، خۆ مانای ئەوە نییە تۆ بەبێ لیژنە دەمێنی تا وەکو پێویستی بە دەنگدان بێت، لێرەش ئەو ماددەیەی کە کاك سۆران خوێندیەوە دەڵێ لە کاتی بەتاڵ بوونی ئەندامیەتی یەکێك لە لیژنەکان ئەوە ئەندامێکی تر بە پێی هەمان ڕێگەی دەق کراو لەم پەیڕەوەدا کاندید دەکرێت، باسی ئەوەی نەکردووە کە کاتێك کە دەست لەکار دەکێشێتەوە پێویستی بە دەنگدان بێت، ماددەی (٤٤) کاتێك کە بیەوێ بچێتە لیژنەیەکی تر بە هەمان ڕێگا، یەعنی بە دەنگدان قەبول دەکرێت بچێتە ئەو لیژنەیە، ئەما کشانەوە لە لیژنەیەك مەسەلەیەکی ئارەزوو مەندانەیە لەسەر خواستی خۆی دەچێتە لیژنەیەکی تر، خۆ وازهێنان نییە لە ئەندامیەتی پەرلەمان تا وەکو دەنگدانی لەسەر بکرێت، بۆیە بە تێڕوانینی من پێویستی بە دەنگدان نییە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە پێویست بە دەنگدان ناکات، لەبەر ئەوەی بە جەمعی ناتوانی بڕیار بدەی، (٢٠) کەس داوای کردووە دەست لەکار بکێشێتەوە، گریمان من یەکێك لەو (٢٠) کەسە دەمەوێ دەست لەکار نەکێشێتەوە، یان دەبێ ئەگەر خرایە دەنگدان یەك بە یەك بێتن، یان ئەوەتا بە جەمعی ناتوانرێت بخرێتە دەنگدان، نەوەك یەکێکت پێ باش بێت بمێنیتەوە دەنگی پێ نەدەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە واز لە نوقتەی نیزام بێنن ئەگەر تیکرار بوون، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە تێڕوانینەکەی من لە سولبی لە پەیڕەوی ناوخۆیە، ئەگەر وا نەبوو دەتوانن ماف نەدەن، کاندید چۆن دەبێ بە ئەندام لە لیژنەیەك؟ بێگومان بە پرۆسەی دەنگدانە، چۆن حەقی هەیە مەسئولیەتی لە ئەندامیەتی لیژنەکە ئیعفا دەبێت، وەکو چۆن لەناو هۆڵی پەرلەماندا بە دەنگدان ئەو ئەرکەی پێ دەسپێردرێت، لە هەمان کاتدا بە دەنگدان ئەو مافە لە خۆی ئیعفا دەکات و لەو لیژنەیە نامێنێتەوە، جارێکی تر بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دەچێتە لیژنەیەکی تر، یان ناچێتە لیژنەیەکی تر، ئەمە مەسەلەیەکی ترە بە پێی پڕکردنەوەی مەوقیعەکان و پێویستی لیژنەکان دەتواندرێت کاری لەسەر بکرێت، بەڵام بۆ مەسەلەی دەست لەکار کێشانەوە پێویستە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەندام بە ئەندام بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە هەندێك جار پەرلەمان قەرار نادات ئەندامێك لەو لیژنەیە نەمێنێتەوە، چونکە پێویستە لەو لیژنەیە بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە بۆ دەست لەکار کێشانەوە فەرد بە فەرد ئەوانەی داوایان کردووە بخرێتە دەنگدانەوە، بە جەماعی خرایە دەنگدانەوە ئەوە مەسەلەیەکی ئاساییە هەم لیژنەکە و هەم ئەندامەکان، بۆ دەست لەکار کێشانەوەش دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام بە جەماعی نا، ئەندام بە ئەندام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، من دیراسەی پەیڕەوی ناوخۆم زۆر کردووە، ئەوە خەلەلێکە من هەستم پێ کرد کە ئەم خەلەلە هەیە لە ناو پەیڕەوی ناوخۆدا انشاءالله لە ئایندەدا ئەوە چارەسەر دەکرێت، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر شەرعییەت وەرگرێ خۆ ناکرێت هەر کەس بە ئارەزووی خۆی بیەوێ لەم لیژنە بڕوا بۆ ئەوێ، باشتر وایە دەنگی بۆ بدرێ لەم کاتە تا ئەو کاتەی پەیڕەو چارەسەر دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆدا نەصی لەسەر نییە، باشتر وایە عورفی موتەبەع چۆن بووە لە پەرلەمان و لە خولەکانی تر ئەوە پەیڕەو بکرێت، وەکو مەصدەری دووەم بۆ شەرعییەت دانی کارەکە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان رەئی د.ڤالاّم هەیە، لە خولەکانی پێشووتر چۆن کراوە، مادام ئێمە وازح نەصمان نییە با هەمان ئەوە بکەین کە لە خولەکانی پێشووتریش ئێمە زانیاریمان هەیە بە بێ دەنگدان ئەندام دەست لەکار کێشانەوەی خۆی کردووە، دواتر بە دەنگدان چۆتە لیژنەیەکی تر، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم مەسەلەیە دیارە پێشتر بەو شێوازە چارەسەر کراوە، بەو شێوازە مامەڵەی لەگەڵ کراوە کە دانان لە لیژنەکان بە دەنگدان بووە، وازهێنان هەر وابووە، ئارەزوو مەندانە بووە، لەبەر ئەوە بەو شێوازە کۆتایی پێ دێنین ئەو بڕیارەی ئێمە داومانە ئێستا پەیڕەویە و دەچینە بڕگەی دووەم تەواو دەکەین، سوپاس بۆ رەئیەکانی ئێوە، سوپاس بۆ تێڕوانینتان، دەستان خۆش، ئێستا لیژنەی ناوچە کوردستانیەکان لە دەرەوەی هەرێم ناوی ئەو بەڕێزانە خوێندرایەوە کە ناوەکان (٩) کەسە، ئیستیقالەکە ماوە، یەعنی ئیستیقالە لە لیژنەی تر ماوە، کاك فخرالدین نەگەیشتووە ئیتیفاقییەی ئێمە وابوو، وامان باس کرد کە دواتر بڕیار لەسەر ئەوە دەدرێتن، موشاوەرات لەگەڵ فراکسیۆنەکانیش بکەین لەسەر ئەو مەسەلەی نیسابە، ئێوە باسی حسە دەکەن، نیساب دەکەن، بە هەر حاڵ بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەم لیژنەیە بەو ناوانەی کە خوێندرایەوە پێك بێت کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٨) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کەس نەبوو، بە (٧٨) دەنگ پەسەندکرا، فەرموون لیژنەیەکی تر.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دووەم/ لیژنەی کاروباری پەرلەمان

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەی ناویان لای ئێمە هەیە بۆ ئەو لیژنەیە:

١- قارەمان قادر فتاح
٢- بەهار محمود فتاح
٣- عباس غزالی میرخان
٤- ئومێد عبدالرحمن حسن
٥- رێواز فائق حسین
٦- مدینە ایوب احمد

(٦) ئەندام.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی کاروباری پەرلەمان، نوقتە نیزام هەیە،، فەرموو کاک د.شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، ئەگەر بە یەك دێریش بێت پێمان بڵێن ئیشی ئەم لیژنەیە چییە؟ هەر بە یەك دێریش بێت سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە پێشتر باس کراوە، داواکاری لەسەر دروست کردنی ئەم لیژنەیە هەبووە، فەرموو کاک د.شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر پێمان بڵێن پێموابێت هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، یەعنی ئەوانەی پێشنیاریان کردووە ئەم لیژنەیە دابندرێت، دەکرێت پێمان بڵێن ئیشەکەی چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک تحسین.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دەنگدانە لەسەر ئەم لیژنانە پێویست بەوە ناکات روونکردنەوەی لەسەر بدرێت، چونکە پێشتر درابوو، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەکێك بوومە لەوانەی کە پێشنیارەکەمان کردیە، ئەگەر یاساییە و دەتوانین روونکردنەوە بدەین، موبەریڕات هەیە لەوەی کە بە چ شێوەیەك داوامان کردیە ئەو لیژنەیە هەبێت، ئەگەر پەیڕەو ڕێگەم پێ دەدات دەتوانین روونکردنەوە بدەین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی ئێمە وەلاّم نییە بۆ هەر دوو هاوکارمان کاك ئومێد و کاك د.شێرکۆ، بەلاّم ئەمە مەسەلەیەکی تر دەبا دەنگدان بڕاوەتەوە لە جەلسەی تردا، بۆیە ئێستاکە تەنها قسە لەسەر ئەوەیە کێ ببێتە ئەندام لەم لیژنەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ کاك سالار محمود رەئیەکی پەسەندە، بەڕێزان ئێستا دەست دەکەین بە دەنگدان لەسەر لیژنەی کاروباری پەرلەمان بەو (٦) ناوەی کە داوایان کردووە ئەندام بن لەم لیژنەدا، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٨) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کەس نەبوو، بە (٧٨) دەنگ پەسەندکرا. فەرموو خاتوو ئێڤار.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر زەرووره کە ئەوەی دەدرێتە دەنگدان، یەعنی ئەوەی دەنگیش ناهێنێ بدرێتە دەنگدان، ناکرێ تەنها ئەوانەی دەنگ دەدەن بدرێتە دەنگدان، ئەوانی تر دەنگ نەدەن نەدرێتە دەنگدان، سوباس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی دەنگ ناهێنێ؟

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلاّ زۆر راستە، ئەوەی لەگەڵی نییە دەستی خۆی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، یەك کەس لەگەڵ نەبووە، فەرموو لیژنەی سێیەم.

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی سێیەم، لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی.

ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە ناویان لەلای ئێمە هەیە بۆ ئەو لیژنەیە:

١- محمود حاجی عمر.

٢- وحیدە یاقۆ هرمز.

٣- رابوون توفیق.

٤- سهام عمر قادر.

٥- محمد علی یاسین.

٦- تحسین اسماعیل.

٧- شوان شێخ احمد.

٨- زانا عبدالرحمن.

٩- سەرکەوت سەرحەد.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی لەدەرەوەی کوردستان دەخەینە دەنگدان، ئەوەی لەگەڵە تکایە بادەستی خۆی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، بە (٨١) کەس پەسەندکرا، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، ئێستا ئەوەی لەگەڵ نییە تکایە با دەستی خۆی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کەس نییە، هەموو لەگەڵن، سوپاس بۆ هەمووتان، ئێستا بۆ تەواو کردنی لیژنەکان ئەوەی ئیزافاتمان هەیە بۆ هەندێك لیژنەی تر، ئێستا دەرفەت بە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەدەین ناوەکانیان بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئاماژەمان پێدا بۆ زیاتر کاراکردن و رێکخستنەوەی لیژنەکان هەندێ گۆڕانکاری لە لیژنەکاندا بووە کە پێویستی بە دەنگدان هەیە لەکۆبوونەوەدا، لیژنەی داکۆکی کردن لەمافەکانی ئافرەت (ڤیان عباس) داوا دەکا ببێتە ئەندام لەم لیژنەیەدا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا داوا لەئێوەی بەڕێز دەکەین دەنگ بدەن لەسەر ئیزافەکردنی پەرلەمانتار (ڤیان عباس) بۆ لیژنەی داکۆکی کردن لەمافی ئافرەت، بە (٦٢) دەنگ پەسەندکرا، ئەوەی لەگەڵی نییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، یەك بەڕێز لەگەڵ نییە، سوپاس.

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان ئەم دوو پەرلەمانتارە بەڕێزە داوا دەکەن ببن بە ئەندام لەم لیژنەیەدا، یەکەم (شیلان جعفر علی) دووەم (کەژاڵ هادی).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا داوا لەئێوەی بەڕێز دەکەین....

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ هەریەکێك لەو لیژنانە کە لە نۆزدە لیژنە هەمیشەیەکەی پێشوودا کە تەشکیلەی بۆ کراوە، ئەگەر ناوێك دووبارە بووەوە لەوێ یان جێگا نەمابوو، دواجار دەبێ فراکسیۆنەکان لەبەینی خۆیاندا رێك بکەون،

ئێستا هەر ناوێکمان کە خوێندەوە ئەگەر لەجێگای کەسێکی دیکە ئەندامێکی پەرلەمان لەو لیژنەیە چۆتە لیژنەیەکی تر زۆر باشە تەسویتی بۆ بکەین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو د. بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەلیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی بووم، کشاومەتەوە بۆ هەڤاڵێکی ترم لەفراکسیۆنەکەی خۆمدا، دێتە شوێنی من، یەعنی ئەوەی ئێمە لەرووی قانوونییەوە هیچ ئیشکالێکمان نییە، ئیزافە نییە، ئەویش (ئاواز جەنگی برهان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان ئەو لیژنەیە پەرلەمانتاری سێیەمی بۆ زیاد دەبێ، بەناوی ئاواز جەنگی برهان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا سێ بەڕێزمان هەیە بۆ لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان، ئەوی لەگەڵدایە تکایە با دەستی خۆی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، بە (٧٤) دەنگ پەسەندکرا، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، دوو بەڕێز لەگەڵ نینە، سوپاس بۆ ئێوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە داوا دەکەن ببن بە ئەندام لەو لیژنەیەدا (زۆزان صادق سعید، مەردان خدر).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو هەردوو ئەندام پەرلەمانە دەخەینە دەنگدانەوە، بۆ لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەوەی لەگەڵدایە تکایە دەستی خۆی بەرز بکاتەوە، زۆ سوپاس، بە (٨٠) دەنگ پەسەندکرا، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، ئەوەی لەگەڵدانییە تکایە دەستی خۆی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کەس نییە، سوپاس.

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، (زۆزان صادق سعید) داوا دەکات ببێ بە ئەندام لەلیژنەی مافەکانی مرۆڤ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی لەگەڵدایە بەڕێز (زۆزان صادق) ببێتە ئەندام لە لیژنەی مافی مرۆڤ تکایە دەستی خۆی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، بە (٧٦) دەنگ پەسەندکرا، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، ئەوەی لەگەڵی نییە بادەستی خۆی بەرز بکاتەوە، دوو بەڕێز لەگەڵ نەبوون، بەڵێ تکایە هێمنی بپارێزن، راستە ئێوە ماندی بوونە بەدەست بەرزکردنەوە، بەلاَم ئەمە ئیشەکە وایە، هەندێك وا دەخوازێتن، دەبێ رەچاوی ئەوە بکەین، هێمنی بپارێزین بەیەکەوە، بەڵێ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بەردەوام بە.

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، پەرلەمانتار (نەجات محمد عبدالله) داوا دەکا ببێ بە ئەندام لەو لیژنەیەدا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەوەی لەگەڵدایە دەستی خۆی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، بە(٧٨) دەنگ بەڕێز نەجات محمد ئیزافە کرا بۆ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، ئەوەی لەگەڵی نییە دەستی خۆی بەرز بکاتەوە، یەك بەڕێز لەگەڵ نییە، سوپاس.

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان، بەڕێز (بشار مشیر اسماعیل) داوا دەکات ببێ بە ئەندام لەو لیژنەیەدا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی لەگەڵە بەڕێز (بشار مشیر) ئیزافەی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداو بکرێتن دەستی خۆی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، بە (٧٩) دەنگ پەسەند کرا، ئەوەی لەگەڵی نییە دەستی خۆی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کەس نییە، فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرۆکایەتی پێویستە تەدقیق بکا، ئەو لیژنانە لە نیسابی خۆی زیاتر تێپەڕی کرد، ئەندام ئیزافە نەکرێ، چونکە لەرووی قانوونییەوە بەپێی پەیڕەو ئەوە دەبێتە موخالەفە، دواتر پێداچوونەوەی زەحمەت دەبێ و دەبێتە کاری گران، من تەسەوڕم وایە لەو دوو، سێ لیژنەی کە لەرابردوو ئەندامی بۆ ئیزافە کران، لەحەقی قانونی خۆی زیاتر بوون، بۆیە ئەرکی سەرۆکایەتییە تەدقیق بکا، لە (١١) کەس تێپەر نەکا، ئینجا ئیزافەی ناوی بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە راستە، بەڵام ئەوە تەدقیق کراوە لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە، لەبەر ئەوە ئێستا ناویان دەخوێندرێتەوە ئەیخەینە دەنگدان، ئەوەی دڵنیا نەبووین یەك خاڵ بوو ئەوەش دوایی پشتراست کرا، لەلایەن بێگەرد خانەوە، فەرموو

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، بەڕێز (محمد صادق سعید) داوا دەکات ببێ ئەندام لەو لیژنەیەدا،

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە بەڕێز (محمد صادق سعید)ئیزافە بکرێ لە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، دەستی بەرزکاتەوە؟ تکایە هێمنی بپارێزن هەموو مەسەلەیەك زۆر بە جدی وەربگرن، راستە بەڕێز (محمد صادق سعید) جێگای رێز و خۆشەویستی هەموومانە، بەڵام تکایە ئەم مەسەلە بەو پەڕی جدیەت وەربگرن، (٨١) ئەندام پەرلەمان لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە دەستی خۆی بەرزکاتەوە؟ کەس نییە، سوپاس. فەرموو

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان بەڕێز (شیرین حسنی) داوا دەکات ببێ بە ئەندام لەو لیژنەیەدا،

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە بەڕێز (شیرین حسنی)ئیزافە بکرێ لە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان دەستی بەرزکاتەوە؟ نوقتەی نیزامییە؟ فەرموو

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو لیژنەیە، من پێشتر لە لیژنەیەکی تر کشامەوە، ئاواز خان لە فراکسیۆن لە سەری رێککەوتووین من بچمە ئەو لیژنەی دارایی و ئابووریەوە بۆ شوێنەکەی ئاواز خان، داواکاریەکەش لەبەر دەست (کاك فخرالدین)ە،

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی نوقتەی نیزامییە؟ فەرموو

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی و ئابووری خۆی (١١) كەسە ئێستا ئەگەر یەكێك ئیستیقالەی كردووە دەبێ بە (١٠) دووان بڕواتە سەری دەبێ بە (١٢) و ئەو كورسیەی كە چۆڵ بووە حصەی برادەرانی یەكێتییە بەو پێیەی ئەوان دووانیان لەوێیە یەكیان ڕۆیشتووە یەكیان ماوەتەوە برادەرانی پارتی سێ كەسیان لەوێیە ئێستا دەبێ بە چوار هیوادارم بە تەوافوق حەل بكرێ،

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو هیڤا خان،

**بەڕێز هیڤا حجی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا دوو كەس ئیستیقالەی دا لە لیژنەی دارایی، دوو كەسی دیكەش داوایان كردووە، یەكێك ئاواز خان بوو كە ئیستیقالەی كردووە وابزانم برادەرێك هەر لەلای ئەوانەوە دێت ئەوەكەی تریش كاك ئایدن بوو كە شیرین خانمان لە جێگای داناوە بە تەوافوق

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا گرفتەك نییە، دووبارە ناوەكان دەخوێندرێتەوە، فەرموو

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان ئەم دوو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزە داوا دەكەن ببن بە ئەندام دوای ئەوەی فراكسیۆنەكان ڕێككەوتوون كە ئەندامێكیان دەستی لە كار كێشاوەتەوە كەسێكی تر لە شوێنی دادەنێن، یەكەم: (شیرین حسنی) دووەم: (صالح فقێ)،

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە ئەم دوو بەڕێزە ئیزافە بكرێ بۆ لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان تكایە دەستی بەرزكاتەوە؟(٧٨) ئەندام پەرلەمان لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە دەستی خۆی بەرزكاتەوە؟ یەك كەس لەگەڵدا نییە، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز لەم بڕگەش تەواو بووین، كۆتایی بەم بڕگە دێنین و ڕەنگە كەم و كورتی هەبن لە لیژنەكان دواتر دەتوانن بە هەماهەنگی و هاوكاری لەگەڵ بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ئەوەی ماوە تەواوی بكەن، بڕگەی پێنجەم بۆ پێكهێنانی لیژنەیەكی كاتی بۆ پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی كوردستان بەپێی ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان و لە سەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا بەڕێز سكرتێری پەرلەمان داواكردنی پێكهێنانی لیژنە لەگەڵ ناوی ئەندامانی پەرلەمان ژمارەی یاسایی پێشكەش بە ئێوەی بەڕێز دەكات، فەرموو .

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەی کە لە خوارەوە ناو و واژوویان هاتووە، ئەم پێشنیارە پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن و ئەمڕۆ خستوومانە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، وەك بەڕێزتان ئاگادارن کە پێش هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەیەکی نا فەرمی بە رەزامەندی هەموو فراکسیۆنەکان پێکهێنرابوو بۆ ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەك بۆ هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان لیژنەکە بەشێك لەم پرۆژەیەی ئامادەکردده کە زیاتر لە (٢٥) ماددەیە و لەبەر ئەوەی کە هەموو فراکسیۆنەکان کۆ دەنگیان هەیە لە سەر ئەوەی کە ئەم پەیڕەوەی ئێستا پێویستی بە هەموارکردنە ئێمە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنە جیاوازەکان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین کە لیژنەیەکی کاتیی پێك بهێنن بەشێوەیەکی فەرمی لە نوێنەری گشت فراکسیۆنە جیاوازەکان بێت تا درێژە بە کارەکانی لیژنەی پێشوو بدات و پرۆژەی پەیڕەوی ناوەخۆ تەواو بکات و پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی بکات ناوی پەرلەمانتارەکان (بەهار محمود فتاح، بێستون فایەق، علی حەمە صالح، دلێر ماوەتی، بێگەرد دلشاد، مریم صمد، ئومێد خۆشناو، عبدالله جاسم، امنە زکری، محمد صادق، سراج شێخ احمد، سەهراب میکائیل، وحیدە یعقوب، عبدالرحمن علی، ڤالا فرید، فرست صۆفی، فیروز طە، نجات محمد، سۆران عمر، بهار عبدالرحمن، ایوب عبدالله، شکریە اسماعیل، ابوبکر هەڵەدنی، عمر عینایەت، ئومێد حەمە علی، نجیبە لطیف، عبدالرحمن فارس، محمود حاجی عمر، فخرالدین قادر)،

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ سکرتێری پەرلەمان ئەوە ژمارەی یاساییە، دواتر ناوەکان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێن لە رێگای بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی ئەم لیژنە دەست بەکار ببێتن ئێستا پێکهێنانی ئەم لیژنەیە پێداویستیەك بوو پێشتر ئیشکراوە لە سەر هەموارکرنی پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان بە هەماهەنگی لە نێوان گشت فراکسیۆنەکان کە ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگ و ئیجابی بووە و ئێستا پێکهێنانی ئەم لیژنەیە بە دیدی ئێمە پێویست بە موناقەشە ناکات یەعنی ئەمە پێکهێنانی لیژنەکە هەر ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر رەئی ئێوە لە سەر بێتن ئێستا کێ لەگەڵدایە لە سەر پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان تکایە دەستی بەرزکاتەوە؟ (٧٨) ئەندام پەرلەمان لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە دەستی خۆی بەرزکاتەوە؟ یەك کەس لەگەڵدا نییە، سوپاس بۆ هەمووتان دواتر ناوەکان بە دەستەی سەرۆکایەتی دەدرێن لە رێگای بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە، بەڕێزان برگەی شەشەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ قبوڵ کردنی داواکاری دەست لە کارکێشانەوەی پەرلەمانتار (نوری حەمە علی) لە فراکسیۆنی زەرد بەپێی ماددەی (٣٣) و (٣٥) لە پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان، دەیخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرزکاتەوە؟ بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆ دەبێت دەنگ لە سەری بدرێتن، وازهێنان بە

دەنگدانە بەپێی ماددەی (٣٥)، تکایە پەرلەمانتار (نوری حەمە علی) بە رەزامەندی خۆی ئیستیقالەی داواە، داوای کردووە ئیستیقالەکەی قبول بکرێ، (٣٨) ئەندام پەرلەمان لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نیە دەستی خۆی بەرزکاتەوە؟ (٣٦) لەگەڵدا نیە ئیستیقالەکە پەسەند بکرێ، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز دانیشتنەکە کۆتایی پێ دێنین، دەست خۆش،

**فخرالدین قادر**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**جعفر ابراهیم ئێمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**د. یوسف محمد صادق**
**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)**

**چوار شەممە رێكەوتی ٢٠١٤\٦\١٨**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/١٨

کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/١٨ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (١٠)ی خولی چوارەمی, ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٠)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (٣)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/١٨ دا بەم شێوەیە بێت:

١ متمانەدان بە کابینەی وەزاری هەرێمی کوردستان پاش خوێندنەوەی ناوی وەزیرەکان لەلایەن بەڕێز کاندیدی ڕاسپێردراو بۆ سەرۆکی حکومەت، بەپێی برگەی ٤ لە ماددەی ٥٦ لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

٢- سوێند خواردنی بەڕێزان سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرانی کابینەی وەزاری کابینەی هەشتەمی هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەی ٦ لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە ٣ ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو

٣- خوێندنەوەی بەرنامەی کاری کابینەی هەشتەم لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٠)، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٦/١٨، بەپێی حوکمەکانی برگە یەك لە ماددەی ٢٠ ی پەیرەوی ناوخۆی ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە ١٠ ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر ٣ ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/١٨ بەم شێوەیە بێت:

١ متمانەدان بە کابینەی وەزاری هەرێمی کوردستان پاش خوێندنەوەی ناوی وەزیرەکان لەلایەن بەڕێز کاندیدی ڕاسپێردراو بۆ سەرۆکی حکومەت، بەپێی برگەی ٤ لە ماددەی ٥٦ لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

٢- سوێند خواردنی بەرێزان سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرانی کابینەی وەزاری کابینەی هەشتەمی هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەی ٦ لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە ٣ ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو

٣- خوێندنەوەی بەرنامەی کاری کابینەی هەشتەم لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

پێشەکی زۆر بەخێرهاتنی سەرۆکی ڕاسپێردراو و بەرێز جێگری سەرۆکی حکومەتی ڕسپێرداو و وەزیرە کاندیدەکان ئەکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان، داوا لەبەرێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەین ناوی نەهاتووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەناوی خوای گەورە، ناوی ئەندامی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە ٩ ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/٦/١٦ مۆڵەت بوون، یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بەم شێوەیە

١ ئاری محمد عبدالرحیم- مۆڵەت

٢- تەلار لطیف- مۆڵەت

٣- خەلف احمد معروف-مۆڵەت

٤- دەرباز عبدالله ڕسوڵ- ئامادە نەبوو

٥- زوڵفا محمود- مۆڵەت

٦- عیزت صابر- ئامادە نەبوو

٧- مەردان خدر- مۆڵەت

٨- نوری علی محمد- ئامادە نەبوو

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەروەها داوا لە بەرێزتان ئەکەین کورتەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بخوێننەوە

**بەڕێز فخرالدین قادر- سکرتێری پەرلەمان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پوختەی دانیشتنی ژمارە ٩ لە بەرواری ٢٠١٤/٦/١٦ بەم شێوەیە بوو

١ دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمانەوە

٢- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبوو، و خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە

٣- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردن و تاوتوێ كردنی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان سەبارەت بە باری ئەمنی ناوچە كوردستانییە جێ ناكۆكەكان و دانیشتنەكە هەر بە نهێنی بەردەوام بوو بۆ ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ

٤- گفتوگۆ كردنی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر پرۆژە یاسای درێژكردنەوەی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر و دەنگدان لەسەری

٥- پەسند كردنی بڕیاردان لەسەر وازهێنان و دانانی ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان

٦- پەسند كردنی پێكهێنانی ٣ لیژنەی هەمیشەیی نوێ بۆ پەرلەمان

٧- پەسند كردنی لیژنەیەكی كاتی بۆ پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان

٨- دەنگدان لەسەر قبولّ كردنی دەست لەكاركێشانەوەی پەرلەمانتار نوری حمە علی لە فراكسیۆنی زەرد

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی كوردستان، بەڕێزتان ئاگادارن كە پشت بەست بە حوكمەكانی بڕگە ٣ ی ماددەی ٥٦ لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی عێراق ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار كراو، و بەپێی بڕگەی ١٥ ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانی عێراق ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموار كراو، پەرلەمانی كوردستان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە ٥ ی ڕۆژی ٢٠١٤/٥/٢٠ بڕیاری دا بە ناونانی بەڕێزان نێچیرڤان ئیدریس مصطفی بارزانی وەك پاڵێوراو بۆ پۆستی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان، و ناونانی بەڕێز قوباد جلال تاڵەبانی وەكو پاڵێوراو بۆ جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی كوردستان، هەر هەمان ڕۆژ بەڕێز سەرۆكی هەرێم فەرمانێكی هەرێمی دەركرد بۆ ڕاسپاردنی بەڕێزانیان بۆ پێكهێنانی حكومەت، و پێم وایە لە دوێنێوە ئەوان ناوەكانیان ئاڕاستەی پەرلەمانی كوردستان كردووە، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لەلایەن ئێوەی بەڕێزەوە متمانەیان پێ بدرێ، و لەبەردەم بەڕێزتان سوێندی یاسایی بخۆن، ئێستا داوا لە بەڕێزان سەرۆكی حكومەتی ڕاسپێردارو و جێگری سەرۆكی حكومەتی ڕاسپێرداو ئەكەین بفەرموون بۆ سەر مەنەسە، ئێستا دەست ئەكەین بە بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمڕۆمان كە بڕگەی یەكەمی بریتییە لە متمانەدان بە كابینەی وەزاری هەرێمی كوردستان، سەرەتا بەڕێزان سەرۆكی حكومەتی ڕاسپێرداو و جێگری سەرۆكی حكومەتی ڕاسپێرداو ئەخەینە بەردەمی بەڕێزتان بۆ متمانە وەرگرتن، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز نێچیرڤان ئیدریس بارزانی وەكو سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان متمانە وەرگرێ با دەستی بلّند بكات؟ ٩٠ كەس، سوپاس، كێ لەگەڵ دا نیە؟ ٣ كەس لەگەڵ دا نیە، پیرۆزبایی لێ ئەكەین، بەهیوای سەركەوتن، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز قوباد جلال تاڵەبانی وەكو جێگری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە متمانە وەرگرێ با دەست بەرز بكاتەوە؟ ٩٢ دەنگ لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵ نیە؟ ٣ كەس لەگەڵی نیە، پیرۆزە، كەواتە پەسند كرا، ئێستا داوا لە بەڕێز

سـەرۆكی حكومـەت ئەكـەین كـە نـاوی وەزیرەكـانی كابینـەی هەشـتەمی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان بخوێنێتەوە.

**بەرێز نێچیرڤان ئیدریس بارزانی-سەرۆكی حكومەت:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان**

ناوی وەزیرەكان ئەخوێنمەوە

١ سینان عبدالخالق احمد- وەزیری داد

٢- مصطفی قادر مصطفی عزیز- وەزیری كاروباری پێشمەرگە

٣- عبدالكریم سلطان شەنگالی- وەزیری ناوخۆ

٤-رێباز محمد عبدالله محمد/ وەزیری دارایی و ئابووری

٥-عبدالله عبدالرحمن عبدالله (ئاشتی هەورامی)/ وەزیری سامانە سروشتییەكان

٦-رێكەوت حەمە رشید كریم محمد/ وەزیری تەندروستی

٧-پشتیوان صادق عبدالله/ وەزیری پەروەردە

٨-دەرباز عبدالله رسول/ وەزیری ئاوەدانكرنەوە و نیشتەجێ بوون

٩-نەورۆز مولود محمدامین/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار

١٠-یوسف صمد لطف الله/ وەزیری خوێندنی بالآ و توێژینەوەی زانستی

١١-علی عثمان حاجی بەدری/ وەزیری پلان دانان

١٢-محمد قادر محمد/ وەزیری كاروباری كۆمەلآیەتی

١٣-خالد عبدالرحمن احمد/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان

١٤-محمود صالح حەمە كریم/ وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان

١٥-عبدالستار مجید قادر/ وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو

١٦-سامان سەردار محمود/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی

١٧-جۆنسۆن سیاوەش/ وەزیری گواستنەوە و گەیاندن

١٨-كمال سلیم سعید/ وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی

١٩-صلاح الدین بابكر محمد/ وەزیری كارەبا

٢٠-مولود مراد محمدامین/ وەزیری هەرێم

٢١-عبدالرحمن عبدالرحیم حەمە رەزا/ وەزیری هەرێم

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا بەڕێز سكرتێری پەرلەمان یەك بە یەك ناوی وەزیرە بەڕێزەكان دەخوێنێتەوە، تكا دەكەین ئەو بەڕێزانەی ناویان دەخوێندرێتەوە لە جێی خۆیان هەستن، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانی پەرلەمانی كوردستان بۆ متمانە وەرگرتن، فەرموو سكرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (سینان عبدالخالق احمد چەلەبی) وەزیری داد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، كێ لەگەڵ دایە كە بەڕێز (سینان عبدالخالق احمد چەلەبی) وەكو وەزیری دادی حكومەتی هەرێمی كوردستان متمانە وەربگرێ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٧٩) كەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٣) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، پیرۆزە، فەرموو كاك فخرالدین.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (مصطفی قادر مصطفی عزیز) وەزیری كاروباری پێشمەرگە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، كێ لەگەڵ دایە كە بەڕێز (مصطفی قادر مصطفی عزیز) وەكو وەزیری كاروباری پێشمەرگەی حكومەتی هەرێمی كوردستان متمانە وەربگرێ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٧٨) كەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٦) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، پیرۆزە، فەرموو كاك فخرالدین.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (عبدالكریم سلطان شنگالی) وەزیری ناوەخۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، كێ لەگەڵ دایە كە بەڕێز (عبدالكریم سلطان شنگالی) وەكو وەزیری ناوەخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان متمانە وەربگرێ، تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٨٧) كەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٤) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، پیرۆزە، فەرموو كاك فخرالدین.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (ڕێباز محمد عبدالله محمد) وەزیری دارایی و ئابوری.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، کێ لەگەڵ دایە کە بەڕێز (ڕێباز محمد عبدالله محمد) وەکو وەزیری دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان متمانە وەربگرێ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٨٦) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، پیرۆزە، فەرموو کاك فخرالدین.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (عبدالله عبدالرحمن عبدالله) وەزیری سامانە سروشتییەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، کێ لەگەڵ دایە کە بەڕێز (عبدالله عبدالرحمن عبدالله) وەکو وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان متمانە وەربگرێ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٨٣) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٣) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، پیرۆزە، فەرموو کاك فخرالدین.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (ڕێکەوت حەمە رشید کریم محمد) وەزیری تەندروستی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، کێ لەگەڵ دایە کە بەڕێز (ڕێکەوت حەمە رشید کریم محمد) وەکو وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان متمانە وەربگرێ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٨٣) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٣) کەس لەگەڵ دانییە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، پیرۆزە، فەرموو کاك فخرالدین.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (پشتیوان صادق عبدالله) بۆ وەزیری پەروەردە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز (پشتیوان صادق عبدالله) وەك وەزیری پەروەردە متمانە وەربگرێ دەست بەرزكاتەوە؟ (٨٩) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ (٣) كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بەڕێز (دەرباز عبدالله رەسول) بۆ وەزیری ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ بوون،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز(دەرباز عبدالله رەسول) وەك وەزیری ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ بوون، لە حكومەتی هەرێمی كوردستان متمانە وەربگرێ دەست بەرزكاتەوە؟ (٩٠) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ (٣) كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بەڕێز (نەورۆز مەولود محمد امین ) بۆ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز (نەورۆز مەولود محمد امین ) وەك وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار، متمانە وەربگرێ دەست بەرزكاتەوە؟ (٩١) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ (٢) كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بەڕێز (یوسف صمد لطف الله) بۆ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز (یوسف صمد لطف الله) بۆ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی متمانە وەربگرێ دەست بەرزكاتەوە؟ (٩٢) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ (٣) كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بەڕێز (علی عثمان حاجی بدری سندی) بۆ وەزیری پلاندانان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەڕێز بەڕێز (علی عثمان حاجی بدری سندی) بۆ وەزیری پلاندانان متمانە وەربگرێ دەست بەرزکاتەوە؟ (٩٠) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ (٣) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕێز (ممحمد قادر محمد سید) بۆ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەڕێز (ممحمد قادر محمد سید) وەك وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی متمانە وەربگرێ دەست بەرزکاتەوە؟ (٩٥) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ (٣) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕێز (خالد عبدالرحمن احمد) بۆ وەزیری رۆشنبیری و لاوان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەڕێز (خالد عبدالرحمن احمد) بۆ وەزیری رۆشنبیری و لاوان متمانە وەربگرێ دەست بەرزکاتەوە؟ (٩٠) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ (٣) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕێز (محمود صالح حەمە کریم) بۆ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەڕێز (محمود صالح حەمە کریم) بۆ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان متمانە وەربگرێ دەست بەرزکاتەوە؟ (٩٢) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ (٣) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕێز (عبدالستار مجید قادر) بۆ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەڕێز (عبدالستار مجید قادر) وەك وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو متمانە وەربگرێ دەست بەرزکاتەوە؟ (٩٠) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ (٣) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز شیلان شێخ جعفر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك دەرباز دەنگ دەدات، نازانم چونکە ئێستا متمانەی وەرگرتووە، پێویست ناکات دەنگەکەی بێتە هەژمارکردن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من جواب دەدەمەوە، بەڕێز خاتوون شیلان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت ببیێت بە وەزیر و وەکو ئەندام پەرلەمانی کوردستانیش بمێنیەوە، لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستانیش دەنگ بدات بەپێی پەیڕەو.

**بەڕێز  فخرالدین قادر عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سامالْ سەردار محمود، بە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەڕێز سامالْ سەردار محمود وەك وەزیری بازرگانی و پیشەسازی متمانەی پەرلەمانی کوردستان وەربگرێت؟ ٧٨ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نیە؟ ٥ کەس لەگەڵی نیە، کەواتە پەسەند کرا، پیرۆزە، کاك شێخ محمد فەرموو، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز  فخرالدین قادر عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند وەزیرێك دەرباز بوون لە دەنگدان، دوایێ داوات لە بەڕێز مولود باوە مراد کرد دەنگ بدات، دەبێ هەر لە ئەوەلەوە داوات لێکردبا بۆ دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ محمد بەبیرم خستنەوە کە مافی ئەوەیان هەیە، ئەگەر نا خۆیان دەبوایە بیانزانی با کە مافی دەنگدانیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز  فخرالدین قادر عارف:**

بەڕێز جۆنسۆن سیاوەش ایوب بۆ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ ٨٤ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ ٥ کەس لەگەڵ نییە، پیرۆزە پەسەند کرا.

**بەڕێز  فخرالدین قادر عارف:**

بەڕێز كمال سليم سعيد بۆ وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز كمال سليم سعيد وەك وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی متمانـەی پەرلـەمانی كوردستان وەربگرێت؟ ٧٤ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵ نییە؟ ٥كـەس لەگـەڵی نییـە، كەواتـە پەسـەند كـرا و پیرۆزە، زۆزان خان فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز زۆزان صادق سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دگەل ڕێزگرتنا من بۆ هەمی وان كانديدان نوكە هاتینە پێشكەش كرنـێ بـۆ وەرگرتنـا پۆسـتێن وەزاری، لـێ من وەكو پێش وەخت مامۆستایەكی زانكۆ، پـێش وەخـت كـو ئـەڤ سـیڤییە گەیـشتە مـە زۆربـەیا وانـە، ئـەو باوەڕنامەیەت وەرگرتین نە لە زانكۆیەكی موعتەرفن ل كوردستانێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆزان خان وەك بەڕێزێك مافی ئەوەت هەیە دەنگ نـەدەی بـە هـەر كەسـێك، كـە دەزانـی جێگای متمانـەی بەڕێزت نییە، بەڵام قسەیان لەسەر ناكرێت، سوپاس.

**بەڕێز  فخرالدین قادر عارف:**

بەڕێز صلاح الدين بابكر محمد بە وەزیری كارەبا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز صلاح الدين بابكر محمد وەك وەزیری كارەبای حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان، متمانە وەربگرێت؟ ٨٢ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵ نییە؟ ٤ كەس لەگەڵ نییە، پەسەندكرا پیرۆزە.

**بەڕێز  فخرالدین قادر عارف:**

بەڕێز مولود مراد محی الدين بۆ وەزیری هەرێم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز مولود مراد محی الـدين وەك وەزیـری هـەرێمی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان متمانە وەربگرێت؟ ٩٠ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵ نییـە؟ ٣ كـەس لەگـەڵ نییـە، پـیرۆزە مامۆسـتا پەسـەند كرا.

**بەڕێز  فخرالدین قادر عارف:**

بەڕێز عبدالرحمن عبدالرحيم حمە رضا بۆ وەزیری هەرێم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز عبدالرحمن عبدالرحيم حمە رضا وەك وەزیری هەرێم متمانە وەربگرێـت؟ ٨٨ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵ نییە؟ ٣ كەس لەگەڵی نییە، پەسەند كرا پیرۆزە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەڕێز جیگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری بەڕێزەکانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پیرۆزبایی متمانە بەخشینتان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لێ دەکەم، بەهیوام لە ئایندەدا لە راپەراندنی ئەرکەکانتان سەرکەوتوو بن، بەڕێزان ڕاستە بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە کوردستانی تێدا تێپەڕی متمانە بەخشین بە کابینەی هەشتەم دواکەوت، بەلاّم ڕاگەیاندنی کابینەی هەشتەم لەو هەل و مەرجە سەخت و دژوارەی ، کە کوردستان و عیراق و ناوچەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت، هەنگاوێکی گرینگە و ئومێد بەخشە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان، کابینەی هەشتەم، کە کابینەی یەك ڕیزی نیشتمانییە، ئەرکی زۆری لەبەردەم دا هەیە، لەسەرووی هەموو ئەو ئەرکانەش مەسەلەی چاکسازییە لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەدامەزراوەیی کردنی سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێم بەشێوەیەك کە لە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دابێت، بەتایبەتی ئەم کابینەیە بە کردار ببێتە حکومەتی هاوولاّتی و کاربکات بۆ سەروەری یاسا و پاراستنی سەربەخۆیی دەسەلاّتی دادوەری، هەروەها بە دامەزراوەیی کردنی سەرجەم جومگە ئیداری و ئەمنی و سەربازیەکانی هەرێم، بەڕێزان بە دڵنیاییەوە بەرنامەی هەموو لایەکمان ئەوەیە کە لە کارکردنی داهاتوومان مایەی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی و پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەلاّیەتی سیاسی بێت، لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت کە ئێستا دۆخێکی نوێ هاتووەتە پێش، کە کۆدەنگی و یەك هەڵوێستی دەوێت لە بەرامبەر پرسە چارەنووس سازەکاندا، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەش پێویستە هەماهەنگی و هاوکاری هەبێت لەنێوان هەر سێ دەسەلاّتەکەی هەرێمی کوردستان، پێویستە هەماهەنگی و هاوکاری هەبێت لە نێوان هەر سێ دەسەلاّتەکەی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لەم خولەی خۆی دا وەك ئەرکی خۆی، جگە لەوەی چاودێر دەبێت لەسەر دام و دەزگاکانی حکومەت، لە هەمان کات دا کار دەکات بۆ پڕ کردنەوەی کەلێنە یاساییەکان و پێداچوونەوە بەو یاسایانەی کە پێویستیان بە هەموار کردنەوە هەیە، لە کوێ پێویستی کرد هاوکار و ڕێ نیشاندەر دەبێت بۆ دەسەلاّتی جێبەجێ کردنی هەرێمی کوردستان، لە کۆتاییدا جارێکی تر پیرۆزباییتان لێ دەکەم و بە هیوام لەم هەل و مەرجە دژوارەدا کە بە هۆی ڕووداوەکانی دوای ٢٠١٤/٦/٩ ڕووبەڕووی کوردستان و عیراق بۆتەوە کابینەکەتان بە سەرکەوتوویی بەسەر کۆسپ و تەگەرەکان دا زاڵ بێت، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە پاراستنی ئەمنییەتی سەر و ماڵی سەرجەم کوردستانیان هەیە، هەروەها دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ قەیرانی دارایی و ئابووری هەرێم و گرفت و پێشهاتە هەنووکەییەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان، سەرکەوتوو و سەرفراز بن.

ئێستا دەچینە خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان، کە بریتی یە لە سوێند خواردنی بەڕێزان، سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرانی کابینەی وەزاری هەشتەمی هەرێمی کوردستان، بە پێی ماددەی شەش لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣)

سالّى ١٩٩٢ى هەمواركراو، بەڕێز سكرتێری پەرلەمان، یەك یەك ناوی سەرۆكی حكومەت و جێگرەكەی و وەزیرەكان دەخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی سوێندی یاسایی بخۆن.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز نێچیرڤان ئیدریس بارزانی/ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز نێچیرڤان ئیدریس بارزانی:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

من نێچیرڤان ئیدریس مصطفى بارزانی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عیراق بكەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم، سوپاس.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز قوباد جلال تاڵەبانی فەرموو.

**بەڕێز قوباد جلال تاڵەبانی/ جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران.**

بەڕێز قوباد جلال تاڵەبانی:

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

من قوباد جلال تاڵەبانی جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عیراق بكەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز سنان عبدالخالق أحمد چەلەبی.

**بەڕێز سنان عبدالخالق أحمد چەلەبی:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

من سنان عبدالخالق أحمد چەلەبی وەزیری داد، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عیراق بكەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.

اللهم وەتەنم میللەتم خیرلی ئولسون اللهم مانی محجوب ئێتماسن.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز مصطفى قادر مصطفى عزیز.

**بەڕێز مصطفى قادر مصطفى عزيز:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

من مصطفى قادر مصطفى عزيز وەزیری پێشمەرگە، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالكريم سوڵتان شنگالی.

**بەڕێز عبدالكريم سوڵتان شنگالی:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

من عبدالكريم سوڵتان شنگالی وەزیری ناوخۆ، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز ڕێباز محمد عبدالله محمد.

**بەڕێز ڕێباز محمد عبدالله محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

من ڕێباز محمد عبدالله وەزیری دارایی و ئابووری، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالله عبدالرحمن عبدالله.

**بەڕێز عبدالله عبدالرحمن عبدالله:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

من عبدالله عبدالرحمن عبدالله کە ناسراوم بە (ئاشتی هەورامی) وەزیری سامانە سروشتییەکان، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز ڕێککەوت حەمە رشيد كريم محمد.

**بەڕێز ڕێکەوت حەمە رشید:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

من د. ڕێککەوت حەمە رشید کریم وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز پشتیوان صادق عبداللە.

**بەڕێز پشتیوان صادق عبداللە:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

من پشتیوان صادق عبداللە وەزیری پەروەردە، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز دەرباز عبداللە ڕەسول.

**بەڕێز دەرباز عبداللە ڕەسول:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

من دەرباز عبداللە ڕەسول وەزیری ئاوەدانکرنەوە و نیشتەجێ بوون، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز نەورۆز مولود محمد أمین.

**بەڕێز نەورۆز مولود محمد أمین:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

من نەورۆز مولود محمد أمین وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز یوسف صمد لطف اللە.

**بەڕێز یوسف صمد لطف الله:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

من یوسف صمد لطف الله وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز علی عثمان حاجی بدری سندی، فەرموو.

**بەڕێز علی عثمان حاجی بدری سندی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من (علی عثمان حاجی بدری سندی)وەزیری پلاندانان، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێرق بکەم، وە ڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز محمد قادر محمد سەید، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر محمد سەید:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من (محمد قادر محمد(ناسراو بە محمد هاودیانی))وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێرق بکەم، وە ڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز خالد عبدالرحمن احمد، فەرموو.

**بەڕێز خالد عبدالرحمن احمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من (خالد عبدالرحمن احمد)وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێرق بکەم، وە ڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز محمود صالح حمە کریم، فەرموو.

**بەڕێز محمود صالح حمە کریم:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من (محمود صالح حمە کریم)وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێرق بکەم، وە ڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالستار مجيد قادر، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجيد قادر:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من (عبدالستار مجيد قادر)وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێرق بکەم، وە ڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز ساماڵ سەردار محمود، فەرموو.

**بەڕێز ساماڵ سەردار محمود:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من (ساماڵ سەردار محمود)وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێرق بکەم، وە ڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز جۆنسۆن سیاوەش ایو، فەرموو.

**بەڕێز جۆنسۆن سیاوەش ایو:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من (جۆنسۆن سیاوەش ایو)وەزیری گواستنەوەو گەیاندن، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێرق بکەم، وە ڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز کمال مسلم سعيد، فەرموو.

**بەڕێز کمال مسلم سعيد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من (کمال مسلم سعيد)وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێرق بکەم، وە ڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز صلاح الدين بابەکر محمد، فەرموو.

**بەڕێز صلاح الدين بابەکر محمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من (صلاح الدين بابەکر محمد)وەزیری کارەبا، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێرق بکەم، وە ڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز مولود مراد محی الدین، فەرموو

**بەڕێز مولود مراد محی الدین:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من (مولود مراد محی الدین)وەزیری هەرێم، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێرق بکەم، وە ڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالرحمن عبدالرحیم حمە رضا، فەرموو

**بەڕێز عبدالرحمن عبدالرحیم حمە رضا:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من (عبدالرحمن عبدالرحیم حمە رضا)وەزیری هەریم، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێرق بکەم، وە ڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پیرۆزبایی لەهەمووتان دەکەین، فەرموو لەجێگاکانی خۆتان دابنیشنەوە، بەڕێزان ئێستا ئەچینە خاڵی سێ لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان، کە بریتییە لە خوێندنەوەی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کابینەی هەشتەم، کە لە لایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش دەکرێت، بابفەرموێت.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان، ئێوارەتان باش، ئەمڕۆ ئێمە کابینەی هەشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەهەل و مەرجێکی زۆر ناسکدا ڕادەگەیەنین، هەرچەند ساڵی ٢٠٠٣ پێویستیمان بە یەك دەنگی و هاوکاری و هەماهەنگی هەبوو، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان، لەم ساتەشدا کە عیراق بە بارودۆخێکی سەختدا تێپەڕدەبێت، هەمان بیرکردنەوەی ئیستیراتیجیمان پێویستە، تا هیچ لەو دەستکەوتانەی کە بەدەستمان هێناوە، تا ژیانی هاووڵاتیان لە هەرێم و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بپارێزین، تا بریارمان لەسەر ئاستی بەرپرسیارێتی مێژوو دابێت، بەرامبەر بە خەڵکی خۆشەویستی کوردستان، بەڕێزان کابینەی هەشت، کابینەی هاوبەشی بنکە فراوانە کە گوزارشت لە خواستی هێز و لایەنە سیاسیەکانی ناو هەرێمی کوردستان دەکات، ئەم ئەرکە وای دەخواست بە ئارامی و نەفەس درێژی مامەڵە لەگەڵ پێکهێنانی ئەم کابینەیە بکەین، بۆ ڕێککەوتن لەسەر بنەمای هاوبەشی ڕاستەقینە، لەسەر ئاستی ئەرك و پێداویستیەکانی ژیانی سیاسی ئێستای هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاسی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکەین، بۆ خۆڕاگریان

دەربارەی پرۆسەی پێکهێنانی ئەم کابینەیە، بەتایبەتیش پاش ئەوەی حکومەتی فیدرال لە بەغدا مووچەی هەرێمی بڕی، ئەم کارە ناحەقە و دژی دەستوورە، ژیانی خەڵکی کوردستانی گەلێك سەخت کردووە، کاریگەری خراپی لەسەر ئابووری هەرێم و وەبەرهێنان هەیە، ئێمە هاوسۆز و هاوخەمی گشت گرفتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانین، لە چەند ساڵی داهاتوودا، خۆڕاگری ئێستای خەڵکی کوردستان وەك قۆناغێکی نوێ، ڕووبەڕوو بوونەوەی زوڵم لە قەڵەم دەدرێ، ئێمە بێوچان هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دەدەین، تا جارێکی تر تووشی قەیرانی سیاسی و دارایی نەبینەوە لە هەرێمی کوردستان، ئەم کابینەیە هەوڵی تەواو دەدات بۆ بەدامەزراوە کردنی حکومەتێکی کارا و شەفاف، بنەمای هاووڵاتی بوون، جیاکردنەوەی دەسەڵات، ئاشتی و دادپەرەوەری و کۆمەڵایەتی، مافی مرۆڤ و بەتایبەتی مافی ئافرەت و منداڵ، سەروەری یاساو یەکسانی لەبەرامبەریدا دابین کردنی خۆشگوزەرانی چاکسازی هەمەلایەنە و ڕاستەقینە پاراستنی ژینگەی کوردستان دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە گەندەڵییەك لە دام و دەزگاو دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستاندا، هاووڵاتی بوون، بە پرەنسیپ و یەکەمی کار و هەڵسوکەوتی حکومەت لە دابین کردنی ماف و دەستنیشان کردنی ئەرك و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان و وەك یەك بۆ گشت دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، بێ جیاوازی سیاسی و نەتەوەیی و ئاینی، کابینەی هەشت بە پشت بەستن بە میکانیزمی سەروەری یاسا و بەدامەزراوە بوون کاردەکات، لەیەك جیا کردنەوەی دەسەڵات و ئەرك و بەرپرسیارێتی حکومەت لە کارو چالاکی حیزبی، کابینەی هەشت، کابینەی حکومەتی هاوبەشە، پێکهاتەکانی ئەم کابینەیە هاوبەشی ڕاستەقینەن لە حکومەتدا، چ لە هەڵس و کەوتی بەڕێ کردنی ئەرکی حکومەت و چ لە بڕیاردان و چ لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتی بەرامبەر گشت ئەو بڕیارانەی کە دەدرێت، حکومەت موڵکی هەموو تاکێکی کوردستانە، کار بۆ خۆشگوزەرانی و دەستەبەر کردنی خزمەتگوزاری و بەرژەوەندییەکانیان دەکات، هاوبەشان لەم کابینەیەدا بەڵێنیان لە ئاستی بەرپرسیارێتی و توانای ئابووری و دارایی و کارگێری دەسەڵاتی حکومەتدا دەبێت، پێکەوە بەرپرس دەبن لە بڕیارەکانی، هیچ لایەنێك نابێتە ڕێگر لە جێبەجێ کردن و پیادەکردنی بڕیارەکانی، ئێمە وەك لایەنە هاوبەشەکانی پێکهاتەی ئەم کابینەیە، بەدەنگ و متمانەی هاووڵاتیان حوکمڕانی ئەم هەرێمە دەکەین، بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە، کاردەکەین بۆ هێنانەدی ئەو بەڵێنانەی بەهاووڵاتیانمان داوە، خزمەتیان دەکەین، کار کردنی چەند حیزبێکی جیاواز لە حکومەتی هاوبەش دەکەینە هۆکارێك بۆ پتەوکردنی بنەمای دیموکراسی لە کوردستاندا، پێکەوە ژیانی ئاشتی، ڕێزگرتن لە جیاوازی بیرو بۆچوون و ئازادی ڕۆژنامەگەری و حوکمڕانی لە ژێر چەتری کاری هاوبەش، سینگ فراوانی گەلی کوردستان، دەباتە ئاستێکی نوێ، لە مێژووی سیاسیماندا، ئێمە دەبێت هەنگاوی گەورە بنێین، بۆ بەدیهێنانی خەونی نەوەی پێش خۆمان، بۆ کوردستانێکی ئارام و سەقامگیر، لە سایەی دەسەڵاتی خۆماڵیدا، ئێمە بەرپرسیارانە داهاتووی خۆمان دەست نیشان دەکەین، هەنگاوی پێویست بۆی دەهاوێژین، بەڕێزان یەکێك لە ئەرکەکانی ئەم کابینەیە، گرتنەبەری سیاسەتی ئاشتیخوازانە دەبێت بۆ چارەسەر کردنی کێشە چارەسەر نەکراوەکانی تا

ئێستاو ئایندەی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عیراق، بەتایبەتی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و جێبەجێ کردنی دەستوور، هەوڵ دەدەین پێکەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و بە هاوکاری لایەنە سیاسییەکان، هەنگاوی پەلە بنێین، بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێکی دانوستاندن بۆ ڕێککەوتنی سیاسییمان کە گوزارشت لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەکات، کابینەی هەشت، زەمینەی لەبار دەرەخسێنێ، بۆ کارکردنی ڕۆڵی چاودێری پەرلەمان لەسەر حکومەت، لە هەمان کاتدا ئێمە داوای متمانەو پاڵپشتی پەرلەمان دەکەین تا پێکەوە خزمەتی چاوەڕوانکراوی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکەین، کابینەی هەشت پەیوەندی و هاوکاری و هەماهەنگی بەردەوام و پتەوی لەگەڵ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبێت، هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی تاڕادەیەك دەوڵەمەندە، بۆیە ئامانجمان بەدیهێنانی بەردەوام و جۆراو جۆر کردنی سەرچاوەکانی داهات و خۆنەبەستنەوە بە سێکتەری نەوتە لەم هەرێمەدا، کار دەکەین بۆ گەشە پێدانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی خزمەتگوزاری و کەمکردنەوەی جیاوازی هەل و مەرجی ژیانی گوند و شار، بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکانی کار و ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان کە گونجاو بێ لەگەڵ گەشەی ئابووری بەرچاوی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی تاك و پەرەسەندنی وەبەرهێنانی خۆماڵی و بیانی لەڕێی بەگەڕخستنی تەواوی توانا و سەرمایەی ماددی و مرۆیی لە هەرێمی کوردستان، لەم بوارەدا دەبێ ئێمە چالاکانە کار بکەین بۆ جێ بەجێ کردن و چەسپاندنی لامەرکەزیەت، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ڕێککەوتن لەسەر هەموارکردنی ئەو یاسایانەی کە ڕەهەندی نیشتمانیان هەیە لەوڵاتەکەمان، گرنگی دەدەین بە کەرتی پیشەسازی و گەشتوگوزار، پشتگیری کەرتی تایبەت دەکەین بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان ببینن لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا، پەرە دەدەین بە سیاسەتی وەبەرهێنان لە کوردستان بەشێوەیەك کەگونجاو بێ لەگەڵ گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی قۆناغی داهاتووی کوردستان، لەبەرنامەی کابینەی هەشتەم دا بەردەوام دەبین لەسەر چاکسازی سیستمی پەروەردە و خوێندنی باڵا و فێرکردن بە دابین کردنی پێداویستیەکانیان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایان، بایەخ دەدەین بە توێژینەوەی زانستی وخوێندنی پیشەیی بە مەبەستی فەراهەم کردنی دەستەی کاری کارامە و بەتوانا بۆ بازاڕی کار و کەم کردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها لە کەرتی تەندروستیش دا کار دەکەین بۆ پەیڕەو کردنی سیستەمی تەندروستی پێشکەوتوو، جیاکردنەوەی کەرتی گشتی و تایبەت لە خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی دا، کابینەی ٨ ئاوڕی زیاتر لە ژیان و گوزەرانی کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و زیندانیانی سیاسی دەداتەوە، کار دەکەین بۆ باشتر کردنی ژیان و گوزەرانیان، کار دەکەین بۆ ڕێکخستنەوەی بەرنامەی نیشتەجێ بوون بە شێوازێکی هاورچەرخ و چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون بە تایبەتی بۆ چین و توێژە کەم دەرامەتەکان، ئێمە شانازی بەم بارودۆخە ئارام و ئاسایشە دەکەین کە لە جەرگەی ناوچەیەکی پڕ توندوتیژی و شەڕ و تیرۆر و تۆقاندن بەهیمەت و وریایی و کاری دڵسۆزانەی هێزی پێشمەرگە و پۆلیس

و ئاسایش بۆ هەموو خەڵکی کوردستان دەستەبەر کراوە، لەم ڕوانگەیەوە حکومـەتی هـەرێم کـار دەکـات بـۆ باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی هێزە چەکدارەکانی هەرێم و بەرزکردنەوەی ئاست و توانـا و لێهاتووییـان بـە نیشتمان کردنیان ئەرکی گرنگی ئەم کابینەیە دەبێ، کابینـەی ٨ هـەوڵ دەدات بـە ڕێکاری یاسـایی چـاو بـە سیستەمی خانەنشینی و مووچەدا بخشێنێتەوە، بـەجۆرێك کـە هاووڵاتیـان بەشـێوەیەکی دادپەروەرانـە لێـی سوودمەند بن، هاوبەشان لەم کابینەیە کار دەکەن بۆ دروست کردنی سەندوقی کوردستان بۆ داهـاتی نـەوت و دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی هەرێم وەك لـە یاسـای ژمـارە ٢٢ ی سـاڵی ٢٠٠٧ تایبـەت بـە نـەوت و گـازی هەرێم هاتووە، کابینـەی ٨ بـەردەوام دەبێ لـە پەرەپێـدان و هاوکـاری وهانـدانی کـەرتی تایبـەتی نـاوخۆ و ڕەخساندنی هەلومـەرجی گونجـاو بـۆ کۆمپانیـا و سـەرمایەگوزارانی دەرەوە بـە مەبەسـتی فەراهـەم کردنـی دەرفەتی کار و کـەم کردنـەوەی ڕێـژەی بێ کـاری، بـە تایبـەتی لـەناو چـینی گـەنج و دەرچـووی پـەیمانگا و زانکۆکاندا، بە گرتنەبەری سیاسەتی کارپێکردنی سەردەمیانە و ڕێ گرتن لە پاوان کاری بازاڕ و کۆمپانیـا و پـرۆژەی وەبـەرهێنان، بـەڕێزان ئـەوەی لێـرەدا ئامـاژەم پێـی کـرد هێڵـە گـشتیەکانی کارنامـەی حکومـەتی هاوبەشە، وردەکاری ئەم کارنامەیـە دەبێتـە پـلان و پـرۆژە و پرۆگرامـی سیاسـەتگوزاری گـشتی حکومـەت و لەکار و بەرنامەی وەزارەتەکان دا بـە تـەواوەتی هـەوڵ دەدەیـن ڕەنـگ بداتـەوە، لـە کۆتـایی دا پیـادەکردن و سـەرکەوتنی پرۆگرامـی حکومـەت سـەرکەوتنی هـاووڵاتی خـۆڕاگرو نـاخۆش دیـدەی کوردسـتانە، خزمـەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری، سەرفرازی حکومەت دەبێ، دانیـشتوانی کوردسـتان شایـستەی ئایندەیـەکی گەشـترن، شایستەی ئازادی و سەربەستی و دیموکراسی پتەوترن، بە پشتیوانی هێزی ئاسـایش و پێـشمەرگە و پـۆلیس و هاووڵاتیان دەتوانین ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنین، خەونی گەورەتر بهێنینە دی، جـارێکی دیکـەش زۆر سوپاستان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆرسوپاس بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بـەڕێزان بـەم شـێوەیە دانیـشتنی ئـەمڕۆمان کۆتـایی پێی هات.

| | | |
|---|---|---|
| **د. یوسف محمد صادق** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **فخرالدین قادر** |
| **سەرۆکی پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سکرتێری پەرلەمانی** |
| **کوردستان - عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)**

**یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٩\٦\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١)

## یەك شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/٦/٢٩

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/٦/٢٩ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١١)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١١)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/٦/٢٩ دا بەم شێوەیە بێت:

١- سوێند خواردنی بەڕێز (شامۆ شێخۆ نەعمۆ) كە بە زنجیرە ژمارە (٣٩)ی فراكسیۆنی زەرد ناوی هاتووە لە جێگای ئەندامی دەست لەكاركێشاوەی هەمان فراكسیۆن بەڕێز (نوری حمه علی) بەپێی مادده (٣١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

٢- قبوڵكردنی دەست لەكاركێشانەوەی بەڕێز (مولود مراد محی الدین) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان بەپێی ماددەكانی (٣٣ و ٣٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان — عێراق.

٣- قبوڵكردنی دەست لەكاركێشانەوەی بەڕێز (دەرباز عبدالله رسول) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان بەپێی ماددەكانی (٣٣ و ٣٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان — عێراق.

٤- درێژ كردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی پەرلەمانی كوردستان لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماوەی یەك مانگ بەپێی ماددەی (٧)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان — عێراق و، بڕگە (١)ی مادده (٥٠) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان — عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار كراو.

٥- گفتوگۆ كردن لەسەر راپۆرتی (لیژنەی كاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی و، لیژنەی مافەكانی مرۆڤ و، لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر) سەبارەت بە دۆخی ناوچە كوردستانییە جێناكۆكەكان.

٦- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای رێكخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی كوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠و، راپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەكان، بەپێی ماددەكانی

(٧٢، ٧٤، ٧٧) له پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

٧- خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژە بڕیارو یاسایانەی خوارەوە لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق:

١- پرۆژە یاسای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

٢- پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی (٢ پرۆژە).

٣- پرۆژە یاسای ئەنجومەن و دەزگای کاروباری دانوستان.

٤- پرۆژە یاسای چاودێری کردنی ناکامەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠ی هەموار کراو.

٥- پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوك.

٦- پرۆژە یاسای دەستەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری گوندەکانی کوردستان.

٧- پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای سندووقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٢.

٨- پرۆژە یاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان.

٩- پرۆژە یاسای تایبەت بە کورتە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١١)، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٦/٢٩، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/٢٩دا بەم شێوەیە بێت:

١- سوێند خواردنی بەڕێز (شامۆ شێخۆ نەعمۆ) کە بە زنجیرە ژمارە (٣٩)ی فراکسیۆنی زەرد ناوی هاتووە لە جێگای ئەندامی دەست لەکارکێشاوەی هەمان فراکسیۆن بەڕێز (نوری حمە علی) بەپێی مادده (٣١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٢- قبوڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز (مولود مراد محی الدین) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەکانی (٣٣ و ٣٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

٣- قبولكردنی دەست لەكاركێشانەوەی بەڕێز (دەرباز عبدالله رسول) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان بەپێی ماددەكانی (٣٣ و ٣٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق.

٤- درێژ كردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی پەرلەمانی كوردستان لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماوەی یەك مانگ بەپێی ماددەی (٧)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق و، بڕگە (١)ی مادده (٥٠) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار كراو.

٥- گفتوگۆ كردن لەسەر راپۆرتی (لیژنەی كاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی و، لیژنەی مافەكانی مرۆڤ و، لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر) سەبارەت بە دۆخی ناوچە كوردستانییە جێناكۆكەكان.

٦- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای رێكخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی كوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠و، راپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەكان، بەپێی ماددەكانی (٧٢، ٧٤، ٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق.

٧- خوێندنەوەی یەكەمی ئەم پرۆژە بڕیارو یاسایانەی خوارەوە لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق:

١- پرۆژە یاسای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق.

٢- پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی (٢ پرۆژە).

٣- پرۆژە یاسای ئەنجومەن و دەزگای كاروباری دانوستان.

٤- پرۆژە یاسای چاودێری كردنی ناكامەكان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠ی هەموار كراو.

٥- پرۆژە یاسای بیمەی كۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوك.

٦- پرۆژە یاسای دەستەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری گوندەكانی كوردستان.

٧- پرۆژە یاسای هەموار كردنی یاسای سندووقی كۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە لە هەرێمی كوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٢.

٨- پرۆژە یاسای بیمەی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان.

٩- پرۆژە یاسای تایبەت بە كورتە باڵاكان لە هەرێمی كوردستان.

لە سەرەتای ئەم دانیشتنەدا پێم خۆشە بەناوی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستانەوە پیرۆزباییەكی گەرم لە هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی كوردستان بكەین بەبۆنەی دەستپێكی مانگی پیرۆزی رەمەزان، هەروەها لە دەرەوە پیرۆزبایی لە خەڵكی كوردستان و موسڵمانانی هەرێمی كوردستان و

جیهان دەکەین، هیوادارین مانگی رەمەزان هاندەری هەموو لایەکمان بێت، ئێمەو حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئیش کردنی باشتر، بۆ رزگار کردنی خەڵك لەو تەنگەژانەی کە ئێستا رووبەڕووی بۆتەوە، چ تەنگەژەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، چ ئەو تەنگەژە رۆژانەی کە بەداخەوە ئێستا بەهۆی دۆخی نالەباری ناوچەکانی تری عێراق رووبەڕووی هەرێمی کوردستانیش بۆتەوە.
سەرەتا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم کە ناوی ئامادەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.

ناوی ئەندامی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی لە رۆژی ٢٠١٤/٦/١٨ مۆڵەت بوون، یان ئامادە نەبوون بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- سهراب میکائیل محمدامین/ مۆڵەت.

٢- کنعان نجم الدین/ مۆڵەت.

٣- تەلار لطیف محمد/ مۆڵەت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (10) لە بەرواری ٢٠١٤/6/18 بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

٢- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبوو و هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە.

٣- متمانەدان بە کابینەی وەزاری هەرێمی کوردستان پاش خوێندنەوەی ناوی وەزیرەکان لەلایەن بەڕێز کاندیدی راسپێردراو بۆ سەرۆکی حکومەت.

٤- سوێند خواردنی بەڕێزان سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرانی کابینەی وەزاری هەشتەمی هەرێمی کوردستان و دەنگدان لەسەری.

٥- خوێندنەوەی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کابینەی هەشتەم لەلایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، دەمەوێت روون کردنەوەیەکتان پێ بدەم لەسەر ژماردنی دەنگەکانی سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیرانی کابینەی هەشتەمی هەرێمی کوردستان، لەڕاستیدا ئەو رۆژە بەهۆی بوونی کامیرای زۆر لەناو هۆڵی پەرلەمان هەندێك کەموکورتی لە ژماردنی دەنگەکان بوونی هەبوو، کە دوایی لە رێگای بینینی کامیراکانی ناو هۆڵی پەرلەمان هەندێکیان راست کرانەوە، بۆ نموونە سەرۆك وەزیران ژمارەی دەنگەکانی بریتی بوو لە (٩٢) دەنگ، بەڕێز محمد قادر محمد سعید وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارەی دەنگە راستەکانی بریتی بوو لە (٨٥) دەنگ، بۆیە ویستمان بەم شێوەیە راستی بکەینەوە.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئەوەی کە مایەی دڵخۆشی ئێمەیە، ئەوەیە کە هەر لە دوای دروست بوونی حکومەت بە ماوەیەکی کەم ژمارەیەکی زۆری پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی کراون، بۆ ئەوەی ئاراستەی وەزیرە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەوەی زیاتر جێگای دڵخۆشییە کە لە فراکسیۆنە جیاجیاکان پرسیار ئاراستەی تەنانەت ئەو وەزیرانەی کە رەنگە متمانە پێدراوی ئەو فراکسیۆنانە بن لە حکومەت کراوە، کە من یەك بە یەکی ئەو پرسیارانە دەخوێنمەوە، یەك بە یەکی ئەو پرسیارانەی کە ئێوە ناردووتانە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوەو، ئەمە ئاماژەیەکی روونە بۆ کاری پەرلەمانی ئەم خولەی ئێستای پەرلەمان، کە پەرلەمانتاران لە فراکسیۆنە جیاجیاکان بەبێ رەچاو کردنی ئینتیمای حزبیان پرسیار ئاراستەی وەزیرەکان دەکەن و داوای روون کردنەوەیان لێ دەکەن، هەندێك لەو پرسیارانە ئەسڵەن رەنگە رێگا خۆشکەر بن بۆ وەزیرە تازەکان، بۆ ئەوەی کەموکورتییەکانی وەزارەتەکانی خۆیان بزانن و هەوڵی چارەسەر کردنیان بدەن و روون کردنەوەمان بدەنێ لەسەر چارەسەرەکان، هەروەها دەمەوێت ئەوەشتان پێ رابگەیەنم کە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە یاداشتێك داوای بانگهێشت کردنی وەزیری سامانە سروشتییەکانیان کردووە بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی روون کردنەوە بدات لەسەر قەیرانی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان و ئێمە یاداشتەکەی بەڕێزتان ئاراستەی حکومەت کردووە لەم چەند رۆژە بەهۆی سەفەری سەرۆکی حکومەت و وەزیری پەیوەندیدار نەتوانرا لەم دانیشتنەدا بانگهێشت بکرێت و فەقەرەیەکی دانیشتنی ئەمڕۆ تەرخان بکرێت بۆ قسە کردن لەسەر دۆخی سووتەمەنی و قەیرانی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لە پەیوەندیداین لەگەڵ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بۆ ئەوەی بە زووترین کات وەزیری سامانە سروشتییەکان بێتە بەردەم پەرلەمان و بانگهێشتی دەکەین بۆ بەردەم پەرلەمان لە دانیشتنێکدا بۆ ئەوەی روون کردنەوە بدات لەسەر دۆخی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان، لەڕاستیدا ئەو داواکارییەی کە بۆمان هاتووە دیسانەوە لە فراکسیۆنە جیاجیاکانی پەرلەمانی کوردستانن، ژمارەیان (١٤) ئەندامە، بەڵام دابەش بوون بەسەر تا رادەیەکی زۆر

دەتوانین بڵێین هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان، یەك بە یەك پرسیارەکان دەخوێنمەوە، بەڵێ دکتۆر عیزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٦٥)ی پەیڕەوی ناوخۆ باس لەوە دەکات کە ئەگەر پرسیار ئاراستەی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن کرد دەبێت دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن لە ماوەی (١٥) رۆژدا وەڵام بداتەوە، من لە بەرواری ٢٠١٤/٥/٢٢ سێ پرسیارم ئاراستەی وەزیری سامانە سروشتییەکان کردووە، بەداخەوە تاکو ئێستا وەڵامەکەیم وەرنەگرتووە، ئەمە وێنەی پرسیارەکانە کە ناردوومەو سەرۆکایەتی بەڕێزتان خوێندتانەوە لە پەرلەمان و ناردووشتانە بۆ سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی وەزارەت، لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پەیوەندیدار وەڵامەکەیم وەرنەگرتۆتەوە، بەداخەوە تاکو ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەو وەڵامانەی کە حکومەتیش لە ماوەی رابردوو دایەوە لەسەر راپۆرتەکانی لیژنەی ئێوە، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری وەبەرهێنان، هەروەها لیژنەی وزەو سامانە سروشتییەکان دیسانەوە وەڵامی ئەو پرسیارانەی بەڕێزتی تیا نییە؟

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی دەڵێت ئەگەر نووسراو بە نووسراو ئاراستەی وەزیری پەیوەندیدار کرا، دەبێت وەزیری پەیوەندیداریش بە نووسراو بە تەحدید وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لەو لاپەڕەیەدا بووە بۆم ناردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر عیزت جەنابت دەزانی لە کۆبوونەوەکانی پێشووش باسمان کرد، لەبەر ئەوەی لە ٥/٢٠ـەوە حکومەت بە دەست لە کارکێشاوە حیساب کراوە، بۆیە ئێمە داوامان لێ کردن وەڵامی پرسیارەکانمان بدەنەوە، هەرچەندە لەکاتی دەست لەکارکێشانەوەی حکومەت ئەوان دەتوانن وەڵامی پرسیارەکانی پەرلەمان نەدەنەوە، سەرجەم وەڵامەکانیان ناردۆتەوە، نازانم وەڵامی ئەو پرسیارەی بەڕێزتیشی تیایە، یان نا؟ بەڵام ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەی بەڕێزتی تیا نەبوو، ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەت دەست نەکەوتۆتەوە لەو وەڵامانەی کە لەلایەن حکومەتەوە گەڕاوەتەوە، جەنابت پرسیارەکانت بنووسەوە بیدە دەستەی سەرۆکایەتی بەزووترین کات ئاراستەی وەزیری پەیوەندیداری دەکەین، بۆ ئەوەی وەڵامیان بداتەوە.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامی پرسیارەکانی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری خۆتان دەزانن بەڕێزتان ئەمە پرسیاری سەرجەم پەرلەمانتاران بوو، ئینجا (٧) رۆژ پێش ئێستا راوێژکاری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران لە میدیاکان ئیعلانی کرد کە ناردوویانە بۆ پەرلەمان، تا ئێستا، ئەمڕۆ من چووم لە سەرۆکایەتی بەڕێزتان بە دەستی وەرمگرتووە، نەدەبوو لەو (٧) رۆژەدا بگەیشتایە دەستی سەرجەم پەرلەمانتاران، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر عیزت هەر ئەو رۆژەی کە وەڵامەکانمان بە دەست گەیشتووە ناردوومانە بۆ کاروباری پەرلەمان و هامشم لەسەر کردووە، ئەم وەڵامانە ئاراستەی هەردوو لیژنەی پەیوەندیدار بکرێت، هەروەها لە خاڵی دووەمدا داوام لێ کردوون ئاراستەی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بکرێت، ئەگەر بەو شێوەیە نەبوو بێت، ئەوا.........

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەگەیشتۆتە دەستی هیچ پەرلەمانتارێك.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، بەدواداچوون بۆ ئەوە دەکەین.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، زۆرباشە بەدواداچوون بۆ سەرجەم ئەو وەڵامانە دەکەین، بەڵام وەکو باسم کرد باشترین رێگا ئەوەیە کە جەنابتان پرسیارەکانی خۆتان جارێکی تر بنووسنەوە بۆمان بێنن، لەبەر ئەوەی ئەو ماوەیە حکومەت دەستی لەکار کێشابوویەوە، ئێستا حکومەتێکی بەرپرسیار لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان هەیە، بۆیە پێویست دەکات هەموو پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان وەڵام بدرێتەوە، بەڵێ فەرموو، زۆر باشە من لێپێچینەوەی لێ دەکەم، بەدواداچوونی بۆ دەکەم، بەهار خان نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(١٠) پەرلەمانتار داوامان کرد بوو کە روون کردنەوەمان بۆ بدرێت لەو کۆبوونەوەی کە کرا لەگەڵ سەرۆکی کاربەرێکەر پێشتر تەبعەن، کۆمەڵێك پەرلەمانتار بێ بەش کرا بوون، بەڕێزتان بە نووسراو وەڵامی ئەو (١٠) پەرلەمانتارەتان داوەتەوە، بەڵام ئێمە نووسیومانە لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا وەڵامان بدرێتەوە،

چونكە پێمانوایە كە كێشەی زۆرێك لە پەرلەمانتارانی تریش بۆ پرسیاری جۆرێك لەوانی تریش بووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەهار خان بە نووسراو وەڵامی ئەوەمان داوەتەوەو سەرجەم بەڵگەكانمان خستۆتە روو، كە ئەو دانیشتنە بۆچی وا كراوەو چۆن كراوە؟ موبەریرە قانونەكانی ئەو دانیشتنە كراوە؟ پێموا بێت یەك بە یەك بە دەستتان گەیشتووە، زۆر سوپاس.

ئێستا پرسیارەكانی ئەندامانی پەرلەمان دەخوێنینەوە:

پرسیارێك لەلایەن بەڕێز (مەردان خدر) ئاراستەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران كراوە، داوای لێ كردووەو پرسیاری لێ دەكات كە بۆچی تا ئێستا حكومەت بڕیاری بە پارێزگا بوونی ئاكرێ و سۆران و بتوێن جێ بەجێ ناكات و پلانی نییە بۆ ئەوانە؟

پرسیارێك لەلایەن بەڕێز (د.فرست صۆفی) ئاراستەی وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان كراوە، كە پرسیاری لێ دەكات ئایا بەنیاز نین پێداچوونەوەیەكی گشتی بە لیستی شەهیدان بكەنەوە، تا لەو كەسانە پاك بكەنەوە كە بە ناحەق كراونەتە ناو لیستی شەهیدان، ئایا بەنیاز نین بەدواداچوون بكەن بۆ را دەست كردنی ئەو موستەشارو ئامر مەفرەزە خاسانەی رژێمی بەعس لەلایەن دادگا داوا كراون؟

هەر پرسیارێكی تر لەلایەن بەڕێز (د.فرست صۆفی) ئاراستەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران كراوە تیایدا پرسیویەتی بۆچی دوای تێپەڕ بوونی چوار ساڵ بەسەر جێ بەجێ كردنی یاسای پاراستنی بەكاربەر هێشتا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران ئەنجومەنی پاراستنی بەكاربەر دروست نەكراوە، ئایا بەنیازن؟ كەی ئەم ئەنجومەن دروست دەكەن؟

هەر پرسیارێكی تر لەلایەن بەڕێز (د.فرست صۆفی) ئاراستەی وەزیری دارایی و كاروباری ئابووری كراوە تیایدا پرسیویەتی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری بۆچی تاكو ئێستا ژمێرەی كۆتایی نەنێردراوە بۆ پەرلەمان، ئایا بەنیازن كەی بینێرن؟

هەر پرسیارێكی تر لەلایەن بەڕێز (د.فرست صۆفی) ئاراستەی وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان كردووە تیایدا پرسیویەتی ئایا ئێوە زانیاریتان لەسەر كێشەی جیاوازی نێوان كەسوكاری شەهیدان لە پێدان وئیمتیازات، ئایا زانیاریتان لەسەر ئەم كێشەیە هەیە؟ ئەگەر زانیاریتان هەیە بەنیازن چی بكەن بۆ گەڕانەوەی ماف بۆ ماف خوراوەكان.

هەر پرسیارێكی تر لەلایەن بەڕێز (د.فرست صۆفی) ئاراستەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران كردووە تیایدا دەپرسێت بۆچی دوای تێپەڕ بوونی سێ ساڵ بەسەر دەرچوونی یاسای ئەنجومەنی راژە تا ئێستا ئەو ئەنجومەنە پێك نەهێنراوە؟ بەنیازن كەی دەست بكەن بە رێكارەكانی دروست كردنی؟

هەر پرسیارێكی تر لەلایەن بەڕێز (د.فرست صۆفی) ئاراستەی وەزیری ناوخۆی هەرێمی كوردستانی كردووە تیایدا پرسیویەتی ئایا ئێوە هیچ پلانێكتان هەیە بۆ چارەسەری كێشەی دەوامی زۆری هێزەكانی

پێشمەرگەی زێرەڤانی کە چوارده ڕۆژ لە دەوامن، تەنیا حەوت ڕۆژ لە پشوون، بەڕێز نازم کەبیر پرسیارێکی ئاراستەی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری هەرێمی کوردستان کردووە، پرسیویەتی ئایا ئێوە هیچ پلانێکتان هەیە بۆ ئەوەی بەروبوومی جوتیارانی کوردستان بەهەدەر نەدرێ؟ بەڕێزی پرسیارێکی تری ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کردووە، داوای ئەوە ئەکات ئەڵێ ئایا تاکەی بڕیاری بەپارێزگا بوونی قەزای ئاکرێ جێ بەجێ ناکەن؟ بەڕێز سۆران عمر پرسیاری ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان کردووە، بۆچی کەشفی خانووەکان بۆ ئەو هاووڵاتیانە ئەنجام نادرێ کە پێشینەی خانووبەرە ئەیان گرێتەوە؟ چاوەڕوانن کەشفی خانووەکانیان بۆ بکرێ، بەڵام بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەوە کارەکانیان وەستاوە، ئەپرسێ بۆچی کەشفی خانووەکانیان بۆ ناکەن تا دروست کردنی خانووەکانیان لەو قۆناغە نەوەستێ، هەرکات ئەم قەیرانە داراییە چارەسەر بوو، ئەوکات پێشینەکانیان پێ بدرێ، بەڕێز سۆران عمر پرسیارێکی تری ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان کردووە، ئایا زیاد بوونی ٢٧٦٧٤ خانەنشین هۆکارەکەی چیە؟ بەپێی کام ڕێنمایی و یاسا ئەم ژمارە خانەنیشنە لە ساڵی ٢٠١٣ دا زیادی کردووە؟ بەڕێزی پرسیارێکی تری ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان کردووە، ئایا لە وەرزی پشوودا مامۆستایان وانە ناڵێنەوە بەهۆی ئەم قەیرانە داراییەوە دەرماڵەی مامۆستایانیش ڕادەوەستێ، ئەمە سەبارەت بە پێدانی دەرماڵەکانە لە وەرزی پشوو، بەڕێز سۆران عمر پرسیارێکی تری ئاراستەی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان کردووە، ئەڵێ لە یاسای ژمارە ٢٢ ی ساڵی ٢٠١١ یاسای ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتییەکان لە هەرێمی کوردستان، ماددەی سێیەم باس لە دروست کردنی ئەنجومەنی چاودێری و شیاندنی کەمئەندامیەتی و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان کراوە، ئایا ئەم ئەنجومەنە دامەزراوە؟ لە ماددەی چوارەم بەشی سێیەم باس لە دامەزرادنی سندوقێك بۆ چاودێری کردن و شیاندنی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان ئەکات، ئایا ئەم سندوقە دامەزراوە؟ بودجەی چەندی تێدایە؟ بەڕێز سۆران عمر پرسیارێکی ئاراستەی وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان کردووە، ئایا دواین ڕاپۆرتی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن لەسەر چالاکیەکانی سندوقی کۆمەك بۆ تووشبووانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان چیە؟ چەندێك کۆمەك لە سندوقەکەدایە لە ئێستادا؟ داهاتی تاکیەکانی سندوق چی بووە؟ چەندە؟ پرسیارێکی تری ئاراستەی وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان کردووە، باسی ئەوە ئەکات ئەڵێ دوای پاشەکشەی هێزەکانی حکومەتی عێراق لە موصل و کەرکووك، و چەند ناوچەیەکی تر، هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانە جێگیر بوون، چەك و ئۆتۆمبێل و تەقەمەنیەکی زۆریان جێ هێشت، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئەو چەك و ئۆتۆمبێل و تەقەمەنیانە بەهەموو جۆرەکانیانەوە ژمارەیان دیاری کراوە، گەڕێندراونەتەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە؟ چیان لێ ئەکرێ؟ پرسیارێکی تری ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان کردووە، ئەڵێ لە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٣ دا پێویست بوو ١٥ هەزار کەس دابمەزرێ، و ئەو کەسانەی گرێبەست بوون و ماوەی ٣ ساڵیان تەواو کردووە، لە هەمان شوێندا دابمەزرێن، پرسیار ئەوەیە، ئایا چەند

کەس لەو ١٥ هەزار کەسە و چەند گرێبەستیش دامەزرێنروان؟ بە چ پێوەرێك ئەو کەسانە دامەزرێنراون؟ بەڕێزی پرسیارێکی ئاڕاستەی وەزیری سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، ئەپرسێ پاش هەناردە کردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە بۆڕی بۆ تورکیا، ئایا لە ئێستادا نەوتی خاو بە تانکەر لە سنووری ئێرانەوە ئەڕوات بۆ فرۆشتن؟ و پرسیارێکی تری ئاڕاستەی وەزیری پلاندنانی هەرێمی کوردستان کردووە، ئەپرسێ تا ئێستا هەماهەنگی کراوە لەگەڵ دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ و ڕێنمایی بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی یاسای ماڤ دروست کردن و ماڤ دەست کەوتن دیاری کراوە؟ پرسیارێك لەلایەن بەڕێز عمر عینایەت ئاڕاستەی لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانی کوردستان کراوە، باس لەوە ئەکات بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، مانگانە نزیکەی ٢٠٠ هەزار هاووڵاتی هەرێمی کوردستان ئەچنە ئێران، ئەم هاووڵاتیانە هەریەکە ٥٥ هەزار بۆ وەرگرتنی ڤیزە ئەدات، کە ئەکاتە ١١ ملیار دینار، بەهەمان شێوە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار هاووڵاتی ئێران دێنە هەرێمی کوردستان بۆ گەشت، یان بۆ ئیش، بەڵام ئەو هاووڵاتیە ئێرانیانە هیچ پارە نادەنە حکومەتی هەرێم، بێ هیچ بارێك، پرسیارەکەی ئەوەیە کە ئایا چ یاسایەك، یان ڕێسایەك، یان ڕێنماییەك ئەم بیانیانە دێنە هەرێمی کوردستان و کێ ئەو دەستەڵاتەی داوە بە بەرپرسانی سنوور، بێ ڤیزە و بێ وەرگرتنی پارە لێیان بێنە کوردستان، لە کاتێکدا ئەگەر بە ڤیزە بێن و لە بڕی ڤیزە هەریەك ٥٠ هەزار دینار بدەن، مانگانە داهاتەکەی ئەکاتە ١٠ ملیار دینار، هەروەها ئەپرسێ لەم قەیرانە داراییەدا تا چەند بودجەی حیزبەکان کەمکراوەتەوە؟ بە تایبەت بودجەی پارتی و یەکێتی کە مانگانە زیاتر لە ٢ ملیار دینار وەرئەگرن؟ بەڕێز فائق مصطفى ڕسول پرسیارێکی ئاڕاستەی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان کردووە، پرسیارەکەی لەسەر بوونی دوو خاڵی پشکنینە، لەسەر ڕێگای دۆڵی سماقوڵی، هەرەیەکەیان لە ڕێگەی ئاسایشی ناوچەیەکەوە بەڕێوە ئەبرێ، بەپێوانە کەمتر لە ٣ کیلۆمەتر ماوەی نێوانیانە، ئەگەر ئەو شوێنە لە ڕووی ئەمنیەوە ئەوەندە گرنگ و مەترسیدارە با هاووڵاتیان لەوە ئاگادار بن، ئەگەرنا زەرووڕەتی ئەو خاڵە پشکنینە بۆ ماوەکەی نێوانیان لەو دوو شوێنەدا چییە؟ بەڕێز محمود حاجی عمر، پرسیار لە وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ئەکات، ئەڵێ ئایا دەرکردن و گواستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە یەکەکانی ٧٠ دوای بەرواری ٢٠١٣/٩/٢١، لە ٢٠١٤/٤/٢٠ بە فەرمانی بەڕێزتانە؟ دوو، بۆچی تاکو ئێستا سزای سیاسی بەردەوامە ئینتیمای حیزبی؟ تا چەند بەڕێزتان ئەگادارن؟ بەڕێز محمود حاجی عمر پرسیارێکی تری ئاڕاستەی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان کردووە، ئەپرسێ، ئایا دەرکردن و گواستنەوەی هێزەکانی ناوخۆ، بەتایبەتی پۆلیس لە دوای بەرواری ٢٠١٣/٩/٢١ و لە ٢٠١٤/٤/٢٠ بە فەرمانی بەڕێزتانە؟ بۆچی تا ئێستا سزای سیاسی بەردەوامە لەسەر ئینتیمای حیزبی؟ تاچەند بەڕێزتان ئەگادارن؟ بەڕێز علی حمە صالح پرسیاری ئاڕاستەی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، ئەپرسێ، هۆکاری کەمبوونەوەی بەنزین لە هەرێمی کوردستان چییە؟ دوو، ئایا ئاستی بەرهەمهێنانی بەنزین کەمی کردووە؟ یان خواست لەسەری زۆر بووە؟ ئەگەر ئاستی بەرهەم کەمبووە هۆکارەکەی چییە؟ ئەگەر خواستیش زیادی کردووە هۆکارەکەی چییە؟ سێ، تا چەند ڕاستە بەنزین لە هەرێمی کوردستان ڕەوانەی کەرکووك و موصل ئەکرێ؟ ئایا ئەکرێ؟ لەسەر چ

بنەمایەکە؟ چوار، لە هەندێ ناوچەی کوردستان بەنزین بە نرخێکی گران ئەفرۆشرێ چ بە دەبە، یان لە بەنزینخانەکان، هەر لیترێکیش لە سەرووی ١٥٠٠ دینارە، بۆ نموونە، لە ڕێگای کەرکووك- هەولێر، یان لە ناو بازاڕی تەیراوەی هەولێر کە هەر لیترێك بە ٢ هەزار دینارە، ئەم بەنزینە لە کوێ دێت؟ پێنج، ئێستا هەندێ بازرگان ئاماژە بەوە ئەکەن کە بەرنامەی هێنانی بەنزینی موحەسن و سۆپەری هەیە، بە نرخی گرانتر لەوەی حکومەتی هەرێم دابەشی ئەکات، ئەمە ڕێگەی پێدراوە؟ بەڕێز دکتۆر شێرکۆ حەمە امین قادر، پرسیاری ئاڕاستەی وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان کردووە، ئەڵێ لە کاتێکدا حکومەت کاربەڕێکەرە، لە ڕۆژی ٢٠١٤/٥/٧ فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی یەکەی ژمێریاری دەرئەچێ لەلایەن بریکاری وەزارەتی دارایی کە جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە، پرسیارەکەی ئەوەیە کە مەبەست لەم بڕیارە لەم کاتەدا چییە؟ چۆن دەرکراوە کە حکومەت کار بەڕێکەر بووە؟ بنەمای دەرکردنی چۆن بووە؟ بۆ پێشتر نەکراوە؟ لەم کاتەدا جێگەی گومانە، بەڕێز زولفا محمود عبدالله پرسیاری ئاراستەی وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان کردووە، تێیدا دەڵێت کومپانیای (فاتس بریت) لە کوردستان تۆمار نەکراوە بە شێوەیەکی نا یاسایی کار دەکات، کومەڵێك پشکنینی نا زانستی ئەنجام داوە کە جێگەی گومانن، هیچ کەسێك لە کارمەندانی (KMCA) ڕانەهێنراوە، داهاتی لە ٢٠٪ نرخی پشکنینەکانی نەگرێندراوەتەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی، پرسیارەکەی ئەوەیە:

١- بۆچی وەزارەتی تەندروستی کاری بەم کۆنووسە نەکردووە؟

٢- بۆچی کار کردن لە کۆمپانیاکە بەردەوامە؟

٣- بۆچی وەزارەتی تەندروستی ئەم بەڵگەیەی لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی خۆی دانەناوە؟

بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید پرسیاری ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، دەڵێت وەکو بەڕێزتان ئاگادارن بە بڕیاری ژمارە (٢٢)ی ڕۆژی ٢٠١٤/٣/١٦ کە لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە دەرچووە تایبەت بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە، بەڵام تا ئێستا وەك مورەکەبی سەر کاغەزە و هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی بۆ نەنراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە، پرسیارەکەی ئەوەیە: بۆچی تا ئێستا بڕیاری بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە؟ بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم پرسیاری ئاراستەی وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، دەڵێت بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکە لێدانی هەندێك خەندەق دەستی پێکردووە لە سنووری باشووری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان، ئەمە چەند ڕۆژێکە بۆتە هۆی جێگەی ناڕەزایی هەندێك هاووڵاتیانی کوردستان، چونکە هەندێك لایەنی بۆ خۆیان دەیکەنە موزایەدەی سیاسی، دەروونی خەڵکی پێ دەئێشێنن، ئینجا دەپرسێ:

١- ئایا وەزارەتی پێشمەرگە ئەم خەندەقەی هەڵکەندووە؟ یان نا؟

٢- بۆچی هەتا ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە بێ دەنگە لەسەر ئەو ڕووداوە؟

٣- بۆ لیستێت سنوورێت عێراقێ دەست د کۆلانا خەندەقێ هەیە؟

داوای لێبووردن دەکەم بادینیەکەم باش نییە، بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم پرسیارێکی تری ئاراستەی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار کردووە، باسی ئەوەی کردووە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٥/١٨ کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی لە گەڕەکی (فرقێ) کە گەڕەکێکی هەژارنشینە، دیواری خانووی هاووڵاتەیەك بووە هۆی ئەگەری

گیان له دەستدانی هاوولاتیەکی تر بە ناوی (شێرزاد عبدالله محمد) کە لە پۆلی (٩)ی بنەڕەتی بووە، هەروەها منداڵێکی تریش بریندار بووە، ئێنجا پرسیارەکەی ئەوەیە:

١- ئایا ئاوەدانکردنەوەی ئەوە گرنگترە لە خوێنی هاوولاتیان؟

٢- هەروەها چ پێنگاڤ هاتینە کو حالەتێن ژ ڤی رەنگی دووبارە نەبن؟

٣- ژ سالا (١٩٩٢) خەلك لە ڤی ئاخێ ئاكنجینە و هێشتا ناهاتیە تاپۆ کرن کو کەنگی دهێتە تاپۆ کرن؟

٤- چەندین گەڕەکی سەر بە زاخۆ هەتاکو ئێستا زەوین و نەهاتوونەتە تاپۆ کرن کەی ئەو زەویانە لەو شوێنانە تاپۆ دەکەن؟ پلانی وەزارەت چییە بۆ تاپۆ کردنی ئەوانە؟

دەستتان خۆش بێت، زۆر سوپاس بۆ ئیوەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بە دڵنیاییەوە بەدوا داچوون دەکەین بۆ وەرگرتنەوەی سەرجەم وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن ئێوەوە ئاراستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کراوە، لە هەمان کاتیشدا بەدوا داچوون دەکەین بۆ ئەوەی بە زووترین کات وەزیری سامانە سروشتییەکان بانگ هێشت بکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ دانی روونکردنەوە لەسەر دۆخی نەبوونی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان.

ئێستا دەست دەکەین بە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، نوقتە نیزام هەیە؟ بەڵێ امنە خان فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژ بەرنامێ کاریدا بڕگا (٤) بەحسێ درێژکرنا خولا یا گرێدانا دووێ یا پەرلەمانی، ئاماژە بە هەندێ دای د گور ماددەی (٧)ی پەیڕەوی ناڤخۆ، هەروەها برگا (١) ماددەی (٥)، ئەگەر سەحکەین بڕگا (١) ماددەی (٥).......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

امنە خان ئەگەر چاوەڕێ بکەی گەیشتینە سەر خاڵی چوارەم روونکردنەوەی تەواو دەدەین لەسەر ئەوەی بۆچی ئەو دەقە بەو شێوەیە هاتووە، هەروەها هەندێك پێشنیارمان هەیە لەسەر ئەوە، باشە امنە خان؟ د.فرست فەرموو، نوقتەی نیزامت هەیە؟

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر سەبارەت بە ئاراستە کردنی پرسیارەکان، ویستم داوای روونکرنەوەیەك لە بەڕێزتان بکەین، ئایا ئێوە بە کامە مادده ئاراستەی وەزیرەکان دەکەن، لە ماددەی (٦٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت لە ماددەی (٦٥) کە دەبێت لە ماوەی (١٥) رۆژ وەڵامی پرسیارەکان بدرێتەوە، بەڵام لە ماددەی (٥٤)ی یاسای پەرلەمانی کوردستان دەڵێ دەبێت لە ماوەی (٧) رۆژ وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، بە پێی مەبدەئی تەدروجی قواعیدی قانونیش، قانون لەسەروی پەیڕەوی ناوخۆیە، پێمانوایە دەبێ لە ماوەی (٧) رۆژ

حکومەت وەلآمی پرسیارەکان بداتەوە، بەلآم ئەوەی ئێستا کاری پێکراوە (١٥) ڕۆژ دیاری کراوە، بۆیە حەقە (٧) ڕۆژ بێت نەك (١٥) ڕۆژ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ڕاستە، ئەوە یەکێکی ترە لەو جیاوازیانەی لە نێوان پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەیە کە دواتر ئاماژەی پێ دەکەین، ئەو قسەی جەنابت ڕاستە، ئەگەر ئەو ماددەیەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەموار نەکرێتەوە ئەوە پێویست دەکات حکومەت لە ماوەی (٧) ڕۆژدا وەلآمی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بداتەوە، بەلآم دوایی قسەیەکیش لەسەر ئەوە دەکەین، لەسەر بڕگەکانی پەیڕەو کە موتەناقیزن لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان، مامۆستا غریب نوقتە نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی(غریب پێنجوێنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە (٢٠١٤/٥/٢٨) من پرسیارم ئاراستەی وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان کردووە، تایبەت بەو سکالآیانەی دەڤەری پێنجوێن، کە سێ مانگی بەسەردا تێپەڕی و لە وەزارەت مایەوە پارێزەری بۆ نەگیرا، نەنێردرا بۆ بەغدا، ئێستا دەقی پرسیارەکە نێردراوەتەوە بۆ خۆم، وەکو هی ئەوانی تر خوێندرایەوە ئاراستەی وەزیر کرا، هۆکارەکەی چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە کوێوە نێردراوەتەوە بۆ بەڕێزتان؟ دوای دانیشتن بۆم بێنە بەدوا داچوونی بۆ دەکەین مامۆستا، زۆر چاکە، سوپاس، ئێستا دەست دەکەین بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، خاڵی یەکەم بریتییە لە سوێند خواردنی بەڕێز (شامۆ شێخۆ نەعمۆ) کە بە زنجیرە ژمارە (٣٩)ی فراکسیۆنی زەرد ناوی هاتووە لە جێگای ئەندامی دەست لەکار کێشاوەی هەمان فراکسیۆن بەڕێز (نوری حەمە علی)، بە پێی ماددەی (٣١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، با بەڕێزیان بفەرمووێت بۆ سوێند خواردن، بەڕێزان هەستنە سەر پێ بۆ سوێند خواردن، فەرموو.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناڤێ خودایێ مەزن و دلۆڤان، ئەز (شامۆ شێخۆ نەعمۆ)، سوێند بە خودای مەزن پارێزگاریا یەکێتییا گەڵ و ئاخا کوردستانا عێراقێ و بەرژەوەندییێن بلّند بکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پیرۆزت بێت، بە هیوای سەرکەوتن، بەڕێزان خاڵی دووەمی دانیشتنی ئەمڕۆمان بریتییە لە قبوڵ کردنی دەست لە کار کێشانەوەی بەڕێز (مەولود مراد محی الدین) لە ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان ، بە پێی ماددەکانی (٣٣) و (٣٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١) هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان -

عێراق ، لە ڕاستیدا دوای ئەوەی ئەو داوایەیی ئاڕاستە کردم ، ئێمە خستمانە بەرنامەی کارەوە ، داوایەکی ئەو بەڕێزەمان بەدەست گەیشتووە کە لە ٢٠١٤/٦/٢٦ ئاڕاستەی کردوین داوای ئەوە دەکا کە دەست لە کارکێشانەوەکەی ڕابگرین ، داوای ئەوەی کردووە بەپێی ماددەی (٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەست لە کارکێشانەوەکەی ڕابگرین واتا دەست لەکارکێشانەوەکەی جارێك کێشایەوە ئەیەوێت وەکو ئەندامی پەرلەمان بمێنێتەوە سەرەڕای ئەوەی کە وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری پەرلەمان وە ئێمەش ئەوەمان پەسند کرد ، خاڵی سێهەم بریتیە لە قبوڵکردنی دەست لە کار کێشانەوەی بەڕێز (دەرباز عبدالله رسول) لە ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان بەپێی مادەکانی (٣٣) و (٣٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١) ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، لە ڕاستیدا داواکاریەکەمان بە دەست گەیشتووە ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە ، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێز (دەرباز عبدالله رسول) دەست لە ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان بکێشێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟ (٨٤) کەس لەگەڵیەتی ، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نیە دژی بێ کەواتە پەسەندکرا ، بەڕێز دکتۆر عزت ئێستا ڕوونکردنەوەیەکم لە کاروباری لیژنەکان بەدەست گەیشتووە ، باس لە ئەوە دەکا کە بەهۆی زۆری فایلەکانەوە نەتوانراوە زوو بگەینرێتە سندوقی ئەندامان ، بەڵام باس لە ئەوە دەکا ئێستا هەموو وەڵامەکان ، وەڵامی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و وەڵامی حکومەت بە زەرف لە ناو سندوقی ئەندامانە ، دێینە سەر خاڵی (٤) لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە ڕاستیدا ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان هەندێك دژیەکی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان و یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوونی هەیە ، کە یاساییەکانی ناو پەرلەمانیش هەستیان پێکردوە یەکێك لەو دژیەکییانە ئەوە بوو کە بەڕێز (دکتۆر فرسەت) کەمێك پێش ئێستا ئاماژەی پێدا ، چەند دژیەکیەکی تر بوونی هەیە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانا سەبارەت بۆ نموونە بە ئیقالە کردن یان دەست پێ کێشانەوەی وەزیرەکان لە پەرلەمانی کوردستان یان تەنانەت لەسەر خولی گرێدان ، بە پێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، پەرلەمان دوو خولی گرێدانی هەیە کە پەرلەمان خۆی دەستنیشانیان ئەکا ، بەڵام لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ئاماژە بەوە نەدراوە کە بە چ زۆرینەیەك پەرلەمانی کوردستان خولی گرێدانەکانی خۆی ڕێك دەخا ، مادام ئاماژەی بەوە نەداوە کە بە چ زۆرینەیەك خولی گرێدانی خۆی ڕێك دەخا کەواتە بە پێی مەبدەئە گشتییەکەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەمە دەکرێ کە بریتییە لە ماددەی (٥٠) بڕگەی یەك کە ڕێکخستنی خولی گرێدان بە زۆرینەی ئامادەبووانی پەرلەمانی کوردستان دەبێ ، بەڵام لە ماددەی (٧) پەیڕەوی ناوخۆ ئاماژە بەوە دراوە کە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان پێویست دەکا ڕەزامەندی بدەن لەسەر خولی گرێدان ، بۆ ئەوەی تووشی ئیشکالی قانونی نەبین سەبارەت بەو پرسانەی کە ناکۆکی هەیە لە نێوان پەیڕەوی ناوخۆ و یاسای هەڵبژاردن ، چونکە ئێستا تازە پەیڕەوی ناوخۆش پەسندکراوە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کاری پێئەکرێ یان دەبێ تەعنی لێبدرێ لەلایەن دادگایەکی پەیوەندیدارەوە ، دادگایەکی پەیوەندیدار بوترێ ئەم بڕگە لەپەیڕەوی ناوخۆ پێچەوانەی یاساکە هەڵبوەشێندرێتەوە یان پێویست دەکات هەمواربکرێتەوە لەگەڵ

یاسـایەکەدا بگـونجی ، بۆیــە ئێمــە لــە دەسـتەی سـەرۆکایەتی بیرمـان لـەوە کـردەوە کـە پـڕۆژە بڕیـارەك حازربکەین بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو برگەی پەیڕەوی ناوخۆ ، بۆ هەموارکردنەوەی بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ یاسـای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردسـتان بگونجێ ، تیایـدا پێشنیار دەکـەین کـە مـاددەی (٧)ی پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان هەمواربکرێت و بـەم شـێوەی بخوێندرێتـەوە: (پەرلـەمان بـۆی هەیـە مـاوەی گرێـدانی هەریەك لە دووخولەکەی درێژبکاتەوە بـۆ ماوەیـەك کـە لـە یـەك مـانگ زیـاتر نـەبێت و ئـەویش بـۆ تـەواو کردنـی ئـەو ئەرکانـەی کـە پێویـستیان کـرد خولەکـە درێژبکرێتـەوە) ، (مـاددەی دووەم کـار دەکرێـت بـەم هەموارکردنە لە ڕۆژی دەرچوونییەوەو لە ڕۆژنامەی فـەرمی وەقـائیعی کوردسـتان بڵاودەکرێتـەوە) ، ئەمـە ئەخەمە بەردەست جەنابتان بۆ ئەوەی تەسویتی لەسەر بکەن ، ئەگەر ڕەزامەندن لەسەر ئەم هەموارکردنە ئەوە ئەو کاتە ئەو ئیشکالە قانونییە نامینێ ، لە هەر کاتێکیش قانونی هەبوو دیـسان پێویـست دەکـات یـان پەیڕەو هەموار بکەین یـان کـار بـە پەیڕەوەکە بکـەین تـا کـاتی هـەموارکردنی دێ ، ئێـستا ئـەمـە ئەخـەینـە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەم هەموار کردنەیە ، کێ لەگەڵ هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە ، بـەڵێ ئـەوەتا پڕۆژەکـە لەبـەر دەسـتمانە ، بـەڵام پـڕۆژەی هـەموار کردنــی پـەیڕەوی نـاوخۆ پێویـستی بـە پێشکەشکردنی پڕۆژەنییە پێشتر هەر وەکو چۆن لـە قۆناغـەکانی ڕابـردووش ئـەوەمان کـردوە لـەناو هـۆڵی پەرلەمان ناتوانرێ داوای ئەوە بکرێ ، سەرۆك یان ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان دەتـوانن داوابکـەن ، چەند نوقتە نیزامیەکمان هەیە دکتۆر فرسەت فەرموو.

**بەڕێز د. فرسەت سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێموایـە لـەم برگـەی کـە جـەنابت باسـتکرد هـیچ هاودژیـەك نییـە لـە نێـوان یاسـای پەرلـەمانی کوردسـتان لەگـەڵ پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردسـتان ، ئـەو مـاددەی (٥٠) برگـەی یەکـەم پرەنـسیپەکی گـشتییە ، شـێوازی دەنگـدان لـەناو پەرلـەمان ڕووندەکاتـەوە کـە وەکـو قاعیدەیـەکی عـام بــە زۆرینــەی ئامــادەبووان دەبێــت ، بــەڵام هــەروەکو ئــەو قاعیــدەی کــە دەڵــێ (المطلـق یجـری علـی اطلاقـه مـالم یقیـد بـنص) لێـرە ئێمـە قەیـدمان کردیـە ئـەو مـاددەی (٥٠) فەقـەرەی (١) بـە نەسـێك کـە لـەماددەی (٧) پـەیڕەوی نـاوخۆدا هـاتووە کـە لـەوێ بـە دوو لەسـەر سـێ ئـەو قاعیـدە عامـەی کـە بریتیـە لـە دەنگـدانی ئامـادەبووان تەقیـدی کردیـە کـە پێویـستی بـە دوو لەسـەر سـێ هەیـە ، ئـەوە تـەناقوزە لـە بـەینی پـەیڕەوی نـاوخۆو بـۆ نموونـە کـە دەڵـێ دەسـتەی سـەرۆکایەتی لـە قـانون دەڵـێ بـە ئەغلەبییـەی موتلـەقی عـەدەدی ئـەحزاب بـەڵام لـەناو پـەیڕەو دەڵـێ بـە زۆرینـەی ئامـادەبووان ، لێـرە دەتـوانین بڵـێین هـاودژی هەیـە ، بـەڵام لـەوەی کـە جـەنابت ڕوونتکـردەوە مـن هـیچ هاودژیـەك نـابینم ، بۆیـە زۆر ئاسـاییە ئەگـەر مەسـەلەی تەمدیـد کردنـەوەی خـولی تەشـریعی بخرێتـە دەنگـدان پێویـستی بـە دوو لەسـەر سـێی دەنگـی ئەنـدامانی پەرلـەمان هەیـە ، بـەڵام ئەگـەر ئـەوەی کـە جەنابیـشت باسـتکرد لـە مـاددەی (٩٤) وەریبگـرین دەکرێـت حوکمـەکانی ئـەم پـەیڕەوە هـەمووی یـان هەنـدێکی لەسـەر پێـشنیاری سـەرۆك یـان (١٠) ئەنـدام بـە ڕەزامەنـدی زۆرینـەی ئامـادەبووان هـەموار بکرێـت ، لێـرەش نـە پێویـستی بـە

پێشکەشکردنی پرۆژە هەیە نە پێویستیشی بە بڵاوکردنەوە هەیە وەکو ئەوەی کە پێشتر هەمان بووە ، بۆیە جەنابت دەسەڵاتت هەیە وەکو سەرۆکی پەرلەمان یەکسەر ئەم بڕگەیە بخەیە دەنگدان و تەعدیلی بکەین ، بەڵام ئەگەر لەسەر ئەوە تەعدیلی بکەی هاودژی هەیە پێموایە هاودژی نییە ، بەڵام حەقی تۆیە وەکو سەرۆکی پەرلەمان ئەم بڕگەیە بخەیە دەنگدان بۆ ئەوەی تەعدیلی بکەین بە پێی ماددەی (٩٤) نەك بەپێی ئەو بڕگانەی کە پەیوەستن بە یاسادانان کە لەناو پەیڕەوی ناوخۆدا هاتوون ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با هەموو نوقتە نیزامەکان وەربگرین ، دوایی منیش وەڵامی خۆم هەیە بۆ ئەوە ، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەواوی پشتیوانی لە قسەکانی هاورێی بەڕێزم دکتۆر فرسەت دەکەم ، نەسەکە زۆر وازحە ، من ڕەخنەشم هەیە لەو شوێنانەی بەڕێزت مەبەستت شتێك بێ دەگەرێیەوە بۆ ئەم یاسایە ، لە شوێنێکا یەعنی ئاڕاستە کردنێك لە قسەکانت دەبینم لەناو هۆڵی پەرلەمان بەمەبەست ئەو ئاڕاستەیە کە لە شتەکاندا خۆت مەبەستتە ، ئەگەر نا نەسی خاسەکە کە ئەوە خاسە، ئەوە عامە ، نەسەکەش ئەوە خاسترە ، ئەوە عامترە ، ئەمە قانونترە ، ئەمە خاسترە بە پێی مەتنەکانیش لە خاس و عامدا ئەمە ئەفزەلیەتی هەیە ، بە پێی نەسەکەش ئەمە ئەفزەلیەتی هەیە ، بۆیە ڕەخنەی من ئەوەیە ئەوەی لەوەی کە تۆ مەبەستت شتێکە ئاڕاستەی پەرلەمان بەرەو ئەو ئاقارە دەبەی کە خۆت مەبەستتە ئەمەش لە کاری سەرۆکایەتی پەرلەمان ناگونجێ و پشتیوانی تەواوی قسەکانی دکتۆر فرسەت دەکەم لە رووی قانونی ، لەیەکەم دانیشتنیش ئەگەر بیرت بێ پێشنیاری ئەوەمان کرد ئێمە ئەوە لە پرۆتۆکۆل بڕوا گۆتمان بە پێی ماددەی (٤٩) دەڵێ دەبێ دەورەکان دەستنیشان بکرێ ، بۆیە سەرۆکی پەرلەمان با لێرەوە با دەورەکانی ئەم خولی گرێدانە دەستنیشان بکەین کە مانگی چەند هەتا چەند دادەنیشتین ، بەڕێزت هەر گوێت نەگرت ئەوکاتە کە ئەو کاتە داوامان لێکردی دەستنیشانی بکەین ، بۆیە عورفیەن ڕۆیشتین کە چوار مانگەکە بە چوار مانگە کەیە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گەشە خان

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت بەو قسەی کاك گۆران پشتیوانی لێدەکەم کە پەیڕەوی ناوخۆ قانونێکی خاسە ، مەبدەئێکیشمان هەیە (خاص یقید العام) یەعنی پەیڕەوەی ناوخۆ تایبەتە بە کاروبارەکان و بەڕێوە بردنی

جەلسات و هەموو کاروبارەکانی پەرلەمان ، قانونی هەڵبژاردن قانونێکی عامە بۆیە کار پێکردن بە پێی یاسا ئەبێ پەیڕەوی ناوخۆ ئەولیەتی هەبێ ، مەبدەئێکی تریشمان هەیە لەکاتێکدا کە ئەڵێ (اللاحق یلغ السابق) یە عنی لەکاتێکدا کە دژبەیەکەك هەبوو لە دوو یاسایە ئەوەی تازەکە ئەوەی پێشتر ئیلغا دەکاتەوە ، بۆیە ئەوەی کە پەیڕەوی ناوخۆ هەموارکراوەتەوە ئەوە تازەترەو پێویستە کاری پێبکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با هەموو نوقتە نیزامەکان وەربگرین، دوایی منیش وەڵامی خۆم هەیە بۆ ئەوە، فەرموو کاك گۆران،

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش پشتیوانی تەواو لە قسەکانی هاوڕێی بەڕێزم د. فرسەت دەکەم، نەصەکە زۆر وازحە، و من رەخنەشم هەیە لەو شوێنانەی بەڕێزت مەبەستت شتێك بێ، دەگەڕێیەوە بۆ ئەم یاسایە، و لە شوێنێ دیکە یەعنی ئاڕاستەکردنێك لە قسەکانت دەبینم لە ناو هۆڵی پەرلەمان بە مەبەستی ئەو ئاڕاستەیەی کە لە شتەکاندا خۆت مەبەستتە، ئەگەر نا نەصی خاصەکە ئەوە خاصە ئەوە عامە، نەصەکەش ئەوە خاص ترە، ئەوە عام ترە، ئەمە قانون ترە، ئەمە خاسترە، بەپێی مەتنەکانیش لە خاص و عام دا ئەمە ئەفزەلیەتی هەیە، بەپێی نەصەکەش ئەمە ئەفزەلیەتی هەیە، بۆیە رەخنەی من ئەوەیە لەوەی کە تۆ مەبەستت شتێکە ئاڕاستەی پەرلەمان بەرەو ئەو عاقارە دەبەی کە خۆت مەبەستتە ئەمەش لە کاری سەرۆکایەتی پەرلەمان ناگونجێ، و پشتیوانی تەواوی قسەکانم لە د. فرسەت دەکەم لە رووی قانونی و لە یەکەم دانیشتنیش ئەگەر بیرت بێ پێشنیاری ئەوەمان کرد ئێمە ئەوە پڕۆتۆکۆل بڕوا گوتمان بەپێی ماددەی (٤٩) دەبێ دەورەکان دەستنیشان بکەین، بۆیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. لێرەوە با دەورەکانی ئەم خولی گرێدانە دەست نیشان بکەین، کە مانگی چەند هەتا چەند دادەنیشتین بەڕێزت هەر گوێت نەگرت ئەو کاتە، کە هەر ئەو کاتە داوامان لێ کردی دەست نیشانی بکەین کە عورفییەن رۆیشتین چوار مانگ بە چوار مانگەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گەشە خان،

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت بەو قسەی کاك گۆران پشتوانی لێ دەکەم کە پەیڕەوی ناوەخۆ قانونێکی خاصە، و مەبدەئێکیشمان هەیە (الخاص یقید العام) یەعنی پەیڕەوی ناوەخۆ تایبەتە بە کاروبارەکان و بەڕێوەبردنی جەلسات و هەموو کاروبارەکانی پەرلەمان، قانونی هەڵبژاردن قانونێکی عامە، بۆیە کار پێکردن بەپێی یاسا دەبێ پەیڕەوی ناوەخۆ ئەولەویەتی هەبێ و مەبدەئی تریشمان هەیە لە کاتێکدا کە دەڵێ (اللاحق یلغي

السابق) یەعنی لە کاتێکدا کە دژ بەیەکێك هەبوو لە دوو یاسادا ئەوەی تازەکە ئەوەی پێشتر ئیلغا دەکاتەوە، بۆیە پەیڕەوی ناوەخۆ هەموار کراوەتەوە ئەوە تازەترە پێویستە کاری پێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك باپیر،

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی یەکەمی قسەکانمیان کرد کاك ئازاد و کاك فرسەت ئەوەی کە بەشی دووەمی بەپێی ماددەی (٣٢) ئەندامی پەرلەمان و وەزیر لەیەك کاتدا ناکرێت ببێت، لە ماددەی (٣٢) دەڵێ ناکرێ ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ پۆستە گشتییەکان کۆبکرێتەوە فەرمانبەری گشتی بێ لەگەڵ سوێند خواردنی لەبەردەم پەرلەماندا بەدەست لە کارکێشاوەدا لە پۆستەکەی هەژمار دەکرێ و پێویستە لە سەر سکرتاریەتی پەرلەمان لە پێگەی وەزیفی خۆی ئاگاداری بکاتەوە، ئەوەی کە تایبەتە بە بەڕێز مامۆستا (مەولود باوەموراد)، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سۆران،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥٠) لە خاڵی یەکەم کە دەڵێ دانیشتنی پەرلەمان نابێتە دانیشتنێکی ئاسایی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی نەبێ، بڕیارەکانیشی بە زۆرینەی ئامادەبووەکان بدات بەدەر لەو حاڵەتانەی کە بەپێی یاسا پێویستی بە زۆرینەیەکی تایبەت دەبێ، من لێرە دەڵێم ئەگەر ئەو پەیڕەوە قوەتی هەیە قانون ئیلغا بکا، قانون قەید و بەند بکا، ئەوە دوو لە سەر سێیەکە تەواوە، بەڵام ئەگەر پەیڕەو قوەتی قانونی نییە، ناتوانی قانونی بکا، بۆیە دەبێ هەمواری بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من بەشێوەیەکی گشتی وەڵامی تێبینیەکانی ئێوە دەدەمەوە، لە ڕاستیدا بەشی یەکەمی قسەکانی بەڕێز د. فرسەت و هەندێك لە قسەکانی کاك گۆران و گەشە خان کە پەیوەندی بەوەوە هەیە، (الخاص یقید العام) من بەلامەوە سەیرە ئێوە جەنابتان پسپۆڕن لە بواری یاسا ئەم قسەیە دەکەن، چونکە (الخاص یقید العام) بۆ یاسایە، یان (اللاحق یلغي السابق) بۆ یاسایە؟ هەردووکی لە جنسی یاسا بن، هەردووکی یاسا بن، بۆ نموونە دەکرێ یاسا دەستور قەید بکا؟ دەکرێ پەیڕەو قانون قەید بکا؟ دەکرێ بڕیار قانون قەید بکا؟ دەکرێ نیزامی داخلی قانون قەید بکا؟ ناکرێ ئێمە سولەمێکمان هەیە لە تەشریعدا، دەستورمان هەیە دوای ئەوە قانونمان هەیە دوای ئەمە نیزامی داخلیمان هەیە، هیچ یەکێك لەمانە ناتوانێ، پەیڕەو ناتوانێ یاسا قەید بکا، یاسا ناتوانێ دەستور قەید بکا، ئێ باشە ئەگەر هەر یاسایەك لە پەرلەماندا بتوانێ دەستور قەید بکا، دەستور تەعدیل بکا، دەستور بگۆڕێ، کەواتە ئیتر چ ئەهمیەتێکی هەیە دەستور بخرێتە

ریفراندۆمی گشتییەوە، کاتێك کە زۆرینەیەك لە پەرلەماندا بتوانێ یاسا هەموار بکا بە ئارەزووی خۆی و یاساکە ببێتە هۆی هەموارکردنەوەی دەستور، کەواتە دەستور هیچ گرنگیەکی نامێنێ، سەبارەت بەوەی ئەوە ئەفزەلیەتی هەیە من پێم وا نییە، چونکە لە پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەماندا نەهاتووە ئەم یاسایە، و لە پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەماندا نەهاتووە قوەتی قانونی هەیە، لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدا نەهاتووە پەیرەوی ناوەخۆی پەرلەمان قوەتی قانونی هەیە، بۆیە پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان قانون نییە، دەبێت رەچاوی قانونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکا، سەبارەت بەو تۆمەتەش ئاڕاستەی ئێمە دەکرێ کەوا ئێمە بە ئارەزووی خۆمان هەرچییەکمان بوێ لە پەیڕەو هەڵدەبژێرین و هەرچییەکمان بوێ لە قانون هەڵدەبژێرین، ئەمەش راست نییە، لە راستیدا تۆمەتێکی بێ بنەمایە، من بیری بەشێك لە سەرۆکی فراکسیۆنەکان دەهێنمەوە کە لە کاتی رۆژێك پێش هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی دانیشتبووین لە لیژنەی کاروباری ماددەی (١٤٠) لەوێ ئەوکات سەرۆکی کاتی پەرلەمان لەوێ دادەنیشت پێکەوە دانیشتبووین لەگەڵ راوێژکارەکانی پەرلەمان راوێژمان کرد، بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆ دەستەی سەرۆکایەتی پێویستی بە زۆرینەی سادە هەیە، بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێویستی بە زۆرینەی رەها هەیە، و پێویست دەکات هەڵبژاردنەکەش بە شێوەی نهێنی بێ، ئێمە پێداگریمان لە سەر ئەوە کرد کە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان جێبەجێ بکرێ، پەیڕەوی ناوەخۆ لەم کاتەدا موتەناقزە لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی هیچ ئیشکالێکمان بۆ دروست نەبێ، پێویست دەکات لەگەڵ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی بەپێی یاسای هەڵبژاردن دروست بکرێ، ئەوەش کە باست کرد سەبارەت بە خولی گرێدان لەوێ ئەم یاسایە پێش خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان دانراوە، عەفو یاسای پەرلەمانی کوردستان باس لەوە دەکا، پەرلەمانی کوردستان لە یەکەم دانیشتنەکانی خۆیدا خولی گرێدانەکانی خۆی دیاری دەکا، هیچ زۆرینەیەکی بۆ دیاری نەکردووە، پەرلەمانی کوردستانیش لە یەکەم دانیشتنی خۆی لە دوای ساڵی ١٩٩٢ خولی گرێدانەکانی خۆی دیاری کردووە، بە دوو خولی گرێدان بۆ ماوەی چوار مانگ بەو شێوە رۆیشتووە، سەبارەت بەو پرسیارەی کاك باپیر کە بەداخەوە خۆی رۆیشتە دەرەوە، چاوەڕێی نەکرد وەڵامی پرسیارەکەی ببیستێتەوە، بەڕێزان سەیری ماددەی (٥٣)ی برگە (١)ی پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان بکەن، ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بۆیان هەیە لە دانیشتنەکانی پەرلەمان ئامادەبن و لە گفتوگۆکانی دا بەشداری بکەن و لە دانگداندا بەشدار نابن، تەنها ئەوەی ئەندام بێ تیایدا، یەعنی وەزیرەکانی کابینەی حکومەت دەتوانن بەشداری دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان بکەن، بەڵام ناتوانن بەشداری بکەن لە دەنگدان، جگە لەوانەی کە ئەندامن لە پەرلەمانی کوردستان بۆیان هەیە گەورە فەرمانبەرانی وەزارەتەکانیان بهێنن بۆ پشت پێ بەستنیان بە مۆڵەتی سەرۆك بەبێ ئەوەی مافی قسەکردنیان هەبێ، شتێکی موتەبەعیشە لە سیستەمی پەرلەمانەکانی دونیا کە پەرلەمانتار دەتوانی وەزیر بێ و پۆستی پەرلەمانتاریشی بمێنێتەوە، بەشی دووەمی قسەکانی د. فرسەت ئەوە بوو کە لێگەڕێن لە هەموو ئەوانە ئەگەر ناکۆکیەکیش هەبێ

لەمەدا، بەڵام ئێستا ئێمە وەكو سەرۆك یان ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان مافی ئەوەمان هەیە كە ئەم پەیڕەوە هەموار بكەین و داوای هەمواركردنی ئەم پەیڕەوە بكەین، فەرموو خاتوو امنە،

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر دیڤ ئاخافتنا جەنابێتە بی، من پرسیارەكا هەی، ئەگەر هاتو ماددەی (٧٠)ی پەیڕەوی ل گوڕ یاسایا گوڕ ماددەی (٥٠) بڕگە ئێكی دێتە تەنفیزكرن، یان دیڤ پەیڕەوی د بیتن ماددەی (٧٠)ی پەیڕەوی،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با جارێ هەموارەكردنەكە بكەین ئەو كاتە قسەیەكی لێ دەكەین، فەرموو خاتوو امنە،

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نا، ئاخر ئەوە مەوزووعە، ئەگەر وەرگرتنە باوەڕییا ژ وەزیرە ژی دوو سەر سێ بیتن یان ژ زۆرینە بیتن،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵامم دانەوە، ئەم پەیڕەوە راستە ناكۆكە لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، بەڵام تا ئەو كاتەی هەموار دەكرێتەوە كار بە پەیڕەوەكە دەكرێ، چونكە ئێمە لە عێراقدا كار بە مەبدەئی رەقابەی دەستوری (لاحق) دەكەین، چونكە ئێمە لە عیراقدا كار بە مەبدەئی رەقابەی دەستووری لاحیق دەكەین، واتە یاساكان دەردەچن، بڕیارەكان دەردەچن، دوایی دەتوانرێت تەعن لە دروستیان بدرێت.

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخێر ئەڤە زێدەیە لە خولا پەرلەمانی، ئەگەر هاتو ئەو ڕاز ڤەكرنا ڤە جانبێ ژی بێژیتن گرێدان لە خولە پەرلەمانی بێتە درێژكرن ، دیسان ماددەی حەفتەم دەمێنێتن، پرسیارا من ئەوە ماددەی پێنج بڕگە ئێكێ دێتە تەنفیز كرن یان پەیڕەوی؟ دڤێت ئەوە بۆ من وازح نینە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باسمان كرد، وتمان ئێستا ئەوە تەعدیل بكەین، ئەگەر تەعدیل بوو، بەپێی تەعدیلەكەی بڕیاری لەسەر دەدەین، ئەگەر نا ئەوكاتە پەیڕەو جێبەجێ دەكەین، دكتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە پەیوەستە بە یاسای بوونی پەیڕەوی ناوخۆ یاسایە یان یاسا نییە، لەبەرئەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئەسەری هەیە بۆ سولتەی تەنفیزی و، هەندێكجار ئەوەی پەیوەستە بە مەسەلەی حەسانەو ئەوانە بۆ سولتەی قەزائیش یەعنی ئەو پەیڕەوەی ئێستا لەبەر دەستی ئێمەیە وەكو نیزام داخلی وەزارەتێك یان نیزام داخلی دیكەی ئاسایی نییە، ئەوە دەتوانم بڵێم نە قانونە (بالامتیاز قانونیشە).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هیچ بەڵگەیەكی یاساییت بۆ ئەم قسەیەت هەیە؟.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخر بەڵگەكە محتەوای پەیڕەوەكەیە، قوەتی قانونی پەیڕەوەكەیە، ئەسەری قانونەكەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەیارمەتیت، بەیارمەتیت.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەیڕەوەك بتوانی (رئیس وزراء) ئیستیقالە پێ بكات، ئەی چ لە قیمەتی قانونی ئەوە زیاترە، مەسەلەن بە بەراورد لەگەڵ قانونەكانی تر ئەوە یەك، ئەگەر روخسەت بدەی تەواوی بكەم، خاڵی دووەم ئەوەیە كە ئەگەر بێت و لە ئێستاوە بڕیارمان دا ئەو پەیڕەوە قوەتی قانونی نەبێ، یان وا لە شەئنی كەم بكەینەوە، ئێمە كێشەی گەورەتر لە داهاتوو دروست دەكەین ئەوەی كە امنە خان باسی كرد، بۆ نموونە لە هیچ شوێنێكی دونیا نییە (رئیس وزارء) بە زۆرینەی ئامادەبووان سەحبی سیقەی لێ بكرێت، ئەگەر ئەم پرەنسیپەی جەنابت باسی دەكەی لەسەر تەمدیدی فەسلی تەشریعی سەپاندمان، بەكارمان هێنا، ئەمە ڕاست دەبێت بۆ حاڵەتەكانی تریش، بۆیە پێشنیار دەكەم جەنابت دەسەڵاتێكی قانونیت هەیە، هیچ كێشەیەكی قانونیشی لەسەر نییە، بۆیە تیكراری دەكەمەوە با واز لەوە بێنین، ئایا پەیڕەو قانونە یان قانون نییە، یان دوو لەسەر سێیە یان زۆرینەی ئامادەبووانە، نەسی ماددەی ٩٤ جەنابت حەقی قانونیت هەیە بەكاری بهێنە با دەنگی بۆ بدەین، تەعدیلی بكەین یان تەعدیلی نەكەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆرباشە منیش وام وت، وتم واز لەم ناكۆكییە قانونییە دەهێنین، بەڵام تەنها دەمەوێت یەك ڕوونكردنەوە بدەم بە جەنابت دكتۆر فرست، دەسەڵاتەكانی پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆو بانگێشت كردنی حكومەت بۆ لێپرسینەوە لەسەرۆكی حكومەت و جێگرەكەی، وەزیرەكانی حكومەت بۆ ئیقالە كردنیان سەرچاوەكەی، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانە، لە یاسا هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان بە دوورو درێژی باسی ئەو پرسانەی كردووە و، یەك بەیەك باسی كردووە، مەسەلەی پرسیاری باس كردووە، مەسەلەی ئیقالە كردنی دەست لە كار كێشانەوەی حكومەت و وەزیرەكانی باس كردووە، قوەتی قانونی نیزامی داخلی لەناو ئەو مەوزوعانەی كە جەنابت باست كرد، چ پەیوەندیدارە بە یاسا دانان، چ پەیوەندیدارە بە ئەو دەسەڵاتانەی كە بەسەر سەرۆكی حكومەت هەیەتی لە یاساكە وەری گرتووە، گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی مەسەلەی هەرەمی قانونی زۆرباش دەزانین، کە چۆن دەستوور و قانون و جا سیستەم و تەعلیمات، ئەوە پێم وایە ئەلف و بای قانونە، بەڵام سەبارەت بەوەی کە خاڵی بەهێزی پەیڕەوی ناوخۆ چییە، ئەوەیە کە ئەندامی پەرلەمان دەنگی داوەتێ، یەعنی ئەمە پەیڕەوی ناوخۆ ڕێکخراوێك، موئەسەسەیەك نییە، بەڵکو نوێنەری خەڵك بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی کە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، لەم موئەسەسەیە دەنگی داوەتێ، کەواتە خاڵی بەهێزی ئەوەی کە پێی بوترێت ئەمە یاسایە، لەبەرئەوەی لەناو موئەسەسەی پەرلەمانەو ئەندامانی پەرلەمان موناقەشەیان کردووە، دەنگیان داوەتێ، بۆیە ئەوە هیچ قوەتی قانونی لە غەیر قانونەکی تر کەمتر نییە، بەڵام لە چوارچێوەی کاری پەرلەمانی دایە (قانونێکی خاصە)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەمە سوپاس بۆ جەنابت، یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانیشمان هەیە، هەر بەپێی یاساکەی ئەنجومەنی وەزیران بە دەنگدانی خۆی نیزام بۆ خۆی دادەنێ، ئەگەر بەمشێوەیە بێ هەموو دەنگدانێك ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەو نیزام داخلیەی کە دەنگی بۆ دراوە ببێتە قانون، ئەوە نیزام داخلی حکومەتیش یەعنی ئەوە پەرلەمان کاتێك کە دەنگی لەسەر ئەوە داوە بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی خۆی بووە، وەکو چۆن هەموو موئەسەسەیەك پێویستی بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی خۆی هەیە، بەمشێوەیە بووە، بەڵام نابێ ناکۆك بێ لەگەڵ یاساکە، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێکی تر بیرت دێنمەوە کە قسەکانی منت ناولێنا تۆمەت، لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمان داوامان کرد لیژنەیەك بۆ ناوچە جێناکۆکەکان دروست بکرێت، دەیەها جار قسەت کرد وتت نابێ، ئەمە ئیلا دەبێ بچیەوە پرۆژەیەك بنووسی و پێشکەش کرێ، کاکە ئەمە پەیڕەوە بەم ئسلوبە هەموار دەکرێ، تەرح دەکرێ ئەندامانی پەرلەمان نەتهێشت هەتا چووین پرۆژەیەکمان نووسی پیشکەشمان کرد، خوێندنەوەت بۆ کرد ئەوجا موناقەشەت کرد، ئێ خێرە ئەوەیان ئەوها تەفسیر دەکەی؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران هیوادارم پابەند بی بە چۆنیەتی قسەکردنی لەناو پەرلەمان، کاکەو ئەو شتانە بەرامبەر بە سەرۆکی پەرلەمان بەکار نایێ، لە دەرەوەی پەرلەمان من و تۆ برادەرین، هەر لەفزێك بەکاریدەهێنی دەتوانی، بەڵام لێرە دەستەیەکی سەرۆکایەتی هەیە، دەبێت ڕێزی دەستەی سەرۆکایەتی بپارێزی، کاك رابون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتی گفتوگۆکەمان گرینگە، چونکە پەیوەندی بە درێژکردنەوەی ئەو خولەی تەشریعی پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە، من پێشنیار دەکەم بە دەق، بە کەلیمە پشتگیری قسەکانی دکتۆر فرست دەکەم، کە یاساناسێکی باشەو لە دڵسۆزی خۆشیەوە بۆ پەرلەمانەوە ئەم پێشنیارەی کردووە، بۆیە موناقەشەکەمان سەر لە پەرلەمانتارەکانی تریش تێك نەدات، کە بەتەمای چین، خۆی ئەگەر زۆرینە نەهێنێ درێژکردنەوەی تەعدیلەکە، ئەوەی تریش زۆرینە ناهێنێ، کەواتە بۆ ئەو موناقەشەیە بابەتی ئەسڵەکە بەناڕێیە بەرێ، بۆیە وەك خۆی پشتگیری قسەکانی بەڕێز دکتۆر فرست دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شوکریە خان فەرموو.

**بەڕێز شوکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە هەموار بکرێتەوە، هەموار کردنەوەکەش بەم شێوازەی درێژکردنەوە بە تەنها کەلیمەی درێژکردنەوە لێرە هاتووە، بەڵام ئێمە بۆ نموونە ئەمساڵ و دوو ساڵێ داهاتووش هەر دەکەوێتە ناو مانگی رەمەزانەوە، بێگومان زۆربەی پەرلەمانتاران پێیان باشە کە مانگی رەمەزان پشوو بێ، مانگی دوای رەمەزان ئیتر دەست بکەینەوە بە کار، بۆیە من پێم باشە ئەگەر هەموار بکرێتەوە بەمشێوازە درێژکردنەوە یان کەم کردنەوەی پشوو، ئەگەر وشەی کەم کردنەوەی لەگەڵ دابنێی ئەوە دەتواندرێت بەشی دووەمی پشووەکە دەوام بێ و بەشی یەکەمی پشوو بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شوکریە خان هیچ شتێك لەناو نیزامی پەرلەمانی کوردستانەوە نەهاتووە بەناوی پشوو، بۆیە ناتوانین باس لە پشوو بکەین، بەڕێز کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان، باشتروایە سەرۆکایەتی بەڕێز برێك بە دیقەتر بن، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی ئیدارەدانی جەلسە بەپێی بەرنامەی کار، ئەوەی پەیوەندی بە تێبینی برای بەڕێزمان گۆران ئازادەوە هەبوو، سەبارەت بە هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ جەنابتان فەرمووتان لە جەلسەکانی پێشووی پەرلەمان، کە ئێمە داوامان کرد لیژنەیەك ئیستحداس بکرێت، کاتێك گفتوگۆ لەسەر بڕگەی پێکهێنانی لیژنەکان بوو، جەنابتان فەرمووتان کە دەبێ بە پرۆژە بێ، بۆیە ئێمەیان ناچار کرد پرۆژە پیشکەش بکەین، خوێندنەوەی بۆ بکرێت ئینجا لەسەر ئەم مەسەلەیە بچینە بواری گفتوگۆکردنەوە، بەڵێ بەڕێزتان حەقتان هەیە پێشنیاری گۆڕینی هەر بڕگەیەکی پەیڕەوی ناوخۆ بکەن، بەڵام لەسەر بنەمای

پرۆژە، من دوو پرسیاری جدی لە جەنابت دەکەم، ئەو بەرنامەی کارەی کە ئێستا لەبەر دەست دایە، ئەگەر میزاجیەت نەبێ مەسەلەی گفتوگۆکردنی لەسەر لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو بارودۆخی ناوچە جێ ناکۆکەکان، کە دواین برگە بوو لە بەرنامەکانی پێشووی پەرلەماندا، بۆ لێرەدا برگەی یەکەم نییەو کەوتوەتە برگەی پێنجەم؟، خاڵێکی تر پرسیاری دووەم لە برگەی دووەمە، قبوڵ کردنی دەست لە کارکێشانەوەی برای بەرێزمان مولود باوەمراد، چۆن خرایە بەرنامەی کارەوە؟، کە خستووتە بەرنامەی کارەوە چۆن بە تەنها بە سەلاحیەتی خۆتان بە چ برگەیەکی پەیرەو، ئەگەر ئەمە پشت ئەستوورە بە ماددەی ۳۳ و ۳۵ لە پەیرەوی ناوخۆ بخرێتە بەرنامەی کارو بۆ دەست لە کارکێشانەوە، بە چ سەلاحیەتێك خۆت بریار دەدەی کە لە بەرنامەی کار دەیخەیە دەرەوە؟ هیوادارم وەڵام وەرگرم.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵامی پرسیارەکانت دەدەمەوە بەرێز کاك سالار، واز لەو نەسیحەت و نەسیحەتکارییە بهێنن بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، ئێمە ئەرکەکانی خۆمان باش دەزانین، ئێمە سەلاحیەتی خۆمان باش دەزانین، ئەزانین چۆن مومارەسەی دەکەین، ئەگەر تۆ رەخنەیەکت هەیە لەوەی ئێمە کەوا سەلاحیەتی خۆمان بەکاردەهێنین، دەتوانی بەپێی پەیرەو رەخنەمان لێ بگری، نەك هەر لەخۆتەوە تۆمەت ببەخشی، میزاجیەت نییە برای بەرێزم کاك سالار نەك هەر لە خۆتەوە تۆمەت ببەخشیتەوە، میزاجیەت نییە برای بەرێزم، کاك سالار، ماددەی ٣٤ بەرێزان، سەبارەت بە مەسەلەی ئەوەی کە بۆچی ئەم بابەتەمان خستە پێش بابەتی راپۆرتی پێشمەرگە، چونکە رەنگە ئەو بابەتە زۆر درێژە بکێشێ، ئێمە خولی گرێدان درێژ نەکەینەوە، رەنگە ئەسڵەن نەتوانین بە بریارەوە دەرچین لە پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بەو کێشانەی کە لە ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان هەن، بۆیە بە باشمان زانی ئەم بابەتە یەکلابکەینەوە بۆ ئەوەی ئەگەر تەنانەت گفتوگۆکانمان درێژ بوویەوە، وەکو چۆن گفتوگۆکانی جاری پێشوومان لەسەر راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان، بۆ ئەوەی ئەو کات بتوانین بەردەوام بین لە گفتوگۆکردنی، سەبارەت بەوەی کە تۆ باسی ئەوە دەکەی چۆن ئێمە ئەو داوایەی بەرێز (مولود باوە مراد)مان پەسند کرد، ئەوە جەنابت دەتوانی بگەرێیتەوە ماددەی ٣٤ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، کە باس لەوە دەکات (ئەندامی دەست لە کارکێشاوە بۆی هەیە بگەرێتەوە لە دەست لەکارکێشانەوەکەی بە داواکارییەکی نووسراو کە پێشکەشی سەرۆکی پەرلەمانی دەکات، بە پێی ئەو دەسەڵاتەی ئێمە بەکارمان هێناوە، کێی تر؟ د. ڤاڵا، فەرمووو، با قسەکانی بکات، داواکارییەکەی ٢٦ی مانگ، فەرموو.

**بەرێز د. ڤاڵا فريد إبراهيم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

روونکردنەوەی لیژنەی یاسایی بۆ کۆتایی هێنان بەو جەدەلە یاساییەی کە دروست بووە، ناکۆکییەك هەیە لە نێوان یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و نیزامی داخیلی پەرلەمان، بیدایەتەن ئەوەی کە لە یاسای ساڵی ١٩٩٢دا هاتووە، ئەوەیان یاسایە و، ئەوەی کە لە نیزامی داخیلیش دا هاتووە ئەویان نیزامە، بە

پێی تەدەروج لە هەر برگەیەك و هەر ماددەیەك كە لە نیزامی داخیلی دا دێت، ئەگەر بێت و پێچەوانە بێت لەگەڵ یاساكەی سەرەوەی خۆی، بوون و نەبوونی وەكو یەك وایە، واتە بوونی وەكو ئەوە وایە كە نەبێت، ئەوە لە حاڵەتی یەكەم، حاڵەتی دووەم/ ئەگەر باسی ئەوە بكرێ كە گوایە (الخاص يقيد العام)، ئەوەلەن/ دەبێ یەك مەوزووع بن، دووەمیش دەبێت یاساكان لە یەك مەرتەبەدا بن، كاتێك دەتوانێ نیزامی داخیلی پەرلەمانی كوردستان قەیدی ماددەی (٥٠) بكات، ئەگەر بهاتایە لە جێگای موستەڵەحی قانون موستەڵەحی تەشریع بەكار هاتبایە، چونكە نیزامی داخیلی بە تەشریعێكی فەرعی دادەنرێ، ئەگەر ماددەی (٥٠) ڕێگای داباینە و نەیگوتبا بە پێی یاسا، لە هەر یاسایەكی تر كە هەیە دەتوانرێ ئەو ماددەیە تەقید بكرێ، ئەوا لێرەدا وشەی تەشریع لە جێگای قانون بە كار دەهات و، نیزامی داخیلی دەمانگوت تەشریعێكی فەرعی یە، پەیوەندیدارە بە پەرلەمانی كوردستان و، ئەو تەشریعە فەرعی یە بۆی هەیە قەید بكات، بەڵام لە ماددەی (٥٠)دا موستەڵەحی قانون، موستەڵەحی یاسا بە شێوەیەكی ڕوون و ئاشكرا بەكار هاتووە، (إذن) ئەو ماددەیە تەنها ڕێگای قەید دەدا بە یاسا كە لە مەرتەبەی خۆی دابێت، بۆیە ئەوەی كە پێشنیاز كراوە لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتی لە ڕووی یاساییەوە موتابیقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سۆران عمر، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم كێشە و ئیشكالییەتە هەر لە ماددەی ٧ نییە لە پەیڕەو، بەڵكو ماددەی (٥٤)ی یاسای هەڵبژاردن تەواو ناكۆكە لەگەڵ ماددەی (٦٥) لە پەیڕەوی ناوخۆ، ئەوەی كە ئێستا مەسئەلەی پرسیار كردنە، هیوادارم ئەم ئیشكالە بتوانین چارەسەری بكەین، چونكە ئەگەر هەیە هەر بە یاسای هەڵبژاردن ماددەی (٥٤) خاڵی (٢) كە دەڵێ (چواریەكی ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە داواكاری و هۆكار پێشكەش بكەن بۆ بڕوا لێسەندنەوە لە ئەنجومەنی جێبەجێ كردن، ئەوە ڕێك ئەوەیە كە خاتوو آمنة باسی كرد، لە ماددەی (٧٠) جارێكی تر تووشی ئیشكال دەبینەوە لەوێ، ئایا بە دەنگی چەند لەسەر چەند ئەو متمانەیە پەسند دەكرێ؟ پرسیار كردنەكانیش كە لە ماددەی (٥٤) خاڵی (١) هەیە حەوت ڕۆژە، لە ماددەی (٦٥) پانزە ڕۆژە، ئەوە ئێستا خۆمان كاری پێ دەكەین، هیوادارم موعالەجەیەكی باشی ئەم ناكۆكییانە بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆربەی ئەو خاڵانە لەوە دەچێ لە هەموار كردنی پەیڕەوی ناوخۆدا موعالەجە بكرێ، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ماددەی (٧)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان هەموار بكرێتەوە و بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە (پەرلەمان بۆی هەیە ماوەی گرێدانی هەریەك لە دوو خولەكە درێژ بكاتەوە بۆ ماوەیەك كە لە یەك مانگ زیاتر نەبێت، ئەویش بۆ تەواو كردنی ئەو ئەركانەی پێویستییان كردووە خولەكە درێژ بكرێتەوە)، كێ لەگەڵییەتی با دەست بەرز بكاتەوە؟ خستمانە دەنگدانەوە، نوقتەی

نیزامی خۆتت وەرگرت، کێ لەگەڵییەتی؟ لە کاتی دەنگدان دا نوقتەی نیزامی نییە، کێ دەنگی پێ دەدا با دەستی بەرز بکاتەوە؟

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ درێژ کردنەوەی ئیسناد لەسەر یاساکە بکە پێویست بە تەعدیل ناکات، ئەصڵی بابەتەکە لێرەیە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڤالاّ، ئێمە کێشەیەکمان هەیە کە ئەویش بریتی یە لەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیش دەرچووە، کاری پێکراوە، هەموو تەعنێك لە یاسایی بوونی پێویست دەکات لە مەحکەمە بدرێ، یان پێویست دەکات هەمواری بکەین، ئەو کێشەیەمان هەیە.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك دەستەی سەرۆکایەتیمان هەڵبژارد کارمان بە یاساکە کرد، کارمان بە پەیڕەو نەکرد، تەعدیلیشمان نەکرد، دەتوانی کار بە یاساکە بکەی بە موباشیری.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا چەند دەنگ بوو؟ نا تەواو بوو، دەنگ دراوە، کێ لەگەڵی نییە؟ (٥٢) کەس لەگەڵی نییە، کەواتە ئەو هەموارکردنە پەسند نەکرا، بەڵام دیسان ئەوە ئیشکالی یاساییمان هەیە لەوەی کە ئەو بڕگەیە ناکۆکە لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەڵێ د. فرست، فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو کاتە ئەو قسەیە زۆر دروستە ئەگەر بێت و ناکۆکی هەبێ لە نێوان پەیڕەوی ناوخۆ و یاسای پەرلەمانی کوردستان، ئەولەویەت بۆ یاسای پەرلەمانی کوردستانە، لە نێوان ماددەی (٥٠) فەقەرەی (١) لەگەڵ ماددەی (٧) هیچ ناکۆکییەك نییە، تەنها تەحویلی کردووە..

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. فرست ئەوەمان باس کرد، تەواو، ئەوەمان باس کرد کۆتایی پێهات، ئێستا دەچینە سەر ئەو داواکارییانەی کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە هاتوون، بۆ درێژ کردنەوەی خولی گرێدان، بەڕێزان ئێوە ئاگادارن لەم کاتەی کە ئێمە ئێستا دانیشتووین، ئێمە ٢ مانگە خولی گرێدانی دووهەممان دەست پێکردووە، لە کاتێك دا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان خولی گرێدان ٤ مانگە، ئێمە ٢ مانگە خولی گرێدانی دووهەممان دەست پێکردووە، خولی گرێدانی یەکەممان ئەسڵەن نەبەست، ئەوە جگە لەوەی کە لەم کاتەدا ئێستا کۆمەڵێك قەیران لە ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان هەن، کە پێویستیان بە بەدواداچوونی کاری پەرلەمانی هەیە، لە هەمان کات دا کۆمەڵێك قەیران لە

ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش هەیە، کە تایبەتە بە بارودۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان، هەروەها تایبەتە بە قەیرانی بەنزین و سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان دا، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە دوو نووسراو لە فراکسیۆنە جیاجیاکان داوای درێژکردنەوەی خولی گرێدانیان کردووە، ئەوەی کە لای منە، لە فراکسیۆنی پارتی، لە فراکسیۆنی گۆڕان، لە فراکسیۆنی یەکگرتوو، لە فراکسیۆنی کۆمەڵ ئیمزایان لەسەر ئەم نووسراوانە کردووە، بۆ درێژکردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی ئەمەی کە لای منە، لە فراکسیۆنی پارتی، فراکسیۆنی گۆڕان، فراکسیۆنی یەکگرتوو، فراکسیۆنی کۆمەڵ، ئیمزایان لەسەر ئەم نووسراوە کردووە بۆ درێژکردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی...... ، بەڵێ لیستی سەوزیش ژمارەیەك لە ئەندام پەرلەمانەکانی ئیمزایان لەسەر کردووە لە دیوی دووەمی ئەم ئیمزایانە بوو، کەواتە لە زۆربەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان داوای درێژکردنەوەی خولی گرێدانی دووەم کراوە بۆ ماوەی مانگێك بۆیە ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە خولی گرێدانی دوووەم درێژ بکرێتەوە، بۆ ماوەی مانگێك، دەستتان بەرز بکەنەوە ئەوانەی کە دەنگ دەدەن، دەستتان خۆش، ٧٧ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ٨ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، زۆر سوپاس بۆ ئێوە، بەڕێزان دەچینە سەر خاڵی ٥ لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە گفتوگۆ کردن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر سەبارەت بە دۆخی ناوچە کوردستانیە جێ ناکۆکەکان، پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆ کردن بکەین لەسەر ئەم تەوەرە، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان کە بریتین لە ٢٨ ئەندام پەرلەمان داوایان کردووە بە پێی ماددەی ٩ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆ کردن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی پێشمەرگە بە نهێنی ئەنجام بدرێ لە پەرلەمانی کوردستان، فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابێ تە موبەررەك دەرێخست کو ڤێ درێژێ بدرێتە بابەتێ، هەرچەندە مە تەوقیع کری، ئەز مەسئولین بەرامبەر ڕاگەیاندنێ، بەس هەوا مە ختیە شەرمێ مە دەستێ خۆ بلند کر و مە تەوقیع کر، جەنابێ تە گۆتی اعتبار رۆیشتنا مە بەرێ دوو هەیڤا دەست پێ کری، مە جەلساتی حساب نەکر، مادام بۆچی درێژ خایەن دوو هەیڤێ دی دەواما خۆدکەن، پشتێ هەنگی عوتلا دەدەنە مە دوو هەیڤا، ئەم پشتی دوو هەیڤێ ئیجازا خۆ دێ وەرگرن، ئەم دێ بەردەوام هەیڤا دەواما خۆدا چار هەیف ب دوو هەیف، نزانم ئەگەر تێ گەهەشت بن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ابراهیم لەناو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان شتێك نییە بەناوی پشوو، تا پشوو وەربگرین و مانگێ بێ و دوو مانگ بێ، ئەوەی کە هەیە خولی گرێدانە ٤ مانگە، ئێمە ئێستا دوو مانگ خولی گرێدانمان بەستووە،

لەبەرئەوە مانگێکمان درێژ کردەوە بۆ ئەوەی سێ مانگ بێ، دوای ئەوە خولی گرێدان تەواو دەبێ، لیژنەکان لە مانگی ٨ دا کاروباری خۆیان ئەنجام دەدەن، پشوو نییە و هەر لە ئێستاوە وا مەزانن پشووە، پشوو نییە، لیژنەکانی پەرلەمان کاری خۆیان دەکەن، ......... .

**بەڕێز د.ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە سەرۆکی پەرلەمان، ئەم دێ ئیجبارێ کەمتر دهینە خارێ، باشە بەلکی زەرفەکی هات، بەلکی زەرفەکی دی هات، لە هەمی دەولەتا دی زورفێت تاری، حالەتا هەی پەرلەمان جەلسەکی داخاز کر بینە خارێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگدانی لەسەر کرا، ئەو بابەتانەی کە دەنگدانی لەسەر دەکرێ گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، ئێستا ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردووە کە وتوێژ کردن لەسەر ڕاپۆرتی پێشمەرگە بە نهێنی بێت، کێ لەگەڵیەتی، ٨٠ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟؟ کەس دژی نییە، کەواتە پەسەند کرا، ئێستا ئیتر دانیشتنەکەمان دەبێ بە نهێنی، تکایە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پەرلەمان بەجێ بهێڵن و هەموو ڕاوێژکارەکانیش هۆڵی پەرلەمان بەجێ بهێڵن، داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر، دەستەی سەرۆکایەتیەکانیان بابێنە سەر مەنەسە.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤\٦\٣٠**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/٣٠

کاتژمێر (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/٣٠ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (١٢)ی خولی چوارەمی, ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٢)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبـژاردن لە کات (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/٣٠ دا بەم شێوەیە بێت:

١- بەردەوامبوون لەسەر گفتوگۆ کردنی ڕاپۆرتی (لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی و، لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و، لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر) سەبارەت بە دۆخی ناوچە کوردستانییە جێناکۆکەکان.

٢- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠و، ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

٣- خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژە بڕیارو یاسایانەی خوارەوە لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق:

١-پرۆژە یاسای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

٢- پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی (٢ پرۆژە).

٣- پرۆژە یاسای ئەنجومەن و دەزگای کاروباری دانوستان.

٤- پرۆژە یاسای چاودێری کردنی ناکامەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠ی هەموار کراو.

٥- پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوك.

٦- پرۆژە یاسای دەستەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری گوندەکانی کوردستان.

٧- پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای سندووقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٢.

٨- پرۆژە یاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان.

٩- پرۆژە یاسای تایبەت بە کورتە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکە دەست پێ دەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٢)، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٦/٣٠، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (١٠,٣٠)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/٣٠دا بەم شێوەیە بێت:

١- بەردەوامبوون لەسەر گفتوگۆ کردنی ڕاپۆرتی (لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی و، لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و، لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر) سەبارەت بە دۆخی ناوچە کوردستانییە جێناکۆکەکان.

٢- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠و، ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

٣- خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژە بڕیارو یاسایانەی خوارەوە لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق:

١-پرۆژە یاسای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

٢- پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی (٢ پرۆژە).

٣- پرۆژە یاسای ئەنجومەن و دەزگای کاروباری دانوستان.

٤- پرۆژە یاسای چاودێری کردنی ناکامەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠ی هەموار کراو.

٥- پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوك.

٦- پرۆژە یاسای دەستەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری گوندەکانی کوردستان.

٧- پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای سندووقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٢.

٨- پرۆژە یاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان.

٩- پرۆژە یاسای تایبەت بە کورتە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان.

دوێنێ ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان داوای ئەوەیان کرد کۆبوونەوەکە سەبارەت بە تەوەری یەکەمی ئەمڕۆ، پێموا بێت تەوەری پێنجەمی دانیشتنی دوێنێ بوو بە نهێنی بێت، بۆیە بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ کردن سەبارەت بە دۆخی ناوچە کوردستانییە جێناکۆکان.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٢)، ڕۆژی دانیشتن ٦/٣٠/ ٢٠١٤.

خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار بریتییە لە خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠١٠ و ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەپێی ماددەکانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، داوا لە سەرۆکایەتی لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەکەین کە بێنە سەر مەنەسە، بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسا پێشنیاز کراوەکان، و ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکان، لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی، لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان، بەڕێزان فەرموو دوو پرۆژە یاساکە و ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان بخوێننەوە، فەرموو کاک سالار.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئێمە لەسەرەتای خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان دوو پرۆژە یاسا لە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، بە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی هاتۆتە بەردەست لیژنە پەیوەندیدارەکان، هەریەکە دوو ڕۆژی فەرقە لە مانگی پێشوودا هاتووە، دیارە ئەوەی ئاگادار بین، بە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پرۆژەیەکی تری یاسایی پێشکەش کراوە، بەڵام تا ئێستا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکراوە، لەسەر ئەو بنەمایە لیژنە پەیوەندیدارەکان بە هاوکاری لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد، بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك زانیاری و ڕوون کردنەوەی پێویست کە سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ خەڵکی مەعنی لە دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتێکی گرنگیان ئامادە کردبوو، ئێمە لە کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەکاندا سوودمان وەرگرت لەو تێڕوانینانەی کە خەڵکانی چالاکی مەدەنی، و چالاکوانانی بواری تر کە مەعنین، و موهتەمن بە ڕێکسختنی خۆپیشاندان بە شێوازێکی یاسایی، سوودمان لە تێروانینەکانیان وەرگرت، لە هەفتەی پێشووشدا لە ڕێگەی

لیژنەی یاساییەوە خۆشبەختانە نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ هاتنە پەرلەمانی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی تێر و تەسەلمان لەگەڵ کردن، و بیر و بۆچوونی ئەوانمان وەرگرت، بەلأم دواجار ڕاپۆرتێك ئامادە کراوە، پێم خۆشە خوشکی ئازیزمان دکتۆرە ڤالاً لەسەر ڕاپۆرتەکە، و هەر سەرنجێك هەبێ حەزم کرد پێش ئەوەی بچینە چوارچێوەی هەر دوو پرۆژە یاسای کە هەموارەکە یان ڕاپۆرتەکە ئامادە کراوە، ئەم ڕوون کردنەوانە بدەین، پێشم خۆشە لەسەر ڕاپۆرتەکە بەرێز دکتۆرە ڤالاً ڕوون کردنەوەی خۆی بدات، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە ڤالاً

**بەڕێز د. ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ڕاپۆرتێکی هاوبەش ئامادە کراوە لەلایەن هەرچوار لیژنەی پەیوەندیدار بە بابەتەکە کە پرۆژە یاساکەیان بۆ ڕەوانە کراوە، و دوو کۆبوونەوە ئەنجام دراوە، لە کۆبوونەوەی ئەخیر کە ئەنجام درا بە ڕێژەی یاسایی ئەندامانی هەرچوار لیژنەکە ئیتیفاق کرا لەسەر چەند خاڵێکی دیاری کراو، و خاڵەکان هەمووی لە ناو ڕاپۆرتەکە جێگیر کراوە، و بەشی زۆری ئەندامانی پەرلەمانیش توقیعیان کردووە، و ئەو ڕاپۆرتەی کە ئامادە کراوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو دوو پرۆژە یاسایە بووە کە پێشکەش کراوە لە لایەك، و لەلایەکی تریش لەسەر ئەو خاڵانە بووە کە لە کۆبوونەوەی هاوبەش دا ئیتیفاقی لەسەر کراوە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بۆ خوێندنەوەی پرۆژە یاساکان، و ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەکان

**بەڕێز د.ڤالاً فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پرۆژە یاسای یەکەم

پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠١٠ ی ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان پێشکەش کراوە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان:

١ هەورامان حمە شریف

٢- نجیبە لطیف

٣- شوکریە اسماعیل

٤- حسین اسماعیل

٥- عمر مصطفی

٦-سۆران عمر

٧- فخرالدین قادر

٨- علی حمە صالح

٩- برزۆ مجيد

١٠- ئومێد حمه على

١١- قارەمان قادر

١٢- ڕۆزا محمود

١٣- جوان اسماعيل

١٤- حسن صالح

١٥ محمود عمر

و پرۆژە یاساکە بەو جۆرەیە:

ناوی پرۆژە  (پرۆژەی هەموار کردنی یاسای خۆپیشاندان)

ماددەی یەکەم

لە برگەی سێیەم وشەکانی (ماوەیەکی دیاری کراو لابرێت و ببێتە (ئاساییە)

ماددەی سێیەم

١ هەموار کردنی بڕگەی یەکەم لە ماددەی سێیەم بەم شێوەیە

أ – ئەگەر خۆپیشاندان لە ئاستی سەرتاسەری هەرێم دا بوو، وەزیر ئاگادار ئەکرێتەوە

ب- ئەگەر خۆپیشادان لە یەکە کارگێریەکان بکرێ، بەرپرسی یەکەی کارگێری ئاگادار ئەکرێتەوە لەو خۆپیشاندانە

خاڵی دووەم:

لابردنی بڕگەکانی دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، و زیاد کردنی بڕگەیەك بۆ ئەو ماددەیە کە باس لە پێناسەی  خۆپیشاندانی لەناکاو ئەکات

چوارەم:

خۆپیشادانی لەناکاو: بریتییە لەو خۆپیشاندانەی کە لەبەر پەلەیی و کتوپڕی ڕووداوێك فرسەتی ئاگادار کردنەوەی لایەنی پەیوەندیداری لەگەڵ نییە، بە هۆکارێکی تایبەت دروست ئەبێت، پێشتر هیچ بەرنامەیەکی بۆ دانەڕێژراوە، و ڕێکخەرەکانی دیار نین

ماددەی چوارەم هەموار ئەکرێ بەم شێوەیە:

١ لەکاتی خۆپێشاندانی کتوپڕ بێ ئاگاداری کردنەوە، یەکە کارگێڕییەکان و پۆلیسی مەدەنی ئەرکی پاراستنی بنکە حیزبی و حکومی و سامانی گشتی و تایبەتیان لە ئەستۆیە،

٢- پێویستە خۆپیشاندان ئاشتیانە بێ و دووربێ لە کاری توندوتیژی

٣- ئەبێ دەزگاکانی پۆلیس خۆپیشاندەران بپارێزن

ماددەی حەوتەم:

بڕگەكانی یەكەم و دووەم وەكو خۆی بمێنێتـەوە، بڕگەكانی سـێیەم چوارەم بـەم شـێوەی خـوارەوە هـەموار بكرێ.

٣- لەكاتی سەرپێچی خۆپیشاندەراندا بۆ مادده و بڕگەكانی ئەم یاسایانە، نابێ پۆلیس تەقە یان هەر شـتێك ببێتە هۆی كوشتن بە هەر هۆكارێكەوە بێت بەرامبەر خۆپیشاندەران بەكار بهێنرێ.

٤- لـەكاتی سەرپێـچی خۆپیـشاندەران ئـەبێ بـە بڕیـاری دادگـا ئـەو كەسـانەی سەرپێـچیان كـردووە دەسـتگیر بكرێن، و لێكۆڵینەوەیان لەگەڵ بكرێ

ماددەی هەشتەم لابرێ، كەواتە ماددەی ماددەی نۆیەم ئەبێ بە ماددەی هەشتەم، و ماددەی دەیەم ئەبێ بـە نۆیەم، و بەم شێوەیەی لێدێ

هەركەسێك سەرپێچی حوكمەكانی ئەو یاسایە بكات سزای بەنـد كردنـی بەسـەردا ئەچەسـپێ بـە شـێوەیەك كە بەند كردنی لە ١٠ ڕۆژ زیاتر نەبێ، و غەرامەیەك لە ٢٠٠ هەزار دینار زیاتر نەبێ

ماددەی یازدە ئەبێتە ماددەی دەیەم

ماددەی دوازدە ئەبێتە ماددەی یازدە، و ماددەكانی تر وەكو خۆی ئەمێنێتەوە، بەلاّم هەریەكە و ژمارەیـەك دێنە پێش، ئەبن بە ماددەی ١٢، ١٣، ١٤

پڕۆژە یاسای دووەم لەلایەن بەڕێز دكتۆرە بەهار ئەخوێدرێتەوە

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

پڕۆژە یاسای دووەم كە بۆ هەموار كردنی یاسای خۆپیشاندان لە هـەرێمی كوردسـتان ژمـارە ١١ ی سـاڵی ٢٠١٠ پێشكەش كراوە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان كە ئەمە ناوەكانیانە:

١ سالار محمود

٢- مریم صمد

٣- سعید مصیفی

٤- صالح فقی

٥- فەرهاد سەنگاوی

٦- دلێر مصطفی

٧- عزت صابر

٨- ڕێواز فایق

٩- قادر ئۆتمان

١٠- بێگەرد دلّشاد

١١- ئاواز جنگی

١٢- دەرباز عبدالله

١٣- زانا عبدالرحمن

١٤ تەلار لطيف

پرۆژە یاساكە بەو شێوەیە:

هەموار كردنی یاسای ڕێكخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی كوردستان ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠١٠

ماددەی یەكەم دوو برگەی بۆ زیاد ئەكرێ (شەش، حەوت) بەم شێوەیە:

شەشەم: دەزگاكانی پۆلیس واتە دەزگای پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان ( شرطة مكافحة الشغب)،

حەوتەم: خۆپیشاندانی لەناكاو بریتییە لە گردبوونەوەیەكی لە ناكاوی كۆمەڵێك بۆ ئامانجێكی ڕوون بێ بوونی پلان و ڕێكەوتنی پێش وەختە

ماددەی دووەم برگەی سێیەم بەم شێوەیەی لێ بێ و دوو برگەی تری بۆ زیاد بكرێ

سێیەم: نابێ مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گروپێك دژی گروپێكی تر بێ بەهۆی ئاین یان نەتەوە یان ڕەگەز

چوارەم: نابێ خۆپیشاندان لەبەردەم مۆزەخانە و شوێنەوارەكان كە بە پێی یاسای پاراستنی شوێنەوارەكان دیاری كراوە ئەنجام بدرێ

پێنجەم: ئەبێ حكومەت لە سەنتەری هەر پارێزگایەك شوێنێكی لەبار و شیاو تەرخان بكات بۆ گردبوونەوەی گشتی و ناوی لێ بنێ سەكۆی ئازاد

ماددەی سێیەم: یەكەم، برگەی یەك و دوو هەڵبوەشێنرێتەوە و بەم شێوەیەی لێ بێ:

یەك: ئەگەر خۆپیشاندان لەسەر ئاستی هەرێم بوو ئەوە وەزیری لێ ئاگادار ئەكرێتەوە

دوو: ئەگەر خۆپیشاندان لەسەر ئاستی یەكەی كارگێڕی بوو سەرۆكی یەكەی كارگێڕی لێ ئاگادار ئەكرێتەوە

ماددەی سێیەم: برگەی دووەم و سێیەم بگۆڕدرێ و بەم شێوەی لێ بێ و برگەی چوارەم لابرێ

دووەم: هەتا ئاگادارینامەیەك پێشكەش بە وەزیر یان سەرۆكی یەكەی كارگێری نەكرێ نابێ خۆپیشاندان بكرێ

سێیەم: وەزیر یان سەرۆكی یەكەی كارگێری بۆی هەیە لە گۆڕانكاری لە شوێنی یەكەی خۆپییشاندان بكات ئەگەر ساغ بۆوە شوێنی داوا كراو بۆ خۆپیشاندان پێشتر تەرخان كراوە بۆ گروپێكی تر، پێڕاگەیاندنی گۆڕانكاریش لەماوەی ٤٨ كاتژمێردا ئەبێ بە نووسراوی فەرمی و لەگەڵ دیاری كردنی هۆكارەكانی.

ماددەی سێیەم ئەم دوو بڕگەیەی بۆ زیاد بكرێ

چوارەم: خۆپیشاندانی لە ناكاو بەدەر ئەكرێ لە پێشكەش كردنی ئاگاداری نامە بۆ وەزیر یان سەرۆكی یەكەی كارگێڕی كە لە بڕگەكانی یەكەم و دووەمی ئەم ماددەیە هاتوون

پێنجەم: خۆپیشادانی لە ناكاو حوكمی ماددەكانی پێنجەم و شەشەم و نۆیەم و یانزەیەمی ئەم یاسایەی بەسەردا جێ بەجێ ئەكرێ

ماددەی چوارەم: بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم بەم شێوەیە ئەگۆڕدرێت و بڕگەی چوارەم لائەبرێ

یەکەم: ئاگادارینامەی ڕێکخستنی خۆپیشاندان لەلایەن لیژنەوە بە لایەنی کەم ٤٨ کاتژمێر پێش وادەی ئەنجامدانی پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار ئەکرێ بە مەرجێ ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو بکرێ

دووەم: پێویستە ئاگاداری نامە ناونیشان و ئیمزای ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتیاری ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە بگرێتە خۆ، مەبەستەکەشیان لەو بارەوە ڕوون بکرێتەوە ڕێگەی ڕۆیشتنەکەیان و کاتی شوێنی دەست نیشان بکرێ

سێیەم: پێویستە خۆپیشاندانەکە ئاشتیانە بێت و دوور بێت لە کاری توندوتیژی و جیاکاری

ماددەی پێنجەم بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە ئەبێ

١ هەموو هاوولاّتیان و ئەوانەی بە شێوەیەکی یاسایی لە هەرێم دا نیشتەجێن و پارتی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی و سەندیکا پیشەییەکان و یەکێتی و کۆمەڵە و ڕێکخستنەکانی دیکە بە پێی یاسا مەڵەت دراوە، ئازادی ڕێکخستنی خۆپیشاندانیان فەراهەم کراوە لە پاش گرتنەبەری ڕێکارەکانی ناو ئەم یاسایە

ماددەی حەوتەم بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێ دێ و بڕگەیەکیشی بۆ زیاد ئەکرێ:

دووەم: قەدەغەیە هەر ماددەیەکی تەقەمەنی یان ژەهراوی یان سووتێنەر لە کاتی خۆپیشاندان هەڵبگیرێ یان لەخۆ ببەسترێ یان بەکار بهێنرێ لەلایەن خۆپیشاندەران و پۆلیسەوە.

چوارەم: کارمەندانی پۆلیس لەکاتی ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان ئەبێ جل و بەرگی فەرمی تایبەت بپۆشن و باجی تایبەتی بپۆشن کە ناونیشانی تەواوی لەسەر بێت و بە ڕوونی دیار بێ.

ماددەی هەشتەم: بڕگەی دووەم بەو شێوەیەی لێ بێ:

٢- ئەگەر دەزگاکانی پۆلیس زەحمەتیان لە بلاّوە پێکردنی خۆپیشاندان بینی وێڕای ئەوەی داوایان لێکرا و لەسەر ئەوەش سوور بوون، بۆی هەیە هۆکاری مۆرك مەدەنی بۆ بلاّوە پێکردنی بەکار بێ، وەك ئاو ڕشاندن و بەکارهێنانی قەڵغان بۆ خۆ پاراستن.

ماددەی دەیەم بەم شێوەیەی لێ بێ:

هەر کەسێك سەپێچی حوکمەکانی ماددەی سێیەم بڕگەکانی یەك و دوو و سێی ئەم یاسایە بکات، سزای بەند کردنی بەسەر ئەچەسپێ بە ماوەیەك کە لە یەك مانگ زیاتر نەبێ، یان بە غرامەیەك کە لە ٥٠ هەزار دینار کەمتر و لە ٥٠٠ هەزار دیناریش زیاتر نەبێ یان بە هەردوو سزاکە.

بەرێزان لەبەر ڕۆشنایی ئەو دوو پرۆژە یاسایەی کە پێشکەش کراوە لیژنەی هاوبەش ڕاپۆرتی خۆی نووسیوە بەم شێوەی خوارەوە:

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان- بابەت: ڕاپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە هەردوو پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠١٠، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و لیژنەی کاروباری

کۆمەڵگـەی مـەدەنی ڕۆژی سێـشەمە ٣ ی پووشـپەڕی ٢٧١٤ ی کـوردی بەرامبـەر بـە ٢٠١٤/٦/٢٤ ی زایـنی کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجام دا بۆ تاوتوێ کردنی هەردوو پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لـە هـەرێمی کوردسـتان-عێـراق ژمـارە ١١ ی سـاڵی ٢٠١٠ کـە لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، و لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمـارە ٢ لـە ڕۆژی چـوار شـەمە بەرواری ٢٠١٤/٥/٧ و دانیشتنی ژمارە ٤ لە ڕۆژی چوارشەمە بەرواری ٢٠١٤/٥/١٤ ڕەوانەی لیژنەکـەمان کـراوە، دوای گفتوگۆ کردن و تاووتوێ کردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠١٠ بەند و بڕگەکانی هەموار ئەکرێت و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

ماددەی یەکەم: هەموار ئەکرێت و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە

یەکەم وەزیر: وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

سێیەم: خۆپیشاندان بریتییە لە کۆبوونەوەی مەدەنیانە و ئاشتیانەی ژمارەیەك هاووڵاتی لە شوێن و کـاتی دیـاری کـراو بـە مەبەسـتی دەربـڕینی هەڵوێـست و گەیانـدنی داواکـاری و پـەیام بـۆ هێنانـەدی مەبەسـت و ئامانجێکی ڕەوا، جا بە شێوەی گردبوونەوە، یان ڕێپێوان یان مانگرتن، یان پەناگیری بێ

چوارەم: لیژنـە: لیژنـەی ڕێکخەری خۆپیشاندان، کـە ژمارەیـان لـە ٣ کـەس کـەمتر و لـە ٥ کـەس زیـاتر نـین، خاوەنی شیاوی یاسایین و ئەرکی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی خۆپیشاندان ئەگرنە ئەستۆ

ماددەی دووەم: هەموار ئەکرێت و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

٣- نابێ مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گروپێك دژی گروپێکی تر بێ بەهۆی ئاین یان نەتەوە یان ڕەگەز یان نەژاد یان هەر هۆیەکی تر

بڕگەی چوارەم: بۆ ماددەی دووەمی ئەم یاسایە زیاد ئەکرێت و بەم شێوەیە:

نـابێ خۆپیـشاندان ببێتـە مایـەی پەکخـستنی کـارکردنی دامودەزگـای خزمـەت گـوزاری هاتوچـۆی گـشتی و چالاکی بازرگانی و ئابووری

بڕگەی پێنجەم بۆ ماددەی دووەمی ئەم یاسایە زیاد ئەکرێت بەم شێوەیە

نابێ هاووڵاتیان و کەسەکان کە بە پێی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە مـافی خۆپیـشاندانیان هەیـە بـەزۆر نـاچـار بکرێن بەشدار بن یان بەشدار نەبن لە خۆپیشادان

ماددەی سێیەم: بڕگەی یەکەم و دووەم و پێنجەم بەم شێوەیە هەموار ئەکرێت و بڕگەی سـێیەم و چـوارەم لائەبرێت و بڕگەی پێنجەم ئەبێ بە بڕگەی سێیەم و بەو شێوەیە ئەخوێندرێتەوە

١ وەزیر ئاگادار ئەکرێتەوە ئەگەر خۆپیشادانەکە لەسەر ئاستی هەرێمی بوو

٢- سەرۆکی یەکەی کارگێڕی ئاگادار ئەکرێتەوە ئەگەر خۆپیشاندان لەسەر ئاستی یەکەی کارگێڕی بوو

٣- هەتا ئاگاداری نامەیـەك بـە نووسـراو پێشکەش بـە وەزیـر یـان سـەرۆکی یەکـەی کـارگێڕی نـەکرێ نـابێ خۆپیشاندان بکرێ

٤- دەرچوونی خەڵك بە كۆمەڵ بۆ گۆڕەپان و شەقام و شوێنە گشتییەكان لە بۆنەی نیشتیمانی و نەتەوەیی و ئاینی بە پێی نەریتی خۆجێی و باو بەدەر ئەكرێ لە ئاگاداری كردنەوە

ماددەی چوارەم: بەم شێوەیە:

١ لیژنـەی ڕێكخـەری خۆپیـشادان لایـەنی كـەم بـە ٤٨ كاتـژمێر بـەر لـە ئەنامـدانی خۆپیـشاندان لـە ڕێگـەی ئاگادرینامەیـەك كـە بـۆ ئـەو مەبەسـتە پێـشكەش ئـەكرێ وەزیـر یـان سـەرۆكی یەكـەی ئیـداری ئاگـادار ئەكرێتەوە بە مەرجێ ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو بكرێ

٢- پێویستە ئاگاداری نامە ئەم زانیاریانە لەخۆ بگرێ

١ كات و شوێنی خۆپیشاندان

٢- ئامانـج و مەبەستی خۆپیشاندان

٣- ڕێگەی ڕۆیشتنی خۆپیشاندان

٤- ماوەی خۆپیشاندان

٥- ناو و واژووی ئەندامان و ڕێكخەری خۆپیشاندان

سێیەم: وەزیر یان سەرۆكی یەكەی ئیداری بـە پاساوی دروسـت و شـیاو لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی گشتی بـۆی هەیە كات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێ بە مەرجێ لە ڕێگەی نووسراوی ڕەسمی ئاگادری لیژنەی ڕێكخـەری خۆپیشاندان بكاتەوە لە ماوەیەكدا كە لە ٢٤ كاتژمێر لە دەست پێكردنی خۆپیشاندان كەمتر نەبێ

چوارەم: پێویستە خۆپیشاندان ئاشتیانە بێ و دووربێ لە كاری توندوتیژی و جیاكاری

ماددەی پێنجەم: هەموار ئەكرێت و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

١ هەموو هاووڵاتیان ئەوانەی بە شێوەیەكی یاسایی لە هەرێمدا نیـشتتەجێن و كەسـە مەعنەویـەكان كـە بـە پێی یاسا مۆڵەت دراون، ئازادی ڕێكخستنی خۆپیشاندانیان هەیـە لـە پـاش گرتنەبـەری ڕێكارەكـانی نـاو ئـەو یاسایە، بە مەرجێ خۆپیشاندانەكە پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی یان سیستەمی گشتی، یـان ئـادابی گشتی نەبێ

٢- ئـەبێ پۆلیـسی چـالاكییە مەدەنییـەكان خۆپیـشاندەران بپـارێزن لـە كـاتی پێویـستدا دەزگـای پـۆلیس هاوكاریان ئەبن

ماددەی شەشەم: لائەبرێت و براوەتە ماددەی دووەم بڕگەی پێنجەم

ماددەی حەوتەم: بڕگەی چوارەم بۆ ماددەی حەوتەم زیاد ئەكرێت و بەم شێوەیە

چوارەم: كارمەندانی پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان و دەزگای پۆلیس لە كـاتی ڕێكخستنی خۆپیـشاندانەكە ئەبێ جل و بەرگی فەرمی تایبەت بپۆشن و باجی تایبەت بپۆشـن كـە ناونیـشان و ژمـارەی تایبـەتی لەسـەر بێ

ماددەی هەشتەم: دووەم، خاڵی یەكەم هەموار ئەكرێت و بەم شێوەیە:

ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتیان لە بلاّوە پێ کردنی خۆپیشاندەران بینی وێرای ئەوەی داوایان لێ کراوە، لەسەر ئەوەش سوور بوون، بۆیان هەیە هۆکاری مۆرکی مەدەنی بۆ بلاّوە پێکردنی خۆپیشاندەران بەکار بێنن، وەك ئاو ڕشاندن و بەکارهێنانی قەڵغان بۆ پاراستن و هیتر

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەبەر بوونی دوو پرۆژە یاسا، و بوونی پرۆژە یاسایەکی تر کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکراوە، بەلاّم پێشکەش بە بەڕێزتان کراوە، و هەروەها بوونی چەند سەرنج و تێبینیەك کە لەلایەن سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان پێشکەش بە لیژنەکەمان کراوە، و بوونی چەند تەوسیاتێك کە لەلایەن یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان پێشکەش کراوە ئەمانە هەموویان بوونە هۆی ئەوەی ئێمە ڕاپۆرتێکی هاوبەش ئامادە بکەین، و داوا لە بەڕێزتان بکەین ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشە ببێ بە ئەصل، و ببێ بە بنەما بۆ تاوتوێ کردنی ئەو بابەتە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەم پێشنیارەی لیژنەی یاسایی ئەخەینە دەنگدانەوە بۆ کردنی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەکان بە ئەصل بۆ وتووێژ کردن لەسەر هەموار کردنی یاسای خۆپیشاندان، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر هەموار کردنی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان بکرێ بە بنەما بۆ وتووێژ کردن سەبارەت بە یاساکە؟ ٦٧ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نیە؟ ٢٠ کەس لەگەڵ نییە، کەواتە وە زۆرینەی ئامادەبووان ڕاپۆرتەکە کرایە بنەما، لە سەر ئەو بنەمایەیە کە یەکەم جار ئەوەمان خستە دەنگەوە، بەلاّم ئەگەر رایەك، ئەگەر پێشنیارێکی ئەندامانی پەرلەمان زیاتر لە چەند کەسێك پشتگیری کردبوو خۆ ئەوەش دەتوانین لە سەرەتاوە بیخەینە دەنگدانەوە با ئەویش کێشەمان بۆ دروست نەبێ، هیچ ڕوونکردنەوەیەکت هەیە؟ فەرموو

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە سەر بڕگەی سێیەم کە پەیوەندیدارە لە سەر تەعریفی خۆپیشاندان چەند ئەندام پەرلەمانێك کە لەلای من دوویان تەسجیل کراون داوایان کردووە کە تەعریفی خۆپیشاندان وەکو خۆی لە یاسا ئەسڵەکەدا چۆن هاتووە وەکو خۆی بمێنێتەوە، و زیاتریش لە (٣) ئەندام پەرلەمان داوایان کرد کە ئامانجێکی رەوا بکرێت بە ئامانجێکی دیاریکراو، بەلاّم ئەگەر بکرێ بە ئامانجێکی دیاریکراو ئەگەر بە ئامانجێکی رەواش بمێنێتەوە ئامانجی خۆپیشاندان هەر دەبێ رەوا بێ، چونکە ئێمە لە پێشنیەی تەعریفەکەدا وتوومانە خۆپیشاندانێکی ئاشتیانەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك سالار،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەکو پرەنسیپە گشتییەکە بۆچوونێك هەبوو کە تەعریفە ئەسڵیەکە بمێنێتەوە وەکو خۆی، و تێبینیش لە سەر ئامانجی ڕەوا یان نا ڕەوا هەبوو، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تەعریفە ئەسڵیەکە ئەم دەستەواژەیە نییە، لەمەش دەربازمان دەبێ و لە ئەساسیشدا لە یەکێك لە پڕۆژە هەموارەکاندا هاتووە دەستەواژەیەك لە ناو تەعریفی خۆپیشاندان بگۆڕێ، بەڵام لیژنە دەستەواژەکەی نەگۆڕیوە وەکو خۆی دایناوەتەوە، بۆیە ئێمە پشتگیری ئەوە دەکەین چۆن لە یاساکەدا تەعریفی خۆپیشاندان کراوە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران هیچ تێبینیەکت هەیە؟

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا هەر ئەوەندەی چەند ئەندامێك داوایانکرد کە ئەم پێناسەیە خۆپیشاندانی لە ناکاو پێناسە ناکات کە ئێستا زۆرینەی خۆپیشاندان لە ناکاون، ئەوەش دەکرێ بەهەند وەربگیرێ، زیاتر لە (٣) ئەندام بوون، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڤالا،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە کە خۆپیشاندانی لە ناکاو لەو کۆبوونەوە هاوبەشەی کە ئەنجامماندا لە ناو هەر چوار لیژنەکەدا بە زۆرینەی دەنگ گەیشتینە ئەوە کە تەنزیمی خۆپیشاندانی لە ناو نەکرێ لە ناو یاساکەدا بەهیچ شێوەیەك، چونکە ئەو جۆرە خۆپیشاندانانە لەلایەك پێشێلە یاخود موخالەفەی نیزامی عامە لەلایکی تریش یاساکەی ئێمە ناوی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانە لە ناو یاسایەك کە ناوی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان بێ چۆن خۆپیشاندانێك تەنزیم دەکەی کە خۆپیشاندانی لە ناکاو بێ هیچ بڕگە و مەرجەکانی ئەم یاسایەی لە سەر تەتبیق نابێت، بۆیە دوو سەبەبی ڕەئیسی هەیە لیژنەی یاسایی وەکو کە ئەرکی خۆیەتی سیاغەی یاسایی بکاتن ناتوانێ یەکەمیان موخالەفەی نیزامی عامە کە لە سەرووی خۆیەتی دووەم: یاساکە ناوی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانە ئەگەر بێتو ئێمە لێرانە خۆپیشاندانی لە ناکاو دابڕێژین دەبێ تەنزیمی بکەین هیچ جۆرە تەنزیمێکیش ئەو جۆرە خۆپیشاندانانە ناگرێتەوە، خاڵی سێیەمیشمان ئەو جۆرە خۆپیشاندانەیە، بەڵێ وجودی هەیە ناتوانرێتن نە مەنع بکرێتن ئەم جۆرە خۆپیشاندانانە و نە بە یاساش

تەنزیم بکرێتن، بەڵام لێرانە کە ناوی نەهاتووە مەعنای ئەوە نییە کە مەنع دەکرێ، چونکە هەم مەنع ناکرێ هەمیش بە یاسا ناتوانین تەنزیمی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئێستا دوو پرسمان هەیە، یەکیان پرسی پێناسەی خۆپیشاندانە لەمەدا سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەمیان ئەوەیە کە ئەسڵی پێناسەکە لە یاساکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، پێشنیاری دووەم ئەوەیە کە ئامانجێکی رەوا لا ببرێ لە پێناسەکە و رای سێیەم ئەوەیە کە ئەوەی لیژنەی یاسایی لە راپۆرتی هاوبەشی لیژنەکاندا هاتووە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو کاک عادل نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا لە سەر زەوقی قسەکانی ڤاڵا خان وەك پرسیارێك دروست بووە تەقریبەن، کە دەڵێ مەسەلەن خۆپیشاندانی لە ناکاو نە دەکرێ مەنع بکرێ لەبەر ئەوەی تەبیعیە ئەگەر خۆپیشاندان لە ناکاو مەنع نەکرێ کەواتە ئیشمان بە یاسای خۆپیشاندان چییە؟ با هەموو خۆپیشاندانەکان لە ناکاو بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پرسێکی ترە، دوایی دێینە سەرئەوەش کە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان کردووە کە پێناسەی خۆپیشاندانی لە ناکاویش بخرێتە نا پێناسەکانەوە ئەوکاتە باسی ئەوە دەکەین، کاک فەرهاد نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتر وتم راکانم بۆ دوایی هەڵدەگرم، بەڵام کاتێ کە برگە برگە پەسەند بکرێت دوایی شتێکی شازە بچیتەوە ناو موناقەشە و مەوزووعەکان لەبەر ئەوە من زۆر رام هەیە، رەنگە دروست بێ رەنگە پێچەوانەی رای برادەران بێ دوایی مەگەر نەیلێم، ئەگەر بۆم هەیە ئێستا بیلێم ئێستا راکانی خۆم دەلێم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نا؟ ئێستا ناتوانی بییلێ، چونکە وتو و یێژ وەستا لە سەر ئەم ماددەیە،

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوایی دەکرێ بگەڕێمەوە سەری،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، لە ماددەیەکی تر دەتوانی قسە بکەی، فەرموو کاک صالح،

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم لیژنەی یاسایی پێناسە ئەسڵەكە بخوێنێتەوە، رەنگە بەشێك لە برادەران پێناسەكەیان لا نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا بەتەمابووین ئەوە بكەین، پێناسەكە بخوێننەوە لە دەقی ئەسڵی یاساكە فەرموو د. بەهار،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سێیەم: خۆپیشاندان كۆمەڵێك رێكخراوی یان نیمچە رێكخراوی خەڵكە بەشێوەیەكی ئاشتیانە لە گۆڕەپان و شەقام و شوێنە گشتییەكاندا بۆ ماوەیەكی دیاریكراو دەڕۆن، ئامانجی دروستكردنی رایەكی یەكگرتووی گشتییە بۆ وەدیهێنانی مەبەستێكی دیاریكراو و گردبونەوەی گشتی بە مەبەستی خۆپیشاندان، مانگرتن، پەناگیری لە خۆ دەگرێت،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ئەمە دەخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە پێناسەكەی وەكو ئەسڵی یاساكە بمێنێتەوە؟ پێناسەی خۆپێشاندان، (٣١) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ (٤٤) كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە پەسەند نەكرا، رای دووەم دەخەینە دەنگدانەوە، كە ئامانجی رەوا لا ببرێ، بكرێ بە ئامانجی دیاریكراو، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ئامانجی رەوا بكرێ بە ئامانجی دیاریكراو؟ لە پێناسەی كە لە راپۆرتی لیژنە هاوبەشەكەدا هاتووە، (٥٩) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ (٢١) كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە پەسەند كرا، داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم جارێكی تر بیخوێنێتەوە، فەرموو

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سێیەم: خۆپیشاندان بریتییە لە كۆبوونەوەی ئاشتیانە و مەدەنیانەی ژمارەیەك كەس و هاووڵاتی لە شوێن و كاتێكی دیاریكراو بە مەبەستی دەربڕینی هەڵوێست و راو گەیاندنی داواكاری و پەیام بۆ هێنانەدی مەبەست و ئامانجێكی دیاریكراو ئینجا بەشێوەی گردبونەوە یان رێپێوان یان مانگرتن یان پەناگیری بێت،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دێینە سەر بڕگەی چوارەم، روونكردنەوەتان چییە لە سەر بڕگەی چوارەم؟ دەزانی كە خستمانە دەنگدانەوە، وتمان ئەو پێناسەیەی كە لە راپۆرتە هاوبەشەكەدا هاتووە، جگە لە گۆڕینی ئامانجی رەوا بۆ ئامانجی دیاریكراو، ئەوەمان خستۆتە دەنگەوە، یەعنی بەم شێوەیە، ئەم پێناسەیە پەسەند بكرێ بەو مەرجەی ئامانجی رەوا بكرێ بە ئامانجی دیاریكراو، خوێندرایەوە و پەسەند كرا، لە سەر لیژنە بەڵێ د. ڤالا،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له سەر لیژنه چەند پێشنیارێك هەبوو لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندان که ژمارەیان له سێ کەس کەمتر و له پێنج کەس زیاتر نەبێتن، دیاره له سێ کەس زیاتر پێشنیاریان کرد که حەدی ئەعلا دیاری نەکرێ پێنج کەسەکە، هەندێك له ئەندام پەرلەمانتارانیش که ژمارەیان نەگەیشتۆته سێ کەس داوایان کرد که ژمارەی حەدی ئەدناشی دیاری نەکرێ، بەڵام که گوتمان لیژنه دەبێ حەدی ئەدنای دیاری بکرێ، واته دەبێ له سێ کەس کەمتر نەبێ، بەڵام حەدی ئەعلا دەتوانرێتن دەستکاری بکرێتن و به هینی به جێ بمێنێ، بەڵام حەدی ئەدنای لیژنه دەبێ دیاری بکرێ، چونکه ناوی لیژنەیه نابێ له سێ کەس کەمتر بێ، ئینجا به نیسبەت شیاوی یاساییش مولاحەزات هەبوو که دەڵێن شیاوی یاسایی لێرانه هەڵبگیرێ ئەوانەی که ئەندامی لیژنەن، ئەوانه مەسئولیەتی قانونی دەگرنه ئەستۆ لێره مەبەستمان له شیاوی یاسایی یەعنی ساحێبی ئەهلیەت بێت له یاسادا، واته تەمەنی (١٨) ساڵ بێ و قوەی ئیدراك و تەمیزی هەبێت و خاوەنی عەقلی تەواو بێ بۆ ئەوەی بەیانی هەر کارێکی نا ڕەوا کرا لێرانه له ڕێگای شیاوی یاسایی ئەویان بەرپرس دەبێ کەسێك که شیاوی یاسایی نەبێ و ئەهلیەی نەبێ چۆن دەتوانێ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی خۆپیشاندندان بگرێته ئەستۆ لەلایەك و چۆن دەتوانێتن نوێنەرایەتی خۆپیشاندان بکاتن لەلایەکی تر و بەڕێز د. بەهار ڕوونکردنەوەی زیاتری هەیه، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهەمان شێوه ئێمه لێره پێناسەی لیژنه دەکەین، لێره که دەڵێن لیژنه له (٣) کەس کەمتر نەبێ بەو واتایه نایێ که ئێمه حەقی خۆپیشاندان له کەسی تاك بسێنینەوە، ئێمه لێره باسی لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندان دەکەین باسی بەشداربووانی خۆپیشاندانەکه ناکەین، ئێمه باسی کاتێك دەکەین که خۆپیشاندانەکه له (٣) کەس زیاتر بێ پێویستی به لیژنەیەك هەبێ ڕێکی بخات ئەگەر نا ئێمه له ماددەی (٥)م له ڕاپۆرتەکەدا هاتووه له ماددەیەکی تردا دێینه سەری دەڵێ هەموو هاووڵاتیان و کەسەکان مافی خۆپیشاندانیان هەیه بەس لێره مەبەستمان له لیژنەکەیه که دەڵێن نابێ له (٣) کەس کەمتر بێ و شیاوی یاسایی به مەعنای ئەوەی که وەکو د. ڤالا ڕوونیکردەوه به مەعنای ئەوه نییه که دەبێ یاسایی بن کەسەکان، بەڵکو دەبێ ئەهلیەتیان هەبێ بۆ تەحەمولکردنی مەسئولیەت،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من هەر ڕوونکردنەوەیك بدەم کاك گۆران دوایی نەڵێی وەڵلا ئاڕستەی دەکەی و ئەوانه، بەڵام له ماددەی چوارەمدا ئێوه لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندانتان کردووه به مەرج بۆ خۆپیشاندان، بڕگەی یەکەم: لیژنەی

رێکخەری خۆپیشاندان لایەنی کەم بە (٤٨) کاتژمێر بەر لە ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە لە رێگەی ئاگاداری نامەیەکەوە کە بۆ ئەو مەبەستە پێشکەش دەکرێت، وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی ئاگادار دەکرێنەوە بە مەرجێك رۆژانی پشووی فەرمی رەچاو بکرێ، باشە هەندێك لە ئەندامان پێیان وابوو کە مان گرتن دەکرێ یەك کەس بێ، ئایا لەو کاتەشەوە دیسان پێویست دەکات لیژنەیەك هەبێ بۆ ئەوەی ئاگاداری وەربگرێ یان نا، با لیژنەکانی تریش رای خۆیان بڵێین، لیژنەی مافی مرۆڤ،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینی لە سەر ئەوەیە کە مادام تۆ لە پێناسەکە چەسپاندت مانگرتن هەیە رێپێوان هەیە، بۆی هەیە یەك کەس رێپێوان بکا و بۆی هەیە یەك کەس مان بگرێ، ئەو کاتە لیژنەی رێکخەری نییە ئەم مانگرتن و ئەم رێپێوانە، ئیشکالەکە لێرە دروست دەبێ، ئەگەر نا کەسێك کە شیاوی یاسایی نەبێ چۆن دەبێ بە رێکخەری خۆپیشاندان ئەوەیان وازحە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالار،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك شتێك یان بابەتێك لە هەردوو هەموارەکەدا نەهاتبوو، لێرە ئیزافەی دەکەی ئاوا جەدوەلێکی لێزەتی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە لە بنەمادا ئەسڵ ئەوە بوو کە ئەم بڕگەیە هەر نەیەتە ناو هەموارکە، نەیەتە ناو پڕۆژەکەوە، لەبەر ئەوە کە هاتووە ئەوە ئێستا رۆیشت، بەڵام ئێمە رەئمان وایە ئەم مەسەلەیەی خاوەنی شیاوی یاسایی کەسانی مەعنەویی و سروشتیش دەگرێتەوە واتە لە پاڵ ئەو ئەهلیەتەی (د. ڤاڵا) باسی کرد زەرووره هەبێ پێشنیاری جدی کراوە کە ئەو (٥) کەسە واتە حەدی ئەعلای دیاریکراو نەبێت، تەحدید بکرێ حەدی ئەدنای کە (٣) کەس بێ، بۆچوونەکەم موعتەبەرە و دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، سەبارەت بە یەك کەس کە مافی خۆپیشاندان یان مانگرتن یان گەیاندنی نا رەزایی هەبێ ئەمە مافێکی سروشتی و دەستورییە مادام لێرە قسە لە سەر لیژنەیە پێم وایە لیژنە دەبێ لە یەك کەس زیاتر بێ جێگەی نییە، بەڵام ئەم مافە دەبێ لەم یاسایەدا موحقەق بێ ئینجا لە هەرکوێەك بێ و لە هەر بڕگەیەك بێ ئەو مەسەلەیە جێی بکرێتەوە، بەڵام لێرە تەسەوڕم وایە جێگەی خۆی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ایوب تۆ هیچ روونکردنەوەیەکت هەیە؟

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پێمان وایە کە حەدی ئەعلایەکە زیاتر بکرێ، ببێ بە (٩) کەس، چونکە جاری وا هەیە کۆمەڵێك ڕێکخراوی مەدەنی بەیەکەوە خۆپیشاندان ڕێك دەخەن، و بۆ چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتەی کە ئەگەر خۆپیشاندان کەسێك بوو یان ددو کەس بوون بەو شێوازە مەعالەجە بکرێ، لە کۆتایی پێناسەکەدا ئەوە ئیزافە بکرێ ئەگەر خۆپیشاندان لە دوو کەس زیاتر بوو،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڤالا، ڕوونکرنەوەت هەبوو؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی یەکەمدا لە تەعریف کردنی موستەڵەحەکانی کە تەعریفی موستەڵەحی لیژنە دەکەین، ناکرێ بڵێین لیژنە لە یەك کەس پێك دێ، کە وتمان لیژنە لەگەڵ لیژنەدا واتە دەبێ حەدەی ئەدنای دیاری بکرێتن کە (٣) کەسە، بەڵام کە یەك کەس مافی مان گرتنی هەیە ئەوە دەبێ لە شوێنێکی دیکە موعالەجەی ئەو کارە بکرێتن، بەڵام لە تەعریفی لیژنە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین جێگای بکەینەوە، بەڵام حەدی ئەعلایەکە کە پێشنیارکراوە ئێمە دەتوانین بڵێین تەنها لە (٣) کەس کەمتر نییە، ئەوەی کە پەیوەندی بە حەدی ئەعلایە، هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سۆران،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر بۆ لیژنەی یاسایی یەك شوێنی تر هەیە کە بتوانین جێگەی ئەوە بکەینەوە ڕاستە مادام لیژنەیە، لیژنە بە یەك کەس ناڕوات یەك شوێنی تر هەیە (د. ڤالا) هیوادارم هاوکارمان بێ، لەو شوێنەی کە پێویست بە ئاگادارینامە ناکا و بۆنەی ئایینی و نەتەوەیی و نیشتیمانی و ئەوانەیە و خەڵك دێتە سەر جادە و شەقامەکان دەتوانرێ مانگرتن و ئەوەی تاکە کەسی بخرێتە پاڵ ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان قسەی خۆیان کردووە لەبەر ئەوە بەس نوقتەی نیزامی ڕێی پێ دەدەین ئێستا، فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە سێ کەس دەنگماندا بۆ ئەوەی لیژنە بکرێ بە نوێنەر، ئەگەر بکرێ بە نوێنەر کێشەی ئەو لیژنەیەش حەڵ دەکات، چونکە لیژنە دەبێ بە فەرمانێك پێکبهێنرێ، لیژنە لە خۆی پێك نایێ، ئەوانە نوێنەری خۆپیشاندەرانن، لیژنەی خۆپیشاندەران نین، لەبەر ئەوە دەبوایە لیژنە بخرایە دەنگدانەوە، ئیجا تەعریفەکەی بخرایە دەنگدانەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی ئەوە قسەی لێ دەکەین، دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڵام جارێ دەبێ ڕوونکردنەوەکان وەربگرین، فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر لیژنەکە تەسبیت بکرێ ئیتر چۆن دەیدەیە دەنگدانەوە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ هێشتا تەسبیت نەکراوە، فەرموو کاك عادل،

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی (کاك عمر)ە ئەگەر ئەو لیژنەیە بکرێ بە نوێنەر پێم وایە کێشەی ئەو تەناقوزەی لە نێوان خاڵی ماددەی چوارەم کە دەڵێ هەموو کەس بۆی هەیە لەگەڵ ئەوە ئەم کێشەش چارەسەر دەبێ،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، را بووە و پێشتر وەرگیراوە و راکانتان نووسراوە، فەرموو کاك علی،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئاماژەی بەوەدا کەمتر لە (٣) کەس داوایان کردووە کە یەك کەس بێت، نەخێر، پێنج کەس داوای کردووە، و ئەگەر پێویست دەکات با خۆیان دەست بەرزکەنەوە زیاتر لە (٣) کەس داوایان کردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زیاتر لە (٣) کەس داوایان کردووە، ئەوەتە لەلای منیش هەیە، بەڵێ فەرموو کاك زانا،

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پێشنیارە تازە لە رووی قانونیەوە هیچ شتێکی نەماوە، ئێمە لە پێناسەکە تەسبیتمان کردووە کە خۆپیشاندان بریتییە لە کۆبوونەوەی ئاشتییانەی مەدەنییانەی ژمارەیەك کەس و هاووڵاتی یەعنی ئێمە لە پێناسەکەدا تەسبیتمان کرد بە رەئی من دەبوایە لە پێناسەکە وامان کردبایە کە بریتییە لە دەربڕینی نارەزایەتی یان پشتیوانی مەدەنیانەی هاووڵاتییەك یان ژمارەیەك هاووڵاتی، تازە لەوێ وتوومانە چەند کەس، یەعنی تەعریفی خۆپیشاندانمان واکردووە کە ژمارەیەك کەسن لەوێ ناتوانن بیکەن بە یەك کەس ئەوە دەنگیشی لە سەر دراوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڤاڵا، روونکرنەوەت هەبوو؟

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لە (٣) کەس زیاتر داوایان کردووە، کە ژمارە لە (٣) کەس کەمتر نەبێ ئەوەیان هەڵبگیرێتن من داوای لێ بووردن دەکەم، بەڵام لە رووی یاساییەوە لیژنە نابێ تەحدیدی ژمارەی لەگەڵ نەکرێ و نابێ لە (٣) کەسیش کەمتر بێ ئەوەیان ناتوانین لە رووی یاساییەوە دەستکاری بکەین، بەڵام ئەگەر لەمە بەسەرمدا تێپەڕی بێ سێ کەس زیاتر داوای کردبێ دووبارە داوای لێ بووردن بەڕێزان دەکەم،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانرێ موعالەجەی خۆپیشاندانی یەك کەس وەکو پێشنیارێك بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکان لەوێدا موعالەجە بکرێ لە ماددەی چوارەم، بڕگەی یەکەم ئەوکات کە دێینە سەری لەوێدا بوترێ ئەو کەسەی کە خۆپیشاندان یان لیژنەی رێکخەری خۆپیشاندان لایەنی کەم بە (٤٨) کاتژمێر بەر لە ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە لە رێگەی ئاگادارینامەیەکەوە کە بۆ ئەو مەبەستە پێشکەش دەکرێت وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ئاگادار دەکرێنەوە بە مەرجێك رۆژانی پشووی فەرمی رەچاو بکرێ، ئەو کاتە یەك کەسیش دەتوانێ پێشکەشی بکات داوای ئەوە بکات کە خۆپیشاندان بکات، ئەگەر پێتان باش بێ ئەوە دەخەینە ئەو کات، کاك تحسین نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەیان لە ماددەی (٥) دەکرێ چارەسەر بکرێ هەروەکو (د. بەهار) ئیشارەی پێ دا،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کەواتە دەبێ بیخەینە دەنگەوە، کاك ئومێد نوقتەی نیزامی بێ؟

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەکەم نوقتەی پێشێلکاری مافی مرۆڤە، یەکەم ئەوەی کە لە شیاوی یاساییدا بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی باسی تەمەنی کردە (١٨) ساڵ ئەگەر وابێ بەپێی ئەم یاسایە خۆپیشاندانی خوێندکارانی ناوەندییەکان و ئامادەییەکان بەتەواوەتی قەدەغە دەکرێ، چونکە هیچ یەکێك لەوانە تەمەنیان ناگاتە (١٨) ساڵ،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران،

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئێمە وا بکەین یەك قیاسات دەرناکرێ ئەگەر هەموومان هاوکاری یەك نەبین، ئێمە وەك ئەندامانی پەرلەمان رەئی خۆمان وت، لیژنەش رەئی خۆی وت، ئێستا ئەو رەئیانە یەك یەك دەخرێتە دەنگەوە، خۆ ئەگەر شتێکی تازە هاتۆتە پێش پێویستی بە قسەیە پێشنیار دەکەم بەڕێزت جارێکی دیکە بڵێ کاکە لە سەر خۆپیشاندانی فەردی (٣) کەس بە پشتیوانی قسەی لە سەر بکا (٣) کەس لە دژی قسە بکات، ئەگەر نا یەعنی ئێمە کە قسەمان کردو لیژنە جەوابی داینەوە جارێك سوور بووین لە سەر رەئیەکەی خۆمان هۆڵی پەرلەمان بە دەنگدان یەکلا دەبێتەوە هەموو رەئیەکانیش جێگای ئیعتیبارن، بەڵام قسەم لە سەر ئەوەیە جەلسە ئەوها بەڕاستی نەتیجەی نابێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا هەورامان نوقتەی نیزامی؟،

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەك خاڵی چوار دەڵێت یەعنی کۆت و بەندی دەکات ئەمە جۆرێك کۆت و بەند کردن

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە رەئییە، کاتی خۆی قسەت کردووە، رەئیەکانت وەرگیراوە،

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێچەوانەی ماددەی (٥) خاڵی یەکە، یەعنی ئەمەیان ئەوەیان هەڵدەوەشێنێتەوە ئەو ماددە یەکتر هەڵدەوەشێننەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڤالا، روونکرنەوەت هەبوو؟

**بەڕێز د. ڤالاّ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەهیچ شێوەیەك تەعاروزو تەناقوز نییە لە نێوان بڕگەی چوارەمی ماددەی یەكەم كە تەعریفی لیژنە دەكات لەگەڵ ماددەی پێنجەم كە باس لە خۆپیشاندەران دەكاتن ئەوان خەڵكی خۆپیشاندەرن بۆیان هەیە، بەڵام ئەو لیژنەیە كە مەسئوولیەتی گرتنەبەر و ڕێكخستن و بەڕێوەبردنی خۆپیشاندانەكە دەگرێتە ئەستۆ مەبەستمان لە لیژنە تەنها ئەوان بووە بۆیە هیچ تەناقوزێك نییە لە نێوان ئەو دوو ماددەیە لە ڕووی یاساییەوە،

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شیاوی یاسایی، تەمەن دەگرێتەوە

**بەڕێز د. ڤالاّ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت لیژنە بەڵێ،

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ئێستا لەبەرچاوتان ڕوونە هەموو پێشنیارەكان دەخەینە دەنگدانەوە، یەكێك لە پێشنیارەكان ئەوە بوو كە شیاوی یاسایی لا ببرێ، پێشنیارێكی تریان ئەوە بوو كە لیژنە لا ببرێ بكرێ بە نوێنەر، كە لیژنە بوو لە (٣) كەس كەمتر نابێ، پێشنیاری دوای ئەو ئەوەیە كە سەقفی ئەعلای لیژنەكە لە (٥) كەس زیاتر بێ واتە لیژنە لای زۆری دیاری نەكرێ، فەرموو كاك ئاری،

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحيم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی من نیزامییە، بەس ئەو دووانە ئەوەی جەنابت فەرمووت ڕاستە بەس بۆچوونێكی سێیەمیش هەبوو كە (٣) كەس پشتیوانی لێكردووە، ئەوەی (كاك عمر) ئەوەت نەخستە دەنگەوە،

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە دەخەینە دەنگەوە كە لیژنە بكرێ بە نوێنەر، كێ لەگەڵ ئەوەیە لیژنە بكرێ بە نوێنەر، و دواتر لە پێناسەكە پێویست دەكات دەستكاری بكرێت؟ ٤٢ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵ نییە؟ ٤٠ كەس لەگەڵی نییە، كەواتە پەسەند كرا، چوارەم دەبێتە نوێنەری خۆپیشاندەران، نوقتەی نیزامی كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عينايەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من سەرنجێكم هەیە لە بەڕێزت نا، دەستەی سەرۆكایەتی هیچ كاتێك دەنگ نادەن، نە كاك جعفر دەنگ دەدات، نە كاك فخرالدين، ئەوە بۆ جەنابت بۆ یەك لایی كردنەوە كێشەمان نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر ئەتۆ ناتوانیت ئیجباریان بكەی.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.هەر دەنگ نا ئەوان هەر موشارەكە ناكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە لیژنەی یاسایی پێویست دەكات ئیعادەی سیاغەی پێناسەكە بكرێتەوە، لە زمنی ئەم دەنەگدانە، دیسانەوە پێناسەكەی دەبێ بخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

٥ ئەندامەكەی حەدی ئەعلاش بدە دەنگدان ، لەبەرئەوەی ئەوەشیان پێشنیار بوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە كەواتە دوو مەسەلەی تر دەخەینە دەنگدانەوە، حەدی ئەعلاكەی لادەبەین، كە ٥ كەسە، ئەگەر ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان لەسەر دا شیاوی یاسایش دەخەینە دەنگەوە، ئەوكات پێناسەكەی رێك دەخرێتەوە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە پێچەوانەی بنەما یاساییەكان بێت، لێرانە ناتوانرێت بخرێتە دەنگدان، شیاوی یاسایی پێچەوانەی بنەما یاساییە كە تەحدیدی مەسئولیەت دەكات، بەهەموو شێوەیەك ئەوەیان پێچەوانەی یاسایەو پێچەوانەی بنەماو ڕێساكانە نابێ بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە دكتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

شیاوی یاسایی بۆ كارێكی گرینگی وەكو خۆپیشاندان زۆر زەرورە، دەكرێت لەناو قەوسێك بنووسین ( الاهلیە)، ئەمما لابردنی بەڕاستی پێچەوانەی نیزامی عامە، پشتگیری ڕای دكتۆرە ڤالاَ دەكەم، بەهیچ شێوەیەك نەیخەنە دەنگدان، چونكە ئەمە ناكرێت، كارێكی وەكو خۆپیشاندان ئەهلیەتی تێدا نەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاستە با ڕوونكردنەوەی زیاتر بدەن، بەلاَم منیش پێم باشە كە ئەهلیە لەناو قەوسدا بێ، بۆئەوەی زۆر بەرفراوان نەبێ، فەرموو دكتۆرە بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی كە لیژنە بوو بە نوێنەر، بۆیە دەتوانین ئەهلیە بخەینە ناو قەوسێكەوە یان ئەگەر هەر نەش بێت، چونكە لیژنە بەپێی ئەمرێكی ئیداری دروست دەكرێت، حەتمەن دەبێ ئەهلیەییان هەبێ بەمشێوەیە، بەڵام نوێنەر كەسانێكن كە دەچن داوای خۆپیشاندانەكە دەكەن، لەبەرئەوەی كە كۆمەڵێك یان چەند فیئەیەك لە كۆمەڵگا بێ بەش نەبن لە خۆپیشاندان، بۆیە كاتێك كە لیژنە بوو بە نوێنەر ئاساییە ئەگەر ئەهلیە لابرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك برزۆ نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز بەرزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی (شیاوی یاسایی) پێ دەچێ زۆر هەستیار بێ، شەریحەی گەنجان و خوێندكاران چین و توێژی زۆر زۆرن، بۆیە مافیان پێشێل نەكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە ڕەئیە.

**بەڕێز بەرزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بنووسرێت جگە لە تەمەن، بۆئەوەی حەلی بكەین، ئەهلیە جگە لە تەمەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

شتەكە زۆر وازحە، ئەمە دوو ماددەیە، ماددەی پێنج خاڵی یەك ڕێگا دەدات بە هەموو كەسێك كە خۆپیشاندان بكات، باسی شیاوی یاسایی ناكات، لەبەرئەوە ئەو دوو ماددەیە یەكیان یەكیان هەڵدەوەشێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ئەمە ڕەئیە دەیخەینە دەنگەوە، مامۆستا هەورامان ئەو ڕەئیە باسكرا، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە (شیاوی یاساییەکە) بۆ کەسەکان نییە، خۆپیشاندانەکە لەوانەیە زیاتر لە ١٠٠٠ کەس بەشداری تێدا بکات، (شیاوی یاساییەکە) تەنها بۆ نوێنەرەکانە، تەنها بۆ لیژنەکەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگەوە، پێویست ناکات ڕای تری لەسەر بوترێت، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەعریفی شیاوی یاسایی ئیشکالەکەمان حەل دەکات، دکتۆرە ڤالاّ باسی لەوە کرد پێشتر تەمەن، ئەگەر تەمەن ١٨ بێت شیاوی یاساییە، کەواتە خوێندکارێکی پۆلی نۆی بنەڕەتی ناتوانێت نوێنەرایەتی بکات بۆ خۆپیشاندان، ئەوە ئیشکالەکەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڤالاّ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەهلیە تەعریفی تایبەتی خۆی کراوە لەناو قانونی مەدەنیدا، لەوێ تەعریفی هەیە دەتوانن بگەڕێنەوە سەری، دەڵێ ئەو کەسە پێویستە قودرەتی ئیدراك و تەمیزی هەبێت، چونکە خۆتان دەزانن لەنێوان یاسا و لەنێوان فقهو و لەنێوان شەریعەتدا، لەسەر مەسەلەی بلوغ ئەوە کێشەی لەسەرە، دەبێ ئەو کەسە بالغ بێ، هەورەها قودەرتی عاقل بێ و قودەرتی تەمیز و ئیدراکی هەبێتن، لێرەدا کێشەی تەمەنمان نییە و کێشەی ئەو قوتابیانەشمان نابێ، کە بەڕێزان باسیان کرد، بۆیە موستەلەحی شیاوی یاسایی کە ئەهلیە بێ وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرباشە ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە، داوای ئەوەیان کرد بوو ٥ کەس نەمێنێ، لیژنەی ناوخۆ قسەتان هەیە؟ نوقتەی نیزامی بەڵێ کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقی محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە نوێنەر کە باس لە نوێنەر کرا، ئەوەی ئێمە دەنگی نەهێنا ئەوەی کە باس لە نوێنەر کرا بوو، نوێنەران بووایە یان لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەی زیاتریان بدایە، نوێنەر بۆ تەنها کەسە، بۆ ژمارەیەك نییە کە تاوەکو دیاری بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ویستم ئەوە بڵێم ئێستا، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوکاتەش بەڕاستی دەستم هەڵبڕی، بەڕەئی من ئەوە بکرایە بە ڕێکخەر حەلی دەکرد، یەعنی لەڕووی زمانەوانیش تۆ حەقە هەندێ مەسەلە وردبیت تێدا، نوێنەر ئەگەر بکرایە بە ڕێکخەر، ئەگەر ۱ کەس بێ، ئەگەر زۆریش بێ کێشەکەی حەل دەکرد، بەس ئێستا کێشەمان بۆ دروست دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا لەکاتی وتووێژەکاندا ئەم ڕایەت تەرح نەکرد.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی هەر دەستم هەڵبڕی بوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر تۆ کە دەستت هەڵدەبڕی ئەوە بۆ نوقتەی نیزامی دەست هەڵبدەبڕی، ئەگەر پێتوابوو بکرێت بە ڕێکخەر ئەبوو لەکاتی وتووێژ ئەمە باس بکەیت، کەواتە لیژنەی یاسایی، تکایە بێ دەنگی، لیژنەی یاسایی ئەو ڕایە ڕاستە کە مادام کرا بە نوێنەر، ئەوکات ئیتر پێویست ناکات سەقفی هەبێت، یەك کەس بێت یان ٥ کەس بێ یان چەند کەس بێ، نوێنەرانی خۆپیشاندان ئەوکات دەتوانن داواکاری ئاگادارنامە پێشکەش بکەن، بەڵێ.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنە تەنها لە تەعریفەکەی دەتوانێ جێی لیژنەی خۆپیشاندەران بکەینە لیژنەی نوێنەرایەتی خۆپیشاندەران، ئەمما موستەلەحی لیژنە هەلگرن و بیکەن بە نوێنەر، یەعنی دەقیق دەرناچێت لە ڕووی یاساییەوە سیاغە ناکرێت و کێشەشمان بۆ دروست دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تازە ئەوە خرایە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

تکایە بخرێـە دەنگدانیش تازە ئەوە لەڕووی یاساییەوە سیاغە ناکرێت، نوێنەران چۆن سیاغە دەکرێتن، لیژنە بریتیە لە لیژنەی نوێنەرایەتی خۆپیشاندەران، کە ژمارەیان لەوەندە زیاتر نەبێتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەهار خان  نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكێك كە نوقتەی نیزامی هەبێتن ناكرێت كە تەماشای بكەیت و وەری نەگری، ٣ جار تەماشات كردم و وەرت نەگرتم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تۆم نەبینیوە، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەهەرحاڵ كاتێك كە ئەمە بكرێت بە نوێنەر، دەبێ خۆپیشاندان پێناسە بكرێتەوە، ئێمە دەنگمان دا لەسەر خۆپیشاندان، كە دەنگیش درا ناگەڕێیتەوە بۆ شتێك كە دەنگی لەسەر دراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نەگەڕاوینەتەوە سەری.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بكرێت بە نوێنەر، قسەكە لەوەیە تەناقوز دەردەچێ، ئەبێ بگەڕێینەوە پێناسەكە بگۆڕین، پێناسەكەش دەنگی بۆ دراوە، كەواتە چۆن ئەگەڕێیتەوە بۆ شتێك كە دەنگی لەسەر درابێت؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێناسەی خۆپیشاندان نەگۆڕاوە، باسی پێناسەی خۆپیشاندانمان نەكردووە، فەرموو دكتۆرە بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پێناسەی خۆپیشاندان هیچ پەیوەندی بە گۆڕینی لیژنە بە نوێنەرەوە نییە، ناوی لیژنە نەهاتووە لەناو پێناسەی خۆپیشاندان، لەبەرئەوە هیچ تەناقوزێك دروست ناكات، جگە لەوە كە ئێمە لیژنەمان كرد بە نوێنەر ئەوكاتە پێناسەی نوێنەر دەكەین، نەك پێناسەی لیژنە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا بەپێی دەنگدانی پێشوو، لیژنە نەما كرا بە نوێنەر، ئەوكات پێویست دەكات سەر لەنوێ لەبەری تەعریفەكە گۆڕانكاری تێدا بكرێت وەكو وتمان، پێویست دەكات ئیعادەی سیاغە بكرێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی ئەوە بخەینە دەنگەوە، پێویست دەكات ئەو ڕایانەش هەبوو كە لەسەر (لای زۆری نوێنەرەكان)، (لای كەمی نوێنەرەكان)، (شیاوی یاسایی) ئەوانە بخەینە دەنگەوە، بۆئەوەی دوایی ئیعادەی سیاغە بكرێتەوە، مامۆستا رابون بەس نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عمر حاجی عینایەت کە پێشناری نوێنەرایەتی کرد مەبەستی ئەوە بوو، ئەوەنەبوو ئیشەکە بکرێت بە نوێنەر، چۆن لێرە وشەی لیژنە پێناسە کراوە، وشەی نوێنەرانی خۆپیشاندەران پێناسە دەکرێ، دوایی لە پێناسەکە دەبێتە نوێنەرانی خۆپیشاندەران ئەو کەسانەی کە ژمارەیان لە ٣ کەس کەمتر نییە و خاوەنی شیاوی یاساییین، ئەرکی بەڕیوەبردن و خۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان دەگرنە ئەستۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

٥ کەس دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لای زۆرینە بێ؟ نوێنەرانی خۆپیشاندەران لای زۆرینە بێ؟ سەقفی ئەعلای نەبێ لای زۆرینە بێ، ٧٤ کەس لەگەڵ ئەوە بوو، کێ لەگەڵی نییە؟ ١١ کەس لەگەڵ نییە، کەواتە پەسەند کرا، بۆ (شیاوی یاسایش) کە داوای ئەوە کرابوو لابرێت، با لیژنەی یاسایی دوا ڕوونکردنەوەی خۆیان لەسەر ئەم بابەتەش بدەن، فەرموو کاك فەرهاد نوقتەی نیزامیت هەیە، ئاخر نوقتەی نیزامی نەك ڕایەکت هەبێ لەسەری و بیڵێی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حمە صالح (سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا شت دەبێت لۆجیکی تێدابێت، یەعنی کاتێك کە ئەوان دەڵێن لیژنەی یاسایی، دەبێ لیژنەی خۆپیشاندەران لە ٣ کەس کەمتر نەبێ و لە ٥کەس زیاتر نەبێ، یەعنی ٢٠٠٠ کەس بچن بۆلای پۆلیس بۆ داواکردنی ئاگاداری.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خرایە دەنگەوە کاك فەرهاد، پرسەکە خرایە دەنگەوە، دوایی قسەی لەسەر ناکرێت، فەرموو لیژنەی یاسایی دوا ڕوونکردنەوەی خۆتان لەسەر ئەم پرسە بدەن، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، ئەمە بەمشێوەیە ئەو یاسایە هەر تەواو نابێ، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای لیژنەی یاسایی بەنیسبەت (خاوەنی شیاوی یاسایی) بن، ئێمە داواکارین کە ئەو بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو نوێنەرانە ئەرکی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی خۆپیشاندەران دەگرنە ئەستۆ، بۆیە پێویستە (خاوەنی شیاوی یاسایی) بن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شیاوی یاسایی چیە لە یاسادا؟ فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شیاوی یاسایی، کەسێك پێی دەوترێت شیاوی یاسایی هەیە، کە تەحەمولی مەسئولیەت بکات، کەسێکە بالغ، عاقل، راشد، بالغ واتە ١٨ ساڵی تەواو کردبێ، عاقل و راشد واتە تەمیزو ئیدراکی هەبێ، واتە کەسێك ئەگەر مەجنون بێ، ئەگەر ١٨ ساڵیشی تەواو کردبێ ئەهلییەی نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیارمەتی مامۆستا هەورامان، بەیارمەتیت قسە دەکات، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ١٨ ساڵیشی تەواو کردبێ ئەوا شیاوی یاسایی نییە، ئەگەر کەسێك ئیدراك وە عەقلی نوقسان بێ، بالغ، عاقل، راشد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە شیاوی یاسایی نەمێنێ لەپێناسەکە؟ پێویست بە وتوویژ ناکات کاك ئومێد زۆرباسکرا، کێ لەگەڵ ئەوەیە شیاوی یاسایی نەمێنێ لە یاساکە؟ ١٧ کەس لەگەڵ ئەوەیە کە نەمێنێ ، کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێ؟ ٦٨ کەس لەگەڵ ئەوەیە کە بمێنێ، کەواتە دەمێنێت، ئێستا سەر لەبەری پێناسەکە پێویست دەکات ئیعادەی سیاغە بکرێتەوە، بخرێتە دەنگەوە، کاك فەرهاد نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا زۆر سەیرە، یەعنی ئەوکەسانەی لە ئەوروپا دەچن بۆ وەرگرتنی ئیجازە، ئەو کەسانە دەبێ وەکو حیزب و وەکو (NGO) لای پۆلیس تۆمار کرابێت ئینجا پۆلیس دەرگایان لێ دەکاتەوە، ئێمە لە ئەوروپی ئەوروپی ترین؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ تازە ئەوە خرایە دەنگەوە، ئەوە قبوڵ کرا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، فەرموو سیاغەکەی بخوێنەرەوە.

**بەڕێز د. ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەم: نوێنەر: لیژنەی رێکخەری خۆپیشاندەرانە کە ژمارەیان لە ٣ کەمتر نییە، خاوەنی شیاوی یاساین و ئەرکی بەڕێوەبردن و رێکخستنی خۆپیشاندەران دەگرنە ئەستۆ، لەجێگای لیژنە کراوە بە نوێنەر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان كرد بوو، كە یەك كەسیش دەتوانێت ببێت بە نوێنەری خۆی، بۆیە ئەوەش دەخەینە دەنگەوە، بۆئەوەی لە پێناسەكەدا ئەوەش جێ بكرێتەوە، بەڵام لیژنەی یاسایی ڕایەكیان هەبوو كە وتت لیژنە پێویست دەكات لە ٣ كەس كەمتر نەبێ، ئەوكات خۆپیشاندانی كەسی لە شوێنێكی تر جێی بكەینەوە، وتمان لە ماددەی چوار بڕگەی یەك ئەوكات جێی بكرێتەوە، ماددەی چوار بڕگەی یەك، ئەو كەسەی كە خۆپیشاندان دەكات نوێنەری خۆپیشاندەران یان نوێنەری خۆپیشاندەران داوای مۆڵەت بكەن پێش ٤٨ كاتژمێر، دەزانی نوقتەی نیزامی ڕای تر نەبێ، كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەكە وەك خۆی داندراوەتەوە دەڵێت نوێنەر لیژنەیە، هیچ نەگۆڕاوە، وشەی نوێنەرەكە لەجێی لیژنەكەیە، هیچ نەگۆڕاوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوێنەر، نوێنەری خۆپیشاندەرانە كە ژمارەیان لە ٣ كەس كەمتر نییە، خاوەن شیاوی یاساین و، ئەركی بەڕێوەبردن و ڕێكخستنی خۆپیشاندان دەگرنە ئەستۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆرباشە كەواتە ئێستا ئەو پێناسەیە دەیخەینە دەنگەوە، دكتۆر شێركۆ نوقتەی نیزامی ، فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ٣ پەرلەمانتار داوای ئەوەمان كرد، كە تاكە كەس و دوو كەس بتوانن نوێنەرایەتی خۆیان بكەن لە ڕێكخستنی خۆپیشاندان، لەبەرئەوە ئەوەی كە ئێستا هەیە موناقزی ئەو سێ سەوتەیە كە سەوتمان بۆ دا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها لەڕووی سیاغەوە دروست نییە، نوێنەر خۆت دەڵێی لە ٣ كەس كەمتر نەبێ، كەواتە نوێنەران تەعریفی نوێنەران دەكرێ، نوێنەرانی ڕێكخەری خۆپیشاندان، كە ژمارەیان لە ٣ كەس كەمتر نەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستیەکە مـن حەزدەکـەم یـەك تـۆز وردبـین بـین، بۆئـەوەی هەمیـشە ئـەو کێشانەمان بـۆ دروست نـەبێ، مەسەلەی نوێنەر ئەوانەی کە زمان زانن حەزدەکەم یەك تـەعریفی نوێنـەر بکـەن، نوێنـەر دەبـێ نوێنـەری خەڵك بێ، کەسێك ناتوانێت بە تەنها بۆ خۆی نوێنەری خۆی بێ، شتی وا لەڕووی زمانەوانیەوە تەواو نییە، لەبەرئەوە ئەوکاتە ئەگەر بکرایە بە ڕێکخەر ئەو کێشەیەمان بۆ دروست نەدەبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەدی ئەدنایەکە نازانم نەدرایە دەنگدان، ئەگەر ئەو مەوزوعانـە هـەمووی بدرێـتە دەنگدان و دواجـاریش فرسەتێك بدەن بە ئێمە، بۆئەوەی پێداچوونەوەو سیاغەی نیهائیی بکـەین بـۆ مەسـەلەی ئـەو بابەتـەی کـە وروژێنراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهانەی عەدەد بۆ ئەوەبوو، کە مادام دەڵێی لیژنە یاسایی، لیژنە رەقەمی ئەدناو ئەعلای هەیە، کە نوێنەر هاتە شوێنی لیژنە، لیژنە نەما ئەوکات عەدەدیش بەهانەی نامێنێ، لێرە ٣ کەس بێ یان کەمتر نەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینـە دەنگـەوە کـە ٣ کەسـیش نـەمێنێ لـە پێناسـەکە، واتـە یـەك کەسـیش بـۆی هـەبێت داوای ئاگـادار کردنەوە پێشکەش بکات، دەیخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی؟ ٢٧ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ ٣٤ کەس لەگەڵی نەبوو، بۆیە ئێستا داوا لـە لیژنـەی یاسایی دەکـەین، کـاك سـالار نوقتـەی نیزامیـت هـەبوو؟ باشـە ، ئێستا لیژنەی یاسایی دوا سیاغەی پێناسەکە دەخوێننەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوێنــەر، نوێنــەری خۆپیــشاندەرانن کــە خــاوەنی شــیاوی یاســاین و ئــەرکی بــەڕێوەبردن و ڕێکخــستنی خۆپیشاندان دەگرنە ئەستۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو پێناسەیە؟ بیخوێنەرەوە ئەمجارەش، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کە لیژنە بوو بە نوێنەر، بەوجۆرە سیاغەمان کردووەتەوە، تەعریفەکەی بۆئەوەی پێشنیارەکان لەخۆی بگرێت، نوێنەر، نوێنەری خۆپیشاندەرانن کە خاوەنی شیاوی یاسایین و ئەرکی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی خۆپیشاندان دەگرنە ئەستۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، کاك گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو ئەو وشانەی لەو پێناسەدایە، یەك یەك بەڕێزتان خستتانە دەنگدان، نوێنەر، شیاوی یاسایی، حەددی ئەعلا، حەددی ئەدنا، ئێستا ئەدنایەکی تیا نییە، یەعنی هەر لە ڕووی مەنتیقی دەنگدانەوە دەنگی هێنا..............

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وا خستمانە دەنگدانەوە، ئەگەر بە هەڵە دا نەچووبم، وا خستمانە دەنگەوە کە یەك کەسیش بۆی هەبێ نوێنەر بێ، ئەوە دەنگی نەهێناوە، د.ڤالاّ، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەسەکە دەنگی هێناوە، دەتوانین بڵێین نوێنەر نوێنەری خۆپیشاندەرانن، کە ژمارەیان لە ٣ کەس کەمتر نییە و خاوەنی شیاوی یاسایین و ئەرکی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی خۆپیشاندان دەگرنە ئەستۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئەوە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵییەتی؟ (٦٨) کەس لەگەڵییەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ (٧) کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسند کرا، ماددەی دووەم دەخوێنرێتەوە، کاك سالار، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەم ماددەیە کە چوار بڕگەیە، بڕگەیەکی تریشی ماوە هێشتا، بڕگەی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، ١٩ بۆ ٢٠ کەس ناوی نووسیبوو قسەی کرد، بەلاّم لە ڕێگەی نوقتەی نیزامەوە ٣٣ ئەندامی پەرلەمان قسەی کردووە، هیوادارم جارێکی تر بە مەسەلەی نەسیحەت و نەسیحەتکاری وەرنەگیرێ، جەنابتان ئەرکی تەنزیم کردنی جەلسەکەتان هەیە، نوێنەرانی لیژنەکان لەسەر ئەوە ناتوانن ئەو هەموو ڕەئیە دوای

گفتوگۆ وەرگرن، لە ڕووی قانونییەوە ئەوانەی ناویان نووسیوە قسە بکەن، دوای ئەوە بۆچوونەکان تەتەڵە دەکرێ، دەخرێتە دەنگدان، حەتمەن سەر لەبەری گفتوگۆکان بۆچوونی تازە دەهێنێتە پێشەوە، لای ئەندامانی بەڕێز بۆچوونە تازەکە بنەمای قانونی نییە ئەگەر مەنتیقیش بێ، بەڵام ڕۆیشتووە، لە هەموار، لە ڕاپۆرتی موشتەرەك، دوای ئەوە لە ناو گفتوگۆی ئەندامانی پەرلەمان دا ئێمە بۆچوونەکان وەردەگرین، ئەگەر زیاد لە سێ کەس بوو دەخرێتە دەنگدان، ئەگەر کەمتر بوو ناخرێتە دەنگدان، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی جەلسەکە بڕوا بۆ ئەوەی ماددەکان وەکو خۆیان تێپەڕن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ تۆ، دوو بابەت ماوە کە پێویست دەکات لەم ماددەیە بیخەینە دەنگدانەوە، یەکیان ئەوە بوو کە داوا کرابوو پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان پێناسەی بۆ بکرێ، دووەمیان ئەوە بوو کە خۆپیشاندانی لە ناکاویش لە ناو ماددەکەدا پێناسەی بۆ بکرێ، بەڵام لە کۆبوونەوەی هاوبەش ڕەفزی کردبێ، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردووە، کاك گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەیەکی وەکو خۆپیشاندانی لە ناکاو هیچ لە ڕاپۆرتەکەدا نییە، بەڵام ئەگەر بڕیارە قسەی لەسەر بکرێ بۆ ئیزافە کردن، شتێکی زۆر تازەیە هاتۆتە ناو موناقەشە، دەبێ ڕێگە بە ئەندامان بدرێ بۆچوونی خۆیان لەسەر خۆپیشاندانی لە ناکاو بدەن، یەعنی ئەوە جوملەیەك نییە بڵێی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان هەیە لەولا، با لێرە پێناسە بکرێ، یاخود لێژنە هەیە با لیژنە بەم شێوەیە پێناسە بکرێ، خۆپیشاندانی لە ناکاو هەر تیای نییە یاساکە، لەبەر ئەوە ئەگەر قسە بێ بۆ زیاد کردن، ئەوە گرفتی پێناسە نییە، ئەوە جەوهەری یاساکەیە، دەبێ ئەو کاتە دەرگای گفتوگۆ بۆ ئەندامان بکرێتەوە، هەر کەسەی ڕەئی خۆی بدا ئیتر، ئەوەی دیفاعی لێ دەکات، یاخود ئەوەی موبەریراتی هەیە، چونکە ئەوە خۆپیشاندانی لە ناکاو لە ناو کۆی یاساکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، لە ناو کۆی یاساکە نییە، ڕاستە، بەڵام ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان کردووە پێناسە بکرێ، ئەگەر دوایی دەنگی هێنا کە لە ماددەی (١)دا پێناسە بکرێ، ئەو کات دەرگای وتووێژ دەکەینەوە بۆ ئەوەی کە پێناسەکەی چۆن صیاغە بکەین؟ بۆ پێناسەکەی کاك باپیر، لێرە ئەم ماددەیە هەمووی پێناسەیە، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان کردووە کە پێناسەی ئەوەش بکرێ، ئەگەر دابندرێ لەگەڵ پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، ئێستا پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، ڕوونکردنەوەتان چیە لەسەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان؟ پێناسەکردنی؟

**بەڕێز د. ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كە پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكانمان نەهێناوەتە ناو بڕگەی پێناسەكردن، لەبەر ئەوە بووە لە یەكێك لە پرۆژە یاساكان داوا دەكرێت كە پێناسەی پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان بكرێ، لە پرۆژە یاسای دووەم داوا دەكرێ كە دەزگاكانی پۆلیس خۆپیشاندەران بپارێزن، ئێمە لەسەر گرنگی ئەو خاڵە میواندارى لیژنەیەكی تایبەتمان كرد لە وەزارەتی ناوخۆ، بۆ ئەوەی گوێ لەوان بگرین، ئایا ئەوان دەتوانن لە ڕێگای پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان تەغتیەی ئەوە بكەن كە حیمایەی گیان و سەروەت و سامانی خەڵك بكەن؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا لیژنەی ناوخۆ پێی ڕاگەیاندین كە پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان لە هەموو قەزا و، لە هەموو ناحییە و لە هەموو شوێنەكان تەواجودی نییە، بۆیە ناچار دەبن ئەوان لە كاتی نەبوونی پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان دەبێ پەنا ببەنە بەر دەزگای پۆلیس بۆ حیمایەت كردنیان، بۆیە ئێمە بۆ ئەوەی تەوفیق بكەین لە بەینی هەردوو پرۆژە یاساكە لەلایەك، لە بەینی پێداویستی جیهەتی مەعنی كە بانگمان كردوون، گوێمان لێ گرتوون، بۆ ئەوە گوێمان لێ گرتوون كە بتوانین جێگای بكەینەوە، بەو شێوەیە دامان ڕشتۆتەوە لە ناو یاساكەدا، یان لە ناو ڕاپۆرتی هاوبەش دا، لە ماددەی پێنجەم، لە خاڵی دووەم وتوومانە (دەبێت پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان خۆپیشاندەران بپارێزن)، واتا كە ئەصڵ حەقی پاراستن و واجیبی پاراستنی خۆپیشاندەرانمان كردۆتە واجیبی پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان، ئینجا فاریزەمان داناوە و گوتوومانە (لە كاتی پێویست دا دەزگای پۆلیس هاوكاریان دەبێ)، ئەوەیان لە دوو ڕووەوە بووە بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، یەكەمیان/ بۆ ئەوەی دەزگاكانی پۆلیس خۆپیشاندەران بپارێزن لەلایەك، لەلایەكی تر/ بۆ ئەوەی ئەم دام و دەزگایانەی كە مەعنین و پێویستە خۆپیشاندەران بپارێزن، جگە لە پۆلیس و پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان پەنا نەبەنە بەر هێزەكانی تر، چونكە كاتێك تۆ پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان كە لە تەعریف دێنی، تەنها ئەركەكان دەخەیە ئەستۆی پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان، ئەوان بە پاساوی ئەوەی كە توانای ئەوەی نییە پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان ئەو پێداویستییەیان بۆ پڕ بكاتەوە، ئەگەر ناوی دەزگای پۆلیس نەهێنێ لەوانەیە پەنا ببەن بۆ هێزەكانی تر، هێزەكانی تر بەكار بێنن بۆ مەسەلەی حیمایە كردن و، ئیخماد كردنی خۆپیشاندەران، واتا لێرە ئێمە ئەوەی ڕێكمان خستووە دوو سەرەیە، هەم پێداویستییەكانی جیهەتی مەعنییە و جیهەتی جێبەجێكارە، هەم بۆ پارێزگاری كردنە لە جیهەتی خۆپیشاندەران لەلایەكی تر، ئینجا بۆ ناتوانین ئێمە ئەوە لە تەعریف دا جێ بكەینەوە؟ ئەگەر لە تەعریف دا گوتمان (پۆلیس بریتی یە لە پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان) لێرە نوقتە دادەنێین و ناتوانین لە بڕگەكانی تر ئەو تەعریفەی كە كردوومانە فراوانی بكەین، چونكە یەكێك لە خەسائیسەكانی تەعریف ئەوەیە كە مانیع بێ، جامعە، شاملە، مانعە، كە مانعە تۆ ناتوانی لە جێگایەكی تر فراوانی بكەی، كە من لە تەعریف بڵێم/ پۆلیس بریتی یە لە پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان، نابێ لە ناو یاساكەدا وەكو موشەریع حەق بدەم بە خۆم لە ماددەیەكی تر بڵێم پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان و

دەزگای پۆلیس کاری پارێزگاری کردن و حیمایەت کردنی خۆپیشاندەران دەگرنە ئەستۆ، تەنها ئەوەیان قەصدی موشەریعە لە داڕشتنی ئەو ماددەیەدا، ئێمە داواکارین لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وەکو خۆی وەری بگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار، فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە یاسایەکی تایبەتە بە مافێکی مەدەنی و دەستووری، ڕێ و شوێنی تایبەتی لەلایەن دەسەڵاتی ئیجرائی و جێبەجێ کردنەوە پێویستە بۆ بگیرێتە بەر، لە پڕۆژەی هەموار کراودا داوا کراوە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بەم شەئن و ڕێکخستنی خۆپیشاندانە هەڵبستن بۆ جووڵەدانی پشێوی، بۆ ڕوونەدانی پێشێلکاری، بۆیە ئەوە لەلایەن ئەندامانی بەڕێزیشەوە کە موناقەشە کرا زیاد لە ٣ کەس پێشنیاری کردووە، موتەبەعە بخرێتە دەنگدانەوە، تەعریف کردنیشی مەسەلەیەکی ئاسانە، ئەستەم نییە، دەزگای پۆلیس لەم یاسایە تایبەتەدا مەبەست پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە، بەڵێ، هەندێك جار خۆپیشاندان ڕوو دەدا، بە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان کۆنترۆڵ ناکرێ، دەکرێ ئێمە ئەو بڕگە دووەمەی کە لە ماددەی پێنجەم دا هاتووە، پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان خۆپیشاندان دەپارێزن، لە کاتی پێویست دا دەزگای پۆلیس هاوکار دەبن بە ماددەیەکی صەریح بێت، بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیەش بڕێتەوە، چونکە ئێمە داوامان کرد لە تەعریفەکەدا، بەڕێزان لە لیژنەی قانونی ڕایان وابوو لە تەعریفەکەدا نەبێ، لە ماددەی پێنج و شەش دا بە فەقەرە بێ، بەڵام بۆ کۆی ئەم یاسایە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان پێویستە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئیستیحداس بکرێ، لە ڕابردوودا کار لەسەر ئەم بابەتەدا کراوە، کارێکی ئاسانە، بۆ ئەوەی سیمایەکی تەواو مەدەنی لە خۆوە بگرێ، لە کاتی پێویستیش دا پۆلیسی گشتی هاوکاری چالاکییە مەدەنییەکان بن، بۆیە ئەو ڕەئیە بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی وەکو ماددەکان بڕگەکانی پێشوو جەدەلی زۆر هەڵنەگرێ، لە چوارچێوەی قانونی مامەڵە لەگەڵ پێشنیارەکان بکرێ، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سۆران، فەرمووو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ کە هاتن، بەهانەی ئەوەی کە تەنیا لەم یاسایە پۆلیسی چالاکی مەدەنی دەبێ، وەزارەتی ناوخۆ بەهانەی ئەوەی هێنایەوە کە کەمیان هەیە لەم پۆلیسانە، هەرچەندە لە شارەکان هەتاکو قەزاکان پۆلیسی چاکییە مەدەنییەکان هەیە، تەنها لە ناحیەکان دا نیە، ئەمما ئەو حاڵەتەی کە

خۆپیشاندان بە لاڕێ دا دەڕوا، یاخود لە کۆنترۆڵی هێزی چالاکی مەدەنی نامێنێ، ئەوەمان حەل کردووە کە دەزگای پۆلیس بەشداری دەکات، نەك دەزگاکانی پۆلیس داوا بکات پۆلیسی جۆرا و جۆر بێت، دەزگای پۆلیس دوای ئەوەی مەشورەتمان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ کرد، تەنیا پۆلیسی مەحەلی دەگرێتەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە تەعریفی ئەساسی لە پۆلیس، پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە ئیزافە ببێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د. بەهار، فەرموو، تکایە بە کورتی.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەم بابەتە ئایا پێناسەی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لە پێناسەکان دا بکەین یان نەیکەین، ئەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی ئایا ئێمە مەسئولیەتەکە بە کامل دەخەینە سەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، ئەگەر ئەوەمان کرد، ئەوە دەبێ لێرە پێناسەی بکەین، ئەگەر دەزگای پۆلیسی ترمان هاوبەشی پێ کردن، ئەوە لێرە پێناسەی ناکەین، مەبەستی ئێمەش کە پێناسەمان نەکردووە هەر ئەوە بووە، یەعنی ناکرێ ئێمە لێرە پێناسەی بکەین و دوایی پێناسەکەی خۆمان تەقید بکەین بە شتێکی تری بۆ زیاد بکەین، بۆیە ئەگەر بڕیارمان دا ئەوان مەسئول بن پێناسەی دەکەین، ئەگەر بڕیارمان دا هاوکاریان هەبێ دەبێ پێناسە نەکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروا خان، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێکەڵ کردنی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لە پێناسەکەدا، بەڵێ بە زۆرینەی دەنگ، ئەو کاتەش بڕیار لەسەر ئەوە درابوو کە لە پێناسەکەدا بکرێ، مەسئولیەتەکەی بخرێتە سەرشانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، ئەو بیانووەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەیوت کە ئێمە ژمارەیەکی کەممان هەیە، دەکرێ هەوڵ بدرێ بۆ زیاد کردنی، نەك ئەوە ببێ بە بیانوویەك، سەبارەت بە خۆپیشاندانی لە ناکاو، ئەویش لە یەکێ لە پرۆژەکان دا، بمبوورە بەس تەنیا مەبەستم ئەوەیە کە دەکرێ بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە لە یەکێ لە پرۆژەکان دا هاتووە، ئەوە بۆ قسەکەی کاك گۆران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەوەش دەخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی ناوخۆ، کاك ناظم، فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە لێرەدا هاتووە بە نیسبەت، لە کاتی پێویست دا دەزگای پۆلیس هاوکاریان بکات، پێویست ناکات پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان پێناسەی بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگەوە کە پێناسەی پۆلیس بکرێ بە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، کاک تحسین، فەرموو.

**بەڕێز تحسين إسماعيل أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو لیژنانەی کە بەیەکەوە کاریان کردووە، زیاتر لە ئێمە قسەیان کرد، دیارە تەناقووز هەیە لە بەینیان، ئەوە باشتر بوو ئەوان گەیشتبانە ئیتیفاقێك، ئینجا هاتبانە ئێرە دیفاعیان لە ڕاپۆرتەکەی خۆیان دا بکردبا، جەنابت ئەم ڕاپۆرتەت خستە دەنگدانەوە، کە موناقەشەی لەسەر ئەوە دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك تحسین، ئەوان ڕاستە بە یەکەوە ڕاپۆرتیان نووسیوە، بەڵام لەوە دەچێ تەحەفوزیان هەبووبێ، هەندێکیان لەسەر هەندێك لە بڕگەکان بە زۆرینە یەکلا کرابێتەوە، بە زۆرینەی دەنگی لیژنەکان یەکلا کرابێتەوە، ئێستا مافی ئەوەشیان هەیە کە خۆشیان ڕەئیان هەبێ، ڕەئیەکی تریان هەبێ، د.فرست، نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صوفي علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەو کۆبوونەوەیە بەشدار بووم، ئێمە لەسەر ئەم بابەتە ڕێککەوتبووین، کە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان زائیدەن پۆلیس، ئەوە یەك، دوو/ ئەم مەسەلەیە لە ناو ئەم بڕگانەدا نەبووە، بۆیە ئێستا ئەگەر نوقتە نیزامیش وەرنەگرم، حەقی منە قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەم، لەبەر ئەوەی مەسەلەی، ببوورە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتی خۆی دەتتوانی گفتوگۆی لەسەر بکەی لە کاتی گفتوگۆدا، د. فرست.

**بەڕێز د. فرست صوفي علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە ناو گفتوگۆدا نەبووە کاك دکتۆر، تاوەکو ئێستا تۆ بڵێی نوقتە نیزامی وەرگرە، ئەوە مەسەلەیەك بووە لە خاریجی گفتوگۆ بووە، خۆپیشاندانی لە ناکاو، چالاکییە مەدەنییەکان لە ناو ئەو بڕگانەدا بۆم ببینەوە، تاوەکو من دەستم هەڵبریبایە گفتوکۆی لەسەر بکەم، لە ناو ئەو گفتوگۆیەدا نەبووە، بۆیە ئەگەر بڕیارە بیخەیە دەنگدان، مەجال بدە قسەی لەسەر بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با من عەرزت بكەم، ئێمە ماددەی یەكەمی پرۆژە یاساكەمان خستۆتە گفتوگۆوە، كە ماددەی یەكەم بریتی بووە لە پێناسەكان، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان كردووە كە ئەو پێناسانە جێ بگرێ، بۆیە دەیخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە دەزگای پۆلیس، بەڵێ لیژنەی یاسایی، د. ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێش دەنگدان بەس ئەو ڕوونكردنەوەیە دەدەین، ئەگەر بێت و ئێمە تەعریفی پۆلیس بە پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان بكەین، دەبێ ئێمە لێرە بڕگەی دووەم لە ماددەی پێنجەم هەڵگیرێت، چونكە دوای تەعریف ناتوانین بڵێین/ دەبێ پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان خۆپیشاندەران بپارێزن، ئینجا لە كاتی پێویستیش دا دەزگای پۆلیس هاوكاریان بن، واتا هەردووكی بەیەكەوە جەمع ناكرێ، ئێمە لێرە بۆیە ئەوەمان داناوە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێ كردن پەنا نەبا بۆ بەكارهێنانی هێزی تر بۆ مەسەلەی ئەو بابەتە، بۆیە تكایە ئاگادار بن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر بە تەفصیل د. ڤالا ئەو بۆچوونانەی ڕوونكردەوە كاك د. فرست، فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تۆ چیت خستە دەنگدان، سەرۆكی پەرلەمان؟ ئەوەت خستە دەنگدان كە ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەكان موناقەشە بكرێ؟ ئەگەر ئێمە بڕیار بێ لە قانونە ئەصڵییەكەمان موناقەشە كردبایە، ئەو كات حەق نەدەبوایە ئێمە موناقەشە بكەین، تۆ ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەكانت خستە دەنگدان، ئێمە بڕیارمان دا موناقەشە لەسەر ڕاپۆرتی هاوبەشی هەر چوار لیژنە بكەین، هەر شتێك لە ڕاپۆرتی هاوبەش دا هاتبێت، دەستمان هەڵنەبریبێ، بەڵام ئێستا تۆ ئیستیحداسی دوو نوقتە دەكەی لە ناو ڕاپۆرتی هاوبەش دا نیە، مافی منە موناقەشەی لەسەر بكەم، دیفاع لەوە بكەم كە چۆنە و چۆن نیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. فرست، ڕاستە ڕاپۆرتی هاوبەش بەو شێوەیە هاتووە، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن ڕایەكی جیاوازیان لە ڕاپۆرتی لیژنە هاوبەشەكان هەبێ، پشتگیری لە ڕایەكی تر بكەن، كە زیاتر لە سێ كەسیش داوای ئەوەیان كردووە، بۆیە مادام ئێستا دەتانەوێ گفتوگۆی لەسەر بكەن، ڕاستە ئەم دوو بڕگەیە لە ناو ڕاپۆرتە هاوبەشەكەدا نییە، دوو كەس بۆ پشتگیری، دوو كەسیش بۆ دژایەتی كردنی ئەم دوو پێناسەیە قسە بكەن، بۆ ئەوەی دوایی بە بەرچاو ڕوونییەوە دەنگی لەسەر بدرێ، كاك سالار نوقتە نیزامی.

**بەڕێز سالار محمود مراد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیڕەو تەجزیئە ناکرێ، لە کوێ دا بەرژەوەندیم لەگەڵی بوو لەگەڵی بم، لە کوێ دا بەرژەوەندیم لەگەڵ نەبوو تەبریراتی ناپەیڕەوی بۆ بێنمەوە، زیاتر لە سێ کەس داوای کردووە هاوشێوەی نوێنەر، هاوشێوەی برگەکانی تر کە لە پێشووتردا دەنگمان بۆ دا، وەزیر و وەزارەت پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لەم تەعریفە هەبێ، نیقاش هەڵناگرێ ئەم مەسەلەیە، بۆ؟ یەکەم/ لەبەر ئەوەی لە پرۆژەی هەموارەکەدا هاتووە، دووەم/ بەشێکی زۆر لە ئەندامان و لە لیژنەکان لەگەڵ ئەوە بوون پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ئەم مەسئولیەتە هەڵبگرێ، سێیەم/ ئێمەش دەزانین، لە کاتی دەرچوون لە نیزام دا لە خۆپیشاندان پێویستمان بە پۆلیسی گشتیش دەبێ، لەو ڕوانگەیەوە ئێمە ماددەیەك ئیزافە دەکەین بۆ ئەو مەسەلەی، دەیخەینە بەردەست پەرلەمانتارانی بەڕێز، بۆیە دەرگا کردنەوە بۆ گفتوگۆ ئێمە لە ماددەی یەکەم دا دەچەقین، ناشمەوێ بچمە سەر تەفاصیلی ڕاپۆرتەکە و نووسینی ڕاپۆرتەکە و ئیزافە و لادانی هەندێ برگە، بۆیە ئێمە بە پێی پەیڕەو بۆچوونەکان وەردەگرین، داوا لە جەنابت دەکەین بیخاتە دەنگدانەوە، قبوڵ کرا جێی دەکەینەوە، قبوڵ نەکرا وەکو خۆی دەیهێڵینەوە، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی لەبەر ئەوەی ئێمە بە دەنگدان ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەکانمان خستە دەنگەوە، ئەوەمان کرد بە ئەساس، هەندێك لە پەرلەمانتاران ڕایان وابوو کە دوو پێناسە بۆ ماددەی یەکەم ئیزافە بکرێ، ڕاکەیان بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرێ، دەیخەینە دەنگەوە، بەڵام ئەو ڕایەش بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین کە داوای ئەوە دەکا، ئەو کەسانەی کە دژ بەوەن ڕای خۆیان بڵێن کە لە ئەصلی یاساکەدا نەبووە تا موناقەشەی بکەن، بۆیە دوو کەس لەوانەی کە دژن وەردەگرین، لەوانەی کە دژن ئەو دوو پێناسەیە لە ناو ماددەی یەکەم دا هەبێ، ڕای خۆیان بڵێن، دوایی دەیخەینە دەنگەوە، د. فرست یەکێکیان، ئەوەی کە دژە ئەو دوو پێناسەیەی تیا بێ، د. ڤالاش، بەس با د. فرست لە پێش دا قسە بکات.

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دکتۆر عەفوو، ئێمە بەس بۆ دیفاع کردن لە ڕاپۆرتەکەی خۆمان، ئەو ڕاپۆرتە ئەو تەعریفانەی تێدا نەهاتووە، یەعنی بەڕێزت ئەوە نابێ بخرێتە دەنگدان، بە ڕای ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی، چونکە ئەوە لە کۆبوونەوەی هاوبەش دا ئەو بابەتە کۆتایی پێهاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زیاتر لە سێ کەس داوای ئەوەیان کردووە، زیاتر لە سێ کەس داوای ئەوەیان کردووە کە ئەو پێناسە جێ بگرێ، بەڵێ د. فرست.

بەڕێز د. فرست صۆفی علی :

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە پێی ئەو عورفە موتەبەعەی کە لە داڕشتنی هەر یاسایەك هەیە، تۆ تەعریف کاتێك دادەنێی کە لە ناوەوە ڕەنگدانەوەی هەبێت، کاتێك ئێمە لە ناو ناوەڕۆکی قانونەکە شتێکمان نەبێت بە ناوی خۆپیشاندانی لە ناکاو، ئەوەی تریشیان موعالەجە کرابێ، ئەوەی چالاکییە مەدەنییەکان و پۆلیس، هیچ پاساوێك نییە بۆ ئەوەی جارێ یەکەم ئەوە لە پێناسە دابنێین، دووەم/ ئێمە لە نیزامێکی پەرلەمانی دا دەژین، لە نیزامی پەرلەمانیش خۆ دوژمنداری لە نێوان حکومەت و پەرلەمان دا نییە، دوایش کاتێ ئێمە لە لیژنەیەکی هاوبەش کۆبوونەوەیەکی فراوانمان کردووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بۆ ئەوەمان بووە گوێ لە حکومەت بگرین، ئایا ئیستیعدادی حکومەت هەیە بۆ ئەوەی ئێمە لەم یاسایەی کە تەعدیلی دەکەین، توانای ئەوەمان هەیە تەنها بە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ؟ وەڵامی حکومەت ڕاست و ڕەوان بووە، ئەو بەڕێزانەی لەوێ دانیشتوون کە ئێستا لە کاتی ئێستادا، لەوانەیە تا مەودایەکی درێژیش حکومەت ئیستیعداد و قودرەی ئەوەی نەبێ تەنها بە بوونی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان تەغتیەی خۆپیشاندانەکان بکات، بە تایبەتی لە قەزا و ناحیەکان، بۆیە ئێستا ئێمە ئەو حکومەتە هی هەموومانە، هەمووومان بەشدارین، ئێستاش مەجالی ئەوە نییە ئێمە بڵێین با حکومەت زیاد بکە، با حکومەت دایانبمەزرێنێ، ئێمە لە ئەزمەیەکی مالیداین، لەوانەیە بە دوو ساڵی تریش نەتوانرێ لە هەموو قەزا و ناحیەکان پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دروست بکرێ، بۆیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێمانوایە لەم قۆناغە بۆ ئەوەی تووشی فەراغێکی ئیداری نەبین لە کاتی بوونی خۆپیشاندانەکان، فەراغێکی ئەمنی دروست نەبێت، وا باشە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ئەفزەڵییەتی پێ بدرێت، ئەگەر گریمان لە حاڵەتی (أسوأ الإحتمال) پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دەست نەکەوت، دەستی حکومەت گرێ نەدەین، مەجالی تێدا، پۆلیس بەڵام بەو پێوەرانەی، بەو قەیدانەی لە ناو قانونەکە دامانناوە، دەبێ مەدەنی بێ، لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی خۆپیشاندان دەبێ بە شێوازێکی مەدەنی بێ، بە ئاو پرژێن بێ، ئەوانەی هەموو تێدایە، ئێمە چ مەترسییەکمان لە پۆلیس دەبێ، ئەوانیش کوڕی ئەو وڵاتەن، ئەوان بە شێوازێکی مەدەنی ڕووبەڕووی خۆپیشاندان دەبنەوە، بۆیە پێمان باشە ئێمە ئەگەر بمانەوێ ئەم یاسایە هەموار بکەین، لێی دەربچین، ئیلتیزام بکەین بەوەی کە نوێنەری هەموو لیستەکان لە ناو ئەو لیژنانەدا هەبووە، ئیتیفاقمان کردووە، ئێستا ئەوەی کە باسی خۆپیشاندانی لە ناوەوە دەکرێ، باسی ئەوە گەڕاینەوە خاڵی صفر، ئێمە لەوانەیە بە ئاسانی لێی دەرنەچین، ئێمە چەند مانگ کۆبوونەوەمان کرد، دانیشتین بەیەکەوە، مانگێك و شتێکە بۆ ئەوەی بگەینە ئەو مەرحەلەی کە ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشە دروست بوو، ئێستا لەسەر ئەو گفتوگۆیانە گەڕاینەوە خاڵی صفر و لێشی دەرناچین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێی تر دژی ئەوەیە کە پێناسەی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و، پێناسەی خۆپیشاندانی لە ناکاو بخرێتە ناو ڕاپۆرتەکەوە؟ بۆ ئەوەی قسە بکات، کاك ڤەمان.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز د.فرست بەباشی بەحسی پۆلیسی چالاکی مەدەنی کر، ئەزێ بەحسێ خۆپیشاندانی لە ناکاو دکەم، کەژ بەرچی ئەم دژی هەندێنە؟ ئەگەر هەڤاڵێت ئەندام پەرلەمان یەعنی باشتر بەرەخۆدن دەبێ یاسایێ ئەڤا کو هاتیە تەعدیل کرنێ بە هیچ شێوەیەکی حکومەت یان ژی وەزیر، یان سەرۆکی یەکا کارگێڕی، ماڤێ هەندێ نینە و داخازا خۆپیشاندەرا، یەعنی کو چەند کەسەك ڕابن پێشکەش کرنا داخازەکی، ئاگادار نامەیەکی بۆ حکومەتی، بۆ هەندێ خۆپیشاندانێ بکا، بە هیچ شێوەیەك حکومەتی ئەو مافە نینە کوڤێ ئاگاداری نامە ڕەتکریتن، کەواتە لێرەدا یەعنی ئەم تیناگەین، مەرامیش خۆپیشاندان نەکا یەعنی چیە؟ ئەگەر حوکمەتی ئەو دەسەڵاتە نەبیتن بشێتن ئاگادارینامە ڕەت بکرێتن، بۆچی یە خۆپیشاندانی لە ناکاو؟ ئەڤە ژ ناحیەك، ژ ناحیەکی تر، خۆپیشاندانا لە ناکاو حاڵەتەکی فوجائی یە، ئەڤ یاسا هەیە تەنزیمی حالەتەکی کر، حالەتەکی دیار، کودڤیتن نیەتێت هەردوو تەرەف دیار بێت، ب تایبەتی لایەنی دەسەڵات و لایەنی دی تەژی ئەڤی خۆپیشاندانی رابن، چونکە ئەگەر هەر تەصەروفەکا بیتن ئەنجام دان لای خۆپیشاندان، ئەو تەصەروفا دژوار بیتن، حوکمەت یان ژی دەسەڵات رەت داوان دژواری، کەواتە مە دڤیتن گیانی هاووڵاتیا بپارێزین، ژ بەر هەندێ ئێمە دبێژین بلا خۆپیشاندانا لە ناکاو نبیتن، بەلکو دڤێتن خۆپیشاندان بە تەنزیم کرن بیتن، وەکی لەو قانونە هاتیە دارشتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پێناسەی دەزگای پۆلیس ئیزافە بکرێ بۆ ماددەی یەك و، تیا بچەسپێنرێ کە دەزگای پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٤٢) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نیە؟ (٣٨) کەس لەگەڵی نیە، کەواتە پەسند کرا، (٤٢) کەس لەگەڵیەتی، بۆ پێناسەکەشی سوود لە یەکێك لە پرۆژە یاساکان وەردەگرین کە خوێندنەوەی بۆ کراوە، ئەگەر لیژنەی یاسایی لەگەڵم بن کە لێرە پێناسەی دەزگاکانی پۆلیس کراوە، شەشەم ئیزافە بکرێ، ئێستا ماددە بە ماددە راپۆرتەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم:** هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

١- وەزیر

٢- وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٣- خۆپیشاندان بریتییە لە کۆبوونـەوەی ئاشـتییانە و مەدەنییانـەی ژمارەیـەك کـەس و هـاووڵاتی لـە شوێن و کاتێکی دیاری کراو بە مەبەستی دەربڕینی هەڵوێست و راو گەیاندنی داواکاری و پەیام بـۆ هێنانە دی مەبەست و ئامانجێکی رەوا، جا بە شێوەی گردبوونەوە، یان رێ پێوان، یـان مـان گـرتن، یان پەناگیری بێت.

٤- لیژنـە: لیژنـەی رێکخـەری خۆپیـشاندانە کە ژمارەیـان لـە (٣) کـەس کـەمتر و لـە (٥) کـەس زیـاتر نەبێت، خاوەنی شیاوی یاسایین و ئەرکی بەڕێوەبردن و رێکخستنی خۆپیشاندان دەگرنە ئەستۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ با ناوەکان بنووسین، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دوای ئەوەی کە راپۆرتی لیژنەی هاوبەش بوو بە بنەما، دیـارە ئەمـە دەبێتـە بنـەما بـۆ گفتوگـۆ کـردن، بـەڵام ئێمـە پێمـان خۆشـە ئـەو روونکردنەوەیـە بـدەین وەکـو سـەرۆکی لیژنـەی کۆمەڵگەی مەدەنی، یان بەشێك لەو بەڕێزانـەی کـە ئەنـدام بوونـە لـە لیژنـە هاوبەشـەکە، بـە گەڕانـەوە بـۆ پڕۆژە هەموارکراوەکان هەندێك بڕگە هەبووە داوا بکرێت هەموار بکرێتەوە لێرەدا بە دوو رەئی جیاوازیش نەهاتووە لە کاتێکدا کە دەکرا بە دوو رەئی جیاواز بێت، ئەسڵ ئەوەیە ئەوەی داوا کراوە هـەموار بکرێتـەوە گفتوگۆ لەوە بکرێت، بۆ نموونە کاتێك قسە لەسەر ئەوە دەکرێ دەزگای پۆلیس تەعریفە بکرێ بە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دەکرێ ئەوە داخل بکرێت یـان نـەکرێت؟ یـەك خـاڵی گـرنگم مـاوە بـەڕێز سـەرۆکی پەرلەمان، بۆ نموونە قسەکردن لەسەر تەعریفەی لیژنە نەهاتووە لە هیچ یەکێك لە هەموارکراوەکانـدا جا داخـل کـراوە، یـەعنی ئـەوەی داوا نـەکراوە داخـل کـراوە، ئـەوەی داوا کـراوە داخـل نـەکراوە، بۆیـە ئەمـە بـۆ بەرچاو روونی بێت دەکرێ گفتوگۆ لەسەر ئەو بنەمایانە بکرێ و ئەو ئیزافانەی لـە هەموارەکە داوا کـراوە لە غەیری پڕۆژەکە، واتە پڕۆژە هاوبەشەکە جێگەی جەدل بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤاڵا قسەیەکت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو راپۆرتانەی کە نووسراوە لە بەر رۆشـنایی ئـەو دوو پـڕۆژە یاسـایە کـە پێـشکەش کـراوە، بـەڵام خۆتـان دەزانن ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ئەرکی سیاغەکردنی یاسامان هەیە، زۆر جار پڕۆژە یاسا لـە هەنـدێك لـە بنەماکان و لە نیزامی عام و لە بنەما ئەساسیەکان لادەدات، ئەرکی ئێمە و کاری ئێمە و مافی ئێمەش ئەگەر بە ئەرك و مافیشی دابنێین ئەوەیـە کـە ئێمـە ئـەو پـڕۆژە یاسـایانە بـە جۆرێکی ئـەوتۆ سـیاغە بکـەین کـە

لەگەڵ بنەما گشیتییەکان و لەگەڵ ڕێسا گشتییەکان پێچەوانە نەبێت، بەلاَم لەوە تەئکید دەکەینەوە کە خاڵ بە خاڵ هاتینە سەر ماددەکان کامەی ئیزافە نەکرابوو، کامەی بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگیرابوو جەنابتان داوای ڕوونکردنەوە لە ئێمە بکەن، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی وەلاَمی خۆمان دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە؟ د.شوان قەلاَدزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى (د.شوان قەلاَدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی خۆپیشاندان کراوە، بەلاَم ئێستا زۆرینەی خۆپیشاندانەکانی کوردستان ڕۆژانە بە چاوی خۆمان دەبینین کە خۆپیشاندانی لە ناکاوە، ئێمە لە دانیشتنەکە زۆر داکۆکیمان لێکرد لێرە هیچ ئاماژەی پێ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شوان دەتوانی ناوی خۆت بنووسی بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەی، ئەگەر نا ئەوە نوقتە نیزامی نییە، کاك عادل نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە ویستم زیاتر تەوزیح بدەن لەوەی کە ئەم موناقەشە لەسەر ماددەی یەکەمە، نەك لەسەر کۆی پڕۆژەکە، چونکە هەموویان دەستیان هەڵ بڕیوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، لەسەر ماددەی یەکەمی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە هەمواری یاسای خۆپیشاندان، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان با ناوەکان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ناوانە بۆ گفتوگۆ لای ئێمە تۆمار کراوە، ناوی تر هات ئیزافەی دەکەین (گۆران ئازاد، صالح فقێ، فەرهاد سەنگاوی، ئومێد خۆشناو، د.سراج، حەیات مجید، جمال مورتکە،

امنە زکری، شێرکۆ حەمە امین، کاك هەورامان، کاك انور، کاك ماجد، مامۆستا ڕابوون، کاك فائق، پەروا خان، بێگەرد خان، د.ابراهیم، زانا عبدالرحمن، گەشە دارا، شێرکۆ جەودەت، د.سرود).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یروانت فەرموو.

**بەڕێز پروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەیا کاروبارێ کومەلگەی مەدەنی (١١) ئەندامن، یەك لە لیژنەیێ دەرکەتییە (مەردان خدر) پێنجیش ئیمزای کردووە، کاك سالار دی بخۆ تەصویت نەکات، دێ بێژە من ئەڤ راپۆرتانە ناچیت ناڤدا، ناچیتە لیژنەیا هاوبەش، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من سەیرم کرد ژمارەی یاسایی ئیمزایان کردووە، لەبەر ئەوە هیچ کێشەی تێدا نییە، سەیرم کرد ژمارەی یاسایی ئیمزای کردووە.

**بەڕێز پروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(٥) لەسەر (١١) ئەندام ئیمزای کردووە، (٥) کەس ئیمزای کردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(٦) ئیمزای لەسەرە.

**بەڕێز پروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر یەك تەحەفوز هەیە...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیمزای کردووە بە تەحەفوزەوە، کاك پروانت ئیمزای کردووە، کاك سالار روونکرنەوەت هەیە لەسەر ئەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە واژووەکان، لە راستیدا ئێمە ئەو لەحزەیەی کە راپۆرتەکە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە دوا کۆبوونەی چرمان نەکرد پێکەوە ئیمزا بکەین، بۆیە لە راپۆرتی تەواوی لیژنەکان و بە تایبەتی لیژنەی کۆمەلگەی مەدەنی (٣) کەس بە لە جیاتی ئیمزا کراوە بۆی، لە لیژنەکانی تریش بە هامان شێوەیە، بەلاّم ئیسراری جەنابتان بۆ تەواو کردنی راپۆرت وای کردووە پێ دەچی لە لیژنەی کاروباری یاسایی کە هەمیشە ئەزیەت دەکێشن و زیاتر ماندوو دەبن لە لیژنەکانی تر بۆ ئەم مەسەلانە، هەروەها فشاری سەرۆکایەتی لەوانەیە لەسەر لیژنەی یاسایی هەبووبێ بۆ ئەوەی بیزەبت ئەم مەسەلەیە لە ماوەی قانونی خۆیدا تەواو بکەین، بۆیە ئەمە روویداوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە بەشدار بوون لە نووسینی راپۆرتەکە، بەڵام لە کاتی ئیمزا کردن لەوێ نەبوون، کاك سۆران عمر روونکردنەوەیەکی هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش وەکو لیژنەی مافەکانی مرۆڤ هەمان شتمان هەیە، ئەو (٨) ئیمزایەی کە لەسەرە چواریان بە لە بری واژوو کراوە، واتە ئێمە لە لەحزەی ئەخیردا ئەم راپۆرتە کە سیاغە کراوە بە پەلە لەسەر خواستی دەستەی سەرۆکایەتی یاخود لیژنەی یاسایی بووە، بۆیە بۆ ئەوەی زۆر نەبات بە لە بری واژووی لەسەر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم راپۆرتەی ئێمە لە دوای دوو رۆژ لە گفتوگۆی تەواو ئینجا سیاغەمان کردۆتەوە، جگەلەوە راستە لە واژووەکان لە جیاتی تێدایە، بەڵام ئەو لە جیاتییانە هەمووی رەئی خاوەنەکانیان وەرگیراوە، یان خۆیان خاوەنەکانیان پێیان وتووین بۆمان واژوو بکەن لەبەر ئەوەی ئەو کاتە دەورەی شەقلاوە هەبوو زۆریان لەناو هەولێردا نەبوون، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەلەکردنی تێدا نەبووە لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، هەر پرۆژە یاسایەك دەستەی سەرۆکایەتی پەلەی تێدا بکات دەبێ لە ماوەی (٥) رۆژدا راپۆرتەکەی حازر بکرێت، بە پێی ئەوەی کە لەبەر دەستی ئێوەدایە ئەم پرۆژە یاسایانە یەکییان لە (٢٠١٤/٥/٧) خوێندنەوەی بۆ کراوە، ئەوەی تریان لە (٢٠١٤/٥/١٤) خوێندنەوەی بۆ کراوە، واتە زیاتر لە مانگ و نیوێك تێپەڕیوە بەسەر خوێندنەوەی یەکەم، بۆیە هیچ پەلەیەکی پێوە نییە، هیچ پەلەیەکی تێدا نەکراوە، چەند جارێکیش داوامان لێکردن ئەم کۆبوونەوەیە هاوبەش ئەنجام بدەن، کۆبوونەوەکانتان نەکردووە، بۆیە ئێستا لە کاتی یاسایی خۆیدا موناقەشە دەکرێت، ناوەکان خوێندرانەوە دەست دەکەین بە گفتوگۆ کردن لەسەر تەنها ماددەی یەکەم لە راپۆرتی هاوبەشی لیژنەکان، بەڵێ، کاك عمر عینایەت نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هیچ ماددەیەکی پەیڕەو و پرۆگرامدا نەهاتووە کە کەسێك لە بری کسێکی دیکە ئیمزا بکات، نەهاتووە کە کەس ببێتە بریکاری کەس، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس ئەوەش نەهاتووە کە کەس ناتوانێ بریکاری کەس بکات، د.ڤالاّ رەئی ئێوە چییە لەسەری؟ لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عورفێکی موتەبەع بووە لە زۆربەی راپۆرتەکان هەیە لەو خولە و لە خولەکانی تریش دەتوانن دیراسە و پێداچوونەوە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(الاصل في الاشياء الاباحة)، مادام پەیوەندی تەلەفۆنیان پێوە کرابێت و رەئیان وەرگیرا بێت، هەروەها مادام نەصێك نەبێت بڵێ نابێ لە بری ئیمزا بکات، کەواتە دەتوانرێ ئەوە بکرێت، ئێستا ناوەکان دەخوێنینەوە بۆ گفتوگۆ کردن بەڕێز ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت من ناوم پێشتر تۆمار کردووە بۆ تەواوی پڕۆژەکە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یەکەمەوە هەیە تەنها سەرەنجێکم هەبێ ئەویش لە چوارەمە، لە پێناسەی (لیژنە): لیژنەی رێکخەری خۆپیشاندانە کە ژمارەیان لە (٣) کەس کەمتر و لە (٥) کەس زیاتر نەبێت، خاوەنی شیاوی یاسایین و ئەرکی بەڕیوەبردن و رێکخستنی خۆپیشاندان دەگرنە ئەستۆ، من پێموایە هیچ سنوورێك بۆ ئەوە دانەنرێت، چونکە ئەو سنوور دیاری کردنە بۆ لیژنە من بە باشی نازانم، تێبینی دووەمم ئەوەیە کە ئەمە سنوور دادەنێ، یەعنی ئازادی تاکە کەسی کەم دەکاتەوە، چونکە دەشێ خۆپیشاندان خۆپیشاندانێکی تاکە کەسی بێت لە سیستەمە دیموکراتیەکانیشدا ئاساییە، بۆیە ئێمە با ئەو رێگریانە نەکەین، ئەمە پێدا چوونەوە پێدا بکرێ بە شێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە کە دەرفەت بۆ خۆپیشاندان و نارەزایی تاکە کەسیانەش کە چەندین جار نموونەی ئەوهامان بینیوە لە کوردستاندا، بۆیە دەبێ مامەڵە لەگەڵ ئەو حاڵەتەش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتر ناوی خۆم نووسیوە بۆ ماددەکانی تر نەك ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك گۆران ئازاد فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـڕای دەسـت خۆشـی لـە لیژنــە، دیـارە ئــەوان پێناسـەیەکیان بـۆ خۆپیـشاندان دارشـتۆتەوە، بـەڵام بـە خوێندنەوەی خودی پێناسەکەی ئەسڵی پـڕۆژە یاساکە، پێموایـە کـەم و کوڕی نییـە، بۆیـە مـن داوا دەکـەم ئەسڵی پێناسەکە کە لە یاساکەدا هەیە وەك خۆی بمێنێتەوە و لە پڕۆژەیەکیان دەست کاری پێناسـەکە کـرا ئەویش تەنها بە زیـاد کردنـی وشـەیەکە، بۆیـە ئـەم وشـەیەش لـە پێناسـەکەدا جێگـەی خـۆی نەکردۆتـەوە، لەبەر ئەوە من داوا کرام ئەسڵی پێناسەی پڕۆژە یاساکە وەك خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز صالح فەقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر سێیەم خۆپیشاندان هەمان ڕەئی کاك گۆرانم هەیـە، لەسـەر لیژنـە وەك کـاك سـالاریش ئامـاژەی پێدا لەبەر ئەوەی لیژنە پێناسە نەکراوە هەر دەتوانێ بنووسێ لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندانەکە، ئـەو (٣) کەسە بە باشی دەزانم لای کەمی، بەڵام لای زۆرەکەی ئەو (٥) کەسە دیـاری نـەکرێت، یـان فـراوانتر بێـت بـۆ (١١)، ئەوەیان دیاری نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئومێد خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشی لە هەردوو لیژنە ئامادە کردنی ڕاپۆرتیان، تێبینی من تایبەت بە بڕگەی چوارەم باسی لێوە کرا، لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندانەکە کە ژمارەیان لە (٣) کەس کـەمتر نـەبێت و لـە (٥) کـەس زیـاتر نەبێت، لەبۆ زیاتر نەبوونەکە ئاساییە ئەگەر نەبێتن، سێیەکە دەکرێ لەوێدا ئەگـەر (٥) کـەس بێـت، بـەڵام لەوەی کۆتاییدا پێویست ناکات دیاری بکرێت، چونکە خۆپیـشاندان هەیـە هـەم مەسـاحەکەی، هـەم بەشـدار بووەکـانی چـەند گرووپێـك یـەك دەگـرن، لـەوێ چـەند ڕێکخراوێکـی کۆمەڵگـەی مـەدەنی یـەك دەگـرن کەمپینێك پێك دەهێنن، لەو کەمپینەدا دەیانەوێت ئیعلانی ئـەوە بکـەن خۆپیـشاندان دەکـەن، واتـە لەوێـدا دەبێ مەجالەکەی زیاتر بێت لیژنەی سەرپەرشتی مەسئولیاتەکەی قورستر دەبـێ ئـەو چـەند گرووپـەی کـە یەکیان گرتووە بۆ ئەنجام دانی ئەو خۆپیشاندانە بەرپرسیاریەتەکە لەسـەر شـانیان دەبێـت، بۆیـە پێویـست ناکات دیاری بکرێتن لە (٥) کەس زیاتر نەبێت، زیاترەکە دەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە پێموابێت دووبارەی ڕەئی برادەرێکی تر بوو، دەتوانی هەر ڕاستەوخۆ ئیشادە بە ڕەئیەکەی ئەو بکەیت و بڵێی پشتگیری دەکەی، بۆ ئەوەی کاتمان زۆر بۆ بگەڕێتەوە، چونکە ژمارەی ماددەکانی ئەم ڕاپۆرتە زۆرە، بۆیە تکاتان لێ دەکەم ئەگەر ڕەئیەکتان هەبوو پێشتر وترابوو ئیشادە بە ڕەئی پێش خۆتان بکەن و پشتگیری ڕەئی هاوڕێکانتان بکەن، بەڕێز د.سراج فەرمووو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەەست خۆشیمان لەبۆ لیژنەکانی ناوبراو، پاڵپشتی لە قسەکەی کاك ئومێد دەکەم، منیش هەر هەمان تێبینیم هەبوو دەکرێتن ئەو (٥) کەسە نەنووسرێت، تەحدید زەحمەتە تەحدید ناکرێتن، خاڵی دووەم: لە ماددەی یەکەم خاڵی سێیەم باسی خۆپیشاندان دەکات تەعریف دەکات دەڵێت بریتییە لە کۆبوونەوەی ئاشتیانەی مەدەنیانە، من داوا دەکەم تێك هەڵکێش بکرێ ئەو ماددەیە ئەو فەقەرەیە لەگەڵ ماددەی چوارەم فەقەرەی چوار کە باس لەوە دەکات دەڵێت پێویستە خۆپیشاندانەکە ئاشتیانە بێ و دوور بێت لە کاری توند و تیژی و جیاکاری، من داوا دەکەم ئەو چوارەمەی ئێرە تێکهەڵکێش بکرێت لەگەڵ سێیەمی ماددەی یەکەم، وای لێ بێت:- خۆپیشاندان بریتییە لە کۆبوونەوەی ئاشتیانە و مەدەنیانەی ژمارەیەك کەس و هاووڵاتیان لە شوێن و کاتێکی دیاری کراو و دوور بێت لە کاری توند و تیژی و جیاکاری مەبەست تێدا دەربڕینی هەڵویست بێت، یەعنی ئەگەر بێتو ماددەی چوارەم فەقەرەی چوار بێتە ئێرانە، یەعنی شتەکە زیاتر گشتگیر دەبێ و فراونتر دەبێتن، جا بۆیە داوا دەکەم لیژنەی یاسایی پێداچوونە بکات بۆ ئەوەی فەقەرەی چوار لە ماددەی چوارەم بێتە ماددەی یەکەم لە خاڵی سێیەم، ئەوەندە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شێرکۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك گۆران و کاك ئومێد حەمە عەلی دەکەم، بەڵام دوو تێبینی دەخەمە روو، بە ڕەئی من ماددەی یەکەم بڕگەی یەکەم لە بری وەزیر بکرێت بە وەزارەت، زۆر جار دەکرێت وەزیر لەوێ نەبێت، یەعنی مۆڵەتی وەرگرتبێت، لەسەفەر بێت، یان لە هەرێمی کوردستان نەبێت، لەبەر ئەوە بکرێ بە وەزارەت و لە شوێنەکانی تریشدا بکرێ بە یەکەی کارگێڕی لە بری سەرۆکی یەکەی کارگێڕی، هەر ماددەی یەکەم خاڵی چوارەم لە بری لیژنە بکرێت بە نوێنەر، (١) بۆ (٣) ئەمە هەمان ئەو شتەی پەرلەمانتار (کاك ئومێد حەمە علی)ش دەگرێتەوە کە خۆپیشاندانی تاکە کەسیش موعالەجە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا هەورامان گێچەنەیی فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر ماددەی چوارەم هەیە، کە تێیدا باسی ئەوە دەکات کە دەڵێت خاوەنی شیاوی یاسایین لیژنەکە، دیارە ئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ ماددەی (٥) خاڵی (١) کە تێیدا بە شێوەیەکی گشتی مافی ئەوە دەدات بەهەر هاووڵاتییەك کە بتوانێ خۆپیشاندان بکات، کە دەڵێت (هەموو هاووڵاتیان و ئەوانەی بە شێوەیەکی یاسایی لە هەرێمدا نیشتەجێن و تا کۆتایی)، بەڵام لێرەدا ئەمە تەبعەن وا دەکات کە ئەوانەی کە هەڵ دەستن بە خۆپیشاندان دەبێت خاوەنی دەستەیەکی یاسایی بن، سەندیکا بن، یان ڕێکخراو بن، یان چی، کە ئەوەش پێچەوانەی ئەو یاسایەی کە ئاماژەم پێکرد، پێچەوانەی ماددەی (٥) لە خاڵی (١)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها لە ماددەی یەکەم بڕگەی سێیەم لە تەعریفی خۆپیشاندان لەبەر ئەوەی ئەمە تەعریفە، یەعنی باشتر وایە کە لێرە هاتووە (دەربڕینی هەڵوێست و را و گەیاندنی داواکاری و پەیام بۆ هێنانە دی مەبەست و ئامانجێکی رەوا)، پێمباشە بکرێ بە ئامانجێکی دیاری کراو، چونکە شەرت نییە رەوا بێت، خۆ شتەکە تەعریف کردنە، یەعنی لەوانەیە رەواش نەبێت خۆپیشاندانەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە لەسەر کۆی شتەکان قسە بکەم، مەبەستم ناو نووسینەکە بۆ هەمووی بوو، دوایی قسە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو حەیات مجید فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیار بوو پەیامەکەی من لە لایان (کاك ئومێد خۆشناو و کاك ئومێد حەمە علی)یەوە گەیشت کە باشترە (open) بێت لیژنەکە دیاری نەکرێت (٥) کەسەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك جمال مۆرتکە فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتكە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو تێبنییەكەی كاك شێركۆ بە نیسبەت ئێستای بەڕێوەبردنی ئیش و كاری ئەمنی ئەگەر تەمەشا بكەی ئاسایشی گشتی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نییە، بە رەئی من سیاغەیەك ببینرێتەوە وەكو بڵێی كە ئیجازە وەربگرێت یان شێوازێك بێتن لەوەی كە دەزگای ئەمنیش ئاگادار بێت وەكو ئاسایشێك كە وەزارەتی ناوخۆ جارێ دەبینی ئیجازە دەداتن، دەزگای ئاسایشی گشتی لەبەر ئەوەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نییە، ئیمكان هەیە وەكو بڵێی بێخەبەریەك دروست دەبێتن، یەعنی بە رەئی من وەزیری ناوخۆ و دەزگای ئەمنی ئیشارەتەك پێ بدرێت لۆ ئەوەی بە تایبەتی لە یەكە ئیدارییەكان، فەقەرەی چوارەم بە رەئی من كە دەڵێت بە پێی لیژنەكەی كە رێكخەری خۆپیشاندانەكان لە (٣) كەس كەمتر نەبێت و لە (٥) كەس زیاتر نەبێت خاوەنی شیاوی یاسایی و ئەرك و بەڕێوەبردن و رێكخستنی خۆپیشاندانی گرتۆتە ئەستۆی، خۆی خۆپیشاندان لە راستیدا زۆر جار كراوە، بەلاّم بە رەئی من زۆر جاریش كە دەبینی ئیجازەش وەردەگرن لە كاتی كێشە یان خیلافەكی زۆر دەبێتن ئەو كەسەی كە ئیجازەی وەرگرتووە بەرپرسیاریەتییەكی دیاری نییە، یەعنی ئیمكان هەیە لە رووی یاساییەوە وەكو پێویست ئیمكان هەیە مەسئولیەتیەكە تەواو ناكەوێتە ئەستۆی، بە رەئی من وەكو ئیشارەتێك بە مەرجێك دابنرێت، ئەو كەسانەی كە ئیجازەیان پێ دەدرێت خاوەنی كەسانی دیار و بەرچاو بن بۆ ئەوەی نەك هەر مەسەلەن ئەجندای دەرەكی كەسانی تری لابەلا كە دەست تێوەردن لە وەزعی ئەمنیەتی كوردستان كەسانێك رێك بێخن و خۆپیشاندان بكەن ئیجازەی رەسمیش وەربگرن، ئەو تێبنینیەم هەیە لەو بوارەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك انور فەرمووو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من تێبینیم لەسەر كۆی یاساكە هەیە، بەلاّم لەسەر ماددەی یەكەم لە بڕگەی چوارەم (لیژنە) كە تەحدیدی كردووە من لەگەڵ ئەوە نیمە تەحدید بكرێت، جاری وا هەیە خۆپیشاندان زۆر فراوانە، بۆیە ژمارە تەحدید كردن من پێموایە بەر تەسك كردنەوەی ئازادییە، هەروەها حاڵەتێكی تریش هەیە ئەمە بەدەر لەوە پێویستە باسی بكەم لە لیژنەكاندا دیاردەیەكی زۆر خراپ هەیە، ئەویش ئیمزاكردنە لە جیاتی یەكتر، چونكە ئیمزا یان كەسەكە دەبێ بە خۆی بیكات بە پێی یاسا، یان دەبێ كەسێك بە وەكالەتێكی رەسمی ئیمزا لە جیاتی یەكتر بكەن، بۆیە جاری وا هەیە لەوانەیە لە لیژنەكاندا ناوەرۆكی راپۆرتەكە بە شێوازێك بێت یان بڕگەیەك گۆڕانكاری بەسەر دادێ لەوانەیە ئەگەر ئەوە ئامادە بێ ئیمزایەكە نەكات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سروود فەرمووو.

**بەڕێز سروود سليم متى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر عەینی قسەی (کاك ئومێد حەمە علی)م هەیە، لەسەر بڕگەی چوارەم (خاوەنی شیاوی یاسایین)، ئەوە بە ڕەئی من موستەلەحێکی مەتاتیە و مەجالی زۆر دەدات بۆ تەفسیر و ئیجتیهادات، ئاخیرەکەشی دەبێتە وەك موعەتەل، یان سنوور بۆ خۆپیشاندان، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەم فەقەرەیە لا بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفيق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ (بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین) سەبارەت بەوەی کە وەزیر بکرێ بە وەزارەت، بەڕێوەبەرانی یەکە ئیدارییەکان بکرێن بە یەکە ئیدارییەکە، لەبەر ئەوەی ڕەنگە جەنابی وەزیر بۆ نموونە نەخۆش بێت لە سەفەر بێت لەو کاتەدا کەواتە خۆپیشاندانەکە پەکی دەکەوێت تا وەزیر دەگەڕێتەوە، یان سەرۆکی یەکە ئیدارییەکە، بۆیە بکرێت بە یەکە ئیدارییەکە، واتە وەزارەت پێناسەکەشی بکرێتە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ یەکە ئیدارییەکانیش بە هەمان شێوە، کەواتە لەگەڵ ڕەئیەکەی (بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین)م، سەبارەت بە ئامانجێکی ڕەوا لەگەڵ ڕەئیەکەی (بەڕێز مەلا ماجد)م، کە مەتاتیە دەکرێ بکرێتە ڕێگرییەك، یەعنی لەبەر ئەوەی پێناسەیەکی دیاری کراوی نییە ئامانجێکی ڕەوا چییە، بۆیە ئەو ئامانجێکی ڕەوایە هەر بکرێت بۆ ئامانجێکی دیاری کراو وەکو (بەڕێز مەلا ماجد) باسی کرد، سەبارەت بە (لیژنە) ئەگەر دەکرێ جێ بکرێتەوە بۆ (١) کەس، واتە لە (١) کەسەوە وا دابڕێژرێ زەمانی (١) کەسی بکات خۆپیشاندانەکە، خۆپیشاندانی (١) کەسی، خۆ ئەگەر نایکات لەگەڵ ڕەئیەکەی (بەڕێز صالح فقێ و کاك ئومێد خۆشناو و د.سراج)م کە لە (٣) کەسەوە، بەڵام ژمارەی زیاترەکەی بۆ دا نەنرێت، چونکە دەکرێ خۆپیشاندانەکە گەورە بێت بە (٣) کەس و (٥) کەس ڕێك نەخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شوان قەڵادزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە خۆپیشاندانی لە ناکاو ئەوە لە کوردستاندا شتێکی واقیعییە، لێرەش ئاماژەی پێ نەکراوە ئەوەی کە لە ماددەی یەکەم بڕگەی سێیەم جا بە شێوەی گردبوونەوە، یان ڕێپێوان، یان مان گرتن، یان پەناگیری بێت، ئەو خۆپیشاندانەی لە ناکاو شوێنێکی بۆ بکرێتەوە لێرە، هەروەها دوور بێت لە توند و تیژیش هەر بۆ پێناسەی خۆپیشاندان زیاد بکرێت، ئەوەی کە دەڵێت (شیاوی یاسایین) لەوانەیە بەناوی شیاوی یاساییەوە زۆر جار ڕێگە بگیرێت لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە، ئەوە زیاتر تەوزیح بکرێت، لەوانەیە

بوترێت تەمەنت تەواو نییە، یان پەیوەندار نی بە داواکارییەکانی خۆپیشاندانەکە، ئەوەی کە لە (٣) کەس بۆ (٥) کەس، ئەمەش دەکرێت مەسەلەن لە (١) کەسەوە بەرەو زیاتر، لە (١)کەسەوە بۆ (٤) کەس یان (٥) کەس، چونکە زۆر جاری وا هەیە لەوانەیە بارودۆخێك بە شێوازێك بێت ئەوانەی کە جورئەت دەکەن خۆپیشاندان بکەن بەرامبەر فشاری ئەوەندە زۆر بێت ئەو ژمارەیە کۆنەبێتەوە، لەوانەیە بە چاوی خۆشمان بمان دیبێت لە هەرێمی کوردستاندا، ئینجا هەر لە خۆپیشاندانەکەش لە پێناسەکە ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد بکرێت ئەو خۆپیشاندانە وەلاّم بدرێتەوە بە شێوازێك رێك بخرێت، چونکە ئێستا خۆپیشاندانەکان بووە لە کوردستان لە (١٧)ی شوبات تا ئێستا نە وەلاّم هەیە و نە هیچ هەیە و کەسیش باسی لێوە ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز امنە خان فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت من هاتنە کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بێگەرد خان فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك گۆران دەکەم، لە هەمان کاتیشدا لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە کۆمەڵێك چەمك پێناسە دەکات، پێشنیار دەکەم پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان پێناسەی بۆ دابنرێت، چونکە لە ئەسڵی یاساکەشدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە راستی رەئیا مە هەمیا وەك یەکن، ئەز بێژم حەق نینە هەڤاڵێت مە وەختی دبێژیتن تەئیدا فلان کەسی دکەم پێویست ناکات دووبارەکەت ئاخافتنا ڤی کەسی، ژبەر وەختی ژی، هەر چەندەش ژی هەڤاڵێت مە رەئیا مە گۆتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فائق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیامەکەی من لە لایەن کاك ئومێد و د.شێرکۆ گەیشت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حمە محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی ئەوە دەکەم یان ئەوە پێشنیار دەکرێ کە لە ماددەی یەکەم لە بڕگەی پێنجدا کە سەبارەت بە (لیژنە) پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانی بۆ زیاد بکرێت لە پێناسەکە بوونی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر دەست خۆشی بۆ ئامادە کردنی راپۆرتەکە دەکەم، عەینی لە خاڵی سێیەم من لە پێناسەی خۆپیشاندانەکە کە فەقەرەیەکی گەڕاوەتەوە بۆ ئامانجێکی رەوا، من پێموایە ئەو رەوایە پێوستە لا بدرێت، چونکە هەموو کەسێك، هەموو گرووپێك کە خۆپیشاندان دەکات ئەو داخوازییەی خۆی بە رەوا دەزانێت، لەبەر ئەوە باشە وەکو برادەران وتیان ئەوە لا بدرێت بۆ مەبەستێکی دیاری کراو بێت، لە خاڵی دووەمدا لەگەڵ ئەو برادەرانەم کە هەم خاوەنی شیاوی یاسایی و ئەرکی بەڕێوەبردنن لیژنەکە مەبەستە لێرە، منیش پێموایە ئەوە زۆر روون نییە و پێویستە لا بدرێت، (٣) کەس داوای خۆپیشاندان دەکەن لیژنەکەیان ئەوەندەیە، تەبعەن نازام کێ هەیە رێگر بێت لەبەردەم ئەوەی یاسایی بن یان یاسایی نەبن، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام یەك روون نییە یان تەوزیح بکرێ،یان بە تەواوەتی لا بدرێت، لیژنەکەش وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا عبدالرحمن

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشیم هەیە بۆ ئەو چوار لێژنەیە ، ڕاستیەکەی بەشێکی قسەکان کرا بەس من لەسەر مەسەلەی تەعریفی لیژنەکە پێم باشە ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێ بۆ ئەوەی کە بزانن لیژنەکە چی ئەکەن ، لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندان ژمارەیان لە (٣) کەس کەمتر نابێ ، خاوەنی شیاوی یاساییین و ئەرکی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی خۆپیشاندان دەگرنە ئەستۆ و نوێنەرایەتی خۆپیشاندەران دەکەن لە کاتی دانوستان و ڕاوێژ

لەگەڵ یەکە ئیداریەکان بۆ کۆتایهێنانی گرفتێك کە دروست دەبێ ، بۆ ئەوەی کاتێك کە خۆپیشاندەرێك زۆر جار گرفت دروست دەبێ ئەمانە ئەرکیان نوێنەرایەتیە لەگەڵ موئەسەسات بۆ دانیشتن و دانوستان ڕوون بێ لە پێناسەکە کە ئەرکی ئەم لیژنەیە چیە؟ لە تەعریفەکان مادام باسی خۆپیشاندەران کراوە ئەبێ تەعریفی ئەو لایەنەش بکرێ کە خۆپیشاندەر ئەپارێزێ ، بۆی بنووسرێ پۆلیس مەبەست لێی پۆلیسی چالاکی مەدەنییە یان هەر لایەنەکی تر کە بۆ ئەوەی ئەوەش با ڕوونبێ لەگەڵ ئەوەی کاك ئەبو کاروانم پەیام بۆ بەدەست هێنانی مەبەست و ئامانجێك یەعنی ئەو ڕەوایە لابرێ چونکە هەر کەس پێیوایە ئەوەی خۆی ڕەوایە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو گەشە دارا فەرموو

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری زیادکردنی ئەو بڕگەیە دەکەم ، پۆلیس بە موتلەقی نەیەت پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ، بۆ؟ چونکە لە دونیایە خۆی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندان دەکات کە ڕاهێنراون ، ئەزانن بە چ شێوازێك لەگەڵ خۆپیشاندەران مامەڵە ئەکەن ، لەکاتێکدا خۆمان ئەزانین کە پۆلیس چەکی قورسی پێیە لە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ، تا چەکی قرست پێبێ کاری قورستریش ئەکەی ڕەنگە خراپی لێبکەوێتەوە ، لێرەدا ئەگەر پۆلیس بە موتلەقی بێ هیچ مانایەك نامێنێ بۆ بڕگەی (٢) لە ماددەی (٥) کە ئەڵێ (پۆلیس لەکاتی پێویستدا هاوکار دەبێ) لێرە وا هاتووە کە ئەسڵە پۆلیس ، هەر کاتێك بێ ئەتوانێ ئەو دەسەڵاتەی بەکار بێنێ لەگەڵ خۆپیشاندەراندا لەگەڵ چالاکییە مەدەنییەکاندا ، بەڵام ئەگەر هاوکار بێ لە کاتی پێویستدا کەواتە ئەسڵ ئەوەیە کە تەعریفی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بکەین ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە بۆچوونەکەی دکتۆر شێرکۆ حمەامین و مامۆستا ڕابوون مەعروف ئەکەم ، سەبارەت بەوەی کە وەزیر بکرێ بە وەزارەت ، بەڕێوەبەران بکرێن بە یەکە کارگێڕیەکان ، پشتگیری لە ڕای خوشکە گەشە دارا ئەکەم سەبارەت بەوەی کە گۆڕینی پۆلیس بۆ پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان وە ئەوانی تریش کە ئەو رایەیان هەبوو ، پشتگیری لە رای مامۆستا ماجد دەکەم سەبارەت بەوەی کە ئامانجێکی ڕەوا بکرێت بە ئامانجێکی دیاریکراو ، هەروەها سەبارەت بە شێوەی گردبوونەوە یان ڕێپێوان یان مانگرتن یان پەناگیری ئەمە پشتگیری لە قسەکەی مامۆستا شوان قەڵادزەیی دەکەم بەڵام بە بەعزێك دەستکاریەوە کە بیکەین یان

بە هەر (شێوازێکی مەدەنی تر) ، چونکە (شێوازی مەدەنی تر) هەیە بۆ ئەوەی حەسری نەکەین بە ئەم سێ ، چوار شێوازە کە ئەوە پێچەوانەی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤیشە ئەگەر ئاوا قەیدیان بکەین بۆ خۆ پیشاندان ، پشتگیری لە ڕای دکتۆر شێرکۆ حمە امین دەکەم سەبارەت بە گۆڕینی لیژنە ، (لیژنە) بکرێ بە (نوێنەر) چونکە تاك بۆی هەیە خۆپیشاندان بکا بە پێی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ ، ئەگەر ئێمە بیکەین بە سێ ئەوکاتە موخالەفەی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤیش ئەکەین بەوەی کە دوو کەسەکە یانی یەکەم و دووەم مافیان لێ ئەسەنێنینەوە کە ببنە نوێنەر ، هەروەها پشتگیری لە ڕای کاك ئومێد خۆشناو دەکەم سەبارەت بەوەی کە پێنج کەسەکە لابدرێ بەوەی کە بتوانن تەمسیلی خۆپیشاندەران بکەن ، با هەر ژمارەیەکی مەعقول بێ ، پشتگیری لە ڕای مامۆستا هەورامان دەکەم سەبارەت بەوەی کە خاوەنی شیاوی یاسایی مەتاتیە پێویستە لابرێ لەم ماددەیە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك قادر وەتمان فەرموو

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسولْ (قادر ڕەزگەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی زۆری پەیامەکەی ئێمە گەیشت ، دیارە من لەگەڵ ئەوەدام کە مادام لە هەردوو پرۆژەکە باس لە خۆپیشاندانی لەناکاو کرابوو هەرچەندە تازە ئەمە بوو بە ئەساسێك دەکرێ لەسەر ئەمە قسە بکرێ ، ئەبوایە خۆپیشاندانی لەناکاو لانەبرابایە ، چونکە وەك مامۆستا شوان گوتی واقیعێکە لە کۆمەڵگا هەیە ، مادام وایە ئەگەر ڕوویدا ئەبێ ماددەی (١٠)ی ئەم قانونەی بەسەردا جێبەجێ بکرێ ، ئەمەش ڕێکخستنی فەوزانیە ، یەعنی فەوزاو پاشاگەردانی بە تەشریع ، لەبەر ئەوە زۆرترینی لە کۆبوونەوەی لیژنە تایبەتمەندیەکان بە شێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ لیژنەی یاسایی زۆرترینی برادەران کە گفتوگۆیان لەسەردا کرد لەگەڵ بوونی دابوون ، من پێموایە ئەبوایە بهێڵدرابایەوە یان لە ئەنجامی گفتوگۆکردن یان ڕەتدەکرایەوە یان پەسند دەکرا ، من لەگەڵ ئەوەدام پشتگیری ئەو برادەرانە دەکەم کە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان تایبەت بکرێ بە مامەڵە کردن لەگەڵ خۆپیشاندان نەك دەزگاکانی پۆلیس ، چونکە دەزگاکانی پۆلیس ناکرێ بیلێینەوە زۆر شت دەگرێتەوە لە هەمان کاتدا پشتگیری کاك گۆران دەکەم دەقە ئەسڵیەکە ، ئەوەی لە قانونەکە دا هەیە سەبارەت بە برگەی سێیەم پێناسەی خۆپیشاندانی بە بەباشی کردووە ، ئەم سەرنجانەی برادەرانیش وتیان ئەمەش نامێنێ ئەگەر دەقە ئەسڵیەکەی وەك خۆی بهێڵدرێتەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا هەورامان نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ سوود وەرگرتن لەكات بڕیارە ئێمە ماددە ماددە قسە لەسەر ئەم هەموارە بكەین ، ماددەی یەكەم تەنها باسی وەزیرو پێناسەی خۆپیشاندان و لیژنە ئەكات ، ئیتر باسی پۆلیس و ئەوانە ناكات لەبەر ئەوەی بۆ ئەوەی ئیستفادە لە وەقت بكەین ماددە ماددە قسەی لەسەر بكەین....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان ئەو پەرلەمانتارانە داوا ئەكەن پێناسەی پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان بهێنرێتە ماددەی (١) لە ڕوانگەی ئەوەیە كە باسی ئەوە دەكات ، مامۆستا حەسەن فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی منیش هەموو كران ، بەڵام دەكرێ ئەمن هەر ببمە لیژنەی پشتگیری ، پشتگیری لە قسەكانیان بكەم بەوەی هینی یاسایی ئەوە بێ ، پشتگیری لە قسەكانی مامۆستا ئومێد حمە علی دەكەم كە بەڕاستی تۆ خۆپیشاندان لە دوو كەس و یەك كەس دەستێنیەوە كە سێ كەست دانا ، جاری وا دوو كەس یەك مەعاناتیان هەیە نابن بە سێ ، سێت بۆ دروست نابێ ، پشتیوانی لە قسەكانی كاك ئومێد ، دكتۆر شێركۆ ، مامۆستا هەورامان دەكەم كە شیاوی یاسایی بەڕاستی ئەمە شیان ڕێگرە ، تۆ بیانووەكی بۆ دەدۆزیەوە كە ئەمە لە ڕووی ئەوە یاسایی نییە ، ئیجازەی نییە ، نازانم تەمەنی ئەوە نییە ، دكتۆر شوان قەڵادزەیی نازانم باس لەوەی دەكرێ لە یاساییەكەدا تێیدا نییە ، لەو هەموارە تێیدانییە یەعنی ئەگەر ئەندامان كۆی ئەندامان یان سێ ئەندام داوای ئەوە بكەن خۆپیشاندانی لەناكاو زیادبكرێ ناكرێ بۆی زیاد بكرێ؟ بەڕاستی ئەوە نوقستانە ، چونكە خۆپیشاندانی لەناكاو حاڵەتە دروست دەبێ ، پشتیوانی لە قسەكەی مامۆستا ماجدیش دەكەم ، تەواو ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە قسەكان زۆر كران من نامەوێ دووبارەی كەمەوە ، بەس ئەوەی كە زۆر حەزدەكەم قسەی لەسەر بكەم مەسەلەی لە پێناسەكە هاتووە خۆپیشاندان باسی مان گرتن و ڕێپێوانیش ئەكا ، مان گرتن یەك كەسیش مان دەگرێ كاكە یەعنی من ئێستا لەم پەرلەمانە بمەوێ لە دەرەوە مان بگرم بۆ ڕێم لێ بگیرێ مان بگرم یان ببین بە دوو كەس ، بۆ ئەبێ ، لەبەر ئەوە حەلێكی ئەوە بكەن لە پێناسەكە كە خۆپیشاندان بریتی بێ لە مان گرتن و ڕێپێوان و پەناگیری یەك كەسیش ئەتوانێ مان بگرێت و دوو كەسیش ئاساییە بیكا ، ئەوەی كە من زۆر بە خەلەل بینیم لەم پڕۆژە بەگشتی حساب نەكردن بوو بۆ خۆپیشاندانی لەناكاو كە لە ئێستا

ئێمە ئەزانین ڕۆژانە بەس لەسەرەی بەنزین بە دەیان خۆپیشاندانی لەناکاو دروست ئەبێت ، بۆیە ئەکرێت ئەمە جیابکرێتەوە ئەو یاسایە بەو شێوەیە تێپەڕێنرێت ، لە ڕاستیا خراپە ، من پشتگیری لە قسەکەی دکتۆر شێرکۆ ئەکەم وەزارەت لەجیاتی وەزیر بەکاربێت زائیدەن شتەکانی دیکەش ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شکریە فەرموو

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا ، بەس زۆر بە خێرایی پاڵپشتی بۆ ئەو ڕاو بۆچوونە ئەکەم ، بە بۆچوونی منیش وشەی ڕەوا پێویستە لابدرێ هەروەها لە برگەی (٤) شیاوی یاسایی ئەمەش لابدرێ ، چونکە بەڕاستی دەبێتە ڕێگر، خۆپیشاندانە لەناکاوەکان بەڕاستی زۆر دووبارە دەبێتەوە ڕۆژانە ئەمانە هەیە ، بۆیە دەبێ لەپێناسەکە جێگای بۆ بکرێتەوە بە پێویستی دەزانم ، هەروەها پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان جێگای بگرێتەوە پێویستە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک عمر عینایەت فەرموو

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەست دەکەم لە سیاغەی سێهەم خۆپیشاندان بریتییە لە کۆبوونەوەی ئاشتیانە ، بە ڕەئی من بکرێتە دەربڕینی هەڵوێستێکی ئاشتیانەو مەدەنیانە لەبەر ئەوەی لە خوارەوە باسی کۆبوونەوە کراوە ، گردبوونەوە یان ڕێپێوان یان مان گرتن ، لەسەر ئەوە بکرێ بە دەربڕینی هەڵوێستێکی ئاشتیانەو مەدەنیانەی ژمارەیەك کەس ، هاووڵاتی لە شوێن و کاتێکی دیاریکراو بەمەبەستی دەربڕینی هەڵوێستی ، ئەم هەڵوێستی پێویست ناکا ، یان ئەمەی سەرەوە لابرێ ، بە کوردیەکەی ئەم عیبارەتە دەستکاریەکە ئەوێ پێویستە کارەکە دابڕێژرێت ، پشتگیری لە کاك ماجد ئەکەم ئەو وشەی (ڕەوایە) لابدرێ ، هەروەها پشتگیری لە بەڕێز کاك شێرکۆ ئەکەم کە وتی لیژنە بکرێتە (نوێنەر) ، پشتگیری لەوە ئەکەم یان (وەزیر) بکرێتە (وەزارەت) وە سەرۆکی (یەکەی کارگێڕی) بکرێتە (یەکەی کارگێڕی) یان تەعریفی ئەو دووانەش بکرێ یەعنی وەزیر و وەزارەت ، یەکەی کارگێڕی و سەرۆکی یەکەی کارگێڕی ، بکرێت تەعریفیان بکرێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێستا ڕوونکردنەوەکانی خۆیان بڵێن ، دوایی ئەو پێشنیارانەی زیاتر لە سێ ئەندام پێشنیاریان کردووە ئەیخەینە دەنگدانەوە ، فەرموو .

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگە بڕگە ماددەکان مولاحەزەکان دەخەینە ڕوو یەکەمیان داواکراوە وەکو (وەزیر) بکرێ بە (وەزارەت) ، (وەزارەت) ئاگادار بکرێتەوە ئێمە لێرە کە وەزیرمان ئاگادار کردووە وەکو بەرپرسی یەکەم لە دەسەلاَتەکەی خۆیدا پێویستە ئاگادار بێ ، چونکە دواجار هەر بەر پرسی یەکەم مەسئول دەبێ لە هەر پێشێلکاریەك بەرامبەر بەگیان و سەرو ماڵی خۆ پیشاندەران و هاووڵاَتیان دا بکرێتن ، ئەو پەرلەمانە بەڕێزەش دەتوانێ کەسی یەکەم بانگ بکاتن لێرانە پرسیار و پرساندنی لەگەڵ بکات و مەسئولیەتەکەی بخاتە ئەستۆ ، واتە لە ڕووی یاساییەوە کاتێك کە دەڵێین وەزارەت لەوانەیە حەرەسێکی بەر دەرگای وەزارەتیش کە ئاگادارت کردەوە ئەوا لێرە ناتوانین دواجار ئێمە وەکو پەرلەمان لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو کارمەندەی وەزارەت دا بکەین ، ئێمە وەکو پەرلەمان کاتێك کە جیهەتی ئەمنی وە شەخسی وەزیر لێرانە مەسولیەتەکە نەخەینە ئەستۆی شەخسی وەزیر دواجاریش ناتوانین پرس و پرساندن لەگەڵ شەخسی وەزیر بکەین کە تەنها ئێمە مافی ئەوەمان هەیە ئەو بەرپرس بکەین ، بۆیە لە ڕووی یاساییەوە پێویستە وەزیر بێ و لە زۆربەی ئەو یاسایانەش کە موتەبەعن شەخسی یەکەمی مەسئول چ لە هینی کارگێڕی وە چ لە وەزارەتەکە دەکاتە بەرپرس لەسەر ئەو کارە وە مەبەستیشی لێرانە تەنها ئەوەیە ئەوە بۆ وەزیر ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ماددەکە هەمووی وەکو خۆی دەخەیە دەنگدان یان بڕگە ، بڕگەی ماددەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگە ، بڕگە وە دەبێ ئەو تێبینیانەش ڕەچاوبکرێ بزانین لیژنەکانی تریش هیچ تێبینیەکیان نییە؟ لیژنەی مافی مرۆڤ کاك سۆران عمر تێبینیت هەیە؟ بەڵێ فەرموو .

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لە لیژنەش ئەم گفتوگۆیەمان کردوە ، بەلاَم دواجار بە ڕەئی ئەغلەبییە ئەوە چەسپێنرا ، ئەگەرنا لەگەڵ پێناسەی پۆلیس بووین کە مادام لیژنەی ئامادەکار تەعریف بکرێ کە (٣) کەس بۆ چەند کەسە؟ ئەوە مولاحەزەی لەسەرە لەبەر ئەوە ......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران ئێستا بەس تەنها لەسەر بڕگەی (١) ئەگەر مولاحەزەیەکت هەیە بیڵێ ، بڕگەی یەکەم (وەزیر) ، (وەزارەت) نیتە لەسەر ئەوە؟ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا بۆ تەحدید کردنی مەسولیەت ، تەشخیس کردنی مەسولیەت باشە وەزیر بێ وە سەرۆکی وەحدەی کارگێڕی بێ ، بۆیە لە ئاستی هەرێم دابێ بزەبت مەسولیەتەکە مەسولیەتەکی بەرفراوانە ، بۆیە

وەزیر وەكو خۆی ، ئەمە رەئی لیژنەیە یەعنی ئەكرێ ئێوە ئەخرێتە دەنگدانەوە ئەگەر دەنگی ئەغلەبیەی هێنا ئەوكاتە ئێمە مولزەمین جێبەجێی بكەین ، ئینجا با تێڕوانینی خۆمان بخەینە بەردەست بەڕێزتان ، لە ئاستی وەحدەی كارگێڕیشابێ قائیمە قام یان مودیری ناحیە هەموو ئەوانە ئەگەر بەرپرسیارییێتەكە بسپێرێتە خوارەوە ون ئەبێ ، بۆیە ئەبێ ئەم سەرۆكی وەحدەی كارگێڕی وە خودی وەزیر ئیلزام بكرێ بە جێبەجێكردنی قانونێكی مەدەنی كە خۆپیشاندانە ، بۆیە دیوەكەی تری بخوێندرێتەوە كە تەحدیدی مەسولیەت بكرێ نەك ئەمە بۆ حەسركردنی مەسئولیەتە ، تەحدید بكرێ وە ئیلزام بكرێ كە خودی وەزیر جێبەجێی ئەم یاساو بنەماكانی یاساكان بكا كە خۆی ئیلزامكرا بە قانون شۆڕدەكرێتەوە بۆ خواری خوارەوە ، كە خۆی ونكرا وەزیر پێموایە خواری خوارەوەش ون ئەبێ و ئەوە بوو تێڕوانینی ئێمە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش نوقتەی نیزامیتان هەیە ئەبێ نوقتەی نیزامی بێ ، نابێ ڕوونكردنەوە بێ ، چونكە ئێوە ڕای خۆتانتان وت ئەوانەشی كە ڕاپۆرتەكانیان نووسیوە ڕای خۆیان ئەڵێن ، دوایی ئەیخەینە دەنگدانەوە ، كام لایە براوە بوو ئەوا ئەوە تەسبیت دەكرێ ، نوقتە نیزامی كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕووی یاساییەوە ڕاستە وەزیر مەسئولیەتەكە هەڵدەگرێ بەڵام كاتێك كە وەزیر سەلاحیەت ئەداتە مودیر عامێك بەرپرسیارەكەش هەڵدەگرێ لە رووی قانونیەوە ، دوو خەڵكی كوردستان ......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەكو باسم كرد ئەندامانی پەرلەمان پێشتر ڕای خۆیان وت لەسەر ئەمە داوای ئەوەیان كردوە بەشێكیان ژمارەی زیاتر لە سێ كەس داوای ئەوەی كردووە كە وەزارەت بێ نەك وەزیر ، یەكەی كارگێڕی بێ نەك سەرۆكی یەكەی كارگێڕی ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە ، بەڵام ئێستا ئیتر پێویست بە ڕوونكردنەوە ناكا ، دكتۆر ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز حەزدەكەم ئەو ئاخافتنەی كاك(علی حمە صالح) بێتە سڕاندن ئەوی بێژ ڕاوەستا نێتە سەر پڕۆتۆكۆل، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شیاو نییە كاك علی نوقتە نیزامی نەبوو نوقتەكەت ، ئێستا با بزانین لیژنەی ناوخۆ هیچ ڕوونكردنەوەكتان هەیە؟

**بەڕێز ایوب عبدللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەر ئەوەی قسەکرا لەسەر زیادکردنی ژمارەی لیژنەکان ، ئێمە ئەو تێبینیەمان کرد ئەگەر سەقفی ژمارەی لیژنەکان زیادبکرێ لە (٣) کەس کە حەدی.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ایوب تەنها لەسەر بڕگەی (١) هیچ ڕوونکردنەوەکت هەیە؟

**بەڕێز ایوب عبدللە اسماعیل:**

نەخێر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئێستا ڕای لیژنەی یاسایی ، لیژنە پەیوەندیدارەکان لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکە ، دوایی ئەو ڕایەش هەبوو لەوەی کە وەزیر بکرێ بە وەزارەت ، سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بکرێ بە یەکەی کارگێڕی ئەخەینە دەنگدانەوە ، کاك سەهراب نوقتەی نیزامی هەبوو فەرموو.

**بەڕێز سهراب میکائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

چەند ئەندام پەرلەمانەك هەن بەریز پسیارێکر ، پەرسڤا پرسیارێ نەبوو؟ ئەگەر وەزیر حازر نەبوو بێ مۆڵت.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی .

**بەڕێز د. ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو تەعدیلاتەی کە کراوە مۆڵەت نەماوە ، بە ئاگادارکردنەوە تەنزیمکراوە ، تکایە ئاگاداری هەموو پڕۆژەکەبن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە کە ئاگادارکردنەوە بوو ئیجازەی لایەنی مەعنی پێویست نییە ، بەس نوقتەی نیزامی کاك هەورامان قسە نەبێ ، فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر تەئیدی قسەکەی بەڕێز کاك علی ئەکەم فیعلەن لە کوردستان ئەو کێشەیە هەیە ، بەڕاستی خەڵك کێشەی ئەوەی هەیە بەو ئاسانییە ناگاتە لای وەزیر....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان دەتوانی دەنگی بۆ بدەی ، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێبینیەکەی کاك سراج و هەندێك لە برادەرەکانی تر ، کاتێك داوا دەکرێت بۆ خۆپیشاندان لەماوەی ٢٤ سەعاتدا ئەبێ وەلاٌم بدرێتەوە ، وەزیر لەوێ بێ یان لەوێ نەبێ ، ئەو فەراغە لە ڕووی قانونییەوە نابێ ، دووش بە پێی قانون قائیمەقام لەوێ نەبێ و یەکێك قانونیەن وەکیلی قائیمەقامە وە بە پێی تەدەروجی ئیداری لەبەر ئەوە ئەم فەراغە دروست نابێ ، هیوادارم وەکو خۆی وەرگیرێ مولاحەزەکە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە ڤالاٌ.

**بەڕێز د. ڤالاٌ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر وەزیر لەوێ نەبوو وەزارەت بەبێ وەزیر نییە ، وەکالەت دەدا بە کەسێکی تر لەو کاتەدا ئەو ئاگادار دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ هەمان شتی دکتۆرە ڤالام هەبوو ، لە ماددەکانی تر مەرجی ئاگادارکردنەوەکە هەیە ، ڕەنگە لەوێ ئەوە ئاسانتر ، وازحتر بێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگەی (١)م لەماددەی (١)ی ڕاپۆرتی لیژنە هاوبەشەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە ، پێناسەی وەزیر بەو شێوەیەی کە لەوێ هاتووە؟ (٦٠) ئەندام لە گەڵیەتی ، کێ لەگەڵی نییە؟ (٢٦) کەس لەگەڵی نییە ، کەواتە پەسەندکرا . بڕگەی سێهەم پێناسەی خۆپیشاندان ، نوقتەی نیزامی هەیە کاك ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفيق مەعروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تێبینیم هەیە هیوادارم نیزامیبن ، خاڵێکیان ئەوەیە کە تۆ مەسەلەن بۆ نموونە بۆچوونەکان دەخەیە دەنگدانەوە ، ئەو بۆ چوونەی یەکەمجار دەیخەیە دەنگدانەوە دەکرێ زۆرتر دەنگ بێنێ بۆ نموونە تۆ بتوتایە کێ لەگەڵ ئەوەیە بکرێت بە وەزارەت ڕەنگە دەنگی زۆرتر بهێنابایە ، بۆیە پێشنیارەکان دەبێ یەکەمجار بخرێنە دەنگدانەوە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتە نیزامی نییە با من وەڵامت بدەمەوە مامۆستا ڕابوون ، ڕاپۆرتەکە کراوە بە ئەساسی گفتوگۆ ، کەواتە یەکەمجار ڕاپۆرتەکە ئەخرێتە دەنگدانەوە ، ئەگەر ئەوەی لە ڕاپۆرتەکدا هاتبوو دەنگی نەهێنا ،ئەو ماددەیەی یان ئەو برگەیەی دەنگی نەهێنا ئەوا ئەچینە سەر ڕاکانی تر ، فەرموو تەواو هەر ئەوە ....

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم منی ئەوە وەك پرسیارە لە لیژنە بەڕێزەکانی لەوێن ، ئایا ئەو لیژنانە بەڕێزانەی لەوێن لە ڕووی یاساییەوە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ مافیان هەیە دیفاع لە ڕەئیەك بکەن لە دژی ڕەئیەکی تر یان بەس ڕەئیەکەی خۆیان دەخەنە پێش چاو ، چونکە هەردوو لیژنەی بەڕێز سەرۆرکی لیژنەی یاسایی و بە ڕێز سەرۆکی لیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دیفاعیان لە رەئیەك کرد لە دژی ڕەئیەکی تر....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوان خۆیان ڕاپۆرتەکەیان نووسیوە لەبەر ئەوە دەتوانن دیفاع لە ڕاپۆرتی خۆیان بکەن ، پێموایە کاك سۆرانیش ڕەئیەکی موخالفی هەبوو ڕاکەی خۆی باس کرد ، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لیژنە مەعنیەکان تەنها ئەتوانن ڕوونکردنەوە بدەن نەك دیفاع لە ڕەئیەك بکەن دژی ڕەئیەکەی تر ، ئەوە پێچەوانەی بۆچوونی برای بەڕێزم کاك ڕبوونە ، بەڵام پشتگیری رەئی یەکەم دەکەم ، ئەوەی تەرحکرا ، ئێستا ڕاپۆرتەکە ئەسڵە ئەوەی تەرحکرا وەکو وەزارەت دەبوو بخرایەتە پێش ئەگەر بۆ نموونە بۆ بابەتێك پێنج ڕا هەبوو ، چوار ڕا هەبوو ، سێ ڕا هەبوو ئەبێ ڕای کەمینە بخرێتە دەنگدان واتە ڕای سێ کەسەکە ئینجا چوار کەسەکە ئینجا پێنج کەسەکە بۆ عەدالەت سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با دکتۆرە ڤالاْ بزانین ڕوونکردنەوەی لیژنەی یاسایی چییە لەسەر ئەوە ، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لە ڕووی هینەوە دەبێ ئەسڵی ڕاپۆرتەکە بخرێتە دەنگدان یەکەم جار ، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەسڵی ڕاپۆرتەکە خرایە دەنگدان ئەگەر پێشنیاری بەڕێزیان ئەندامانی پەرلەمان یەکەمجار بخرێتە دەنگدان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان زۆرینە بەدەست بێنن و ئەوەی کە دەبێتە دووەم دوا دەخرێ ، چونکە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز هەمووی بە قەناعەتەوە دەنگدەداو بە قەناعەتیشەوە دەنگ ناداتن ، ئیزەن لێرانە ئەگەر یەکەمجاریش ئی ڕاپۆرتەکە بخەیە دەنگدان و ئەگەر یەکەمجاریش پێشنیارەکان بخەیە دەنگدان بەهەمان شێوە پێموایە کارێکی ئەوتۆ ناکاتە سەر پاش و پێش خستنی دەنگدان ، نابێت کارێکی

ئەوتۆ بکاتە سەر نەفسیەتی پەرلەمانتار ، یەکەمجار بیخەیە دەنگدان هەمووی لەگەڵ بن ، بەلاًم ببێتە دووەم جار زۆربەیان دەنگ نەدەن ، یان پاشگەز ببنەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێوە نوخبەی موجتەمەعن ، یەعنی چۆن ئەبێ یەکەمجار بابەتێك بخەیتە دەنگدانەوە کارت تێبکا ، دەنگ بۆ ئەوە بدەن ، دووەم جار بخرێتە دەنگدانەوە دەنگی بۆ نەدەن ، ئێوە ئەبێ سەرجەم ئەو پرۆژەیاسایانەی هاتۆتە بەردەستان بیخوێننەوە ڕاپۆرتەکانتان خوێندبێتەوە ، ڕای خۆتان سیاغە کردبێ ، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەوەی کە یەکەمجار ئەخرێتە دەنگەوە ، ئەوەی دووەم جار دەخرێتە دەنگەوە تەئسیر لە ڕای ئێوە ناکا ، نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم قسەی کەسێك ، پەرلەمانتارێك تەعمیم نەکرێتن و نەخرێتە مل و گەردەنی هەموومانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ، نا من باسی ئەو ڕەئیەم کردووە ......

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێوە یەك پەرلەمانتار قسە ئەکا بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی هەموومان ئەگەر شتێك یەکەمجار بخرێتە دەنگدانەوە دەنگی بدەینێ و ئەگەر دووەم جاربێ دەنگی نەدەینێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش پێموانییە ئێوە بەو شێوەیە بکەن ، خاتوو امنە فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك تشتەکان عورفی پەرلەمانییە خۆ ئەوە کو ناڤ خولێ پێشوودا هاتییە جێبەجێکرن ، ئەگەر چەند ڕەئیێ جودا جودا هەبوون ڕەئیە دوور تر ئەوەل دکەڤتە دەنگدانێدا پشتەنگی ئێك ، ئێکەت بۆ تەسەسول دەنگدان سەرهەڵیا ، یەعنی ڕەئیە دوورەکە دەکەوتە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوش دەکرێ ، بەلاًم ئێستا ئێمە لەسەرەتای ئەم دانیشتنەوە ، لەسەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەوە ڕاپۆرتمان خستە دەنگدانەوە ، بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووان ڕاپۆرتەکە کرایە بنەما ، لەسەر ئەو بنەمایەیە کە یەکەمجار ئەوەمان خستە دەنگەوە ، بەلاًم ئەگەر ڕایەك پێشنیارەکی ئەندامانی پەرلەمان زیاتر لە چەند کەسێك پشتگیری کردبوو خۆ ئەوەش ئەتوانین لەسەرەتاوە بیخەینە دەنگدانەوە با ئەو کێشەیەمان بۆ

دروست نەبێ ، فەرموو لەسەر بڕگەی سێیەم هیچ ڕوونکردنەوەیەك هەیە. شەشەم ئیزافە بكرێ، پێناسەی دەزگاكانی پۆلیس واتە دەزگای پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر تەنها دەزگای پۆلیس بە پۆلیسی چالاكییە مەدەنییـەكان ببەسـتینەوە و دەزگای پۆلیـسی بـۆ ئیزافـە نەكەین، ئێمە دەبێ بڕگەی ٢ لە ماددەی ٥ لێرە هەڵگرین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو كات دەبێ لەكاتی ئەوەوە وتووێژی لەسەر دەكەین، لە كاتی خوێندنەوەی ئەو ماددەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوای سیاغەمان لێ دەكەی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، دەبێ بڵێین دەزگاكـانی پـۆلیس واتـە دەزگـای پۆلیـسی چالاكییە مەدەنییـەكان و دەزگـای پـۆلیس، دەبـێ ئیزافـە بكـرێ لێـرە، ئێمـە نـاتوانین ئـەو ئەركـە بخەینـە ئەستۆی پۆلیس و ئەو كاتی جیهەتی جێ بەجێ كار لەوانەیە هێزی تر بەكاربهێنێ بۆ ئەو بابەتە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەنـگ لەسـەر ئـەوە درا كـە پێناسـەی دەزگـای پـۆلیس بـە پۆلیـسی چـالاكییە مەدەنییـەكان بكـرێ، د.ڤـالآ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیاغە نەكراوە جارێ بەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمان، دەزگـای پـۆلیس جـارێ تـەعریف نـەكراوە، دەنگـی لەسـەر نەدراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە نوقتە نیزامییەكان وەردەگرین، كاك ئومێد خۆشناو بەڵام نوقتەی نیزامی بێت، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەنگمـان بەشـتێك دا بـە یاسـا نییـە، دەزگایـەك نییـە لـەم وڵاتـە بـەناوی دەزگـای پۆلیـسی چـالاكییە مەدەنییەكان، پۆلیس پۆلیسە، بەشی هەیە، بەشـی چـالاكییە مەدەنییـەكانی هەیـە، شـەغەبی هەیـە، هێـزی ئامادەی هەیە، شتێك نییە بە ناوی ئەو دەزگایە و ئەوە نوقتە نیزامیەكەمە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان هەیە، كاك زانا فەرموو.

**زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێناسەکە نەنووسرێ دەزگا، هەر بنووسرێ پۆلیس کە ناوی هاتووە لە پرۆژەکە، پۆلیس، پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، لە بڕگەکەی تر وای لێ بکرێ، پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بە هاوکاری دەزگای پۆلیس، یەعنی ئەگەر تەنها بەو بەشە کۆنترۆڵ نەکرا، ئینجا هاوکاری کۆی دەزگاکەی لە پشت بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهاوکاری پۆلیس، کاکە پۆلیس؟؟ هێزی زێرەڤانی و پێشمەرگەی زێرەڤانی لەسەر وەزارەتی ناوخۆیە، بە پۆلیس ناسراوە، بەرگری فریاکەوتنیش هەر سەر بە پۆلیسە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێستا ڕوونکردنەوە دەدەن، فەرمووو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر وەکو ئەرکیش، ئەرکی ئێمەیە سیاغە کردن، وەکو مافیش مافی ئێمەیە، رجا دەکەم کاتێ کە دێینە سەر تەعریف یەعنی ئەوە عەلامەتی ئیستفهام لەسەر موشەریعی کوردستانی دروست دەکات، کە تۆ تەعریفێك دەکەی لەلایەك و تەعریفەکەت مانع نییە و شامل نییە و جامع نییە، لەلایەکی تر دەزگایەکی تری بۆ زیاد دەکەی بۆ مەبەستی هاوکاری کردن ئەمە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ بنەمای عیلمی ناگونجێ، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئێوە سیاغەی بکەنەوە ئەو بابەتە، لەبەرئەوەی لە بنەما یاساییەکەی و لە بنەمای سیاغە کردن لادەدات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە د.ڤالا دەبێ ئیحترامی ڕای پەرلەمانتارانی تریش بگیرێ لەناو پەرلەمان کە دەنگیان لەسەر ئەوە داوە، پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بوونی هەبێ لە پێناسەکە، فەرمووو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوپەڕی ڕێزم هەیە، بەڵام مەسئولیەتی سیاغە مەسئولیەتی لیژنەی قانونییە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بەهار فەرمووو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەوە بڵێین کە دەزگای پۆلیس کە لە یاسایەکەدا ناوی هاتووە دەزگای پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە، یان پێویستە لەسەر ئێمە کە دەزگای پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان پێناسە بکەین، ئەگەر مەبەستەکە ئەوە بێ و بڵێین مەبەست پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە ئەوا هیچ کێشەیەکی تیا نییە، چونکە وەکو کاك ئومێد وتی دەزگاکانی پۆلیس بەش بەش کراوە، کە وتمان دەزگای پۆلیس لێرە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە، کێشەی تیا نییە و هەتا ئەگەر لە ئەخیرا بڕگەی زیاتریشی بۆ ئیزافە بکەین، نایبینم کێشەیەکی یاسایی تیا بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە چوارچێوەیەکی هەیە، بە پێی دەستووری هەمیشەیی عیراق ماددە ٣٨ لە بڕگەی ٣ مافی خۆپیشاندانی ئازادانەی داوە و بە یاسا تەنزیم دەکرێ، بۆ ڕێکخستنی ئەم خۆپیشاندانە پێویستە دامودەزگای حکومەت ئەوپەڕی ڕێوشوێنی مەدەنی بگرنە بەر، ئێمە لە گفتوگۆمان لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ بە تەحدید و بە جوملە ئەوەیان پێ ڕاگەیاندین، ئەوان لەگەڵ بۆ نموونە خۆپیشاندانی لەناکاو نین، ئەوان لەگەڵ ئەوە نین تەنها پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ئەم بەرپرسیاریەتە بگرێتە بەر، من کە کاتێ قسە لەسەر خۆپیشاندانەکانی لەناکاو هات ڕەئیەکی ترم دەبێ، بەڵام بۆ مەسەلەی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لەڕاستی دا دەبێ لەم قانونەدا بە وازحی و بە شاملی، بەڕوونی دیار بکرێ و حکومەتیش ئیلزام بکرێ، دەبێ لە هەموو کوردستاندا ئەم دەزگایە ئیستحداس بکرێ و ئەگەر لە هەیکەلیەی وەزارەتی ناوخۆش دا نییە ئێمە لەدوای ئەم یاسایە کار بکەین بۆ هەموار کردنەوەی یاسای وەزارەتی ناوخۆ ئەمە بۆ خزمەتی حکومەتە، بۆ خزمەتی هاووڵاتیانە سورەتێکی مەدەنی دانە بە هەموو هەرێمەکەمان، قسە کردن لەوەی جێگای پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکان نەگرێتەوە مەترسی نییە لەوەی ئەو بۆچوونەی کە دەربڕا، بەڵکو پۆلیس برای ئێمەن و ئێمە نوێنەرایەتی پۆلیس و هاووڵاتی و هەموو لایەنەکان دەکەین، بۆیە چوونە ئەو بابەی بۆ تەبریر هێنانەوە کە پێویست ناکات پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لێرەدا باس بکرێ بۆچوونێکی هەڵەیە و خیلافی نیزامیشە ئەگەر ئیسرار بکەین لەسەر ئەوەی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان هەبێ واتە لەبەرامبەر دا ترس هەیە لە پۆلیس، ئەو بۆچوونە بۆچوونێکی ناقانونیە، بۆیە ئێستاکە خرایە دەنگدانەوە و تەواو بووە و ٤٢ دەنگی هێناوە پۆلیس لەم تەعریفەدا پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، بەڵام وەکو لیژنە ئێمە پێشنیار دەکەین لە ماددەی ٥ دا ئەو

ماددەیە بەسەریحی بێتەوە و برگەی ٢ لە کاتی خۆپیشاندان پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان خۆپیشاندەران دەپارێزن، بەڵام لە کاتی پێویست دا پۆلیس هاوکاریان دەبن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با لیژنەی یاسایی سیاغەمان بدەنێ بۆ ئەم پێناسەیە و بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پۆلیس: مەبەست لە پۆلیس پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو پێناسەیە پۆلیس بریتییە لە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان؟ ٥٤ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ١٧ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوای خۆپیشاندانی لەناکاویان کردبوو، با لیژنە پەیوەندارەکان ڕای خۆیانی لەسەر بڵێن و ئەوەش دەخەینە دەنگەوە، لیژنەی یاسایی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشتریش ڕای خۆمان وت لەسەر خۆپیشاندانی لەناکاو، ئێستاش دووبارەی دەکەینەوە، خۆپیشاندانی لەناکاو لەلایەك موخالەفەیە لەگەڵ نیزامی عام، لەلایەکی تریشەوە ئەو یاسایەی ئێمە لە نیزامەوە بۆی دەچێ واتە ناوی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانە، کە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان بێ خۆپیشاندانی لەناکاو لە کوێ جێگای دەکەیەوە، کە خۆپیشاندانی لە ناکاو لێرە تەعریف کراوە، واتە ئەو یاسایە لە محتەوا بەتاڵ کرایەوە و هیچ زەرورەتێکی نەما، ئەمما خۆپیشاندانی لەناکاو بێ، ئەمما ئەم یاسایە تەواجودی نەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی؟ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا دوای ئەوەی کە گۆڕانکاری لە سلکی پۆلیس لە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، هەروەها ئێمە لە ماددەکانی تریشدا موتەفقین وەکو لیژنەی هاوبەش کە مۆڵەت دەکەین بە ئاگادار کردنەوە، کۆمەڵێ ڕێوشوێنی مەدەنی جیاوازتر لە ئەسڵی یاسایەکە گیراوەتە بەر، بۆیە هەمان ڕای لیژنەی یاساییمان هەیە کە پێویست ناکات خۆپیشاندانی لەناکاو لێرەدا هەبێ، ئەگەر هەبێ بە بۆچوونی ئێمە بەتاڵ کردنەوەی بەشێکە لە محتەوای یاسایەکە، بەڵام واقیعەك هەیە کە ناوی خۆپیشاندانی لەناکاوە، پێمانوایە ئەو حاڵەتانەی کە ناونراوە خۆپیشاندانی لەناکاو ئێستا ئەویش لەڕێگەی قانونەوە تەنزیم بکرێ، پێمانوایە ناتوانرێ لە ڕێگەی قانونەوە ئەو حاڵەتانە تەنزیم بکرێ، بۆیە مەسەلەی خۆپیشاندان و مان و گرتن و ڕێپێوانی هێمنانە

مافێکی دەستووریە و بە یاسا تەنزیم دەکرێ و ڕێك دەخرێ و مەسئولیەتی دوولایەنەی تیایە، کەسێك پێم دەڵێ کە خۆپیشاندانی لەناکاو مەسئولیەتی بەرامبەری تێدا نییە لەڕاستی دا ئەمە چۆن دەتوانێ حەقی قانونی بەیتێ کە پشتوانی ئەم مەسەلەیە هەم خودی خۆیان بپارێزێ کە ئەوانەی خۆپیشاندان لە ڕێگەی خۆپیشاندانی لەناکاوەوە دەیانەوێ جۆرێك لە ناڕەزایی و وەقتی یان حاڵەتێکی دەروونی دەربڕن، بۆیە ئێمە وەکو لیژنە ڕامان وایە پێویست ناکات دوای ئەوەی کە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان مەسەلەی کات و شوێن و مانەوە و هەموو ئەو شتانە پیاچوونەوەی بۆ کراوە لە مۆڵەتەوە کراوەتە ئاگادارکردنەوە، ئیلزامی هاوبەش لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیان و ئەوانەی ناڕەزایی دەردەبڕن بە ستاندارد دابەش کراوە، پێویست ناکات ئینفراد بکەین یان لاڕێی بکەین بۆ شتێکی تر کە لە محتەوای ئەو دوو لایەنە بسڕێتەوە، بۆیە لەگەڵ خۆپیشاندانی لەناکاو نین تەعریفەکە بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ؟ کاك ایوب فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئەگەر ئێمە خۆپیشاندانی لەناکاو کە پێناسە نەکرێ و کە ئێمە ڕۆژانە بەچاوی خۆمان دەیبینین و لە واقعدا هەیە، شەوانەش گوێبیستی هەواڵەکانی خۆپیشاندان دەبین، ئێستاکە زۆر گەرم و گوڕە بە پێی ماددەی دەیەمی ئەو یاسایە کەواتە هەموو ئەو خۆپیشاندانە لە ناکاوانەی کە لە کودستاندا دەکرێ بە پێی ماددەی دەیەمی ئەو یاسایە مەحکوم دەبن، چونکە ئەو خۆپیشاندەرانە نە ئیجازە وەردەگرن و نە ئاگاداری نامەیان پێشکەش کردووە، نە لیژنەیان هەیە بە پێی ئەو ماددانەی لەو یاسایەدا هەیە هەموو ئەو خۆپیشاندەرانەی کە ئێستا ڕۆژانە دەیانبینین مەحکومن، ئەی چۆن چارەسەر و موعالەجەی ئەوە دەکەین؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نازم فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر خۆپیشاندانی لەناکاو زیاد بکرێ، کۆ دەقەکانی یاسایەکە تووشی جمود و وەستان و پەککەوتن دەبیتەوە، چونکە هەموو خۆپیشاندانێك بە ئاسانی دەکرێ بکرێتە لەناکاو، کە لەناکاویش بێت بەدەر دەبێ لە دەقەکانی ئەم یاسایە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروا خان فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێز و سوپاسم بۆ لیژنـەی کۆمـەڵی مـەدەنی بـەڵێ لـە لیژنـەی کۆمـەڵی مـەدەنی بـەڵێ هـاوڕا بـووین لەسەر ئەوەی کە خۆپیشاندانی لە ناکاو نەبێ، لەبەرئەوەی ئەمە کۆی یاسایەکە بەتاڵ دەکاتـەوە، بـەڵام مـن بۆ خۆم وەکو جێگری سەرۆکی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی تەحەفوزم هەبوو، بـەبڕوای مـن ئێـستا لـە واقیعـی کوردستاندا خۆپیشاندانی لەناکاو بوونی هەیە و هەمیشە لە هـەموو شـوێنێك دا دروسـت دەبـێ، لەبەرئـەوە زۆر ئاساییە کە دەبێ ئیعتیرافی پێ بکرێت و قسەی لەسەر بکرێ، ئەم خۆپیشاندانی لە ناکاوە گرنگە بـوونی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافەکانی مرۆڤ؟ کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبـەت ئێمـە ئـەو یاسـایەمان بـۆ واقیعـە، شـتێکیش کەلـە واقیـع دا بـوونی هـەبێ، ئەمـە حاڵەتێکـە دەبـێ موعالجەی بکەین، ئێمە دەزانین خۆپیشاندانی لەناکاو یان ناڕەزایەتی لەناکاو نە بە یاسا ڕێك دەخرێ و نـە بـە یاسـا، ئەگـەر بـە یاسـا نـەتوانین ڕێکی بخـەین، ئێـستا بـە پێـی ئـەم یاسـایە ڕێـی لێ دەگیرێ، مـاددەی ١٠ هەرکەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ئـەم یاسایە بکات سـزای بەنـدکردنی بەسـەردا دەسـەپێ، ئاگادارینامـەی نییە، ڕێکخەری نییە و نوێنەری نییە، کەواتە ئەم یاسایەی بەسەردا دەچەسپێ، ماددەی ١٢ حوکمەکانی ئەم یاسـایە بەسـەر هـەموو حاڵەتـەکانی مـانگرتن و پـەناگیری و ئەوانـە پیـادە دەبـن، مـاددەی ١٣ نـابێ هـیچ خۆپیشاندانێك پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە ڕێك بخرێ، ئێمە کە دەزانین بە یاسا ڕێك ناخرێ، بۆیە دەمانەوێ تەعریفی نەکەین، بـەڵام بـە یاسا ڕێـی لێ دەگیرێ، ئەمـەش واقیعـی هـەرێمی کوردسـتان هـەموو ئەوانەی ئێستا زۆرینـەن و ڕوودەدەن، خۆپیـشاندانی لـە ناکاوە بـەهۆی نـەبوونی کـارەوە، بـەهۆی نـەبوونی خزمەتگوزاری بـەنزین و ئـەو قەیرانانـەی کـە ڕوویـداوە، ئەمـە چۆن موعالەجـە دەکـەین کەبـە یاسا ڕێـك نەخرێ دەبێ ڕێی لێ نەگیرێ، بەڵام یاسایەکە ڕێی لێ گرتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ جەنابیشت لە لیژنەی مافەکانی مرۆڤ؟ فیرۆز خان فەرموو.

**بەڕێز فیرۆز طه عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤە ماوەیەکی زۆر بوو کە هەر چار لیژنا کار کریە لسەر دروست کرنا ڤێ ڕاپۆرتا هاوبـەش، بیدایـەتێ مـە دەنگێ سەر دای کە ئەڤ ڕاپۆرتا بێتە گفتوگۆ کرن، مـن ب پێویـستی نـازانم و لەگـەڵ خۆپیـشاندانی لـەناکاو نیمە، چونکە تشتەکی نییە لە خۆپیشاندانی لەناکاو، چونکە هەموو خۆپیشاندانەك ئامادەکاری بۆ دەکرێ،

مەسەلەن نووسینی لافیتە، ئەوە دەبینم موتەناقزە لەگەڵ هەدەفی قانونەکە کە هەدەف تەنزیمە نەك فەوزایە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی بەلای منەوە سەیرە ڕاپۆرتێکی هاوبەش نووسراوە لە هەموو لیژنەکان، ئێستا هەموویان دابەش بوون، هەریەکە و لە ئاوازێك دەخوێنێ، یەکێك دەڵێ با هەبێ و یەکێك دەڵێ با نەبێ، هەندێ نوقتەی نیزامی هەیە، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی قسەکانی بەڕێزت دەکەم، ئەمە ناوی ڕاپۆرتی هاوبەشە، بەشێك لەو بەڕێزانە لەسەر مەنەسەن و لێرە واژوویان کردووە بە بێ ئەوەی تەحەفوز بنووسن بالعکس قسە دەکەن، بەشێك لە ئەندامان دانیشتوونە و بە بێ ئەوەی تەحەفوز بنووسن بە پێچەوانەوە پێشنیار دەکەن، نەك بالعکس دەنگ دەدەن، من تێ ناگەم مادام بۆ کۆبوونەوەی هاوبەش دەکەین؟ با ڕاپۆرتی پرۆژە یاسا لێرە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ و ئەی لیژنە یەعنی چی؟ ئەی ڕاپۆرت یەعنی چی؟ ئەی ئیحترامی واژوو کردنیان یەعنی چی؟ ئەی تەحەفوز یەعنی چی؟ کە تۆ دەینووسی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حمە صالح (سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا خۆپیشاندانی لەناکاو لەگەڵ ئاگادارکردنەوە یەك زەرە پەیوەندی بە بەرژوەندی ئەم میللەتەوە نییە، چونکە ئێمە جەزیرەیەك نین لە ئەسکەندەنافیا بێ، چوار لە داگیرکەر لە دەورو پشتمانە، خۆپیشاندانی لەناکاو ..... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە ڕەئیە کاك فەرهاد، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئاماژەی بەوەدا ئیتفاق کراوە، عەهد کراوە، ئەگەر عەهد کراوە پێمان بڵێن بۆ ئەوەی ئێمە (اوفوا بالعهد) نەبین، ئەگەر عەهدیش و ئیتفاقێکیش نەکراوە پێمان بڵێن، چونکە ئێمە وەکو خۆمان ئیلتزام دەکەین بە هەر ئیتفاقێك کەنوێنەرەکانمان کردوویەتیان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن پێموایـە خۆپیـشاندانی لـەناكاو بـۆ خـۆی نـاوی خـۆی بەخۆیـەوەتی، بـۆ خـۆی لـەناكاو ڕوودەدات، ئـەكرێ لـە یاسایەكەدا جێ بكرێتەوە ئەو خۆپیشاندانە لە ناكاوانەی تەنها بۆ خزمەتگوزاریە، وەك بەنزین و ئاو و كارەبا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل ئەوە ڕایە و پێشتر ڕای خۆتت گوتووە، نوقتە نیزامی نییە، ببورە، بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی هاوبەش، ئەگەر مولاحەزە بكەن لیژنـەی هاوبـەش ئەوانـەی كـە هەنـدێكی واژووی نـەكردووە، هەندێكیـشی تەحەفوزی نووسیوە، واتە ئەمەی كە دەگوزەرێ پێچەوانە نییە لەگەڵ ئەوەی لیژنەی هاوبەش دا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیـە كـە خۆپیـشاندانی لـەناكاو لـەناو پـڕۆژە یاسـایەكەدا جێ بكرێتـەوە و پێناسـە بكـرێ؟ ٢٥ كـەس لەگەڵێـەتی، كـێ لەگـەڵی نییـە؟ ٥٦ كـەس لەگـەڵی نییـە، كەواتـە پەسەند نەكرا، ئێـستا مـاددەی یەكـەم بخوێننـەوە بـۆ ئـەوەی كۆتـایی بـە دانیـشتنی ئـەمڕۆ بێـنین، مـاددەی یەكەم بە هەمواركراوی بخوێننەوە، فریا ناكەوین تازە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە بێ پڕۆژە یاسایەكان موناقەشە ناكرێ لە پەرلەمانی كوردستان، بەڕاستی ئەمەی كە ئێوە هـەموو جـار ڕاكـانی خۆتـان دەڵێن و دوایـی بـە نوقتـە نیزامـی دەتانـەوێ ڕای تـریش بڵێنـەوە ئەمـە بەڕاسـتی وا دەكـات كـە نیزكـەی ٢ سەعاتە ئێمە تەنها یەك ماددەی ئەو پڕۆژە یاسایەمان موناقەشە كردووە، بۆیە بە دڵنیاییەوە لە سبەینێوە كـە موناقەشـەی ماددەكـانی تـری ڕاپۆرتەكـە دەكەینـەوە بەوشـێوەیە گفتوگـۆ ناكـەین، سـبەینێ سـەعات ١١ كۆبوونـەوەكـەمان درێــژە پــێ دەدەیــن دانیــشتنەكەمان هەڵــدەگرین بــۆ ســبەینێ ســەعات ١١، ســبەینێ كۆبوونەوەی ترمان هەیە كاك عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم هەر كەسێك نوقتە نیزامی كرد یەكسەر بـە بڕگەیـەكی پـەیڕەوی نـاوخۆ دەسـت پـێ بكـات، ئەگەر نەیوت بە پێی پەیڕەو بڕگەی ئەوە و ئەوە ئەو كاتە نەتوانێ قسە بكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

تەواو ڕاستە، زۆر سوپاس دانیشتنەكەمان هەڵدەگرین بۆ سبەینێ سەعات ١١.

| فخرالدین قادر | جعفر ابراهیم ئێمینكی | د. یوسف محمد صادق |
|---|---|---|
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |